

# ٨٠ ساڵ خەبات
# لەپێناو ڕزگاریدا

# ٨٠ ساڵ خەبات
# لەپێناو ڕزگاریدا

کوردستان ٢٠٢٥

ناوی کتێب: ٨٠ ساڵ خەبات لەپێناو ڕزگاریدا
ئامادەکار: عەلی بداغی
هەڵەبڕی: ئاسۆ مینبەری، کاروان مێراوی
دیزاین: هۆزان
چاپ: هەولێر ٢٠٢٥
چاپخانە: ڕۆکسانا

چاپەمەنی و بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕاگەیاندنی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## پێرست

لەبارەی ئەم یادنامەیە ..... ٥
بەیاننامە/ بە بۆنەی هەشتا ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە ..... ٧
٨٠ ڕووداوی گرینگی مێژووی ٨٠ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ..... ١٦

کورتە باسێک لەسەر چەند خاڵی گرینگی یەکەم مەرامنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ..... ٢٧
- د.کامڕان ئەمینئاوە

دێموکراسی لە وێژمانی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ..... ٥٢
- د.ئازاد محەممەدیانی

ڕەهەندەکانی سیاسەتی زمانیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ..... ٧٩
- د.قادر وریا

حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕاپەڕینی چەکدارانەی ١٣٤٦- ١٣٤٧ ..... ١٠٤
- د.سمایل بازیار

چالاکیی سیاسی و فەرهەنگیی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ..... ١٢٩
- د.ئەحمەد باوەڕ

جیابوونەوەکان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا... ..... ١٨٧
- د.هۆشمەند عەلی مەحموود

وانەیەک لە مێژوو، ئاسۆیەک بۆ ئایندە ..... ٢١٠
- د.کەیوان ئازاد ئەنوەر

پێکهاتەسازی لە خەباتی نەتەوایەتیدا، نموونەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ..... ٢٢٠
- مریەم عەلیپوور

ڕاسان: پرۆسەییێکی دەستپێشخەرانەی داهێنەرانە ..... ٢٦٩
- کاوە بەهرامی

٨ دەیە خەبات و خۆڕاگریی حیزبی دێموکرات (قۆناغە جیاوازەکانی خەباتی مەیدانیی پێشمەرگە) ..... ٢٩١
- عومەر باڵەکی

حیزبی دێموکراتی کوردستان: داهێنەر و پێشەنگی گوتاری نەتەوەیی ..... ٣٠٨
- ناسر باباخانی

هەموو نامەی کتێب

خاڵە بەهێز و لاوازەکانی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ٣٢٠
- مستەفا شڵماشی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پرسی میدیا ٣٢٩
- عەلی بداغی

لیبراڵیزمی کۆمەڵایەتی (سۆسیاڵ لیبراڵیزم) وەک ئامانجێک بۆ داهاتووی کوردستان ٣٤٤
- شارۆخ حەسەنزادە

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پرسی شوناسی نەتەوەیی ٣٦٥
- دیمانە: عیرفان ڕەهنموون

ناسیۆنالیزمی کوردستانی و ڕۆڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو بارەیەوە ٣٨١
- دیمانە: ئەبووبەکر کاروانی

ڕێبەرایەتیی دێموکراتیک و بەکۆمەڵ: میراتی قاسملوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ... ٤٠٨
- ئیبراهیم لاجانی

چنارە بەرزەکەی بناری هەڵگورد ٤٢٢
- کەریم پەرویزی

دیپلۆماسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەشداری لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ٤٣٥
- ئورارتۆ دلشین

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پێگەی لە مێژووی بزووتنەوەی سیاسیی کورددا ٤٦٢
- ڕەحیم نزهتزادە

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران: ئایین و پرسی سێکۆلاریزم ٤٧٦
- سۆران باریکە

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و مانەوەی سیستمی حیزبی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ٤٨٦
- مادح ئەحمەدی

بەرگژەکانی بەردەم ٨ دەیە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات ٤٩٩
- ئەلبورز ڕۆئینتەن

حیزبی دێموکرات مێژوویەکی زێڕین بۆ پرسی ژنی کورد ٥١١
- ئاسۆ مینبەری

# لەبارەی ئەم یادنامەیە

٨٠ ساڵ بەسەر دامەزرانی "حیزبی دێموکراتی کوردستان"دا تێپەڕی.

٨٠ ساڵ لەمەوبەر، پێشەوا قازی محەممەد، لەسەر بناغەی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" (ژ.ک) و بە مەبەستی خوگونجاندنی بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ هەلومەرجی ئەوکات حیزبی دێموکراتی کوردستانی دامەزراند. ئەم حیزبە کە خۆی دامەزرانەکەی خاڵگۆڕانی مێژوویی سیاسیی کورد بوو، کەمتر لە ٦ مانگ دواتر توانی "کۆماری کوردستان" وەک یەکەم دەسەڵاتی نەتەوەیی مودێرنی کوردی پێکبێنێ و زۆر دەسکەوتی دیکەش لە بواری میدیایی، پەروەردەیی، زمان، هونەری بەرگری و پێشمەرگانەدا بۆ بزووتنەوەی کورد دەستەبەر بکا. ئێستاش ٨٠ ساڵ مانەوەی ئەم حیزبە لە مەیدانی خەبات و شەکاوە ڕاگرتنی ئاڵای خەبات بۆ دابینکردنی مافە ڕەواکانی کورد و دەرکەوتنی پێگە و خۆشەویستیی ئەم حیزبە لە دڵی خەڵکی کوردستان لە دەیان ئەکتی سیاسیی ئەم خەڵکە لە ساڵانی دوور و نیزیکی ڕابردوودا دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە ئەم حیزبە بە بەردەوامیی نوێنەرایەتیی پرسی خەباتی سەروەریخوازیی کوردی کردوە و ئێعتبار و خۆشەویستیی خۆشی لەوە وەرگرتوە.

حیزبی دێموکرات لە ژیانی سیاسیی پتر لە ٨ دەیە و پڕبایەخی خۆیدا زۆر قۆناغی دژواری ئەزموون کردوە، کەندوکۆسپی زۆری بڕیوە، لە ڕەوتی خەباتی نەتەوەیی کورددا زۆر بەها و پرەنسیپی گرینگی جێگیر کردوە، زۆر ڕۆڵەی خۆی

پێشکێش بە بارەگای ئازادیی نەتەوەکەی کردوە و لە چەند قۆناغیشدا تووشی لێکترازان هاتوە؛ بەڵام لە هەموو هەلومەرجێکدا ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە.

حیزبی دێموکرات وەک بە تەمەنترین حیزبی کوردی بە شانازییەوە ئاوڕ لە ٨٠ ساڵ خەباتی بەردەوامی خۆی دەداتەوە و بە ڕۆژە پڕشکۆ و هەروەها دەسکەوتە مەزنەکانی خۆی لە ڕەوتی ئەم خەباتە سەخت و خوێناوییەدا دەنازێ و متمانە و خۆشەویستیی کۆمەڵانی خەڵکیش بە گەورەترین سەرمایە بۆ بڕینی ئەم ڕێگەیە هەتا لوتکە دەزانێت.

ئەمەی لەو یادنامەیە و لە توێی چەند وتار و توێژینەوەیەکدا هاتوە و لە یادی ٨٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبدا بڵاو کراوەتەوە، هەوڵێکە بۆ ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە مێژووی ئەم حیزبە لە چەند ڕەهەند و بواری جۆراوجۆرەوە.

بەشی چاپەمەنی و بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزب

عەلی بداغی

گەلاوێژی ١٤٠٤ی هەتاوی

# بەیاننامە

## بە بۆنەی هەشتا ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە

هەواڵنامەی کتێب

خەڵکی دێموکراتپەروەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان!

ئازادیخوازانی خەباتگێڕی وڵاتی ئێران!

دۆستانی حیزبی دێموکرات و نەتەوەی کورد لە سەرانسەری جیهان!

٢٥ی گەلاوێژی ١٤٠٤ی هەتاوی (١٦ی ئاگوستی ٢٠٢٥)، هەشتا ساڵ بەسەر دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ڕادەبرێت و ئەم حیزبە پێ دەنێتە هەشتاویەکەمین ساڵی تێکۆشانی خۆی. لەم بۆنە تایبەت و پڕشکۆیەدا سڵاو بۆ گیانی دامەزرێنەرانی حیزب و لە سەرووی هەموانەوە پێشەوا قازی محەممەد، هەروەها سڵاو بۆ گیانی پاکی هەزاران شەهیدی ٨ دەیە خەباتی حیزبی دێموکرات، لە ڕیزی پێشەوەی کاروانی ئەواندا، سەرکۆماری کوردستان و دوو سکرتێری گشتیی حیزب، د.قاسملوو و د.شەرەفکەندی دەنێرین.

هەشتا ساڵ لەمەوبەر، حیزبی ئێمە لە درێژەی سێ ساڵ تێکۆشانی نهێنیی

کۆمەڵەی ژێکافدا و لەسەر قەوارە و بناغەی هەمان ڕێکخراو بەڵام بە دنیابینییەکی نوێوە دامەزرا. ئەم حیزبە هەر لە ساڵی یەکەمی تێکۆشانیدا بە کەلکوەرگرتن لە هەلومەرجی نێوخۆیی و ناوچەیی ئەوکات، کۆماری کوردستانی پێکهێنا. تەمەنی ئەو کۆمارە ئەگەرچی کەمتر لە ساڵێک بوو، بەڵام دەسکەوتەکانی و هەروەها کاریگەرییەکانی؛ ڕەهەندێکی کوردستانی و هەر لەوکاتەدا نەمریان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا بە خۆوە گرت، بەو مانایە کە لە ڕەوتی مێژووی دوای کۆماریشدا درێژەیان هەیە و گەشەیان کردوە.

تێکۆشانی ئەم حیزبە لە دوای نەمانی کۆماری کوردستانیش، لە دژی دیکتاتۆریی ڕێژیمی پەهلەوی هەتا ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی بە شێوەی جۆراوجۆر درێژەی هەبوو. تێکۆشەرانی ئەم حیزبە، لە ڕیزی ناودارترین، درێژماوەترین و خۆڕاگرترین بەندییە سیاسییەکانی ماوەی دەسەڵاتدارەتیی حەمەڕەزاشادا بوون. گەورەترین ڕاپەڕینی چەکداریی سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی دوایین شای ئێران، لە کوردستان لە ساڵانی ١٣٤٦-١٣٤٧ی هەتاوی (١٩٦٧-١٩٦٨)دا پێک هات کە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەیان برد و بە گیانی خۆیان نرخەکەیان بژارد.

خەڵکی کوردستان بەو ئامانجەوە لە شۆڕشی سەرانسەریی ١٣٥٧ی گەلانی ئێراندا چالاکانە بەشدار بوون کە دێموکراسی و ئازادی جێگای سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری بگرێتەوە؛ گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران چیدیکە لەگەڵ ستەم و هەڵاواردنی نەتەوەیی ڕووبەڕوو نەبن، بەڵام ڕێژیمی تازە لەهەمبەر پرسی فرەنەتەوەبوونی ئێران و مافە نەتەوەییەکانیان، هەمان سیاسەتی ڕێژیمی پێشوو، واتە حاشالێکردن و ستەم و شەڕ و سەرکوتی گرتەبەر. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەنای بۆ هەموو شێوازە ئاشتیخوازانەکانی وەک وتوویژ لەگەڵ تاران، بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا و گەیاندنی پەیامەکانی خەڵکی کوردستان بە شێوەی هێمنانە برد، بەڵام خومەینی، دامەزرێنەری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، شەڕی لە دژی خەڵکی کوردستان ڕاگەیاند. حیزبی ئێمە و خەڵکی کوردستان بە گشتی، لە ڕێفراندۆمی کۆماری ئیسلامیدا

بەشدار نەبوون و شەرعییەتیان بە ڕێژیمێک نەدا کە مافە بنەڕەتییەکانی ئەوان و خەڵکی ئێرانی بە ڕەسمی نەناسیبوو؛ حیزبی دێموکرات فریوی دروشمە دژە ئەمریکاییەکانی خومەینیی نەخوارد؛ سەپاندنی حیجابی زۆرەملی بەسەر ژنانی ئێراندا و لێوەرگرتنەوەی دەسکەوتەکانی پێشوویان، هێرش بۆ سەر سەفارەتی ئەمریکا لە تاران و بە بارمتەگرتنی دیپلۆماتەکانیان لەلایەن ئەو ڕێژیمە، سەرکوتی ڕۆژنامەکان و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، داخستنی زانکۆکان و وەڕێخستنی بەناو شۆڕشی فەرهەنگیی مەحکووم کرد و دەنگدان بە دەستوور(قانوونی بنەڕەتی)ی ئەو ڕێژیمەی کە دواکەوتووانە و دژ بە ئازادی و مافە بنەڕەتییەکانی گەلانی ئێران بوو، بایکۆت کرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە بەرەنگاربوونەوەی شەڕی داسەپاوی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە سەر خەڵکی کوردستاندا بەتەنیا نەبوو، ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەش لە کوردستان بەپێی توانا و هێزی خۆیان بەشداری ئەو شەڕە بوون، بەڵام قورسایی شەڕەکە بە پلەی یەکەم لەسەر حیزبی دێموکرات و دەیان هێزی پێشمەرگەی ئەم حیزبە لە سەرانسەری کوردستاندا بوو. حیزبی ئێمە، هاوکات دوو بەرپرسایەتیی قورسی دیکەی کەوتبووە سەر شان. لە لایەکەوە بۆ ماوەی ساڵانێک ئەرکی بەڕێوەبردنی زۆربەی ناوچە ئازادەکانی کوردستانی کەوتبووە ئەستۆ کە بە هاوکاریی بێدریغی خەڵکی کوردستان، سەرەڕای گەمارۆیەکی هەمەلایەنە کە ڕێژیم خستبوویە سەر ئەو ناوچانە، لە بەڕێوەبردنیدا سەرکەوتوو بوو. لە دەرەوەی وڵاتیش، هەوڵێکی بەنرخی بۆ گەیاندنی دەنگی خەڵکی کوردستان بە بیرورای گشتی و ڕاکێشانی پشتیوانیی کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان و حیزب و کەسایەتییە پێشکەوتووەکانی وڵاتانی ڕۆژاوایی بۆ لای خەباتی خەڵکی کوردستان، بەرەو پێش برد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە مێژووی هەشتا ساڵەی خۆیدا شێوە خەباتی جۆراوجۆری تاقی کردوونەوە و هەوراز و نشێوی زۆری بە خۆوە دیتوە.

چەندین جار شایەدی سەرکەوتن و شکان و هەستانەوەی خۆی بووە. هەر سێ کەسی یەکەمی ڕێبەریی ئەم حیزبە و دەیان ئەندامی ڕێبەری، سەدان کادر و سەرکردەی مەیدانی و فەرماندەری لێوەشاوەی، نزیکەی پێنج هەزار پێشمەرگە و ئەندامی لە سەنگەری داکۆکی لە ئامانجەکان و خەبات بۆ مافەکانی نەتەوەی کورددا بە دەستی ڕێژیمەکانی ئێران شەهید بوون. پابەندیی ئەم حیزبە بە پرەنسیپە نەتەوەیی، شۆڕشگێڕانە، دێموکراتی و مرۆڤدۆستانەکانی و خەباتی بەردەوام و پڕ لە قوربانیدانی، کردوویانە بە هێزێکی سیاسیی ناسراو و جێگای ڕێز لە ئاستی کوردستان، ئێران و جیهاندا.

دیارە لە مێژووی حیزبماندا ئەگەر لاپەڕەی پڕشنگدار و دەسکەوتی جێگای شانازی هەن و یەکجار زۆریشن، بەڵام دیاردە و ڕووداوی زیانبار و نەخوازراویش هەبوون. هەر وەک نموونە لە هێندێک قۆناغ و بڕگەدا حیزبی دێموکرات بە پێچەوانەی ویستی خۆی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوی دیکەی کوردستان، تووشی تێکهەڵچوونی چەکدارانە بووە؛ لەنێوخۆشیدا ئەم حیزبە چەند جار تووشی لێکدابڕان هاتووە کە لە سۆنگەی ئەم جۆرە ڕووداوانە زیانی زۆر هەم بە حیزبی دێموکرات و هەم بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان کەوتوە کە وێڕای بەداخبوون لە بوونی ئەم ڕووداو و دیاردە نەخوازراوانە لە مێژووی حیزبماندا هەوڵ دەدەین دەرسیان لێ فێر بین و پێشی دووپاتبوونەوەیان بگرین.

ڕاستییەکی تاڵە کە دوای هەشتا ساڵ تێکۆشان و قوربانیدان، سەرەڕای ڕەوابوونی ئامانجەکانمان و بەحەقبوونی خەباتەکەمان، هێشتا بە ئامانجی سەرەکیی خۆمان کە ڕزگاریی نەتەوەی کورد لە ئێران لە بندەستی و بێ مافییە، نەگەیشتووین. لە هەموو ئەو مێژووە هەشتا ساڵەیەدا، حیزبی ئێمە هێچ کات لەلایەن ڕێژیمەکانی ئێرانەوە، ڕێگای تێکۆشانی سیاسیی قانوونی پێ نەدراوە؛ ڕێبەری و کادرەکان و ئەندامانی ئەم حیزبە، جگە لە چەند بڕگەیەک، هەموو کات ناچار بوون بە نهێنی لە نێوخۆی شار و گوندەکانی وڵات تێکۆشانیان هەبێت، یان لە شاخ و چیاکان و دوورەوڵاتی و بە شێوەی نائاسایی،

لە ژێر ئاگری تۆپخانە و هێرشی هەوایی و پەلاماری نیزامی و پیلانی تێرۆریستیدا، درێژە بە تێکۆشان بدەن. سەرەڕای ئەو هەمووە زەبرەش کە لێی دراوە و ئەو هەمووە قوربانییەی لێی ئەستێندراوە، توانیویەتی لە مەیدانی خەباتدا سەربەرز بمێنێتەوە؛ لە ئامانجە نەتەوەیی و پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی خۆی لای نەداوە، سەربەخۆیی بڕیاردانی خۆی پاراستووە، لە هیچ بارودۆخێکدا دژایەتیی بەرژەوەندەکانی بزووتنەوەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستانی نەکردوە و تووشی هەڵە و لادانێکی سیاسیی ئەوتۆ نەبووە کە شەرمەزاری مێژووی خۆی و نەتەوەکەی بێت.

بە شانازییەوە دەڵێین خەڵکی کوردستان لە هەموو هەلومەرجێکدا پشتیوانیی خۆیان لەم حیزبە درێژە پێ داوە و نەیانهێشتووە ڕێگای ڕێبەرانی شەهیدی بێ ڕێبوار و سەنگەری خەباتکارانی لە هیچ قۆناغ و سەردەمێکدا بە چۆڵی بمێنێتەوە. ئەمە ڕاستییەکە کە دەیسەلمێنێ ئامانجەکانی ئەم حیزبە و بەرنامە و سیاسەتەکانی، هەڵقوڵاوی ویست و داواکانی خەڵکی کوردستانن. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەمێژساڵە لە ڕێکخراوێکی سیاسیی تایبەت بە چەند توێژ و بەشی خەڵک، یان تایبەت بە بەشێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرچووە و لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بووە بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی و ئازادیخوازی گشتگیر و سەرانسەری. ئەمەش ڕاستییەکە کە لەم ساڵانەی دواییدا زۆر جار و بە شێوەی جۆراوجۆر، هەر بۆ نموونە لە ڕەوتی "ڕاپەڕینی ژن، ژیان ئازادی"و لە نەورۆزی میلیۆنیی پڕشکۆی ئەمساڵدا بە ئاشکرا خۆی نیشان داوە. ئەم متمانە گەورەیەی خەڵکی کوردستان بە حیزبی خۆیان، ئەگەر لە لایەکەوە بۆ ڕۆڵەکانی ئەم حیزبە جێگای شانازییە، لەلایەکی دیکەوە ئەرک و بەرپرسایەتیی گرنگیان لە دەسپێکی دەیەیەکی نوێی تێکۆشان، ئەویش لە هەلومەرجی تایبەتی ئەمڕۆی ناوچە و ئێراندا دەخاتە سەر شان. وەک ڕێبەریی ئێستای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە بەرانبەر ئەم متمانەیەی خەڵکی کوردستاندا سەری ڕێز دادەنەوێنین و ئەرکدار و بەرعۆدەین کە ئەم خۆشەویستی و متمانەیە بپارێزین و بەهێزتری بکەین.

**دۆستان! دڵسۆزان و پشتیوانانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!**

لە هەلومەرجێکدا یادی هەشتا ساڵەی دامەزرانی حیزبمان دەکەینەوە کە لەسەر یەک گۆڕانێکی ئەرێنی لە بەرژەوەندیی پرسی کورد لە ناوچەدا هاتووەتە کایەوە. دەوڵەتی تورکیە، دوای نزیکەی سەدەیەک حاشاکردن لە بوونی بەشێکی گەورەی کوردستان و نەتەوەی کورد لەو وڵاتە و بێبەشکردنیان لە سەرەتاییترین مافەکانیان، ناچار ڕێگای داننان بە بوونی کوردی گرتووەتە بەر و ڕێبەریی سیاسیی بزووتنەوەی کورد لەو بەشەی کوردستانیش بەکردەوە ئامادەیی خۆی بۆ چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە لەو وڵاتە ڕاگەیاندوە. لە سووریە، خۆبەڕێوەبەریی کوردانی ڕۆژاوای کوردستان، سەرەڕای گۆڕانی ڕێژیمی سیاسیی وڵات و هەوڵدانی دەسەڵاتی تازە بۆ سڕینەوە و نەهێشتنی ستاتووی سیاسیی کوردەکان، توانیویەتی پێداگر لەسەر پاراستنی دەستکەوتەکانی و پشتگەرم بە پشتیوانیی سیاسیی چەند وڵاتێکی ڕۆژاوایی، پێگەی خۆی بپارێزێ و بەڵێنی بە دەستووری کردنی مافەکانی نەتەوەی کورد لە سووریە وەربگرێت. لە عێراق و هەرێمی کوردستان، چاوەڕوان دەکرێت بە لاوازبوونی ڕێژیمی ئێران و کەمبوونەوەی دەستێوەردانەکانی لە وڵاتانی ناوچەدا، هەلومەرجێکی باشتر بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ بەغدادا پێک بێت.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەگەڵ ئەوەی حیزبی ئێمە و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکە تەنانەت لە دەرەوەی سنوورەکانیش لەژێر گوشاری سیاسی، هێرشی هاژەک و درۆن و پیلانی تێرۆریستیی ڕێژیمی ئێران پارێزراو نین، لە ئاکامی پێگەیشتوویی سیاسیی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتری خەڵکی کوردستان و حیزبە سیاسییەکانیدا خەبات دژی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی و داکۆکیی نەتەوەکەمان لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆی، قەڵەمبازێکی گەورەی هاویشتووە. بزووتنەوەی مەدەنی و کۆمەڵگای مەدەنی بە هەوڵ و تێکۆشانی چالاکانی مەدەنی، سەرەڕای هەموو بەربەست و کەند و کۆسپەکان، گەشەیان کردووە و بوون بە بە باڵێکی دیکەی بزووتنەوەی نەتەوەیی

و ئازادیخوازیی کوردستان. یەکگرتوویی ئەم دوو بزووتنەوەیە بووە بە هۆی ئەوە کە کوردستان هەروەک لە "ڕاپەرینی ژن، ژیان ئازادی"دا سەلماندی، هەروا پێشەنگ و پێشڕەوی دژایەتی لەگەڵ دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی لە ئاستی ئێراندا بێت. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە هەموو کات پشتیوان و هاندەری خەباتی مەدەنی و جەماوەریی خەڵکی کوردستان بووە، شانازی بە وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی و خەباتی مەدەنیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەکات، خۆڕێکخستن و هاوپێوەندیی ئەوان بە سەرمایەیەکی گەورە بۆ گەیشتنی نەتەوەکەمان بە ئامانجی لەمێژینەی ڕزگاری لە بندەستی و بێ مافی لە ئێران دەزانێت.

وڵاتی ئێران لە هەلومەرجی ئێستادا بە برگەیەکی هەستیار لە مێژووی خۆیدا تێدەپەڕێت. ڕێژیمی ئێران دوای دەیان ساڵ دەسەڵاتداریێتی بە پشتبەستن بە سەرکوتی خوێناوی و تاڵانی سامانی خەڵکی ئێران و بێبەشکردنی هاونیشتمانان لە سەرەتاییترین ماف و ئازادییەکانیان، جگە لەوەی خەڵک و وڵاتی ئێرانی تووشی گەورەترین قەیرانە ئابووری، کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان کردوە، بۆ خۆشی خەریکە بەرهەمی سیاسەتی ئاژاوەگێڕانە، تێرۆریستی و میلیتاریستیی خۆی هەڵدەگرێتەوە. لەگەڵ ئەوەی چەند تریلیۆن دولار لە سامانی خەڵکی ئێرانی لە پرۆژە ناوکییەکانی، لە بەرهەمهێنانی جۆرەکانی هاژەک و درۆن، لە تەیارکردنی گرووپە نیابەتییەکانی لە وڵاتانی ناوچە خەرج کردوە بۆ ئەوەی شەڕی ئیسرائیل و ئەمریکایان پێ بکات، بەڵام لە دوای ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ەوە، سەرجەم ئەو پرۆژانەی مایەپووچ دەرچوون. گرووپە نیابەتییەکانی بەهۆی هێرشەکانی ئیسرائیل و بە هاوکاریی ئەمریکا بێ کەلک کران؛ ڕێژیمی سووریەی هاوپەیمان و گوێلەمستی ڕووخا؛ لە مانگی جۆزەردان (ژوئەن)ی ئەمساڵیشدا گرنگترین دامەزراوە ناوکی و هاژەکییەکان و پلەبەرزترین فەرماندەرانی سپای پاسداران و پسپۆرە ناوکییەکانی، لە شەڕێکی ١٢ڕۆژەدا، کەوتنە بەر پەلاماری ئیسرائیل و تێداچوون. ئەمریکاش، دواجار هاتە نێو شەڕەکە و گرنگترین بنکە ناوکییەکانی ڕێژیمی ئێرانی بۆمباران کرد.

لەدوای ئەو زەبرانەی ئیسرائیل و ئەمریکا، شەقبردنی پایە و بناغەکانی ڕێژیم و داماو و دەستەوەستانبوونی لە بەرگریدا بە تەواوی خۆیان دەرخستوە. ئەو ڕێژیمە لە کاتێکدا شەڕێکی دیکەی بۆ وڵات و خەڵکی ئێران بە دیاری هێناوە کە نەیتوانیوە بچووکترین هەنگاو بۆ پاراستنی گیانی هاونیشتمانان دابین بکات؛ بێ ئەوەی قەیرانەکانی پێشووی ژیانی خەڵک چارەسەر بکات، دەیان کێشە و قەیرانی دیکەی لە ئاکامی ئەو شەڕە تازەیەدا تووش کردوون. ئاشکرایە کە شەڕی ئەو ڕێژیمە لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا و، ململانێکانی لەگەڵ وڵاتە ڕۆژاواییەکان کۆتایی پێ نەهاتوە. ڕێژیم چ درێژە بە لاساری بدات و لەسەر سیاسەتەکانی تا ئێستای بڕوات، چ تەسلیم و ملکەچی بڕیارەکانی ئەمریکا و ئورووپا بێت، بە هەر دوو باردا کەوتووەتە نێو قۆناغێکی چارەنووسساز لە تەمەنی خۆی کە ئەنجامەکەی تێکڤرمانی بە تەواویی بناغەکانی دەسەڵاتەکەی، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕاپەڕینی خەڵک و چوونی بەرەو هەڵدێر و نەمانە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم بڕوایەدایە کە دژبەرانی ڕێژیمی ئێران بە گشتی و، ڕێکخراوە سیاسییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی، پێویستە بە یەکگرتوویی و بە ئامادەییەوە بە پێشوازی ئەم قۆناغەوە بچن. لەم نێوەدا یەکگرتوویی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕێککەوتنیان لەسەر خاڵە هاوبەشەکان و دەستپێکردنی هاوکاریی بەکردەوە بە ئەرکێکی خێرا و هەنووکەیی دەزانین. حیزبی ئێمە لەسەر سیستەمێکی کۆماری، دێموکرات و فیدراڵ بۆ ئێرانی داهاتوو کە جۆراوجۆریی نەتەوەیی، زمانی و ئایینیی خەڵکی ئێران و مافە بنەڕەتییەکانی هاونیشتمانان بەڕەسمی بناسێت، پێ دادەگرێتەوە. ئێمە پێمانوایە کە هاوکاری و هاوهەنگاویی حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەکی کوردستانیدا، هەم هێمنیی کوردستان لە قۆناغی ڕووخانی ڕێژیمدا دەستەبەر دەکات، هەم کاریگەریی ئەرێنیی لەسەر ڕێککەوتن لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکان دەبێت و پێگەی کوردستان و پرسە ڕەوا و لەمێژینەکەی لە پێکهاتە و بەرنامە و هەڵوێستی ئالترناتیڤی ئەو ڕێژیمەدا بەرز دەکاتەوە.

**هۆگران، دڵسۆزان، پشتیوانان و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!**

لە کاتێکدا بەبۆنەی هەشتا ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، پیرۆزبایی لە ئێوە، لە خەڵکی دێموکراتپەروەری کوردستان و تێکڕای ئەندامانی حیزبمان دەکەین، بە ئەمەگناسی و پێزانینیشەوە ئاوڕ لە فیداکاری و خەباتی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات لە سەردەم و قۆناغە جیاوازەکان دەدەینەوە و لە بەرانبەر تێکۆشان و ماندوویی و دەروەستبوونیان لە ئاست ئەم حیزبە و نەتەوەکەمان، سەری ڕێز دادەنوێنین. ئێمە دڵگەرم بە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان، هیوادار بە هاوخەباتیی هێز و لایەنە ئازادیخوازەکانی کوردستان و ئێران، گەشبین بە ڕەوتی ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی پێوەندیدار بە ئێران و ناوچە، ئاسۆکانی بەردەم داهاتوومان بە ڕووناک دەبینین و، بە هیوایەکی زۆر و باوەڕێکی بەهێزەوە پێ دەنێینە ساڵێکی تازە و دەیەیەکی نوێ لە تەمەنی تێکۆشانی حیزبی پڕشانازیی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

ڕوو بە گەلانی ئێران و ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییش پێداگری لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهێنانی نیزامێکی سیاسیی کۆماری، دێموکراتیک و فێدراڵ کە تێیدا پرسی نەتەوایەتی لە ئێرانی تێدا چارەسەر کرابێ، بە ئاڵترناتیڤی گونجاو بۆ داهاتووی ئەم وڵاتە دەبینین؛ هاوکات خۆمان بە پابەندی پرەنسیپ و بنەماکانی پەسەندکراوی حیزب لە پێوەندی لەگەڵ زەروورەتی یەکگرتوویی لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی دژبەری ڕێژیم دەزانین.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کۆمیتەی ناوەندی

گەلاوێژی ١٤٠٤ی هەتاوی

ئاگۆستی ٢٠٢٥ی زایینی

# ٨٠ ڕووداوی گرینگی مێژووی ٨٠ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

١- ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤(١٦ی ئاگۆستی ١٩٤٥)، دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد لەسەر بناخەی کۆمەڵەی ژ-کاف بە ڕێبەریی پێشەوا قازی محەممەد.

٢- ٢ی خەزەڵوەری ١٣٢٤، پێکهاتنی کۆنگرەی یەکەمی حیزب.

٣- ٢٦ سەرماوەزی ١٣٢٤، هەڵکرانی ئاڵای کوردستان لەسەر بینای حیزبی دێموکرات لە مەهاباد

٤- ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤، دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی "کورستان"، زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان. "کوردستان" وەک کۆنترین ڕۆژنامەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەمساڵ ٨٠ یەمین ساڵڕۆژی دەرچوونی خۆی جێژن دەگرێ.

٥- ٢ی ڕێبەندانی١٣٢٤ (٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦)، ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە میتینگێکی گەورەدا بە بەشداریی نوێنەرانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد. قازی محەممە، د پێشەوای حیزب هەر لەو میتینگەدا بە سەرکۆمار دیاری کرا.

٦- ٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥، ئیمزاکرانی پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری لە نێوان کۆماری کوردستان و حکوومەتی میللیی ئازەربایجاندا.

٧- ٢٦ سەرماوەزی ١٣٢٥، هێرشی دیکتاتۆریی پاشایەتی بۆ مەهاباد و کۆتاییهاتن بە تەمەنی کۆماری کوردستان.
٨- ١٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٥، ئێعدامی ١١ کەس لە تێکۆشەرانی دێموکرات و کەسایەتییە ناسراوەکانی کۆمار لە ناوچەی فەیزوڵلابەگی و گەورک لە شاری سەقز و ئێعدامی عەلی بەگی شێرزاد، فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی بۆکان لە شاری بۆکان.
٩- ١٠ی خاکەلێوە ١٣٢٦، لە سێدارەدرانی قازی محەممەد، سەدری قازی و سەیفی قازی لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد.
١٠- زستانی ساڵی ١٣٣١، سەرکەوتنی بەرچاوی سارمەددین سادقوەزیری بەهۆی پشتیوانیی حیزبی دێموکرات لە کاندیداتۆریی ئەو بۆ نوێنەرایەتیی شاری مەهاباد لە هەڵبژاردنەکانی دەورەی ١٧ی مەجلیسی شورای میللیدا. ئەم هەڵبژاردنە لە لایەن دەوڵەتەوە هەڵوەشایەوە و ئیمام جومعەی تاران وەک نوێنەری مەهاباد لە مەجلیس دیاری کرا، بێئەوەی کەس لە مەهاباد بیناسێ.
١١- زستانی ساڵی ١٣٣١، ڕاپەڕینی جووتیارانی ناوچەی موکریان بەدژی زوڵم و زۆریی ئاغا و دەرەبەگەکان لە پێوەندی لەگەڵ تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتدا. ئەو ڕاپەڕینە لە لایەن دەرەبەگەکانەوە بە هاوکاریی لەشکری شا سەرکوت کرا.
١٢- بەهاری ١٣٣٢، بووژانەوەی زیاتری ڕێکخراوەکانی حیزب بەتایبەت لە مەهاباد و سنە و دەرچوونی یەکەم بەیاننامەی ڕەسمیی حیزب پاش ٦ ساڵ لە ڕووخانی کۆماری کوردستان
١٣- ١٥ی جۆزەردانی ١٣٣٢، کۆبوونەوەی لاوانی حیزبی دێموکرات لە باغی میکاییل بۆ هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ فستیڤاڵی جیهانیی لاوان لە بوخارست. ئەم کۆبوونەوەیە بە بڕیاری سەرتیپ موزەفەری، فەرماندەی تیپی مەهابادەوە هێرشی کرایە سەر و حەسەن ڕەمەزانی شەهید بوو. ناشتنی تەرمی حەسەن ڕەمەزانی بوو بە خۆپیشاندانێکی گەورە کە بە یەکەم کۆبوونەوەی جەماوەریی سیاسیی دوای کۆمار لە مەهاباد دادەنرێ.

هەواڵنامەی کێبر

١٤- ٢٦ گەلاوێژی ١٣٣٢، پێکهێنانی میتینگێکی گەورە لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە لە شاری مەهاباد بۆ پشتیوانی لە موسەدیق و پێخۆشبوون بۆ ڕاکردنی محەممەدڕەزاشا بۆ بەغدا. ٣ ڕۆژ دوای کودەتای نیزامیی ٢٨ی گەلاوێژ بە دژی "موسەدیق" شا گەڕایەوە بۆ ئێران.
١٥- جۆزەردانی ساڵی ١٣٣٤، پێکهێنانی یەکەم کۆنفڕانسی حیزب. لە ئاکامی کۆنفڕانسەدا حیزبی دێموکرات پێوەندیی تەشکیلاتیی خۆی لەگەڵ حیزبی توودە پچڕاند و سەربەخۆیی سیاسی و تەشکیلاتیی خۆی ڕاگەیاند.
١٦- خەزەڵوەری ساڵی ١٣٣٨، هێرشی بەربڵاوی ساواک بۆ سەر ڕێکخراوەکانی حیزب، لەم هێرشەدا نزیک بە ٢٥٠ کەس لە تێکۆشەرانی حیزب لە سەرانسەری کوردستانی ئێران گیران.
١٧- سەرماوەزی ساڵی ١٣٤٣، پێکهاتنی کۆنگرەی دووهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان.
١٨- ساڵەکانی ١٣٤٦_١٣٤٧، ڕاپەڕینی چەکدارانەی هێندێک لە کادرەکانی حیزب کە کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبیان پێکهێنابوو. ئەم ڕاپەڕینە خوێناوییە ١٨ مانگی خایاند و لە لایەن ڕێژیمی شاوە سەرکوت کرا و بەشی زۆری بەڕێوەبەرانی شەهید کران.
١٩- پووشپەڕی ١٣٤٨، بەڕێوەچوونی کۆنفڕانسی دووهەمی حیزب.
٢٠- جۆزەردانی ١٣٥٠، پێکهاتنی کۆنفرانسی سێهەمی حیزب. ئەم کۆنفڕانسە خاڵگۆڕانی گەڕانەوەی حیزب بۆ سەر ڕێبازی ئووسولیی خۆی و دەسپێکی قۆناغی نوێی خەبات و تێکۆشانی حیزب بوو.
٢١- ڕەزبەری ساڵی ١٣٥٢، پێکهاتنی کۆنگرەی سێهەمی حیزب، پەسندکرانی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆ و هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندیی نوێ بۆ حیزب.
٢٢- ١٧ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٧، خۆپیشاندانی گەورە لە مەهاباد بەبۆنەی سێ ڕۆژانەی ناشتنی تەرمی شەهید عەزیز یوسفی. ئەم خۆپیشاندانە سەرەتای دەستپێکردنی زنجیرە خۆپیشاندانەکانی دواتری خەڵکی کوردستان بەدژی ڕێژیمی

شا لە کوردستان بوو.

٢٣- پاییزی ١٣٥٧، گەڕانەوەی کۆمیتەی زاگرۆسی حیزبی دێموکرات بۆ نێوخۆی وڵات و بە مەبەستی ڕێکخستنی خەڵکی کوردستان بۆ شۆڕشی ١٣٥٧.

٢٤- ٣٠ ڕێبەندانی ٥٧، گرتنی پادگانی مەهاباد لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە بە یارمەتیی ئەرتەشییە شۆڕشگێڕەکان، ٨ ڕۆژ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران.

٢٥- ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧، میتینگی سەدهەزار کەسی لە ستادیۆمی وەرزشیی مەهاباد. لەم میتینگەدا حیزب بە وتارێکی مێژوویی د. قاسملوو تێکۆشانی ئاشکرای خۆی بەڕەسمی ڕاگەیاند.

٢٦- ١٢ی گەلاوێژی ١٣٥٨، دەرچوونی د. عەبدولڕەحمانی قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی خوبرەگانی لە پارێزگای ورمێ بۆ نووسینەوەی یاسای بنەڕەتیی وڵات.

٢٧- ٣١ی خاکەلێوی ١٣٥٨، تەقەکردن لە میتینگی حیزبی دێموکرات لە نەغەدە بە هاندانی مەلا حەسەنی، ئیمام جومعەی ورمێ و دارودەستەکەی و سازبوونی شەڕێکی خوێناوی کە بە شەڕی نەغەدە ناسراوە.

٢٨ – ٢٨ی گەلاوێژ ١٣٥٨، ڕاگەیاندرانی فەرمانی جیهادی خومەینی دژی گەلی کورد بە دوای شەڕ لە پاوەدا، قەدغە ڕاگەیاندنی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و دەستپێکردنی شەڕێکی سەرانسەری لە کوردستان کە بە شەڕی سێ مانگە ناوی دەرکردوە.

٢٩- ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٥٨، دەرچوونی پەیامی خومەینی لەسەر کوردستان، ئەو پەمامە بەکردوە بە مانای دانپێدانانی ڕێژیم بە شکستی خۆی و کۆتایی هاتنی شەڕی سێ مانگە بوو.

٣٠- ٢٨ ڕێبەندانی ١٣٥٨، پێکهاتنی کۆنگرەی چوارەمی حیزب بەشداریی ٣١٠ نوێنەر لە مەهاباد. ئەم کۆنگرەیە پاش ٣٤ ساڵ یەکەم کۆنگرەی ئاشکرای حیزب بوو.

٣١- ڕەشەمەی ١٣٥٨، هەڵگیرساندنی شەڕ لە کامیاران و شارەکانی دیکەی کوردستان

هەولێرنامەی کتێب

لەلایەن ڕێژیمەوە کە بوو بە شەڕێکی سەرانسەری دژی گەلی کورد، شەڕێک کە ئێستاش درێژەی هەیە.

٣٢- ڕەشەمەی ١٣٥٨، سەرکەوتنی زۆربەی کاندیداکانی حیزبی دێموکرات بۆ مەجلیسی شورای میللی لەو شوێنانەی کوردستان کە هەڵبژاردن بەڕێوە چوون.

٣٣- ٢٥ی جۆزەردانی ١٣٥٩، جیابوونەوەی تاقمی ٧ کەسی لە حیزب (کە ٦ کەسیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوون) بە هاندانی حیزبی توودە.

٣٤- ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٥٩، دەست بەکارکردنی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران.

٣٥- ١٦ی سەرماوەزی ١٣٦٠، پێکهاتنی کۆنگرەی پێنجەمی حیزب. ئەم کۆنگرەیە دروشمی ڕووخانی ڕێژیمی پەسند کرد.

٣٦- جۆزەردانی ١٣٦٢، ئیعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ لاوی مەهاباد لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە کە دواتر لە تۆڵەی ئەم کوشتارە هێزی بێستوونی حیزب ٥٩ عەمەلیاتی سەرکەوتووانەی لە دژی ڕێژیم بەڕێوە برد.

٣٧- ٢ی ڕێبەندانی ١٣٦٢، پێکهاتنی کۆنگرەی شەشەمی حیزب و پەسندکردنی سۆسیالیزمی دێموکراتیک وەک ئامانجی دوارۆژ.

٣٨- ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٦٤، پێکهاتنی کۆنگرەی حەوتەم.

٣٩- ٢٥ی گەلاوێژ ١٣٦٦، هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبدا لە سەر یەک چەند سەعات بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان بە توندترین شێوە بە تۆپ و کاتیوشا کوتا. لەم ئاگربارانەدا ڕێژیم لە چەکی شیمیایی کەلکی وەرگرت.

٤٠- ٢٨ بەفرانبار هەتا ٢ی ڕێبەندانی ١٣٦٦، پێکهاتنی کۆنگرەی هەشتەم.

٤١- ڕۆژانی ٢٣ تا ٢٩ی ڕەشەممەی ١٣٦٦، دەربازبوونی زیاتر لە ٨٠٠ کەس لە کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات لە گەمارۆی هێزەکانی سپای پاسداران لە کاتی شەڕی هەڵەبجە و شیمیاییبارانی ئەم شارە.

٤٢- ١ی خاکەلێوەی ١٣٦٧، جیابوونەوەی بەشێک لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب

و ڕاگەیاندنی تێکۆشانی خۆیان لەژێر ناوی "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ"دا.

٤٣- ٢٢ی پووشپەری ١٣٦٨، (١٣ی ژوئیەی١٩٨٩) تیرۆری سکرتێری گشتیی حیزب، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و عەبدوڵڵا قادریئازەر لە ڤییەن بە دەستی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر مێزی وتووێژ.

٤٤- ٩ی خەزەڵوەری ١٣٦٨ (٣١ی ئوکتوبری ١٩٨٩)، کاندیداکردنی د. عەبدولڕەحمان قاسملوو بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل لەلایەن ئەنجومەنی دۆستانی گەلی کورد لە ئۆتریش. ئەگەرچی خەڵاتی ئەو ساڵە بەر گورباچۆف کەوت، بەڵام هەر ئەوە کە دوکتور قاسملوو یەکەمین کورد بوو بۆ ئەو خەڵاتە جیهانییە کاندیدا کرا و بە ڕاستییش شایانی بوو؛ بۆ حیزبی دیموکرات، گەلی کورد و خەڵکی ئێران جێگای شانازی بوو.

٤٥- ١ی بەفرانباری ١٣٧٠، پێکهاتنی کۆنگرەی نۆیەمی حیزب (کۆنگرەی قاسملوو).

٤٦- ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ (١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢)، تیرۆری میکونووس. لەم پەلامارە تێرۆریستییەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا د. سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزب، کاک فەتاح عەبدولی نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، هومایون ئەردەڵان، نوێنەری حیزب لە وڵاتی ئەڵمان و نووری دێهکوردی، چالاکی سیاسی و دۆستی حیزب بە دەستی تێرۆریستە نێردراوەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران شەهید کران.

٤٧- ٢٣ی ڕەشەمەی ١٣٧١، بۆمبارانی بنکەی دەفتەری سیاسی و نەخۆشخانە ئازادی و ماڵ و مووچەی خەڵکی دەورووبەر لە بناری قەندیل لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە کە بووە هۆی شەهیدبوونی چوار تێکۆشەری حیزب. ئەو بۆمبارانە سەرەتای هێرشی ئاشکرای نیزامیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان و دەستتێوەردانی بێپەردەی ئەو ڕێژیمە لە کاروباری ئەو بەشەی کوردستاندا بوو.

٤٨- ١٨ی خەزەڵوەری ١٣٧٣، هێرشی ئاسمانیی کۆماری ئیسلامی بە ٦ فڕۆکەی

شەڕکەر بۆ سەر بنکەکانی حیزب لە کۆیە و بەئامانجگرتنی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب

٤٩- ٢٣ی خاکەلێوەی ١٣٧٤، پێکهاتنی کۆنگرەی دەهەمی حیزب (کۆنگرەی پەنجا ساڵەی حیزب).

٥٠- ٥ هەتا ٧ی گەلاوێژی ١٣٧٥، هاتنی هێزێکی دووهەزار کەسیی کۆماری ئیسلامی بۆ نێو قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی هێرش بۆ سەر بنکەکانی حیزب لە نیزیک شاری کۆیە. ئەو هێزانە بۆ ماوەی ١٢ ساعەت بێ‌پسانەوە بە تۆپ وکاتیوشا و مووشک بنکە و ماڵەکانی تێکۆشەرانی دێموکراتیان ئاگرباران کرد. کۆماری ئیسلامی بەو هێرش و دەستدرێژییە ئاشکرایە نەک هەر بە مەبەستەکانی کە لە نێوبردن و گرتنی تێکۆشەرانی حیزب، یان لانی‌کەم وەدەرنانیان لەو ناوچەیە بوو، نەگەیشت، بەڵکوو ڕیسواییەکی تەواوی بۆخۆی لە ئاستی ناوچەکە و دنیادا، کڕی.

٥١- ڕۆژانی ١٩- ٢١ی خەرمانانی ١٣٧٥ (٩- ١١ سێپتامبری ١٩٩٦)، وەرگیرانی حیزبی دێموکرات وەک ئەندامی چاودێر لە بیستەمین کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست کە لە نیویۆرک و لە مەقەڕی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان گیرا.

٥٢- ٢٩ی ڕەزبەری ١٣٧٥، تەحویلدانەوەی ٧ کادر و پێشمەرگەی حیزب لەلایەن بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عێراقەوە بە کۆماری ئیسلامی لە نیزیک شاری هەڵەبجە. کۆماری ئیسلامی دوای نیزیک بە ٨ ساڵ بێدەنگەکردن لە چارەنووسی ئەو گیراوانە، دانی بەوە دانا کە ٦ کەس لەوانی دوای تەحویل وەرگرتنەوە و دوای چەندین حەوتوو ئەشکەنجە و ئازاری لەشی و گیانی، ئێعدام کردوون.

٥٣- ١٩ی بەفرانباری ١٣٧٥، وەسەریەککەوتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات پاش ٩ ساڵ جیایی و لێکدابڕانی "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" و "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران-ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ".

٥٤- خاکەلێوەی ١٣٧٦، دەرکەوتنی ئاسەواری دەرمانداوکرانی بەکۆمەڵی زیاتر لە ٥٠

کادر و پێشمەرگەی حیزب بەهۆی ژاری "سالیۆم" کە بە پیلانی ئیتلاعات کرابوو.
٥٥- ٢١ی خاکەلێوەی ١٣٧٦ (١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧)، دەرچوونی حوکمی مێژوویی دادگای میکۆنووس لە بێرلین و ناساندنی ڕێبەرانی پلە یەکی کۆماری ئیسلامی وەک بڕیاردەرانی تێرۆری د. سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزب و هاوڕێیانی. بە دوای دەرچوونی بڕیاری دادگادا زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا، سەفیرەکانی خۆیان لە ئێران بانگ کردەوە و کۆماری ئیسلامی لە ئاستی دونیادا لەگەڵ ڕیسواییەکی بێ وێنە بەرەوڕوو بوو.
٥٦- ١ی بەفرانباری ١٣٧٦، پێکهاتنی کۆنگرەی یازدەهەمی حیزب (کۆنگرەی خەباتگێڕانی خۆڕاگر).
٥٧- ٤ی سەرماوەزی ١٣٧٩ (٢٤ی نوامبری ٢٠٠٠ )، پێکهاتنی کۆنگرەی دوازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.
٥٨- ١ی بانەمەڕی ١٣٨٣ (٢٠ی ئاپریلی ٢٠٠٤)، پەردە لەسەر هێما (لەوح)ی بیرەوەریی شەهیدانی تیرۆری میکۆنۆس لادرا. ئەم لەوحە لەسەر بڕیاری شارەداری ناوچەی "شارلاتن بورگ" لە شوێنی تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی دانرا.
٥٩- ١٣ی پووشپەڕی ١٣٨٣ (٣_٧ جولای ٢٠٠٤ ) پێکهاتنی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب لە کۆیە. لەم کۆنگرەیەدا دروشمی بنەڕەتی حیزب لە "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاریی بۆ کوردوستان"ەوە گۆڕا و بوو بە "دابینکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا"؛ هەروەها هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بەڕەسمئی پەسند کرا.
٦٠- ٢ی ڕەشەممەی ١٣٨٣ (٢٠ فێوریەی ٢٠٠٥)، پێکهاتنی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ لە بریتانیا بە دەستپێشخەریی و هەوڵدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
٦١- ١٨ی پووشپەڕی ١٣٨٤ خەڵکی کوردستان بە نیشانەی نارەزایەتیدەربڕین بە کوشتنی بێبەزییانەی شوانە سەیدقادر و جینایەتەکانی دیکەی ڕێژیم لە کوردستان،

هەولێرنامەی کتێب

لەسەر داوای حیزبی دێموکرات زنجیرە خۆپیشاندانێکی بێوێنە لە سەرانسەری کوردستان دەست پێ کرد کە بەهۆی سەرکوتی دڕندانەی کۆماری ئیسلامی دەیان کەس شەهید و بریندار بوون و ژمارەیەکی زۆریش لە خەڵک کەوتنە زیندان.

٦٢- لە ٢٢ پووشپەڕی ١٣٨٥دا و بەبۆنەی حەڤدەهەمین ساڵڕۆژی تێرۆری دوکتور عەبدوڵڕەحمان قاسملوو لەسەر داوای حیزبی دێموکرات خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ نیشاندانی ئەمەگناسییان بەرامبەر بەو ڕێبەرە شەهیدە و هەروەها دەربڕینی نەفرەت و بێزاریی خۆیان لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، دوکان و بازاڕەکانیان داخست. مانگرتنی گشتیی سەرانسەری لە ساڵڕۆژی تێرۆری ڕێبەری شەهید د.قاسملوودا، وەک شێوەیەک لە نارەزایەتیدەربڕین، ساڵانی دواتر، چەند جار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دووپات بۆوە.

٦٣- ١٥ی سەرماوەزی ١٣٨٥، لێکترازانی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن ئەو کادر و پێشمەرگانەی حیزب کە تێکۆشانی سیاسیی خۆیان بەجیا درێژە پێ دەدا.

٦٤- سەرماوەزی ١٣٨٦ (دێسامبری ٢٠٠٧) ئەندامەتیی حیزبی دێموکرات لە ڕێکخراوی دژەمینی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (ژنێڤاکاڵ)

٦٥- ١٦ی ڕەشەمەی ١٣٨٦، پێکهاتنی کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان (حدک)

٦٦- ٢٠ی خەرمانانی ١٣٨٧، پێکهاتنی کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا)

٦٧- ٢ی جۆزەردانی ١٣٩٠، پێکهاتنی کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستان (حدک)

٦٨- ٨ی ڕەزبەری ١٣٩١، پێکهاتنی کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا)

٦٩- ٧ی سەرماوەزی ١٣٩٤ وەرگیرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئەندامەتیی

ئەسڵیی ڕێکخراوی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست. ئەم کۆبوونەوەیەی شورای ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست لە لواندا، پێتەختی ئانگۆلا گیرا.

٧٠- ١٧ی ڕێبەندانی ١٣٩٤، پێکهاتنی کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستان (حدک)

٧١- شەوزستان (یەلدای خوێناوی)ی ١٣٩٥، تەقینەوەیەک لە بەردەم بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب لە کاتی بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی شەوی یەلدا لە ٨٦ ساڵەی لەدایکبوونی د. قاسملوودا. لەم ڕووداوە تێرۆریستییەدا ٥ کادر و پێشمەرگەی حیزب و دوو پێشمەرگەی ئاسایشی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان شەهید بوون.

٧٢- نەورۆزی ١٣٩٥، ڕاگەیاندنی "ڕاسانی ڕۆژهەلات" لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سنوورەکانی نێوان ڕۆژهەلات و باشووری کوردستان.

٧٣- ١٩ی بەفرانباری ١٣٩٦، کۆبوونەوەی پێنج حیزبی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات. ئەم کۆبوونەوەیە بووە بەردی بناغەی پێکهاتنی"ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران" کە ڕۆژی ٣٠ی بەفرانبار ڕاگەیەندرا.

٧٤- ١ی ڕەشەمەی ١٣٩٦، پێکهاتنی کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) و گۆڕینی پێکهاتەی بەڕێوەبەریی حیزب

٧٥- ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧، پەلاماری مووشەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان. لەم پەلامارە تێرۆریستییەدا ١٦ کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات شەهید بوون کە ٦ لەوان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوون. لەم ڕووداوەدا زیاتر لە ٥٠ کەسیش بریندار بوون کە بەشێکیان ژن و منداڵ بوون.

٧٦- ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧، مانگرتنی بەشکۆ و سەراسەریی کوردستان لەسەر بانگەوازی حیزبی دێموکرات و حیزبە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەلاتی کوردستان. ئەم مانگرتنە بۆ مەحکوومکردنی پەلامارە مووشەکییەکەی ١٧ی خەرمانانی کۆماری

ئیسلامی بۆ بنکەکانی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو.

٧٧- ١٨ی خەزەڵوەری ١٣٩٨، پێکهاتنی کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان (حدک)

٧٨- ٣٠ی گەلاوێژی ١٤٠١، یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و یەکبوونەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات پاش ١٦ ساڵ لێکدابڕانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان.

٧٩- ٦ی ڕەزبەر، دەسپێکی شەپۆلێک هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزب. ئەم هیرشانە لە ٢٣ی خەزەڵوەر و ٣٠ی خەزەڵوەریشدا چەند پاتە بوونەوە.

٨٠- ١٥-١٦ی ڕێبەندانی ١٤٠٣. کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان (کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران)

# کورتە باسێک لەسەر چەند خاڵی گرینگی یەکەم مەرامنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان

(بەراوەردێک لەگەڵ بەیاننامەی ١٢ خەرمانانی ١٣٢٤ی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان)

هەواڵنامەی کتێب

د.کامڕان ئەمین‌ئاوە

**بۆ چوونە نێو بابەت**

لە ٣ی خەرمانانی ١٣٢٠ (٢٥ی ئاگوستی ١٩٤١) "هێزی هاوپەیمانی سۆڤیەت و ئینگلیز و ئەمریکا چوونە نیو ئێرانەوە. حوکمێکی لاواز لە تاران دامەزراو بوو بە جێگری دیکتاتۆرییەتی ڕەزا شا، کە هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر باشووری وڵاتەوە نەبوو وا لە ژێر کۆنترۆڵی ئینگلیز و ئەمریکییەکاندا بوو. لە باکوور[ی ئێران]یش یەکیەتیی سۆڤیەتی هێزی دامەزراندبوو."[١] "لە بەرواری ٥ – ٨ سپتامبری (ئەیلول) ساڵی ١٩٤١ [١٤ - ١٧ی خەرمانانی ١٣٢٠] لە نێوان ئێران و سۆڤیەت و ئینگلیزدا

١. دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو، کوردستان لە ئێراندا، ل ٣٩٠. فەسڵێک لە کتێبی (گەلی بێ وڵات – کورد و کوردستان) پێکهێنانی (ژێرارد شالیان) وەرگێر لە ئینگلیزییەوە ئەنوەر سوڵتانی، کاچوو، مادانی! بەرگی یەکەم. چاپی ڕۆشنگەری، ئاڵمانیا، چاپی یەکەم ٢٠٢٢
لە سەرەتای بابەتەکەی د. قاسملوو ٢٠ی ئۆگۆستی ١٩٤١ (٢٩ی گەلاوێژی ١٣٢٠) وەکوو ڕێکەوتی هاتنی هێزی هاوپەیمان بۆ ئێران نووسراوە. ک. ئـ

لەبەر جێگیر بوون و گونجانی هۆردوی سۆڤیەت و ئینگلیز لە مەڵبەندەکانی جیاوازی ئێران پێکهاتێک ئیمزا کرا. بە گوێرەی ئەم پێکهاتە بەشی جنووبی کوردستانی سەر بە ئێران (مەڵبەندی سنە و کرماشان و شاەئاباد و قەسری شیرین و هتد) کەوتە ژێر دەسەڵاتی هۆردووی ئینگلیزەوە. چەند مەڵبەندێکی بەشی شیمالی کوردستانی سەر بە ئێران (مەڵبەندەکانی دەوروبەری شاری شاپوور و خۆی و ماکۆ و ورمێ) خرا ژێر دەسەڵاتی سۆڤیەتەوە. بەڵام بەشی زۆری مەڵبەندەکانی کوردستانی لای شیمال، مەڵبەندی شنۆ و لاجان و نەغەدە و مەهاباد و سەردەشت و دەوروبەری میاندوئاو و ساینقەڵا و بۆکان و سەقز و بانە بە مەڵبەندی بێ لایەن ڕاگەیندران و بە گوێرەی پێکهاتە دەبواتە لەژێر دەسەڵات و حوکماتی دەوڵەتی ئێراندا بایەن."[٢]

زۆربەی یەکەکانی ئەرتەشی ئێران لە ماوەیەکی کورتدا بێ هیچ بەرخودانێک لەیەک هەڵوەشانەوە، چەکیان فڕی دا و "وەکو سڵقی ڕووت، بە توێێ کراس و دەرپێ"[٣] هەڵاتن و سەریان لە تاران پێتەختی شاهنشایی دەرهێنا. لە ٢٤ خەرمانان (١٥ سپتامبر ١٩٤١) مەجلیسی ئێران ڕەزاشای لە فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکانی ئێران وەلانا و ڕۆژی دواتر، ڕەزاشا بە قازانجی محەممەدڕەزای کوڕی وازی لە تاج و تەختی پاشایەتی هێنا و لە ڕێگای بەندەر عەباسەوە ئێرانی بە جێ هێشت و سەری لە جزیرەی موورێس لە باشوری ئەفریقا دەرهێنا و لە ٤ی گەلاوێژی ١٣٢٣ (٢٦ی جولای ١٩٤٤) لە ژووهانسبۆرگ کۆچی دوایی کرد.

ڕووخانی حکوومەتی ڕەزاشا وکرانەوەی فەزای سیاسی بوو بە هۆی دامەزران و دەستپێکی خەباتی سیاسی، پیشەیی و مەدەنی حیزب و گرووپی جۆراوجۆر لە ئاستی ئێران. بۆشایی هێزی سەرکوتکەر لە کوردستانیش بوو بە هۆی چالاکیی سیاسی و مەدەنیی ئازادیخوازانی سەربەخۆییخوازی کورد و دامەزرانی کۆمەڵەی ژ.

٢. ڕەحیمی قازی، بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورد و قازی محەمەد ١٩٤١ – ١٩٤٧. ل ٨٦، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق، ١٩٩٨
٣. وەرگیراو لە چیرۆکی "تاج و تەختی کوێخا هومەر"، حەسەن قزڵجی، پێکەنینی گەدا.

ک لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ (١٦ی ئاگوستی ١٩٤٢). دامەزرێنەرانی ئەم ڕێکخراوەیە زۆرتر سەر بە توێژەی مام ناوەنجی شاریی و ڕووناکبیرانی ئەوکاتەی کوردستان بە بیر و باوەڕێکی ناسیۆنالیستیی پێشکەوتووخوازانە بوون.

هەرچەند لە ژمارەگەلێکی گۆڤاری "نیشتمان"، ئۆرگانی کۆمەڵەی ژ. ک و پاشان "کوردستان"، بلاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان، سێبەرێک لە ئۆگریی بەشێک لە ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمە بۆ بیری سۆسیالیستی، لینین، ستالین و یەکیەتیی سۆڤیەتی دەبیندرێ، بەڵام نیشانەیەکی جیددی و ڕاستەقینە بۆ سەلماندنی زاڵبوونی بیر و هزری چەپی مارکسیستی بەتایبەتی لە ڕێباز و مەرامنامەکەیاندا بەدی ناکرێ. بە گشتی ڕێبەریی کۆمەڵەی ژ. ک وەکوو زۆربەی ڕێبەرانی کورد پاش سەرکەوتنی بالشویکەکان لە ڕووسیە لە ساڵی ١٩١٧ زایینی و پاشان دروستبوونی یەکیەتیی سۆڤیەتی لە ساڵی ١٩٢٢ز، ئەم ولاتەیان بە دۆستی زەحمەتکێشان و گەلانی چەوساوەی جیهان پێناسە دەکرد و هەوڵیان دەدا بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانیان، پێوەندی بە دەسەلاتدارانی ئەم ولاتە بگرن. هاتنی سپای سوور بۆ ئێران لە ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی و بە تایبەتی بۆ ئازەربایجان و کوردستان، بوو بە هۆی بووژانەوەی هیوای ڕووناکبیرانی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و کەلکوەرگرتن لەم دەرفەتە بۆ چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی. بەڵام سەرەڕای هەوڵەکانی کۆمەڵەی ژ. ک، یەکیەتیی سۆڤیەتی خوازیاری هیچ چەشنە پێوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ ئەم ڕێکخراوەیە نەبوو و بە دڕدۆنگییەوە سەیری سیاسەت و چالاکیی کۆمەڵەی "ژ. ک"ی دەکرد. تەنانەت ویاچیسلاو میخایلۆویچ مۆلۆتۆڤ، وەزیری کاروباری دەرەوەی یەکیەتیی سۆڤیەتی لە گەرماوگەرمی شەڕی دووهەمی جیهانیدا ڕق و بێزاریی خۆی و دەوڵەتەکەی لە کورد دەربڕی و "ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کوردی بە دەرەبەگ ناو برد"[٤]. یەکیەتیی سۆڤیەتی بە هۆی ئەم ڕوانگەیە، نەک پشتیوانیی لە کۆمەڵەی ژ.ک نەکرد، بەڵکوو

٤. تاريخ کردستان، مؤلفان: لازاريف، محوى، حسرتيان، ژيگالينا. واسيليەوا. مترجمان: منصور صدقى، کامران امين آوە، ص ٢٢٧، انتشارات فروغ، آلمان، چاپ اول فروردين ١٣٧٨

"بەرپرسانی یەکیەتیی سۆڤیەتی لە ئێران، کوردیان لە ئەندامبوونی کۆمەڵەی ژ.ک دەپرینگاندەوە، و تێدەکۆشان چالاکیی ئەم ڕێکخراوەیە بەرتەسک کەنەوە."[٥]

لە یادداشتەکانی هاشمۆڤ، سەرکونسوولی یەکیەتیی سۆڤیەتی لە ورمێ لە ١ی ژانویەی ١٩٤٥ [١١ی بەفرانباری ١٣٢٣] لەمەڕ نەبوونی پێوەندی دەگەڵ کۆمەڵەی ژ.ک هاتوە: "من بە چاوی خۆم هەستم کردوە بە بوونی پارتی (ژ.ک) و، زۆربەی خەڵک پارتی (ژ.ک) بە (کۆمەڵە) ناو دەبەن. زۆربەی کوردەکان و پیاوە بەناوبانگەکانیان لایەنگریی سۆڤیەت دەکەن و بە هیوان لە خەباتیاندا بۆ سەربەخۆیی لە سۆڤیەت یارمەتی وەربگرن. کومیتەی کوردیی (ژ.ک) خەڵک دڵنیا دەکات کە لە ئیش و کارەکانی خۆیدا پێوەندی دەکا بە یەکیەتیی سۆڤیەتەوە. بەڵام لەنێوان ئێمە و (ژ.ک)دا هیچ پێوەندییەک نییە [...]."[٦]

بەڵام لە ساڵی ١٣٢٤ پێوەندییەکی دۆستانە لە نێوان ڕێبەریی کورد و یەکیەتیی سۆڤیەتی دامەزرا و دروستبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە خەزەڵوەری ساڵی ١٣٢٤ [٧] و کۆماری کوردستان لە ٢ی ڕێبەندانی ئەو ساڵەدا ئەو پێوەندییەی تا ڕادەیەک پتەوتر کرد و بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی خستە قۆناغێکی نوێ.

لە کاتی دامەزرانی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان لە ١٢ی خەرمانانی ١٣٢٤ ڕێبەریی کورد پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ و نزیکی لەگەڵ ئەم حیزبە بوو. چارەنووسی ئەم دوو ڕێکخراوەیە هەر لە سات و کاتی دامەزرانیان هەتا ڕووخاندنی حکوومەتی میللی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان لە سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٥ وێڕای جیاوازی

٥. سەرچاوەی پێشوو ل ٢٢٥

٦. ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چەند بەڵگەنامەیەکی شۆڕەویدا (١٩٤٥ ١٩٤٧)، لاپەڕەی ١٤، د. ئەفراسیاو هەورامی

٧. هەرچەند حیزبی دیموکراتی کوردستان هەموو ساڵێک لە ٢٥ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی دامەزرانی خۆی جێژن دەگرێ، بەڵام بەیاننامەی دامەزران و یەکەم کۆنگرەی دەگەڕێتەوە خەزەڵوەری ئەو ساڵە و ئەوە زۆرتر پێوەندیی بە کاتی دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ. کاف لەم ڕێکەوتە لە ساڵی ١٩٤٢ و دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بنەمای کۆمەڵە هەیە.

لە پێکهاتەتی چینایەتی، بیر و هزری ڕێبەران و دامەزرێنەرانیان، هەروەها هەبوونی چەشنەگەلێک ناکۆکی لە سەردەمی دەسەڵاتیان، گرێدراوی یەک بوو. فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان لە ١٢ی خەرمانانی ١٣٢٤ لە ڕاگەیەندراوێکدا بەرنامەی خۆی لە ١٢ ئەسڵدا بڵاو کردەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانیش لە "ڕاگەیاندنی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان" کە پێشەوا قازی محەمەد نووسیبووی[٨] و "مەرامنامە"ی[٩] پەسەندکراوی لە کۆنگرەی ١ی حیزب لە ٢ی خەزڵوەری ١٣٢٤دا، چوارچێوەی فیکری، ویست و ڕێبازی خۆی لەو سەردەمەدا ڕوون کردەوە. بە

٨. د. ڕەحیم قازی بەم چەشنە باسی نووسرانی ئەم ڕاگەیاندە دەکات: "ئەم ئاگادارییەی لە ڕاستەقینەدا بووە بنچینە بۆ بەرنامە و پرۆگرامی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە لایەن شەخسی قازی محەمەدەوە نووسراوە.[...] قازی محەمەد پاش نووسینی ئاگادارییەکە کۆمیتەی سەرۆکایەتیی کۆمەڵە وەخڕ دەکات. لەم کۆبوونەوەیەدا ئاگادارییەکە بە هەندێک دەستکارییەوە پەسند کرا و لە پاشان بەو کەسانە نیشان درا کە دەبوایە ژێرەکەی ئیمزا بکەن." ڕەحیمی قازی، ل ١٤٩ - ١٤٨

٩. لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا، ڕۆژمێری تەورێز، ژمارە ١٧، ٤ تا ٢٥ ئۆکتۆبری ١٩٤٥، باسی چاپ و بڵاوبوونەوەی بیاننامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەم چەشنە کراوە:
[...] یەکەم بەرهەمی دیارییەکانی ڕووس بۆ قازی محەمەد کە سەرجەم دەبێ چاپخانەیەک و دوو تەن (٢٠٠٠ کیلۆ) کاغەز بێت، بریتی بووە لە مەرامنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڵگەنامەکە – کە هاوتەریب لە دوو ستونی فارسی و کوردیدا چاپ کراوە، دوای چاوخشاندنێکی سەرەتایی بەو زوڵم و زۆرانەدا کە لە ڕابردوو دیکتاتۆرەکانی ئێران کردوویانە، ئەم داخوازییانە ئاراستە کراون:
کوردستانێکی خودموختار لەنێو سنوورەکانی دەوڵەتی ئێراندا.
کەلکوەرگرتن لە زمانی کوردی لە قوتابخانە و ئیداراتی کوردستاندا.
هەڵبژاردنی دەستبەجێی شۆڕای ئەیالەتی کوردستان بۆ ئەوەی چاودێریی هەموو کاروبارێکی کۆمەڵایەتی و حکوومی بکات.
هەڵبژاردنی کاربەدەستانی دەوڵەتی تەنیا بە کوردان بن.
دانانی یاسا بۆ بەڕێوبردنی پێوەندییەکانی نێوان وەرزێر و خاوەن زەوییەکان.
هاوکاری لەگەڵ ڕەگەزەکانی دیکەی ئازەربایجان، وەک ئەرمەنی و ئاسۆری و هتد ... بۆ ئەوەی یەکیەتی و برایەتی باڵ بەسەر وڵاتدا بکێشێ.
دەرهێنانی کان و سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان بە سوودی خەڵکەکە خۆی.
مەرامنامەکە بە ئاواتەخوازی بۆ سەرکەوتوویی هەموو نەتەوەکانی ئێران کۆتایی پێ دێت.
ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارتی دەرەوەی بریتانیادا (وەرگێردراوی کوردیی ١٣٠ بەڵگەنامە) ل ١٧٨ – ١٧٧، ئەنوەر سوڵتانی، بنکەی ژین، ٢٠٠٥، سلێمانی

گشتی لە بەشێکی بەرچاوی دروشم و مەرامنامەی ئەم دوو ڕێکخراوەیە لێکنزیکیی زۆر دبیندرێ و تا ڕادەیەکیش بەشێک لە بۆچوونەکانیان بێجگە لە پرسی نەتەوەیی، نزیکیی لەگەڵ خاڵە گشتییەکانی یەکەم مەرامنامەی حیزبی تودەی ئێران لە ساڵی ١٣٢٠ هەیە. ئەم حیزبە لە مەرامنامەکەیدا هیچ ئاوڕێکی لە پرسی نەتەوەکانی ئێران نەدابوو.[١٠]

لێرەدا سەرنج دەدینە سەر چەند خاڵی گرینگ لە دروشم و مەرامنامەکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و، بە کورتی بەراوەردی دەکەین لەگەڵ بەیاننامەکەی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان.

١٠. حیزبی تودەی ئێران لە ٧ی ڕەزبەری ١٣٢٠ دامەزرا، بەڵام ١٠ی ڕەزبەری بە هۆی جێژنی "مێرەگان" (مهرگان) وەک ڕۆژی دامەزرانی خۆی دیاریی کرد. حیزبی تودەی ئێران لە سەرەتادا بە دروشمی "بەرخودانی هاوبەشی تەواوی چین و توێژە ئازادیخوازەکان لەبەرامبەر گەڕانەوەی دیکتاتۆری" هاتە گۆڕەپانی خەباتەوە و لە یەکەم بەرنامەی خۆی لە ساڵی ١٣٢٠ خوازیاری "ئازادییە ڕێپێدراوەکانی قانوونی ئەساسیی ئێران، پێشگیری لە کۆنەپەرەستی و دیکتاتۆری، پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران، دابینکردنی دێموکراسی و مافە تاک و کۆمەڵایەتییەکان و چاکسازی لە بواری کەلکوەرگرتن لە زەوی و کشتوکاڵ و باشترکردنی وەزعی وەرزێر و جەماوەری زەحمەتکێش و هتد بوو." مەرامنامەی ئەم حیزبە وێرای ئەوەی زۆربەی دامەزرێنەرانی کۆمۆنیست و بەشێکشیان ئەندامانی پێشووی حیزبی کۆمونیستی ئێران بوون، مەرامنامەیەکی ڕادیکاڵی سۆسیالیستی نەبوو، "لە پێوەندیی لەگەڵ پرسی زەوی و پێوەندی فئێودال و ڕەعیەت تەنیا خوازیاری باشترکردنی بارودۆخی ئەوان بوو". ئەم حیزبە لە یەکەم کۆنفرانسی ئەیالەتی تاران لە ١٧ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٢١ خوازیاری دابەشکردنی زەوی و زاری دەوڵەتی و سەڵتەنەتی، کرینی ملکی گەورە خاوەن زەوییەکان لە لایەن دەوڵەت و فرۆشیی سەرلەنوێ ئەوان بە وەرزێران دەبێ. ئاماژە بەم خاڵە بۆ هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان و فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان لە بارودۆخی ئەو سەردەمەدا گەلێک سەرنجراکێش و گرینگە و، پیشاندەری ئەم ڕاستییەیە کە ئەم حیزبانە بە هۆی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و چینایەتیی کۆمەڵگەی ئێران، و کار و چالاکیی سیاسی، مەدەنی و پیشەیی بە پێی قانوونی ئەساسیی ئێران خۆیان لە هێنانەگۆڕی دروشمێکی ڕادیکاڵی سۆسیالیستی دەپاراست.
سەرچاوەی زانیارییەکان: عبدالصمد کامبخش، شمەای دربارە تاریخ جنبش کارگری ایران، ل ٥٤– ٥٣، ٦٠ (روزنامە "سیاست". شمارە اول. ٣ اسفند ١٣٢٠)، انتشار مجدد: چاوشان نوزایی کبیر

### ١. سیاسەتی دەرەکی

سەرەتای "ڕاگەیاندنی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان" بەم چەشنە دەست پێ دەکات:

*"ئاگری شەڕی جیهانگیر کە بە هۆی دوژمنانی ئازادی و لەژێرپێنەرانی دێموکراسی هەڵگیرسابوو، بە باسکی بەهێزی سەربازانی ئازای هاوپەیمانانی گەورەی ئێمە کوژایەوە. دنیای دێموکراسی سەرکەوت و دنیای فاشیستی کە هەوڵی دەدا گەلان و نەتەوەکانی جیهان لە ژێر دەستی چەند ملهوڕ و سەرەڕۆدا یەخسیر بکا، بە شێوەیەکی قەتعی تێک شکا و لێک بڵاو بوو و هەروەها کە چاوەڕوان دەکرا بۆ ئازادیی گەلان و نەتەوەکانی جیهان ڕێگا خۆش کرا."*[11]

لێرەدا کاتێک باس لە کووژانەوەی ئاگری شەڕی جیهانگیر "بە باسکی بەهێزی سەربازانی ئازای هاوپەیمانانی گەورەی ئێمە" دەکرێ، وشەی هاوپەیمانان نەک تەنیا سپای سووری یەکیەتیی سۆڤیەتی بەڵکوو هێزەکانی بریتانیا و ئەمریکاش لەخۆ دەگرێتەوە.

*فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجانیش لە خاڵی ١٢ی بەیاننامەکەیدا هەر بەم چەشنە پێوەندیی خۆی لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمان پێناسە دەکات و دەنووسێ:*

"ئەسڵی ١٢- فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان لایەنگری دۆستایەتی لەگەڵ تەواوی دەوڵەتە دێموکراتەکان و بە تایبەتی هاوپەیمانەکانە و، بۆ پاراستن و درێژە پێدان بەم دۆستایەتییە تێدەکۆشێ لە ناوەند و شارستانەکان دەستی ئەو جەماعەتە خائینەی هەوڵی تێکدانی دۆستی ئێران و دەوڵەتە دێموکراتەکان دەدەن لەکار و باری دەوڵەتی

١١. بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکرات، بەرگی یەک، کۆنگرەی ١ تا کۆنگرەی ٩، ل ١٠، لە بڵاکراوەکانی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان. ساڵی چاپ ١٤٠٠ی هەتاویی (٢٠٢١ی زایینی)

هەواڵنامەی کتێب

کورت کاتەوە."[١٢]

واتە فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانیش پێوەندیی لەگەڵ دەوڵەتە دیموکراتەکان و بە تایبەتی هاوپەیمانەکان بە ئەرکێکی پێویست دەزانی، هەرچەند لە ڕوانگەی ئەوکاتەی ڕێبەرانی فیرقە، ئەستەمە ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی و بە تایبەت ئینگلیز بە دیموکرات پێناسە کردرابێ، بەڵام هەستیاری و پێداویستیی ئەو سەردەمە وای دەکرد ئەم چەشنە ڕێکخراوانە لە ڕواڵەتدا خۆ لە دژایەتیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی بپارێزن و سیاسەتەکانیان تەنیا بەرەو یەکیەتیی سۆڤیەتی نەشکێتەوە. سەرەڕای ئەوەش لە کوردستان "لەنێو ئەو جووڵانەوەیەدا (جووڵانەوەی ١٩٤٥ –١٩٤٦ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ک. ئـ) گیانێکی نێونەتەوایەتیی بەهێز دەبینرا، کە لەگەڵ هەستی دۆستایەتی بەرامبەر نەتەوەکانی تر و ڕێز و خۆشەویستی بۆ دراوسێی مەزنی خۆی یەکیەتیی سۆڤیەتی تێکەڵاو بوو". [١٣] ڕەوتی، ڕووداوەکانی پاش دامەزرانی ئەم دوو حیزبە و حکوومەتی ئازەربایجان لە ٢١ سەرماوەزی ١٣٢٤ و کۆماری کوردستان لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ تا ساڵانیکی دوور، لە کردەوەدا فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانی بە تەواویەتی و، حیزبی دیموکراتی کوردستانی بۆ ماوەی چەند دەیە خستە نێو بەرەی یەکیەتیی سۆڤیەتی لە ئاستی جیهان و، حیزبی تودەی ئێران لە ئاستی ئێراندا.

کاتێک لە خاڵی ١٦ی فەسڵی سێی مەرامنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان باسی "دامەزراندنی پێوەندی فەرهەنگی و ئابووری لەگەڵ دەوڵەتانی تر و لە پلەی یەکەم دەوڵەتی گەورەی یەکیەتی سۆڤییەت"[١٤] و لە خاڵی ٢٠دا ئاماژە بە

---

١٢. بیانیە ١٢ شهریور ١٣٢٤. سایت فرقە دمکرات آذربایجان. https: //azdemokratfirqasi.org/٢٧/١١/٢٠٢٣

١٣. دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، کوردستان و کورد، ل ٨٦، وەرگێر عەبدوڵا حەسەنزادە، کتێبی ئەرزان، سوئێد ٢٠٠٤

١٤. بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی حیزبی دیموکرات، بەرگی یەک، ل ١٣

بڕینی")دەستی گڵاوی ئیستعمار لە سامانی سروشتیی ئێمە"[١٥] دەکرێ، لە ڕاستیدا حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرەی خۆ ڕوون دەکات و لە کردەوەدا یەکیەتیی سۆڤیەتیی بە هاوپەیمانی سەرەکیی خۆی پێناسە دەکات و "دەستی گڵاوی ئیستعمار" ناتوانێ وڵاتێک بێجگە لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بێ.[١٦]

لە بەیاننامەی ١٢ی خەرمانانی ١٣٢٤ی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بە پێچەوانەی مەرامنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ بە دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەتی و کاریگەری نەرێنیی "ئیستێعمار" لە تاڵانکردنی سامانی سروشتی ئێران و ئازەربایجان نەکراوە.

**٢. پرسی چینایەتی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی**

لە خاڵی دووهەمی فەسڵی یەکەمی مەرامنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا باس لە دامەزرانی حیزب لە سەر بناغانەی "حەقیقەت، عەداڵەت و تەمەدون" دەکرێ. لە کۆمەڵگەی فئێودالی ئەوکاتەی کوردستان کە لادێیی بەشی سەرەکی کۆمەڵگەی پێک دەهێنا، دیاردەی "عەداڵەت" خۆی لە چارەسەرکردنی بەشێک لە مافی چینایەتی جوتیاران و زەحمەتکێشان پێناسە دەکرد. هەر بەم هۆیە لە خاڵی ٥ی دروشمەکانی

---

١٥. سەرچاوەی پێشوو

١٦. سەرەڕای ئەم هەڵوێستە لە مەرامنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، پێشەوا قازی محەمەد لە کردەوەدا هەوڵی دەدا لە هەر دەرفەتێک بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردی ئێران لە ڕێگای پێوەندیی لەگەڵ هێزەکانی ڕۆژئاواییش کە کاریگەریی بەرچاویان لە تەواوی ڕەوتی سیاسیی دەوڵەتی ئێران هەبوو، کەلک وەربگرێ. لە یەکێک لە ڕاپۆرتەکانی دوهێر، جێگری کونسوولی ئەمریکا بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا، ڕێکەوتی ٢٦ی ئاوریلی ١٩٤٦(٦ی بانەمەڕی ١٣٢٥) باسی دیداری لەگەڵ قازی محەممەد و پێشوازیی پێشەوا لە بەکارهێنانی نفووز و دەسەڵاتی ئەمریکا بۆ گۆڕینی ئێران بۆ دێموکراسییەکی ڕاستەقینە و، پێشوازیی کوردەکان لە خۆتێهەڵقورتانی ئەمریکا لەم ڕەوتەدا کراوە. دوهێر لە ڕاپۆرتێکی دیکەش لە پازدەی ژانویە، واتە ١٥ی بەفرانباری ١٣٢٥ی هەتاوی دیسان ئاماژە بە ئەم مەسەلەیە دەکا و دەنووسێ: کوردەکان لە هۆگریی ئەمریکاییەکان لە کاروباری خۆیان پێشوازی دەکەن. ئەوپەڕی دڵخوازیی کوردەکان دێموکراسی لە چەشنی ئەمریکییە. کردها و فرقه دمکرات آذربایجان، گزارش‌هایی کنسولگری آمریکا در تبریز دی ١٣٢٣– اسفند ١٣٢٥، مترجم کاوه بیات، تهران، صص ٥٤، ٥٣ و ٧٨ و ٩٤

دامەزرانی حیزبدا باس لە دابینکردنی بەرژوەندیی هەر دوو لا، لادێیی و خاوەن موڵک دەکرێ:

*"دەبێ لە سەر ئەساسی قانوونێکی گشتی لە نێوان لادێی و خاوەن موڵکدا ڕێککەوتنێک پێک بهێنرێ و دوارۆژی هەردوو لا دابین بکرێ."*[١٧]

حیزب سەرەڕای قورسایەتیی باری چینایەتی بەشێکی بەرچاوی سەرۆک عەشیرە و خاوەن موڵک و کەسایەتیی ئایینی لە ڕێبەریی حیزب و پاشان دەوڵەتی کۆماری کوردستان، وێڕای ئاماژەنەکردن بە شێوازی چارەسەرکردنی ئەم کێشە چینایەتییە، ناتوانێ سەرنج نەداتە سەر ژیانی زۆرینەی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان و لە مەرامنامەکەیدا باسی "ئاوادانکردنەوەی کوردستان، دروستکردنی کارگە لە هەموو شارەکان و هەوڵدان بۆ گەشەپێدانی کشتوکاڵ و باشترکردنی بارودۆخی ژیانی زەحمەتکێشان و جوتیارانی کورد" دەکات و لە خاڵی ١٢ی فەسڵی ٣ دەنووسێ:

*"حیزب بەبێ جیاوازیی نەتەوایەتی و مەزهەبی حیمایەت لە ژیانی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و لەشساغیی هەموو زەحمەتکێشان دەکا کە لە کوردستان دەژین"*[١٨]

واتە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەوڵ دەدات بێ ئەوەی ببێتە هۆی ترس و خۆدوورکردنەوەی سەرۆک عەشیرە و خاوەن موڵک، لە بەرنامەکەیدا بە "گونجاندنی مەسەلەی نابووتکردنی سەلەم خۆری و گرانجانی"[١٩] مافی زەحمەتکێشانی کوردستان بە چەشنێک بپارێزێ و، "لە هەر شوێنێک دەرەبەگەکان ڕایاندەکرد، جوتیاران دەبوونە خاوەنی ڕاستەقینەی زەوییەکان".[٢٠] بۆ وێنە، "تەواوی دێیەکانی حەمەدئاغای عەباسی،

---

١٧. بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکرات، بەرگی یەک، ل ١١
١٨. سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣
١٩. ڕەحیمی قازی. ل ١٦٣ [سەلەم: ئەوەیە وەرزێر داهاتی وەرزی داهاتووی بە بازرگانەکان دەفرۆشی، هۆیەکەشی ئەوەیە کە داهاتی وەرزێر ئەوەندە نیە ساڵی پێ بەرێتە سەر، بازرگان نرخی بەرهەمەکەی بە شتومەک دەدات. فەرهەنگی شێخانی]
٢٠. دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، کوردستان و کورد، ل ٨٤

حیسامی داشکستان، یەمین لەشکری هەوشار و هەروەها دێیەکانی دەوڵەت لە دەوروبەری میاندوئاو لە نێوان لادێییەکاندا"[٢١] دابەش کران. سەرەڕای ئەوەش، "لە ئەساسدا دەرەبەگ و خاوەن ملکەکان ئیمتیازەکانی خۆیان لە کوردستان"[٢٢] پاراست.

حیزبی دێموکراتی کوردستان پاش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە ٢ی ڕێبەندان لە کردەوەدا بە هۆی نەبوونی بەرنامەیەکی ڕوون هەنگاوێکی وەها سەرنجڕاکێشی بۆ دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، پاراستنی بەرژوەندیی زەحمەتکێشان و چاکسازی لە بواری زەویوزار و باشترکردنی بە لانی کەمی ژیانی جوتیار و هەژار هەڵنەگرت".[٢٣]

---

٢١. ڕەحیمی قازی. ل ١٦٤

٢٢. د. قاسملوو، کوردستان وکورد. ل ٨٤

٢٣. د. ڕحیمی قازی هۆی ئەم دیاردەیە بەم چەشنە شی دەکاتەوە:

لە کوردستانی ئەو سەردەمە ٣ جۆر خاوەن زەویەتی هەبوو: دەوڵەتی (خاڵیسە)، زەویی مەوقووفە و زەویی خاوەن موڵک. لەسەریەکدا لە سەدا ٩٥ی زەوییەکانی کوردستان ژی خاوەن موڵکەکانە و لە سەتا ٩٠ی خاوەن موڵکەکانیش ئەندامی عەشیرەتەکانی جیاوازن. ئەم خاوەن موڵکانە جیا لە داب و ڕێوشوێنی خاوەن موڵکی، هەریەکی بۆخۆی خاوەنی هێزێکی دیاری چەکدار بوو و بەگوێرەی ڕیوشوێنی عەشیرەتی بە دوای سەرۆک عەشیرەتدا دەڕۆیشت. سوارەی چەکداری ئەم خاوەن موڵکانە (عەشیرانە) دەورێکی زۆر گەورەی هەبوو لە بەهێزکردنی جووڵانەوەدا، و وەکی لە پاشان دیتمان بەشی زۆری هێزی پێشمەرگە هەر لە سواری ئەم عەشیرەتانە پێک هاتبوو، لەبەر بێهێزبوونی هەستی سیاسی و نیشتمانی لە نێو ئەم بەشە لادێییەکاندا ئەوان بۆخۆیان ڕاستەوڕاست لە جووڵانەوەدا بەشدارییان نەدەکرد و بەگوێرەی ئەمر و ئەسپاردەی ئاغا و سەرۆک عەشیرەت دەبزووتنەوە. هەر لەبەر ئەمەش بوو، کە ڕەکێشکردن و هێنانی عەشیرەتەکان بۆ بەشداربوون لە جووڵانەوەدا پێویستێکی نیشتمانی بوو و دەبایە ئەم کارە کرابایە. هەر لێرەشەوە هەڵبژاردنی ژمارەیەک سەرۆک عەشیرەت و پیاوی دینی و خاوەن موڵکی گەورە بە ئەندامەتیی کۆمیتە ناوەندی ح، د. ک. سەرچاوە دەگرێت. وە بێ شک ئەمانەش بەرهەڵست و کۆسپیان پێک هێنا لەسەر ڕێگەی دانانی مەسەلەی دابەشکرانی زەویدا.

بەهەر حاڵ گرینگی مەسەلەی ڕەکێشکردن و هێنانی عەشیرەتەکان بۆ بەشداربوون لە جووڵانەوەدا نەدەبوو مەسەلەی زۆر گەورە و گرنگی کۆمەڵایەتیی وەک مەسەلەی دانانی دابەشکردنی زەوی بخاتە پلەی دووەمەوە، بێ شک ئەمە بەلەبەر چاوگرتنی پیوەندیی چینایەتی کوردستاندا جێگەی ڕەخنە لێگرتنە.

ڕەحیمی قازی، ڵ ١٦٢ – ١٦١

پێکهاتەی چینایەتی دەوڵەتی کوردستان، ئاستی نزمی گەشەسەندی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووری، نەبوونی پێشینەی خەباتی چینایەتی و سیندیکایی و بەگشتی کاری ڕێکخراوەیی لە کوردستان، هەروەها ڕۆڵی بەرچاوی سەرۆک عەشیرە، خاوەن موڵک، شێخ و کەسایەتیی ئایینی لە چارەنووسی کۆمەڵگەی کوردی، کۆسپێک بوو بۆ وەدیهێنانی هەر چەشنە هەنگاوێکی چاکسازانەی جیددی لە بەرژوەندیی چینی جوتیار و زەحمەتکێشی کوردستان.

لە ئازەربایجان، پارێزگای دراوسێی کوردستان، ڕێبەریی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجانیش وێرای لایەنگرییەکی بەرچاو لە جوتیار و وەرزێری ئازەربایجان، لە ئەسڵی ٧ی بەیاننامەکەیدا خوازیاری چارەسەرکردنی کێشەی وەرزێر و خاوەن موڵک بە چەشنێکە، هەم وەرزێر ڕازی بێت و هەم خاوەن موڵک لە داهاتووی خۆی دڵنیا و خاترجەم بێ و بە شەوق و زەوقەوە هەوڵ بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوند و وڵاتەکەی بدات:

*ئەسڵی ٧: دامەزرێنەرانی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بە باشی ئاگادارن کە باسکی بە توانای وەرزێر هێزی بەرهەمهێنەری سەروەت و توانای ئابووریی وڵاتە. بەڵام ئەم فیرقەیە، ناتوانێ ئەو بزووتنەوەیەی لە نێوان وەزێران پێک هاتوە لەبەر چاو نەگری. بەم هۆیەش تێدەکۆشێ بۆ دابینکردنی پێداویستیی وەرزێر، کاری بنەڕەتی بکات. بە تایبەتی دیاریکردنی سنووری نێوان ئاغا و وەرزێر و، پێشگیری لە باجە نایاساییەکان کە لە لایەن بەشێک لەم ئاغایانە وەردەگیرێ، یەکێک لە ئەرکە خێراکانی فیرقەی دێموکراتە.*

*فیرقە تێدەکۆشێ ئەم کێشەیە بە چەشنێک چارەسەر بکات کە هەم وەرزێر ڕازی بێ و هەم خاوەن موڵک دڵنیایی بە داهاتووی خۆی بێ و، بە شەوق و زەوقەوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی دێ و وڵاتی خۆی تێبکۆشێ.*

*زەوی و زاری دەوڵەتی و زەویی سەر بە ئەو ئاغانەی کە ئازەربایجانیان*

*بەجێ هێشتووە و هەڵاتوون، و بەرهەمی دەسرەنجی خەڵکی ئازەربایجان لە تاران و شارەکانی دیکە دەخۆن، ئەگەر بە زوویی نەگەڕێنەوە، بە باوەڕی فیرقەی دێموکرات دەبێ، بێ بەند و بەست بدرێتە وەرزێران. ئێمە ئەوانەی لەبەر عەیش و نۆشیان سەروەتی ئازەربایجان دەبەنە دەرێ، بە ئازەربایجانی نازانین. ئەگەر ئەوان ئامادەی گەڕانەوە بۆ ئازەربایجان نەبن، ئێمە لە ئازەربایجان مافێکیان بۆ لەبەرچاو ناگرین. سەرەڕای ئەوەش فیرقە تێدەکۆشێ بە شێوەیەکی هاسان و ڕەحەت، زۆربەی ئامرازی کشت و کاڵی وەرزێران دابین بکات.*[٢٤]

ئەوەی لێرەدا سەرنجراکێشە، هەوڵی فیرقە بۆ پێکهێنانی ڕێککەوتنێک لە نێوان وەرزێر و خاوەن موڵک بە چەشنێکە بەرژوەندیی دواڕۆژی هەردوو لا دابین بکرێ و لەم پێوەندییەدا داوا دەکات، ئەو خاوەن موڵکانەی کە ئازەربایجانیان بەجێ هێشتووە بگەڕێنەوە سەر موڵک و دێی خۆیان. واتە، هەڵاتنی ئەم بەشە لە خاوەن موڵکانە زۆر پێشتر لە دامەزرانی ڕەسمیی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان لە خەرمانانی ١٣٢٤ و حکوومەتی میللیی ئازەربایجان لە سەرماوەزی ئەو ساڵەدا ڕووی داوە و پێوەندیی بە هەنگاوە سەرەکییەکانی حکوومەتی میللی ئازەربایجانەوە نیە.

فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان وێرای لەبەرچاوگرتنی بەرژوەندیی زۆرینەی خەڵکی ئازەربایجان واتە زەحمەتکێشانی شار و دێ، خوازیاری دابەشکردنی ڕادیکاڵی تەواوی زەوییەکانی ئازەربایجان لە نێوان وەرزێراندا نەبوو و تەنیا هەڕەشەی لەوانە دەکرد کە ئازەربایجانیان بەجێ هێشتبوو و سامان و سەروەتی ئازەربایجانیان لە دەرەوەی ئەم پارێزگایە خەرج دەکرد. ئەم حاڵەتە نەک تەنیا باری چینایەتی، بەڵکوو باری بەهێزیی نەتەوەیی هەبوو. فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان دەیویست سامان و سەروەتی ئەم خەڵکە خەرجی پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی

٢٤. بیانیه ١٢ شهریور ١٣٢٤. سایت فرقه دمکرات آذربایجان.

وڵاتەکەی خۆی بکردرێ.

"فیرقە لە سەردەمی دەسەڵاتداری، دەستی بە چاکسازییەکی بەربڵاوی کۆمەڵایەتی کرد. یەکەم چاکسازیی زەوی و زار لە وڵات[ئێران] لە لایەن فیرقەوە ئەنجام درا. زەویی دەوڵەتی لە نێوان وەرزێراندا دابەش کرا و دەست بەسەر موڵکی خۆیی خاوەن موڵکە دژبەرەکان گیرا و، لە پێوەندیی لەگەڵ زەوی تر، شەش لە حەوتی بەرهەمەکە بە خاوەن نەسەق[٢٥] درا.[٢٦]

ئەم چەشنە چاکسازییەی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان لە دوو لاوە کەوتووەتە ژێر ڕەخنە و گازندەوە. یەکیان لە لایەن دەوڵەتی شاهەنشایی، مێژونووسانی دەرباری و ئەوانەی پاکانە بۆ دژبەرانی سرووشتیی حکوومەتی ئازەربایجان واتە تایفەی زولفەقاری لە زەنجان، هۆزی ئەفشار لە دەوروبەری میاندواو و شاهسەوەنەکانی دەوروبەری ئەردەبیل دەکەن کە بە هۆی دەسەڵاتی فیرقە، بەرژوەندیان کەوتبووە مەترسیی و لە درێژایی دەسەڵاتی دێموکراتەکانی ئازەربایجان لە پێوەندیی لەگەڵ دەوڵەتی تاران خەریکی پیلانگێڕان و دژایەتی کردن لەگەڵ فیرقە و حکوومەتی میلليی ئازەربایجان بوون و ڕۆڵێکی بەرچاویان لە سەرکوت و کوشت و بڕی خەڵکی ئاسایی و ئەندام و لایەنگرانی فیرقە لە سەرماوەزی ١٣٢٥ گێڕا. ئەم بەرەیە لە تەواوی ساڵانی دەسەڵاتی ڕێژیمی پاشایەتی و پاش ڕووخانیشی، ٢١ سەرماوەزی ١٣٢٥ وەک "ڕۆژی ڕزگاریی ئازەربایجان" لە قەڵەم دەدەن و پاکانە بۆ سەرکوتی حکوومەتی دێموکراتیکی ئازەربایجان دەکەن.

بێگومان، لە کاتی شکستی هەر بزووتنەوەیەک، نەیارانی لاوازی پێشوو، بە کەلکوەرگرتن لە دەرفەتی تازە و گۆڕانی هاوسەنگی هێزەکان هەوڵی خۆیان

٢٥. نسق وشەیەکی عەرەبییە و بە مافی هەبوونی کشت و کاڵ لەسەر مەزرای کەسێکی دیکە دەگوترێ.

٢٦. یرواند آبراهامیان، ایران بین دو انقلاب، ایران ص ٥٠٣، ترجمە احمد گل احمدی، محمد ابراهیم فتاحی، نشر نی، چاپ بیستوسوم، تهران ١٣٩٤

بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشگێران دەدەن و لەم ڕەوتەدا لات و لووت و چەقۆکێش، خەڵکێکی بەکرێگیراو و تەنانەت نەزان و ناڕازییش بەشداری لەم ڕەوتەدا دەکەن. لە مێژووی ئێراندا چ لە سەردەمی سەرکوتی بزووتنەوەی ئازەربایجان لە سەرماوەزی ١٣٢٥ و چ لە کاتی کوودتای ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ و ڕووخاندنی حکوومەتی میللیی موسەدیق، شایەدی کەڵکوەرگرتنی حکوومەتی ئێران لە سەرۆک عەشیرە و بەکرێگیراو و لۆمپەنەکانیان بۆ تێکشکاندنی هێزی پێشکەوتنخواز و چەواشەکردنی مێژوو لە لایەن مێژوونووس و سیاسەتوانەکانی سەر بەوان هەین.

لە لایەکی دیکەوە بەشێک لە مێژوونووسە چەپ و دێموکراتەکانیش هەندێک لە هەڵسوکەوتی فیرقە لەگەڵ ئاغا و وەرزێری ئازەربایجان وەک هۆی کزکردنەوەی ئاستی خۆشەویستیی فیرقە پێناسە دەکەن و بەم باوەڕەن "فیرقە بەرە بەرە خۆشەویستیی پێشووی خۆی لەدەست دا. فیرقە بۆ چارەسەرکردنی کەمبوونی خواردەمەنی کە بەرهەمی هەڵگیرانی خراپی داهات لە هاوینی ١٣٢٥ بوو، چاوەدێریی نرخەکانی کرد و لە سەتا ٢٠ی بەری وەرزێر و لە سەتا ٧٠ی بەری داهاتی خاوەن زەوییەکانی وەرگرت و سزای مردنی بۆ قاچاقچیی دەغڵ و دانی ئازەربایجان دیاری کرد". سەرەڕای ئەوەش"هەرچەند دژبەرانی ڕێژیم، چاکسازیی زەوی و زار و چاودێریی قیمەتەکان بە هۆی کەمبوونی خواردەمەنی دەزانن، بەڵام لە ڕاستیدا هۆی سەرەکی ئەم کەمایەسییە، خراپیی کەش و هەوا و بە تایبەتی هەڵدان و بارینی دێروەخت بوو."[٢٧]

هەر دەسەڵاتێک زۆر جار بە هۆی ئاڵوگۆڕی سروشتیی کەش و هەوا یاخود دەستێوەردانی هێزی دەرەکی لە کاروباری نێوخۆیی یان ئاکاری تێکدەرانەی نەیارانی بەرەوڕووی کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی وەکوو گرانی، برسیەتی، بێکاری و، تەنانەت تێکچوونی ئاسایشی وڵات دەبێتەوە. لە بارودۆخێکی وەها هەستیاردا و بە تایبەتی کاتێک ئەزموونی کاری دەوڵەتمەداریی لە ئاستێکی خوارەیە

٢٧. آبراهامیان، ایران بین دو انقلاب. ص ٥٠٧

یاخود دوژمن بەردەوام لە حاڵی پیلانگێڕانە، هێزی دیموکراتیک لەوەدەچێ لە ڕووی ناچاری بەرنامەیەکی کورتخایەنی ڕادیکاڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکان بگرێتە بەر، بەڵام بێگومان سزای مەرگ ناتوانێ شێوازێکی دروست و شیاو بۆ چارەسەرکردنی ئەم چەشنە کێشانە بێ. ئەم چەشنە هەڵسوکەوتە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش لە کاتی بەهێزبوونی هێزی چەکداری کوردستان بەرامبەر بەو سەرۆک عەشیرانە کە گوایە "خەریکی پیلانگێڕان بوون" بەدی کراوە. بۆ وێنە "عەولای بایزئاغای سەرۆکی عەشیرەتی مەنگوور و بایزی عەزیز ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی گەورک و کاکەڵڵا ئاغای گەورک لە لایەن دەوڵەتی کوردستانەوە وەرگیران و بەرامبەر بە کارەساتی زۆرداری لە دژی لادێییەکان و نیشتمانفرۆشی بە محکەمەی گەل دران و مەحکوم کران بە تیرەباران. (ئەو حوکمە بەجێ نەگەیەنرا. بەڵام ناوبراوەکان هەر بەندی بوون)". [٢٨]

بە گشتی هەر بزووتنەوەیەکی پێشکەوتنخواز بەرەورووی دژبەری نێوخۆیی و دەرەکی دەبێتەوە و بوونی ئەم دیاردەیە لە سەردەمی دەسەڵاتی دیموکراتەکانی ئازەربایجان و کوردستان شتێکی حاشا هەڵنەگرە و، تا کاتێک هاوسەنگیی هێزەکان بەلای هێزی پێشکەوتنخواز شکابۆوە، بۆ وێنە لە کوردستان دژبەرانیان وەکوو "عەلی ئیلخانیزادەی سەرۆکی عەشیرەتی دێبوکری لەگەڵ عەولای ئیلخانیزادەی برازای، لە ترسی کۆمەڵانی گەل"[٢٩] کوردستانیان بە جێ هێشت و هەڵاتنە تاران و لە دوورەوە هاوڕێ لەگەڵ حکوومەتی تاران خەریکی پیلانگێڕان بوون، یاخود لە وڵات مانەوە، خۆیان مات کرد و چاوەڕێی دەرفەتی شیاو و کاتی گونجاو بۆ سەرکوتی ئەم بزووتنەوانە بوون.

---

٢٨. ڕەحیمی قازی، ل ١٦٤

٢٩. ڕەحیمی قازی ل ١٦٤[لە کوردستان هەر لە سەرەتاوە کەسانێک وەکو عەلی ئاغای حاجی ئیلخانی (ئەمیر ئەسعەد) [دەرەنگتر: عەلیار] سەرۆکی عەشیرەتی دێبوکری و عومەرخانی شەریفی سەرۆکی عێلی شکاک دژ بە جووڵانەوەی کورد بوون]

بۆ وێنە لە ڕاپۆرتێکی جێی. دەبلیو. واڵ کۆنسوولی گشتی بریتانیا لە تەورێز بۆ سرجان ئێچ. لۆ ڕۆژتێل، کەی. سی. ئێم. جی. ئێم. سی. باڵوێزی ئەعلا حەزەرت (باڵوێزی بریتانیا) تاران لە ١١ سێپتامبری ١٩٤٦ باسی قسەکانی قاسم ئاغای ئێلخانیزادەی عەشیرەتی دێبوکری سەبارەت بە وەزعی کوردستان کراوە. ناوبراو پاش کورتە زانیارییەک لەسەر عەشیرەی دێبوکری، سەفەری قاسم ئاغا بۆ باکۆ و دردۆنگی لەوەی قاسم ئاغا "لەسەر یەک لایەنگری بریتانیا بێ کە خۆی دەیەوێ وا نیشان بدا" ئەو "وەکوو هەموو سەرۆک عەشیرەتێکی دیکە وەک دەستنێژ، هەلپەرەست و جێی بڕوا نەبوون" دادەنێ و دەڵێ: "[قاسم ئاغا] گوتی قازی محەممەد کە بە ڕەواڵەت سەرۆکی حکوومەت و حیزبی دیموکراتی کوردستانە، دەسەڵاتێکی زۆر کەمی بە سەر عەشیرەتەکاندا هەیە و ناتوانێ پشت بە وەفاداریی هیچ کامێک لە سەرۆک عەشیرەتەکان ببەستێ.

کوردەکان لەبەر ئەوەی قازی محەممەدیان وەک سەرۆکی ڕەواڵەتی قەبووڵ کردوە، چونکە لە حاڵی حازردا، کلیلی ئەنباری چەک و پارەی ڕووسانی بە دەستەوەیە. [...] قاسم ئاغا، لەو بڕوایەدایە کە بنەماڵەکەی لە ژێر مەترسییەکی زۆردایە، چونکوو ڕووسەکان ئەوان بە دوژمن دەزانن و درەنگ یان زوو بە تەواویی لە نێویان دەبەن. ئەو ڕایگەیاند کە ئێلخانیزادەکان خۆڕاگری دەکەن، بەڵام چ هیوای بە سەرکەوتن نیە، مەگەر ئەوەی بریتانیای مەزن یارمەتییان پێ بکا. ئەو گوتی داوای یارمەتییی لە سەرتیپ هومایوونی، فەرماندەی ئێرانی لە سەقز کردوە، بەڵام سەرتیپ بە ساردی وەڵامی داوەتەوە و گووتوویە کە فەرمانەکانی چی لێ شین نابێ. ئێلخانیزادەکان هیچ هیوایەکیان بە پشتیوانیی حکوومەتی ئێران نیە. [....] ئەو ڕایگەیاند، ئەگەر دێبۆکرییەکان لە لایەن بریتانیاڕا بڕێکیان یارمەتی پێ کرابایە، دەیانتوانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و گشت بزووتنەوەی نیشتمانی ئەو

هەواڵنامەی کێنیر

دواییانە تەنانەت بەر لەوەش کە دەست پێبکا تێک بڕووخێنن.[٣٠]

بێگومان ناکرێ لێرەدا بەپێی قسەکانی قاسم ئاغا تەواوی بنەماڵەی ئیلخانیزادە و دێبوکرییەکان بە دژی پێشەوا و حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قەڵەم بدرێ. سمایل ئاغای ئیلخانی زادە (وەزیری ڕێگاوبان) و عەبدولڕەحمانی ئیلخانیزادە [درەنگتر: موهتەدی] (وەزیری دەرەوە) لە وەزیرانی دەوڵەتی کۆماری کوردستان بوون و هیچ بەڵگەیەک بۆ دژایەتیی ئەم کەسایەتییانە لەگەڵ پێشەوا قازی محەممەد و کۆماری کوردستان لەبەر دەستدا نیە.

**٣. چارەسەرکردنی یاسایی پرسی نەتەوەیی لە ئێران.**

حیزبی دێموکراتی کوردستان پێش و بە دوای ٢ ڕێبەندانی ١٣٢٤ بۆ وەدیهێنانی ئامانجی خۆی لە چوارچێوەی ئێراندا، هەوڵ دەدا وەک حیزبێکی سیاسی لە ڕێگای یاسایی، مەدەنیی بە چەشنێکی هێمنانە کار و چالاکی خۆی بکات، بەم بۆنەیە لە خاڵی شەشی فەسڵی دوودا ڕادەگەیەنێ:

*"هیچ دوژمنایەتی و ناکۆکییەکی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیی نییە، بەڵام ئەیەوێ بە ڕێگای هێمنانە تێبکۆشێ بۆ گەشەپیدانی فەرهەنگی لەشساغی و کشتوکالی گەلی کورد، کە لە ئەنجامی دەسەڵاتی چەوسێنەراندا بە دواکەوتوویی ماوەتەوە، بۆ ئەمەش داواکاری مافی خودموختاریی میلییە"*[٣١]

پێشتر، لە دروشمەکانی دامەزراندنی حیزبیش لە خاڵی یەک و سێ باسی "هەڵسووڕانی کاروباری مەحللی خۆی لە نێو ئێران لەسەر بناغەی قانوونی ئەساسی و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی ویلایەتی کوردستان" کردبوو:

*١. نەتەوەی کورد لە نێوخۆی ئێراندا بە هەڵسووڕانی کاروباری مەحللیی خۆی سەربەخۆ و ئازاد بێ و لە سنووری دەوڵەتی ئێراندا خودموختاریی خۆی وەدەست بێنێ.*

---

٣٠. ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارتی دەرەوەی بریتانیادا. ل ٢٨٥ – ٢٧٧

٣١. بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکرات، بەرگی یەک، ل ١٢

*٣. لەسەر بناغەی قانوونی ئەساسی، ئەنجومەنی ویلایەتی کوردستان بە زوویی هەڵبژێردرێ و بە هەموو کاروباری کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی ڕابگا و چاوەدێریان بە سەردا بکا.*[32]

وتووێژی پێشەوا قازی محەممەد لەگەڵ "خاوەنانی چەند ڕۆژنامەی تاران" کە لە ژمارەکانی یەک و دووی کوردستان لە ٢٠ و ٢٢ی بەفرانباری ١٣٢٤ واتە کەمتر لە دوو حەوتوو پێش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان چاپ و بڵاو بۆتەوە ئەم دوو خاڵە پەسەندکراوەی دروشمەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کاتی "ڕاگەیاندنی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان" پشتڕاست دەکاتەوە. پێشەوا لە وتووێژەکەیدا باس لە "جێبەجێ کردنی یاسای بنەڕەتیی ئێران، خودموختاری لەژێر بەیداغی ئێرانی و ژیانی میللەتی کورد لە سنووری دەوڵەتی ئێران" [33] دەکات.

ئەم هەڵوێستە دەگەڕێتەوە سەر ئەم ڕاستییە کە پاش ڕووخانی حکوومەتی ڕەزاشا هیچ حیزبێکی سەرانسەری یان ناوچەیی بە هیوای ڕوخاندنی دەوڵەتی ئێران نەبوو، حیزبی دێموکراتی کوردستانیش هەوڵی دەدا لە ڕێگای خەباتی سیاسی، مەدەنی و پارلەمانی بگاتە بەشێک لە ئامانجەکانی. ئەم خاڵەی مەرامنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان هاوئاهەنگی لەگەڵ بارودۆخی ئەوکاتەی ئێران هەیە. لە لایەکی دیکەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەگەر دروشمی سەربەخۆیی و جیابوونەوەشی دابایە، دەبوو بکەوێتە نێو دەوری گفتوگو و مامەلەکردن لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی. ئێمە درەنگتر پاش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستانیش شایەدی ڕەوتی وتووێژی ڕێبەرانی کورد و ئازەر لەگەڵ حکوومەتی ئێران بۆ چەسپاندنی بەشێک لە دەسکەوتەکانی خۆیان هەین.

لە ئەسڵی ١ و ٢ی بەیاننامەکەی فرقەی دێموکراتی ئازەربایجانیش باس لە

٣٢. سەرچاوەی پێشوو. ل ١١

٣٣. ژمارەی ١ و ٢ی "ڕۆژنامەی کوردستان، بلاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان"، ل ١-٨، ئامادەکردنی ڕەفیق سالح و سدیق سالح، بنکەی ژین، ساڵی ٢٠٠٧، هەرێمی کوردستان، عێراق

"ئازادیی نێوخۆیی و خودموختاریی مەدەنی بۆ خەڵکی ئازەربایجان لە چوارچێوەی ئێران و هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی ئەیالەتی" کراوە:

*ئەسڵی یەکەم - وێڕای پاراستنی سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکی ئێران، دەبێ ئازادیی نێوخۆیی و خودموختاریی مەدەنی بە خەڵکی ئازەربایجان بدرێ تا بتوانن چارەنووسیان لە پێشخستنی فەرهەنگی خۆیان و پێشکەوتن و ئاوەدانیی ئازەربایجان بە لەبەرچاوگرتنی یاسای دادپەروەرانەی وڵات دیاریی بکەن.*

ئەسڵی دووەم: لەم پێوەندییەدا، پێویستە بە زوویی ئەنجومەنە ئەیالەتییەکان هەڵبژێردرێن و دەست بە کارە بکەن. ئەم ئەنجومەنانە وێڕای چالاکی لە بواری فەرهەنگی، ئابووری و تەندروستیدا، بەپێی قانوونی ئەساسی پشکنین بۆ کردەوەکانی سەرجەم مەئمورە دەوڵەتییەکان بکەن و بۆچوونی خۆیان لەسەر گۆڕان و داگەڕان دەردەبڕن.[٣٤]

بە گشتی بنەمای مەرامنامە، بەیاننامە و هەڵوێستە سەرەکییەکانی دێموکراتەکانی کوردستان و ئازەربایجان لەسەر بنەمای دابینکردنی یاساکانی قانوونی ئەساسیی ئێران و بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات لە چوارچێوەی نیزامێکی ئەیالەتی و ویلایەتی لە چوارچێوەی ئێراندا داڕێژابوو. بەم حاڵەش، ڕەوتی ڕووداوەکانی یەکساڵی دادێی لە کردەوەدا بە پێی ئاڵوگۆڕی سیاسیی و، هاوسەنگی هێزەکانی نێوخۆیی و دەرەکی ئێران تووشی هەوراز و نشێوێکی زۆر، لە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە دووی ڕێبەندانی ١٣٢٤ بۆ "ئیستقلال و ئازادیی کورد" هەتا وتوویژ و دانوستانەکانی ڕێبەریی کۆماری کوردستان و حکوومەتی ئازەربایجان لەگەڵ کاربەدەستانی حکوومەتی ئێران، پاشەکشەی ئەوان لە بەشێکی بەرچاو لە داواکارییەکان و تەنانەت دەربڕینی هیوا بە داهاتوویەکی زۆر چاک لە ئێران لە لایەن پێشەواوە، بوو.

---

٣٤. بیانیه ١٢ شهریور سال ١٣٢٤، سایت فرقه دمکرات آذربایجان.

پێشەوا چوار مانگ پاش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، سەبارەت بە چاوپێکەوتنی لەگەڵ "مظفر فیروز" و "قوام السلطنه" سەرۆک وەزیرانی ئێران لە وتوویژێک لەگەڵ ڕۆژنامەی "رهبر" دەڵێ:

*"دەگەڵ جەنابی سەرۆک وەزیر، ملاقاتم کردوە، نەزەری ئاغای سەرۆک وەزیرم تێکەڵ بە حوسنی زەن و چاک نییەتی دیوە... من ئاتییەیەکی زۆر چاک تێبینی دەکەم و هیوادارم دەوڵەتی مەرکەزی بتوانێ دێموکراسی بە هەموو ئێراندا بڵاو بکاتەوە". هەروەها لە وڵامی پرسیارێک دەربارەی پێوەندییە "معنوی"یەکانی بزووتنەوەی کوردستان و ئازەربایجان ئاماژە دەکا: " هەردووک لامان بۆ ئامانجیک کە ئازادی و سەربەخۆیی حەقیقی و بەڕاستیی ئێرانە کاردەکەین".*[٣٥]

بە گشتی ئەو شتەی لە دروشم و مرامنامەی دێموکراتەکانی ئازەربایجان و کوردستان بەدی دەکرێ، هەوڵی ڕاستبینانەی ئەوان بە پێی باردودۆخی ئەو سەردەمە، خۆتێهەڵقولاندنی هێزەکانی دەرەکی لە کاروباری دەوڵەتی ئێران، هاوسەنگیی هێزەکانی پێشکەوتنخواز و کۆنەپەرەست لە ئێران، پێکهاتەی چینایەتی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگی کوردستان و ئازەربایجان، بۆ وەدیهێنانی بەشێک لە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و ئازەر، بردنەسەرەوەی ئاگایی نەتەوەیی، خویندن بە زمانی زگماکی، پەرەپێدان بە فەرهەنگ و کولتوری نەتەوەیی، چاکسازیی کۆمەڵایەتی، ئابووری و تەندرووستی، دابینکردنی ئازادیی، دێموکراسی لە ئاستی ئێران، هەروەها هاوکاری لەگەڵ حیزبە چەپ و پێشکەوتنخوازەکانی ئەو سەردەمەی ئێران و هتد بووە. ماوەی کورتی یەکساڵەی ژیانی سیاسی ئەم دوو ڕێکخراوەیە کە وێرای نەبوونی ئەزمونی دەوڵەتمەداری، ئاوێتەی بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتی لە حکوومەتی کۆماری کوردستان و حکوومەتی میلیی ئازەربایجان و چاکسازیی

---

٣٥. ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەی ٦٩، ساڵی یەکەم، ٣٠ی پووشپەڕی ١٣٢٥ - بنکەی ژین، ساڵی ٢٠٠٧

گرینگ و پڕ لە دەسکەوت بۆ ئەو دوو گەلە بوو، وەک لاپەڕەیەکی زێڕین لە مێژووی خەباتی پێشکەوتنخوازانەی ئەوان تۆمار کراوە.

**کۆبەند**

١. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە خەزەڵوەری ١٣٢٤ بە هیممەتی نوێنەرانی توێژی ڕووناکبیر، ئایینی، خاوەن موڵک و وردەبۆرژوای کوردستان دامەزرا. لەو سەردەمەدا، پێکهاتەی ئاوایی و عەشیرەیی کوردستان، نەبوونی چین و توێژی بۆرژوایی و کریکاریی، ئاستی نزمی کار و چالاکی ڕێکخراوەیی: سیاسیی و پیشەیی، ڕۆڵێکی بەرچاو و چارەنووسسازی لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان دەگێرا. نێوەڕۆکی دروشم و مەرامنامەی پەسەندکراوی یەکەم کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ئاڵۆزی سیاسیی ئێران و کوردستانی پاش ڕووخانی حکوومەتی ڕەزا شا، ناڕوونی داهاتووی ژیانی سیاسیی ئێرانی داگیرکراو لە لایەن وڵاتانی هاوپەیمان و، بە پێی تایبەتمەندی پێکهاتەی چینایەتی و کۆمەڵایەتی کوردستان و دامەزرێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. داخوازییەکانی مەرامنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وەک خواستی حیزبە ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازەکانی ئەو سەردەمە لە چەشنی حیزبی تودەی ئێران و فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان نەک ویستێکی ڕادیکاڵی سۆسیالیستی بەڵکوو لە چوارچێوەی پاراستنی حکوومەتێکی مەشرووتە، وەدیهێنانی خاڵە سەرەکییەکانی قانوونی ئەساسیی ئێران وەکوو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی ئەیالەتی-ویلایەتی، ئازادی، دێموکراسی و چاکسازیی کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگی بوو. هەر لەبەر ئەوەش، لەم مەرامنامەیدا نەک باسی سەربەخۆیی و یەکپارچەبوونی کوردستانی دابەشکراو دەکرێ و نە هەڵوێستێکی توند و ڕادیکاڵ بۆ لە ناوبردنی سیستیمی دەرەبەگایەتی لە ئێران و کوردستان دێتە گۆڕێ، بەڵکوو باس لە خودموختاری لە سنووری دەوڵەتی ئێران، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی ویلایەتی کوردستان لەسەر بناغەی قانوونی

ئەساسی ئێران و دابینکردنی ڕێککەوتنێکی باش لە نێوان لادێیی و خاوەن موڵک و ڕیزێک چاکسازیی گونجاوی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دەکرێ.

٢. هەڵویستی مەرامنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەبارەت بە وڵاتانی هاوپەیمان و بە تایبەتی یەکیەتیی سۆڤیەتی، بە هۆی بوونی هێزەکانی یەکیەتیی سۆڤیەتی لە باکووری ئێران و، پشتیوانی ویرایی ئەوان لە بزووتنەوەی کورد، ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ژئوپۆلیتیکی ئەو سەردەمەیە. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی فەزای نێونەتەوەیی پاش شەڕی جیهانی دووەم وێڕای هۆگری بە یەکیەتیی سۆڤیەتی، بە شێوەیەکی خۆپارێزانە و دیپلۆماتیک دەڕوانێتە بریتانیا و ئەمریکا و، هەوڵ دەدات نەکەوێتە نێو دۆخێک کە ببێتە هۆی دوژمنایەتیی ئەم زلهێزانە لەگەڵ بزووتنەوەی کورد. واتە حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای پاراستنی دۆستی و پشتیوانی یەکیەتیی سۆڤیەتی نایەوی بە چەشنێکی ڕاستەوخۆ هۆی ورووژاندنی بریتانیا و ئەمریکا دژ بە بزووتنەوەی کورد بێ.

٣. مەرامنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەیاننامەی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان وێڕای جیاوازیی بەرچاو لە نێوان بیر و هزری دامەزرێنەرانی ئەو دوو ڕێکخراوەیە، ئاستی ڕێکخراویی و ئەزموونی خەباتی چینایەتی و نەتەوەیی ئەوان، پێگەی چینایەتی ڕێکخراوەکان و پانتایی دەسەڵاتی جوغرافیاییان، هەروەها جیاوازیی بەرچاو لە ئاستی پێشکەوتنی پێهکاتەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی دوو کۆمەڵگەی ئازەربایجان و کوردستان، خاوەنی خاڵگەلێکی هاوبەش بوو:

– هەردوو خوازیاری خودموختاری لە چوارچێوەی ئێران بوون.

– هەردوو بۆچوونێکی ئەرێنییان سەبارەت بە یەکیەتیی سۆڤیەتی بوو.

– بەرنامەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەردوو ڕێکخراوەکە وێڕای پشتیوانی لە زەحمەتکێشان و دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، بارێکی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی نەبوو و هەوڵیان دەدا زۆرترین بەشی کۆمەڵگە لە گوندنشینەوە هەتا خاوەن موڵک بەرەوخۆی ڕاکێشن.

– دابینکردنی دێموکراسی و ئازادیی بەشێک لە ویستە کۆمەڵایەتییەکانی ئەوان بۆ دابینکردنی مافی خەڵک و بەشدارییان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێران بە گشتی و، کوردستان و ئازەربایجان بە تایبەتی بوو.

– هەر دوو حیزبەکە حکوومەتی نەتەوەیی خۆیان دامەزراند، بەڵام "هەردوو حکوومەتەکە بۆچوونی جیاوازیان بۆ کاروباری نێوخۆیی هەبوو. لە ئازەربایجان کاربەدەستان داواکاریی وەرزێر و کرێکارانیان خستە بەرچاو و پرۆگرامێکی ڕیفۆرمی ئابووری و کۆمەڵایەتییان دەست پێکرد، لەکاتێکدا لە کوردستان بەرنامەی ڕۆژ بریتی بوو لە پاراستنی یەکیەتیی نەتەوایەتی بەبێ جیاوازی دانانی بەرژەوەندیی چینی سەرەوەی کۆمەڵگە.

بە هۆی ئەو ڕاستییەوە کە کۆمەڵگەی کورد لە باری کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە [لە ئازەربایجان] دواکەوتووتر بوو، ئامانجە دیاریکراوەکانیشی مام ناونجیتر بوون. هێشتا مەسەلەی سنووردانانی نێوان دوو حکوومەتەکە چارەسەر نەکرابوو و وتووێژێکی دوور و درێژ بۆ دیاریکردنی بارودۆخی ناوچەی ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ بەتایبەت شارەکانی (خۆی)، سەڵماس (شاپوور)، ورمێ (ڕەزائیە) و میاندواو پێویست بوو."[٣٦]

٤. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی کەمتر لە یەکساڵ دەسەڵاتی خۆی، سەرەڕای تەواوی کۆسپ و بەربەستەکانی نێوخۆیی و دەرەکی، هەنگاوی گرینگ و سەرنجراکێشی بۆ بردنە سەرەوەی ئاگایی نەتەوەیی و ڕۆشنبیریی کۆمەڵگەی کوردستان هەڵگرت و "جووڵانەوەیەکی بەرچاوی هێنایە ئارا و توانی دەست بە زۆرێک لە ئامانجەکانی ڕاگەیەندراوی حدک بگەیەنێت: زمانی کوردی بوو بە زمانی فەرمی و هەروەها زمانی قوتابخانەکان؛ چەندین چاپەمەنی دەورەیی کوردی بڵاو بوونەوە کە گرنگترینیان "کوردستان" ئۆرگانی حدک، هەڵاڵە- گۆڤاری ژنان و گڕوگاڵی منداڵان-

---

٣٦. دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، کوردستان لە ئێراندا، ل ٣٩٣

گۆڤاری زارۆکان بوو؛ یەکەمین شانۆی کوردی دامەزرا، ژنانی کورد بۆ یەکەمین جار لە کاروباری کۆمەڵایەتی سیاسیدا- چالاکییان نواند و بەهۆی پێشکەوتی پێوەندیی بازرگانی ڕاستەوخۆوە لەگەڵ ڕووسیە، ئابووری ڕووی لە گەشەکردن نا. زەوی ئەو خاوەن زەوییانەی وا کوردستانیان بەجێ هێشتبوو و چووبوونە خزمەت حکوومەتی تاران، بەسەر وەرزێرانی کوردو ئەو بنەماڵە بارزانییانەدا دابەش کرا کە مەهابادیان کردبووە پەناگەی خۆیان لە دەست ڕاونانی حکومەتی عیراق.[...]

لە ئیش‌وکاری بەڕێوەبەرایەتیدا، پلە و مەقامەکانی سەرەوە کە تا ئەوکاتە تەنیا بەدەست فارس و ئازەربایجانییانەوە بوو، درایە کوردان. هێزی سوپا و پۆلیسی شای ئێران هەڵوەشانەوە و جێگەی خۆیان دایە سوپای گەل و هێزی پێشمەرگە. ئاڵای سوور و سپی و سەوزی کۆمار بە وێنەیەکی ڕۆژ ڕازابۆوە و گوڵە گەنم بە دەوریەوە و پەڕێک[ی باڵندە] لە ناوەڕاستیدا بوو. [...]

کابینە لە سێزدە وەزیر پێک هاتبوو کە وەزیری جەنگ و کاروباری دەرەوەشیان لەناودا بوو. بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە پەرلەمان هێشتا هەڵنەبژێررابوو مەجلیسی یاسادانان لە ئارادا نەبوو، حوکمی سەرەک کۆمار، قانوون بوو؛ بەڵام هەموو کاروباری قەزا لەلایەن دیوانی عالی و وەزارەتی دادپەروەرییەوە بەڕێوە دەبرا. کاربەدەستان دەستیان کرد بە دامەزراندنی داموو دەزگایەکی ئیداری بۆ کۆمار› [٣٧].

٣٧. سەرچاوەی پێشوو. ل ٣٩٢-٣٩١

# دێموکراسی لە وێژمانی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا

د.ئازاد محەممەدیانی

**پێشەکی**

ئەگەر لە سەرەتای دامەزرانەوە تا هەنووکە چاوێک بە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بگێڕین، دەردەکەوێ وێڕای ئەوەیکە حیزبێکی نەتەوەییە و پێداگرە لەسەر شوناسی نەتەوەیی و حەولی بۆ وەدستهێنانی مافەکانی وەک گەلێکی جیاواز لە قەوارەی ئێراندا داوە، بەردەوام لەسەر یەک شتی دیکەش پێداگرە و یەک لە گرینگترین چەمکەکانی گوتاریی ئەوی پێک هێناوە، واتە دێموکراسی. وێڕای ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە قۆناغە جیاوازەکان و بەپێی پێداویستیی سەردەم بەسەر گوتاری ئەو حیزبەدا دێ بەڵام بەردەوام ئەم واتایە وەک چەمکێکی گرینگ بوونی هەیە و حیزبی دێموکرات چارەنووسی گەیشتن بە مافە نەتەوەیەکانی خۆی گرێ داوەتەوە بە چەمکی دێموکراسییەوە و هەرگیز لەم چوارچێوە مەبناییە کە دامەزرێنەرانی ئەو حیزبە بۆیان کێشاوەتەوە لای نەداوە.

ناسیۆنالیزمی کورد کە بنەمای گوتاری نەتەوەیی و حیزبی دێموکراتە لە ڕاستیدا دژکردەوەییە و لە بەرامبەر ناسیۆنالیزم و گوتاری دوژمنەکەیدا هەم شکڵی گرتوە

هەم گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە، دیموکراسیش وەک واتایەک لەنێو ئەم وێژمانەدا لە تەعامول لەگەڵ چەمکی ناسیونالیزمدا مانای پەیدا کردوە و خۆی لە گوتاری حیزبی دێموکراتدا دیتۆتەوە. ئەم وتارە دەیهەوێ بە لەبەرچاو گرتنی ئەو بنەمایە لە چەند قۆناغی جیاوازی حیزبی دێموکرات ورد بێتەوە و دیمۆکراسی و شێوەی جەمگەبەندیەکەی لە گەڵ چەمکەکانی دیکەی گوتاری سیاسی ئەو حیزبە لێک بداتەوە. ئەم وتارە بە شێوەی "لێکدانەوەی وێژمان" (Discourse Analysis)، گوتاری حیزبی دێموکرات و گۆڕانکارییەکانی لە پێوەندی لەگەڵ چەمکی دێموکراسیدا دێنێتە بەر باس.

**دامەزرانی حیزبی دێموکرات و یەکەم وێژمانی سیاسی؛ وێژمانی شوناسخوازانە**

حیزبی دێموکرات ئەگەرچی بنەما فیکرییەکانی لە دوو حیزبی "ئازادی" و "کۆمەڵەی ژ ک "ەوە دێ کە لە دژایەتی لەگەڵ سیاسەتی دژی کوردی ڕەزاخان و ناسیۆنالیزمی پەهلەوی ساز بوون، سیاسەتێک کە ئەویتریەکەی جیاوازییە نەتەوەیی، زمانی و کولتووریەکانی ئێران بوون، بەڵام جگەلە ئەوانە دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٣٢٤دا لێکەوتەی دۆخێکی تایبەتە کە لە ئێرانی پاش تەبعیدی ڕەزاشادا ساز دەبێ، واتە کەشی کراوەی سیاسیی ئێران دوای خەرمانانی ١٣٢٠، کە نەتەنیا دەبێتە هۆی پێک هاتن و ئاشکرا بوونی ئەو حیزبە بەڵکوو حیزبی دیکەش لە ئێران ساز دەبن و کەشێکی جیاوازی سیاسی بە سەر ئێراندا زاڵ دەبێ، لە ڕاستیدا ئەم کەشە جیاوازە دەبێتە هۆی ئەوەیکە حیزبی دێموکرات بێجگەلە مافی نەتەوایەتی بیر لە شتێکی دیکەش بکاتەوە کە ئەویش دێموکراسی یا حکوومەتی دێموکراتیکە لە ئێراندا. "شا لە ڕێی زەروریکردنی زمانی فارسی وەک زمانی تایبەتی لە کاروباری حکوومەتی و سەپاندنی ئەو بە سەر هەموو بڵاوڤۆک و کتێبەکاندا، بە کردەوە دەیویست پێش بە گەشەی شوناسی کوردی بگرێ و تەنانەت بیشیکوژێنێتەرە" (انتصار، ١٣٩٠، ٦١). هەر ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەیکە حیزبی دێموکرات بۆ سەلماندنی مافی

نەتەوایەتی خۆی لە چوارچێوەی ناسیونالیزمی کوردیدا حەول بدا پیناسەی خۆی وەک نەتەوەیکی جیاواز لە ڕێی جیاوازیی زمانی و جەختکردن لەسەر زمانی کوردی بسەلمێنێ. "لە کاتێکدا بەشی هەرەزۆری کارەکانی ڕەزاشا لەپێناو هاوشێوەکردنی کولتووری، کەمکردنەوەی جیاوازییەکان، مەحووکردنەوەی وردە فەرهەنگەکان، بە چۆکداهێنان و سەرکوتی ئەو پێکهاتە جیاوازەکان بوو لە ڕێی وێژمانی ناسیونالیستی کەوناراخوازەوە بە ئامانجی پێکهێنانی دەوڵەت-نەتەوەی ئێرانی، حیزبی دێموکرات لە بەیاننامەی پێکهاتنی خۆیدا پێداگری لەسەر مافی خودموختاری لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێران، پێکهێنانی ئەنجومەنە ویلایەتیەکان لەسەر بنەمای یاسای بنەڕەتی و مافی خوێندن بە زمانی دایکی (کوردی) دەکرد".(ایگلتۆن، ١٣٦١، ١٠٣)

ئەو دۆخە دەبێتە هۆی ئەوەیکە لە یەکەم قۆناغی گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکراتدا، زمانی کوردی ببێتە دالی ناوەندیی ئەم گوتارە. ئەگەر چاوێک بە بەڵگەنامە و وتار و قسەکانی ئەو سەردەمدا بخشێنین دەردەکەوێ کە زمانی کوردی چ بایەخێکی هەیە و هەموو چەمکەکانی دیکەی وەک خودموختاری، دێموکراسی و ... لە پێوەندی لەگەڵ زمانی کوردیدا وەک دالی ناوەندی ئەم گوتارە مانا وەردەگرن، کە هەڵبەتە ئەوە باسی ئێمە نیە و پێشتر لە وتارێکی جیاوازدا باسی ئەو بابەتەم کردوە، بەڵام دێموکراسی ئەگەرچی دالی ناوەندیی گوتاری سیاسی حیزبی دێموکرات لەم قۆناغەدا نیە بەڵام ئەوەندەی گرینگی هەیە کە هەر لە یەکەم دێڕەکانی ئاگاداری دامەزراندی حیزبی دێموکرات لە ٢٥ی گەلاوێژدا چەند جار دێموکراسی دووپات دەبێتەوە و ئاماژە بە وڵاتانی دێموکرات و دێموکراسی دەکرێ. لە مەرامنامەی حیزبی دێموکرات کە هەر ئەودەم دێتە دەرێ لە چەند شوێندا بەم چەشنە ئاماژە بە دێموکراسی دەکرێ؛

- لە فەسلی دووهەم بەندی ٤دا دەگوترێ؛ "لە مەڵبەندی کوردستان دەبێ لەسەر ئەساسی دێموکراسیدا سوودی کۆمەڵانی خەڵک لە بەرچاو بگیرێ دەبێ بەبێ لە بەرچاو گرتنی جیاوازیی نەتەوایەتی و قەومیەت و مەزهەب حقوقی بەرامبەریان پێ

بدرێت بۆ هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ مەجلیسی شوڕای میللی. (حیسامی، ٢٠١٨، ١٢٤)

بەندی٥؛ ئامانجی حیزب بریتییە لە پەرەپێدانی دێموکراسی و لەسەر ئەساسی ئەمە بۆ بەختەوەری بەشەریەت تیدەکۆشێ. (هەمان)

لە فەسڵی سێهەمدا بەم شێوەیە بنەمای دێموکراتیکی بیری حیزب دادەڕێژدرێ؛

بەندی٢١؛ ئەبێ لە تەواوی کاروباری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا ژنانیش وەک پیاوان خاوەنی حقووقی بەرامبەر بن. (هەمان، ١٢٦)

بەندی ٢٢؛ مافی کەمایەتییە نەتەوایەتییەکان کە لە کوردستان دەژین (ئازەربایجانی، ئەرمەنی و ئاسووری) بە تەواوەتی ئەبێ لەبەرچاو بگیرێت. (هەمان)

حیزبی دێموکرات لە یەکەم قۆناغی ژیانی سیاسیدا کە بەردی بناغەی حیزبێکی نەتەوەیی دادەڕێژێ لە سەر دوو لایەنی دێموکراسی سووره، یەکەم سەقامگیریی دێموکراسی لە ئێراندا و دووهەم دێموکراسی لە کوردستانی خودموختاردا کە ئەو حیزبە حەول بۆ دەستەبەربوونی دەدات. کەواتە دێموکراسی لەم گوتارەدا دالی جێگیرە و لە پێوەندی لەگەڵ دالی ناوەندی زمانی کوردی، باقی دالە خزەکانی ئەو گوتارە مانا پەیدا دەکات.

هەواڵنامەی کتێب




نموداری یەکەم؛ وێژمانی شوناسخوازانە

**٢. ویژمانی بەشداریخوازانە**

دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان و لە سێدارەدانی پێشەوا و ڕێبەرانی دیکەی حیزبی دێموکرات و کۆمار، کەشێکی ئەمنیەتی و پۆلیسی بە سەر کوردستاندا زاڵ بوو، تەنانەت بۆ مەجلیسی شازدەیەمی شوڕای میللی کە ساڵ ١٣٢٨ دەستی بە کار کرد، مەهابادی پایەتەختی کۆمار نەیتوانی نوێنەر بنێرێ، بەڵام بەپێچەوانەوە لە ناوەندی ئێران، دۆخێکی سیاسی تایبەت لە ئارادا بوو، فەزایەکی کراوەی سیاسی کە ببووە هۆی پێکهاتنی کۆمەڵێک حیزبی سیاسی کە لە مێژووی ئێراندا کەم وێنە بوو. «دوای ڕەزاشا لە ناوەند، جموجۆڵی کۆمەڵگە بووە هۆی ئەوەیکە دەرفەتێکی هەستیار وە دەست ڕێبەرایەتیی ناسیۆنالیزمی لیبرال بکەوێ» (کاتم، ١٣٨٣، ٣٣٠). ئەم جۆرە لە ناسیۆنالیزم کە بەشداریی مەدەنیی هەموو پێکهاتەکانی ئێرانی لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیی مەشروتەوە خستبووە نێو بەرنامەکانی خۆیەوە، حەولی دەدا لە ڕێی مەجلیسی شوڕای میللی و هەڵبژاردنی ئازادانەی نوێنەرانی ئەم مەجلیسە، گۆڤار و ڕۆژنامەی ئازاد و پەرەدان بە نیزامی حیزبی بە چالاکیی هێندێک حیزبی وەک؛ حیزبی ئێران، حیزبی تودە، حیزبی زەحمەتکێشان، هێزی سێهەم، حیزبی پان ئێرانیست و جیبهەی میللی، قەوارەی دەسەڵاتێکی سیاسی بەشداریخواز بە خۆیەوە بگرێ و ڕووکارێکی تایبەت بەم قۆناغەی مێژووی ئێران بدا. ئەم بارودۆخە توانیبووی کار بکاتە سەر کوردستانیش.

وێڕای ئەوەیکە موسەدیق دژی لایحەکەی ڕەزمئارا بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی ئەیالەتی و ویلایەتی بوو و نەیهێشت لە مەجلیسی شازدەدا پەسەند بکرێ، بەڵام کورد هەرگیز دەستی لە پشتیوانیی موسەدیق لە هیچ قۆناغێکدا هەڵنەگرت، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە؛ "دەوڵەتی موسەدیق نوختەگۆڕانێک بوو لە سیاسەتی ئێراندا. چونکە ئەو حکوومەتە لەگەڵ هەموو حکومەتەکانی پێشوو جیاوازییەکی ئەساسیی هەبوو. حکوومەتێک بوو کە بە پشتیوانیی خەڵک و بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەیەکی زۆر گرینگ وەک میللیکردنی نەوت هاتبووە سەر کار و سیاسەتێکی میللی بەڕێوە

دەبرد." (قاسملوو، ١٣٨١، ١٦٧) و "جۆری ناسیۆنالیزم و ئامانج و ڕوانگە دێموکراتیک و لیبڕالییەکەی موسەدیق و شێوەی حکوومەتکردنەکەی بە سەر خەڵکدا کە لە ڕێی هەڵبژاردنەوە بوو، جموجۆڵ و حەزی خستبوە نێو ڕووناکبیرانی کوردەوە" (انتصار، ١٣٩٠، ٥٨). گرینگترین نموونەکانی بەشداریی کورد لە پرۆسەی سیاسی ئێران و پشتیوانی لە موسەدیق لەو سەردەمدا؛ یەکەم: بەشداری لە ڕاپرسی بۆ پشتیوانی لە موسەدیق بوو بە جۆرێک کە "لە مەهاباد لەنێو پێنج هەزار دەنگدا تەنیا دوو دەنگ بۆ لایەنگری سەڵتەنەت کەوتبووە سندووقەوە"(مک داوال، ١٣٨٠، ٤٢٨) لە بانەش تەنیا دوو دەنگی هاوشێوە هەبوو. دووهەم: بەشداری لە هەڵبژاردنی مەجلیسی هەڤدەیەمدا بوو، "ئەوە یەکەم هەڵبژاردن دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان بوو، کە هێندێک پاڵێوراو لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە بەشداری ئەم هەڵبژاردنە بوون، [ئەم هەڵبژردنە] لە سەرەتاکانی ١٩٥٢دا بەڕێوە چوو، کە نوێنەرانی ئەم حیزبە بۆ وە دەستهێنانی زۆرینەی دەنگەکان بە ئاسانی سەرکەوتن" (انتصار، همان، ٥٩).

ناسیۆنالیزمی لیبرالیی محەممەد موسەدیق کە بەشداریی کۆمەڵانی خەڵکی وەک بنەمای دەسەڵاتداری خۆی دیاری کردبوو، توانی حیزبی دێموکرات و کورد تووشی وەرسووڕانی گوتاری بکات، گوتارێک کە لە ساڵەکانی دوای ڕووخانی کۆمار، بە هۆی فەزای پۆلیسی کوردستان خەریک بوو بەرەو جۆرێک ناسیۆنالیزمی ڕادیکاڵ دەڕۆی. حیزبی دێموکرات بە لەبەرچاو گرتنی ئەو دۆخەی ئێرانی تێدایە و ئەو فەزایەی کە سیاسەتی موسەدیق بۆ حیزبە سیاسیەکانی خوڵقاندوە خۆی لەگەڵ دۆخی هەنووکە لە باری گوتارییەوە هاوڕا دەکا و بەشداری لە پرۆسەی سیاسی ئێراندا دەبێتە پلانی ئەو حیزبە بۆ چالاکیی سیاسی لە بەستێنی ئەو دۆخە تازەیەی کە دەوڵەتی میلی-لیبڕاڵی خوڵقاندبووی، ئەو وەرچەرخانە لە گوتاری سیاسی حیزبی دێموکراتدا بەرەو پیری دێموکراسی چوون بوو، دێموکراسییەکی لیبڕاڵ کە گرنتگترین ڕەهەندی ئەو مەدەنیبوونی ناسیۆنالیزمەکەی بوو بە پێچەوانەی ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی ڕەزاخانی، لەم ناسیۆنالیزمەدا حەول دەدرا پێکهاتەکانی جیاوازەکانی ئێران وەک

خۆیان ئیزنی بەشدارییان لە پڕۆسەی سیاسیدا پێ بدرێ، بۆیە حیزبی دێموکرات نە تەنیا بیر لە بایکۆت یا دوورەپەرێزبوون ناکاتەوە بەڵکوو بە ئامانجی دەستەبەر بوونی دێموکراسی لە ڕێی خەباتی پارلەمانی و چالاکی حیزبییەوە بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکات و تەنانەت لەگەڵ حیزبی توودەش دەبێتە هاوکار، هاوکارییەک کە دواتریش درێژەی دەبێ و کاریگەریی زۆری لە سەر ڕەوتەکانی نێو خودی حیزبی دێموکرات دادەنێ. لەم قۆناغەدا بەشداری لە پرۆسەی سیاسی ئێراندا وەک دالی ناوەندی و بنەمای گەیشتن بە دێموکراسی لە گوتاری حیزبدا جێگیر دەبێ و باقی دالە ناجێگیرەکانی وەک خودموختاری، زمانی کوردی و ئازادی لە پیوەندی لەگەڵ ئەم چەمکەدا مانا پەیدا دەکەن. کەواتە ئەگەر لە قۆناغی سەرەتاییدا زمانی کوردی وەک هێمای شوناس خوازی ئەو سەردەمە دالی ناوەندی بوو لەم قۆناغەدا بەشداری لە پڕۆسەی سیاسیدا ناوەندێتی ئەم گوتارەی بە ئەستۆوەیە.




نموودراری ژمارە دوو؛ وێژمانی بەشداریخوازانە

### ٣. وێژمانی شوناس‌خوازانەی بەشداری‌ویست

پاش کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ، ئێران دەکەوێتەوە دەورێکی دیکەی ئیستبداد و دیکتاتۆری و هەموو چەشنە چالاکییەکی سیاسی و حیزبی کۆ دەکرێتەوە، لەو سەردەمەدایە حیزبی دێموکراتیش تووشی قەیرانی ڕێبەرایەتی دەبێ و دیسان بەشێکی زۆر لە ئەندامانی دەکەونە زیندان یا ئاوارەی ئەودیو دەبن، تا ساڵەکانی ١٣٤٦-١٣٤٨ کە خەباتی چەکداری ڕادەگەیەندرێ جموجۆڵێکی ئەوتۆ لە حیزبی دێموکرات لە نێوخۆ نابیندرێ، لە ڕاستیدا خەباتی چەکداری وەرچەرخانێکی گەورەی گوتاری بوو کە لە حیزبی دێموکراتدا ڕووی دا، حیزبێک کە خەونی بە بەشداری لە پرۆسەی سیاسیی ئێرانەوە دەدی ئێستا دەستی بۆ چەک بردوە و خەباتی چریکیی هەڵبژاردوە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی، کە ئەم وەرچەرخانە لە ڕاستیدا لێکەوتە و دژکردەوە بە ئەو سەرکوت و زەبروزەنگە بوو کە دەسەڵاتی پەهلەوی بە سەر ئێران و کوردستانیدا زاڵ کردبوو، لەم قۆناغەدا دێموکراسی نابێتە کەڵکەڵەی گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات، ئەم قۆناغە دەتوانی وەک دابڕانێکی گوتاری لە گوتاری سەرەکیی حیزبی دێموکرات پێناسە بکرێ، چون هەروەک دیتمان و لە درێژەشدا دەبیندرێ هەرگیز دێموکراسی وەک چەمکێکی گرینگ لە گوتاری سیاسیی حیزبدا لە بایەخ ناکەوێ و تەنانەت دواتریش کە شەڕی چەکداری دەیەی شەست ڕوودەدا دێموکراسی یەک لە چەمکە گرینگەکانی وێژمانەکەیەتی، هەلبەت تەنیا گۆڕانکاری لەم گوتارەدا پەراوێز خستنی دێموکراسی نیە بەڵکوو هێندێک بابەتی دیکەش گۆڕانیان بەسەردا دێ، کە لێرەدا پیویست نیە ئاماژەیان پێ بکەم، پێشتر لە وتارێکی دیکەدا باسم کردوە. بە مەبەستی کورتکردنەوەی وتارەکە خۆ لە لێکدانەوەی ئەم سەردەمەوە و تایبەتمەندیە گوتارییەکانی دەپارێزم و دێمە سەر باسی قۆناغی پێش شۆڕشی گەلانی ئێران، سەردەمیک کە حیزبی دێموکرات دەبێتە گوتاری هێژمۆنیی کوردستان و دواتر لە چوارچێوەی ئەم گوتارەدا خەباتی ئاشکرای خۆی ڕادەگەیەنێ.

دوای شکستی کومیتەی ئینقلابیی حیزبی دێموکرات لە شەڕی چریکی دژ بە

ڕێژیمی پاشایەتی پەهلەوی کە ئەم کومیتەیە ڕووخاندنەکەی کردبووە ئامانجی سەرەکیی خۆی، حیزبی دێموکرات وێڕای وەرچەرخانێکی گوتاری، حەولی ڕێکخستنەوەی خۆی دەدا و هێندێک پلانی دێموکراتیک کە پەسندی حیزبی سەردەمی کۆماری کوردستان بوو دەخاتەوە نێو گوتارە سیاسییەکەیەوە، لە ڕاستیدا شکستی بزووتنەوەی چریکی و پێشوازی‌نەکردنی جەماوەر لەم جۆرەی خەبات لەو قۆناغەدا – بە پێچەوانەی قۆناغەکانی دواتر واتە لە ساڵەکانی یەکەمی هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامیدا خەباتی چەکداری پێشوازییەکی مەزنی جەماوەری لێ دەکرێ– هۆکاری سەرەکیی هەڵبژاردنی دروشم و شێوازێکی نوێ لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە بوو. "کەواتە لە ساڵی ١٣٥٠ەوە، دروشمی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان وەرگیرا، هەڵبژاردنی وەها دروشمێک حەول بوو بۆ قەوارە بەخشین بە داواکارییەکانی کورد لە چوارچێوەیەکی گونجاودا بۆ ئێرانییەکان وکۆمەڵگەی نێونەتەوەیی" (رومانو، ١٣٨٨، ١١٠) ئەگەرچی خەبات دژ بە حکوومەتی پەهلەوی وەک گوتاری دژبەری گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات، قەوارەبەندی گوتاریی ئەم گوتارە پێک دێنێ، بەڵام هەرگیز وەک قۆناغی پێشوو شەڕی چریکی بەشێک لە ڕەفتاری سیاسی ئەم حیزبەی پێک نەدەهێنا، لە ڕاستیدا لەم قۆناغەدا گوتاری سیاسی حیزب فۆرمێکی واقعبینانە و نێوانگیرتر بە خۆیەوە دەگرێ و خۆی لە چوارچێوەیەکدا جومگەبەندی دەکا کە هەم کەشی دژایەتی ڕابگرێ و هەم سەرنجێکی تایبەت دەداتە ئیمکانی وەرگرتنی کۆمەڵایەتی و ڕێک خستنیان لەم چوارچێوە گوتارییەدا. بە شێوەیەک کە ئەم گوتارە بە ڕاکێشانی سەرنجی ژمارەیەکی زۆر لە جەماوەر، بەرەوپیری شۆڕشی گەلانی ئێران لە ٥٧دا دەڕوا و بە وروژاندنی بابەتی سەرنجڕاکێشتر لە سەر بنەمای داواکارییەکانی کۆمەڵگەی کوردی، بەشێکی زۆری خەڵک لەگەڵ خۆی هاوڕێ دەکا، بە چەشنێک کە پاش سەرکەوتنی شۆڕش، دەبێتە گەورەترین حیزبی سیاسی کوردستان و تەنانەت ناوچە نەتەوەییەکانی ئێران، بە پێگەیەکی مەزنی کۆمەڵایەتییەوە.

حیزبی دێموکرات لەو ساڵانەدا ببووە سێحەبی ڕێبەرایەتییەکی جیاواز کە وێڕای ئەوەیکە دەرکێکی دروستی لە دۆخی سیاسیی ئێران هەبوو، گەڕانەوەی بۆ دروشمە سەرەکییەکانی کۆماری کوردستان کە خودموختاری بۆ کوردستان و دێموکراسی بۆ ئێران بوو کردبووە نەخشەڕێگای خۆی، ئەوە لە کاتێکدا بوو کە ئەزموونی ساڵەکانی بەشداری لە پرۆسەی سیاسیی ئێران لە دەورەی مەسەدیقدا، هاوکاری لەگەڵ حیزبی تودە و شەڕی چریکیشی هەبوو. کەواتە دەبوو گوتارێکی سیاسی نوێنەرایەتی بکا کە لە لایەکەوە ئیمکانی باسکردن لە چوارچێوەی ئێرانیدا هەبێت، لە لایەکی دیکەوە ئیمکانی ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵانی کوردستانی هەبێ و هەروەها ئیمکانی ئەوەشی هەبێ کە شوناسی کوردی کە بە هۆی گەشەی ناهاوسەنگ پڕ ڕەنگتر ببوو وەک چەمکێکی گرینگی ئەم گوتارە جومگەبەندی بکا. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە حیزبی دێموکرات وەک تاکە هێزی سیاسیی کورد، دوای کۆنگرەی سێهەمی خۆی ئەو دروشمانەی بۆخۆی هەڵبژارد کە بەستێنەکانی گەیشتن بە دۆخی شۆڕشگێڕانەی خۆش دەکرد و پتر لە هەر قۆناغێکی دیکە چارەنووسی خۆی بە چارەنووسی گشتیی کۆمەڵانی ئێرانەوە گرێ دابۆوە. کەواتە لەو سەردەمەدا، گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات پێویست بوو هەم جەخت بکاتە سەر ئامانجەکانی کۆماری کوردستان و گوتارە شوناسخوازانەکەی، هەم ئەوەیکە وەک سەردەمی موسەدیق بیر لە هاوڕێیەتی لەگەڵ بزووتنەوەی سەراسەری ئێران بکاتەوە. جەختکردنەوەی دووبارە لەسەر دروشمی خودموختاری بۆ کوردستان و دێموکراسی بۆ ئێران، زیاد کردنی وشەی "ئێران" بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان و گەڕانەوەی ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزب لە عێراق و ئورووپاوە بۆ ئێران و بڵاوبوونەوەیان بە شارەکانی کوردستان و تاراندا (حەسەنزادە، ١٣٨١، ٢٥٤ و ٢٧٨)، بەشێک لەو کردەوە گوتارییانە بوون کە هەوێنی گوتاری سیاسیی کوردیان لەو سەردەمەدا پێک دەهێنا .حیزبی دێموکرات لەم قۆناغەدا لە جاران زیاتر پێداگری لەسەر چەمکی دێموکراسی دەکا و بە شێوەیەکی فەرمی دێموکراسی بۆ ئێران و

خودموختاری بۆ کوردستان دەبێتە دروشمی سەرەکیی ئەو حیزبە، بە شیوەیەک کە تا دواتریش وەک دروشمی سەرەکی دەمێنێتەوە. دیارە لەم قۆناغەدا کوردایەتی دالی ناوەندی و جێگیرە و دالەکانی وەک خودموختاری بۆ کوردستان، دێموکراسی بۆ ئێران، ڕووخانی پاشایەتی و بەشداریی سەراسەری لە شۆڕشدا دالی خزن کە لە پیوەندی لەگەڵ چەمکی کوردایەتی مانا پەیدا دەکەن و لەو چوارچێوە گوتارییەی کە کوردایەتی وەک شوناسی وەخۆئاگای کورد مانا دەبەخشێ بە واتاکانی دیکەی ئەو گوتارەی کە لە حاڵی کامڵبوون‌دایە وەک گوتاری هێژمۆنی کوردستان. لەم قۆناغەدا حیزبی دێموکرات هەر وەک باس کرا ئەو گۆڕانکاریانەی لە گوتاری خۆیدا پێک هێنا تا بتوانێ بەشداری لە شۆڕشی سەراسەری ئێراندا بکا بە مەبەستی چەسپاندنی دێموکراسی و خودموختاری بۆ کوردستان.




نموونداری ژمارە سێ؛ وێژمانی شوناس‌خوازانەی بەشداری‌ویست

### ٤. ویژمانی ناسیۆنالیستیی مەسڵەحەخوازانە:

هاوکات لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و چالاکی ئازادانەی حیزبی دێموکرات و پێشوازیی بەرچاوی کۆمەڵانی خەڵک لەو حیزبە، کە ئەزموونی کۆماری کوردستانی هەیە و ئێستا سێحەب ڕێبەرایەتییەکی پێشکەوتوو، سەردەمیانە و کاریزمایە، هاوڕێ لەگەڵ جەختی حیزبی دێموکرات لەسەر مافی نەتەوایەتی گەلی کورد وەک کەڵکەڵەی سەرەکیی ئەم گەلە لە سەردەمی پاشایەتیدا، ئەو تواناییەی بە حیزبی دێموکرات بەخشی کە لە بەرامبەر کۆمەڵە و مەکتەبی قورعان و بەشێکی دیکە لە ڕێکخراوە سەراسەرییەکان کە لە کوردستان چالاک بوون وەک: حیزبی توودە، چریکهای فدایی خلق و سازمانی مجاهدین و تەنانەت لایەنگرانی ئایەتوڵڵە خومەینی، ببێتە حیزبی هێژمۆنیی کوردستان. وێڕای سەرکەوتنی شۆڕش و کۆنترۆڵی کوردستان لە لایەن حیزبی دێموکرات و ڕێکخراوە کوردستانییەکانی دیکە کە سێحەب هێزی چەکداری ببوون، گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات بە ناوەندێتیی "چەمکی خودموختاری" شکڵ دەگرێ، ڕێبەریی حیزبی دێموکرات لە بارەی خودموختاری بۆ کوردستان و دێموکراسی بۆ ئێران کە هاوکات لەگەڵ خودموختاری یەک لە داڵە گرینگەکانی ئەم ویژمانەی پێک دێنا دەڵێ: "بە بڕوای ئێمە بەشی زۆری چوار پارێزگای ئیلام، کرماشان، کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا کوردستانە، ئێمە دەمانەوێ ئەم چوار پارێزگایە ناوچەی خودموختاری کوردستان بن و ویستەکانی خۆمان لەم ناوچەیەدا سەقامگیر بکەین" (کوچرا، ٢٠٠٠، ٣١١). لە سەرەتاکانی سەرکەوتنی شۆڕشەوە قاسملوو هەموو حەولی خۆی بۆ ڕوون کردنەوەی واتای خودموختاری لە کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسی و گشتییەکاندا، لە وتووێژ، سوخەنرانی و چاوپێکەوتنەکانیدا دەدا. "لە چاوپێکەوتنی هەیئەتی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات لەگەڵ میهدی بازەرگان دوکتور قاسملوو بە تەسەلی چەمکی خودموختاری شی کردەوە." (کیهان، ١٣٥٨، ١٥ فروردین). "قاسملوو لە کۆبوونەوەی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و کوردەکانی دانیشتووی تاران و هێندێک لە ڕێکخراوە و سازمانە

هەولێرنامەی کتێب

سیاسییەکان، گوتی: حیزبی دێموکرات ئێران بۆ خودموختاری کوردستان خەبات دەکا... خودموختاری ویستێکە کە لە چوارچێوەی ئێران، ئێرانی دێموکراتیکدا ئیمکانی پێکهاتنی هەیە" (اطلاعات، ١٣٥٨، ١٦ فروردین) هەروەک دیترا خودموختاری بۆ حیزبی دێموکرات ببووە ناوەندی هەموو چالاکی و حەولەکانی لە بەستێنی سیاسەتی ئێراندا، بەڵام ئەم چەمکە بەردەوام لەگەڵ دروشمی ئیستراتیژیکی دێموکراسی بۆ ئێران دەهاتە بەر باس. چەمکێک کە گرینگترین دالی وێژمانی ئەم گوتارەی لە هاوڕێیەتی لەگەڵ دالی ناوەندی خودموختاریدا پێک دەهێنا. قاسملوو بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی دێموکراسی وەک خاڵی گەڕەنتیی خودموختاری دەڵێ؛ "ئێمە بەو هۆیە دیموکڕاسیمان خستۆتە پێش دروشمی سەرەکی حیزبەکەمان، چون پێوەندیی بە ئێرانەوە هەیە کە لە کوردستان گشتگیرتر و هەمەلایەنەترە، بەو باوەڕەش گەیشتووین کە بێ دێموکراسیی ڕاستەقینە، تەنانەت ئەگەر ئێمە خودموختاریش بەدەست بێنین، ئەم خودموختارییە هیچ گەڕەنتیەکی نیە... ئێمە لایەنگری ئەوەین کە خەڵک بە شێوەیەکی گشتی لە دێموکراسیدا بژین، هەموو ئازادیە دێموکراتیکەکان لە ئێراندا سەقامگیر بن و ڕێژیمێکی پلۆڕالیستی چەند حیزبی بوونی هەبێ." (قاسملوو، بی تا، ٢٥٨) هەروەها لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ؛ "بێ هەبوونی دێموکراسی لە وڵاتدا، ساز کردنی وڵاتێکی فیدێراتیو و پاراستنی مافی نەتەوەیی کوردان نامومکینە." (کیهان، ١٣٥٧، ٢٦ اسفند). بەڵام گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات لەو سەردەمەدا وەک گوتاری زاڵی سیاسی کوردستان هێندێک چەمکی دیکەی وەک سڕینەوەی ستەمی چینایەتی و جەخت کردن لە سەر زمانی کوردی لە خۆ گرتبوو کە لێرەدا خۆ لە باسکردنی ئەو چەمکانە دەپارێزم. ئەگەر دێموکراسی لە قۆناغەکانی دیکەی وێژمانی سیاسی حیزبی دێموکراتدا وەک چەمک یا دالێکی گوفتمانی بوونی هەبوو، لەم دەورەیەدا ئیدی دێموکراسی بە هاوڕێیەتی لەگەڵ دالی ناوەندی خودموختاری گرینگترین چەمکە لە وێژمانی ئەو حیزبەدا و هەموو حەولەکانی لە پلەی یەکەمدا بۆ ڕوونکردنەوە و تێبینی ئەو چەمکانە چڕ دەکاتەوە و لە پلەی دووهەمدا خەباتی

بۆ دەکات و دەیکاتە هەوێنی شۆڕشی ناسیۆنالیستیی کورد، شۆڕشێک کە ئیتر نویێ بۆتەوە و کەڵک لە هەموو کەرەسەکانی خەباتی ئاشکرا و تێکۆشانی حیزبی لە بەستێنی ئێرانی پاش پاشایەتی وەردەگرێ.

ئەگەرچی لە وێژمانی حیزبی دێموکراتدا هیچ نیشانەیەکی ئایینی و مەزهەبی نەدبیندرا کە لە گوتاری زاڵی ناوەندا نەخشی سەرەکیان دەگێڕا، بەڵام بە پێچەوانەی هێندێک لایەنی مارکسیستی کوردی و سەراسەری، هیچ کردەوەیەکی دژی ئایینی لە حیزبی دێموکرات نابیندرێ، بەڵکوو بە شێوەیەکی مەسڵەحەتخوازانە حەولی بۆ هاوڕێیەتی لەگەڵ شۆڕشی سەراسەری دەدا، بە جۆرێک کە پێوەندی خۆی لە گەڵ ناوەند هەرچەند بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە کەمبوونەوە بوو ڕاگرت و دامەزراوە نوێیەکانی ناوەندی بە فەرمی دەناسی. هەڵبەت بایکۆتی ڕێفراندۆمی خاکەلیوەی ٥٨ لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە هەوەڵین هەنگاوی دەرکەوتنی کێشە سەرەکییەکانی ئەو حیزبە بوو لە گەڵ ڕێبەرایەتی نوێی تاران کە ئەو کێشەیەش دەگەڕێتەوە بۆ پارێزگاری لە دێموکراسی و ڕێزدانان بۆ بەها دێموکراتیکەکان کە حیزب پێی وابوو ئەو ڕێفراندۆمە بە دژی ئەو بەهایانەیە. بەڵام بەشداری حیزبی دێموکرات لە هەڵبژاردنی "مەجلیسی خوبرەگان" و دەنگهێنانەوەی قاسملوو وەک نوێنەری پارێزگای ورمێ، بەشداری لە هەڵبژاردنی "مەجلیس شورای میلی" لە زستانی ١٣٥٨دا، ناردنی هەیئەت لە لایەن حیزبەوە بۆ دانوستان لەگەڵ بەنی سەدر، سەرۆک کۆماری تازە هەڵبژێردراو و پێشکەشکردنی گەڵاڵەی شەش مادەیی و هێنانی "تمامیت ارضی" لەو گەڵاڵەیەدا، حەول بۆ بەشداری لە شەڕدا هاوڕێ لەگەڵ ئەرتەشی دەسەڵاتی نوێ لە ئەگەری داننانی حکوومەت بە مافەکانی کورد و هۆشداری بە سەدام حوسێن بۆ ڕاگرتنی شەڕی دژ بە ئێران، ئەو خاڵە گرینگانەن کە سەرەڕای شەڕی سێ مانگەی هاوین و پاییزی ١٣٥٨، لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان و دەسەڵاتی نوێدا، نیشانەی مەسڵەحەتخوازیی حیزبی دێموکرات بوون بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد و هێمای گشتیی وێژمانی سیاسی ئەو حیزبەیە لەو قۆناغەدا. جۆرێک لە

هەواڵنامەی کتێب

مەسڵەحەتخوازی کە حیزبی دێموکرات بە مەبەستی گەیشتن بە دوو ئامانجی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان دەیکرد.




نموودارى ژمارە چوار؛ وێژمانی ناسیۆنالیستیی مەسڵەحەخوازانە

**٥. وێژمانی ناسیۆنالیستیی ڕووخێنەرانە**

سەرەتاسەری بوونی شەڕی نێوان حکوومەتی نوێ و کوردستان و تەشەنەی شەڕی ئێران و عێراق بووە هۆی ئەوەیکە گوتاری سیاسیی ناوەند تووشی شیفتێکی بنەڕەتی بێ، ئیسلامی فەقاهەتی بوو بە ئیسلامی سیاسی-شیعی بە پێداگری لەسەر ناسیۆنالیزمی مەزهەبی-فەرهەنگی، بە قەولی جەلاییپوور: "حکوومەتی ئینقلابی بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ دژبەرانی نێوخۆیی و دوژمنانی دەرەکی پێویستی بە ناسیۆنالیزمێکی ورووژێنەر و کۆکەرەوەی کۆمەڵگە هەبوو، بۆیە دەسەڵات دوای شۆڕش، ئاوری ناسیۆنالیزم لەسەر بنەمای مەزهەبی خۆش کرد." (جلاییپور، ١٣٨٥، ٤٣). لە ئاکامدا هاتنەئارای ئەم ناسیۆنالیزمی مەزهەبیە بووە هۆی بەهێزتربوونی ناسیۆنالیزمی نەتەوەخوازانەی کورد. دیارە ئەم شیفتە لە ناوەند پێشتر بووە هۆی دژکردەوەی کۆمەڵە و تەنانەت مەکتەبی قورئان کە نوێنەرایەتیی وردە گوتاری

مەزهەبیی کوردستانی دەکرد و زۆر لەگەڵ حکوومەتی نوێ هاوڕێ بوو کە ئەویشی تووشی وەرسووڕانی گوتاری کرد و وای کرد ڕوو لە ناسیۆنالیزمی مەزهەبی لە سەر بنەمای فیقهیی سیاسیی ئەهلی سوننەت بکات. لە ڕاستیدا ئەم گۆڕانکارییە لە گوتاری ناوەندیدا حیزبی دێموکراتی لە باری وێژمانییەوە درەنگتر تووشی دژکردەوە کرد، گوتاری حیزب هەر لە چوارچێوەی مەسڵەحەتخوازیدا دەسوڕاوە. بەڵام لە ساڵی ١٣٦٠دا دوو وەرسووڕانی گوتاری لەم وێژمانە مەسڵەحەتخوازانەیەدا ڕووی دا کە هیچ نیشانەیەکی مەسڵەحەتخوازی تێدا بەدی نەکرا و لە ڕاستیدا دەستپێکی شەڕێکی هەمەلایەنە لەسەر بنەمای کردەوە و تێئۆری بوو.

یەکەم کردەوە، چوونە نێو "شورای ملی مقاومت برای استقلال و آزادی جمهوری دموکراتیک اسلامی" بوو کە لە لایەن بەنی سەدر و سازمانی مجاهدینی خەڵقەو لە دەرەوەی ئێران دامەزرابوو. ئەم کردەوەیە نیشانەی ئەوە بوو کە حیزبی دێموکرات حیزبێکی دژبەر بوو کە مەبەستی پێکهێنانی حکوومەتێکی نوێیە. دووهەم کردەوە بە کارهێنانی دروشمی "برووخێ ڕێژیمی دژی گەلی خومەینی" و خستنە نێو بەرنامەی حیزبەوە بوو، دروشمێک کە پێشتر ئەو حیزبەی کە لە لایەن حکوومەتەوە هەڵوەشاوە (منحله) ڕاگەیاندرابوو کردە دوشمنی ڕاستەخۆی حکوومەت. (حەسەنزادە، ١٣٨١، ٤١٦و٤١٩)، دروشمی "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" ئێستاش لە دالە گوتارییەکانی ئەم قۆناغەی وێژمانی حیزبی دێموکراتدا بوونی هەبوو بەڵام ڕووخانی ڕژیمی نوێ بوو بە دالی ناوەندیی ئەو گوتارە و ڕێگای گەیشتن بە دێموکراسی و خودموختاری بە باوەڕی حیزبی دێموکرات ڕووخانی ئەو حکوومەتە بوو. ئەوە ئەگەرچی وەرسووڕانێکی گوتاری بوو کە لە ئاکامی کردەوەی دوژمنکارانەی حکوومەتی نوێ ڕووی دا و هەموو هیواکانی بۆ سازان لە گەڵ ئەو ڕێژیمە کە لە قۆناغی پێشتردا زۆری حەول بۆ درا سڕ دەکرد، بەڵام هەر وەک دەبینین وێڕای شەڕی خوێناوی، حیزبی دێموکرات دەست لە دروشمی دێموکراسی بۆ ئێران هەڵناگری، ئێرانێک کە لە دوورترین

شوێنیەوە جەماوەریێ بۆ سەرکوتی کوردستان هێنابوو. پێویستە ئاماژە بکرێ لەم قۆناغەدا بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی گشتی حیزبی دێموکرات خەباتی چەکداری وەک شێوەیەک لە خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتیەکانی هەڵدەبژێرێ.[1]




نموودارى ژمارە پێنج؛ وێژمانی ناسیۆنالیزمی ڕووخێنەرانە

لە ڕاستیدا ئەم قۆناغەی گوتاری حیزبی دێموکرات، بەرهەمی؛ بڕوامەند نەبوونی ڕێبەری نوێی ئێران بە خودموختاری کوردستان و پێداگری لە سەر واتای "امت" بە جێی نەتەوە یا هاووڵاتی، شەڕی ئێران و عێراق و زاڵبوونی بنەماژۆخوازەکان لە ناوەند، پێک نەهاتنی گوتاری هاوبەش لە کوردستان و کارشکێنی وردە وێژمانەکانی وەک کۆمەڵە و مەکتەبی قورعان، گەشەی ناسیۆنالیزمی مەزهەبی-فەرهەنگی لە ناوەند و دژکردەوەی ناسیۆنالیزمی نەتەوەخوازانەی کورد بوو. بەم چەشنە لەم قۆناغەدا

١. هەڵبەت پێشتر حیزبی دێموکرات ئەزموونی خەباتی چەکداری ساڵەکانی ١٣٤٦-١٣٤٨ی هەبووە بەڵام جیاوازیی ئەو قۆناغە ئەوەیە کە حیزب بە شێوەیەکی گشتی و بە کۆی ڕای گشتی بەو ڕەوتەدا دەڕوا، بەڵام ئەوکات کۆی حیزب لە سەر ئەو باوەڕە نەبو، وبەڵکو ئەوە بڕیاڕی کۆمەڵێکی نێو حیزب بوو.

کوردستان بە تەواوی لە فەزای سیاسیی ئێراندا دەکەوێتە پەراوێزەوە. هەڵبەت لەم قۆناغە گوتارییەدا و لە ساڵەکانی دواتردا لە نێوان کۆماری ئیسلامی و دەستەیەک لە نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی کە بە تێرۆریست دەرچوون دانوستان هاتە ئاراوە کە پێویستە لە بواری گوتارییەوە ئاماژەی پێ بکەم، دیارە ئەو دانووستانانە بە ئامانجی چارەسەری پرسی کورد بەڕێوەچون کە لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووەوە وەک لایەنی دانووستانکار تەنیا بە پێدانی خودموختاری چارەسەر دەبوو. وەک لە دەقی قسەکانی ئەو دانووستانە دەردەکەوێ زۆرترین جەختی قاسملوو لە سەر خودموختارییە واتە دالی ناوەندی یەکەم قۆناغی گوتاری دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلان، قاسملوو لە یەک لە دانیشنەکانی لە گەڵ سەحرارووديدا دەڵێ: "ئێمە لە هەر حاڵێکدا ئامادەی دانووستان لە گەل تاران هەین بەڵام لە سەر بنەمای ویستی خودموختاری" (کوچرا، ٢٠٠٠، ٢٦١). لە شوێنێکی دیکەدا قاسملوو ڕوو لە هەیئەتی دانووستانکاری تاران دەڵێ: "ڕەنگە بڵێن حکوومەتەکەی ئێمە ئیسلامییە و خودموختاری لەگەڵ ئیسلام لە دژایەتی دایە. بەڵام لە مێژووی ئیسلامدا، خودموختاری لە قەوارەیەکی زۆر بەرینتر لەوەیکە ئێمە ئێستا داوای دەکەین پێشینەی بووە. ویستی خودموختاری ئێمە لە چوارچێوەی ئێراندا داوا دەکرێ و ئێمە دەمانەوێ لە ئێراندا بمێنینەوە" (هەمان، ٢٦٣). ئەوەی لە دەقی ئەو دانیشتنانە دەردەکەوێ ڕێبەریی حیزبی دێموکرات تووشی جۆرێک تەعاروزی گوتاری هاتوە، وەک باسمان کرد لەم قۆناغەدا حیزبی دیموکرات ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دەکاتە دروشمی سەرەکیی خۆی و پێداگرە لە سەر ئەوەیکە گەیشتن بە خودموختاری و دێموکراسی پێویستی بە ڕووخانی ئەو ڕێژیمە هەیە، بەڵام لەگەڵ هەمان ڕێژیم دەکەوێتە دانوستان و هیچ باسێکیش لە دێموکراسی لە ئارادا نیە و تەنانەت باسی نەبوونی ناکۆکی لە نێوان خودموختاری و ئیسلام یا باشترە بڵێین حکوومەتی ئیسلامیدا دەکات[٢].

٢. لام وایە ئەو حەولەی دوکتور قاسملوو دەگەڕێتەوە بۆ دۆخێک کە ئێران و حیزبەکەی تیی کەوتبوو، لە لایەکەوە نیگەرانی لە چارەنووسی حیزبی دوای شەڕ لە گەڵ عێراق هەبوو، لە لایەکی دیکەشەوە

### ٦. وێژمانی ناسیۆنالیستیی دێموکراسی تەوەری بەشداریخوازانە

دوای تێرۆری ڕێبەرانی حیزب و کۆتاییەکانی دەیەی شەست و نیوەی دەیەی حەفتا حیزبی دێموکرات سوور بوو لە سەر دروشمەکانی خۆی کە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی گرینگترینی ئەو دروشمانە و دالی ناوەندی گوتارەکەی بوو، تا ئەوەیکە لە ناوەندی دەسەڵاتداریتیی ئێران هێندێک گۆڕانکاری ڕووی دا، جەریانی ڕیفۆڕمخوازی هاتە سەحنەی سیاسی ئێرانەوە. کۆمەڵگای مەدەنی، ئازادی بەیان و لەوان گرینگتر بەشداریی سیاسی هەموو جیاوازییەکانی ئێران لە چوارچێوەی ئێران بۆ هەموو ئێرانییەکان و بە مەبەستی گەشەی سیاسی بووە پلانی دەوڵەتی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ڕیفۆڕمخوازی محەممەد خاتەمی و لەسەر ئەو بنەمایە گوتاری سیاسی ناوەند تووشی گۆڕانکاری مەزن هات. ئەم وەرچەرخانە بووە هۆی جموجۆڵ و گۆڕانکاریی بەرچاوی کۆمەڵایەتییش، کە کوردستانیشی گرتەوە.

ناسیۆنالیزمی مەدەنی گوتاری ڕیفۆڕمخوازی کە جەختی لەسەر بەشداری، ئازادی ڕادەربڕین و کۆمەڵگەی مەدەنی دەکرد توانی بەستێنێکی گونجاوتر بۆ گەشەی کولتووری لە کوردستان بگونجێنێ. ناچمە نێو باسی ئەو گۆڕانکاری و دۆخەی ئێران پێیدا تێپەڕی بەڵام هەر ئەوەندە بەسە کە بڵێم ئەو دۆخە بووە هۆی وەرچەرخانێکی دیکە لە گوتاری سیاسی حیزبی دێموکراتدا. پێشتر باسم کردبوو کە ناسیۆنالیزمی کوردی ناسیۆنالیزمێکی دژکردەوەییە و بە تەبەعیەت لە گۆڕانکاری جۆری ناسیۆنالیزمی ناوەند، ناسیۆنالیزمی کوردیش و گوتارە سیاسیەکەی گۆڕانی بەسەردا هاتوە، وەک دیتمان ناسیۆنالیزمی فەرهەنگی-مەزهەبی لە دەورەی پێشدا لێکەوتەکەی ناسیۆنالیزمی ڕووخێنەری کورد بوو، ئێستاش لەم قۆناغەدا ناسیۆنالیزمی مەدەنی ڕیفۆڕمخوازی بووە هۆی نیانتر بوونی گوتاری حیزبی

---

جیابوونەوەی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر کاریگەریی لە سەر ئەو نیگەرانیەی زیاتر کردبوو، بۆیە لە دەلاقەیەک دەگەڕا تا بتوانێ پێش ئەوەیکە خەسارەتێک لەو بزووتنەوەیە بکەوێ کە ڕێبەرایەتیی دەکرد، چارەسەرێک بۆ مەسەلەی کورد بدۆزێتەوە.

دێموکرات بە نیسبەت ناوەند. ئەگەرچی هەروەک حیزبی دژبەری کۆماری ئیسلامی ماوە و دەستی لە ویستی خودموختاری هەڵنەگرت بەڵام ئەو دۆخە نوێیە وای کرد کە بە گۆڕانکاری گوتاری هەم دۆخێکی باشتر بۆ چالاکانی نێوخۆ بخولقێنێ هەمیش هیوادار بوو وەزعەکە بگەڕێتەوە سەرەتاکانی شۆڕش و ئیمکانی دانوستان لەگەڵ دەوڵەتی نوێ بێتە ئاراوە. تا ئەو سەردەم جگەلە هەڵبژاردنی یەکەم مەجلیسی شورای میللی و خوبرەگانی یەکەم، حیزبی دێموکرات تەواوی هەڵبژاردنەکانی بایکۆت کردبوو، ئێستا نە تەنیا هیچ خەبەرێک لە بایکۆت نەبوو بەڵکوو لە ڕێی هێندێک لە تریبۆنە نافەرمیەکانی خۆیەوە بەشێک لە پاڵێوراوانی مەجلیسی شەشەم، سەرۆک کۆماری هەشتەم و شورای ئیسلامی یەکەم و دووهەمی وەک کەسانی جێی متمانەتر تەئیید کرد. ئەگەرچی بە شێوەیەکی فەرمیش ڕاینەگەیاند کە دەستی لە دروشمی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی هەڵگرتوە بەڵام لە بەیاننامە و تریبۆنە فەرمییەکان گوێبیستی نەدەبووی. دروشمی خودموختاری بۆ کوردستان و دێموکراسی بۆ ئێران وەک دوو دالی گرینگی گوتاری مانەوە، بەو جیاوازییەوە کە ئێستا حیزبی دێموکرات بۆ هاوڕێیەتی لەگەڵ ڕەوتی سیاسی ناوەند و ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییانەی کە لە بەستێنی کۆمەڵگای ئێران و کوردستاندا پێک هاتبوون، لە سەر دێموکراسی سوورتر بوو، واتە لەم قۆناغەدا دێموکراسی بۆ یەکەم جار بوو بە دالی ناوەندیی وێژمانی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. کەواتە ئەو وەرچەرخانە ڕێک هاوتەریب بوو لەگەڵ "وردە گوتاری ڕیفۆرمخوازی کۆماری ئیسلامی"[٣] کە "گەشەی سیاسی" واتە "دێموکراسی" دالی ناوەندی ئەو گوتارەی پێک دێنا. وەک باس کرا خودموختاری بەردەوام دروشمی حیزب ماوە و سڕینەوەی ستەمی نەتەوایەتی و

---

٣. کۆماری ئیسلامی پێک هاتوە لە کەلان گوتارێک کە ئیسلامی سیاسی وەلایی ناوەندیتیی ئەو گوتارە پێک دێنێ، بەڵام هاوکات و لە قۆناغە جیاوازەکاندا هێنێک وردە گوتار هاتوونەتە بەستێنی سیاسی ئێرانەوە کە وردە گوتاری ڕیفۆرمخوازی یەک لەوانەیە و دەتوانین ئاماژە بە وردە گوتاری ئێعتدال و ...بکەین

هەروەها زمانی کوردی وەک هاوتەریبێتی لە گەڵ ڕەوتی نێوخۆ دالە خزەکانی دیکەی ئەو گوتارە بوون.

لە ڕاستیدا حیزبی دێموکرات لە سەر ئەو بنەمایەی کە قاسملوو پێشتر گوتبووی "دێموکراسی دەتوانی زامنی خودموختاریی ئێمە بێ" (قاسملوو، بی تا، ٢٥٨)، متمانەی بە ناسیۆنالیزمی مەدەنی محەممەدی خاتەمی و دروشمی گەشەی سیاسی کرد وحەولی دا بە ڕێخۆشکردن بۆ بەشداری لە پرۆسەی سیاسی ئێراندا ئەم جۆرەش لە سیاسەت کردن لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتداریێتی کۆماری ئیسلامی تاقی بکاتەوە و دێموکراسی بکاتە ناوەندی وێژمانی خۆی.




نموداری ژمارە شەش؛ وێژمانی ناسیۆنالیستیی دێموکراسی تەوەری بەشداریخوازانە

### ٧. وێژمانی ناناوەندخوازی

دوای تێپەڕبوونی شەش ساڵ لە دەوڵەتی ڕیفۆرمخواز، تەواوبوونی مەجلیسی شەشەم و ڕەدی سەلاحییەتی ژمارەیەکی زۆر لە کاندیدا ڕیفۆرمخوازەکان و پالێوراوانی ناوچە کوردستانییەکان بۆ مەجلیسی خولی حەوتەم، داخرانی بە کۆمەڵی ڕۆژنامەکان و بەرتەسک کردنەوەی گۆڤار و بلاڤۆکەکان، چالاکانی مەدەنی و سیاسی کوردی بە ڕیفۆرمخوازی بێهیوا کرد. هەر ئەوەش بەستێنی بۆ بەشداریی کەمی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی خولی حەوتەمی مەجلیس و سەرۆک کۆماری خولی نۆهەم خۆش کرد و هەلی بۆ هاتنە سەرکاری ئەحمەدینژاد ڕەخساند. (اسماعیلزاده، ١٣٨٨، ٢١٤-٢٠٢٧).

لە لایەکی دیکەوە نیان بوونی گوتاری حیزبی دێموکرات و پێشوازی لە ناسیۆنالیزمی مەدەنیی خاتەمی کاریگەریەکی ئەوتۆی نەبوو، ئیدی خەبەرێک لە بەرەوپیری هەڵبژاردن چوون و هاندان بۆ بەشداری نەما. ئەم گۆڕانکاریانە لە ئێراندا هاوکات بوو لەگەڵ دۆخی تازەی عێراقی پاش سەدام حسێن و بەفەرمی ناسینی کوردستانی باشوور وەک هەرێمێکی فیدڕاڵ لە عێراقی فیدێراتیودا. بە کاریگەری لەم دۆخە و ئەو ناهومێدییەی کە دوای دەوڵەتی خاتەمی بە سەر ئێران و کوردستاندا زاڵ ببوو، حیزبی دێموکرات گۆڕانکارییەکی نوێ لە دروشم و گوتاری خۆیدا پێک دێنێ، دروشمی ئیستراتیژیکی "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" لە کۆنگرەی سێزدەهەمی ئەو حیزبە لە ساڵی ١٣٨٣دا بوو بە "ئێرانی فیدڕاڵی دێموکراتیک"، ئەم گۆڕانکارییە لە دروشمی حیزبدا بوو بە هۆی نزیک بوونەوە و هاوکاریی پتر لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران، کە هەڵبەت بە ڕاشکاوی لە بەرنامەی حیزبدا هاتووە کە: "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەتەوە ژێر دەستەکانی ئێران بە هاوپەیمانی ئیستراتیژیکی خۆی دەزانێ و پشتیوانی لە خەباتی ئەوان بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوایەتیەکانیان دەکات."(حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ١٣٨٣)

هەولێرنامەی کتێب

ئەم ڕوانگەیە بە نیسبەت نەتەوەکانی دیکەی ئێران کە خۆی لە چوارچێوەی "ئێرانی فیدراڵ"دا دەدۆزییەوە، حەولێکی نوێی گوتاریی بوو کە پێناسەی ئەم قۆناغەی گوتاری حیزبی دێموکراتی دەکرد. ئەم وەچەرخانە گوتارییە ئەدەبیاتی سیاسی حیزبی دێموکراتیشی گۆڕی، ناسیۆنالیزمی کورد پێداگرتر بوو لە سەر نەتەوەبوونی کورد و ئاڵا و سروودی نیشتمانی و پێشمەرگە ئەو چەمکانە بوون کە حەول دەدرا لە نێو ئەو گوتارەدا تایبەتمەندیی هەرێمی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە بەرامبەر ناوەندی ئێراندا دیاری بکات. هەڵبەت هاوکات لەگەڵ فیدڕالیزم دیسان لەسەر دێموکراسی پێداگرییەکی زۆر دەکرێ و وەک یەک لە چەمکە وێژمانیەکان هاوڕێ لەگەڵ دالەکانی دیکەی وەک هاوکاری لە گەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران ئەم گوتارە نوێیەی حیزبی دێموکرات پێک دێنن. بە شێوەیەک کە مستەفا هیجری سکرتێری ئەو سەردەمی حیزب دەڵێ: "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە لەبەرچاو گرتنی باڵانسی هێز لە ناوچە و لە ئاستی نێو نەتەوەییدا لە سەر ئەو باوەڕەیە کە گونجاوترین دروشم و مکانیزم بۆ چارەسەری پرسی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، فیدڕالیزم لە سەر بنەمای جوغرافیایی-نەتەوەیی لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانە دایە کە کوردستانیان بەسەردا دابەش بووە. هەروەها حیزب پێی وایە کە بێ سەقامگیری دێموکراسی ڕاستەقینە مافەکانی گەلی کورد نایەنە دی و لە ئەگەری نەبوونی دێموکراسیدا هیچ گارانتیەک بۆ وەرگرتنەوەی ئەو ئازادی و مافانە بوونی نیە" (هیجری، ١٣٨٥، ئینتێرنێت).

ئەگەرچی حیزبی دێموکرات لە سەرەتای شۆڕشەوە پێداگریی لەسەر ناناوەندیی دەسەڵات دەکرد کە هەڵبژاردنی دروشمی خودموختاریش هەر لە سەر ئەو بنەمایە بوو بەڵام حیزب پێی وا نەبوو دەبێ ئەوەی بۆ نەتەوەکانی دیکەش بوێ، بۆیە دروشمی فیدڕاڵی لەو قۆناغەدا هەڵنەبژێردرا، هەر لەم بارەیەوە قاسملوو دەڵێ: "بروامان وایە ڕێگا چارەی مەسەلەی نەتەوەکان لە ئێران، فیدڕالیزمە، چون ئێران چەند نەتەوەییە، کەواتە ئیمە لایەنگری نەتەوە ژێردەستەکانی ئێرانین، بەڵام ئێمە

وەکیلی ئەوان نین، ئێمە ناتوانین خودموختاری بۆ ئەوانیش بستێنین" (کوچرا، ۲۰۰۰، ۳۱۱-۲۸۹). لەم قۆناغەدا وێڕای گۆڕانکاریی گەورە لە دروشم و سیاسەتی حیزبی دێموکرات بە نیسبەت ئێران وپێکهاتەکانی و ڕەوتی سیاسی ئەو وڵاتە کە کەمتر بەشداریخوازانەیە بەڵام دێموکراسی بەردەوام هەم لە دروشم و هەم لە سیاسیەت و ئەدەبیاتی حیزبدا پێگەی تایبەتی هەیە.




نموونداری ژمارە حەوت؛ وێژمانی ناناوەندخوازی

لەم قۆناغەی وێژمانی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دابڕانی حیزب ڕوو دەدا و دووباڵی دێموکرات پێک دێ کە لە باری گوتارییەوە و لە پێوەندی لەگەڵ دێموکراسیدا جیاوازییەکی ئەوتۆیان نیە، وێڕای ئەوەیکە زۆرجار جیاوازیی ئەو دوو لایەنە پتر دەگەڕێتەوە بۆ ڕەکەبەرایەتییان لەگەڵ یەکتر نەک دژایەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی وەک ئەویتری گوتاری. ئەم گوتارە تا ئێستاش وێڕای ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە بەستێنی سیاسیی کوردستان و ئێراندا پێک هاتوون درێژەی هەیە، بەو جیاوازیەوە کە حیزب بەپێی زەرفییەتەکانی سەردەم توانیویەتی لە کەرەسە نوێیەکانی وەک سوشیاڵ میدیا و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کەلک وەرگرێ و جەختی زیاتر بکاتە سەر ڕەوتە مەدەنیەکان بە ئامانجی سەقامگیری دێموکراسی و

گەیشتن بە مافە نەتەوایەتیەکانی. هەڵوێستی حیزب بە درێژی ئەو ساڵانە سەبارەت بە بزووتنەوەی سەوز، ڕووداوەکانی ١٣٩٦، ١٣٩٧، ١٣٩٨ و بزووتنەوەی ژینا لەپێناو گەیشتن بە دێموکراسیدا بووە و کەم تا کورتێک دالەکانی گوتاری سیاسی حیزب هاوشێوەی دوایین قۆناغی ئەو گوتارەن کە هاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

### دەرئەنجام

لە یەکەم ڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتەوە، چ ئەوکات کە حیزبی دێموکرات بنەمایەکی نەزەری و تیئۆریکی نەبوو و چ دواتر کە ئەو حیزبە بووە خاوەن بنەمایەکی تیئۆریکی بەهێز، بەردەوام چەمکی دێموکراسی وەک بابەتێکی گرینگ لە گوتاری ئەو حیزبەدا شوێندانەر بووە، تەنانەت ئەو کاتانەی کە حیزبی دێموکرات دەستی داوەتە شێوەیەکی کەمتر مەدەنی خەباتی سیاسی، دێموکراسی هەر بابەتێکی گوتاری بووە لە وێژمانی ئەو حیزبەدا، بابەتێک کە ئێستاش وەک یەک لە چەمکە هەرە گرینگەکانی ئەو وێژمانە وێڕای گۆڕانی دۆخی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ناوخۆ، ناوچە و نێو نەتەوەیی هەر بوونی هەیە و ئەگەر ئەو وێژمانە گۆڕانیشی بەسەردا هاتبێ، دێموکراسی لە گەڵ دالەکانی دیکەدا بەردەوام جومگەبەندی کراوە. ئەوە وادەکات حیزبی دێموکرات بە شێویەکی واتایی و نەزەری حیزبێکی دێموکرات بێ. هەڵبەت پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە بە هۆی ئەوەیکە بابەتەکە زۆر درێژ دەبۆوە خۆم لە چەمکی دێموکراسی لەنێو بەدەنەی حیزب نەداو نەپەڕژامە لێکدانەوەی ڕەفتارشناسی تەشکیلاتی و ڕێکخراوەیی حیزب بە پێوەرە دێموکراتیکەکان و ئەو بەهایانەی کە دێموکراسی حیزبی لە سەر ساز دەبن.

***

### سەرچاوەکان

- اسماعیلزاده، خالد، ارزیابی مشارکت سیاسی کردها در ایران، فصلنامەی ڕۆژەڤ، تهران شماره ١١و ١٢ ١٣، ١٣٨٨
- انتصار، نادر، سیاست کردها در خاورمیانه، ترجمەی عرفان قانعی فرد، تهران، نشر علم، ١٣٩٠.
- ایگلتون، ویلیام. جمهوری ١٩٤٦ کردستان. ترجمەی محمد صمدی. مهاباد: انتشارات سیدیان، ١٣٦١
- جلاییپور، حمیدرضا، فراز و فرود جنبش کردی ١٣٦٧-١٣٥٧، تهران، لوح فکر، ١٣٨٥.
- حسامی، کەریم، لە بیرەوەریەکانم، هەولێر، ٢٠١٨.
- حەسەنزادە، عەبدوڵڵا، عەبدولڕەحمان قاسملوو، کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆیە، ئینتیشاراتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ١٣٨١.
- ڕومانو، دیوید. چالش های هویت جویی کردی و حکومت های ایران (از قاجاریه تا خاتمی)، ترجمۀ منصور ساعی. تهران: فصلنامەی ڕۆژەڤ، شمارەی ١١ و ١٢و ١٣، ١٣٨٨
- قاسملو، عەبدولرەحمان، تاقگەی حەقیقەت (بەشێک لە بەرهەمەکانی دوکتور قاسملوو)
- قاسملوو، عەبدولڕەحمان، عەبدوڵڵا حەسەن زادە، کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. کۆیە، ئینتشاراتی حیزبی دێموکراتی کردستانی ئێران، ١٣٨١
- کاتم، ریچارد. ناسیونالیسم در ایران، ترجمەی احمد تدین، تهران: کویر، ١٣٨٣.
- کوچرا، کریس. جنبش ملت کرد و خواست استقلال، ترجمه عزیز ماملی، ٢٠٠٠.
- مک داول، دیوید. تاریخ معاصر کرد، ترجمۀ ابراهیم یونسی. تهران، انتشارات

پاییز، ١٣٨٠.

– هجری، مصطفی، سخنرانی در کنفرانس «استقلال کرد، دمکراسی و آرامش منطقه»، اینترنت، aspx.http: //tangsir.blogfa.com١٨٤٠٨٤، تیر ١٣٨٥

– ڕوزنامەی اطلاعات، ١٦ فروردین ١٣٥٨

– ڕوزنامەی کیهان، ٢٦ اسفند ١٣٥٧

– ڕوزنامەی کیهان، ١٥ فروردین ١٣٥٨

# ڕەهەندەکانی سیاسەتی زمانیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

(بە بۆنەی هەشتا ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە نووسراوە)

هەواڵنامەی کتێب

**د.قادر وریا**

**بەرایی:**

لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٤٠٤ (١٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٥)، هەشتا ساڵ بەسەر دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ڕادەبرێت. ئەم حیزبە بە تەمەنترین حیزبی هەموو کوردستانە کە هەتا ئێستاش بۆ ڕزگاریی نەتەوەی کورد لە ئێران لە بێمافی و بندەستیی نەتەوەیی لە حاڵی تێکۆشان و خەباتدایە. پرسی زمان بە گشتی و زمانی کوردی بە تایبەتی، هەر لە ڕۆژی یەکەمی دامەزرانی ئەم حیزبەوە هەتا هەنووکەش، یەک لەو پرسە سەرەکییانە بووە کە لە ئامانجەکان و بەرنامەی سیاسی و تێکۆشان و خەباتی بەردەوامی ئەم حیزبەدا، گرنگیی تایبەتیان پێ دراوە. لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێت ڕەهەندەکانی سیاسەتی زمانیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پشتبەستن بە پەسندکراوەکان، تێکۆشانی کردەیی و بەڵگەنامەکانی مێژووی ئەم حیزبە، ئاوڕیان لێ بدرێتەوە.

**کلیلە وشەکان:** سیاسەتی زمانی، بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، نەتەوەی کورد، زمانی کوردی، زمانی ڕەسمی، مافە زمانییەکان.

**پێویستیی سیاسەتی زمانی بۆ حیزبێکی نەتەوەیی و ڕزگاریخواز**

"سیاسەتی زمان" یان "سیاسەتی زمانی" بە کۆی ئەو باوەڕ، ڕوانین، پەسندکراو و بڕیارانە دەگوترێت کە دەوڵەتێک، حیزبێک، دامەزراوەیەک، تەنانەت بنەماڵەیەک، دەیکەنە ڕێنوێن و بنەمای هەڵوێست و کردەوە و هەڵسوکەوتی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ زمان و بەکارهێنانی زمان لە کۆمەڵدا.[1] حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر لە کاتی دامەزرانیەوە خاوەنی سیاسەتی زمان بووە، ئەگەرچی ناوی "سیاسەتی زمان"ی لەسەر ئامانجەکان، پەسندکراوەکان و بڕیار و ڕێوشوێنەکانی پێوەندیدار بە زمانی خۆی دانەنابێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستان، ساڵی ١٩٤٥ بە ئامانجی دابینکردنی سەروەریی نەتەوەیی بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێی ناوەتە مەیدانی تێکۆشان. نەتەوەی کورد لە ئێران لەکاتی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، نەک هەر لە مافی خۆبەڕێوەبردن و دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بێبەش بووە و هەر لەجێدا حاشا لە بوونی کراوە، زمانەکەشی بە توندی سەرکوت کراوە؛ تا ئەو ڕادەیە کە نووسین بەو زمانە، تەنانەت ڕاگرتن وخوێندنەوەی کتێب و چاپەمەنیی کوردی لە چوارچێوەی بنەماڵەشدا سزای قورسی بەدواوە بووە؛ هەروەها قسەکردن بەو زمانە لە ئیدارەی دەوڵەتی و قوتابخانە ڕێگریی لێکراوە. ئاشکرایە چارەسەری کێشەی نەتەوەیی خەڵکێک کە زمانێکی جیاواز و تایبەت بە خۆیان هەیە و داگیرکەری نیشتمانەکەیان بە حاشاکردن لەو زمانە و سڕینەوەی، هەوڵی تواندنەوەیان دەدات، بێ دەستنیشانکردنی پێگەی زمان لە ئامانجەکان و بەرنامەی سیاسی حیزبێکدا کە

---

١. قادر وریا، شەڕی ناسنامە و سەنگەری زمان، ٢٠٢٢، چاپی هەولێر، لاپەرە ٧٠

ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازانەی ئەو خەڵکەیە، ناتەواو دەمایەوە. بە سەرنجدان بەم ڕاستییە بووە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێگەی پرسی زمانی کوردیی لە بەیاننامەی دامەزرانیدا، هەتا ڕادەی دووهەم ئامانج لە هەشت ئامانجە سەرەکییەکەی خۆی بەرز کردووەتەوە و بەم جۆرە گەلاڵەی کردووە:

"(نەتەوەی کورد) مافی خوێندن بە زمانی زگماکیی خۆی هەبێ و تەواوی کاروباری ئیدارەکان بە هۆی زمانی کوردی بەڕێوە بچێ."[٢]

**بوارەکانی ڕەنگدانەوەی سیاسەتی زمانیی حیزب**

سیاسەتی زمانیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەوەی لە بوار و بەستێنی جیاوازدا ڕەنگی داوەتەوە، سیاسەتێکی یەکگرتووانە بووە و لە ڕوانین و باوەڕێکی نەتەوەیی، دێموکراتیک و ئازادیخوازانەوە سەرچاوەی گرتووە. سەلماندنی ئەم قسەیە، پێوستی بە دەستنیشانکردنی ئەو بوار و بستێنانە لە لایەک و لە لایەکی دیکە، تایبەتمەندی و خاڵە هاوبەشەکانی ئەو سیاسەتە سەرەڕای جیاوازیی گۆڕەپانی بەکارهێنان و کارپێکردنیان هەیە. بوار و بەستێنەکان بریتین لە:

١- ڕەنگدانەوەی پرسی زمان لە بەرنامە و پەسندکراوەکانی حیزبدا،

٢-زمانی تێکۆشانی ئۆرگانیزمی حیزب،

٣-خزمەتەکانی حیزبی دێموکرات بە زمان لە کاتی دەسەلاتدارێتیدا،

٤-زمانی ئەدەبیاتی سیاسی، پەروەردە و ڕاگەیەنەکانی حیزب

٥- پێگەی زمانی کوردی لە گەلاڵەی ڕێککەوتننامەکانی حیزبدا،

٦- هەنگاوی هاندەرانەی تایبەت بە بواری خزمەتی زمان،

هەر کام لەو بوار و بەستێنانە باسێکی تایبەت و تێر و تەسەل هەڵدەگرن، بەڵام لەم وتارەدا بە کورتی ئاوڕیان لێدەدرێتەوە:

---

٢. قاسملوو، عەبدولڕەحمان، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، بەرگی یەکەم، چاپی سێهەم، (١٣٧٨-٢٠٠٠)، ل ٣٢

### ١- ڕەنگدانەوەی پرسی زمان لە بەرنامە و پەسندکراوەکانی حیزبدا

جگە لەوەی لە بەیاننامەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، دووهەم ئامانج لە هەشت ئامانجی سەرەکیی حیزب بۆ پرسی زمان تەرخان کراوە و گوتراوە کە زمانی کوردی دەبێ ببێتە زمانی پەروەردە و کاروباری ئیداریی کوردستان، لە یەکەم مەرامنامەی ئەو حیزبەشدا کە پەسندکراوی کۆنگرەی یەکەمیەتی (سەرماوەزی ١٣٢٤)، دوو خاڵی پێوەندیدار بە زمان هەن. لەو دووخاڵە دا هاتوە:

"بە مەبەستی پەرەپێدانی زانست و شارستانییەت لەنێو خەڵکی کوردستاندا، خوێندنی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی دەکرێتە ئیجباری و لە هەموو قۆناغەکاندا ئەبێ بە زمانی کوردی دەرس بخوێندرێ."(خاڵی سێزدەیەم)

"دەبێ مافی کەمە نەتەوەییەکانی کە لە کوردستاندا دەژین، وەکوو ئازەربایجانی، ئەرمەنی و ئاسووری، بە تەواوی دابین بکرێ." (خاڵی بیست ودوویەم)[٣]

لەنێو بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی دووی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا (سەرماوەزی١٣٤٣، دێسەمبری١٩٦٤) شتێک بە ناوی بەرنامەی حیزب بەدی ناکەین و لە نێو بەیاننامە و بڕیارنامەکانیشیدا، خاڵێکی تایبەت بە زمانی کوردی، نابیندرێت.

کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕەزبەری ١٣٥٢ (سێپتەمبری ١٩٧٣) لە شاری بەغدا پێک هاتوە. لە بەرنامەی پەسندکراوی ئەم کۆنگرەیەدا کە هەمان بەرنامەی پەسندکراوی کۆنفرانسی سێهەمی حیزب (١٣٥٠) بووە بە کەمێک دەستکارییەوە پەسندکراوەتەوە، پرسی زمانی کوردی بەم جۆرە هاتووە:

١١( "زمانی کوردی زمانی ڕەسمیی حکوومەتی میلیی خودموختاری کوردستانە. لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا فێربوون بە زمانی کوردییە و لە ئیدارەکانی دەوڵەتیشدا ئەو زمانە بەڕەسمی بەکار دەهێندرێ. زمانی فارسی هەروەک لە ناوچەکانی تری ئێران لە حکوومەتی میلیی خودموختاری کوردستانیش زمانێکی

---

٣. بەڵگەنامەکانی کۆنگرەکان، بەرگی یەک (کۆنگرەی ١ تا کۆنگرەی ٩)،ساڵی چاپ ٢٠٢١، لاپەڕی ١٣

ڕەسمیی دەوڵەتییە و لە قوتابخانەکان پاش ساڵی چواری سەرەتایی، منداڵانی کوردستان وێرای زمانی کوردی دەیخوێنن.

١٢) کەمایەتییەکانی نەتەوایەتیی دانیشتووی کوردستان دەگەڵ کوردەکان مافیان وەک یەکە. مافی فەرهەنگییان دابین دەکرێ و منداڵەکانیان لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا بە زمانی زگماکی خۆیان دەخوێنن و مافی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و کتێب بە زمانی خۆیان دەبێ.

٢٨) پەرەپێدانی زمان و ئەدەبی کوردی، پشتیوانی لە نووسەران و زانایانی کورد ڕێبازی داییمی سیاسەتی فەرهەنگیی حکوومەتی میللی خودموختاری کوردستان دەبێ."[٤]

لە بەرنامەی پەسندکراوی کۆنگرەی چوارەمدا ئەو خاڵانەی لە بەرنامەی کۆنگرەی سێهەمدا هاتوون، بە دەسکارییەکی کەمەوە پەسند دەکرێنەوە. تەنیا خاڵی یازدەهەم ئەو چەند ڕستەیەی لێ زیاد کراوە:

"لە ئێدارە و دامودەزگاکانی ناوچەی خودموختاری کوردستاندا زمانی کوردی ڕەسمییە. نامەنووسینی ئیدارەکانی ناوچەی خودموختاری کوردستان لەگەڵ مەرکەز و ناوچەکانی دیکەی ئێران و هەروەها لەگەڵ ئەو ئیدارانەی سەر بە دەوڵەتی مەرکەزین بە زمانی فارسی دەبێ."[٥]

دەکرێت بڵێین کاکڵەی ئەم کۆمەڵە خاڵە، تەنانەت زۆربەی جاران بە هەمان داڕشتنەوە و بە جیاوازییەکی کەمی وشەکانەوە، لەکۆنگرەکانی داهاتووی حیزبدا پەسند کراونەوە. پەسندکردنی دروشمی فیدرالیزم لە کۆنگرەی سێزدەیەمی حیزب(پووشپەڕی ١٣٨٣، جولای ٢٠٠٤)، هەروەها دابڕان و جیابوونەوەکانی مێژووی حیزبیش نەبوون بە هۆی گۆڕانێکی گەورە لەو خاڵە سەرەکییانەی پێوەندیدار بە ڕوانینی حیزب بۆ زمانی کوردی و مافە زمانی و کولتوورییەکانی کەمایەتییە نەتەوەییەکانی کوردستان،

---

٤. بەڵگەنامەکانی کۆنگرەکان، بەرگی یەک (کۆنگرەی ١ تا کۆنگرەی ٩)، ساڵی چاپ ٢٠٢١، لاپەڕەکانی ٧٦-٧٨
٥. بەڵگەنامەکانی کۆنگرەکان، بەرگی یەک (کۆنگرەی ١ تا کۆنگرەی ٩)، ساڵی چاپ ٢٠٢١، لاپەڕی ١٤٨

هەواڵنامەی کتێب

بەڵام بە سەرنجدان بە پەسندکرانی سیستەمی دەسەڵاتدارەتی و بەڕێوەبردنی وڵات (فیدراڵیزم) لە بەرنامەی حیزبدا، جۆری فۆرمۆڵەکردنی زمانی پێوەندیی نێوان دەوڵەتی ناوەندی و کوردستان و بەشەکانی دیکەی ئێران، گۆڕانی بەسەردا دێت.

بەرنامەی پەسندکراوی کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ڕەشەمەی ١٣٨٦، مارسی ٢٠٠٧)، لە جیاتی "زمانی فارسی" وەک زمانی پێوەندیی نێوان ئێرانییەکان، دەستەواژەی "زمانی ڕەسمیی دەوڵەتی فێدڕاڵ"ی بەکار هێناوە:

"ماددەی دوازدەیەم: زمانی ڕەسمی لە کۆماری کوردستاندا

زمانی کوردی زمانی ڕەسمیی کۆماری کوردستانە. لە هەموو پلەکانی خوێندندا ئەم زمانە بەکار دەهێنرێ. خوێندن لە کۆماری کوردستاندا هەتا ١٥ساڵی بۆ هەمووان ئیجبارییە. لە تەنیشت زمانی کوردی، زمانی ڕەسمیی دەوڵەتی فێدراڵ لە پۆلی چواری سەرەتایی بەرەو سەر دەخوێندرێ و بۆ نامەنووسینی ئیداری لە نێوان کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران و دەوڵەتی فێدراڵ و ئیدارەکانی سەر بە دەوڵەتی فێدراڵ لە کوردستاندا بە کار دەبرێ."[٦]

لە کۆنگرەکانی پازدە (جۆزەردانی١٣٩٠)، شازدە (ڕێبەندانی ١٣٩٤) و حەفدەی حیزبی دێموکراتی کوردستان (خەزەڵوەری ١٣٩٨)، مەرجی ڕێککەوتنی نێوان دەوڵەتی ناوەندی و هەرێمە فیدراڵەکان بۆ دیاریکردنی زمانی پێوەندی، دێتە نێو سیاسەتی زمانیی حیزبی دێموکراتی کوردستان. لە فەسڵی چوارەمی بەرنامە لەژێر سەردێڕی" کۆماری کوردستان و دەوڵەتی فیدراڵ "دا هاتووە:

"فەسڵی چوارەم: کۆماری کوردستان و دەوڵەتی فیدراڵ

ماددەی دەیەم: زمانی ڕەسمی

١. زمانی کوردی زمانی ڕەسمیی دامودەزگاکانی کۆماری کوردستانە و لە هەموو پلەکانی خوێندندا بەکار دەبرێ.

---

٦. بەڵگەنامەکانی کۆنگرەکان، بەرگی دوو، کۆنگرەی چاردەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لاپەڕی ٣٥٤

٢. ئەو زمان یا زمانە ڕەسمییانەی بۆ نامەنووسین و پێوەندییە ئیدارییەکانی نێوان هەرێمەکان و دەوڵەتی فیدراڵ بەکار دەبرێن و هەروەها سیاسەتی زمانی لە ئاستی دەوڵەتی فیدراڵدا، بە ڕێکەوتنی گشتیی پێکهاتەکانی نێو فێدراسیۆن بڕیاری لەسەر دەدرێ."[٧]

لە بەرنامەی پەسندکراوی دوایین کۆنگرەی حیزب، کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان، (ڕێبەندانی١٤٠٣، فێبریوەری ٢٠٢٤)، ڕوانینی حیزب بۆ چارەسەری پرسی زمان لە کوردستان و ئێران بەم جۆرە هاتووە:

"ماددەی نۆهەم: زمانی ڕەسمی

١- زمانی کوردی زمانی ڕەسمیی دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستانە و لە هەموو پلەکانی خوێندندا بەکار دەبرێ. لە تەنیشت زمانی کوردی، زمانی هاوبەشی دەوڵەتی فیدراڵ لە تەنیشت زمانی کوردی دەخوێندرێ و بۆ نامەنووسینی ئیداری لە نێوان کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران و دەوڵەتی فیدراڵ و ئیدارەکانی سەر بە دەوڵەتی فیدراڵ لە کوردستان بەکار دەبرێ.

٢- زمانی هاوبەش بۆ نامەنووسین و پێوەندییە ئیدارییەکانی نێوان هەرێمەکان و دەوڵەتی فیدراڵ و هەروەها سیاسەتی زمانی لە ئاستی دەوڵەتی فیدراڵدا، بە ڕێککەوتنی گشتیی پێکهاتەکانی نێو فێدراسیۆن بڕیاری لەسەر دەدرێ.

٣- هەموو دانیشتووانی غەیرە کورد لە هەرێمی کوردستان بۆ پەرەپێدانی فەرهەنگی خۆیان یارمەتی دەدرێن و لەو ناوچانەی بەشێکی زۆری دانیشتووانیان لەوانن ئیمکاناتی خوێندن بە زمانی خۆیانیان بۆ دابین دەکرێ."[٨]

٧. بەڵگەنامەکانی کۆنگرەکان، بەرگی دوو، بەرنامەی پەسندکراوی کۆنگرەکانی پازدە، شازدە و حەفدە، لاپەڕەکانی ٤٤٩، ٥٢٠ و ٦١٠

٨. بەڵگەنامەکانی کۆنگرەکان، بەرگی دوو، لاپەڕەکانی ١١٥ و ١١٦

### ٢- زمانی تێکۆشانی ئۆرگانیزمی حیزب

مەبەست لە دەستەواژەی "زمانی تێکۆشانی ئۆرگانیزمی حیزب"، ئەو زمانەیە کە لە پێوەندیی زارەکی و نووسراوی نێوان ڕێبەری و ئۆرگانەکانی حیزب و بەرپرسان و هەڵسووڕێنەرانی ئەو ئۆرگانانەدا بەکار دێت. زمانی پێوەندیی ئۆرگانیزمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرەوە بۆ خوارەوە و لە خوارەوە بۆ سەرەوە، هەر لە سەرەتای دامەزرانی حیزبەوە هەتا ئێستا زمانی کوردی بووە. لەوانەیە ئەم قسەیە بەلای هێندێک کەسەوە سەیر و چاوەڕواننەکراو بێت و بڵێن: سروشتییە کە لە حیزبێکی کوردیدا، ئۆرگان و بەشەکانی و کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی، بە کوردی قسە بکەن و پێوەندییەکانیان لەگەڵ یەکتر چ زارەکی و چ بە نووسراو بە کوردی بێت، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە هەتا ئێستاش حیزب و ڕێکخراوی کوردیی ئەوتۆمان هەن کە قورسایی پێوەندیی نێوان ڕێبەران و ئۆرگان و بەشەکانیان و ئەندامەکانیان، کوردی نییە. هەروەها زمانی یەکەمی ئەدەبیاتی سیاسییان، زمانی کوردی نییە بەڵکوو زمانی فەرمی و زاڵی ئەو وڵاتەیە کە پارچەیەک لە کوردستانی بەخۆیەوە لکاندووە. دەتوانین پارتی کرێکارانی کوردستان(پ.ک.ک) وەک نموونە بێنینەوە کە زۆر لە لێدوانەکانی سەرۆکەکەی-تەنانەت ئەو کاتەش کە هێشتا نەکەوتبووە بەندیخانەی تورکان، بە زمانی تورکی بووە، تەنانەت دوایین پەیامی (ڕوو بە کۆنسەی سەرکردایەتیی پارتەکەی) لە ٢٠٢٥دا کە گرنگترین پەیامی ژیانی سیاسییشی بوو، هەر بە زمانی تورکی بوو. پێوەندیی نێوان ئەندامان و بەرپرسان و دەزگا و دامەزراوەکانیشیان زیاتر بە تورکییە. ڕێژەیەکی بەرچاویان بە داخەوە هەر نازانن بە کوردی قسە بکەن.

لە دەیەکانی ڕابردووشدا، ڕێکخراوی کۆمەڵەی کوردستانی ئێران وا بوو. بەو هۆیەوە کە خۆیان بە حیزبی کومونیستی ئێران دەزانی و هەروەها لە ئاستی هەرە سەرەوەیاندا، ژمارەیەک فارس هەبوون، وێڕای ئەمانەش گرنگیدان بە نووسین و قسەکردن بە زمانی کوردییان بە جۆرێک ناسیۆنالیزم و دواکەوتوویی و پێچەوانەی

ئەنترناسیۆنالیزم دادەنا، قورسایی زمانی فارسی لە ئەدەبیاتی ڕەسمی، لە دیالۆگ و پێوەندیی نێوان ڕێبەران و کادرە پلەبەرزەکانیاندا، لە زمانی کوردی بەرچاوتر بوو. ئەو بەشەش لە ئەدەبیاتی سیاسییان کە بە زمانی کوردی بوو، پڕ بوو لە وشەی فارسی، خوێنەر وای هەست دەکرد کە بە ئەنقەست خۆ لە بەکارهێنانی وشەی کوردی دەپارێزن و پێیان خۆشە کەمترین وشەی کوردی لە ئەدەبیاتیاندا بە کار بێنن.

لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، زمانی کوردی هەم لە ئەدەبیاتی ڕەسمیی زارەکی و نووسراودا و هەم لە کاروباری ڕۆژانەی دامەزراوەکانیدا، زمانی یەکەمە. ئەمەش شتێکی نوێ نییە و هەر لە سەرەتای دامەزرانی حیزبەوە، بەم جۆرە بووە. زۆربەی بەیاننامەکانی حیزب، گەڵاڵە و پێشنووسی پەسندکراوەکان و بڕیارنامەکان لە پێشدا بە زمانی کوردی ئامادە کراون، دوایە وەرگێڕدراونە سەر زمانەکانی دیکە، بە تایبەتی زمانی فارسی. ئەو نامە و ڕێنوێنی و بەخشنامانەی لە ئۆرگانەکانی سەرووی حیزب بۆ ئۆرگانەکانی خوارتر ڕەوانە کراون و دەکرێن، هەروەها ئەو ڕاپۆرت و داواکارییانەی لە ئۆرگانەکانی خوارەوە بۆ سەرەوەتر ناردراون و دەنێردرێن، بە زمانی کوردین. زمانی قسەکردن لە کۆنفرانس و سمینار و کۆنگرەکانی حیزب، هەروەها زمانی ئاخاوتن لە کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسییە نێوخۆییەکانی حیزبدا، زارە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردیین. ئەگەر کادرێک، پێشمەرگەیەک، ئەندامێکی حیزب، کوردزمان نەبێت، بەو زمانەی باشتر دەتوانێت قسە بکات، دەدوێت. بۆ نموونە ئەگەر خۆی تورک بێت، یان هەر بە تورکییەکەی خۆی قسە دەکات، یان بەو هۆیەوە کە زۆربەی گوێگرەکانی زمانی فارسی دەزانن، بە زمانی فارسی قسە دەکات. دیارە زۆربەی ئەو جۆرە تێکۆشەرانەی حیزب، هەوڵیان داوە خۆیان فێری قسەکردن و خوێندنەوە بە زمانی کوردی بکەن.

پێگەیەک کە زمانی کوردی لە ژیانی ڕۆژانەی ئۆرگانیزمی حیزبدا هەیەتی، وای کردووە کە فێربوونی زمانی کوردی بە تایبەتی نووسین وخوێندەوە بەو زمانە،

ببێت بە یەک لە ئەرکە خێراکانی هەر تاکێکی حیزبی. خودی ڕێکخراو و دامەزراوە پەروەردەییەکانی حیزبیش، فێرکردنی زمانی کوردی بە ئەندام، پێشمەرگە و کادری حیزبیان خستووەتە ڕیزی بەرنامەی کاری خۆیان و هەر لە سەرەتاکانی تێکەڵبوونی تاک بە ژیان و تێکۆشانی حیزبی، هێندێک شتی سەرەتاییی لەم پێوەندییەدا فێر دەکەن.

**٣- خزمەتەکانی حیزب بە زمانی کوردی لە کاتی دەسەڵاتدارێتیدا**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەرکات هەلومەرجێکی لەباری بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی کاروباری بەشێک لە کوردستان بۆ پێک هاتووە، یەک لە گرنگترینی ئەو هەنگاوانەی هەڵی گرتوون، بەرزکردنەوەی پێگەی زمانی کوردی، کردنی بە زمانی دەسەڵات و زمانی یەکەم لە گشت بوارەکاندا بووە. سەردەمی دەسەلاتدارێتیی کۆماری کوردستان، نموونەیەکی هەرە دیار لە گرنگیدانی ئەم حیزبە بە زمانی کوردییە.

"دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان، کە پێشتر لە چالاکییە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردەوە هەستیان بە گرینگیی زمان کردبوو، بە خستنەڕووی ئەو خاڵەی کە زمانی کوردی ئامانجێکی گرینگی بزووتنەوە و کۆمارەکەیە، بە زاراوەی ئەمڕۆیی سیاسەتی زمانییان ڕاگەیاند و ...بەرنامە و میکانیزمی ئەو سیاسەتەیان لە ماوەیەکی کورتدا بە شێوەیەکی سرنجڕاکێش و شیاوی ئیمکاناتی خۆیان خستە بواری جێبەجێکردنەوە." [٩]

لە کۆماری کوردستاندا، زمانی کوردی بوو بە زمانی دەسەڵات و بەڕێوەبردن، بوو بە زمانی پەروەردە، بوو بە زمانی کاروباری پێشمەرگایەتی، بوو بە زمانی بازرگانی، هەروەها بوو بە زمانی شەرع و قانوون و وتاردانی ڕۆژی هەینی. گۆڤار

٩. سامال ئەحمەدی، "زمان؛ قووڵایی ئامانجی کۆماری کوردستان"، ماڵپەڕی باسنیوز، ٢٠٢١/١٢/١٢، لینک:
https: //baskurd.basnews.com/b/1414

و ڕۆژنامەنووسی بە زمانی کوردی سەری هەڵدا. شانۆ بە زمانی کوردی بەڕێوە چوو. سروودی کوردی لەدایک بوو. کەسانێک بۆ دۆزینەوە و دیاریکردنی ناوی کوردی و وشەی گونجاو لە جیاتی زاراوە فارسییەکان بە تایبەتی لە بوارەکانی پێشمەرگایەتی و بەڕێوەبەریتیدا ڕاسپێردران.

هەروا کە لە خاڵی ٢٢ی مەرامنامەی حیزبی دێموکراتدا هاتبوو کە"مافی کەمە نەتەوەییەکانی وەک ئاشووری، ئەرمەنی، کە لە کوردستاندا دەژین دەبێ بە تەواوی دابین بکرێ" لەسەردەمی دەسەڵاتداریێتیی کۆماری کوردستاندا ئەو دەرەتانە بە دیاریکراوی بۆ جووەکان پێکهاتبوو کە قوتابخانەی تایبەت بە خۆیان هەبێت و منداڵانیان بە زمانی خۆیان بخوێنن. سەرنجڕاکێش ئەوەیە ئەم جۆرە ڕێزگرتن لە کەمایەتیی نەتەوەیی و ئایینی لە کۆماری کوردستان لە کاتێکدا بووە کە هێشتا بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسند نەکرابوو و بڵاو نەببۆوە.

هەواڵنامەی کتێب

دووهەم جار کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەرفەتی بەرزکردنەوەی پێگەی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بۆ ڕەخسا، دوای ڕووخانی ڕێژیمی شایەتی بوو. لە ساڵانی یەکەمی هاتنەسەرکاری ڕێژیمی ئیسلامیدا، چەندین شار و شارۆچکە و ناوچە بە تایبەتی لەپارێزگەکانی ورمێ و کوردستاندا، لە ژێر دەسەڵاتی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و لەژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگەدا بوون. هەر ئەم ئازادییە و زاڵ نەبوونی دەسەڵاتی ڕێژیمی نوێ، هەلومەرجێکی باشی بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی لە لایەن هێزە سیاسییەکان و خەڵک بە گشتی پێک هێنابوو. زمانی سەرەکیی زۆربەی مێتینگ و کۆبوونەوەکان کوردی بوو. کتێب و چاپەمەنی بە کوردی ڕوویان لە زیادبوون کرد. شانۆ و بەرنامەی هونەری بە زمانی کوردی برەوی پەیدا کرد. چڵەپۆپەی بایەخدان بە زمانی کوردی، ئەو کاتە بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڕیاری دا ئەو قوتابخانانەی ڕێژیمی تاران خۆی لێ بێ خاوەن کردبوون و بە کردەوە دایخستبوون، بکاتەوە و ئاواتی خوێندن بە زمانی

کوردی لە ناوچەی ژێر چاوەدێریی پێشمەرگەدا وەڕاست بگێرێت.

دیارە بیری جێبەجێکردنی خوێندن بە کوردی هەر دوای ڕووخانی ڕێژیمی شایەتی لە حیزبی دێموکراتدا قسەی لەسەر کرابوو. عەبدوڵلا حەسەنزادە لەم بارەیەوە دەڵێت: "هەر لە ئەوەڵ ڕۆژەکان یان بڵێین لە حەفتە و مانگەکانی سەرەتای دوای سەرکەوتنی ئینقلاب ئەو فکرە هاتە گۆڕێ و تەرتیب درا کە جەمعێک بۆ ئەو مەسەلەیە لە مامۆستایان و لەوانە کە تەجروبەیان هەیە و دەزانن، کۆ ببنەوە بۆ دانانی کتێبی کوردی."[١٠]

حیزبی دێموکرات، نەیتوانی لە ئاست داخرانی قوتابخانەکانی ناوچە ئازادەکان لە لایەن دەوڵەتی ناوەندی بێ تەفاوەت بێت و دەست لەسەر دەست دابنێت. "لە ساڵی خوێندنی ٦٠– ١٣٥٩دا لەهەموو ناوچە ڕزگارکراوکان بەپێی توانا بەشێک لە قوتابخانەکان کرانەوە. بۆ نموونە لە ناوچەی مەهاباد ژمارەی ئەو قوتابخانانەی بە هاوکاری و تێکۆشانی لێپرسراوانی حیزب کرابوونەوە، لە ١٤٠ قوتابخانە زیاتر بووە."[١١]

ساڵی ١٣٦٠ (١٩٨١)، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەریی کوردستانی پێکهێنا. ئەم دامەزراوەیە، بە زوویی قۆڵی لێهەڵماڵی و لە زۆربەی ئەو شار و ناوچانەی بە دەست هێزی پێشمەرگەوە بوون، خولی تایبەتی بۆ سەدان کچ و کوڕی لاوی خۆبەخش و مامۆستای قوتابخانە پێک هێنا، هەتا بە ماوەیەکی کەم بۆ وانەوتنەوە و مامۆستایەتی لە قوتابخانەکانی ئەو ناوچانە ئامادەیان بکات. هاوکات دەستەیەکی لە کەسانی پسپۆر پێکهێنا تا کتێبە دەرسییەکان بە زمانی کوردی ئامادە بکەن. لە ساڵەکانی ١٣٦١–١٣٦٣ بە سەدان قوتابخانە لەو شارۆچکە و ناوچانەی هێشتا نەکەوتبوونەوە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی

١٠. هەڤپەیڤین لە گەڵ ڕۆژنامەی "کوردستان"و ڕەشەمەی ١٣٨٩، فێبریوەری ٢٠١٠، (پاشکۆی ڕۆژنامەی"کوردستان" ژمارە ٥٢٩، تایبەت بە ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی)

١١. ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی پێنجەمی حیزب، بەڵگەنامەکای کۆنگرەکان، بەرگی یەکەم،

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، پەورەوەردە بە زمانی کوردییان تێدا بەڕێوە چوو. عەبدوڵلا حەسەنزادە کە بۆ خۆی یەک لە ڕێبەرە شوێندانەرەکان لە گەڵاڵەکردنی سیاسەتی زمانی لە حیزبی دێموکراتدا و هەروەها لە ڕاییکردنی خوێندن بە زمانی کوردی لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی شایەتییە، لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە ئایا پێتان وا نەبوو وەڕێخستنی پەروەردە بە کوردی لەو ناوچانە دەبێت لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی باس بکرێت؟ دەڵێت: "نەخەیر ئوسوولەن ئێمە لە زۆر شتدا ئەو نەزەرەمان هەبوو کە باشترە ئێمە کارەکانمان بکەین، لەو پێیەدا دەوڵەتی مەرکەزی لە موقابیل ئەمری واقیعدا دابنێین، نە وەک ئێمە داوا بکەین و [چاوەڕوان بین] داخوا دەوڵەتی مەرکەزی موافقەت دەکا یان نا. پێموایە کارێکی زۆر باش بوو، چونکە ئێمە ئەگەر داوامان کردبا ئێستاشی لەگەڵ بێ موافقەتەکە هەر نەدەهاتەوە. بۆیە ئەسڵەن بیر لەوە نەکراوە، هەر وەکوو بۆ ئامادەکردنەکەشی و بۆ چاپکردنەکەشی و بۆ دایر کردنەکەشی هیچ وەخت پرس بە دەوڵەتی مەرکەزی نەکرا".[١٢]

بە وتەی حەمەڕەسووڵ حەسەنپوور، یەک لە بەرپرسانی کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی کوردستان، لە ساڵی خوێندنی ١٣٦١-١٣٦٢ (١٩٨٢-١٩٨٣)کۆڕی پەروەردە و فێرکردن سەرجەم ٢٦١ قوتابخانەی سەرەتایی بەڕێوە بردوە، ٢٩٠٣ قوتابیی هەبووە کە لە پۆلی یەک تا پێنج خوێندوویانە. ٢٠١مامۆستای سەرەتایی هەبووە. ٦٢ قوتابخانەی ناوەندی (پۆلی یەک هەتا سێ) ی هەبووە کە لە ٨١٠ قوتابی و ٦٣ مامۆستا پێک هاتوون. ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٢ (ژانویە- فێوریەی ١٩٨٤) لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێموکراتیشدا باسی ئەوە کراوە کە بەشی پەروردەکردن پێش هێرشی ئەو ساڵە، ٢٥٠ مەدرەسەی ئیدارە دەکرد کە ٨٠٠٠ فێرخوازیان هەبووە.[١٣]

١٢. هەڤپەیڤین لە گەڵ ڕۆژنامەی "کوردستان"و ڕەشەمەی ١٣٨٩، فێبریوەری ٢٠١٠، (پاشکۆی ڕۆژنامەی"کوردستان" ژمارە ٥٢٩، تایبەت بە ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی)
١٣. قادر وریا، شەڕی ناسنامە و سەنگەری زمان، ٢٠٢٢، چاپی هەولێر، لاپەڕی ٨٣

هەولێرنامەی کتێب

ئەو قوتابخانانەی لە ناوچەی ئازاد، ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا هەبوون، بە "قوتابخانەی شۆڕش" و مامۆستایانی ئەو قوتابخانانەش بە "مامۆستایانی شۆڕش" بەناوبانگ بوون. ئەو مامۆستایانە بە یارمەتییەکی کەم، هەر ئەو یارمەتییە کە حیزب دەیدا بە پێشمەرگە، خزمەتیان دەکرد. شتێکی دیکە کە بەجێیە لەو پێوەندییەدا باسی بکرێت، کتێبە دەرسییەکانی کۆڕی پەروەردەیە. ئەوکات کۆمەڵێک کتێبی دەرسی بە زمانی کوردی بۆ پۆلی یەکەم و دووهەمی سەرەتایی، چاپ بوون. ناوەکانیان بەو جۆرە بوو: ١- "خوێندنی کوردی" بۆ پۆلی یەکی سەرەتایی، ٢- "زانستی ئەزموونی" بۆ پۆلی یەکی سەرەتایی. ٣-"ئەژمێر" بۆ پۆلی یەکی سەرەتایی. هەر بەو ناوانەوە ٣ کتێب بۆ پۆلی دوویەمی سەرەتایی چاپ بوون. هەروەها کتێبی "ژیان و خەبات" هەبوو کە تایبەت بوو بە خوێندەوارکردنی گەورە ساڵانێک کە نەخوێندەوار بوون و دەیانەویست بە زمانی کوردی فێری خوێندەواری بن. کتێبێکیش هەبوو بە ناوی "ڕێنوێنی مامۆستا"، کە شێوازی وانەوتنەوەی نیشانی ئەو مامۆستایانە دەدا کە "ژیان و خەبات"یان بە دەرس دەگوتەوە.[١٤]

### ٤- زمانی ئەدەبیاتی سیاسی، پەروەردە و ڕاگەیەنەکانی حیزب

وەک لە سەرەتاوەش ئاماژەی پێ کرا، کوردی زمانی سەرەکی و یەکەمی ئەدەبیاتی سیاسی و ڕاگەیەنەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. دووهەم زمان، زمانی فارسیە. زۆربەی بەیاننامە ڕەسمییەکان، هەروەها بەڵگەنامە و پەسندکراوی کۆنگرەکان حیزب، وتوویژ و لێدوانەکانی سکرتێری گشتی، دەستبەجێ لە کوردییەوە کراون بە فارسی. بەو هۆیەوە کە ئەو حیزبە خوازیاری چارەسەری پرسی کورد لە چوارچێوەی ئێراندایە و تێکۆشان و خەباتەکەی پێوەندیی بە نەتەوەکانی ئێران

١٤. قادر وریا، شەڕی ناسنامە و سەنگەری زمان، ٢٠٢٢، چاپی هەولێر، لاپەڕی ٨٤

و ڕێژیمی دەسەڵاتداری ئێرانەوە هەیە، زمانی فارسیی وەک زمانی پێوەندی لەگەڵ بەردەنگە ئێرانییەکانی بەکار هێناوە. گرنگیدان بە زمانی فارسی بە ڕادەیەک بووە کە بەشی فارسی، بەشێکی هەمیشەیی و دانەبڕاو لە بەرنامەکانی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران بۆ ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵ بووە.

ڕۆژنامەی "کوردستان" لە دەسپێکی دەورەی ئێستای بڵاوبوونەوەی کە دەگەڕێتەوە بۆ ڕێبەندانی ١٣٤٩(١٩٧١)، هەتا ئێستا لە چەند برگەیەکدا نەبێت، بەردەوام بە هەر دوو زمانی کوردی و فارسی بڵاو بووەتەوە، واتە هەر ژمارەیەک لە دوو نوسخەی جیاواز و بە دوو زمانی جیاواز، ئامادە و چاپ و بڵاو کراونەوە. زۆر ناملکەی گرنگی دیکەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هاوکات یان بە دوای بڵاوبوونەوەی کوردییەکەیاندا، وەرگێڕدراونە سەر زمانی فارسی و چاپ کراون. سێهەم زمان کە بۆ ماوەی سێ ساڵ و نیو (لە سەرەتای ساڵی ١٣٦٠ەوە هەتا سەرەتای پاییزی ١٣٦٣) لە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران، بەرنامەی پێ بڵاو دەبۆوە، زمانی تورکیی ئازەری بوو.[١٥] هۆی گرنگیدانی ڕادیۆی حیزب بە زمانی تورکیی ئازەری، قسەکردن لەگەڵ ئازەرییەکان بە زمانی خۆیان و بەرپەرچدانەوەی هەوڵەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ هەڵایساندنی شەڕ و ناکۆکی لە نێوان دوو نەتەوەی دراوسێ، کورد و ئازەری بە تایبەتی لە پاریزگای ورمێ لەو ساڵانەدا بوو. دیارە وەرگێڕانی ئەدەبیاتی حیزب بۆ سەر زمانە بیانییەکان، بە تایبەتی زمانی ئینگلیزی، هەروەها زمانەکانی فەرانسەیی و عەرەبی، بەپێی پێویستی بووە.

چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی حیزب لەگەڵ فرەزاری لەنێو حیزبدا، ڕەهەندێکی دیکەی سیاسەتی زمانیی ئەو حیزبەی پێک هێناوە. زمانی ئەدەبیاتی ڕەسمی و ڕاگەیەنەکانی حیزبی دێموکرات، ئەو زمانەیە کە بە کوردیی نێوەڕاست ناسراوە و بە هەڵەش بە سۆرانی ناوی دەرکردووە. ئەمەش سیاسەتێک بووە کە تەنانەت لە پێش کۆماری

---

١٥. ئەم زانیارییانەم ڕۆژی ٢٤.٧.٢٠٢٥ لە کاک مەنسوور خوسرەوی، کادری لەمێژینەی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران وەرگرتوون.

کوردستانەوە هەتا ئەم دوایانەش لەلایەن ڕێبەریی بزووتنەوەی کورد لە هەر دوو بەشی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، قبووڵکراو بووە. بەو هۆیەشەوە کە مەهاباد بە تایبەتی و موکریان بە گشتی، زێد و ناوەندی دامەزرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان بووە، هەروەها زۆربەی ئەو شاعیران و نووسەرانەی لە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و لەسەر نووسین و ئەدەبیاتی ئەو حیزبە کاریگەرییان هەبووە، خەڵکی موکریان بوون، کاریگەریی شێوەی موکریانی لەسەر زمانی نووسینی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەرچاوە. دیارە لە سەدەی بیست و یەکدا، بە هۆی جۆراوجۆر، بۆ نموونە کاریگەریی میدیاکانی باشووری کوردستان، چوونە سەری ڕێژەی نووسەر و وەرگێڕی خەڵکی ناوچەکانی خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و...هتد، کاریگەریی شێوەی موکریانی هەتا ڕادەیەک کەم بووەتەوە.

ئەگەر لە میدیای نووسراوی حیزبدا، سیاسەتی نووسین بە زمانی کوردیی نێوەڕاست، بە ئەلفوبێی عەرەبی بەڕێوە چووە و تەنیا لە دوای نۆڤەمبری ٢٠٠٣( سەرماوەزی ١٣٨٢) بڵاوکراوەیەک(لە سەرەتادا مانگانە و دواتر حەوتوونامە) بە ناوی "Agiry" (ئاگری) بە دیالێکتی کورمانجیی ژووروو و ئەلفوبێی لاتین، هاتە ڕیزی بڵاوکراوەکانی حیزب[١٦]، لە میدیای زارەکیدا وەک ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران، هەر لە کۆتایی ساڵی١٣٥٩ ەوە یان سەرەتای ساڵی ١٣٦٠ەوە بەرنامە بە زاری کرمانجی، بڵاو کراوەتەوە. دەکرێت بڵێین بەرنامەی ڕادیۆیی بە زاری کرمانجی، بەشێکی بەردەوام و هەمیشەیی لە بەرنامەکانی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران پێک هێناوە.[١٧] دوای ئەوەش کە حیزبی دێموکرات بوو بە خاوەنی کەناڵی فەزایی

١٦. ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی ئاگری دوای موافقەتی دەفتەری سیاسیی حیزب لە ڕێکەوتی ١٥/٠٧/١٣٨٢، لە ڕێکەوتی ١ی مانگی نوامبەری ٢٠٠٣ دەرچووە و لە سەرەتادا تا ژمارەی ١٣ هەر مانگە ژمارەیەک دەرچووە، دواتر بووە بە هەر پازدە ڕۆژ جارێک. تا ئێستا ٤٩٨ ژمارەی لێ دەرچووە. (سەرچاوەی زانیاری: محەمەد سالح قادری، ٢٤/٠٧/٢٠٢٥)

١٧. ئەم زانیارییانەم ڕۆژی ٢٤/٠٧/٢٠٢٥ لە کادری لەمێژینەی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران، کاک مەنسوور خوسرەوی وەرگرتووە.

(تەلەڤیزیۆنەکانی تیشک و کوردکاناڵ)، لە هەر دوو تەلەڤیزیۆن جگە لە کورمانجی، بە زاری هەورامییش بەرنامە بڵاو بووەتەوە. بەم جۆرە دەتوانین بڵێین هەتا ئێستاش زمانی نووسین لە ئەدەبیاتی نووسراوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا(گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکان)، بە پلەی یەکەم کوردیی نێوەڕاست بە ئەلفوبێی ئارامی(ناسراو بە ئەلفوبێی عەرەبی) و، بە پلەی دووهەم کورمانجیی ژووروو بە ئەلفوبێی لاتین، بووە. زارەکانی دیکە زیاتر لە میدیای زارەکیدا و بە پێی پێویستی، سوودیان لێوەردەگیرێت.

زمانی کوردی لە کاروباری پەروەردە و فێرکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، زمانی یەکەمە. خولەکانی فێرکردنی سیاسی، تەشکیلاتی، نیزامی، پەروەردەیی، دەرمانی، تەکنیکی، هونەری، ڕاگەیاندن و وەرزشی بە زمانی کوردی بەڕێوە دەچن. تەنیا ئەو کاتانەی فێرکار یان مامۆستای وانەبێژ، زمانی کوردی نازانن، بەکارهێنانی زمانی دیکە وەک ئینگلیزی، فەرانسی و ...هتد بە مەرجی ئامادەبوونی وەرگێڕ ڕێگەپێدراوە. دیارە بەو هۆیەوە کە زۆربەی بەشدارانی ئەو دەورانە، زمانی فارسی دەزانن، ئەگەر مامۆستایەک فارسی بزانێت و بە فارسی بابەتەکەی پێشکەش بکات، کەمتر وەرگێڕی کوردی پێویست دەبێت. لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا، فێرکردنی خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردی، هەموو کات لە یەکەم دەرسەکانی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە بووە. ئەمەش بەو مەبەستەیە کە پێشمەرگەی حیزب هەر لەسەرەتای هاتنی بۆ نێو حیزبی دێموکرات، ئامادەیی ئەوەی تێدا پێک بێت کە بە کوردی بنووسێت و بە کوردی بخوێنێتەوە.

**٥- پێگەی زمانی کوردی لە ڕێککەوتننامەکانی حیزبدا**

ئەو گەڵاڵانەی حیزبی دێموکرات بە تەنیا یان بە هاوبەشی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکە بۆ دانوستان بە ئامانجی چارەسەری پرسی کورد لە ئێران، یان بە نیازی پێکهێنانی هاوپەیمانی وهاوکاری لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکان ئامادەی کردوون، بوارێکی گرنگی دیکە بۆ ناسینی سیاسەتی زمانیی ئەو حیزبەن. لەم جۆرە گەڵاڵانەدا هەمیشە گرنگییەکی تایبەت بە پێگەی زمانی کوردی و بە گشتی مافە زمانییەکان دراوە. لەم بەشەدا ئاماژە بە ژمارەیەک لەو گەڵاڵە و پلاتفۆرمانە دەکرێت.

ساڵەکانی ١٣٥٧-١٣٥٨ چەند گەڵاڵەی داخوازەکانی خەڵکی کوردستان لەلایەن نوێنەرانی سیاسیی خەڵکی کوردستان، حیزبی دێموکرات و دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد، خرانە بەر سەرنجی کاربەدەستانی تاران (گەڵاڵەی ٨ ماددەیی، ڕەشەمەی ١٣٥٧/ گەڵاڵەی ٢٦ماددەیی، سەرماوەزی١٣٥٨/ گەڵاڵەی ٦ ماددەیی، زستانی ١٣٥٨). لە گەڵاڵە ٨ ماددەییەکەدا باسی مافە نەتەوایەتییەکان بە شێوەی گشتی هاتووە و بە دیاریکراوی خاڵێک یا ماددەیەک لە سەر زمانی کوردی نەهاتووە. دوای پەیامی ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ی خومەینی ڕوو لە خەڵکی کوردستان، قۆناغێک لە وتووێژ و دانوستان لەنێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان و دەوڵەتی ئێران دەستی پێکرد و "دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد" پێک هات. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەندامی ئەو دەستەیە و د.قاسملوو وتەبێژی دەستەکە بوو. لە ٤ی سەرماوەز، دەستەی نوێنەرایەتی بەیاننامەیەکی لە ٨ خاڵدا بڵاو کردەوە. ئەو ٨ خاڵە داوا سەرەکییەکانی گەلی کورد بوون. لەخاڵی ٤دا هاتبوو:

"زمانی کوردی، زمانی ڕەسمیی خوێندن و نامەنووسینی ئیدارە و دامەزراوەکانی کوردستان دەبێ. لە دوای پۆلی ٤ی سەرەتاییەوە، زمانی فارسییش لە تەنیشت زمانی کوردی لە قوتابخانەکان دەخوێندرێ و، زمانی ڕەسمیی ئیداری لە سەرانسەری ئێران و کوردستانە."

هەم لە گەڵاڵە ٢٦ مادەییەکەدا، هەم لە گەڵاڵە ٦ مادەییەکەدا بە زەقی باسی پرسی زمان و مافە زمانییەکان هەن و گوتراوە زمانی کوردی لە ناوچەی خودموختار، زمانی ڕەسمی دەبێت، زمانی خوێندن دەبێت، زمانی ئیدارییش (پێوەندیی نێوان ئیدارە و دامەزراوەکان) لە کوردستان دەبێت. ڕەهەندێک لەو سیاسەتە کە لێرەدا جێگای هەڵوێستە لەسەر کردنە، پێگەی زمانی فارسی لە پێوەندیی نێوان کوردستان و تاران دایە. حیزبی دێموکرات ئەو لایەنەی لەبەرچاو بووە کە خوازیاری چارەسەری پرسی کورد لە نێو ئێراندایە و لە بەڵگەنامەکانیدا، وڵامی بۆ ئەو پرسیارە هەبووە کە زمانمان بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران و دەوڵەتی مەرکەزی چی دەبێت. بۆیە بە بەردەوامی لەو گەڵاڵە و پلاتفۆرمانەدا باسی ئەوە کراوە کە لە تەنیشت زمانی کوردی (هێندێک جار گوتراوە لە پۆلی چواری سەرەتاییەوە)، زمانی فارسی دەخوێندرێت. ئاماژە بەوەش کراوە کە فارسی زمانی پێوەندیمان لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی و لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران دەبێت.[١٨]

هەروەها لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش لە هێندێک قۆناغ و سەردەمدا حیزبی دێموکرات، ڕێککەوتن و هاوپەیمانیی هەبووە. بۆ وێنە لەگەڵ شورای بەرگریی نیشتمانی (شورای ملی مقاومت)کە لە ڕێکخراوی موجاهیدین و چەند کەسایەتی و ڕێکخراوی دیکە پێکهاتبوو. لەوێشدا پێداگریی حیزبی دێموکرات لەسەر مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، بەتایبەتی مافە زمانییەکان، بووە هۆی ئەوە کە لە خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٢ "گەڵاڵەی شورای بەرگریی نیشتمانی بۆ خودموختاری" پەسند کرا. لە گەڵاڵەی پەسندکراوی شووڕای بەرگری نیشتمانی بۆ خودموختاریدا هاتووە: "زمانی کوردی زمانی ڕەسمیی خوێندن و نامەنووسین لە نێوخۆی ناوچەی خودموختارە و لە هەموو قۆناخەکانی خوێندندا هەقی فێربوون بە زمانی کوردی بۆ دانیشتووانی ناوچە بەڕەسمی دەناسرێ."[١٩] لە ڕاستیدا

---

١٨. قادر وریا، شەڕی ناسنامە و سەنگەری زمان، ٢٠٢٢، چاپی هەولێر، لاپەڕەکانی ٧٥-٧٧

١٩. بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکرات، بەرگی یەکەم، ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی

ئـەوەی لـە بەرنامـەی حیزبـدا، لـە بـارەی مافـە زمانییـەکان هاتبـوو، لـە چوارچێوەی گەلاڵـەی شـوڕا بـۆ خودموختارییشـدا پەسـند دەکرێت.

حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران هـەر ئێسـتا لـە نێو ژمارەیـەک یەکگرتـن و هاوپەیمانـیدایە بـۆ نموونـە "کۆنگرەی نەتەوەکانـی ئێرانـی فیـدڕاڵ"، "شـوڕای دێموکراسـیخوازان" و پێشـتریش "اتحـاد عمـل برای دمکراسـی" (یەکیەتیی کردەوە بۆ دێموکراسـی). لـە هەمـوو ئـەو ڕێککەوتنانـە و هـی پێشـووتردا پرسـی زمـان بە ڕاشکاوی ئامـاژەیان پـێ کـراوە و مافـە زمانییـەکان- ئەوانـەی کـە مەبەسـتی حیزبـی دێموکـرات بـوون و لـە بەرنامەکەیـدا هاتـوون – دانیـان پێدانـراوە، قبـووڵ کـراون و بەڕەسـمی ناسـراون. ڕەهەندێکـی دیکـەی ئـەم سیاسـەتە زمانییـە کـە شـیاوی وەبیرهێنانـەوە و گرنگی پێدانـە، ئەوەیە کە لـەم جۆرە پلاتفۆرم و ڕێککەوتننامانـەدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هـەر تەنیا لەسـەر مافە نەتەوەیی و زمانییەکانی خەڵکی کوردستان پێداگر نەبووە، بەڵکوو بە ڕاشکاوی داکۆکیی لـە مافە نەتەوەیی و زمانییەکانی نەتـەوە بندەسـتەکانی دیکـەی ئێرانیش کـردوە.

### ٦- هەنگاوی هاندەرانەی بواری خزمەتی زمان

حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران، وێـرای ئـەو سیاسـەتە زمانییـەی لـە بـوارە ئاماژەپێکراوەکاندا لەسـەری ڕۆیشتووە، بەچەند شـێوەی دیکەش هەوڵی داوە پشتیوانی لـە بەرزبوونـەوەی پێگـەی زمـان لـە کوردسـتان و گەشـەکردن و بەرەوپێشـچوونی زمانـی کـوردی بکات کـە لەسـەر یـەک دەتوانیـن ناویـان بنێیـن هەنگاوی هاندەرانـەی بـواری خزمەتـی زمانـی کـوردی کـە هێندێکیـان ئەمانـەن:

- چاپـی کتێـب و نامیلکـەی کـوردی لەسـەر ئەرکـی خـۆی لـە سـەردەم و قۆناغـە جۆراوجۆرەکانـدا، بۆ ئـەوەی بڵاوکردنـەوە و چاپکراو بـە زمانـی کـوردی پـەرە پێبدات.لە

---

شەشەم، لاپەڕی ٢٦١

مێژووی حیزبی دێموکراتدا بە سەدان کتێب و نامیلکەی ئەدەبی، سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بە هاوکاریی ماڵیی ئەو حیزبە چاپ و بڵاو بوونەوە بۆ ئەوەی نووسین و وەرگێڕان بە زمانی کوردی هان بدرێت.

- پشتیوانی لە بەهرە و تواناییەکانی خاوەن قەڵەمانی ڕیزەکانی حیزب و پشتگیریی ماددی و مەعنەوی لە شاعیران، نووسەران، وەرگێڕان، فەرهەنگنووسان و...هتد لە نێوحیزبدا بۆ چاپی بەرهەمەکانیان و ڕێزگرتن لە هەوڵەکان و بەرهەمەکانیان.

- پشتیوانی و هاوکاریی دامەزراوەکانی پێوەندیدار بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی وەک کۆڕی زانیاریی کورد(لە دەیەی حەفتای زایینی) و ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس لە سەرەتای دەیەی هەشتای زاییندا. د.قاسملوو، مامۆستا هێمن، عەبدوڵڵا حەسەنزادە، کەریمی حیسامی، کە لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون، لە هاوکارانی نزیکی کۆڕی زانیاریی کورد لە نیوەی یەکەمی دەیەی حەفتای زاییندا بوون. لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی پێنجەمدا، لە پێوەندی لەگەڵ پشتیوانیی ئەم حیزبە لە دامەزرانی ئەنیستیتۆی کورد لە فەڕانسە، هاتووە: "ساڵێک زیاترە کە ئەنیستیتۆیەکی فەرهەنگی و زانستیی کورد بەڕەسمی لە پاریس دامەزراوە کە ئامانجی بڵاوکردنەوەی زمان و فەرهەنگی نەتەوەی کوردە و بەسەرکەوتوویی ئەرکەکانی ئەنجام دەدا. ئێمە زۆر بەختیارین کە لە پێکهێنانی ئەنیستیتۆی کورددا بەشدار بووین و یارمەتیمان داوە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەرکی پیرۆزی خۆی بەجێ بگەیەنێ."[٢٠]

- پشتیوانی لە بزووتنەوەی کولتووری لە نێوخۆی وڵات بە تایبەتی هەوڵەکانی پێوەندیدار بە پاراستنی زمانی کوردی. حیزبی دێموکراتی کوردستان جگە لەوەی هاندەری ئەندامان ولایەنگرانی بووە بە ئامانجی پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و زمانی کوردی، چالاکانە لە ئەنجومەنە ئەدەبییەکان و چالاکییە کولتووریەکاندا بەشدار

٢٠. ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی پێنجەم، بەڵگەنامەکانی کۆنگرەکان، بەرگی یەکەم.

بن، گرنگییەکی تایبەتی بەو هەوڵانە داوە کە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئامانجی فێرکردن، پاراستن و بەرەوپێشبردنی زمانی کوردی بەڕێوە دەچن.

– گرنگیدان بە زانایانی بواری زمان و ئەدەبی کوردی و بایەخدان بەهەوڵ و تێکۆشانی دڵسۆزانەیان لە ڕاگەیەنەکانی خۆیدا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵانی حەفتای زایینییەوە تا هەنووکەش وێرای پێکهێنانی پێوەندییەکی دۆستانە و بەرین لەگەڵ زانایان و کەسایەتییە دیارەکانی بواری خزمەتی زمانی کوردی لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و سوود وەرگرتن لە ئەزموون و بۆچوونەکانیان، بە ئەرکی ڕاگەیەنەکانی خۆی زانیوە لاپەڕە و بەرنامەی تایبەت بۆ ناساندنی زمانەوانان، نووسەران، وەرگێڕان، فەرهەنگنووسان، ڕۆژنامەنووسان و... هتد و بەرزنرخاندنی کار و بەرهەمەکانیان تەرخان بکات.

**ئەنجام و ڕاسپاردەکان:**

دیاریکردن و پابەندبوون بە سیاسەتێکی زمانیی نەتەوەیی (لە ئاستی کوردستان) و فرەزمانی (لە ئاستی ئێراندا) لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، لە سێ ئاستدا سەرکەوتوویی خۆی سەلماندووە و کاریگەریی ئەرێنیی حاشالێنەکراوی هەبووە:

لە ئاستی نێوخۆی حیزبدا، ئەم سیاسەتە بووە بە هۆی ئەوە ئەندامانی ڕیبەری، کادرەکان، پێشمەرگەکان، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب، لە ئاخاوتن، لە نووسین و خوێندنەوەدا، نەک هەر لەگەڵ زمانی نەتەوەیی خۆیان نامۆ نەبن، بەڵکوو بیکەن بە زمانی یەکەمی خۆیان و وشیاری و هەستیاریی تایبەتیان لە ئاست زمانی نەتەوەیی خۆیان هەبێت. ئەوە کە کوردیی نێوەڕاست زمانی ڕەسمی و زمانی نووسین و هەروەها زمانی یەکەمی ڕاگەیەنەکانی حیزب بووە، یارمەتیدەری تاکەکان بووە تا سەرەڕای جیاوازیی زار و شێوەزارەکانیان، هەموان لە ئەدەبیاتی حیزب تێ بگەن، بتوانن بیخوێننەوە و بەم زمانە بنووسن.

لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ناساندنی زمانی کوردی وەک کۆڵەکەیەکی گرنگی ناسنامەی نەتەوەیی لەلایەن ئەم حیزبەوە، تێکۆشان و خەباتی بەردەوامی بۆ ئەوەی زمانی کوردی بە ڕەسمی بناسرێت و ببێتە زمانی پەروەردە و کاروباری ئیداری و...هتد، هەروەها بەڕێخستنی خوێندن و قوتابخانە لە هێندێک قۆناغدا لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، وای کردووە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خۆشەویستییەکی تایبەتیان بۆ زمانەکەیان هەبێت و بە شێوەی جۆراوجۆر هەم هەوڵی پاراستنی بدەن، هەم خەبات بۆ مافە زمانییەکانیان بکەن.

**لەپێوەندی لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکاندا**

دەکرێ بڵێین حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئاستی ئێراندا ڕەچەشکێنی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە دژایەتیکردنی سیاسەتی تاکزمانیی ڕێژیمەکانی ئێران و هەروەها پێشەنگی داوای بە ڕەسمی ناسینی زمانی کوردی و زمانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران بووە. هەر لایەنێکی ئێرانی (دەسەڵاتدار و ئۆپۆزیسیۆن)، لەم ڕاستییە تێگەیشتووە کە داواکاریی زمانی، جێگایەکی گرنگی لە داخوازەکانی ئەم حیزبەدا هەیە و، ڕێککەوتن لەگەڵ حیزبی دێموکرات وەک سەرەکیترین هێزی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان، بێ دانانی و سەلماندنی ناوەرۆکی سیاسەتی زمانیی ئەو حیزبە، مسۆگەر نابێت. ڕەهەندەکانی دیکەی ئەو سیاسەتەش وەک داوای بەڕەسمی ناسین و دانان بە مافە زمانییەکانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران، هەروەها ڕوانین لە زمانی فارسی وەک زمانی پێوەندیی نێوان نەتەوەکان و دەوڵەتی ناوەندی و خوێندنی لە تەنیشت زمانی نەتەوە نافارسەکان، وەک پارادایمێک و ڕێگاچارەیەکی گونجاو و دادپەروەرانە بۆ پێکەوەژیانی فرەزمانی لە ئێران، جێی خۆیان لە داخوازە سیاسی، نەتەوەیی و کولتوورییەکانی ئەو نەتەوانەدا کردووەتەوە.

هەوڵنامەی کتێب

**ڕاسپاردە:**

بە گۆڕان و پێشکەوتنی سەردەمەکان، ویست و چاوەڕوانیی تاکەکان و گرووپەکانیش گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. سەردەمی ئێستا، سەردەمی بەرجەستەبوونەوەی وردە کولتوور و وردە ناسنامەکانە. ئاخێوەرانی زار و شێوەزارە کوردییەکانی دەرەوەی کوردیی نێوەڕاست، لە ئاست پشتگوێخران و پەراوێزخرانی زار و شێوەزاری قسەکردنیان، نیگەرانی و هەستیاریی تایبەت بە خۆیان هەیە. سیاسەتی "دروستکردنی نەتەوەیەکی یەکگرتوو، بە هۆی زمانێکی یەکگرتوو" کە لە سەدەی بیستەمدا، ڕێنوێنی زۆربەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و دامەزراوە و کۆمەڵە کولتوورییەکان لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، پێویستی بە چاوپێداخشاندنەوە و نوێکردنەوە لە ڕاستای ڕەواندنەوەی ئەو نیگەرانییانەدا و پاراستنی زار و شێوەزارە جیاوازەکاندا هەیە. ئەم ئاڵوگۆڕە یارمەتیدەر دەبێت تا سیاسەتێکی زمانیی جێکەوتوو و تا ئێستا سەرکەوتوو، بە پاراستنی بنەما بەهێزەکانی، بەگوێرەی پێویستیی سەردەمیش، خۆی نوێ بکاتەوە و لەگەڵ ویست و پێویستییە سەردەمییەکانی بەردەنگەکانی، خۆی بگونجێنێت.

بەردەوامیی سیاسەتی تاکزمانی لەلایەن ڕێژیمەکانی ئێران و، دژایەتیی ئەو ڕێژیمانە و هەروەها دژایەتیی زۆربەی ڕووناکبیران و چالاکانی سیاسی و کولتووریی سەر بە ناسیۆنالیزمی ئێرانی لەگەڵ مافە نەتەوەیی و زمانییەکانی خەڵکی کوردستان و نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران، بووە بەهۆی ئەوە لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لە کۆمەڵی کوردستاندا بەرە بەرە ڕەوتی ناهومێدی و پشتتێکردن لە چارەسەری پرسی نەتەوەیی و زمانی لەچوارچێوەی وڵاتی ئێراندا سەرهەڵ بدات. ئەو ناسیۆنالیستە ئێرانییانەی بە ناو و بیانووی پاراستنی یەکپارچەیی ئێران، دژایەتیی ئەو مافە ڕەوایانە دەکەن، با بزانن و ئاگادار بن، ئەگەر هەروا و وەک ڕابردوو لەسەر ئەم دژایەتییە پێداگر بن، بۆ خۆیان دەبن بە هۆکار و پاڵنەری نەتەوەی کورد و نەتەوە نافارسەکانی دیکەی ئێران، بۆ وازهێنان لە چارەسەری پرسی نەتەوەیی خۆیان لە چوارچێوەی ئێراندا.

**سەرچاوەکان:**

-قاسملوو، عەبدولڕەحمان، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، بەرگی یەکەم، چاپی سێهەم، (١٣٧٨-٢٠٠٠)

-قادر وریا، شەڕی ناسنامە و سەنگەری زمان، ٢٠٢٢، چاپی هەولێر

-حەسەنزادە عەبدوڵلا، ڕۆژنامەی "کوردستان"، ڕەشەمەی ١٣٨٩، فێبریوەری ٢٠١٠، (پاشکۆی ژمارە ٥٢٩، تایبەت بە ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی)

-ساماڵ ئەحمەدی، "زمان؛ قووڵایی ئامانجی کۆماری کوردستان"، ماڵپەڕی باسنیوز، ٢٠٢١/١٢/١٢

-بەڵگەنامەکانی کۆنگرەکان، بەرگی یەک (کۆنگرەی ١ تا کۆنگرەی ٩)، ساڵی چاپ ٢٠٢١

-بەڵگەنامەکانی کۆنگرەکان، بەرگی دوو، (کۆنگرەی١٠ تا کۆنگرەی ١٧)، ٢٠٢١

- زانیاریی وەرگیراو لە مەنسوور خوسرەوەی (کادری لەمێژینەی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران)،

- زانیاریی وەرگیراو لە محەمەد ساڵح قادری، لە دامەزرێنەران و یەکەم بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەی Agiry.

# حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕاپەڕینی چەکدارانەی ١٣٤٦- ١٣٤٧

**د.سمایل بازیار**

ئەو ڕووداوانە کە لە سەرەتای ساڵی ١٣٤٥ (١٩٦٦ی ز)دا تووشی "حدک" هاتن وەک کوژرانی سەدیق ئەنجیری و دوورخرانەوەی ئەحمەد تۆفیق لەلایەن سەرکردایەتیی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق بۆ ناوچەی بادینان[١]، دۆخی نێوخۆییی "حدک"ـی تووشی قەیران و کێشەی پتر کرد[٢]. هەروەها پێشهاتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان لەو قۆناغەدا کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی نێوخۆی ئەو

١. بارزانی بۆخۆی لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق دانیشتووە و دوای ڕوونکردنەوەی دۆخی شۆڕش و داخوازیی ئێران سەبارەت بە ڕادەستکردنەوەی، داوای لێکردووە بۆ ماوەیەک بچێ و میوانی ئەسعەد خۆشەوی لە لەشکری یەکی بادینان بێ و بەم جۆرە ئەحمەد تۆفیق لە مارسی ١٩٦٦دا لەگەڵ شەش پێشمەرگەی هاوڕێی خۆی لە گوندی قومری لە "بەرواری"ـی باڵا جێگیر دەبێ. حامید گەوهەری، ئەحمەد تۆفیق، ل ٢٨٧– ٢٨٨.

٢. سەعید کاوە لەم بارەیەوە دەڵێ: "ئەندامانی هەڵبژێردراو بۆ کۆمیتەی ناوەندی جگە لە سولەیمانی موعینی و سەدیق ئەنجیری و یەکدووانێکی دی، ئەوانی دیکە بەرچاو نەبوون، یان جێگەی متمانەی کادرەکانی حیزب نەبوون. کاتێک سەدیق ئەنجیری بێسەروشوێن بوو، سولەیمان موعینییش بەتەنیا مایەوە و هەر بەنێو حیزب و کۆمیتەی ناوەندیمان هەبوو." سەعید کاوە، ئاوڕێک لە بەسەرهاتی خۆم و ڕووداوەکانی نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ب. ش. چ، ١٩٩٦، ل ١٥٧.

حیزبە دانا. هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە نێوان شۆڕش و حکوومەتی عەبدولسەلام عارف لە سەرەتای ١٩٦٥دا، گەڕانەوەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی کۆنی پارتی و لایەنگرانیان لە هەمەدانی ئێرانەوە بۆ نێو شۆڕش، بەهێزبوونی پێوەندییەکانی شۆڕش و ڕێژیمی شاهەنشاهیی ئێران، هەڵاتنی چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی کۆن لە ناوچەی دۆڵەڕەقەوە و کارکردنیان بە شێوەیەکی سەربەخۆ بە ناوی پارتی باسکی جەلالییەوە - لایەنگرانی جەلال تاڵەبانی- و گرێدانی پێوەندییان بە ڕێژیمی عێراقەوە و قووڵبوونەوەی دووبەرەکی و هەڵگیرسانی شەڕی کوردکوژی ناسراو بە "مەلایی و جەلالی"[3] بەشێک لەو ڕووداوانە بوون کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر "حدک" هەبوو.

لەم هەلومەرجەدایە کە کۆمەڵێک لە کادرەکانی "حدک" کە ناهۆمێد دەبن لەو چەند کەسەی کۆمیتەی ناوەندی کە ماون[4]، دەکەونە بیری ئەڵتێرناتیڤێک بۆ ئەوەی بتوانن بە گرتنەبەری شێوازێکی نوێ لە خەبات و بە کۆکردنەوەی کادرەکانی دیکە ڕووحێکی دی وەبەر جەستەی سڕبووی "حدک" بێننەوە. بۆ ئەو مەبەستەش ڕۆژی ٢٣ی خەرمانانی ١٣٤٥ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٤ی سێپتەمبری ١٩٦٦ی زایینی لە گوندی "ئالانێ"ی ناوچەی باڵەکایەتی "کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستان"یان پێک هێنا. دامەزرێنەرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی بریتی بوون لە: سمایل شەریفزادە، حەمەدەمین سیراجی، سالار حەیدەری، مەلا ئاوارە، سەعید کوێستانی، سەننار مامەدی و مەلا عەبدوڵڵا سەرباز[5].

---

٣. یاسین سەردەشتی، خوێندنەوەیەکی مێژوویی جووڵانەوە چەکدارییەکەی کوردستانی ئێران لە ساڵەکانی ١٩٦٧- ١٩٦٨، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ٤٣.

٤. لەو کاتەدا تەنیا پێنج کەس لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بەکردەوە مابوون کە بریتی بوون لە: سولەیمان موعینی، ئەمیر قازی، مەلا ڕەحیم وێردی، مەلا سەید ڕەشید، هەڵبەت نەحۆ پاشایی (باپیر شکاک) کە لە بەهاری هەمان ساڵدا ١٣٤٥ (١٩٦٦ ز) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی هێزەکانی ڕێژیمی شاهەنشاهی لەنێو دەچێ. محەممەد خزری، لاپەڕەیەک لە تێکۆشان و جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٢- ٤٧ (١٩٦٣- ١٩٦٨)ی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ل ٦.

٥. سەعید کاوە، س.پ، ل ١٥٩.

کۆمیتەی شۆڕشگێڕی لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا وەک سالار حەیدەری باسی دەکا دوو بڕیاری گرینگی دا: "یەکەم ڕۆژنامەیەک بڵاو بکەینەوە کە ناوی "تیشک"، ئۆرگانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بێ و سمایل شەریفزادە و حەمەدەمین سیراجی بابەتەکانی ئەو ڕۆژنامەیە ئامادە بکەن، دووەم ئەوە کە ڕێکخستنێکی تۆکمە پێک بێنین[٦]." دامەزرێنەرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی جموجۆڵێکی فیکری و ڕێکخراوەیی ڕێکوپێکیان دەست پێکرد و لەگەڵ ئەوەی ئیمکاناتێکی یەکجار کەمیان لەبەردەستدا هەبوو، بەڵام توانییان لەنێو قەوارەی حیزبدا شوێنێک بۆ خۆیان بکەنەوە و بۆ ئەوەی بیروباوەڕی خۆیان بڵاو بکەنەوە "تیشک"ـیان دەرکرد[٧]. کۆمیتەی شۆڕشگێڕی دواتر پەرەی گرت و دوای تەقینەوەی ناکۆکی لەنێو ڕێبەرایەتیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەدا چەند کەس لە ئەندامانی ڕێبەرایەتییشیان چوونە پاڵ، لەوانە: سولەیمان موعینی[٨].

"کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی حدک" لە ماوەی تەمەنی کورتی خۆیدا ڕاپەڕینێکی چەکدارانەی بۆ ماوەی ١٨ مانگ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرپا کرد. ئەو ڕاپەڕینە لە مێژووی هاوچەرخی ئێران و کوردستاندا وەک ڕووداوێکی مێژوویی تۆمار کراوە و بە گرینگترین فەسڵی مێژوویی "حدک" لە نێوان ساڵەکانی پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان و سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٩)دا دادەنرێ.

لەسەر چۆنیەتی و هۆکاری بەرپابوونی ئەم ڕاپەڕینە ڕوانگە و بۆچوونی جیاواز هەیە. ڕاپۆرتی کۆنگرەی سێیەمی "حدک" لێکدانەوەی بۆ سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکە بەم جۆرەیە: "بارودۆخی نێوخۆیی "حدک" لە ساڵەکانی ١٣٤٦ (١٩٦٧)دا لەلایەکەوە و ئەو فشارەی کە بۆ حیزب دەهات لەلایەکی دیکەوە هیندێک لە بەرێوەبەران و کادرەکانی "حدک"ـیان ناچار کرد کوردستانی عێراق جێ بهێڵن و بێنەوە کوردستانی

٦. حامید گەوهەری، ئەحمەد تۆفیق، ل ٣٠٧.
٧. عەبدوڵڵا حەسەنزادە، نیوسەدە تێکۆشان، بەرگی یەکەم، ل ٤٤.
٨. هەمان سەرچاوە، ل ٤٥.

ئێران. ڕێژیمی شا کەوتە ترسەوە و هێزێکی چەکداری زۆری بۆ لەنێوبردنی ئەوان تەرخان کرد. کادر و ئەندامانی حیزب جگە لە دەستکردنەوە و بەربەرەکانیکردن هیچ ڕێگەیەکی دیکەیان بۆ نەمایەوە. بەم جۆرە خەباتی چەکدارانە بەسەر هیندێک لە کادر و ئەندامەکانی ئێمە لەلایەن ڕێژیمەوە سەپێندرا"[٩].

ئەوەی پرسیار دەخاتە سەر ئەم ڕوانگەیە ئەوەیە کە چۆنە بە دەیان ئەندامی ڕێبەری، کادر و ئەندامی "حدک" ناچار نەبوون باشووری کوردستان جێ بهێڵن و تا کۆتاییی ڕاپەڕینەکە و تا ساڵانی دواتریش لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا حەوانەوە[١٠] کەوابوو ئەم دەرفەت و مەجالە بۆ بەشداربووانی ڕاپەڕینی چەکدارانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ڕەخسابوو و ئەوانیش دەیانتوانی "ناچار" نەبن باشووری کوردستان جێ بهێڵن و خەباتی چەکدارییان بەسەردا نەسەپێ.

ڕوانگەیەکی دیکە لەسەر ئەم باوەڕەیە کە ڕاپەڕینەکە دەسکردە و ڕەوتێک یان کەسانێک بۆ ئامانجی خۆیان پێکیان هێناوە. ئەمیر قازی لەو بارەیەوە دەڵێ: "حیزبی شیوعیی عێراق لەو کات و زەمەنەدا بە تازەیی بوو بە هاوپەیمانی حیزبی بەعس و هاوکاری حکوومەت، خواخوای بوو خزمەتێکی بۆ حکوومەتی عێراق لەدەست بێ. جا چ لەوە باشتر هەم بۆ دژایەتی دەگەڵ شۆڕشی ئەیلوول و هەم بۆ ئەوە کە خۆشخزمەتیی بە هاوپەیمانی تازەی خۆی کردبێ؛ ئاگرێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵگیرسێنن تا حکوومەت خۆی لەبەر گەرم بکاتەوە... حیزبی شیووعی لەگەڵ شۆڕش کە لە شەڕی حکوومەتی عێراقدا بوو کەوتبووە دژایەتی و ناکۆک بوون؛

---

٩. ڕاپۆرتی کۆمیتە ناوەندیی "حدک" بۆ کۆنگرەی سێیەم، ل ٢٤- ٢٥. ئەم بۆچوونە لەلایەن کەسانێکی دیکەشەوە دووپات بۆتەوە، بۆ وێنە بڕوانە: عەبدوڵلا حەسەنزادە، نیوسەدە تێکۆشان، بەرگی یەکەم، ل ٤٦؛ محەممەد خزری، س.پ، ل ١٤٤- ١٤٥؛ کارول پرۆنهۆبێر، خولیا و مەرگی قاسملوو، وەرگێڕانی فەتاح کاویان، پێداچوونەوە: عەبدوڵلا حەسەنزادە، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ١٨٤.

١٠. بۆ نموونە: (٤٠- ٥٠) کەس لە کادر و ئەندامانی "حدک" بە سەرپەرستیی ئەمیر قازی و بە ناوی کۆمیتەی ناوەندیی "حدک" لە سەنگەسەر و دەوروبەری لە ناوەندی دەسەڵاتی شۆڕشدا دانیشتن. برایم جەلال، خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول ١٩٧١- ١٩٧٥؛ بنیاتنان و هەڵتەکاندن، ١٩٦١- ١٩٧٥، چاپی سێیەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ٢٢٨- ٢٢٩.

تەبعەن حەزیان دەکرد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەرایەک یان فیتنەیەک ساز بێ، جا دەگاتە کوێ کەیفی خۆیەتی، هەر هێندە کە دەگەڵ دەوڵەتی هاوپەیمانی خۆی بڕواتە پێش"[١١].

لەم پێوەندییەدا دەبێ بگوترێ کە هیچ کام لە سەرچاوە مێژووییەکان نە ئاماژە بە هاوپەیمانیی حیزبی شیووعی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی لەو ساڵانەدا دەکەن (١٩٦٣- ١٩٦٨) و نە لەم ساڵانەدا ئەم حیزبە دژ بە شۆڕشی ئەیلوول هەڵوێستی گرتبێ. بەپێچەوانەوە حیزبی شیوعی لەم ساڵانەدا نەتەنیا هاوپەیمانیی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق نەبووە، بەڵکوو لە دوای کۆدەتای ١٩٦٣ (١٣٤٢ی هەتاوی) کە بە هاوبەشیی حیزبی بەعس و نەتەوەییەکان (عەبدولسەلام عارف) کرا، حیزبی شیووعی بەتوندی کەوتە بەر پەلامار و ڕاوەدوونان و سەدان کادر و ئەندامیان لێ زیندانی و ئێعدام کران. لەم ساڵانەدا ١٩٦٣- ١٩٦٨ (١٣٤٢- ١٣٤٧) حیزبی شیووعی نەتەنیا دژی بزاڤی چەکدارانەی کورد نەبووە، بەڵکوو بەشداریی چەند شەڕی گەورەی وەک شەڕی هەندرێن (١٩٦٦)ـی کردووە[١٢]. مەسعوود بارزانی دەڵێ: "پاش ئەو کۆدەتایە (١٩٦٣) و پاش ئەو کوشتارگە گەورانەی ڕێژیمی نوێ بۆ شیوعییەکانی ساز کرد، باری سەرنجی شیووعی گۆڕا و شیووعییەکان هاتنە پاڵ شۆڕش و بەشدارییەکی کاریگەریان لە شۆڕشی ئەیلوولدا کرد (١٩٦٣- ١٩٧٠)"[١٣]. هاوپەیمانیی حیزبی شیووعی و دەوڵەتی ناوەندی (بەعس) دەگەڕێتەوە سەرەتای حەفتاکان (١٩٧٣)، واتە پاش کۆدەتای دووەمی بەعسییەکان لە ١٧ی تەممووزی ١٩٦٨[١٤]، کە ئەو کات سێ مانگ بوو ڕاپەڕینی چەکدارانەی ١٩٦٧- ١٩٦٨ـی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆتاییی پێهاتبوو.

هیچ ڕووداوێکی مێژوویی نە لە عەردی ڕووتوقووت شین دەبێ و نە دابڕاو

١١. ئەمیر قازی، لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم، ستۆکهۆڵم، گوڵانی ٢٠١٠، ل ١٤٨- ١٩٨.
١٢. بۆ زانیاریی پتر لەم بارەیەوە: کەریم ئەحمەد، ڕێڕەوی تێکۆشان، و: جەلال دەباغ، سلێمانی، ٢٠٠٦.
١٣. مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، شۆڕشی ئەیلوول، (١٩٦١- ١٩٧٥)، بەرگی سێهەم، ل ١٨٧.
١٤. کەریم ئەحمەد، س.پ، ل ٢٤٨- ٢٥٦.

و سەربەخۆیە، بەڵکوو لە پێوەندییەکی دیالیکتیکیدایە لەتەک ئەو قۆناغە کە تێیدا لەدایک بووە بە ڕووداوەکانیەوە. هەروەها هەر ڕووداوێک دەبێ لەو بەستێنەی کە تێیدا دروست بووە پێناسە بکرێ و هەڵبسەنگێندرێ. لەم سۆنگەیەوە تیشک دەخەینە سەر ئەو هەلومەرجە کە فاکتەرێکی گرینگ بوو لە پێکهاتنی ڕاپەڕینی چەکدارانەی ١٩٦٧- ١٩٦٨دا:

**أ: زەمینەی کوردستانی – ئێرانی:** بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵەکانی دەیەی ١٩٦٠دا بەگشتی سەقامگیر نەبوو. ئاڵوگۆڕەکانی ناسراو بە "شۆڕشی سپی" لە بواری ئابووری-کۆمەڵایەتی لە ئێراندا نەیانتوانی ببنە هۆکاری گۆڕانکارییەکی بەرچاو بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چونکی پرسی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد هەر وەک ڕابردوو لەلایەن ڕێژیمی پاشایەتییەوە پشتگوێ خرابوون و ڕێگر بوون لە بەردەمیدا[١٥]. پرسی زمان و ئازادنەبوونی خوێندن و نووسین و تەنانەت چاپی کتێبی ئاسایی بە زمانی کوردی و بە سەرنجدان بە لایەنەکانی دیکە؛ ستەمی نەتەوایەتی ناکۆکی (تەزاد)ی سەرەکیی کۆمەڵگەی کوردستان بوون[١٦].

کوردستان پتر لە هەموو بەشەکانی دیکەی ئێران لەژێر پاڵەپەستۆی دەسەڵاتی سوپادا بوو. دەسەڵات بەگشتی کەوتبووە ژێر دەستی ئەفسەرانی سوپا، پۆلیس و جەندەرمە و بەتایبەتی ساواک؛ کە زۆر بەقورسی چاو دەبڕنە گشت جموجۆڵێکی دانیشتووان. بۆ وێنە کە جووتیارێکی کورد سەردانی گوندی دراوسێی بکا، ئەوا دەبێ

١٥. لازاریف و دیگران، تاریخ کردستان، ترجمە: منصور صدقی و کامران امین‌آوە، انتشارات فروغ، فروردین‌ماە ١٣٨٦، ص ٢٧٦. لەگەڵ ئەوەی چاکسازیی زەوی نەبوو بە هۆی نەهێشتنی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی لە گوندەکانی کوردستان و تەنیا ڕادەیەکی کەم لەو کەسانەی کە خاوەن بنەتۆو (بەرەجووت) بوون و ئەویش بە شێوەی نایەکسان بوون بە خاوەنی زەوی؛ بەڵام لە بەرامبەردا سیستمی زاڵمانەی ئاغا و ڕەعییەت لەبەریەک هەڵوەشا. گوندنشینەکان لە کۆت و زەنجیری کۆیلەتی ڕزگاریان بوو و لە ڕووی ڕووحی و فیکرییەوە بەرەو قۆناغێکی نوێتر لە سیستمی داخراوی دەرەبەگایەتی هەڵدەکشان. حسین مدنی، دینامیزم شیوەهای مبارزاتی کردستان ایران، آذرماە ١٣٦٩، ص ٣٤.

١٦. حمید مؤمنی، دربارە مبارزات کردستان، انتشارات شباهنگ، تهران، ١٣٥٨، ص ٢١.

کوێخای هەردووک ئاوەدانی ئاگادار بن، چونکە پێویستە سەردانی گشت نەناسێک بە جەندەرمە ڕابگەیەنن[١٧]. ڕێگاوبان زۆرتر سەربازین و لەو ناوچانە کە بە کەڵکی بازرگانی نایەن دروست دەکرێن. گرینگیدان بە میلیتاریزەبوونی ناوچەکە بەڕوونی دیارە. سەرەڕای سەربازگەکانی سوپا، پۆلیس و جەندەرمە بەم دواییانەدا هێزی بەرگریی نیشتمانی و پەروەردەکردنی چریکی دەوڵەتی (جاش)ـیش لە کوردستان زیاد بووە و شارەکان پڕ بوون لەم ڕەگەزانە[١٨]. لەم بەشەی کوردستان گرژی و ئاڵۆزییەکان بەخێرایی لە زۆربوونەدا بوون و ئەمەش بەهۆی توندوتیژبوونی زۆرداریی دەسەڵاتداران لەدژی دانیشتووانی کورد؛ چونکی جەندەرمەکانی شا سەربەستیی ڕەهایان هەبوو لەو کردەوانەدا کە لە ناوچەکانی کوردستان ئەنجامیان دەدا بە جۆرێک کە دەستیان کردبوو بە کوشتنی خەڵکی مەدەنی و بەتاڵانبردنی ماڵ و سامانیان و ئەمەش چەند جار تێکهەڵچوونی چەکداری لە نێوان جووتیارەکان و جەندەرمەی شادا لێکەوتەوە و ئەمەش زەمینەی بۆ ئەو کەسانە خۆش کردبوو کە دەیانهەویست چەک هەڵگرن.[١٩]

لە ئێراندا کۆدەتای ٢٨ـی گەلاوێژی ١٣٣٢ (١٩ی ئابی ١٩٥٣ز) شکستێکی مێژوویی بوو بۆ ئەو دیموکراسییە ڕێژەییە کە لە ماوەی ١٢ ساڵدا (١٩٤١- ١٩٥٣) کەم و زۆر لە کەشوهەوای سیاسیی ئێراندا هەبوو و ڕێگەی خۆش کرد بۆ سەرەڕۆیی و توندوتیژی. دواجار حەمەڕەزاشا لە ساڵی ١٣٤٢ (١٩٦٣ز) کۆتایی بەو نیمچە کەشە سیاسییە کراوەیە کە بەهۆی قەیرانی نێوخۆیی و پاڵەپەستۆی دەرەکی (ئەمریکا) پێک هاتبوو هێنا و تێیدا حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی یاسایی[٢٠]

---

١٧. کەندال نەزان و ئەوانی تر، گەلێکی پەژموردە و نیشتمانی پەرت (کورد و کوردستان)، ل ٢٢٩.
١٨. حمید مؤمنی، م.ق، ص ٢١.
١٩. () کەندال نەزان و ئەوانی تر، ل ٢٢٥.
٢٠. [٣] گرووپێکی دی کە لە دەرەوەی بەرەی نیشتمانی چالاکیی هەبوو "جامعە سوسیالیست"ـەکان بوو بە ڕێبەریی خەلیل مەلەکی کە لە "حیزبی توودە، حیزبی زەحمەتکێشان و هێزی سێیەم" دابڕابوون؛ بە هاوڕێیەتیی ڕووناکبیرانی وەک جەلال ئالی ئەحمەد، مەنووچێهر سەفا، محەممەدعەلی کاتووزیان،

(بەرەی نیشتمانیی دووەم) و بزووتنەوەی خوێندکاری سەرلەنوێ چالاک بیوونەوە[٢١]. سەرکوتی خوێناویی ڕاپەڕینی جۆزەردانی ١٣٤٢ (١٩٦٣ز)[٢٢] کە ڕووحانییەتی شیعە سەرکردایەتیی دەکرد و دواتر دوورخستنەوەی ئایەتوڵڵا خومەینی و دادگاییکردنی ڕێبەرانی "نێهزەتی ئازادی"[٢٣] و چەند کەس لە پیاوانی ئایینیی لیکەوتەوە، سەرەتای دەستپێکردنی سەردەمی دیکتاتۆریی تازەی شاهانە بوو بە سەرکوتکردنی هەموو نەیارانی سیاسی و مەزهەبی و پێکهێنانی کەشێکی پڕ لە تیرۆر و تۆقاندن[٢٤].

دوو هێزی سەرەکیی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم کە بریتی بوون لە بەرەی نیشتمانی و

---

داریووش ئاشووری و... بەخێرایی لەنێو خەڵکدا پێگەیان وەدەست هێنابوو. سۆسیالیستەکان باوەڕیان وابوو کە دەبێ لە ناکۆکیی نێوان دەربار و ئەمینی کەڵک وەربگیرێ بۆ خەبات و پڕوپاگەندە و چالاکیی مەدەنی. مەسعود بهنود، از سید ضیا تا بختیار، ص٤١٢.

٢١. ئاراس، وەچەیەکی ئەهلی کار و لەخۆبوردوو، کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ژمارە ٦٧٩، ١٢ی بانەمەڕی ١٣٩٥، ل ٥. ئەو هۆکارانە کە بوون بەهۆی پاشەکشەی ڕێژیم بریتی بوون لە: شکستی سیاسی و ئابووریی ڕێژیمی ئێران، پەرەسەندنی بشێوییەکان، پێکهاتنی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە ڕێژیمەکانی تورکیە و عێراق و گۆڕانکاری لە ڕێبازی سیاسیی دەوڵەتی ئەمریکا لە پێوەندی لەگەڵ ڕێژیمە دیکتاتۆرەکاندا. غلامرضا نجاتی، تاریخ بیست و پنج سالەی ایران (از کودتا تا انقلاب)، چاپ ششم، تهران، ١٣٧٩، ص ٢٤٥.

٢٢. ڕاپەڕینی ١٥ی جۆزەردان: چاکسازییەکانی شا لەگەڵ نارەزایەتیی بەشێکی بەرچاوی ڕووحانییەتی شیعە بەرەوڕوو بۆوە، بەتایبەتی چاکسازیی زەویوزار و دانی مافی دەنگدان بە ژنان. لە ١٥ی جۆزەردانی ١٣٤٢ (جوونی ١٩٦٣)دا ڕێژیم خۆپیشاندەرانی نارازیی کە سێ ڕۆژ بوو لە تاران و چەند شارێکی دیکە بە هاندانی پیاوانی شیعە ڕاپەڕیبوون بە زەبری هێز دامرکاند و لە ئەنجامدا سەدان کەس کوژران. خومەینی ڕێبەری نوێی ڕووحانییەتی شیعە دەسبەسەر کرا و سەرەتا بۆ تورکیە و دواتر بۆ عێراق دوور خرایەوە. یرواند آبراهامیان، ایران بین دو انقلاب، ص ٥٢٣. جان فوران، مقاومت شکننده، تاریخ تحولات اجتماعی ایران از سال ١٥٠٠ میلادی تا انقلاب ١٩٧٩، ترجمە: احمد تدین، تهران، رسا، ١٣٧٧، ص ٤٦٢.

٢٣. نێهزەتی ئازادیی ئێران: لە ٢٧ی بانەمەڕی ١٣٤٠ (١٧ی مای ١٩٦١)دا دامەزرا. ڕێبەرانی ئەو ڕێکخراوەیە زۆرتر ڕێبەران یان دامەزرێنەران و چالاکانی بزاڤی بەرگریی نیشتمانی بوون کە لە دوای کودەتای دژی موسەدیق پێک هات. نێهزەتی ئازادی زۆرتر بەرهەمی بیر و ئەندێشەی خەباتکارانی وەک؛ ئایەتوڵڵا سەید مەحموود تاڵەقانی، موهەندیس مێهدی بازرگان و دوکتور یەدوڵڵا سەحابی بوو. غلامرضا نجاتی، م.ق، ص ١٦٣.

٢٤. پروێز بابایی، مێژووی هاوچەرخی ئێران، و: سەرتیپ زەندی، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ١٤٢.

حیزبی توودە لە چ بارودۆخێکدا بوون؟

بەدوای هەڵوەشانی "بەرەی نیشتمانیی دووەم" لە ساڵی ١٣٤٣ (١٩٦٤)دا هەوڵ درا بۆ پێکهێنانی بەرەی نیشتمانیی سێیەم لە ساڵی ١٣٤٤ (١٩٦٥)دا، بەڵام پۆلیس زۆر زوو ئەم هەوڵەی پووچەڵ کردەوە و پێش ئەوەی ئەم بەرەیە هەنگاوێکی جیددی هەڵبگرێ نوێنەران و گرووپەکانی پێکهێنەری ئەم بەرەیەی دەسبەسەر کرد[٢٥]. بەم جۆرە ڕێبەرانی بەرەی نیشتمانیی ئێران ئیتر نەیانتوانی درێژە بە بەرخودان بدەن و لە تێکۆشان سارد بوونەوە.

حیزبی توودەش دوای کودەتای ٢٨ـی گەلاوێژ (١٩ی تەمموز) و ئەو زەبرەی کە لەلایەن ڕێژیمەوە بەری کەوت، لەڕاستیدا تا شۆڕشی ١٣٥٧ (١٩٧٩) نەیتوانی پشت ڕاست بکاتەوە و لەم ساڵانەدا وەک حیزبێکی دوورخراوە کە ڕێبەرانی لە لایپزیکی ئاڵمانی ڕۆژهەڵات باروبنەیان خستبوو، زۆرتر لە دەرەوەڕا چاولێکەر و بینەری ڕووداوەکان بوو. ئەمە وای کردبوو کە پێوەندیی بە کۆمەڵانی خەڵکەوە نەبێ و نەتوانێ لە ڕووداوەکانی نێو کۆمەڵگەدا ڕۆڵی هەبێ. هەروەها گەرمبوونی پێوەندییەکانی ئێران و سۆڤیەت لەو ساڵانەدا و هەڵگوتنی ئەو حیزبە بەو پێوەندییانەدا بەجارێک حیزبی توودەی بێئێعتبار کردبوو[٢٦].

**ب) زەمینەی نێونەتەوەیی:** جیهان لە هەلومەرجێکدا پێی نابووە دەیەی ١٣٤٠ (١٩٦٠) کە چەند ڕووداوی گەورە لە پاش شەڕی دووەمی جیهانی ڕوویان دابوو، چین لە ساڵی ١٣٢٨ (١٩٤٩) شۆڕشەکەی بە ڕابەریی حیزبی کۆمۆنیست و لە ڕێگەی

---

٢٥. بیژن جزنی، تاریخ سی ساله ایران، ص ١٠٢. گرووپە پێکهێنەرەکانی بەرەی نیشتمانیی سێیەم بریتی بوون لە: نێهزەتی ئازادی، حیزبی میللیی ئێران، حیزبی مەردومی ئێران، جامیعەی سۆسیالیستەکان و ڕێکخراوی خوێندکارییش نوێنەرێکی لەم بەرەیەدا هەبوو. پێشین، ص ١٠٢.

٢٦. محمد علی همایون کاتوزیان، اقتصاد سیاسی، ص ٢٦٢، ئیسماعیل بازیار، خوێندنەوەیەکی سەرهەڵدانی جووڵانەوەی چەکدارانەی ٤٦-٤٧، تیشک، گۆڤاری سیاسی-ڕۆشنبیری، ساڵی نۆیەم، ژمارە ١٩، ١٣٨٦، ل ٦٠.

خەباتی چەکدارانەی درێژخایەن سەر کەوت[٢٧]. ڤیتنامییەکان لە شەڕی "دیانبیانفۆ" لە ساڵی ١٩٥٤دا سوپای داگیرکەری فەڕانسەیان تێکشکاند[٢٨]. لە کووبا و لە ئەمریکای لاتین لەبن دەستی ئەمریکا شۆڕشی چەکدارانە بە ڕێبەریی فیدل کاسترۆ لە ساڵی ١٩٥٩دا سەر کەوت[٢٩]. بەم پاشخانەوە جیهان پێی نایە دەیەی ٦٠، ئەو دەیە تۆفانییە کە تێیدا گوتاری ڕادیکالیزم و شۆڕشگێڕی باو بوو[٣٠].

لە ئەمریکا جووڵانەوەی مافی مەدەنیی ڕەشپێستەکان[٣١] و بزاڤی ژنانی ئەمریکی بۆ یەکسانی و ئازادی (فیمینیزم) بە ئیلهاموەرگرتن لە بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکانی دەیەی ١٩٥٠، شەڕە ڕزگاریخوازە خۆجێییەکان لە ئاستی جیهانی لە دەیەی ١٩٦٠دا و بزاڤی دژی شەڕی ڤیتنام بەتایبەتی لە ئەمریکا و ئورووپا، ڕاپەڕینی خوێندکارانی فەڕەنسی لە ساڵی ١٩٦٨دا[٣٢] ئەم وڵاتەی هەژاند و چەندین شاری دیکەی ئورووپای گرتەوە و لەگەڵ خۆی زۆر نۆرم و بایەخی نوێی هێنان و چەندین بزووتنەوەی دیکە

هەواڵنامەی کتێب

٢٧. ئەردەڵان عەبدوڵڵا، چین زلهێزی نوێی جیهان، لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی، مێژوویی، ئابووری و سۆسیۆلۆجیە، هەولێر، ٢٠١٠، ل ١٢٨- ١٢٩؛ دەیڤید پێترۆزا، شۆڕشی کولتووری لە چین، و: هەژار ڕەحیمی، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ل ١٦-١٧.

٢٨. الکساندر ماتیل، دایرةالمعارف ناسیونالیسم، جلد سوم، ص ٩٥٥.

٢٩. اندره فونتن، تاریخ جنگ سرد، جلد دوم، ترجمە: عبدالرضا هوشنگ مهدوی، تهران، ١٣٦٦، ص ٤٦٠- ٤٦٢.

٣٠. ئێریک هابزباوم لەم بارەیەوە دەڵێ: "لە ساڵەکانی ١٩٦٨- ١٩٦٩دا شەپۆلێک لە شۆڕش و ڕاپەڕین سەرتاسەری سێ قارە یان بەشێکی بەرچاوی گرتبۆوە." اریک هابسبام، عصر نهایتها، تاریخ جهان ١٩١٤-١٩٩١، ترجمە: حسن مرتضوی، چاپ دوم، تهران، ١٣٨٣، ص ٥٧١.

٣١. بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکانی ڕەشپێستەکان لە ئەمریکا بەهۆی زنجیرە یاسایەک و دەنگەکانی دیوانی بەرزی وڵاتی ئەمریکا لە بارەی مافەکانی ڕەشپێستەکان و دژایەتیی سپیپێستەکانی هیندێک ویلایەتەکان لەگەڵ بەڕێوەبەرانیان؛ ڕەشپێستەکان زنجیرە خەباتێکیان دەست پێکرد. لە سەرەتا خەباتەکە بەڕێبەریی مارتین لوترکینگ (١٩٢٩-١٩٦٨) لایەنی هێمنانەی هەبوو، بەڵام دواتر ڕەنگی توندوتیژیی بەخۆوە گرت. ڕۆزا لیندرۆزێنبێرگ، مێژووی سەدەی بیستەم (زانکۆی کۆلۆمبیا)، و: مەسعوود ڕەواندووست، دهۆک، ٢٠٠٩، ل ١٧٦.

٣٢. بڕوانە: جۆرج ترابیشی و ئەوانی تر، شۆڕشی خوێندکارانی ٦٨، و: شوان ئەحمەد، هەولێر، ٢٠١٠.

کە سیستمی سەرمایەدارییان کردبووە ئامانج، لە دەیەی ٦٠دا بیچمیان گرت[٣٣].

لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی و لە ئاکامی سەرکەوتنی جووڵانەوەکانی ڕزگاریخواز و شکانی مێژوویی کۆلۆنیالیزم دەیان وڵات بە وەدەرنانی داگیرکەران بە سەربەخۆیی گەیشتن. لووتکەی ئەم سەرکەوتنانە دەیەی ٦٠ بوو. لە ماوەی کەمێک زیاتر لە بیست ساڵدا پتر لە سەد دەوڵەتی نوێ سەریان هەڵدا[٣٤]. ئەوەی کە نەیارانی شۆڕش و شۆڕشگێڕانی سەرسام کردبوو، شێوەی سەرەکیی خەباتی شۆڕشگێڕی لە جیهانی سێیەم بوو، واتە شەڕی چریکی و پارتیزانی لەمسەر تا ئەوسەری جیهان[٣٥]. مێژوونووس ئێریک هاوبزباوم (١٩١٧- ٢٠١٢) دەڵێ: "لە چارەگی سێیەمی سەدەی بیستەم (١٩٥٠- ١٩٧٥)دا هەموو چاوەکان بۆ چریکەکانیان دەڕوانی[٣٦].

لە هەلومەرجێکدا کە ڕووح و گوتاری شۆڕشگێڕانە و ڕادیکالێزم لە جیهان و بەتایبەتی لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین، ئاسیا و ئەفریقا زاڵە و شێوازی خەبات (خەباتی چەکدارانە) و سیما بەناوبانگەکانیان بوون بە ئولگووی خوێندکار و گەنجە ڕادیکاڵەکان[٣٧] و لە ئێراندا هیچ دەرەتانێک بۆ خەباتی ئاسایی و هێمنانە

٣٣. ڕۆزا لیندرۆزێنبێرگ، س.پ، ل ١٧٦.

٣٤. "قەوام نکرومە" لە "غەنا"، "ئەحمەد سیکۆتورە" لە "غینا"، "پاتریس لومۆمبا" لە "کۆنگۆ"، "جەماڵ عەبدولناسر" لە "میسر"، "جەمیلە بووحیرۆ" لە "ئەلجەزایر" سیما ناسراوەکانی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی بوون لەلای خەباتگێڕانی جیهانی سێیەم. ئیسماعیل بازیار، خوێندنەوەیەکی سەرهەڵدانی جووڵانەوەی چەکداریی ٤٦- ٤٧، ل ٣٤- ٣٥.

٣٥. سەرجەمی خەباتی چەکداریی لە چوار کیشوەری گۆی زەوی لە پاش شەڕی دووەمی جیهانی بەم شێوەیە تۆمار کراوە: ئاسیا ٤٨، ئافریقا ٥٢، ئەمریکای باشوور ١٢، ئەمریکای نێوەڕاست ١٨، سەرجەم ١٢٠. حیکمەت محەممەد کەریم (مەلا بەختیار)، شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی سەردەم، سوید، ١٩٩٢، ل ٢٨٤.

٣٦. اریک هابساوم، م.ق، ص ٥٦٣. ماوتسی تۆنگ، کاسترۆ و گیڤارای سەرنجڕاکێش و ماڵبەکۆڵ و ڕێژە دێبری فەڕەنسەیی ڕێبەرانی تیۆریکی ئەم ڕەوتە بوون. هەرچەند کۆمۆنیستەکانی ڤیتنام سەرکەوتووترین و بەشکۆترین بەڕێوەبەرانی شەڕی پارتیزانی بوون و لە ڕووی نێونەتەوەییەوە بەهۆی تێکشکانی فەڕەنسا و ئەمریکای بەهێز ستایش دەکران. پیشین، ص ٥٦٣.

٣٧. مەسعوود بێهنوود، مێژوونووس و ڕۆژنامەنووسی ئێرانی لەم پێوەندییەدا وێنایەک لە کەشوهەوای سیاسیی ئەو سالانە بە دەستەوە دەدا و دەنووسێ: "کاسترۆ نموونە (ئۆلگوو)ی کۆمەڵگەی بێنموونە

نەماوە، وەچەیەکی نوێ لە تێکۆشەرانی سیاسی و بەتایبەتی بەشێکی بەرچاویان کە خۆیان لە ڕەوتێکی چەپی نوێدا دەدیتەوە[٣٨]، هاتنە سەر ئەو باوەڕە کە تەنیا ڕێگای بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیم خەباتی چەکدارانەیە. مەهدی بازرگان لە ڕێبەرانی ئۆپۆزیسیۆنی ئەوکات و یەکەم سەرۆکوەزیرانی پاش شۆڕشی ١٣٥٧ (١٩٧٩) ساڵی ١٣٤٣ (١٩٦٤) لە بەردەم دادگای سەربازیدا بەڕێوەبوونی تارماییی سەردەمێکی نوێ لە خەبات ڕادەگەیەنێ و دەڵێ: "ئێمە دوایین کەسانێکین کە لە ڕێگەی دەستوورەوە (یاسای بنەڕەتیی مەشرووتە) خەباتی سیاسی دەکەین، ئێمە چاوەڕوانیمان لە سەرۆکی دادگا ئەوەیە کە ئەم تێبینییە بە کاربەدەستانی سەرەوەتر ڕابگەیەنێ"[٣٩]. عەلیئەسغەر حاج سەیدجەوادی، ڕووناکبیر و لە سیما ناسراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم لەم ساڵانەدا دەڵێ: "ڕووحی سەردەم هیچ ڕێگەیەکی لەبەردەم جەماوەردا نەهێشتۆتەوە جگە لەوەی کە مافی خۆی لە جیاتی پەرلەمان بە خەبات لە لێڕەوار (جەنگەڵ)دا وەدەست بێنێ"[٤٠].

---

بوو، دواتر دەرکەوت لەو کۆمەڵگەیانەی قارەمانیشیان هەبوو، جێگا و شوێنی کاسترۆ لە تەنیشت پاڵەوانە نەتەوەییەکان بوو. لاوە میسرییەکان هیچ وێنەیەکیان لە عەبدولناسر لەلا خۆشەویستتر نەبوو مەگەر ئەو وێنەیەی کە ناسر لەلای ئەو کووباییە باڵابەرزەوە ڕاوەستابوو. لەوانەبوو لە یۆگوسلاڤی و هیندوستان، تیتۆ و نەهرۆش ئەم وێنانەیان لە هۆدەی گەنجەکانیان بینیبا." مسعود بهنود، ما میمانیم، تهران، ١٣٧٧، تهران، ١٣٧٧، ص ٣٢٤.

٣٨. چەپی نوێ: ئەو بەشە لەو مارکسیستە گەنجانەی ئێرانن کە لە دەیەی ٤٠ (٦٠)دا بە بەرنامەیەکی نوێوە هاتبوونە گۆڕەپانی خەبات و سیاسەتەوە و سەرەڕای دژواری و گیروگرفتی گەورە ئامادە بوون بۆ بەڕێوەبردنی. ئەو دەیەیە نوێنگەی تێپەڕبوونی قۆناغێک و زیندووبوونەوەی جووڵانەوە بوو، وەچەی نوێی مارکسی لە ڕێکخستن بە شێوازی حیزبی توودە کە تەنیا لە دۆخی یاسایی و نیوەیاسایی دەیتوانی چالاکیی هەبێ و پاڵی بە هێزە دەرەکییەکانەوە دابوو. چەپی نوێ ڕێکخستنێکی سەربەخۆ لە نفووزی دەرەکی و گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی سەرکوت و دەسەڵاتی پۆلیسیی دامەزراند و ئەزموونی شۆڕشەکانی چین، کووبا، ئەلجەزایر و ڤیتنامی بەلاوە گرینگتر بوو، تا ئەزموونی شۆڕشی بۆلشەڤیک. مازیار بهروز، شورشیان آرمانخواه، ترجمە: مهدی پرتوی، تهران، ١٣٧٩، ص ٨٥.

٣٩. غلامرضا نجاتی، م.ق، ص ٣٧٣.

٤٠. پیمان وهابزاده و دیگران، ساربان سرگردانی، مجله اندیشه پویا، سال دوم، ١٣٩٢، شماره ١٢،

لـەم قۆناغەدایـە دەیـەی ٦٠ـی زایینـی کـە کێشـەی نێـوان چیـن و یەکیەتیـی سـۆڤیەتی گەیشـتە لووتکـەی خـۆی و سـەرەنجام کەرتبوونـی کەمپـی سۆسیالیسـتیی لـێ کەوتـەوە. ئـەو ناکۆکییانـە کـە لـە دوای کۆنگرەی بیسـتەمی حیزبـی کۆمۆنیسـتی یەکیەتیی سـۆڤیەت (١٩٥٦) بـە بیانـووی ڕەخنەگرتـن لـە سـتالین و بیردۆزیـی "پێکـەوە ژیانـی ئاشـتیخوازانە" ڕۆژ بـە ڕۆژ پـەرەی دەگرت[٤١]. ئـەو کەرتبوونـە بەرۆکـی زۆربـەی حیزبـە کۆمۆنیسـتەکانی جیهـان و یـەک لـەوان حیزبـی تـوودەی ئێرانیشـی گرتـەوە[٤٢]. لایەنگرانـی بیـر و بۆچوونەکانـی ماوتسـی تۆنـگ -مائـۆ[٤٣] (ماویستەکان) ڕیـزی خۆیـان

---

ص ٧٢.

٤١. لـە کۆنگـرەی بیسـتەمی حیزبـی کۆمۆنیسـتی سـۆڤیەت (١٩٥٦) نیکیتیـا سـەرکەیوچ خرۆشـچۆڤ (١٨٩٤- ١٩٧١) لە بەردەمی نوێنەرانی حیزبە کۆمۆنیستەکانی جیهان ڕەخنەی لە سیاسـەتەکانی ستالین و مودیریەتـی ناوبـراو لـە بەڕێوەبردنـی یەکیەتیـی سـۆڤیەتدا گـرت و "ستالینسـڕینەوە" و بیردۆزیـی "پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانە"شی خستە ڕوو، کە بریتی بوو لەوەی کە سـەرکەوتنی سۆسیالیزم بەسـەر سـەرمایەداریدا تەنیا بە پەنابردن بۆ شـەڕ دەستەبەر نابێ، بەڵکوو لە ڕێگەی کێبەرکێی ئاشتیخوازانەی ئابوورییەوە بە ئاکام دەگا و حیزبە کۆمۆنیستەکانیش بۆ گەیشتن بە دەسـەڵات پێویست ناکا لە هەموو شـوێنێک دەست بۆ چەک ببەن و بەڵکوو دەتوانن لە ڕێگەی پەرلەمانەوە سەر کەون. غلامرضا علی بابایی، فرهنگ علوم سیاسی، ص ٨٤٥. بۆ زانیاریی پتر بڕوانە: اسماعیل رائین، شوروی و چین جنگ سرد دو ابرقدرت، چاپ دوم، تهران، ١٣٥٢.

٤٢. کۆمەڵێـک گەنجـی توودەیـی لـە دەرەوەی وڵات کـە زۆربەیـان خوێنـدکار بـوون و نـاڕازی لـە سیاسـەتەکانی حیزبی تـوودە، بە ئیلهام وەرگرتن لە چین و کووبا بە پێکهێنانی کۆنفرانسی ئامادەکاری لە فێوریـەی ١٩٦٤دا لە شـاری موونیخی ئاڵمـان بناغـەی "ڕێکخراوی شۆڕشگێڕیی حیزبی توودە"یان دامەزراند. بەشدارانی کۆنفرانس بریتی بوون لە: مەهدی خانباباتێهرانی، موحسین ڕێزوانی، کورش لاشایی، حەسـەن قازی، حەمید مەدەنی و خوسرەو سـەفایی و چەند کەسی دیکە. دواتر سێ کـەس لـە ئەندامانـی کۆمیتـەی ناوەندیـی حیزبـی تـوودە بـە ناوەکانـی فرووتـەن، قاسـمی و سـەغایی بەهـۆی لایەنگـری و تێڕوانینـی ماویسـتی لـە سـاڵی ١٣٤٣ (١٩٦٤)دا ڕیـزی حیزبـی توودەیـان بەجـێ هێشـت و چوونـە پـاڵ ڕێکخـراوی ئینقلابیـی حیزبـی تـوودە. بەڵام پـاش ماوەیـەک لێـی دابـڕان و بـە ناوێکـی دیکـە چالاکییـان هەبـوو. بڕوانـە: مهدی خانباباتهرانی، گفتگو بـا حمید شـوکت؛ مازیار بهروز، م.ق، ص ٨٩؛ سـیروس نهاونـدی، باقر مرتضـوی، حلقـه گمشـده، چـاپ دوم، آلمـان (کلـن)، ١٣٩٤.

٤٣. ماویـزم: ئـەم زاراوەیـە ڕوانگـە و ئەندێشـەکانی ماوتسـی تۆنـگ (١٨٩٣- ١٩٧٦) ڕێبـەری شۆڕشـی کۆمۆنیسـتی چیـن لەخـۆ دەگرێ کـە بەکورتـی بریتی بـوو لـە: گواسـتنەوەی ناوەنـدی خـەبـات لـە شـارەوە بـۆ گونـد و لـە شـوێن چینـی کرێـکار گرینگـی بـە چینـی جووتیـار دەدرێ و ئـەوان دەبنـە هێـزی سـەرەکیی

لە حیزبەکانی لایەنگری سۆڤیەت جیا کردەوە[٤٤]. ئەم دیاردەیەش بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی توندئاژۆیانەی بۆچوونەکانی مائو ئەوەندەی دیکە یارمەتیی بە ڕادیکاڵیزەبوونی کەشوهەوای سیاسیی ئەو قۆناغە کرد.

لەسەر بنەمای ئەم زەمینەیە بوو کە چەندین گرووپ و شانەی نوێ لە قەبارەی جۆراوجۆر و بە ئایدۆلۆژیی جیاواز پێکهاتن بە مەبەستی پیادەکردنی ڕێبازی نوێ، واتە خەباتی توندوتیژ (خەباتی چەکدارانە)[٤٥]. لە نێو ئەو شانە و گرووپانەدا دوو

هەواڵنامەی کتێب

شۆڕش، کە ئەمانە بەپێچەوانەی بۆچوونەکانی مارکس و لێنین بوون. تێکەڵاوکردنی شۆڕشی نەتەوەیی و کرێکاری، ڕزگارکردنی گەلانی ژێردەستەی کۆلۆنیالیزم لە ڕێگای خەباتی پارتیزانی بە پشتیوانیی جووتیاران، گەمارۆدانی شارەکان لە ڕێی گوندەکانەوە، ئیمپریالیزم شێرێکی پەڕۆیینە و هەر بۆیە دژی سیاسەتی پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانەی "خرۆشچۆڤ"ـە و خوازیاری شۆڕشی بەردەوام لە سەراسەری جیهان لەدژی پێگەکانی ئیمپریالیزم بوو. غلامرضا علیبابائی، فرهنگ علوم سیاسی، چاپ دوم، تهران، ١٣٦٩، ص ٦٩٨. ئەردەڵان عەبدوڵڵا، س.پ، ل ١٢٩.

٤٤. ئەم دیاردەیە کوردیشی گرتەوە. جەلال تاڵەبانی دەڵێ: "ناکۆکی کەوتبووە نێوان ڕووس و چینەوە. تەیارێک لەنێو ئێمە پەیدا ببوو بۆچوونی چینی بە ڕاست دەزانی و ماوتسی تۆنگی بە سەرکردەیەکی گەورەی شیووعی ئەدایە قەڵەم. ئێمە گەنجانی چەپی نێو پارتی لە ئەنجامدا هەموو بووین بەو تەیارە و کەوتینە بن کاریگەریی خەتی چینەوە. ماوتسێ تۆنگمان خۆش دەویست، کار گەیشتبووە ئەوەی ئێمە لە بارەگاکانی خۆمان لە بەکرەجۆ و قەرەداغ وێنەی ماوتسی تۆنگمان هەڵاوەسیبوو، مەدالیایەکی ماوتسی تۆنگ بە سینگمەوە بوو. نەوشیروان مستەفا و هەندێکی دیکە و هەمووومان لە ژێر هەمان کاریگەریدا بووین." سەلاح ڕەشید، مام جەلال دیداری تەمەن، سلێمانی، ٢٠١٧، ل ٣٣٥.

٤٥. بیژن جزنی، تاریخ سی سالەی ایران، ص ١٢٩. لایەنگرانی خەباتی چەکداری بەسەر دوو گرووپی فکری-سیاسیدا دابەش دەبوون: گرووپە ئیسلامییەکان و گرووپە مارکسیست- لێنینیستەکان. حسن ماسالی، سیر تحول جنبش چپ ایران و عوامل بحران مداوم آن، چاپ دوم، آلمان، ٢٠٠١، ص ١٠١.

ڕێکخراوی "چریکە فیداییەکانی گەل[٤٦]" و "موجاهیدینی گەلی ئێران[٤٧]" شوێندانەرترین و بەناوبانگترینیان بوون کە توانییان بە چالاکیی خۆیان ڕێژیمی حەمەڕەزاشا لەگەڵ قەیرانی جیددی بەرەوڕوو بکەن[٤٨]. شایانی باسە کە پێکهاتەی سەرەکیی ڕێبەریی ئەم ڕێکخراوانە لە خوێندکارانی زانکۆ پێک دەهات و لەڕاستیدا ئەم چەشنە خەباتە لە هەناوی بزاڤی خوێندکاریدا لەدایک بوو[٤٩].

---

٤٦. ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی گەلی ئێران: لە کۆتاییەکانی خاکەلێوەی ١٣٥٠ (١٩٧١) لە یەکیەتیی دوو گرووپ پێک هات کە ڕابردووی چالاکییان لە نێوەڕاستی دەیەی ٤٠ (٦٠) دەست پێکردبوو. گرووپی یەکەم لە کۆتاییی ساڵی ١٣٤٥دا لە زانکۆی تاران بەهۆی شەش خوێندکار بە ناوەکانی: بیژەن جەزەنی، عەبباس سوورکی، عەلیئەکبەر سەفاییی فەراهانی، محەممەد سەفاری ئاشتیانی، زۆرار زاهیدیان و حەمید ئەشرەف دامەزرا. گرووپی دووەمی پێکهێنەری ڕێکخراوی فیداییەکان، دوو خوێندکار بەناوەکانی مەسعوود ئەحمەدزادە و ئەمیرپەرویز پوویان ڕێبەرییان دەکردن. لە ١٩ی ڕێبەندانی ١٣٤٩ (فێوریەی ١٩٧١)دا گرووپی جەزەنی (جەنگەڵ) بە هێرش بۆ سەر بنکەیەکی ژاندارم لە "سیاهکەل" لە پارێزگای گیلان دەسپێکی خەباتی چەکداریی بەدژی ڕێژیمی شا ڕاگەیاند. غلامرضا نجاتی، م.ق، ص ٣٨٠؛ مازیار بهروز، م.ق، ص ١٠٦.

٤٧. ڕێکخراوی موجاهیدنی گەلی ئێران: لە خەرمانانی ١٣٤٤ (سێپتامری ١٩٦٥)دا بەهۆی کۆمەڵێک خوێندکار و دەرچووی زانکۆ بە ناوەکانی: محەممەد حەنیفنژاد، سەعید موحسین، عەلیئەسغەر بەدیعزادەگان، محەممەد عەسکەریزادە، ڕەسووڵ مشکینفام و ئەحمەد ڕەزایی کە پێشتر ئەندامی نێهزەتی ئازادی بوون، دامەزرا. ئەم ڕێکخراوە چالاکیی چریکیی خۆی لە گەلاوێژی ١٣٥٠ (١٩٧١) دا دەست پێکرد. موجاهیدنی گەل مارکسیزمیان وەک شێوازی پێشکەوتووی شیکاریی کۆمەڵایەتی پەسند کردبوو، بەڵام ماتریالیزمان ڕەت دەکردەوە و ئیسلامیان وەک شێوازی ئیلهاموەرگرتن، کولتوور و ئایدۆلۆژیی خۆیان دادەنا. یرواند آبراهامیان، ایران بین دو انقلاب، ص ٦٠٣- ٦٠٧؛ غلامرضا نجاتی، م.ق، ص ٣٩١.

٤٨. زیندانەکانی ڕێژیمی شا لە کۆتاییی ئەم قۆناغەدا پڕ بوون لەو لاوانە کە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ڕەوتە و هێزەکانی دیکەی نەیاری ڕێژیمدا دەسبەسەر کرابوون. ڕێژیم بە جۆرێک بە دەست چریکەکانەوە تەنگەتاو ببوو کە محەممەدڕەزاشا چەند مانگێک بەردەوام بۆ خۆی لە چارەنووسی حەمید ئەشرەف، لە ڕێبەرانی چریکە فیداییەکانی دەپرسی و کوژران و گیرانی لە ساواک و سەرۆکەکەی نەسیری دەویست. مسعود بهنود، از سیدضیا تا بختیار، ص ٥٦٦؛ عباس میلانی، نگاهی به شاه، ص ٢٩١.

٤٩. بۆ وێنە: لە ساڵەکانی ١٣٤٩- ١٣٥٧ (١٩٧٠- ١٩٧٩) لە شەڕ و پێکدادانی نێوان ئۆپۆزیسیۆنی چەکدار و ڕێژیمی محەممەدڕەزاشادا ٣٤١ چریک بە شێوازی جۆراوجۆر کوژران کە (١٣٩) کەسیان خوێندکار و (٤٤) کەسیان پزیشک و ئەندازیار و دەرچووی زانکۆکان بوون و ئەو کوژراوانە زۆربەیان

ڕاپەڕینی چەکدارانەی ١٣٤٦- ١٣٤٧ (١٩٦٧- ١٩٦٨)یش کە بەهۆی کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی "حدک" بەرپا بوو، دەبێ لەو چوارچێوەیەدا و لەسەر بەستێنی ئەم دۆخەی ئێران و جیهان هەڵبسەنگێنرێ. گوتاری شۆڕشگێڕی و ڕادیکالیزمی دەیەی ٦٠ کەشوهەوای سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشی گرتبۆوە و خەباتی گەلانی ژێردەستەی کۆلۆنیالیزم و شێوازی خەباتەکەیان لە چاوی ڕێبەرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی "حدک" نەتەنیا ون نەبوو، بەڵکوو وەک نموونە و ئۆلگوو چاوی لێ دەکرا و ئەمە لە نامەی سولەیمان موعینیدا بۆ کەریم حیسامی بەڕوونی دەردەکەوێ: "چاوگێڕانێک بەسەر ڕابردووی گەلانی دیل و ژێرچەپۆکە و تێبینی و بیرکردنەوە لەسەر جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی گەلانی ئاسیا و ئافریقا و ئەمریکای لاتین بۆ قەڵاچۆکردنی خێرای ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی، ئێمە بەسەر ئەو ڕاستییەدا دەخا کە خەباتمان سەرکەوتنی تێدایە"[٥٠].

ڕێبەرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی "حدک" وەک زۆربەی ڕێبەرانی ناوداری جیهانی سێیەم و بزاڤی چریکی، لاو، خوێندکار و دەرچووی زانکۆ بوون و بەشداری سەردەمی زێڕینی بزاڤی خوێندکاری لە ئێراندا بوون (١٩٦١- ١٩٦٣)[٥١] و ڕاپەڕینەکەیان ئاوێتە بوو بە چەشنێک ڕۆمانتیزمی شۆڕشگێڕی[٥٢]. سمایل شەریفزادە بەهۆی بەشداربوونی

سەر بە ڕێکخراوی مارکسیست- لێنینیستیی چریکە فیداییەکانی گەل بوون. بڕواند آبراهامیان، ایران بین دو انقلاب، ص ٥٩٤.

٥٠. کەریم حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی سێیەم، ل ٤٦.

٥١. لە ٧- ٨ کەس لە ڕێبەرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی سمایل شەریفزادە، حەمەدەمین سیراجی، سالار حەیدەری خوێندکار و دەرچووی زانکۆ بوون و سولەیمان موعینی و عەولای موعینییش خاوەن بڕوانامەی دیپلۆم بوون. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: محەممەد خزری، س.پ؛ کەریم حیسامی، کاروانێک لە شەهیدانی کوردستان. سیراجی و شەریفزادە لە سەردەمی چالاکبوونەوەی بزاڤی خوێندکاری لە ساڵانی (١٩٦٠- ١٩٦٣) لەم بزاڤەدا و لە کۆمیتەی خوێندکاریی کوردەکاندا ئەندام و چالاک بوون. بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: ئەمیر قازی، س.پ؛ ئیسماعیل بازیار، گرینگیی بزووتنەوەی خوێندکاری لە کۆمەڵگەی ئێراندا.

٥٢. مازیار بێهرووز لەو بارەیەوە دەڵێ: "ئەم وەچە نوێیە کە لە دەیەی ٦٠دا هاتە گۆڕەپانی سیاسییەوە و ئامادە بوو لەگەڵ نیزامی شاهەنشاهی شەڕ ڕابگەیەنێ، لە سیفرەوە دەستی پێکرد، بێئیمکانات

لە بزاڤی خوێندکاریدا پەیوەندی بە خوێندکاران و ڕووناکبیرانی کورد و ئێرانییەوە دەگری، بۆ وێنە پێوەندی بە "علیرضا نابدل"، هاوڕێی سەردەمی خوێندکاری و بێهرووز دێهقانییەوە دەگری کە دواتر لە ڕیزی ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی گەلی ئێراندا کوژران"[٥٣].

بەشێکی بەرچاو لە ڕێبەرانی ڕاپەڕینی ١٩٦٧- ١٩٦٨ سەر بە باڵی چەپی "حدک" بوون و لە هێڵە فیکرییە جۆراوجۆرەکانی چەپ لەژێر کاریگەریی بیر و ئەندێشەی ماویزمدا بوون. د. یاسین سەردەشتی لەم بارەیەوە دەڵێ: "سولەیمان موعینی کە لە پاش کوژرانی سەدیق ئەنجیری و دوورخستنەوەی ئەحمەد تۆفیق بە تەنیا مابۆوە، ئەویش خۆی بە لای چەپ و مارکسییەکاندا ساغ کردەوە و بەتوندی بانگەشەی بۆ جەنگی پارتیزانی و هەڵگیرسانی شۆڕشی چەکدارانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدژی ڕێژیمی شاهەنشاهی دەکرد و بۆ ئەو مەبەستەش چەند ژمارەیەکی لە گۆڤاری "ڕۆژ" بە ناوی لقی ٣ی "حدک" بڵاو کردەوە و تیایدا لایەنگریی لە ڕێبازی ماویزم دەکرد و دژی سۆڤیەت بابەتی بڵاو دەکردەوە و بانگەشەی بۆ هەڵگیرسانی شۆڕشی چەکدارانە بە پشتبەستن بە ئۆردووی جووتیار و زەحمەتکێشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرد."[٥٤]

هەمدیسان شوێنەواری ئەو هێڵە فیکرییە (ماویزم) لە نامەیەکی سمایل شەریفزادە

---

بوو، لە خەباتی چەکداریدا بێئەزموون بوو و تەنیا دەسمایەکەی ئازایەتی بوو و بێچاوەڕوانی لە یارمەتیی دەرەکی لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستان." مازیار بهروز، م.ق، ص ٨٥. جیا لە خاڵی جیاوازیی ڕاپەڕینی ١٩٦٧- ١٩٦٨ لەگەڵ شۆڕشی کووبا (١٩٥٩) لە هێندێک لایەنەوە وێکچوونیان هەیە. ئەریک هابزباوم دەڵێ: "شۆڕشی کووبا خاوەنی هەموو شتێک بوو، کەشی ڕۆمانتیک، قارەمانگەرایی لە چیاکان، ڕێبەرانی پێشتر خوێندکار و فیداییبوونی خۆبەخشانەی سەردەمی لاوەتی." اریک هابسبام، م.ق، ص ٥٦٦. سمایل شەریفزادە و عەولا موعینی لە کاتی گیانلەدەستدانیاندا تەمەنیان ٢٦ و ٢٤ ساڵ بوو. محەممەد خزری، س.پ، ل ٩٣- ٩٦؛ کەریم حیسامی، کاروانێک لە شەهیدانی کوردستان، ٧٢- ٨١.

٥٣. بیژن جزنی، تاریخ سی ساله ایران، ص ٥٧.

٥٤. یاسین سەردەشتی، خوێندنەوەیەکی مێژوویی جووڵانەوە چەکدارییەکەی ...، ل ٤٤- ٤٥.

بۆ کەریم حیسامیدا لە ساڵی ١٣٤٥ (١٩٦٦) بەڕوونی دەردەکەوێ کە تێیدا بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی شۆڕشی چین کە پشتی بە گوندەکان و چینی جووتیار دەبەست، هەمان نموونە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەچاو دەکا: "ئەمڕۆ تۆفانێکی بەتەوژمی شۆڕشگێڕانە سەرانسەری وڵاتەکانی داگرتووە، کۆمەڵانی خەڵک هاتوونە سەر ئەوەی کە تەنیا ڕێگەی ڕزگاری دەستدانە چەک و وەشاخکەوتنە. ئەمڕۆکە ڕێگەی ڕزگاریی هەموو نەتەوەیەکی ژێردەست و چەوساوە هەر ڕێگەی ڕاپەڕینی کۆمەڵانی زەحمەتکێشە، واتە شەڕی پارتیزانی کە دەبێ لەپێشدا لە دێهاتەوە دەست پێبکرێ و کۆمەڵانی هەراوی جووتیارە تێکۆشەرەکان هان بدا، بۆ خەباتی چەکدارانە."[٥٥] کاریگەریی ڕێبازی ماویزم بەسەر ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکەدا بە جۆرێک بوو کە کورش لاشایی، ئەندامی کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی حیزبی توودە کە ماوەی چەند مانگێک لەگەڵ ڕاپەڕینەکەدا بوو، هۆکاری تێکشکانی ڕاپەڕینەکە بۆ شێوازی چەپی چینی دەگەڕێنێتەوە کە لەلایەن خەڵکەوە پێشوازیی لە تەبلیغاتەکەیان نەدەکرا.[٥٦]

خاڵێکی دیکەی جێی هەڵوێستەکردن لە پێوەندی لەگەڵ ڕاپەڕینی چەکدارانەی ١٩٦٧- ١٩٦٨دا، پێوەندیی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕیی حیزبی توودەی ئێران بە کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی "حدک"ـەوەیە. سەرەتا ئەم پێوەندییە لەسەر داوای کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی "حدک" لە ڕێکخراوی شۆڕشگێڕیی حیزبی توودە لە ئورووپا دادەمەزرێ[٥٧]. مەهدی

---

٥٥. کەریم حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی سێیەم، ل ١٠٣. کاریگەریی ڕێباری ماویزم چەند ساڵ دوای تێکشکانی ڕاپەڕینی ١٩٦٧- ١٩٦٨ لەنێو بەشێک لە ئەندامانی "حدک"دا هەر مابوو. مەلا ڕەسووڵ پێشنەماز کە لە سەرەتادا بەشداری ڕاپەڕینەکە بوو دەڵێ: "کاتی یەکگرتنەوەمان (١٩٧٠) حەمەدەمینی سیراجی بەتەواوی لەژێر کاریگەریی کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی حیزبی توودەدا بوو و هەم بەشێک لە برادەران کە لە بەکرەجۆ بوون و هەر یەکێکیان میدالیایەکی ماوتسی تۆنگیان بە سینگەوە هەڵاوەسیبوو." ڕەسووڵ پێشنەماز، سەربردەی ژیانم، سلێمانی، ٢٠١٢، ل ٢٦٣.

٥٦. حمید شوکت، گفتگو با کورش لاشایی، نگاهی از درون به جنبش چپ در ایران، چاپ سوم، نشر اختران، تهران ١٣٨٦، ص ١٣٠، سەلاح ڕەشید، س.پ، ل ٣٢٣.

٥٧. ئیرەج کەشکوڵی، ئەندامی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕیی حیزبی توودە لەبارەی ئەم پێوەندیگرتنەوە

خانبابا تێهرانی کە لە ڕێبەرانی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕیی حیزبی توودە بوو، لەم بارەیەوە دەڵێ: "ئەوان بەهۆی ئەو کوردانەوە کە ئەندامی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕیی حیزبی توودە بوون ئاگاداریان کردین خوازیاری وتووێژ لەتەک ئێمەن و ئامادەن بۆ یارمەتیدان و گواستنەوە و دامەزراندنی هێزەکانی ئێمە لە کوردستان. ئەم پێشنیارە لە بەرەبەری پێکهاتنی کۆنفرانسی ئامادەکاریدا گەیشتە دەستمان و لە کۆتاییی کۆبوونەوەکەدا بڕیارمان دا "کورش لاشایی" بۆ پێوەندیگرتن بە کوردەکانەوە و هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە سەفەری کوردستان بکا[٥٨].

کورش لاشایی دێتە کوردستان و لە ڕێگەی جەلال تاڵەبانییەوە بە کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی "حدک" پەیوەست دەبێ و چەند مانگ لە ناوچەی بانە و سەردەشت لەگەڵ سمایل شەریفزادە و حەمەدەمین سیڕاجی و پێشمەرگەکاندا هەڵدەسووڕێ[٥٩]. ماوەیەک دوای چوونەوەی لاشایی بۆ ئورووپا ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕێکخراوی

---

دەڵێ: "هاوڕێیەکی کوردمان لە ئوتریش هەبوو کە لەگەڵ سمایل شەریفزادە لە پێوەندیدا بوو. شەریفزادە بەهۆی ئەوەوە پەیامی بۆ ناردبووین ئەگەر هاوڕێ چەپەکان بیانەوێ بێنەوە کوردستان و بەشداری خەباتی چەکدارانە بن، پێشوازییان لێ دەکەین." حمید شوکت، گفتگو با ایرج کشکولی، ص ٩٨. لاشایی باوەڕی وایە ئەو کەسە ئامۆزای عەبدولڕەحمان قاسملوو بوو، کە لەگەڵ شەریفزادە لە پەیوەندیدا بوو، دواتر لە ڕێگەی کوردێکی عێراقییەوە کە لە بێرلین نیشتەجێ بوو ڕێوشوێنی چوونەوە بۆ عێراقمان دارشت. حمید شوکت، گفتگو با کورش لاشایی، ص ١١٦.

٥٨. مهدی خانباباتهرانی، نگاهی از درون به جنبش چپ در ایران، ل ١٦٤. کاتێک ڕێکخراوەکەمان ئاگادار بوو کە لە کوردستان خەباتی شۆڕشگێڕانە و چەکدارانە لە ئارادایە بەخێرایی بە هاوکاریی کوردەکانی عێراق ڕێگای چوون بۆ کوردستان بۆ لای کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی "حدک"مان گرتە بەر. حمید شوکت، گفتگو با کورش لاشایی، ص ١١٧.

٥٩. کورش لاشایی بیرەوەرییەکانی ئەم سەفەرەی بۆ کوردستانی لە وتووێژێکدا لەگەڵ حمید شوکت بە ناوی "نگاهی از درون به جنبش چپ" باس کردووە کە یارمەتیدەرێکی بەکەڵکە بۆ ڕوونکردنەوەی چەند لایەنێکی نادیاری ئەم ڕاپەڕینە. لاشایی دەڵێ: "ئەوان (ڕێبەرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی "حدک") مارکسیزمی چینییان بەلاوە لۆژیکیتر بوو هەتا مارکسیزمی ڕووسی و ئەو ڕۆژەی لە کوردستان دەگەڕامەوە، عەبدوڵڵا موعینی پێی گوتم: کاتێک گەڕایەوە هەرکام لە ئێمە دەسڕۆکەیەکی سوور لە مل و کتێبێکی سوور لە دەست شۆڕش هەڵدایسێنین." [مەبەست کتێبی سووری ماوتسی تۆنگە] حمید شوکت، گفتگو با کورش لاشایی، ص ١٢٩.

شۆڕشگێڕیی حیزبی توودە لەسەر داوای ڕێبەرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی "حدک" دێنەوە بۆ باشووری کوردستان، بەڵام هاتنەوەیان هاوکاتە لەگەڵ تێکشکانی ڕاپەڕینەکە و کوژرانی زۆربەی ڕێبەرانی[٦٠].

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە ڕێبەرانی ڕاپەڕینی ١٩٦٧- ١٩٦٨ بەتەواوی لە ژێر کاریگەریی بیروئەندێشەی ماوتسی تۆنگدا و ئەزموونی شۆڕشی چیندا بوون و لەگەڵ ڕێکخراوی شۆڕشگێڕیی حیزبی توودەدا کە ڕێکخراوێکی ماویستی دابڕاو و دژبەری حیزبی توودە بوو پێوەندییەکی گەرموگوڕیان هەبوو، بە بڕوای ئێمە ئەو بۆچوونانەی پێیان‌وایە ئەم ڕاپەڕینە بە پلانی حیزبی توودە بەرپا بووە لە ڕاستی بەدوورە[٦١].

چاوپێکەوتنی ڕێبەرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی "حدک" و سکرتێری حیزبی توودە و هاوڕێیانی لە بەغداش ناتوانێ بەڵگە بێ بۆ ئەم ئیددیعایە، چونکە ئەم چاوپێکەوتنە لە ١٩٦٨/٢/٩ کراوە[٦٢]، لە کاتێکدا کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی "حدک" لە

٦٠. ئیرەج کەشکوڵی، ئەندامی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕیی حیزبی توودە کە لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕێکخراوەکەیان گەڕایەوە باشووری کوردستان دەڵێ: "شەریفزادە کە مارکسی بوو و لە کوردستان خەباتی چەکداریی وەڕێ خستبوو، پەیامی بۆ ئێمە کە لە ئۆرووپا نیشتەجێ بووین نارد کە دەتوانن لەو خەباتەدا بەشدار بن بەتایبەت کە پێویستییان بەوە بوو کە بە یارمەتیی ئێمە بە تیۆریی مارکسیزم ئاشنا بن. بیرۆکەی ئێمە ئەوە بوو کە ئەگەر هەلومەرجەکە لەبار بێ لە کوردستان خەبات درێژە پێبدەین و ئەگەر دەرفەت هەبوو بۆ شوێنەکانی دیکەی ئێران بڕۆین. شەریفزادە پەیامی بۆ ناردبووین کە پێوەندی بە تاڵەبانییەوە بگرین بۆ ئەوەی ئامادەکاریی گەیشتنمان بۆ کوردستان بکا. بەڵام کە گەیشتینەوە کوردستان، هەواڵی کوژرانی موعینییەکان، شەریفزادە و مەلا ئاوارەمان بیست و بەم جۆرە هەموو هیواکانمان بوون بە هەڵم." حمید شوکت، گفتگو با ایرج کشکولی، ص ١١٨- ١٢٠- ١٢١.

٦١. ئەمیر قازی پێی وایە: "هۆیەکی دیکەی هەڵایسانی ڕاپەڕینی ساڵەکانی ١٩٦٧- ١٩٦٨ دەست لەکاردابوون و دەستێوەردانی حیزبی توودە بوو لە کاروباری نێوخۆییی "حدک"دا." ئەمیر قازی، س.پ، ل١٩٨. حامید گەوهەرییش ئەمە بە پلانی نوێی حیزبی توودە بۆ "حدک" دادەنێ. بۆ زانیاریی پتر لەمبارەیەوە بڕوانە: حامید گەوهەری، ئەحمەد تۆفیق، ل ٢٩٩- ٣٠٩.

٦٢. ڕۆژی ١٩٦٨/٢/٩ کۆبوونەوەی ڕەسمی لە نێوان نوێنەرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی "حدک" سولەیمان موعینی و حەمەدەمین سیراجی و حیزبی توودە ڕەزا ڕادمەنش، سکرتێری حیزبی توودە و

١٩٦٦/٩/١٤ دامەزراوە و نیزیک بە دە مانگیش لە ڕاپەڕینەکە تێدەپەڕێ[٦٣] و هەر کام لە لایەنەکانی وتوویژ بە مەبەستی تایبەت بەشداریی وتوویژەکانیان کردبوو. حیزبی توودە بۆ ئەوەی لە ڕێکخراوی ڕکەبەری (ڕێکخراوی شۆڕشگێڕیی حیزبی توودە) جێ نەمێنێ کە جێ پێی خۆیان لە کوردستاندا کردبۆوە. کەریم حیسامی کە بەشداری کۆبوونەوەکە بوو دەڵێ: "لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا کە نابێ سولەیمان موعینی و سیراجی لەگەڵ ماویستە ئێرانییەکان (ڕێکخراوی شۆڕشگێڕیی حیزبی توودە) کە هاتبوونە لای مام جەلال پێوەندی و هاوکارییان هەبێ."[٦٤]

ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکەش کە لە ماوەی ئەو دە مانگەدا بەکردەوە بۆیان دەرکەوتبوو دەستیان داوەتە چ کارێکی دژوار و لەوپەڕی بێئیمکاناتی و بێپشتیوانیدا بوون، لە هەموو دەرگایەکیان دەدا بۆ ئەوەی بە ڕوویاندا بکرێتەوە. دیارە ئەو دەرگایەش بە ڕوویاندا نەکرایەوە و وادە و بەڵێنەکانی حیزبی توودەش هیچی لێ شین نەبوو. نێوەرۆکی ئەو ڕێککەوتنە هەر لەسەر لاپەڕەکانی کاغەز مایەوە و حیزبی توودەی ئێران کە زۆریش بەڵێنی هاوکاری و پشتگیریی ماڵی و سیاسیی بە ڕێبەرانی ئەم ڕاپەڕینە دابوو، لە کاتی تەنگانەدا هیچ هەنگاوێکی هەڵنەهێنایەوە و "ئاگر سوور بێ لە من دوور بێ" لە دوورەوە پاڵی لێ دایەوە[٦٥]. زۆر بیسراوە کە دەڵێن تەنیا چیاکان

---

عەبدولڕەحمان قاسملوو و کەریم حیسامی پێک هات. سولەیمان موعینی هەر لە سەرەتاوە ڕایگەیاند کە ئەوان وەک ڕێکخراوێکی سەربەخۆ هاتوون. کەریم حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی سێیەم، ل ٩٤.

٦٣. کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی "حدک" سەرجەم نیزیک بە سەد کەس دەبوون و لە دوو دەستەدا بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەڕێ کەوتن. دەستەی یەکەم لە کۆتاییی مانگی خاکەلێوەی ١٣٤٦ (مارسی ١٩٦٧)دا و دەستەی دووەم لە بەفرانباری هەمان ساڵدا ١٣٤٦ (ژانوییەی ١٩٦٨)؛ کریس کوچرا، جنبش ملی کرد، ت: ابراهیم یونسی، تهران، ١٣٧٣، ص ٤٢٩.

٦٤. کەریم حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی سێیەم، ل ١٠١.

٦٥. عەبدوڵلا حەسەنزادە، نیوسەدە تێکۆشان، بەرگی یەکەم، ل ٤٩. پشتیوانیی حیزبی توودە بەکردەوە لە چوارچێوەی دەربڕینی هاودەردی و ڕەنگدانەوەی هەواڵەکان لە چاپەمەنیی خۆیدا و بەشی ڕادیۆ پەیکی ئێران دەرنەچوو، ئەوەش پاش ئەوەی ڕاپەڕینەکە تێکشکا و زۆربەی ڕێبەرانی کوژران. جیا لەوەش نە ناوی حیزبی دێموکرات و نە ناوی کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی "حدک"ی هێنابوو؟ کامران

پشتیوانی کوردەکانن، ئەم وتەیە لە پێوەندی لەگەڵ ڕاپەڕینی ١٩٦٧- ١٩٦٨دا هیچ کات ئەوەندە لە ڕاستی نیزیک نەبووە.

لەڕاستیدا حیزبی توودە هەر لە بنەڕەتدا باوەڕی بە خەباتی چەکدارانە نەبوو و زۆر بەتوندی لە دەزگا تەبلیغاتییەکانیەوە بەرامبەر بەو شێوازە نوێیەی خەبات واتە خەباتی توندوتیژ لە دەیەی ٤٠ (٦٠)دا کە لە ئێراندا هاتبووە ئاراوە ڕاوەستا و بە دەیان وتار و نووسراوەی لە ڕەددی خەباتی چەکدارانەدا لە ڕادیۆ "پەیک" و چاپەمەنییەکانیدا بڵاو کردەوە[٦٦]. هەر بۆیەش ڕێبەرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی "حدک" نەتەنیا گوێیان بۆ داخوازیی حیزبی توودە لەبارەی پێوەندینەکردن بە ڕێکخراوی شۆڕشگێڕیی حیزبی توودەوە شل نەکرد، بەڵکوو ئاگاداری ئەو ڕێکخراوە دەکەن کە ژمارەیەکی زۆرتر لە ئەندامانیان لە ئورووپارا بنێرن بۆ کوردستان[٦٧].

ڕاپەڕینی چەکدارانەی ١٣٤٦- ١٣٤٧ (١٩٦٧- ١٩٦٨)ی کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی "حدک" پاش ئەوەی (١٨) مانگ بەرامبەر بە هێرشی بەربڵاو و هەمە لایەنەی دەوڵەتی شاهەنشاهیی ئێران خۆی ڕادەگری، سەرەنجام بە کوژرانی زۆربەی ڕێبەرانی کۆتایی پێدێ[٦٨]. تێکشکانی ئەم ڕاپەڕینە بۆ کۆمەڵێک هۆکار دەگەڕێتەوە

---

امین‌آوە، چپ سنتی و جنبش ملی کرد در ایران، نشر روشنگری، آلمان، ١٣٩٥، ص٦٠؛ کەریم حیسامی، پێداچوونەوە (٢)، ل ١٩٧.

٦٦. نورەددین کیانووری، سکرتێری حیزبی توودە لەم بارەیەوە دەڵێ: "ئێمە لە دەرەوەی وڵات نووسراوەی چریکەکانمان دەخوێندەوە و بە تێروتەسەلی ڕەخنەمان لێ دەگرتن کە لە چاپەمەنییەکانی حیزب لە دەرەوە و ڕادیۆ "پیک ایران"دا بڵاو دەبوونەوە. بە باوەڕی ئێمە ڕوانگەی ئەوان هەڵە بوو." نورالدین کیانوری، خاطرات نورالدین کیانوری، ص ٤٦٦. بۆیە کەریم حیسامی دەڵێ: "ڕێبەرایەتیی حیزبی توودە خسڵەتی شۆڕشگێڕی و وزەی خەباتی لە باراندا نەبوو و هەر بیریشیان لە مەسەلەیەکی ئاوا نەدەکردەوە." کەریم حیسامی، پێداچوونەوە (٢)، ل ١٩٤.

٦٧. حمید شوکت، گفتگو با ایرج کشکولی، ص ١٢٠.

٦٨. لە ڕێبەرانی ڕاپەڕین سولەیمان موعینی، سمایل شەریفزادە، مەلا ئاوارە (شەڵماشی) و عەبدوڵڵا موعینی و دەیان پێشمەرگەی دیکە لەو ماوەیەدا کوژران. بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە و چۆنیەتیی کوژرانیان بڕوانە: محەممەد خزری، س.پ؛ عەبدوڵڵا حەسەنزادە، نیوسەدە تێکۆشان؛ کەریم حیسامی، کاروانێک لە شەهیدان.

کە گرینگترینیان بریتین لەمانە: لە کاتی ڕاپەڕینەکەدا نەک هەر لە کوردستان، بەڵکوو لە سەرانسەری ئێرانیشدا هەلومەرجی شۆڕش ئامادە نەبوو[٦٩]، هەر لەبەر ئەوە بوو کە پێوەندیی ڕاپەڕین لەگەڵ هێزە سەرانسەرییەکان لە چوارچێوەیەکی تەسک دەرنەچوو و بەتەنیا مایەوە. ناوچەی ڕاپەڕین بە سێگۆشەی مەهاباد، بانە و سەردەشت بەرتەسک دەبۆوە. نەبوونی ئیمکاناتی لۆجستیکی[٧٠] و یەکدەستنەبوونی "حدک" و نەبوونی پشتی جەبهە (مانەوە لە نێوان دوو بەرداشاندا).

ڕاستە ئەم ڕاپەڕینە تێک شکا، بەڵام شوێنەوار و دەنگدانەوەی چ لە ئاست ئێران و چ لە ئاست کوردستاندا هەبوو. شای ئێران کە لەو ساڵانەدا هەستی بە سەقامگیری و ئاسایش دەکرد، ئێرانی بە دوورگەی ئارامی دەریای پڕگێژاوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناو دەبرد، هەر بۆیە پاش ٢٦ ساڵ دەسەڵات، لە ساڵی ١٣٤٦ (١٩٦٧) تاجی پاشایەتیی لەسەر نا[٧١]. کەچی ڕاپەڕین ئارامیی ئەو دوورگەیەی شڵەقاند و بوو بە هۆی بەخشینی ورە و هیوا بە ڕێبازی چریکی کە هێشتا لە ئێران نەچووبووە قۆناغی کردارییەوە و دوو ساڵ دواتر ڕووداوی "سیاهکەل" بوو بە دەسپێکی خەباتی چەکدارانەی هێزە سەرانسەرییەکان[٧٢]. هەروەها فۆرمی خەباتی

---

٦٩. کەریم حسامی، پێداچوونەوە (٢)، ل ١٩٧. سمایل بازیار، ڕێبەرانی جوڵانەوەی ٤٦- ٤٧ کوردستانیان تێکەڵ بە ئەو ڕۆحی خەباتگێڕییەی کرد کە لە شەستەکاندا لە سەرانسەری جیهاندا وەڕێ کەوتبوو. کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ژمارە ٧٠٣، بانەمەڕی ١٣٩٢، مای ٢٠١٧.

٧٠. کریس کوچێرا دەڵێ: "بە دەگمەن ڕاپەڕینێکی لەم چەشنە هەبووە کە بەم شێوازە خراپە تەداروک کرابێ. هەموو ئەو چەکوچۆڵەی کە ڕاپەڕیوەکان بە دەستیانەوە بوو، بریتی بوو لە چوار کلاشینکۆف، دوو تفەنگی ئۆتوماتیک و هەشتا و پێنج تفەنگی کۆنە." کریس کوچرا، م.ق، ص ٤٢٩.

٧١. عباس میلانی، نگاهی به شاه، ص ٤٠٢.

٧٢. ئاراس، وەچەیەکی ئەهلی کار و لەخوبوردوو، ل ٦. لە ڕێکەوتی ١٩ی ڕێبەندانی ١٣٤٩ (٨ی فێوریەی ١٩٧١) گرووپێک کە دواتر بە "چریکە فیداییەکانی گەل" ناسران، هێرشیان کردە سەر پاسگای ژاندارمەری لە شارۆچکەی سیاهکەل لە پارێزگای گیلان لە باکووری ئێران کە وەک یەکەم ڕووداوی چریکی لە مێژووی خەباتی چریکی لە ئێراندا تۆمار دەکرێ. ئەو ڕووداوە لە باری سەربازییەوە شکستێکی تەواوی هێنا و بە هێرشی هێزەکانی سەرباز و ناوەندەکانی ئاسایش بۆ سەر چریکەکان لە ماوەی چەند ڕۆژدا ١٥ چریک کوژران و بریندار بوون یان دەستگیر کران؛ بەڵام

پێشمەرگانەیان بردە نێو سیاسییەکانی ئەو سەردەم، واتە تۆوی ئەم شێوازە لە خەباتیان بۆ یەکەم جار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاند.

لەڕووی مەعنەوییشەوە بەشداربووانی ئەو ڕاپەڕینە بۆ دوو وەچە پاش خۆیان بوون بە سیمبول و ئیلهامبەخشی خەبات و تێکۆشان لە کوردستان، بەتایبەتی لەسەر ئەو گەنج و خوێندکارە کوردانە کە چەند ساڵ دواتر یەکەم ڕێکخراوی چەپی مارکسیست- لێنینیستیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراند[٧٣].

ڕاپەڕینی چەکدارانەی ١٩٦٧- ١٩٦٨ ئەڵقەیەک بوو لەو زنجیرە بزووتنەوە و ڕاپەڕینانە کە لە دەیەی ٤٠ (٦٠)دا لە گۆشە و کەناری جیهان لە ئارادا بوون و

---

لە ڕووی سیاسییەوە خاڵی کۆتایی حەوت ساڵ بێجووڵەیی و بێگیانی لە بەرامبەر دامودەزگای ڕێژیمدا بوو و لانیکەم لە نێو خوێندکاران و گەنجەکاندا هێزی دوارۆژی ئەو گرووپانە ڕەنگدانەوەی بەرفراوانی هەبوو. فرد هالیدی، م.ق، ص ٢٥٢. هەڵبەت نووسەر یان ڕاپەڕینی ١٣٤٦- ١٣٤٧ـی لەبیر کردووە، یان ئاگاداری نەبووە؛ دەنا ڕووداوی سیاهکەلی وەک لێدانی یەکەم چەخماغەی خەباتی چریکی لە ئێراندا ناو نەدەبرد.

٧٣. عەبدوڵڵا مەهتەدی و ساعید وەتەندوست لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە، ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و یەکەم ڕێکخستنی مارکسیست-لێنینیست لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەوردی باسیان لە کاریگەریی ئەم ڕاپەڕینە لەسەر خۆیان کردووە. موهتەدی دەڵێ: "ئێمە بۆ خۆمان ئەو وەختە ڕاستە هێشتا کۆمەڵە پێک نەهاتبوو و وەکوو ڕێکخراو دروست نەکرابوو، بەڵام لە دووسێ ساڵ پێش دروستکردنی کۆمەڵە زۆر قسە و باسێکی چڕوپڕ لە نێو سیاسییەکان و ڕۆشنبیران و خوێندکارانی کورد ئەو وەختە هەبوو. ئێمەمانان کە دیارە من ئەو وەختە تەمەنیشم ئەوەندە زۆر نەبوو کە خۆم سەربەخۆ کار بکەم، هێشتا کەمتر لە ٢٠ ساڵم تەمەن بوو، بەڵام بەهەر حاڵ شوێنەوارێکی زۆر قووڵی لەسەر داناین و... ئەوان بە خەباتی سیاسی و پێشمەرگانەی خۆیان تەکان و جووڵەیەکی زۆریان خستە نێو کۆمەڵگەی کوردستانی ئێران، بەتایبەت بەشی موکریانەکەی و شوێنەواری زۆریشیان لەسەر ڕووناکبیری ئەو سەردەمی کورد هەبوو". بەهمەن سەعیدی، ٥ ساڵ لەگەڵ عەبدوڵڵا موهتەدی، سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە، ٢٠١٠، ل ٦١. ساعید وەتەندوست دەڵێ: " لە ساڵەکانی ١٣٤٦- ١٣٤٧ (١٩٦٧- ١٩٦٨) کە هەواڵی پێکهاتنی بزاڤێکی چەکدارانەم بیست و دواتر گیرانی ژمارەیەک لە خەباتکارانی سەر بەم بزاڤە؛ "ئێمە لە ڕێگەی سەلاحەددینی موهتەدی پێوەندیمان بەو دەستەیە کرد و لە کۆتاییی ساڵی ١٣٤٦ (١٩٦٨) لە شاری سەقز کۆبوونەوەیەکمان پێک هێنا بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی سیاسەتەکانیان و چۆنیەتیی یارمەتیکردن و پێوەستبوون بە ڕاپەڕینەکە." گلرخ قبادی، شقایقها بر سنگلاخ (زندگی و زمانەی یک زن کرد از کردستان ایران)، سوئد، ٢٠١٥، ص ٦٩- ٧٠.

خاوەن تایبەتمەندیی ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازی و لە هەمان کاتدا دژەکۆلۆنیالیزم و دەرهاویشتەکانی سیستمی سەرمایەداری بوون. ئەم ڕاپەڕینە کوردستانی تێکەڵ بەو ڕووحە ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕانەیە کرد کە لەو ساڵانەدا لە فەڕانسە، ڤیتنام، ئەلجەزایر، کووبا، چێکۆسلۆڤاکی و گینە لە کەفوکوڵدا بوو.

دابڕانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی "حدک" بەپێچەوانەی دوو دابڕانەکەی دیکەی نێو ڕیزەکانی "حدک" تەنیا بەهۆی نەحاوانەوە و یەکترتەحەممولنەکردن نەبوو، بەڵکوو تێڕوانینی جیاوازی فیکرییش هۆکارێکی گرینگ و سەرەکیی ئەم دابڕانە بوو. زۆربەی ڕێبەرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی لاو و خوێندکار بوون و لەژێر کاریگەریی بیری چەپی ماویزمدا بوون کە لەو ساڵانەدا باو بوو و ئەمە دەرخەری ئەم ڕاستییە بوو، کە لایەنگری لە بیر و ئەندێشەی چەپ دەتوانێ سەربەخۆ لە حیزبی توودە و تەنانەت لە دژی تێڕوانینی ئەم حیزبە لە کۆمەڵگەی کوردستان و لە نێو ڕێزەکانی "حدک"دا سەر هەڵبدا.

# چالاکیی سیاسی و فەرهەنگیی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## لە سایەی پەرەسەندنەکانی عێراق و باشووری کوردستاندا (١٩٧٠ – ١٩٧٤)

هەواڵنامەی کتێب

**د.ئەحمەد باوەڕ**

**پێشەکی**

بواری هاوخەباتیی سیاسی و فەرهەنگیی نێوان باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە زۆری لە ساڵانی شەڕی جیهانی یەکەم بەدواوە بەڕوونی دەردەکەوێت، کە تاکوو ئێستاش بە شێوازێکی زانستی، بە کەمی لەسەری نووسراوە و لێکەوتە شاراوە و گرنگەکانی ڕوون کراوەتەوە، بەتایبەتی لە سەروبەندی دانوستان و ئاگربڕی (١٩٧٠-١٩٧٤)، کە ئەوەش بە ماوەیەکی گرنگی مێژووی کورد دادەنرێت لە ڕووی گەشەکردنی بزاڤی سیاسی و فەرهەنگییەوە لە هەموو بوارەکانی نووسین و ڕۆژنامەوانی و کاری چاپەمەنی کوردیدا، بە شێوازێک ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی نەک تەنیا بەشی ڕۆژهەڵات، بەڵکوو بەسەر هەموو پارچەکانی تری کوردستانیشدا هەبووە. ئەم توێژینەوەش بەکورتی تیشکخستنە سەر ئەو بارودۆخەی مێژووی کورد لە باشووری کوردستان و کاریگەریی لەسەر بەشی ڕۆژهەڵاتە؛ ماوەتەوە

بوترێت توێژینەوەکە بەسەریەکەوە لە پوختە و دووتەوەری سەرەکی و لیستی سەرچاوەکان پێک هاتووە، یەکەمیان: «ڕەوشی سیاسی و چالاکیی حیزبی و کاری ڕێکخراوەییی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سایەی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ ز. تاکوو بەرپابوونی شەڕ لە ١١ی ئازاری ١٩٧٤»، لەنێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد و حکوومەتی عێراق. تەوەری دووەم: بە زۆری جەختکردنەوەیە لەسەر لایەنی فەرهەنگیی باشوری کوردستان و چۆنیەتیی برەودان بە گەشەکردنی ڕووناکبیریی کوردی لە شاری بەغدای ئەو ماوەیەدا و کاریگەریی لەسەر ڕەوت ود ەستەی ڕووناکبیریی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ناونیشانی: «گەشەکردنی ڕووناکبیریی کوردی لە باشووری کوردستان و ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان ١٩٧٠–١٩٧٥».

**تەوەری یەکەم:**

**ڕەوشی سیاسی و چالاکیی حیزبی و ڕێکخراوەییی کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سایەی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ تاکوو بەرپابوونی شەڕ لە ١١ی ئازاری ١٩٧٤دا**

لە مۆرکردنی بەیاننامەی ئازاری (١٩٧٠) بەدواوە، بارودۆخ و هەلومەرجێکی نوێ لە تەواوی عێراق و تەنانەت وڵاتانی دەوروبەر و ناوچەکەشدا هاتە کایەوە، بەتایبەتی وڵاتانی هەرێمی، کە هەر لەمێژە کورد و وڵاتی کوردستانیان دوور لە خواستی دانیشتوانەکەی پێوە گرێ درابوو، هەر لە تورکیای میراتگری دەوڵەتی عوسمانی و ئێران و سووریە، کە لەگەڵ ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ئازاری ١٩٧٠دا بە هەموو شێواز و پلانێک کەوتنە دژایەتیکردن و هەوڵی لەباربردنی، بۆ نموونە وڵاتێکی وەک ئێرانی پەهلەوی لە لایەک کێشەیەکی لەمێژینەی سنووری و دەریاوانی قووڵی لەگەڵ عێراقی دراوسێیدا هەبووە (الراوی ١٩٧٥: ٢٠٣؛ فریدنی: ١٣٦٩). لە لایەکی تریشەوە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد و خەباتی چەکداریی شۆڕشی

کورد لە ئێران و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هێشتا چەند ساڵێکی زۆر کەم بوو، کە بە شێوازێکی زۆر دڕندانەی میللیتارستیانە سەرکوت کرابوو، هاوکات زۆرێک لە ڕێبەر و سەرکردە دیارەکانیشی بە شێوازی جۆراوجۆر لە بەرەکانی شەڕدا کوژرابوون یان لەلایەن بەرپرسان و سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردەوە لە باشووری کوردستان، لە ئەنجامی داواکاریی ناڕەوای فەرمانڕەوایانی ئێران و لەژێر گوشارێکی توندی دەزگا سەرکوتکەرەکانی ئەو وڵاتەدا بەتایبەتی دەزگای ساواک ڕادەست کراونەتەوە و دواتریش زیندانی دەکران یان دەخرانە کونجی زیندانەوە، یان ڕاستەخۆ و دوای دادگاییکردنێکی ڕووکەشیانەیان بە ناحەق لە سێدارە دەدران، لەنێویاندا ئەو گرووپ و دەستە حەوت کەسییەی کە لەگەڵ ساڵح لاجانی ڕادەست کرانەوە و پاشان لە بنکەی سەربازیی جلدیانی پیرانشار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سێدارە دران (گادانی ٢٠١٢، ١٦٢؛ جیسامی، ١٩٨؛ گوندی، ٥٦).

لە لایەکی دیکەوە فەرمانڕەوایانی ئێران لە چوارچێوەی «پەلامارێکی ڕەشبگیرییاندا بۆ سەر نەتەوەی کورد» دەستیان داوەتێ و لەگەڵ ئەوەشدا کەوتوونەتە: «گواستنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە بەندییە سیاسییەکان لە سەرۆک خێڵە کوردەکان و بەتایبەتی ئەوانەیان کە لە دەوروبەری ناوچەی سنووری عێراق نزیک بە قەڵادزە و تەوێڵە نیشتەجێن» هەروەها ئەوانەشیان «لە بەندیخانەکانی ئورمیە و کرماشان و هەمەدان و تەوریز توند کراون، بۆ یەکێک لەو بەندیخانەی کە کەوتووەتە یەکێک لە دوورگەکانی ئێرانییەوە لە زەریای قەزوین بەڕێ کران»، بەپێی هەواڵەکە و بە زۆری ئەوانەی بەر ئەم شاڵاوە ڕەشبگیرییەی فەرمانڕەوایانی ئێران کەوتوون، لەنێویاندا: «محەممەدئەمین جەعفەری ناسراو بە سان لهۆن و زورار بەگ، ئەمانەش لەو سەرۆک خێڵە کوردانەن، کە بە دوژمنکاری ناسراون لەگەڵ حوکمی شای ئێرانیدا» (هاوکاری، ژ ٥، ١). هەروەها بەپێی لێکدانەوەی کریس کۆچێرا، ڕۆژنامەنووسی فەرەنسی (١٩٣٨-٢٠١٧) یەکێک لە خەوشەکانی ڕێککەوتننامەی ئازاری ١٩٧٠ ئەوەی بووە، کە بە خێرایی و لە کاتی گونجاوی

هەواڵنامەی کتێب

خۆیدا جێبەجێ نەکراوە (کۆچیرا، ٣٦٠). هەرچەندە لە سەروبەندی ئەم بەیاننامە بەدواوە هەلومەرجێکی نوێ بوو، نەک تەنیا بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەڵکوو بۆ زۆرێک لەو حیزب و کۆمەڵە و ڕێکخراو و تەنانەت کەسایەتییە سیاسییانەی ئێرانیش بە هەموو گەل و نەتەوە و ڕەگەزەکانییەوە هاتووەتە کایەوە، کە تاکوو ئەو کاتە خۆیان بە نەیاری دەسەڵات و حکوومەتی ئێرانی پاشایەتی دەزانی، ئیدی لەم ماوەیەشەوە هەموو ئەوانە هەلی ئەوەیان بۆ ڕەخسا، کە بە ئاسانی بێنە نێو عێراقەوە، تەنانەت زۆرێک لەوانە توانیان بنکە و بارەگای تایبەت بە خۆیان بە هاوکاریی حکوومەتی عێراق و دەزگای هەواڵگریی عێراق لە بەغدا بکەنەوە، بە ڕادەیەک لەو بارەیەشەوە ئاسانکاری و هاوکاریی جۆراوجۆر کراون، لەنێویاندا حیزبی توودەی ئێران، لەگەڵ جەماعەتی ژەنەراڵ مەحموود پەناهیانی ئەزەربایجانی ئێران، کە زۆر بەئاشکرا بارەگای تایبەت و ڕادیۆ سەرچاوەی ڕاگەیاندنی تایبەت بە خۆیان بە هاوکاری حکوومەتی عێراق کردبووەوە (حسامی: ٢٠١٨، ٧٨٢؛ گادانی: ٢٠٠٨، ١٨٧).

هەرچەندە حیزبێکی وەک دێموکراتی کوردستان بەپێی گێڕانەوەی ئەمیری قازی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب: هاتنە کایەوەی ئەم هەلومەجەش بە نزیکەی ساڵێک و بە ئاگاداری بارزانی و بارەگای بارزانی ئەوان پەیوەندییان لەگەڵ بەرپرسانی بەعس و حکوومەتی عێراقی بەڕوونی پەیدا کردووە، جگە لەوەش بڕێک هاوکاری وەکوو خۆی نووسیویەتی: «کە مەیارمەتیەکی نەغدی» و دەستگرۆیی مادییان لە ڕێگەی دەزگای هەواڵگریی عێراقییەوە وەرگرتووە، هەروەها لە ڕووی پەیوەندی و ئاسانکاری پێویستەوە هێڵی پەیوەندی و تەلەفۆنی خراوەتە بەردەست ئەندام و کادیرە باڵاکانیان (قازی، ١٦٧). جگە لەوەش هەر لەو ماوەیەدا، لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە ڕێکخراوێکی چەپی نوێی مارکسیستیی سەر بە ڕێبازی ماوی لە ٢٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٩ لەلایەن ژمارەیەک لە کەسانی وەک: عەبدوڵڵا موهتەدی، حەمەحوسێنی کەریمی و فوادی مستەفاسوڵتانی سەری هەڵدا

و لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمی ڕابردوو بەدواوە بە (کۆمەڵە) ناسران (سەردەشتی، ٣٥٢). تاکوو ئەو کاتەی بە ماوەیەک دواتر و لەسەر هەمان ڕەوت و پێڕۆی سیاسی و فیکری لە عێراق و باشووری کوردستان بە هەمان شێوەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان (کۆمەڵەی مارکسیستی – لینینی کوردستان) لە ١٠ی ژۆئەنی ١٩٧٠ لە گەڕەکی (ڕاغبە خاتوون)ی ناوچەی ئەعزەمیەی شاری بەغدا، بە ئامادەبوون و ئەندامێتی: جەلال تاڵەبانی، شەهابی شێخ نوری، فازیل مەلا مەحموود، فواد قەرەداغی، دلێر سدیق، ڕەفعەتی مەلا و فەرەیدوون عەبدولقادر بڕیار لەسەر پێکهێنان و دامەزراندنی دراوە، وەک ئەوەی سەرەتا بڕیاریشیان وا بووە، کە سنووری چالاکی و کارکردنیان لە عێراق و ناوچەکانی باشووری کوردستان بە شێوازێکی نهێنیی شار و ناوچەکانی: بەغدا، سلێمانی، کەرکووک، هەولێر، بادینان و شاری خانەقین بگرێتەوە (عەبدولقادر: ٢٠٢٠، ١١٧).

واتە لەم کاتەش بەدواوە جۆرێک لە ململانێی حیزبی سیاسی و فیکری لە هەردوو بەشی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان سەرچاوە دەگرێت، لە هەمان کاتدا چەند کەسێکی وەک دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو، محەمەدئەمین سیراجی و یووسف ڕیزوانی، بە مەبەستی پیرۆزباییکردن سەردانی بارەگای "بارزانی"یان کرد، لەوێشەوە لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیاری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا چاویان بە یەکتر کەوت و بە مەبەستی یەکگرتنەوە و دووبارە ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی حیزب بە شێوازێکی بەرفراوانتر لەو هەلومەجەی نزیک کردنەوە، ڕاوێژی پێویستیان بە یەکتری کرد، کە ئەمانە چۆن بتوانن بۆ جارێکی دی کۆنفرانسێک یان کۆنگرەیەکی حیزبی ببەستن و شانبەشانی ئەوەش کاروباری سیاسی و ڕێکخراوەیی خۆیان لە سایەی ئەو قۆناغ و بارودۆخە ڕەخسیووەی کە لە عێراق و باشووری کوردستان تێی کەوتبوو، بەهۆی هەلومەرجی ئاگربڕ و ئەو دانوستان و دەستەڵاتەی کورد، کە لە عێراق و ناوچە کوردستانییەکاندا هەیبوو، هەر لە بەشداربوونی لە حکوومەت و دامودەزگا وەزارییەکانی عێراق و پێکهێنانی

هەموو ئەو کەناڵە جیاوازانەی، کە لەم ماوەیەدا هاتبوونە کایەوە. ئەوە بوو لە ئەنجامی ئەو پەیوەندی و ڕێککەوتنەی کە لەگەڵ حکوومەتی عێراق دروستیان کردبوو، جگە لەوەش هەر بە هاوکاریی فەرمانڕەوایانی عێراق لە شاری بەغدا نووسینگە و بارەگایەکی حیزبیی تایبەت بە خۆیان بکەنەوە و هەندێک یارمەتیی مادی و لۆجستی لە عێراق وەردەگرن کە هەردوو لایەن هەوڵێکی زۆریان دا باسی نەکەن (کۆچیرا: ٢٠٠٦، ٤٤٩). لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک لە بەرپرس و کەسە باڵاکانیان تیایدا بمێننەوە و کاروباری سیاسی و چالاکیی حیزبیی خۆیانی لێوە ڕایی بکەن و ئەو کادیر و ئەندامانەی تری حیزب، کە لە ناوچەکانی تری کوردستانەوە دەچوونە شاری بەغدا بۆیان هەبێت لەوێ بمێننەوە (قاسملوو، حەسەنزادە، ٢٥١).

واتە لێرە بەدواوە جۆرە هاوپەیمانییەکی دووقۆڵی لەنێوان حیزبی بەعس و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەرانبەر هاوپەیمانیی شا و مەلا مستەفا بارزانیدا قوت دەکرێتەوە (کۆچیرا، ٤٤٩). هەرچەندە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا دەبێت، کە خۆی بەدوور بگرێت لە هەر دژایەتیکردنێکی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق نە لە سەرەتاکانی بەیاننامەی ئازار و نە لەو کاتەشدا، کە جۆرێک لە ناکۆکی و پیلانی جۆراوجۆری حیزبی بەعس بەرانبەر بە شۆڕشی کورد و سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد سەرچاوە دەگرێت، لەوانە هەوڵدانی بەعس و ئاسایشی گشتیی عێراق بۆ پاکتاوکردنی بەرپرس و ڕێبەرانی کورد لەنێویاندا مەلا مستەفا بارزانی، هەروەها پابەندنەبوونیان بە جێبەجێکردنی بنەماکانی بەیاننامەی ١١ی ئازارەوە (الونداوی، ٣٧٧؛ سنجاری، ٤٤ - ٥٠). بەتایبەتی لەو ماوەیەدا کە پارتی دێموکراتی کوردستان لە ١-١٠ی جولای ١٩٧٠دا، بە ئامادەبوونی مەلا مستەفا بارزانی و نوێنەری حیزبی بەعس و شیوعی و نیشتمانی دێموکراتی و زۆرێکی دیکە لە حیزبە عێراقی و نوێنەری کوردەکانی وڵاتانی دراوسێی کۆنگرەی هەشتەمی خۆی لە (ناوپردان)، بە ئامادەبوونی (٤٨٨) ئەندامی بەشداربوو گرێ درا و لە کۆتاییی کۆنگرەشدا مەلا مستەفا بارزانی بە

سەرۆک دەستنیشان کرایەوە (الخرسان: ٢٠٠١، ١٨٦؛ أطلاعات، شماره ١٣٢٣٢). بەڵام جۆرێک لە نائومێدی لەگەڵ خۆیدا هێنایە کایەوە، چونکە یەک لە بڕیارەکانی کۆنگرە ئەوە بوو، کەسێکی وەک حەبیب محەممەد کەریم، سکرتێری پارتی وەک جێگری سەرۆککۆماری عێراق و بەپێی بنەماکانی ڕێککەوتنامەی ئازار دەستنیشان بکرێت، کەچی بەرپرسانی حیزبی بەعسی عێراق ئەم پێشنیارەیان پێ قبووڵ نەبوو، لەبەر ئەوەی کەسێکی وەک حەبیب محەممەد کەریم بە لێکدانەوەی بەرپرسانی بەعس بە ڕەسەن لە کوردانی فەیلی ئێرانییە، بەڵکوو ئەوان بە زۆری لەسەر ئەوە کۆک بوون مەلا مستەفا بارزانی خۆی یان ئیدریسی کوڕی پۆستی ناوبراو لە ئەستۆ بگرێت (قدورە: ٢٠١٦، ٨). هەرچەندە ئەوەی کە زیاتر کۆسپ و تەگەرەی خستە بەردەم جێبەجێکردنی بەیاننامەی ئازارەوە، دیاریکردنی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی بوو، جگە لە دواخستنی سەرژمێری و یەکلاییکردنەوەی ناکۆکی و جیاوازییەکان، بەتایبەتی چارەنووسی کەرکووک، کە بڕیار بوو لە دیسامبری ١٩٧٠دا کۆتایی بێت، بەڵام دوا خرا بۆ بەهاری ١٩٧١، لەگەڵ ئەوەشدا فەرمانڕەوایانی عێراق جگە لە دەرکردنی کوردە فەیلییەکان بەرەو ئێران، شانبەشانی ئەوەش کەوتبوونە بە عەرەبکردنی ناوچە کوردستانییەکان، بە مەبەستی شێواندنی پێکهاتەی دانیشتووانیان و نیشتەجێکردنی عەرەبی هاوردەی کۆچەری تیایاندا، بەتایبەت بۆ ناوچە ستراتیژییەکانی کەرکووک و شەنگال و خانەقی (کۆچیرا، ٣٦٢ - ٣٦٣؛ قدورە، ٨).

سەبارەت بە کوردەکانی ئێران و بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم هەلومەرجە بەدواوە ئەوانیش تا ڕادەیەک ڕێگەی ئەوەیان بۆ فەراهەم بوو، بۆ ئەوەی بتوانن دووبارە خۆیان ڕێک بخەنەوە و کۆنفرانسی سێیەمی خۆیان ببەستن، وەک ئەوەی بە بەشداریی (٣٢) ئەندامی دیاری حیزبی دێموکرات و لە ٢١ی ژوئەنی ١٩٧١ لە شاری کۆیەی باشووری کوردستان، لە ماڵی حەسەن ڕەستگار بەڕێوە چوو(ڕەستگار: ٢٠٢١، ٣٥٢). بەڵام پێش بەستنی کۆنفراسەکە بە ماوەیەک وەک بەرپرس و کەسی یەکەمی حیزب، دوکتۆر قاسملوو لە بارەگای سەرەکی

هەواڵنامەی کوێر

خۆی سەردانی مەلا مستەفا بارزانی کرد، سەرەڕای گەیاندنی هەواڵی بەستن و گرێدانی کۆنفرانسی حیزب، لەگەڵ ئەوەشدا بەڵێنی ئەوەش لە بارزانی وەردەگرێت، کە لێرە بەدواوە مانگانە بڕی (٥٠٠) دیناری عێراقی وەک هاوکاری بدرێتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کەچی ئەوەش تەنیا وەک قسەیەک دەمێنێتەوە و ئەو کۆمەگ و بەڵێنەش وەک پێویست بۆ حیزبی دێموکرات جێبەجێ ناکرێت (گادانی، ب١، ١٨١؛ حیسامی، ب٢، ٢٢٣). بەڵام عەبدوڵڵا حەسەنزادە وەک ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی حیزب نووسیویەتی: پاش ئەوەی کەمێک جێی خۆمان کردەوە ئیدی دوکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو، ئەرکی نووسینی پەیڕەوی ناوخۆی گرتە ئەستۆ و هەر لەو کاتەشدا کاردروستایی بۆ بەستنی کۆنفرانسی حیزب دەستی پێ کرا (قاسملووزادە، ٢٥٢؛ بازیار: ٢٠٢٠، ٢٦٦). بەڵام هەنگاوی یەکەم و پێش بەستنی کۆنفرانسی سێیەمی حیزب بڕیاری پێویست لەسەر ئەوەش درا کە ژمارەی نوێی خولی پێنجەمی ڕۆژنامەی "کوردستان"، وەک ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب دەست پێ بکاتەوە و بۆ جارێکی تر بە زمانی کوردی و فارسی دەربچێتەوە، ئەوە بوو ژمارەی یەکەمی ئەم دەورەیەش لە ژوئەنی ١٩٧١، بە ساڵێک و بگرە زیاتریش دوای بەیاننامەی ئازار لە بەغدا بڵاو کرایەوە. بە جۆرێک ڕۆژنامەی "کوردستان" چ لە بواری ڕەوانبێژیی زمان و چ لە بواری بۆچوون و لێکدانەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە لەنێو دەستەی ڕووناکبیریی کوردستانی عێراق جێگەی خۆی کردەوە و پێشوازی لێ کرا، هەرچەندە لەو دەمانەدا هێشتا بە کەمی ژمارەکانی دەگەیشتنەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (حیسامی: ب٢، ٢١٩).

ئەوە بوو سەرەتا ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات هەریەکە و بۆچوون و باری سەرنجی خۆی سەبارەت بە بارودۆخەکە باس کردوە و دواتریش کاتی پێویست هێڵراوەتەوە بۆ ئەوەی دوکتۆر قاسملوو، وەک بەرپرسی یەکەم وتەی خۆی سەبارەت بە بارودۆخی دنیا و دۆزی کورد، سەرەڕای ئەو هەڵە مێژووییەی کە لە عێراقدا و چۆنێتیی مامەڵەکردنی پێویست لەگەڵ ئەو

بارودۆخەی کە لەو قۆناغەدا، لە باشووری کوردستان هاتبووە کایەوە، کە ئەویش لای خۆیەوە وەک زەمینەیەکی لەبار و گونجاو باسی لێوە کردوە، هەرچەندە لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ناکرێت و ناتوانرێت بوترێت کۆنفرانسی سێیەمی حیزب لە کۆیە بێت کێشە و گرفت بەڕێوە چووە، بەتایبەت لە ئەنجامی ئەو ململانێیەی کە لەنێوان دوو بەرەی وەک: عەبدولرەحمانی قاسملوو، حەمەدینی سیراجی و کەریم حیسامی، کە زیاتر بە باڵی چەپ و توودەیییەکانی نێو حیزبی دێموکرات ناسرابوون، توانییان ڕا و بۆچوونی تەواوی خۆیان لەو کۆنفراسەدا بسەپێنن، لەگەڵ بەرەی ئەو کادیر و ئەندامانەی دیکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کە لە هەموو قۆناغ و دەورانێکدا لەگەڵ کێشە و گیروگرفتەکانی حیزبدا مابوونەوە و تا ڕادەیەکی باش گۆڕەپانەکەیان چۆڵ نەکربوو، تاکوو ئەو کاتەی لە ئەنجامی کۆنفرانسی ناوبراودا و پاش گفتوگۆ و ململانێیەکی توند سەبارەت بە سەپاندن و کاندیدکردنی کەسێکی وەک محەمەدئەمینی سیراجی بۆ ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندی و چەند کەسێکی وەک: عەبدولرەحمان قاسملوو، کەریم حیسامی، حەسەن ڕەستگار، عەبدوڵلاحەسەن زادە، هێمن موکریانی، ئەمیر قازی، سەید ڕەسوڵی دەهقان، مەلا قادر ویردی، کەریم حەداد لەگەڵ مەلا ڕەسوڵ پێشنماز بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هەڵبژێردران (پێشنماز، ٤٤٧ – ٤٤٨؛ ڕەستگار: ب١، ٣٥٥؛ گادانی، ١٨٣). هاوکات یەکێکی دی لەو کارە گرنگانەی کە لە ڕۆژانی کۆنفراسی سێیەمی حیزبدا هاتبێتە دی، ئەویش پەسەندکردنی بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆی حیزب بووە، هەر لە ڕۆژانی ئەم کۆنفراسەشدا بڕیاری پێویستی لەو بارەوە دراوە، بە ڕادەیەک هەنگاونانێکی لەم جۆرەش بۆ جارێکی تر ڕێکخستنەکانی حیزبی لە کۆمەڵێک کێشە و قەیرانی جۆراوجۆر دەرباز کردووە و کردوویەتی بە خاوەنی بەرنامە و پێڕەوی پەسەندکراوی تایبەت بە خۆی. جگە لەوەش لەم هەلومەرجە بەدواوە هەریەک لە دوکتۆر قاسملوو وەک سکرتێری حیزب و کەریم حیسامی وەک جێگری سکرتێر هاتوونەتە بەرچاو، شانبەشانی ئەوانەش ئەمیر قازی وەک دوورخراوەیەک و

نوێنەری حیزب ناردوویانەتە دەرەوەی وڵات و بۆ ئەم مەبەستەش وەک خۆی باسی لێوە دەکات لە وڵاتانی ئەورووپا خەباتی سیاسی خۆی درێژە پێ داوە (قازی: ٢٠١٤، ١٧٤).

شایانی باسە هەر لە کۆتاییهێنانی کۆنفرانسی سێیەمی حیزب لە کۆیەش بەدواوە، دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بەم شێوەیە پێک هێنراوەتەوە: دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو (سکرتێر)، کەریم حیسامی، محەمەدئەمین سیراجی، هێمن موکریانی لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەنزادە. واتە لێرە بەدواوە و وەک پێشتریش ئاماژەی پێ کرا، باڵی توودەیییەکانی نێو حیزبی دێموکرات، کە زۆرینەی ئەندامانی دەفتەری سیاسی بوون، وەک زۆرینەی حیزبی و بەرپرسیارەتی، دەستیان بەسەر هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی حیزبی دێموکراتدا گرت، لێرەشەوە ئەو پەیوەندییە کە لەنێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و فەرمانڕەوایانی حیزبی بەعسی عێراقدا سەرچاوە دەگرێت، لەسەر بنەمای دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم و ڕێژیمی پاشایەتی دێتە کایەوە، جگە لە زیادکردنی ناوی (ئێران) بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان کە یەکێکی دیکە لە بڕیارەکانی کۆنفرانسی سێیەم بوو، بەردەوامیدان بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی "کوردستان" وەک ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بە شێوازێکی باشتر و بە ناوەڕۆکێکی فرەبابەت و دەوڵەمەندترەوە، بە مەبەستی پەروەردەکردنی زیاتری کادیرانی حیزبی، بڕیاری دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی ناخۆییی حیزبی دەدەن کە بە ناوی "تێکۆشەر"، ناوبەناو بڵاو کراوەتەوە و ژمارەکانی شانبەشانی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە ناوچە سنوورییەکانەوە بەتایبەتی سنووری بانە و قەڵادزێ نێردراونەتەوە بۆ شار و شارۆچکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (سەردەشتی: ٢٠٠٣، ٣٤٦).

واتە لەم ماوەیەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر باش لەنێو عێراق و باشووری کوردستان و بۆ جارێکی تر کەوتەوە سەر سکە و ڕاستەڕێی خۆی، کەچی کەریم حیسامی سەرەڕای ئەو هەنگاوە گرنگانەی حیزب باسی لەوەش کردووە کە: «پاش کۆنفرانسی سێیەم ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات قەت یەکدەست

و یەکبیروباوەڕ و تەبا نەبووە. لە نەخوێندەوارەوە بگرە تا دوکتۆری ئابووری و لە سەودا گەرەوە بگرە تاکوو هەژار و برسی، لە مارکسیستەوە بگرە تاکوو مائویست و ئاژاوەچی، لە پێشکەوتنخوازەوە بگرە تاکوو کۆنەپەرست و بێ بیروباوەڕ، بەڵام لەسەر بەرنامەی حیزب کە ئەودەم پێشکەوتووخواز و وەڵامدەرەوەی ئەو قۆناغەی خەبات بوو، کۆ کرابوونەوە». ئەوە بوو دواتریش کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە کۆبوونەوە حیزبییەکانی خۆیدا یەکێکی تر لە هەنگاوەکانی ئەوە دەبێت، کە بکەونە ئەوەی چۆن هەموو کادیر و ئەندامانی پەرتەوازەی خۆیان بۆ جارێکی تر بهێننەوە نێو ڕیزەکانی حیزبەوە، بەتایبەتی کەسایەتییە ڕووناکبیر و دیارەکانی وەک: عەبدولڕەحمان زەبیحی و ئەحمەد تۆفیقی سکرتێری پێشوو، کە ماوەیەک بوو لە حیزبی دیموکرات دوورکەوتبووەوە و لەو دەمانەدا وەک پەنابەرێک لە بەغدا دەژیا (حیسامی: ب٢، ١٩٩٦، ٢٢٥).

هەرچەندە کەسێکی وەک عەبدولڕەحمان زەبیحی جۆرێک لە دۆستایەتی و نزیکبوونەوەی لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دروست کردەوە و تا ڕادەیەک پەیوەندی لەگەڵیاندا ڕوو لە باشییەکی هەستپێکراو بوو، بەڵام ئەحمەد تۆفیق لەو بارەیەوە کۆمەڵێک مەرجی تایبەت بە خۆی هەبوو، کە ئەوەش بە لێکدانەوەی بەرپرسانی حیزبی دیموکرات قابیلی جێبەجێکردن نەبوون، هەر بۆیە کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بڕیاری کۆتاییان ئەوە بوو، کە لە ڕیزەکانی حیزب دووری بخەنەوە، دواتریش بڕیاری دەرکردنی یەکجاری لە ڕۆژنامەی "کوردستان"، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبدا بڵاو بکەنەوە، کە بۆ ماوەیەک بوو لە بەغدا دووبارە بڵاو دەکرایەوە، تەنانەت دەقی لەکارخستن و دەرکردنی لە حیزب وەک ڕاگەیەنراوێک بڵاو کردووەتەوە، کە تیایدا هاتووە: « ئاگاداری: عەبدوڵڵا ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) لەبەر زۆر کردەوەی وا کە لەگەڵ ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕێک ناکەوێت، لە حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران) دەرکرا». (کوردستان: ١٩٧٢، ژ. ١٢). هەرچەندە ئەو ماوەیەکی زۆریش بوو بەڕوونی گومانی

هەواڵنامەی کتێب

ئـەوەی لـێ دەکـرا کـە لەگـەڵ دەزگای هەواڵگریـی عێـراق کاری کردبێـت (حەیـدەری، دیدەنی، ٢ی مـەی ٢٠٢١). تەنانـەت لـەم بارەیـەوە بەڵگەنامـە و دیکۆمێنتەکانی دەزگای ساواکی ئێرانیش جەختیـان لـەم شـێوازی پەیوەندییـە کردووەتـەوە، بەتایبـەت لەگـەڵ کەسـانی وەک سـەدام حوسـێن و مورتـەزا حەدیسـی، کەچـی دواتریـش هـەر خۆیـان لەنێویـان بـردووە و کۆمەڵێـک سـەربووردە و چیرۆکـی جۆراوجـۆری لەبـارەوە بـاس دەکرێـت، کـە تاکـوو ئێسـتاش بەتـەواوی ڕوون نیـن (نـادری: ١٣٩٤، ١٨٤ – ١٩١).

لـە لایەکـی تریشـەوە و لـەو دەمانـەدا کـە هەلومەرجێکـی نـوێ بـۆ کـوردی ڕۆژهـەڵات هاتبـووە کایـەوە، بەتایبـەت لـە سـەروبەندی بەیاننامـەی ئـازار بـەدواوە، ئـەوە بـوو کاتێـک کادیرێکـی بەوەجـی وەک مـەلا قـادر ویـردی، ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەندیی حیزب لـە ٢٣ی مارسـی ١٩٧٣، کـە بەمەسـتی ڕاپەڕاندنـی کاروبـاری حیزبـی لـە ناوچـەی بانـەی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بـوو، دوای ئـەوەی لەلایـەن کوردێکـی بەکرێگیـراوی وەک سـەلیم خـات شـەرافەتەوە لای بەرپرسـان و فەرمانڕەوایانـی ئێران شوێنەکەی ئاشکرا کرا (ڕەستگار ب ١: ٢٠٢١، ٣٦٢؛ بیری نوێ: ١٩٧٣، ژ. ٤٦). ئەویـش بەناچـاری و دوای بەرگریکردنێکـی بێوێنـە بـە دەسـتی هێـزە ئەمنییەکانـی ئێـران و دەزگای سـاواک کـوژرا، سـەرەڕای مەحکوومکردنـی ئـەو کارە لەلایـەن زۆرێـک لـە حیـزب و ڕێکخـراوە کوردییەکانـی کوردسـتان و ناوەنـدە جیهانییەکانـەوە، کۆمیتـەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات لە باشووری کوردستان لە ڕێگەی ڕۆژنامـەی "کوردسـتان"ی ئۆرگانـی کۆمیتـەی ناوەندیـی حیـزب و ڕۆژنامەکانـی دیکـەی کـورد و عێراقـەوە، بەتایبـەت بەبۆنـەی گیانلەدەسـتدانی ئـەو کەسـایەتییەوە لـە ٢٦ی مارسـی ١٩٧٣ ز. بەیاننامەیەکـی بـڵاو کـردەوە، لـە درێـژەی وردەکارییەکانیدا مەحکوومـی ئـەو سیاسـەتەی فەرمانڕەوایانی ئێران کـرد کـە بەرانبـەر بـە کادیـران و نیشـتمانپەروەرانی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان گرتوویانەتـە بـەر (هـاوکاری: ١٩٧٣، ژ. ١٦١. ١٦١).

بە ماوەیـەک دواتر و لـە ٢ی مەیی ١٩٧٣دا وەک بـەر پرسیاریەتییەکی مێژوویی و هاوخەباتـی لـە بـارەگای سـەرەکیی "یەکێتیـی نووسـەرانی کـورد" لـە بەغـدا، ڕێوڕەسـم

و چلەیەکی ماتەمینیی شایستە و بەرفراوانی بۆ ڕێک خرا، بە جۆرێک ڕێوڕەسمەکە بەپێی ڕیپۆرتاژێکی ڕۆژنامەوانی، کە ڕۆژنامەی "بیری نوێ"ی زمانحاڵی حیزبی شیوعی بڵاوی کردووەتەوە، دوای خولەکێک وەستان بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی کوردستان و پاشان بە وتنەوەی سروودی نیشتمانیی "ئەی ڕەقیب" بەڕێوە چوو، دواتر وتاری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن عەبدوڵڵا حەسەنزادەی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبەوە دەخوێندرایەوە (هاوکاری: ١٩٧٣، ژ. ١٦٦). پاشان وتاری هەریەک لە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لەلایەن ئیسماعیل مەلا عەزیز و حیزبی شیوعیی عێراقی لەلایەن محەممەد کەریم فەتحوڵڵا، پێشکەش کران؛ دوای ئەوانەش هەریەک لە شاعیرانی وەک عەبدولڕەزاق بیمار و هێمن موکریانی هۆنراوەیان بەو بۆنەیەوە خوێندووەتەوە، بەڵام عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ (١٩٣٤ - ٢٠١٩) وتاری یەکێتی نووسەرانی کوردو دواتریش ژنە چالاکوان "کوردستان عەلی"، وتاری یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، هەروەها ڕەمزی قەزاز (١٩١٧ - ١٩٧٣) وتاری کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی خوێنراوەتەوە، جگە لە خوێندنەوەی برووسکەی بەرەی میللیی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هاوکات لە کۆتاییی ڕێوڕەسمەکەدا هێمن موکریانی وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات بە وتارێک سپاسی هەموو ئامادەبووانی ڕێوڕەسمەکە و ئەو لایەن و ڕێکخراو و حیزبە سیاسییانەی کردووە کە هەریەکە و بە جۆرێک بەبۆنەی گیانلەدەستدانی مەلا قادر ویردی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبەوە بەشداری و هەست و سۆزی تەواوی خۆیان دەربڕیبوو؛ جگە لەوەش هێمن موکریانی، سپاسی هاونیشتمانییانی شاری سلێمانیشی کردووە کە چۆن لە ڕۆژانی پرسەکەیدا بەشدارییان کردبوو (بیری نوێ: ١٩٧٣، ژ. ٤٦). کەچی هەر کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی شیوعیی عێراقی سەرەڕای بەشداربوونیان بە خوێندنەوەی وتارێک، لە کاتی خۆشیدا و بەهۆی گیانلەدەستدانی مەلا قادری ویردییەوە لە ڕێگەی سەرچاوەکانی ڕاگەیاندنی خۆیانەوە، بەتایبەت ڕۆژنامەی (الفكر الجديد) بەیاننامەیەکی فەرمیی

توندیان لە ٣١ی مارسی ١٩٣٧دا بە زمانی عەرەبی بڵاو کردووەتەوە، کردەوەکەیان بە «تاوانێکی خوێناویی نوێی فەرمانڕەوایانی ئێرانی بەکرێگیراو» ناو بردوە و سەرکۆنەی سیاسەتی فەرمانڕەوایانی ئێرانیان کردووە (الفكر الجديد: ١٩٣٧، ع. ٤٢).

لە هەمان کات و ماوەشدا ئەمیر قازی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات وەک خۆی ئەڵێت ئەو کاتەی کە نوێنەری حیزب بووە لە دەرەوەی وڵات باس لەوە دەکات: لە هاوینی ساڵی ١٩٣٧دا لە برادەرانی بەغدای حیزبەوە خەبەر هات، مەلا قادر ویردی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات، کە بە مەبەستی ڕاپەڕاندنی کاروباری حیزبی چووەتە ناوچەی بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەوتووەتە کەمینی دوژمنانەوە و کوژراوە. هەر بۆیە ئەوانیش لای خۆیانەوە و لە ئورووپا دەکەونە ئەوەی، [ کە چۆن وەک کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە وڵاتی سوید و وەک نارەزاییدەربڕین خۆپیشاندانێک بۆ بەردەم باڵوێزخانەی ئێران ڕێک بخەن، بەڵام جەمال عەلەمداری، نوێنەری پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق لە ئورووپا و دەرەوەی وڵات دژی ئەم بۆ چوونەی ئەوان بووەتەوە و وای لێک داوەتەوە کە هەر هەڵوێستێکی دژ بە حکوومەتی ئێرانی لەو کاتەدا دەکەوێتە: «چوارچێوەی دژایەتی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی شۆڕشی باشوور». هەر بۆیە بەشدارییان لەگەڵ ناکەن و دواتر ئەمانیش لە ٥ی ئاوریلی ١٩٧٣دا بە هاوکاریی کوردەکانی بەشەکانی تری کوردستان و لەوانە عومەر شێخ مووس، کوردی ڕۆژاوای کوردستان و ڕێکخراوە ئێرانییە ئۆپۆزسیونەکان و هاوکات بە ئاگاداریی لایەنە ئەمنییەتییەکانی سوید خۆپیشاندان و نارەزایەتیی توندی خۆیان گەیاندە بەردەم باڵوێزخانەی ئێران (قازی: ٢٠١٤، ١٧٧ – ١٧٨؛ ئەحمەد: ٢٠١٠، ١٠٧). هەروەها بە ماوەیەک دواتریش دوو ئەندام و کادری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ناوەکانی: عەزیزی مستەفازادە و محەمەد سدیق، کە ئەمانیش هەر لە سنووری شاری بانە و لە کاتی گیانلەدەستدانی مەلا قادر ویردیدا دەستبەسەر کرابوون، بە ماوەیەک دواتر هەردووکیان لە شاری سنە لە سێدارە دران. هەرچەندە

بەرپرسانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێش لە سێدارەدانیان لە ڕێگەی مەلا مستەفا بارزانییەوە هەوڵیان داوە لە سێدارە نەدرێن، کەچی نەگەیشتنە ئامانج و فەرمانڕەوایانی ئێران حوکمی خۆیان جێبەجێ کردووە (زادە: پەیوەندی، ٥ی جولای ٢٠٢١).

جا بەم بۆنەیەشەوە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێگەی ڕۆژنامەی "کوردستان"ی ئۆرگانی حیزبەوە، هەواڵ و ژیاننامەی هەردوو کادیری ناوبراو (کوردستان: ١٩٧٣، ژ. ٣٠). لە ڕۆژنامەی "بیری نوێ"ی زمانحاڵی حیزبی شیوعیی عێراقەوە لە بەغدا ئەمیش بە هەمان شێوە هەواڵ و بەیاننامەیەکی تایبەت بە خۆیان لەسەر ئەو دوو کادیرەی حیزبی دێموکراتەوە بڵاو کردووەتەوە و هەروەها ڕای گشتی جیهانی و کۆمەڵانی خەڵکی لێ ئاگادار کردووەتەوە (بیری نوێ: ١٩٧٣، ژ. ٧٢). بەڵام کردەوەی کوشتن و گیانلەدەستدانی مەلا قادر ویردی لەلایەن زۆرێک لە ڕێکخراوە کوردی و عێراقی و تەنانەت وڵاتانی دەرەوە و ڕۆژنامەکانی باشوری کوردستان و بیانیی ئەوکات مەحکووم کراوە و وتاری جۆراوجۆری لەسەر نووسراوە، لەوانە ڕۆژنامەکانی وەک: (باختر امروز) ئۆرگانی ڕێکخراوەکانی بەرەی ئێرانی، (بهمن) ئۆرگانی بەرەی ئازادیی بەشی ئێرانی و ڕۆژنامەکانی: بیری نوێ، هاوکاری، (التاخی) لە شاری بەغدا و ڕووناهی، کە ئەمەی دواییان لەلایەن «کوردەکانی باکووری کوردستان بووە کە بە شێوازێکی نهێنی بڵاویان کردووەتەوە». (گادانی: ٢٠٠٨، ب. ١، ١٩١ – ١٩٢). ئیدی پاش هەموو ئەو گۆڕانکارییانە و ئەو هەلومەرجەی کە لە بەیانی ئازار بەدواوە، لە عێراق و باشووری کوردستان هاتبووە کایەوە، حیزبی دێموکرات بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی کاروباری حیزبی و سیاسی پێویستی بەوە بووە کە ناوبەناو پێداچوونەوەی زیاتر بە کاروباری ڕێکخستن و حیزبی خۆیدا بکات؛ وەک لە پێشەکیی کارنامەی کۆنگرەی سێیەمی حیزبی خۆیدا جەختی لەسەر کردووەتەوە و لە برگەیەکیاندا هاتووە: «کۆمیتەی ناوەندی پاش لێکدانەوەیەکی زۆر هاتبووە سەر ئەو باوەڕەی کە هەلومەرجی ئێستەی حیزبەکەیان پێویستی بەوە هەیە کە کۆنگرەی

هەواڵنامەی کتێب

سێیەمی خۆی بگیرێت، هەلومەرجێکی نوێی خەبات پێک هاتووە، کە پێویستی بە تەرازبەندیی تێکۆشانی ڕابردووی حیزب، ڕوونکردنەوەی زۆر بەسەرهاتی گرنگ و بەتایبەتی بە دیاریکردنی ڕێبازی سیاسیی دوارۆژ و ستراتیژی و تاکتیکیی حیزبی هەیە و پێویستە ئۆرگانی بەڕێوەبەریی حیزب لە کۆنگرەی حیزبیدا، کە بەرزترین ئۆرگانی حیزبە هەڵبژێردرێ» (گادانی: ٢٠٠٨، ب١، ١٩٣).

ئەوە بوو لەو کاتەدا کە ڕێگە خۆش بوو بۆ بەستنی کۆنگرەی سێیەمی حیزبی دێموکرات، کە لە سایەی فەرمانڕەوایانی حیزبی بەعس لە عێراق و لە ٢٢ی سێپتامبری ١٩٧٣دا بە ئامادەبوونی (٤٩) کەس لە ئەندامانی حیزب لەنێو بارەگای سەرەکیی حیزبی دێموکرات لە شاری بەغدا بەسترا؛ ئەو کۆنگرەیەش بە بەراورد لەگەڵ کۆنگرەی دووەمی سۆنێ و کۆنفرانسی سێیەمی حیزب لە شارۆچکەی کۆیە جیاوازی لەوەدا بووە، کە لە ناوەوەی ئێران و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها لە بەشێک لە وڵاتانی ئورووپا چەند نوێنەر و ئەندامێکی حیزبی دێموکرات تیایدا بەشدارییان کردووە (حیسامی ب. ٢: ١٩٩٧، ٢٥٣). هەرچەندە سەبارەت بەم کۆنگرەیەش خدر مەرەسەنە وەک ئەندامێکی کۆنگرە و بە زمانێکی ڕەخنەئامێزەوە لەسەر ئەم کۆنگرەوە نووسیویەتی: «لە حاڵێکدا دەیان ئەندامی حیزب لە باشووری کوردستان لەژێر دەسەڵاتی پارتی و بارزانیدا ژیانیان تێپەڕ دەکرد و چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کە لە کۆنگرەیەکی حیزبیدا هەموو لایەک یەک بگرنەوە و دژی ڕێژیمی شا و ساواک خەباتی خۆیان لە حیزبی دێموکراتدا درێژە پێ بدەن، بەڵام ئەو بەشە لە ئەندامانی حیزب بۆ کۆنگرە بانگ نەکرابوون، بەتایبەتی ئەو کادیر و پێشمەرگانەی بناری قەندیل کە بەشێک بوون لە حیزب و بە ناوی کۆمیتەی کاتیی حیزب کاریان دەکرد، پرسیان پێ نەکرا و نوێنەریان بانگ نەکرا بۆ کۆنگرە». (مەرەسەنە ب. ٣: ٢٠٠٦، ٤٣). لە درێژەی لێکدانەوە و بۆچوونەکانیدا سەبارەت بە کۆنگرەی سێیەم مەرەسەنە وەک ئەندامێکی بەشدار نووسیویەتی: «ئەو ٤٩ کەسەش کە بەشداریمان لە کۆنگرەدا کرد، نوێنەری هەموو ئەندامانی حیزب

نەبووین، تەنانەت هەمووشمان وەک یەک بیرمان لە چارەنووسی کورد نەدەکردەوە و هەرچەند کەسێک بۆچوون و تێڕوانینی تایبەت بە خۆمان هەبوو سەبارەت بە ئامانجەکانی حیزب و دیاریکردنی دۆست و پشتیوان بۆ حیزب، بیری توودەیی ویستی کۆمۆنیستی زاڵبوو بەسەر کۆنگرەدا، خەباتی ئەندامانی حیزب وەبەرچاو نەدەگیرا، بەتایبەتی خەبات و تێکۆشانی ئەحمەد تۆفیق و هابیرانی دەخرایەوە ژێر پرسیار، وەک چۆن ئەحمەد تۆفیق لە کۆنگرەی دووەمدا ژیانی سیاسیی قاسملووی خستە ژێر پرسیارەوە و بە بڕیاری کۆنگرە لە حیزبی دەرکرد» (مەرەسەنە: ٢٠٠٦، ٤٣). ئەمەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت، کارنامە و لێپێچینەوەکانی ئەم کۆنگرەیەش جۆرێک بووە لە تۆڵەکردنەوە و بەرپەرچدانەوەی یەکتری.

شایانی باسە کۆنگرەی سێیەمی حیزبی دێموکرات، کە لە بەغدا بەستراوە، سەرەتا بە سروودی نیشتمانیی ئەی ڕەقیب: «سروودی میلیی پەسەندکراوی کۆماری دێموکراتی کوردستان» کراوەتەوە (حیسامی ب. ٢: ٢٠١٨، ٨٧٢). لە پێشدا هێمن موکریانی وەک بەتەمەنترین ئەندام و بەشداربووی کۆنگرەی سێیەم کۆنگرەکەی کردووەتەوە و پیرۆزباییی گەرمی خۆی لە ئەندامانی بەشداربووی کۆنگرەی سێیەم کردووە، دوابەدوای ئەویش دوکتۆر قاسملوو لە کاتی ڕێوڕەسمی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی سێیەم لە شاری بەغدادا (٤٩) دانە کتێبی چاپکراوی خۆی (کوردستان و کورد. لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی - ئابووری)، کە لەلایەن "بنکەی پێشەوا"ی سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستان، کە لە شاری بەغدا چاپ کرابوو، بەسەر تەواوی ئەندامانی کۆنگرەدا دابەش کراوە (گادانی: ب. ١، ٢٠٠٨، ١٩٤؛ حیسامی: ب. ٢: ٢٠١٨، ٨٧٢). جگە لەوەش هەر لەم کۆنگرەیەدا هەمان پێڕەوی ناخۆ و بنەما و پرەنسیپە سەرەکییەکانی حیزب، کە لە کۆنفراسی سێیەم لە کۆیەدا پەسەند کرابوو، بە هەمان شێوە پەسەند کرایەوە، جگە لە هەوڵێکی سەر نەکەوتووانەی دوکتۆرعەبدولڕەحمان قاسلوو، کە لە سەروبەندی کۆنگرە و گفتوگۆکانی نێو کۆنگرەشدا زۆر جەختی لەسەر کردووەتەوە، ئەویش ئەو خاڵەی بووە، ئاخۆ

کۆنگرە ناوی کۆنگرەی دووەمی لێ بنرێت یان کۆنگرەی سێیەم، چونکە لە کاتی بەستنی کۆنگرەی دووەمی ساڵی لە ١٩٤٦دا: دوکتۆر قاسملوو لەلایەن ئەحمەد تۆفیقەوە بە بەکرێگیراوی دەزگای ساواکی ئێرانی و ڕێژیمی پاشایەتی لەقەڵەم درابوو، سەرەڕای ئەوەش مافی ئەندامەتیی حیزبی لێ وەرگیرابووەوە (قازی: ٢٠١٤، ١٨٢). بەڵام لەم داواکاری و پێداگیرییەیدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا و تەنانەت زۆرێک لە ئەندامانی کۆنگرەش لەگەڵ پێشنیار و داواکارییەکەیدا نەبوون، تەنیا ئەوە نەبێت کە هەندێک بڕیاری کۆنگرەی دووەم، کە لەسەر «مەسائیلی سیاسی بوون» ڕەت کرانەوە، بەتایبەت ئەو ڕەخنە ناڕەوا و نادروستانەی کە زۆر بەناحەق کرابوونە سەر کۆماری کوردستان (گادانی: ب. ١: ٢٠٠٨، ١٩٤؛ حیسامی: ب. ٢: ٢٠١٦، ٨٧٣). جگە لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی پێشووی حیزب کە لە کۆنفرانسی سێیەمی حیزب هەڵبژێردرابوون لەگەڵ ئەوەشدا هەریەک لە: دوکتۆر حەسەن شەتەوی و محەمەد موهتەدی کە لە ئورووپاوە گەڕابوونەوە، ئەوانیش بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردران (قازی: ٢٠١٤، ١٨٣ – ١٨٤). هەروەها هەریەک لە غەنی بلووریان و عەزیز یووسفی، کە هێشتا لە زیندانەکانی فەرمانڕەوایانی ئێرانیدا بوون، ئەوانیش بە هەمان شێوە هەڵبژێردران هاوکات لەو لاشەوە چوارکەسی تری وەک: کەریم حەداد، مەلا ئیسمایل حاجی، حەمەڕەسوڵ حەسەنپوور و مەلا سەلامی نجنەیی وەک ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هەڵبژێران (گادانی ب. ١: ٢٠٠٨، ١٩٦).

جگە لەوانەش ئەو ڕاسپاردە و خاڵانەشی کە زۆر پێویست بوون، سەبارەت بە عێراق و باشووری کوردستانەوە، جەختیان لەسەر بکرێتەوە و بیانگەیەننە شوێنی مەبەستی خۆیان لەوانە: بیروڕای خۆیان سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی کورد لە کوردستانی عێراق، بە حکوومەتی عێراق ڕاگەیەنرێت و هەوڵی ئەوەش بدرێت «دۆستایەتی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و حیزبی کۆمۆنیستی عێراق» زیاتر پتەوتر بکرێت، سەرەڕای هەوڵدان بۆ ناردنی چەند خوێندکارێکی

کورد بۆ دەرەوەی وڵات بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندن و جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی داهاتووی حیزب لەنێو خەڵکدا بن، لە عێراق بژین و کاری حیزبایەتی بکەن (حیسامی: ٢٠١٨، ب. ٢، ٧٨٤ – ٧٨٥). ئەمانە و کۆمەڵێک ڕاسپاردە و پێشنیاری دیکە، کە هەموو هەڵێنجراوی کۆنگرەی سێیەمی حیزب بوون، سەرەڕای دەستەیەکی نوێی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، کە لە (١٥) کەس پێک هاتبوون. دواتریش کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا پێنج ئەندام و کەسایەتیی دیاری بۆ ئەندامی دەفتەری سیاسیی هەڵبژارد کە پێک هاتبوون لە: دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو وەک سکرتێری حیزب و هەریەک لە کەریم حیسامی، محەممەدئەمینی سیراجی، دوکتۆر سوڵتان ئۆتەمیشی و عەبدوڵڵا حەسەنزادە وەک ئەندام (قاسملوو، حەسەنزادە: ٢٠٠٢، ٢٦٧).

بە ڕادەیەک لە پاش گرێدانی کۆنگرەشەوە، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات بڕیاری دا کۆبوونەوەی پێویستی خۆی بکات و تیایدا کۆمەڵێک ئەگەر و ڕاسپاردەی پێویست بخرێتە بەرچاو، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کاریان لەسەر بکرێت و بخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە؛ بۆ نموونە: لە ئەگەری بەرپابوونەوەی شەڕ لەنێوان حکوومەتی عێراق و سەرکردایەتیی شۆڕشی کورددا سەرکردایەتیی حیزبی دێموکرات ئەبێت گۆڕەپانی خەباتی سیاسیی خۆی بەتەواوی بباتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکێکی تر لە هەنگاوەکانیان وەک ئەوەی کەریم حیسامی باسی لێوە کردووە ئەوە بێت کە هەوڵ بدرێت لە ڕێگەی حیزبی بەعس و فەرمانڕەوایانی عێراقییەوە سوود لە ڕادیوی هێزە ئۆپۆزیسیونەکانی ئێران وەربگیرێت، کە هەر لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، کە بنکە و بارەگای تایبەت بە خۆیان لە شاری بەغدا کردبوویەوە، بەتایبەت: «جەماعەتی ژەنەراڵ مەحموود پەناهیان و موراد ڕەزماوەر». بۆ ئەوەی ئەمانیش بتوانن «بەرنامەیەکی نیوسەعاتیان لە ڕادیودا بدەنێ، بەو شەرتەی وتار و نووسراوە و سیاسەتی سەربەخۆی خۆیانی تێدا بڵاو بکەنەوە و کەس کۆنترۆڵی نەکات». وەک ئەوەی دوای هەوڵێکی

زۆری حیزبی دێموکرات، بەرپرسانی بەعس لەسەر داواکارییەکەیان ڕازی دەبێت بۆ ئەوەی ئەمانیش بتوانن وەک حیزب و هێزێکی ئۆپۆزیسیونی کوردی ئێرانی بەرنامەیەکی نیوسەعاتی خۆیان بڵاو بکەنەوە؛ هەرچەندە زۆرێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دژی ئەم پلانەی حیزب بوونە بەوەی «حیزبی دێموکرات لە عێراق لە ڕادیودا وتار بڵاو بکاتەوە». ئیدی لێرەش بەدواوە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەتوانێت لە شاری بەغدای پایتەختی عێراقەوە ڕادیۆ و بەرنامە و دەنگی تایبەت بە خۆی هەبێت، تەنانەت هاووڵاتییانی کوردی ئێران و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش توانیویانە نامە و نووسراوی خۆیان بۆ ڕادیوکەیان بنێرن و ئەمانیش لەم سەرچاوەی ڕاگەیاندنەوە بڵاوی بکەنەوە، بە جۆرێک ئەمەش بەردەوام دەبێت تاکوو ئەو کاتەی حکوومەتی عێراق لە دەرئەنجامی مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی جەزائیری ١٩٧٥، کە لەنێوان شای ئێران و سەدام حوسێنی جێگری سەرۆککۆماری عێراق هاتووەتە دی، پێیان دادەخات (حیسامی: ٢٠١٨، ب. ٢، ٨٧٦ – ٨٧٧).

### تەوەری دووەم: گەشەکردنی ڕووناکبیریی کوردی لە باشووری کوردستان و ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان ١٩٧٠ – ١٩٧٥

دیارە هەموو ئەوڕاستییە باش دەزانین، کە مۆرکردنی بەیاننامەی ئازاری ١٩٧٠ ز. تەنیا هەنگاوێک نەبوو، بۆ وەستانی ئاگری شەڕ و دووبارە یەکگرتنەوەی هەردوو باڵە نەیارەکەی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق (جەلالی و مەلایی)، بەشداربوونی کورد لە دامودەزگاکانی حکوومەتی عێراق، بەتایبەتی وەزراتەکانی سەر بە حکوومەت و لەگەڵ ئەوەشدا دەستەبەرکردنی کۆمەڵێک دەستکەوتی جۆراوجۆر، کە بۆ کورد و ئەو کاتەی گەلی کورد نەک تەنیا لە باشووری کوردستان، بەڵکوو کاریگەری و ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەبوو لەسەر باری دەروونیی هەموو تاکێکی کورد لە هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستانیش لە

باکوور و ڕۆژاوا، هەروەها کوردانی ڕۆژهەڵاتیش، کە وەک توێژەرێکی مێژوویی دەمانەوێت لێرەدا و بە شێوازێکی زانستییانەی بەرفراوان جەختی لەسەر بکەینەوە و بە دەیان نموونەی گونجاوەوە لەسەریان بنووسین و قامک بخەینەسەر خاڵی مەبەست. چونکە بەڕاستی ئەو هەلومەرجەی کە لەو قۆناغەدا و لەو ماوەیەدا هاتبووە کایەوە، هاوکات لەگەڵ خۆشیدا کۆمەڵێک دەر و دەروازە و ڕێڕەوی گرنگی لە ڕووی باری ڕووناکبیریی کوردی بە هەموو بەشەکانییەوە کردەوە هەر لە زمان، ئەدەب، کولتوور، مێژوو، کاروباری ڕۆژنامەوانی، ناوەندەکانی خوێندن و هەروەها لەگەڵ خۆشیدا کردنەوەی دەیان کەناڵ و ناوەندی ڕووناکبیریی جۆراوجۆری لەم بەشەی کوردستانی داگیرکراودا هێنایە کایەوە، بە جۆرێک وەک پێشتریش ئاماژەی بۆ کرا، نەک تەنیا کوردانی باشووری کوردستان و ڕووناکبیرانی باشوور لێی بەهرەمەند بوون، بەڵکوو کوردانی پارچەکانی تری کوردستان و بگرە زۆرێک لەوانەشی، کە بە شێوازێکی پەرتەوازەیی و جیاجیا بەسەر وڵاتانی تری دنیاشدا دابەش بوون، واتە ئەوانیش دەیانتوانی کەڵک لە پێشهات و دەرهاویشتە گرنگەکانی ئەم قۆناغەی خەباتی نەتەوەی کورد وەربگرن. بەڵام بە زۆری و ئەوەی کە پەیوەست بێت بە بابەت و لێکۆڵینەوەکەی توێژەرەوە، زیاتر لەسەر وەستان و جەختکردنەوەیە سەبارەت بە کاریگەریی بارودۆخی باشووری کوردستان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کوردەکانی ئەو بەشەی کوردستان، بەتایبەتی لە ڕووی گەشەکردنی کولتووری و ڕووناکبیریی کوردییەوە؛ هەرچەندە ئەمەش خۆی لە خۆیدا و تا ڕادەیەک ڕەگێکی مێژوویی قووڵتری هەیە و دەتوانین سەرەتاکانی بگەڕێنینەوە بۆ ڕۆژگاری حکوومدارییی شێخ مەحموود حەفید و پاشان دەرچوون و بڵاوبوونەوەی گۆڤاری "گەلاوێژ" و "دەنگی گێتی تازە"ی فەرمانڕەوایانی بریتانیای داگیرکەر (عومەر: ٢٠٠١، ٧٦ - ٨٥). بەوەی زۆرێک لە ڕووناکبیرانی کوردی ئەو کاتەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک ڕەسووڵ نادری، یەدوڵڵای ڕەزائی، محەمەدسدیق موجتەهیدی و سەید تاهیر هاشمی توانیویانە بابەت و نووسین و

بەرهەمی خۆیان لەو ڕێگەیانەوە بڵاو بکەنەوە (ساڵح: ٢٠١٦، ب. ١١).

هەرچەندە ئەم شەپۆلە ڕووناکبیرییەی کورد لە کۆتاییهێنانی شەڕی جیهانیی دووەم بەدواوە تا ڕادەیەکی زۆر پێچەوانە بووەتەوە، بەتایبەت لە سەروبەندی کۆماری کوردستاندا، بەوەی زۆرێک لە نووسەران و شاعیران و ڕووناکبیرانی باشووری کوردستان توانیویانە ڕاستەوخۆ خۆیان بگەیەننە ئەو بەشە ئازادکراوەی کوردستان و تا ڕادەیەکی باش لە جومگە جۆراوجۆرەکانی ئەو کۆمارە ساوایەی کوردستاندا خزمەت بکەن، هەر لە بواری پەروەردە و ڕۆژنامەوانی و تەنانەت بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری و بگرە دامودەزگای سپایی و سەربازیشدا (باوەڕ: ٢٠١٤). کەچی هەمان بارودۆخ لە دارمانی کۆماری کوردستان بەدواوە و بەتایبەت لە بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی جولای ١٩٥٨ بەدواوە لە عێراق و باشووری کوردستان، دیسانەوە هەلومەرج تا ڕادەیەک دیسان پێچەوانە دەبێتەوە و بەو هۆیانەشەوە زۆرێک لە کەسایەتییە سیاسی و ڕووناکبیرە ناسراوەکانی وەک: ئەحمەد تۆفێق، عەبدولڕەحمان قاسملوو، جەمیل دومبکی مەهابادی، عەبدولڕەحمان زەبیحی، کەریم حیسامی، غەنی بلوریان، مەلامحەممەد قزڵجی، حەسەن قزڵجی، هەژار موکریانی، محەممەد شاپەسەندی، هێمن موکریانی و مەلا حەسەن ڕەستگار، ئەمەش یەکەم خوێندکاری کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، کە توانیویەتی قۆناغی زانکۆی بەشی "زمانی کوردی" لە زانکۆی سلێمانی لە ماوەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا و لە ڕێگەی حکوومەتی عێراقەوە تەواو بکات (ڕەستگار ب. ١: ٢٠٢١، ٣٥٩). هەروەها حەسەن زیرەک و زۆرێکی دی لە دەستە بژێرانی بواری سیاسی و ڕووناکبیریی کوردی، کە بۆ مایەک بەشێک لەوانە لە شاری سلێمانی و لە سەرچناری ئەمڕۆ نیشتەجێ کرابوون کە بە "کۆموون" نێو دەبرا (نەبەز: ٢٠١٧، ٤٢٨ - ٤٢٩). جگە لەوانەش بۆ ماوەیەک و بە هۆکارێکی جیاوازتر لەوانی پێشووتر هونەرمەندی ناسراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەزهەر خالیقی، کە لەسەر بڕیاری فەرمانڕەوایانی ئێرانی پەهلەوی بۆ ماوەی چەند ساڵێک هاتووەتە عێراق

و لە شاری بەغدا ماوەتەوە و وانەی بەو هاوولاتییە ئێرانییانە وتووەتەوە کە بە هۆکاری جیاواز هاتوونەتە عێراقەوە (خالقی: پەیوەندی، ١٨ی فێوریەی ٢٠٢١). سەرەڕای کۆمەڵێک لە ڕێبەرانی حیزبی توودەی ئێرانی وەک نورەدین کیانووری، ئیحسان تەبەری و ڕەزا ڕادمەنشی زاوای کیانووری کە هەر لەو کاتەشەوە ئەوان دانیان بە بوونی کورددا نەنانەوە، تەنانەت کەسێکی وەک بەشیر موشیر بە تورەیییەوە لەسەریان وتوویەتی: «نابێت جارێکی تر بێنە ئێرە» (نەبەز: ٢٠١٧، ٤٣٠). دواتریش دوکتۆر موراد عەزیزی ڕەزماوەر، کە ئەمیش هەر کوردێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ناوچەی کرماشانی بووە و لەسەر پێشنیار و ڕاسپاردەی دەزگای (K.G.B) و فەرمانڕەوایانی یەکیەتیی سۆڤیەت و لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا خۆی گەیاندووەتە شاری بەغدا و دواتریش لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقدا کاری کردووە و تەنانەت لەسەر ڕاسپاردە و پێداگیری تەواوی مەلا مستەفا بارزانی لە کۆنگرەی پێنجەمی پارتیدا لە شاری بەغدا بووە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و پاشان مەکتەبی سیاسیی پارتی (کەریمی: ٢٠٠٥، ٣١٤ – ٣١٥؛ جاسووسی: شمارە ٣١، ٦٦؛ کریم: ١٩٩٨، ٦٨). هەروەها دوکتۆر موراد پێشتریش لەگەڵ دوکتۆر قاسملوودا، کە ناوی خوازراوی (عەباسی ئەنوەری) بووە، جگە لەوەی «لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا بووە بە مامۆستا و وانەی مێژووی کوردی وتووەتەوە» (ڕەسوڵ: ١٣٨٨، تیشک، ژ. ٢٤، ٦٥). هەروەها دواتر خێزانەکەشی بەهۆی مەلا مستەفا بارزانییەوە لە وەزارەتی ڕێگەوبان لای نووری شاوەیس دامەزرا (حیسامی ب. ١: ٢٠١٨، ٤٢١). بە جۆرێک ئەوانە هەردووکیان وەک ئەندامی میوانی یەکەمین کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە ساڵی (١٩٥٩) لە شەقڵاوە ئامادەییان هەبووە (خۆشناو: ٢٠١٨، ٥٠؛ باوەڕ: ٢٠١٩، ٢١٤). جگە لەوانەش لە بەیانی یازدەی ئازار بەدواوە بە ئەندامی فەخریی یەکێتیی نووسەرانی کورد دەستنیشان کراوە و هاوکات وەک ئەندامێکی کاراش لە کۆڕی زانیاریی کورد وەرگیراوە و کاری کردوە (بۆتانی: ١٩٧٤، ڕۆشنبیری نوێ، ژ. ٦). هەروەها کۆمەڵێکیش لە

ڕووناکبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی ئەوانەی لەلایەن فەرمانڕەوایانی ئێرانی پاشایەتییەوە لێپێچینەوەیان لێ کراوە و کێشەیان بۆ دروست دەکرا، خۆیان گەیاندبووە ناوچەکانی باشووری کوردستان و شاری بەغداش بۆ ئەوەی لە لایەک لە کێشە و گیروگرفتی جۆراوجۆری سیستەمی پاشایەتی ڕزگاریان بێت، هەروەها زۆرێک لەوانە تا ڕادەیەک دەیانتواتی چالاکی سیاسی و حیزبی و فەرهەنگیی خۆیان لەم بەشەی کوردستاندا درێژە پێ بدەن و نووسین و بەرهەمی خۆیان لەو گۆڤار و ڕۆژنامانەشدا بڵاو بکەنەوە، کە لەو هەلومەرجە بەدواوە بڵاو دەکرانەوە یان هەر خۆیان بڵاوکراوەی تایبەت بە خۆیان هەبێت لەوانە کەسانی وەک: حەسەنی قزڵجی و محەممەدی شاپەسەندی، کە ئەمەی دواییان لەمێژەوە بووە، کە هاتووەتە باشوری کوردستان و شاری بەغدا و ماوەیەکیش لە شاری دیوانییەی باشووری عێراق ژیاوە و لەگەڵ کچێکی کورددا ژیانی هاوبەشیان پێک هێناوە، دواتریش توانیویەتی پاش داخستنی ڕۆژنامەی "خەبات" لە شاری بەغدا، کە زمانحاڵی پارتی دێموکراتی کوردستان بوو، دووبارە بە شێوازێکی نهێنی و هەر لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، چەند ژمارەیەکی تری بە ڕوونی و لە شاری سلێمانی بڵاو بکاتەوە و دواتریش بگوازرێتەوە بۆ ئەشکەوتی گردەڕەشی ناوچەی شارباژێر و نزیک لە ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بۆ ماوەیەک درێژە بە بڵاوکردنەوەی بدرێت (شاپەسەندی: ٢٠٠٧، ٥٣ – ٥٩). بەڵام کەسێکی وەک ئەحمەد تۆفیق سەرەڕای کاروباری سیاسی و حیزباتی لە باشووری کوردستان و هێنانی ڕۆژنامەنووسانی بیانی لەوانە "دانا ئادەم شمیدت"ی پەیامنێری ڕۆژنامەی "نیویورک تایمز"ی ئەمریکایی لە بەیروتەوە، بە مەبەستی ناساندنی شۆڕش و دەنگی ڕەوای نەتەوەی کورد بە دنیای دەرەوە، هاوکات لە سەرەتای شەستەکان و سەرەتاکانی شۆڕشی ئەیلول سێپتامبر توانی ڕۆژنامەی "کوردستان"ی ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و تەنانەت چەند ژمارەیەکیش لە ڕۆژنامەی "دیسان بارزانی" بە هاوکاریی چەند هاوەڵێکی و بە شێوازێکی نهێنی

سەرەتا لە شاری سلێمانی و دواتر لە ناوچەی پشدەر لە ساڵانی (١٩٦٠) و (١٩٦٢) دا بڵاو بکرێنەوە (تۆفیق: ٢٠٠٧، ٥٣ – ٥٤؛ عونی: ٢٠١٩، ١٥ – ٢١).

سەرەڕای هەموو ئەوانەش ڕووناکبیرێکی دیاری وەک عەبدولڕەحمانی زەبیحی (مامۆستا عولەما) (شەریف: ٢٠٠٧، ٤٣). هەر بە هاوکاریی محەممەد شاپەسەندی، توانیویانە گۆڤارێک بە ناوی "باهۆز" لە شاری بەغدا بڵاو بکەنەوە (شاپەسەندی: ٢٠٠٧، ٦٦). کەچی ئەم کار و جۆرە چالاکییانەی کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ لە شاری بەغدا و چ لە باشووری کوردستان، بەتایبەتی لە سەروبەندی بەیانیی یازدەی ئازار بەدواوە بە شێوازێکی زۆر سەرنجڕاکێشتر گەشەی کردووە و لەناو دامودەزگاکانی بەغدای کوردی و باشووری کوردستان، بە شێوازێکی بەرفراوان پەرە دەستێنێت و جێگەی شیاو و تایبەتی خۆیان دەکەنەوە وەک ئەوەی کەریم حیسامی لە چاپێوەی بیرەوەرییەکانی خۆیدا نووسیویەتی: «لە کوردستانی عێراق لەژێر کارکردی بەیانیی یازدەی ئازاردا، هەلومەرجێکی لەبار بۆ گەشەکردن و پەرەگرتنی زمان و ئەدەبی کوردی ڕەخسابوو، نووسەرانی کورد دەرفەتیان بەدەست هێنا و یەکێتیی نووسەرانی کوردیان دامەزراند، من و مامۆستا هێمنی ڕەحمەتییش بە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد وەرگیراین؛ ڕۆژی ١٩٧١/٥/٢١ کارتی ئەندامەتیم بە ژمارەی (٢٠١) وەرگرت» (حیسامی ب. ٢: ٢٠١٨، ٧٥٣).

هەرچەندە لە ڕاستیدا و لە سەرەتای دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کورددا هەریەک لە هێمن موکریانی، کەریم حیسامی، حەسەن قزڵجی، عەبدولڕەحمان قاسملوو لەگەڵ عەبدولمەجید لوتفیی خانەقینی و دوکتۆر شاکیر خەسباکدا بە ئەندامی فەخری یەکێتیی نووسەرانی کورد وەرگیراون (بۆتانی: ١٩٧٤، ڕۆشنبیری، ژ.٦؛ لطفی: ١٩٧٣، التاخی. ع. ١٢٥٤). بەڵام ئەدیبێکی ناسراوی وەک هەژار موکریانی لەبەر ئەوەی شوناسنامەی عێراقی و وەک دەگوترێت پاسپۆرتی سووریشی بە ناوی عەبدولڕەحمان حەسەنەوە لەلایەن بنەماڵەی حاجۆ ئاغای هەڤێرکانەوە بۆ ڕێک خراوە (حەویز و کەریم: ٢٠٠٥، ٤٩). ماوەیەکی زۆریش لە شاری بەغدا و لە

گەڕەکی فەزڵ بە کاری وێنەگرییەوە سەرگەرم بووە و خاوەنی وێنەگریی "سەباح" بووە (نەبەز: ٢٠١٧، ٤٢٨). دواتریش لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا کاری کردووە، هاوکات سەپێنراوی ئەوانیش بووە بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد (زادە: دیدەنی، ٥ی جولای ٢٠٢١؛ بێگەرد: دیدەنی، ٢ی جولای ٢٠٢١). جگە لە ئەندامەتیی لە یەکێتیی نووسەرانی کورد، لەگەڵ ئەوەشدا و پاش بەیانیی ئازار سەرۆکایەتیی یەکەمین خولی یەکێتیی نووسەرانی کوردی لە باشووری کوردستان خراوەتە ئەستۆ و بەشداریی زۆربەی کار و چالاکییەکانیدا کردووە (حەیدەری: ١٩٧١، هاوکاری، ژ. ٥).

هەرچەندە یەکێتیی نووسەرانی کورد، ماوەیەک پێشتر و بە هەوڵی دەستەیەکی دامەزرێنەری کورد، کە پێک هاتبوون لە (١١) ئەدیب و ڕووناکبیری ناسراوی کورد بە سەرۆکایەتیی جەمال بابان (١٩٢٧) لە فێوریەی (١٩٧٠)دا دامەزراوە و تەنانەت وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕێگەی بە کار و چالاکییەکانی داوە. هەروەها لە ٢٥ی فێوریەی ١٩٧٠دا دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نووسەرانی کورد یەکەم کۆبوونەوەی خۆیان کردووە و بڕیاریان لەسەر چۆنیەتیی کار و وەرگرتنی ئەندامی نوێ داوە ودواتریش بانگەوازێکیان لە ڕێگەی ڕۆژنامەی فەرمیی "هاوکاری"ی ئەو کاتەوە بۆ ئەو مەبەستە بڵاو کردووەتەوە (هاوکاری: ١٩٧٠، ژ. ٧؛ هاوکاری: ١٩٧٠، ژ. ١٠). بەڵام لە دەستەی بەڕێوەبردنی دووەمەوە کە لایەنگیرانی پارتی دیموکراتی کوردستان (باڵی بارزانی) وەک سەعید ناکام و هەژار موکریانی لە بەیاننامەی یازدەی ئازار بەدواوە هاتوون و دەستیان بەسەردا گرتووە و یەکەم کۆنگرەیان لە هۆڵی "خولد" لە شاری بەغدا، لە ڕۆژانی ٢٣ - ٢٤ی ژوئەنی ١٩٧٠دا بەستووە (ناکام: ٢٠٠٣، ١٥٢). هەژار موکریانییش وەک یەکەمین سەرۆک و دەستەکانی دواتریش ساڵح یووسفی وەک سەرۆک هەڵدەبژێردرێت، بەڵام هەژار موکریانی تەنیا وەک ئەندامێکی ئاساییی دەستە ئەمێنێتەوە (بۆتانی: ١٩٧٤، ڕۆشنبیری، ژ. ٦، ٤).

هەرچەندە دواتر و بە مەبەستی بەڕێوەبردنی کاروباری کۆنفراسی یەکەمی

لقی هەولێری یەکێتیی نووسەرانی کورد، کە لە ١٥ی ژانوییەی ١٩٧١دا، کە لە "هۆڵی شارەوانی" شاری هەولێر بەڕێوە چووە، هەژار موکریانی وەک سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد توانیویەتی (٥٠٠) دیناری ئەو کاتە بۆ پێداویستی و ڕایکردنی کاروباری کۆنفرانسی لقی هەولێری یەکێتیی نووسەرانی کورد لە مەلامستەفا بارزانی وەرگرێت و هاوکات وتاری دەستەی بەڕێوەبەریی یەکێتیی نووسەرانی کورد هەر لەلایەن ئەوەوە خوێندراوەتەوە (هەژار: ١٣٩٢، ٤٦٨؛ حەیدەری: ١٩٧١، هاوکاری، ژ. ٥). هەروەها لە سەرەتای واتارەکەیدا کە لە ڕۆژنامەی "هاوکاری"دا دەقەکەی بڵاو کراوەتەوە و لە بەشێکیدا وتوویەتی: «بەشانازییەوە، بە ناوی یەکێتیی نووسەرانی کوردەوە، پیرۆزبایی لە خۆمان دەکەم کە ئەو هەلەمان بۆ ڕەخساوە و دەتوانین بەئاشکرا بۆ پەرەپێدانی زمان و ئەدەبیاتە دواکەوتووەکەمان جارێکی تر کۆ ببینەوە و لقی یەکێتیی نووسەران لە هەولێر بکەینەوە و بە ئومێدم لە زوویەکی زووشدا بەبێ هیچ بەرگری و کۆسپ و گرێی لقی ئەو کۆمەڵە بەهەرەدەرە لە کەرکووک و دهۆکیش دابمەزرێنین و لە هەموو لایەکی کوردستاندا زۆر بە تێرادیوی دەست بەکار بین و کارێکی وا بکەین کە تۆڵەی ڕۆژگاری بێسەرەوبەری و بێکەسی و بێدەسیمان بکەینەوە» (هاوکاری: ١٩٧١، ژ. ٥). وەک دەبینین هەژار موکریانی لە درێژەی واتارەکەیدا بەزۆری جەختی کردووەتەوە لەسەرزمانی کوردی و بە ناسنامەیەکی گرنگی مانەوەی هەموو میللەتانی زانیوە، بەوەی «هەر گەلێک زمانەکەی لەدەست بچێت دەتوێتەوە و لەبەین دەچێت»، تەنانەت لەم بارەیەشەوە و سەربارەت بە گەلێکی وەک کورد و لەبارەی مێژووی گەلی کوردەوە لە سەروبەندی بەڕێوەچوونی یەکەمین کۆنفراسی لقی هەولێری یەکێتیی نووسەرانی کورددا نووسیویەتی: « سێ چەرخ و شتێک ساڵ لەمەوبەر میرعەلی جان بۆلاد حکوومەتێکی کوردی لە کوردستان دامەزراندووە و سکەی بە ناوی خۆی لێ داوە، شاری حەلەب پایەتەختی بووە و خەڵکی پایەتەختەکەی هەموو کورد بوون، بەڵام کە زمانە کوردییەکەیان لەبیر براوەتەوە، ئێستە کێ دەتوانێت

بڵێ خەڵکی حەلەب کوردن؟ تەنانەت نەوەی ئەو فەرمانڕەوا کوردەکان ئێستە بوونەتە (جانبلاط)ی عەرەبیشن و قەومیشن و ئیشتراکیشن ...» (هاوکاری: ١٩٧١، س. ٢، ژ. ٥).

سەبارەت بە کەسێکی وەک هەژار موکریانی جگە لە بەڕێوەبردنی کاروباری یەکێتیی نووسەرانی کورد و نووسین و بڵاوکردنەوەی بابەت و لێکۆڵینەوەو کتێبی وەرگێڕاوی جۆراوجۆر لەوانە وەرگێڕان و چاپکردنی کتێبی ناوازەی "شەرەفنامە"ی مێژووی نووسی گەورەی کورد شەرەفخانی بەدلیسی (١٥٤٣ - ١٦٠٣)، هەروەها وەرگێڕانی کتێبی "هۆزی لەبیرکراوی گاوانی کورد" لە نووسینی مێژوونووس و زمانەوانی ناسراوی عێراقی، مستەفا جەواد (١٩٠٤ - ١٩٦٩)، جگە لەوەش پێشتر و لە ساڵی (١٩٦٠)دا هەردوو کتێبی "مەم وزین" و "ڕوباعیاتی خەیام"ی لە بەغدا بڵاو کردووەتەوە و دواتریش لە ساڵی (١٩٦٦)دا چاپی یەکەمی دیوانەشیعری "بۆ کوردستان" هەر لە عێراق و لەسەر ئەرکی مەلا مستەفا بارزانی بەچاپ گەیاندبوو (حەکیمزادە: ١٣٩٩، ٢١ و ٣٨٣). لەگەڵ ئەوەشدا هەژار موکریانی یەکێک بووە لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری "کۆڕی زانیاریی کورد". کە بەپێی یاسای ژمارە (٨٣)ی ساڵی (١٩٧٠) لە شاری بەغدا دامەزرا (سەعید: ٢٠٠٥، ١٠-١١). هەرچەندە بڕیاردان لەسەر دامەزراندنی دەزگایەکی ئەوتۆ لەلایەن حکوومەتی عێراقییەوە یەکێک بوو، لە بنەماکانی بەیاننامەی ٢٩ی ژوئەنی ١٩٦٦ لە سەردەمی حکوومەتەکەی عەبدولڕەحمان بەزاز، کە زۆر بنەما و خاڵی گرنگتریشی سەبارەت بە مافەکانی گەلی کوردی لە عێراق لەخۆ گرتبوو (یصان: ١٩٧٣، ١٥٨).

ئەوەی شایانی باسە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری "کۆڕی زانیاریی کورد" لە (١٠) کەسایەتیی شارەزای زانستیی ناوچە جۆراوجۆرەکانی باشوری کوردستان و لەنێویشیادا هەریەک لە عەلائەدین سەجادی، بە ڕەسەن کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شاری سنە لەگەڵ هەژار موکریانی، کە دواتر هەردووکیان وەک (ئەندامی کارا)ی کۆڕی زانیاریی کورد دەستنیشان کران (هەژار: ١٣٩٢، ٤٦٨ - ٤٦٩).

هەروەها لە ٣ی ئاوریلی ١٩٧٠دا بە ئامادەبوونی چەند ئەدیب و ڕووناکبیرێکی ناسراو کە لە یانەی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا و بە سەرۆکایەتیی دوکتۆر پاکیزە ڕەفیق حیلمی (١٩٢٤ - ٢٠٠٣) کۆبوونەوە، لیژنەیەکی نهێنییان پێکەوەناوە بۆ دانانی: «دەستووری ئەکادیمیای زانستی کوردی». جگە لەوەش زۆرێک لە ئەدیب و نووسەر و ڕووناکبیرانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوازێکی بەرفراوان کتێب و نووسین و بەرهەمی جۆراوجۆری خۆیان چ لە ڕێگەی "گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد"ەوە یان بە شێوەی کتێبی سەربەخۆ و وەرگێڕان و بەتایبەتی لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستەمی ڕابردوودا بڵاو کردووەتەوە لەوانە: هێمن موکریانی جگە لەوەی کە لە ساڵی (١٩٦٨) بەدواوە و بەناچاری و لەتاو ڕاوەدوونان و ڕەشبگیریی سیستمی پاشایەتی ئێرانی هاتووەتە باشووری کوردستانەوە، ماوەیەک بە کاری سیاسی و حیزبایەتییەوە سەرگەرم دەبێت و تەنانەت لە کۆنفراسی دووەمی ساڵی (١٩٦٩)دا بووەتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و دواتریش ئەندامی دەفتەری سیاسی و ساڵانێکی زۆر و تاکوو کاتی بەرپابوونی شۆڕشی ئیسلامی و کۆتاییی حوکمی پەهلەوی لە عێراق و باشووری کوردستاندا دەمێنێتەوە (قاسملووزادە: ٢٠٠٢، ٢٤٣؛ ساعدی: ٢٠١٩، ٤٣٧). هاوکات لە زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوە ئەدەبییەکاندان و لە کوردستان و شاری بەغداش بەشدار دەبێت بەتایبەتی لەساڵی (١٩٧٠) بەدواوە، کە بەیاننامەی ئازاری بەسەردا هات بۆ ماوەیەکی زۆر لە شاری بەغدا وەک ڕووناکبیر و وەک کادیرێکی باڵای حیزبی دیموکرات ماوەتەوە و بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ لە جیهانی ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیات و کۆڕ و کۆبوونەوەکانی کۆڕی زانیاریی کورد، دەزگاری ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، یەکێتیی نووسەرانی کورد و هەروەها کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردییەوە نزیک بووەتەوە، تاکوو ئەو کاتەی: «محەممەدئەمین حەسەن هێمن» وەک ئەوەی لە دەقی بڕیارەکەدا کۆڕی زانیاریی کورددا هاتووە، بەپێی بڕیارێکی دەستەی کارگێڕیی کۆڕ لە کۆبوونەوەی ڕۆژی چوارشەممەی ١٦ی ئایاری ١٩٧٣دا وەوەک: «شاعیرێکی

کوردستانی ئێران» لەگەڵ دەستەیەک لە ئەکادیمست و ڕووناکبیرانی باشووری کوردستاندا کراوەتە ئەندامی کارای کۆڕی زانیاریی کورد (التاخی: ١٩٧٣ع. ١٣٤٢). کە بەزۆری هەموو ئەم دامودەزگایانەی ئەو کاتەی دنیای ڕووناکبیری کوردی دەکەوتنە ناوچەی وەزیریەی شاری بەغداوە و هەر هەموو ئەوانەش زمانحاڵ و گۆڤار و بڵاوکراوە و ڕۆژنامەی تایبەت بە خۆیان و چاپەمەنی تایبەت بەخۆیان هەبووە بۆ لە چاپدان و بڵاوکردنەوەی کتێبی کوردیی جۆراوجۆر بەتایبەتی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی وەک: نووسەری کورد، بەیان، ڕۆشنبیری نوێ، ڕۆژی کوردستان، برایەتی، هاوکاری و پاشکۆی عێراق، کە هێمن موکریانی وەک هەر ئەدیب و ڕووناکبیرێکی تری کورد و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرهەم و نووسین و وەرگێڕانی خۆی بێ هیچ سانسۆرێک تیایاندا بڵاو کردووەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەریەک لەمانە خەڵکانی ڕێزلێگیراوی ئەو کاتەی نێو ئەدەبیات و ڕووناکبیری کوردی باشووری کوردستان بوون، لەم بارەیەشەوە لەتیف هەڵمەتی شاعیر ئەڵێ: لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردودا و لە ئێوارەکۆڕێکی شیعرخوێندنەوەی یەکێتیی نووسەرانی کورددا لە شاری بەغدا هەریەک لە کەریم حیسامی و هێمن موکریانی و چەند کوردێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە ئەوکات لە بەغدا بوون درەنگ گەیشتنە ئێوارەکۆڕەکە، داوایان کرد دووبارە بکرێتەوە، ئەوەیان بۆ کرا و دواتریش هەر کەسێک بۆچوون و قسەی خۆشیان لە کۆڕەکەدا کرد (هەڵمەت: دیدەنی، ٣٠ی ژۆئەنی ٢٠٢١). هەروەها هێمن موکریانی جگە لەو کار و چالاکییانەی، کە وەک هەر ئەدیب و نووسەرێکی تری کورد هەلی ئەوەی بۆ ڕەخسا بۆ ئەوەی بتوانێت بەرهەمەکانی خۆی وەک کتێبی سەربەخۆش لە ناوەندە کوردییەکانی ئەوکاتی شاری بەغدا بڵاو بکاتەوە، لەوانە کۆمەڵەشیعری (تاریک و ڕوون)، کە عەبدولڕەحمان قاسملوو پێشەکی بۆ نووسیوە و بە (شاعیری گەل) ناوی بردووە (هێمن: ٢٠٠٣، ١ – ١٢). لەگەڵ چاپکردنی کتێبی "توحفەی موزەفەریە"ی ئۆسکارمانی لە دوو بەرگدا لە ساڵی (١٩٧٥)، کە یەکەمیانی لە ڕێگەی بنکەی پێشەوای سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

و دووەمیانی: لەسەر ئەرک و لە ڕێگەی کۆڕی زانیاریی کوردەوە بڵاو کردووەتەوە و پێشەکییەکی بە کوردییەکی ڕەوان بۆ نووسیوە. دواتریش کۆمەڵەشیعری "ناڵەی جودایی" و بە پێشەکییەکی محەممەد مەلا کەریمەوە چاپ کراوە لەگەڵ دوو کۆمەڵەپەخشان بە ناوەکانی: "هەواری خاڵی" و "دڵی شاعیر"، کە پێشتر زۆریانی لە ڕێگەی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی ئەو دەمانەوە بڵاو کربووەوە، جگە لەوانەش هێمن پێشەکی بۆ چەند کتێبێکی ئەوکاتی کوردییش نووسیوە، وەک: شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی کە هەژار موکریانی کردوویەتی بە کوردی، کۆمەڵەچیرۆکی پێکەنینی گەدای حەسەن قزڵجی، قەڵای دمدمی عەرەبی شەمۆ، کە شکور مستەفا وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی، لە لایەکی تریشەوە بەرپرسی لاپەڕەی ئەدەب بووە لە ڕۆژنامەی "کوردستان"ی ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە هەر لەو دەمانەدا ئەویش لە بەغداوە بڵاو دەکرایەوە، سەرەڕای بڵاو کردنەوەی نووسینی جۆراوجۆری دیکە لە گۆڤاری ناوخۆییی "تێکۆشەر"ی زمانحاڵی حیزبی دێموکرات کە ئەمیش هەر لە بەغدا بڵاو کراوەتەوە (دەشتی: ٢٠٠١، ٣٥). هەروەها عەبدوڵڵا حەسەنزادە باس لەوەش دەکات کە هێمن موکریانی ناوبەناو لە گۆڤاری "دەنگی پێشمەرگە"شدا بە ناوی خوازراو نووسینی بڵاو دەکردەوە، یەکێک لەوانەش نووسینێکی بووە بە ناونیشانی "پاک لە پاک" (زادە: دیدەنی، ٢٥ی جولای ٢٠٢١). وێڕای هەموو ئەو بەرهەمە وەرگێڕدرا و شیعرانەی کە لە ڕێگەی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی وەک: بەیان، ڕۆشنبیریی نوێ، نووسەری کورد و بیری نوێ و شوێنانی ترەوە بڵاوی کردوونەتەوە و بەشداریی لە دەیان کۆڕ و کۆبوونەوەی ئەدەبی و شیعریشدا کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا لە نێوەندی ڕووناکبیریی باشووری کوردستاندا کەسایەتییەکی ڕێزلێگیراو بووە و بە وتار و بە شیعر بەشداریی کۆڕەکانی کردووە، بۆ نموونە لە وتارێکیدا کە لە یادی سێ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کورددا خوێندوویەتییەوە، ستایشێکی زۆری ئەو بارودۆخە دەکات کە لەو ماوەیەدا بۆ نەتەوەی کورد و نووسەری کورد ڕەخساوە لە عێراق

و باشووری کوردستاندا وەک لە سەرەتای وتارەکەیدا نووسیویەتی: «خوشک و برا خۆشەویستەکان!، شاعیر و نووسەرە بەڕێزەکان! لە پێشدا وەک برایەکی دڵسۆز وەک شاعیرێکی ئاوارە و دەربەدەر، وەک کوردێکی ئێران و ئەندامێکی فەخریی نووسەرانی کوردی عێراق، بەدڵەوە پیرۆزبایتان لێ دەکەم. پیرۆزبایی سێ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی، پیرۆزبایی ئەم سەرکەوتنە گرنگە، هیوادارم لە سایەی خەباتی بێوچان و نەپساوەو و خوێناویی نەتەوەکەماندا هەم ئێوە بتوانن بەسەر کەند و کۆسپدا زاڵ بن و خزمەتی گەورە بە ئەدەبی کوردی بکەن و هەم ئێمە بتوانین وەک ئێوە یەکێتیی نووسەرانی کورد لە کوردستانی ڕزگارکراوی ئێراندا دابمەزرێنین. ڕەنگە ئێوە وەک من کە بەدرێژاییی تەمەنم تەنیا نزیکەی یازدە مانگ تامی سەربەستیم لە وڵاتی خۆم چێشتووە، قەدری ئەو سەرکەوتنە گەورە کە دیارە بە خەباتێکی ئازایانە و دوورودرێژ وەگیر کەوتووە نەزانن، بەڵام من دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کوردی عێراق بە دەستکەوتێکی مێژوویی و بەسەرکەوتنێکی مەزن دەزانم» (هێمن: ١٩٧٣، هاوکاری، ژ. ٤٣). دواترهێمنی موکریانی لەبەشێکی تری وتارەکەیدا، کە بایەخێکی مێژوویی گرنگی هەیەو بەسەلیقەیەکی ئەدەبی وردەوە نووسیویەتی: « زۆرکەس ڕەخنە دەگرن کە یەکێتی نەیتوانیوە وەک پێویستە ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێت و حەقیشیانە چونکە هەڵە و هەڵکەوتووە و دەبێت زۆر زیاتر و پتر و شێلگیرتر کەڵکی لێ وەربگیردرێت ئودەبای کوردی عێراق لەم دەرفەتەدا هەرچی پتر کار بکەن، شەکەت بن، زەحمەت بکێشن، خۆیان ماندوو بکەن و هەوڵ بدەن هێشتا کەمە، خەڵکیش هەرچی زیاتر یارمەتیان بدات و ڕەخنەشیان لێ بگرێت، هێشتا هەر کەمە ڕەخنەلێگرتن دەبێتە هۆی جووڵانەوە و چوونەپێش و یارمەتیدان دەبێتە هۆی هاندان و ئاسانکردنی کار، بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم لەگەڵ ئەوەشدا پێم وایە ڕەخنەی خەڵک بەجێیە و کاری زۆر گەورەی کردوون کە دەبێت شانازی یان پێوە بکرێت» (هێمن: ١٩٧٣، هاوکاری، ژ. ٣٤).

لە لایەکی تریشەوە هێمن موکریانی ستایشێکی زۆری ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانەی

کردووە کە لەو دەمانەدا بۆ کوردانی باشووری کوردستان هەڵکەوتووە، بەوەی کە دەتوانن بە ئازادی و بەوپەڕی سەربەستییەوە تەعبیر لە ڕا و بۆچوونی خۆیان بکەن و ئەوانەی کە دەیانەوێت بەتەواوی دەتوانن بیخەنە ڕوو، ئەمەش بەبەراورد لەگەڵ کوردی ئێران و بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زۆر جیاوازە، لە کاتێکدا لەوێ و لەلایەن ڕێژیمی پاشایەتییەوە خەریکی توانەوەی زمان و ئەدەبەکەین وەک نووسیویەتی: «دوور نارۆم کۆڕی دوێنێ بۆ من زۆر جالب بوو. کارم بەوە نەداوە چ گوتراو چ نەگوترا. ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشا و کەیفم پێ هات ئەو دێموکراسی و ئازادییە بوو، کە بەشداربووانی کۆڕەکە بەتەواوی کەڵکیان لێ وەرگرت. ئەم ئازادیی ڕادەربڕینە دەرفەت بە گوێگری ورد دەدا کە ڕاست و چەوت لێک هەڵاوێرێت» (هێمن: ١٩٧٣، هاوکاری، ژ. ٣٤). بۆ ئەوەش وەک نموونە بەیتێکی "سەعدی"ی شیرازی، شاعیری گەورەی فارس هێناوەتەوە: سەعدیی شاعیر و فەیلەسوفی فارس وتوویەتی: «(تا مرد سخن نگفتە باشد عیب و هنرش نهفتە باشد). واتە: تا پیاو قسەی نەکردبێت، عەیب و هونەری ونە». بۆ ئەم مەبەستەش هێمن موکریانی بارودۆخی وڵاتی ئێرانی خۆی کردووتە نموونە و بەراوردی ئەو جۆرە ئازادییەی کردووە، کە لەو قۆناغەدا هاتووەتە کایەوە و سەرنجی ئەوی ڕاکێشاوە کە لەبارەیەوە ئەڵێ: «وتم سەرنجی ڕاکێشام چونکە من لە وڵاتێکدا ژیاوم و گەیشتوومەتە ئەم تەمەنە کە بۆ جارێکیش لە جاران لە کۆڕێکی وادا بەشدار نەبووم، کوردی ئێران پاش ڕووخانی کۆمارە دێموکراتیک و ساواکەی ئیتر ئازادی نیسیبیشی بە خۆیەوە نەدیتەوە؛ ئەو گەلە زۆرلێکراوە نەک هەر ناتوانێت بە زمانی زگماکیی خۆی بخوێنێت، نەک هەر ناتوانێت گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی بڵاو بکاتەوە، نەک هەر ناتوانێت پەرە بە زمان و ئەدەبی خۆی بدات و فۆلکلۆری نەتەوەییی خۆی بپارێزێت، نەک هەر ناتوانێت هیچ یەکیەتی و ڕێکخراوێکی کوردی دابمەزرێنێت، بەڵکوو نەخشەی تواندنەوەی کە لە سەردەمی دیکتاتۆریی ڕەزاخاندا کێشراوە، تاکوو ئێستەش هەر وا لە گۆڕێدایە. تەنانەت ئەو ئازادییەی ئێستە بۆ

هەواڵنامەی کتێب

نووسەرانی کوردی عێراق پێ هاتووە و دوێنێ من دیتم بۆ نووسەرانی گەلی فارس، گەلی گەورە و دەسەڵاتداری ئێرانیش پێک نەهاتووە، ڕاستە ئەدەبی فارس ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرە دەسێنێت، ڕاستە بەشێکی زۆر لە کتێبەکانی خارجی بە فارسی وەرگێڕدراون، ڕاستە شاعیر و نووسەری گەورەیان هەن، ڕاستە سەدان گۆڤار و ڕۆژنامەی ڕەنگاوڕەنگ چاپ و بڵاو دەبنەوە، بەڵام شاعیر و نووسەرەکانی ئێستەی فارس ناوێرن بیروڕای خۆیان ئازادانە دەرببڕن» (هێمن: ١٩٧٣، هاوکاری، ژ. ٣٤). تەنانەت زۆر جەخت لەو ئازادییەی ئەو کاتە کردووەتەوە و لەگەڵ بارودۆخی ئەوکاتی کوردی پاش بەیانیی یازدەی ئازاری باشووری کوردستاندا بەراوردیان دەکات: «ئەو قسانەی دوێنێ لێرە دەکران هەر نووسەرێکی ئێرانی لە هەر کۆڕێکی ئەدەبیدا بیان کات، زمانی لە پشتە سەریڕا دێننە دەر، کێ دەوێرێ ناوی مارکس و لینین لە کوولەکەی تەڕیشدا بینێت کە دوێنێ تیۆرییەکانیان لێرەدا شی دەکرانەوە. ئەو کتێبە زانستی و فەلسەفییانەی بە زمانی بێگانە و عەرەبی جاروبار کوردیش لەسەر شەقامەکانی ئێرە هەڵڕێژرابوون، لەوێ پێیان دەوترا: «کتب واوراق مضرە». لە ماڵی هەر کەسدا بدۆزرێتەوە باسی سەروماڵیەتی». بە جۆرێک ئەو سیاسەتەی، کە فەرمانڕەوایانی ئێرانیی پەهلەوی بەرانبەر بە ئازادیی نووسین و فیکر گرتبوویانە بەر بووبووە مایەی ئەوەی، کە زۆرێک لە نووسەران و هونەرمەندانی ئێرانی وڵات بەجێ بێڵن یان پەنا ببنە بەر خۆکوشتن و حەشیشکێشان و زۆر جاریش خراونەتە کونجی زیندانەکانەوە، وەک لەم بارەیەشەوە هێمن جەختی کردووەتەوە: «هونەرمەند و شاعیر و نووسەرەکانی ئەوڕۆی ئێران لە داخان زیاتر پەنا دەبەنە بەر حەشیش و تریاک و هیرۆئین، کە دەربار و ئیمپریالیزم لەناویاندا بڵاوی دەکەنەوە، یان وەک ‹سادق هیدایەت› نووسەری هەرە گەورە و بەناوبانگی فارس خۆیان دەکوژن، یان ئەگەر نەبەزبن وەک سەمەد بیهرەنگی کە لاکیان بە ئاودا دەدەن یان وەک مەلا ئاوارەی خۆمان تیرەبارانی دەکەن». جا بۆیە ڕووی دەمی کردە شاعیر و نووسەرانی کورد کە لەو هەلومەرجەی باشووری کوردستانی

سەروبەندی بەیانیی ئازار بەدواوە و پێیان دەڵێت: «برا نووسەر و شاعیرەکانم مێژووی کورد مەسئولیەتێکی گەورەی خستووەتە سەرشانی ئێوە، چارەنووسی زمان و ئەدەبی کوردی ئەوڕۆ دراوەتە دەست شاعیرانی کوردی عێراق کە دەتوانن بە ئازادی قەڵەم باژوین؛ بۆیە هەموو کوردێکی دڵسۆز لە دەرەوەی عێراقیش چاوی بڕیوەتە دەست و قەڵەمی ئێوە. دەیانەوێ بناغەی ئەدەبێکی پێشکەوتوویان بۆ دابڕێژن، دەیانەوێ جیاوازیی بیرورا و خلافی دەرەجە دوو وەلا بنێین، دەیانەوێ بۆیان بنووسن، زۆریان بۆ بنووسن و چاکیان بۆ بنووسن، دەیانەوێ زمانەکەیان بۆ بژار بکەن، دەیانەوێت زمانێکی یەکگرتوو پەرە پێ بدەن، تاکوو لە پاشەڕۆژدا وەک نەتەوەیەکی بەختەوەر بنووسن» (هێمن: ١٩٧٣، هاوکاری، ژ. ٣٤). هەروەها هەریەک لە هێمن و هەژار موکریانی لەو شاعیرانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبن کە لە ٢٢ی ژۆئەنی ١٩٧١دا و لە دووەمین ڕۆژی کۆنفرانسی سێیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا کە ئەوەیش هەر لە کۆیە بەڕێوە چوو، لە کاتی ڕێوڕەسمی پەردەلادان لەسەر پەیکەری حاجی قادری کۆیی (١٨١٦ - ١٨٩٧) لەو شارە و لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی سیاسی و ڕووناکبیرێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئامادەبووی کۆنفراس وەک: دوکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو، ئەمیر قازی، محەممەدئەمین سیراجی، کەریم حەداد، مەلا حەسەن ڕەستگار، سەید ڕەسووڵی بابی گەورە، مەلا ڕەسووڵ پێشنماز و عەبدوڵڵای حەسەنزادە بەشدار دەبن و هەریەک لە هێمن و هەژاریش، کە پێشتر لەلایەن لیژنەی ئامادەکارەوە بانگێشت کرابوون، هەریەک بە پارچەشیعرێک بەشدار بوون و دواتریش گەڕانەوە بۆ تەواوکردنی کۆنفرانسەکەی خۆیان (ڕەستگار ب. ١: ٢٠٢١، ٣٥٣؛ ڕەستگار: دیدەنی، ٣٠ی ئاگوستی ٢٠٢١).

شانبەشانی هێمن موکریانی وەک کەسێکی سیاسی و شاعیرێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناوی توودەییەکی دێرین و ڕووناکبیرێکی وەک کەریم حیسامی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خاوەنی کتێبی "کاروانێک لە شەهیدەکانی کوردستانی ئێران" لەگەڵ وەرگێڕدراوی ڕۆمانی ناوازەی "دایک"ی

مەکسیم گۆرگی دێت، هەروەها زۆر جاریش بە ناوی خوازراوی "شنۆیی" نووسین و بەرهەمی وەرگێڕدراوی خۆی لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی وەک: بەیان، ڕۆشنبیری نوێ، نووسەری کورد، دەفتەری کوردەواری (حیسامی: ١٩٧٠ و ١٩٧١، دەفتەری کوردەواری، ب. ٣و ب ٤، ٧٨ – ٨٨). بیری نوێ و هاوکاری بڵاو کردووەتەوە (شنۆیی: ١٩٧٦، بەیان، ژ. ٣٥). هاوکات گەلێک جاریش بە ناوی تەواوی خۆیەوە و بەتایبەتی لە ساڵانی (١٩٧٠ – ١٩٧٤)دا نووسیویەتی و بەسەریەکەوە تەنیا لە ڕۆژنامەی "هاوکاری"دا (١٠) بابەتی جۆراوجۆری بڵاو کردووەتەوە (نەریمان: ١٩٨٥، ٢٢٧). جگە لەو نووسین و بابەتانەی تری وەک ئاماژەی بۆ کرا، کە بە ناوی خوزراوی "شنۆیی" بڵاوی کردوونەتەوە، لەوانە: «وەزعی فێرکردن و پەروەردەکردن لە ئێران». وەک لە سەرەتای بابەتەکەیدا نووسیویەتی: «ئێرانی ئەمڕۆ نەک هەر لەباری ئابوورییەوە بە سەرمایەکانی ئیمپریالیستیەوە بەستراواتەوە و لەبارەی سیاسیشەوە بووەتە کلکەی سیاسەتی ئیمپریالیزم و ژاندارمی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکوو لەباری خوێندەواری و فێرکردنیشەوە لە دواکەتوویی و فەرق و چینایەتیدایە» (شنۆیی: ١٩٧٢، هاوکاری، ژ. ١٢٨). لەگەڵ بابەتێک بە ناونیشانی «لێکۆڵینەوەیەک لەسەر بلوچەکان» (هاوکاری: ١٩٧١، ژ. ٤٦). هەروەها لە هەمان ژمارەی "هاوکاری"دا، کە سەبارەت بە وەزعی پەروەردە و فێرکرنی نووسیویەتی، بە ناوی تەواوی خۆیەوە «لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی لەسەر ئینسیکلوپیدیای کوردی»، کە لە نووسینی عەبدولقادر بەرزنجی بووە نووسیوە و خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنێکی وردی بۆ کردووە (حیسامی: ١٩٧٢، هاوکاری، ژ. ١٢٨). بەڵام لەگۆڤاری "بەیان"دا بە هەمان شێوە چەند نووسین و بابەتێکی بڵاو کردووەتەوە وەک: چیرۆکی وەرگێڕدراو لە زمانی فارسییەوە بۆ نموونە "سەمای مەرگ" لە نووسینی بزورگی عەلەوی (بەیان: ١٩٧٦، ژ. ٣٥، ٢٢). هەروەها لە گۆڤاری "ڕۆشنبیری نوێ"دا بابەتەکانی وەک: بێچارە (حافظ) و گوڵەباخی ژاکاو (ڕۆشنبیری: ١٩٧٩، ٦٥). لەگەڵ نووسینێکی تری بە ناونیشانی: چەند پارچەیەک لە یاداشتەکانی بریندارێکی

خوارووی لوبنان (ڕشنبیری: ١٩٧٩، ژ. ٧٣). بەڵام ڕووناکبیرێکی ناسراوی وەک عەلی گەلاوێژ (١٩٢٢ - ١٩٧٩) وەک ئەندامێکی ناسراوی نێو حیزبی توودەی ئێران و وەک نووسەر و ڕۆژنامەوانێک لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمی ڕابردوودا بەوردی چاوی لە هەموو ئەو پێشهاتانە بووە، کە لە باشووری کوردستاندا هاتوونەتە دی، هەر بۆیە لای خۆیەوە کەوتووەتە ئەوەی کە چۆن شیعر و ئەدەبیاتی کوردی بە دنیای دەرەوە بناسێنێت و وەریان بگێڕێتە سەر زمانی فارسی، وەک ئەوەی لە ژمارە (٤٧ - ٤٨)ی ساڵی (١٩٧٧)ی گۆڤاری "ڕۆژی کوردستان"دا، کە کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کورد لە بەغدا بڵاوی کردووەتەوە، چەند کورتەشیعرێکی لەتیف هەڵمەتی شاعیری وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی و لەگەڵ کورتەیەک لە بۆچوون و لێدوانی خۆیدا سەبارەت بە ئەدەبیات و قۆناغەکانی شیعر و شاعیرانی کوردی لە ژمارە (١٠)ی گۆڤاری "دنیا"ی زمانحاڵی حیزبی توودەی ئێراندا بڵاوی کردووەتەوە (گلاویژ: ١٣٥٦، دنیا، ژ. ١٠، ٣٦ - ٣٧). جگە سوارە ئیلخانیزادە، شاعیر و ڕووناکبیری ناسراوی کورد (١٩٣٧ - ١٩٧٦) کە لە بەرنامەی "تاپۆ و بوومەلێڵ"دا کە هەر لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە لە ڕێگەی "ڕادیۆی کوردیی تاران"ـەوە بڵاوی کردووەتەوە و لە ساڵانی دواتریشدا و پاش مەرگی خۆی وەک کتێب بڵاو کراوەتەوە، لە بەشێکیاندا کەوتووەتە ستایشێکی گەورەی بەرنامە مێژووییەکانی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، مێژووناسی کورد کە ئەمیش هەر لەو قۆناغەیدا لە ڕێگەی ڕادیۆی کوردیی تارانەوە بڵاوی کردوونەتەوە، بۆ نموونە لە یەکێک لە بەرنامەکانیدا بە ناونیشانی: "سەرەتایەک لەسەر وێژەی کوردی" کە چەندین زنجیرەی تەرخان کردووە. سەبارەت بە عەبدوڵڵا گۆران (١٩٠٤ - ١٩٦٢) و عەلائەدین سەجادی و شێرکۆ بێکەس (١٩٤٠ - ٢٠١٣)، هاوکات لەبارەی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانییەوە نووسیویەتی: «بۆ باسی مێژوویی، من خۆم گوێ ئەگرم بۆ بەرنامە هێژاکانی مامۆستای بەرزی کورد مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی و لە ڕاستی لا نادەم کە زۆر کەڵکیان لێ وەرئەگرم، مامۆستای دڵسۆز لە مێژووی ئێرانا دەستی داوەتە لێکۆڵینەوەیەکی بەنرخ کە

هەواڵنامەی کتێب

لە پێشا نە مێژوونووسێکی ئێرانی و نە مێژوونووسە بێگانەکان و نە تەنانەت مێژوونووسێکی کورد بەم چەشنە زانستییە نووسراویکیان نییە» (سوارە: ١٣٧٩، ٢٢٧ – ٢٢٨). هەروەها لە بەشێکی تری نووسینەکەیدا ئێلیخانیزادە سەبارەت بە ڕۆژبەیانی نووسیویەتی: «مامۆستا لەناو مێژووی ئێرانا گەڕاوە و هەموو ئەو ڕووداوانە کە بە چەشنێک پەیوەندی لەگەڵ کوردا هەبووبێت، کۆی کردووەتەوە و خستوویەتییە سەریەک. ئەم کارەی مامۆستا هەم خزمەتێکی گەورەیە بە مێژووی ئێران و هەم تێکۆشانێکی هێژایە لەپێناوی کورددا، مامۆستا بە ڕێکخستن و کۆکردنەوە و بردنەوەسەریەکی ئەو بنەماڵە کوردانە کە چەند لاپەڕەی پڕ لە خەبات و کۆڵنەدانیان لە مێژووی ئێراندا پڕ کردووەتەوە، بۆ هەموومانی دەرخستووە کە هۆزی کورد تا چ ڕادەیەک کاریگەری لە مێژووی ئێراندا هەبووە و چۆن بۆ پاراستنی ئاو و خاکەکەی بەرانبەر بە زۆردار و داگیرکەر وەستاوە». وەک ئەوەی ئێلیخانیزادە کۆمەڵێک نموونەی هێناوەتەوە، کە مەلا جەمیل پەی پێ بردوون و لەبارەیانەوە نووسیویەتی: «بنەماڵەی حەسنەوییە و شوانکارە و عەیاریە ڕاپەڕین و خزمەت و کۆششیان لە مێژووی ئێراندا دیار و بەرچاوە، بەڵام کەم کەس هەبوو بزانێت ئەمانە کورد بوون و ئێستەش کەم کەس هەیە تەواو شارەزای خەبات و شۆڕشیان بێت؛ چونکە مێژوونووسەکان کە بناغەی کاریان لەسەر لێکۆڵینەوەی گشتیی مێژووی ئێران داناوە، بەشێکی زۆر کورتیان بۆ ئەم بنەماڵانە داناوە» (سوارە: ١٣٧٩، ٢٢٨). هەروەها ئەم کار و پشوودرێژی و توانایەی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، ئێلیخانیزادە وای لێک داوەتەوە، هەمووی گەڕاوەتەوە بۆ لایەنی زمانزانی و شارەزایی و شەنوکەوکردنی هەموو ئەو سەرچاوانەی کە دەستی کەوتوون و بەوردی کاری زانستی لەسەر کردوون؛ هەر بۆیە لەبارەیەوە نووسیویەتی ئەم کارانەی مەلا جەمیل لە مێژووی کورددا حەق وایە ناو بنرێت: «هەنگاوی بەرزی سەرکەوتوو و کاری هێژای کەس نەکردوو» (سوارە: ١٣٧٩، ٢٢٩).

سەبارەت بە ژیان و سەربوردەی عەبدولڕەحمان زەبیحی، کە ساڵانێکی زۆر

و هەر لە سەردەمی لاوییەوە لەنێو "ژ. ک." و دواتریش لەنێو حیزبی دێموکراتدا کاری کردووە (شمدین: ٢٠١٩، ١٧). هەروەها سەرنووسەری گۆڤاری "نیشتمان"ی زمانحاڵی "ژ. ک." بووە، کە بە هاوکاریی چەند هاوەڵێکی تری: «لە چاپکردنی ئەم گۆڤارەدا زەحمەتی زۆری کێشاوە و وریایی نیشان داوە» (زەبیحی: ٢٠١٧، ١٨ - ١٩). دواتریش کە هاتووەتە باشووری کوردستان بووە بە بەرپرسێکی باڵای پاتی دێموکراتی کوردستانی باڵی (جەلالی)، بەڵام وەکی تر جگە لە ڕایکردنی کاری حیزبی و سیاسیی خاوەنی "قامووسی زمانی کوردی" لە دووبەرگی جیاوازدا، کە لە ساڵانی (١٩٧٧) و (١٩٧٩)دا لەسەر ئەرک و لە ڕێگەی کۆڕی زانیاریی کوردەوە بەچاپ گەیاندوون، بە جۆرێک عەبدولڕەحمان زەبیحی لە سەرەتای بەرگی یەکەمیاندا پشتبەستوو بە دەیان سەرچاوەی جۆرا جۆر پێشەکییەکی وردی سەبارەت بە زمان و مێژووی زمانی کوردی و دیالێکتەکانی زمانی کوردی نووسیوە و هەروەها دوکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٤٠ - ٢٠٠٧) وەک زمانزان و ئەکادیمییەکی شارەزا بە هەمان شێوە، بابەتێکی گرنگی سەبارەت بە بواری فەرهەنگ نووسی و سەرهەڵدانی فەرهەنگنووسی لەنێو کورددا نووسیوە و لە هەمان کاتدا، ڕانانێکی گرنگی بۆ فەرهەنگ و کارەکەی نووسەری "قامووسی زمانی کوردی" عەبدولڕەحمان زەبیحی کردووە و بە بایەخێکی زۆرەوە هەڵسەنگاندنی بۆ کردووە (زەبیحی: ١٩٧٧، ب. ١، ٥). جگە لەوەش لە ساڵی دواتردا عەبدولڕەحمان زەبیحی کتێبێکی تری وەرگێڕدراوی خۆی بڵاو کردووەتەوە بە ناونیشانی "جوگرافیای کوردستانی ئێران" (سروە: ١٣٤٦، ژ. ١). لە ساڵی (١٩٥٩)شدا نامیلکەی "ئاشتیخوازی لادێ و پەیمانی دوولایی" وەک چیرۆکێکی شیعری هەر لە شاری بەغدا بڵاو کردووەتەوە (نەریمان: ١٩٨٥، ٥٨). وەک چۆن لە ساڵانی پێشتریشدا کە لە وڵاتی شام بە عیسا عەرەفات ناسراو بووە و هەر لەوێ و لە ساڵی (١٩٥٧)دا بە زمانی عەرەبی و بە ناوی خوازراوی (مەحموود حەسەن شنویی)، توانیویەتی نامیلکەیەک بنووسێت و بە ناونیشانی (الرد علی الكوسموبوليتيه) بڵاوی بکاتەوە و لەم ساڵانەی دواییشدا

لەلایەن عەلی کەریمییەوە دووبارە چاپ و بڵاو بکرێتەوە (زەبیحی: ٢٠١٧، ٩ و ١١٩). هەروەها جگە لە کتێب، زەبیحی ناوبەناو لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی باشووری کوردستاندا گەلێک نووسینی بەرچاو دەکەوێت لەوانە: «سۆسیالیزم بە زمانی سادە»، کە لە حەفتەنامەی ڕزگاریدا بڵاوی کردووەتەوە (ئەمین: ١٩٩٧، ٩٨). لە ساڵانی دواتریشدا بابەتێکی مێژوویی سەبارەت بە شێخ مەحموودی حەفید بە ناونیشانی: «شێخ مەحموودی نەمر، سەرکردەی لێهاتووی نەتەوەی کورد» کە لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا لە ڕۆژنامەی "هاوکاری"دا بڵاوی کردووەتەوە، لە بەشێکیدا سەبارەت بە شێخ مەحموود نووسیویەتی: «شێخ مەحموودی نەمر لە زرووفی کوردستانێکی پاشکەوتەدا، لە زرووفێکدا کە کوردەواری گیرۆدەی داوی خەرافات و خیلافاتی عەشایەری و دەرەبەگی بوو، لە زرووفێکدا کە ئەو کەسانەی جڵەوی کۆمەڵیان بەدەستەوە بوو، جگە لە قازانجی خۆیان، مەبەستێکی تریان نەبوو، بەرچاویان هێندە تەنگ بوو، کە لە سەر لووتی خۆیان بەولاوە هیچیان نەدەدی، لە زرووفێکدا ئیمپریالیزمی ئینگلیز نەخشەی پەرەپێدانی نفووزی خۆی زۆر چاک کێشابوو، بە مەقەستی ئیستعمارچێتی کەوتبووە گیانی قوماشی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵات و بە ئارەزووی خۆی لەتوکوتی دەکرد و حاکمە سیاسییەکانی ئینگلیزیش ئەو تاکتیکەیان دەبرد بەڕێوە کە خزمەتی ئیستراتیژیی ئیستعماری ئینگلیزی پێ وەدی دەهات» (زەبیحی: ١٩٣٧، هاوکاری، ژ. ١٨٩). هەروەها زەبیحی هەر لە "هاوکاری"دا و لە ساڵیادی جەژنی نەورۆزدا، بە ناوی تەواوی خۆیەوە بابەتێکی سەرنجڕاکێشی سەبارەت بە نەورۆز نووسیوە بە ناونیشانی: «با تەپوتۆزی ساڵان لە نەورۆز بتەکێنین»، کە بۆنووسینی ئەو بابەتە کۆمەڵێک سەرچاوەی مێژوویی بە زمانی فارسی بەکار هێناوە و لە درێژەی نووسینەکەیدا وردەکاریی زۆری تێدا کردووە (زەبیحی: ١٩٧٣، هاوکاری، ژ. ١٥٩). بەڵام حەسەنی قزڵجی لە لێکۆڵینەوەکانی وەک "لەبارەی هێندێ لە نهێنییەکانی ڕێزمانی کوردی" (قزڵجی: ١٩٧٧، کۆڕی زانیاری، ب. ٥، ١١٣) و "گۆڕانی پیتەکان بە یەکتر، جێگۆڕکێی

پیتەکان و سوان و تێکشکانی وشەکان بەهۆی ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەر پیتەکاندا دێ" (قزڵجی: ١٩٧٨، ب. ٦، ١١٨). ئەوانە و جگە لە هەموو ئەو نووسین و چیرۆکانەشی، کە قزڵجی لە ماوەی ژیانی حیزبایەتی لەنێو توودەی ئێران و کارکردنی لە ڕادیوی پەیکی ئێرانی ئەو حیزبە، هەروەها لە ژیانی پەنابەریشدا لە باشووری کوردستان و شاری بەغدا دۆستێکی نزیکی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق بووە، بەتایبەتی لەسەر پرسی کورد و سیاسەتی نێونەتەوەیی حیزبی کۆمۆنیستی عێراقی بە نموونە هێناوەتەوە و لە بڵاوکراوەکانیشیاندا نووسینی بڵاو کردووەتەوە و لە ساڵی (١٩٧٤) دا چاوپێکەتنێکی لە ڕۆژنامەی "بیری نوێ"دا لەگەڵ کراوە (حیسامی: ١٩٨٦، پەیڤ، ژ. ٣، ٣٠٨؛ بیمار: ١٩٧٤، بیری نوێ، ژ. ٩٨). هەروەها لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی تری وەک: "هیوا، ڕۆژی نوێ، ڕۆژی کوردستان، نووسەری کورد، بەیان، شۆڕشی کشتوکاڵ، ڕۆشنبیری نوێ، پاشکۆی عێراق و هاوکاری"دا بە بەردەوامی نووسینی بڵاو کردووەتەوە و لە ساڵانی (١٩٦٥ – ١٩٧٠)دا ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان" بووە کە لە ئەورووپا بڵاو کراوەتەوە (حیسامی: ١٩٨٦، پەیڤ، ٣٠٨). بە هاوکاریی دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو، کەریم حیسامی و محەممەد موهتەدی بەسەریەکەوە (٢٦) ژمارەیان لێ بڵاو کردووەتەوە و بە زۆری ئەرکی زمانەوانی و ڕێکوپێککردنی زمانەوانی لە ئەستۆی حەسەن قزڵجی بووە (ناهیدە: ٢٠١٠، ٢٩؛ تۆفیق: ٢٠٠٦، ٥٤). ئەوەی شایانی باسە، ماوەیەکیش بە ناوی خوازراوی "موکری"یەوە کۆمەڵێک نووسین و بابەتی خۆی بڵاو کردووتەوە، وەک "پرسیار و وەڵام" لەگەڵ "پاییزی سوور" کە هەردووکیان لە دوو ژمارەی جیاوازی ڕۆژنامەی "هاوکاری"دا بڵاو کراونەتەوە (موکری: ١٩٧١، هاوکاری، ژ. ٣٩؛ موکری: ١٩٧٢، هاوکاری، ژ. تایبەت). لەگەڵ بابەتێکی دوورودرێژ بە هەشت ئەلقە هەر لە ڕۆژنامەی "هاوکاری"یدا بە ناوی خوازراوی "موکری" بە ناونیشانی: «شەڕی نهێنیی سیا و ئەنتلجینت سیرفس لە تاراندا" (موکری: ١٩٧١، ژ. ٢٨ – ٣٦). سەرەڕای بڵاوکردنەوەی یەکەمین کۆمەڵەچیرۆک و بەرهەمی وەک کتێبی سەربەخۆ بە

هەولێرنامەی کتێب

ناونیشـانی "پێکەنینی گـەدا"، کـە بۆ یەکـەم جارو لـە سـاڵی (١٩٧٢) لـە ڕێگـەی "بنکـەی پێشـەوا"ی سـەر بـە حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێرانـەوە و بـە پێشـەکییەکی هێمن موکریانییـەوە لـە شـاری بەغـدا بەچاپی گەیانـدووە (حەسـەن: ١٩٩٩، ڕامـان، ژ. ٣٥). بـە جۆرێـک لـە سـاڵانی دواتریشـدا هەمـان بەرهەمـی وەک کۆمەڵەچیـرۆک لەلایـەن محەممـەد مـەلا کەریمـەوە چـاپ کراوەتـەوە (قزڵجـی: ١٩٨٥).

سـەبارەت بـە کەسـایەتییەکی سیاسـی و نووسـەرو وەرگێڕێکـی وەک عەبدوڵـڵا حەسـەنزادە، کـە تاکـوو ئێسـتەش لـە ژیاندایـە، سـەرەڕای ئـەوەی ئەویـش بـە هەمـان شـێوەی ئەوانـی دیکـە زیاتـر بـە مەبەسـتی کاروبـاری حیزبـی و ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەندیـی حیـزب دێموکـرات و لـە سـاڵانی دواتریـش بووەبـە سـکرتێری حیـزب، لـە بەیانیی ئـازاری بـەدواوە لـە ڕێگـەی باشـووری کوردسـتانەوە هاتووەتـە شـاری بەغـدا و شانبەشـانی ڕاپەڕاندنـی کارروبـاری سیاسـی و حیزبـی، هـاوکات لـە بـواری نووسـین و وەرگێـڕان و کاروبـاری ڕۆژنامەونیشـدا بـەردەوام کاری کـردووە، سـەرەتا وەک نووسـەرێکی سیاسـی هاتووەتـە بەرچـاو بـەوەی تەنیـا لـە ڕۆژنامەیەکـی وەک "هـاوکاری"دا دەیـان بابەتـی جۆربەجـۆری سیاسـی سـەبارەت بـە ئێـران کاروبـاری ناخۆیـی ئێرانـی سـەردەمی پاشـایەتی نووسـیوە و بۆچـوون و لێکدانـەوەی تایبـەت بـە خـۆی لـەم بـوارەدا تاقی کردووەتـەوە، بەڵام هـەر ئـەوە بـووە و بـە شـێوازێکی زۆر کـەم نەبێـت، لـە سـەرەتاوە بـە نـاوی تـەواوی خۆیـەوە نووسـینێکی ئەوتـۆی بەرچـاو ناکەوێـت، بەڵکـوو بـە دەیـان نـاوی خـوازراوەوە لـە بـواری نووسـینی ڕۆژنامەوانیـدا خـۆی تاقی کردووەتـەوە و بابەتـی جۆربەجـۆری سیاسـی ومێژوویـی پێیـان نووسـیوە، لەوانـە نـاو و نازناوەکانـی وەک: عـادل، بهـروز، غالـب، مەنووهچـەر، جەمشـید، پاکـدل، جوامێـر، نامـق، جەمـال و ... وەک دەبینیـن عەبدوڵـڵا حەسـەنزادە، جگـە لـە کاروبـاری ڕۆژنامەوانـی و کارکردنـی لـە ڕۆژنامـەی "کوردسـتان" و "بنکـەی پێشـەوا"ی حیزبـی دێموکـرات، لەگـەڵ ئەوەشـدا وەک سـەرچاوەیەک بـۆ ژیـان سـاڵانێکی زۆریـش، بـە شـێوەی "گرێبەسـت" لـە "دەزگای ڕۆشـنبیری و بڵاوکردنـەوەی کوردی" لـە بەغدا کاری

کردووە (زادە: ٢٠٢١، دیدەنی). شابەشانی ئەوەش چەند کتێب و نامیلکەیەکی مێژوویی و ئەدەبی، بەتایبەت ڕۆمان و چیرۆکی لە زمانی عەرەبی و فارسییەوە وەرگێڕاوە بۆ سەرزمانی کوردی و لە ڕێگەی "بنکەی پێشەوا"ی سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردییەوە لە بەغدا بڵاویانی کردوونەتەوە، وەک کتێبی مێژوویی "کوردستان و کورد"ی د. قاسملوو، کە لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی (قاسملوو: ١٩٧٣، و حەسەنزادە)، لەگەڵ نامیلکەیەکیدا بە ناوی "واقیعیەتی گەلانی ئێران و ئەفسانەی م- ماکان"، کە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا و لە شاری بەغدا بە ناوی "ڕێکخراوی ڕووناکبیرانی کوردی ئێران"ەوە لە زمانی فارسییەوە کردوویەتی بەکوردی(ماکان: ١٩٧١، ٣٦). لەپاش شۆڕشی ئیسلامی ئێرانیشەوە، وەکو خۆی ئەڵێ لە شاری مەهاباد دووبارە ژمارەیەکی زۆری لێ چاپ کراوەتەوە (زادە: ٢٠٢١، دیدەنی)، کە ناوڕۆکەکەی زیاتر وەڵامێک بووە بۆ نامیلکەی "ئەفسانەی گەلانی ئێران" کە لە نووسینی م. ماکان و لەلایەن "بنکەی مەزدەک"ەوە لە دەرەوەی ئێران بڵاو کراوەتەوە؛ لە کۆتاییی پێشەکییەکەیدا نووسەری نامیلکەکە، کە عەبدولڕەحمان قاسملووە و وەرگێڕەکەی عەبدوڵلا حەسەنزادەیە نووسیویەتی: «بڵاوکردنەوەی ئەم نامیلکەیە بە زمانی کوردی، ڕێکخراوی ڕووناکبیرانی کوردی ئێران بە خوێنەرانی کورد لە عێراق و پارچەکانی تری کوردستاندا دەناسێنێت و بۆیان دەردەخا کە خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا بە پلەیەکی گرنگی پەرەسەندندا تێ دەپەڕێت و ڕووناکبیرانی کورد لە ئێراندا هەست بە مەسئولیەتی خۆیان دەکەن و بە بیرێکی علمیەوە هاتوونەتە ناو مەیدانی خەباتی فیکرییەوە» (ماکان: ١٩٣٧، ٤). دواتریش هەریەک لە "بیرەوەرییەکانی دوورخراوەیەک"، (نەسین: ١٩٧٩، و حەسەنزادە) لەگەڵ ڕۆمانی تەنزئامێزی "گێلەپیاو"، کە لە نووسینی عەزیز نەسینن، نووسەری ناسراوی تورک و لە ساڵانی حەفتاکانیشدا، کاتێک هەردووکیان بە زمانی کوردی دەرچوون، لە پڕفرۆشترینی ئەو کتێبانە بوون کە لەو ماوەیەدا بڵاو کرانەوە، بەتایبەت ڕۆمانی

"گێلەپیاو" کە لە ناوچەکانی کوردستاندا دەستاودەستی پێ دەکرا بۆ خوێندنەوە (نەسین: ١٩٧٨، و حەسەنزادە). جگە لەوەش هەر لە سەرەتای حەفتاکاندا عەبدوڵڵای حەسەنزادە جگە لە نووسین و وەرگێڕانی بابەتی جیاواز، وەک ئەوەی پێشتریش ئاماژەی پێ کرا، بە ناوی خوازراوەوە کۆمەڵێک زنجیرەبابەت و لێکۆڵینەوەی جیاوازیشی لە ڕێگەی ڕۆژنامەی "هاوکاری"ەوە بڵاو کردووتەوە لەوانە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سەبارەت بە کۆماری کوردستان بە ناونیشانی: «لاپەڕەیەکی زێڕین لە مێژووی نەتەوەی کورد». بەسەریەکەوە ئەم نووسینەی بە (١٠) زنجیرە بڵاوی کردوونەتەوە و بۆ یەکەم جار لە ژمارە (١٥١)ی ٢٦ی ژانوییەی ١٩٧٣ بە ناوی خوازاوی "عادل" نووسیویەتی و هەر وەکوو خۆشی ئاماژەی پێ کردووە، نووسینەکەی زیاتر «بەبۆنەی بیست و حەوتەمین بیرەوەریی دامەزراندنی کۆماری دێموکراتی کوردستانەوە» نووسیویەتی، بە جۆرێک لە سەرەتای نووسینەکەوە ئەوە دەگێڕێتەوە کە: «دامەزراندنی کۆماری مەهاباد یەکێک لە گەورەترین دەسکەوتەکانی خەباتی نەتەوەی کورد و فەسڵێکی ڕووناکی مێژووی تازەی گەلەکەمانە، هەرچەندە ئەو کۆمارە کەمتر لە ساڵێک خۆی ڕاگرت و بە هاودەستیی کۆنەپەرستی ئێران و ئیمپریالیستەکانی ڕۆژاوا و بەتایبەت ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە خوێن و فرمێسکدا نقوم کرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاقیکردنەوەیەکی گرنگی تاریخی بوو، بۆ هەتاهەتایە وەک ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە مێژووی خەبات و تێکۆشانی گەلی کورددا دەدرەوشێتەوە». هەروەها زنجیرەکانی تری تەرخان کردووە بۆ "دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری مەهاباد"، "سروشتەکانی جووڵانەوەی مەهاباد" (عادل: ١٩٧٣، هاوکاری، ژ. ١٥٤)، "کارە گرنگەکانی جووڵانەوەی مەهاباد" (عادل: ١٩٧٣، هاوکاری، ژ. ١٥٥). "ناتەواوییەکانی جووڵانەوەی مەهاباد" (عادل: ١٩٧٣، هاوکاری، ژ. ١٥٧). لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا زنجیرەیەکیشی تەرخان کردوە بۆ هۆکارەکانی "ڕووخانی کۆماری مەهاباد" (عادل: ١٩٧٣، هاوکاری، ١٦ی مارتی ١٩٧٣). بەڵام هەردوو

زنجیرەی کۆتاییی لێکۆڵینەوەکەی تەرخان کردووە بۆ "تاقیکردنەوەکانی جووڵانەوەی مەهاباد" و " پاش ڕووخانی جمهوری" وەک ئەوەی لە دەقی نووسینەکەیدا بەو شێوەیە ئاماژەی پێ کردووە، بەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پاش کۆمار و بەتایبەت لە ساڵی (١٩٤٨) بەدواوە کەوتووەتە چالاکی و ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی خۆی و «خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد لە ئێران وەک خەباتی سەرانسەریی ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەرە دەگرێت و بەرەوپێش دەڕوات» تا ئەو کاتەی کوودەتای ١٩ی ئاگوستی ١٩٥٣ بەرپا بوو و "شا"ی دەرکراو و هەڵاتوو، دووبارە گەڕایەوە سەر دەسەڵات (عادل: ١٩٧٣، هاوکاری، ژ. ١٦٠). هەروەها عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە زنجیرەوتارێکی تریدا کە بە چەند زنجیرەیەکی تر و بە ناوی خوازاوی "جەمال" بە ناونیشانی: «چەند بەشێک لە دیفاعاتی ڕێکخراوی گیانبازانی گەلی ئێران» بڵاوی کردووەتەوە، هەڵسەنگاندنێکی وردی سەبارەت بە سیاسەتی فەرمانڕەوایانی پاشایەتی کردووە بەرانبەر بە گەلانی ئێران و هاوکات ئەو شێوازی بەرەنگارییەی کە "ڕێکخراوی گیانبازانی ئێرانی" خۆیان لە چوارچێوەی نامیلکەیەکی سەربەخۆدا بڵاویان کردووەتەوە. عەبدوڵڵا حەسەنزادەش هاتووە بە زنجیرە ناوەڕۆکی نامیلکەی ناوبراوی بۆ خوێنەران و ڕای گشتیی جیهانی خستووەتە ڕوو، بەوەی کە لە میانی ئەو نووسین و شەهادەتانەوە چی لە وڵاتی ئێرانی پاشایەتیدا دەگوزەرێت (جەمال: ١٩٧٢، هاوکاری، ژ. ١٢٩). بەڵام لە درێژەی نووسینێکی تریدا، کە بە دوو زنجیرە هەر لە ڕۆژنامەی "هاوکاری"دا بڵاوی کردووەتەوە بە ناونیشانی: «سیاسەتی کاربەدەستانی ڕێژیمی شا بەرانبەر بە مەسەلەی کورد» و ئەمەشیانی هەر بە ناوی خوازاوی "غالب"ەوە بڵاو کردووەتەوە و بە زۆری تیایدا باسی لە ژیانی ئەو «ئەو پێنج میلیون کوردەی کوردستانی ئێرانی» ئەو کاتەی کردووە، کە چۆن لەلایەن فەرمانڕەوایانی ئێرانییەوە، بەدرێژاییی مێژوو زوڵم و زۆری کۆمەڵایەتیی ڕێژیمی ئەو کاتەی ئێرانی لەسەر شان بووە و بە توندیش لەژێر ستەم و بێدادیی نەتەوایەتیدا ناڵاندوویانە و زمان و ئەدەب و فەرهەنگی نەتەوایەتییان لێ قەدەغە

کراوە (غالب: ١٩٧٣، هاوکاری، ژ. ١٦٧). هەروەها یەکێکی تر لەو بابەتانەی کە هەر عەبدوڵڵا حەسەنزادە لەو کاتەدا و بە ناوی خوازاوی "جەمال"ـەوە، جێی سەرنج و لێکدانەوە بووبێت سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەویش بە ناونیشانی: «سەرنجێک لە وەزعی دواکەوتووی کوردستانی ئێران» بڵاوی کردووەتەوە و شرۆڤە و لێکدانەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی لەسەر کردووە و بەکورتی دابەشی کردووە بەسەر چەند سەرباسێکی جیاوازدا وەک لایەنی «فەرهەنگی، تەندروستی و لەگەڵ بارودۆخی کشتوکاڵ»دا (جەمال: ١٩٧٢، هاوکاری، ژ. ١٤١). جگە لە هەموو ئەوانەش یەکێکی تر لەو کارە گرنگانەی کە عەبدوڵڵا حەسەنزادە سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لەوبەشەی کوردستانداو لە ڕێگەی ڕۆژنامەکانی ئەو دەمانەی باشووری کوردستانەوە کاری لەسەر کردبێت ئەویش بەشێک لەو نووسینانەیەتی، کە زیاتر سەبارەت بە کەسایەتی و ناساندنی فەرماندەکانی بزوتنەوەی چەکداریی (١٩٦٧ - ١٩٦٨)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نووسیونی، بەتایبەت پاش شکستهێنانی ڕاپەڕینەکەیان و گیانلەدەستدانی زۆربەی زۆری کادیر و فەرماندەکانی بە سلێمان موعینیی سەرکردەشیانەوە لەوانە بابەتی «مەلا ئاوارە، شەهیدی ڕێگەی ڕزگاریی کوردستان» (عادل: ١٩٧٢، هاوکاری، ژ. ١٣٥). «پێنجەمین ساڵی شەهیدبوونی مەلا ئاوارە» (غالب: ١٩٧٣، هاوکاری، ژ. ١٨٤). کە دوو جار و بگرە زیاتریش بە ناوی خوازاوی "عادل" و "غالب"ـەوە نووسینی لەبارەیانەوە بڵاو کردووەتەوە. هاوکات بابەت و نووسینەکانی تری سەبارەت بە «مەلا مەحموود زەنگەنە، شەهیدی ڕێگەی ڕزگاریی کوردستان» (عادل: ١٩٧٢، هاوکاری، ژ/ ١٣٧). هەروەها بابەتی «یادی شەهیدبوونی سمایلی شەریفزادە، قارەمانی نموونەی گەلی کورد»، کە هەموو ئەم نووسینانە بایەخیان لەوەدا دەردەکەوێت، کە زۆر ڕاستی مێژوویی لەبارەیانەوە تۆمار کراوە و هاوکات لەلایەن نووسەر و قەڵەمی کەسێکەوە نووسراون کە بە خۆی هاوچەرخی ڕاستەقینەی ڕووداوەکان بووە و هەروەها

خۆی لە نزیکەوە ناسیونی کە ئەمانەش بۆ ڕاستی و بۆ مێژوو بایەخێکی گرنگیان هەیە، بەتایبەت بۆ هەموو ئەوانەی کە دەیانەوێت لە ئێستە و لە داهاتوودا سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەت بزووتنەوەی چەکداریی ساڵانی (١٩٦٧ – ١٩٦٨) بنووسن (غالب: ١٩٧٣، هاوکاری، ژ. ١٦٥). جگە لە نووسین و بڵاوکردنەوەی دەیان لێکۆڵینەوە و بابەتی تری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کە لەو ماوەیە و لە ساڵانی دوای ڕێککەوتنامەی جەزائیری ٦ی مارسی ١٩٧٥ بەردەوام سەبارەت بە خەباتی گەلان و بارودۆخی گەلی کورد بە زۆری هەرهەموو بەناوی خواستراوەوە، لەڕێگای ڕۆژنامەی (هاوکاری)ەوە بڵاوی کردۆتەوە هەریەکە و وەک پێشتریش ئاماژەیان پێ کرا لە شوێنی تایبەتی خۆیاندا بایەخی مێژوویی خۆیان دەبێت.

هەواڵنامەی کتێب

### ئەنجام

شایانی باسە، توێژەر لە نووسینی ئەم توێژینەوەدا بە چەند ئەنجام و ڕاستییەکی مێژوویی گەیشتووە، کە دەکرێت لەمانەی خوارەوەدا دەستنیشانیان بکەین:

**یەکەم:** لایەنی هاوخەباتی لەنێوان کوردانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان، بەتایبەت لە ساڵانی شەڕی یەکەم بەدواوە بە نووسین و بە دیکۆمێنت بەڕوونی بەرچاو دەکەن و دەتوانرێت لەم لایەنەشەوە دەیان نموونەی گونجاو دەستنیشان بکەین. هەر لە شۆڕشەکانی شێخ مەحموود و سمکۆی شکاکەوە بگرە تاکوو دەگاتە قۆناغی کوماری کوردستان لە مەهاباد و ساڵانی دواتریش.

**دووەم:** لە سەردەمی بڵاوبوونەوەی گۆڤاری گەلاوێژدا (١٩٣٩ – ١٩٤٩) دەیان ئەدیب و نووسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان نووسین و بەرهەمی خۆیان لەم گۆڤارە ناوازەی باشووری کوردستاندا کە لە شاری بەغدا دەرچووە، بڵاو کردووەتەوە.

**سێیەم:** لە سەردمی کۆماری کوردستان و دواتریشدا چەندین گۆڤار و بڵاوکراوەی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شار و ناوچەکانی باشووری

کوردستاندا دەرچوون و بە نهێنی نێردراونەوتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکوو گۆڤاری ڕێگە، گۆڤاری باهۆز، ڕۆژنامەی کوردستان لە شاری سلێمانی کە ئەحمەد تۆفیق (عەبدوڵلا ئیسحاقی) و هاوەڵانی بڵاویان کردووەتەوە.

**چوارەم:** لە کۆماری کوردستان بەدواوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چالاکی تەنانەت بارەگا سەرکییەکانی خۆی گواستووەتەوە باشووری کوردستان و لە سەربەندی بەیاننامەی ئازار بەدواوە چوونەتە شاری بەغدا و هاوکات گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێبی جۆراوجۆر و "بنکەی پێشەوا"ی چاپەمەنیی کوردیان دامەزراندوە و تەنانەت ڕادیۆی تایبەت بە خۆیان هەبووە.

**پێنجەم:** دەیان ئەدیب و نووسەر و شاعیری ناسراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکوو زەبیحی، هەژار موکریانی، هێمن موکریانی، عەبدوڵلا حەسەنزادە، کەریم حیسامی، حەسەن قزڵجی و ... هاتوونەتە باشووری کوردستان و لەوێشەوە بۆ شاری بەغدا و لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی باشووری کورستان و بەغدادا نووسینی خۆیان بڵاو کردووەتەوە لە کاری ڕێکخراوەییی ئەو کاتەی کوردستاندا بوون بە ئەندام وەک: کۆڕی زانیاریی کورد، یەکێتیی نووسەرانی کورد، کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کورد و تەنانە کەسێکی وەک هەژار موکریانی لە ساڵی (١٩٧٠)دا بە یەکەم سەرۆکی یەکیەتیی ئەدیب و نووسەرانی کورد هەڵبژێردراوە.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم / نامەی زانکۆیی:

عوسمان دەشتی، هێمن دەربارەی ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی شیعرەکانی، ماستەرنامەی (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب، بەشی کوردی، (هەولێر: ٢٠٠١).

ناهیدە حسێن عەبدولڕەحمان، لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە چیرۆکەکانی حەسەنی قزڵجی دا، ماستەنامەی (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی پەروەردە، بەشی کوردی، (هەولێر: ٢٠١٠).

### دووەم/کتێبی بیرەوەریی:

ئەمیری قازی، لەبیرەوەرییە سیاسییەکانم، چ٢، (سلێمانی: ٢٠١٤).

جەمال نەبەز، بیرەوەریینامەی ئەوڕۆژانەی جارەکی دیی ناگەڕێنەوە، (سلێمانی: ٢٠١٧).

حەسەن ڕەستگار، برگەیەک لە ژیان و خەباتم، ب١، چ١، دەزگای ڕۆشنگەریی، (ئەڵمان: ٢٠٢١).

خدرمەرەسەنە، بیرەوەرییەکانم بۆمێژوو، ب٣، چ١، (سلێمانی: ٢٠٠٦).

فەرەیدون عەبدولقادر، هەڵوسوورەکانی قەندیل، چ٢، (سلێمانی: ٢٠٢٠).

کەریم حیسامی، بیرەوەریەکانم، ب١، (سلێمانی: ٢٠١٨).

کەریم حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، ب٢، (سلێمانی: ٢٠١٨).

سەعید ناکام، بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، (هەولێر: ٢٠٠٣).

محەمەدی شاپەسەندی، بیرەوەرییەکانی محەمەدی شاپەسەندی، ئا: سدیق ساڵح، (سلێمانی: ٢٠٠٧).

مەلاڕەسوڵی پێشنماز، سەربردەی ژیانم، ب١، چ١، (سلێمانی: ٢٠١٢).

**سێیەم/ کتێب بەزمانی کوردی:**

ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، ئەدەبی ڕۆژنامەنووسی کوردیی بەغدا ١٩٧٠-١٩٧٤، قۆناغی نوێ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، (بەغدا: ٢٠٠٥).
ئەحمەد باوەڕ، دۆزی کورد لەپەیوەندییەکانی عێراق- ئێراندا ١٩٣٧-١٩٤٧، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، (سلێمانی: ٢٠٠١٤).
ئەحمەد باوەڕ، گەرمیان و ناوچەی خانەقین لەسایەی وڵاتانی گەورە و فەرمانڕەوایانی بەریتانیادا ١٩١٤-١٩٧٥، (سلێمانی: ٢٠١٩).
بێژەن ساعدی، حەقیقەتی، دیدار لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە، تایبەت بەحیزبی دێموکراتی کوردستان ورۆژهەڵاتی کوردستان و گەلی کورد، (کوردستان: ٢٠١٩).
جەلیل گادانی، ٥٠ ساڵ خەبات، کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی ئێران، ب١، دەزگای توێژینەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی (دهۆک)، چ٢، (هەولێر: ٢٠٠٨).
جوتیارتۆفیق، بیبلۆگرافیایرۆژنامەگەریی کوردی، (سلێمانی: ٢٠٠٧).
هەژاری موکریانی، ئامادەکردنی: شەماڵ حەوێز و کەریم سۆفی، (هەولێر: ٢٠٠٥).
هەژار، چێشتی مجیور، پەخشانگای ئانا، (تهران: ١٣٩٢).
هێمن، دیوانی هێمن١٩٢١-١٩٨٦، (هەولێر: ٢٠٠٣).
حەسەنی قزڵجی، پێکەنینی گەدا، پێشەکی: محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی عەلا، (بەغدا: ١٩٨٥).
عەبدولڕەحمانی زەبیحی، قامووسی زمانی کوردی، ب١، کۆڕی زانیاری کورد، (بەغدا: ١٩٧٧).
عەبدولڕەحمان زەبیحی(محمود حسن شنۆیی)، ڕەتدانەوەی کۆسمۆپۆلیتیزم٠الرد علی الکوسمۆبولیتیە)، ئامادەکردنی: عەلی کەریمی، (سلێمانی: ٢٠١٧).
عەبدولڕەحمان قاسملو وعەبدوڵڵا حەسەن زادە، کورتەمێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، (سلێمانی: ٢٠٠٢).
عەبدولستار تاهیر شەریف، ململانێ لەگەڵ ژیاندا، یاداشت، ١٩٧١-١٩٨٣، ب٢، چ١،

(کەرکوک: ٢٠٠٧).
عەزیزنەسین، بیروەریەکانی دوورخراوەیەک، و: عەبدوڵڵا حەسەن زادە، چاپخانەی ئەسعەد، (بەغدا: ١٩٧٩).
عەزیزنەسین، گێلە پیاو، وەرگێڕانی: عەبدوڵڵا حەسەنزادە: لە فارسییەوە کردوویە بەکوردی، دەزگای ڕۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی، چ١، (بەغدا: ١٩٧٨).
عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی، (سلێمانی: ٢٠٠٥).
سەلاح بەدرەدین، چەند لاپەڕەیەک لەژیانی نەتەوەیی هەژاری موکریانی لە ڕۆژئاوای کوردستان، فێستیڤاڵی هەژاری موکریانی، (هەولێر: ).
سەربازمەجید خۆشناو، کۆنگرە ناوخۆییەکانی مامۆستایانی کورد لەشەقلاوە ١٩٥٩ و١٩٦٠، چ٢، (هەولێر: ٢٠١٨).
سدیق ساڵح و ئەوانی دی، گۆڤاری گەلاوێژ، ب١١، ژیاننامەو پێڕست، (هەولێر: ٢٠١٦).
سمایل بازیار، کاریگەری بیری چەپ لەسەر بزاڤی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حیزبی دێموکرات بەنموونە، چ١، (هەلێر: ٢٠٢٠).
سوارە ئیلیخانی زادە، تاپۆو بوومەلێڵ، چ١، (تاران: ١٣٧٩).
فەرهاد عەونی، ٣٦ نامەوچەند کەسایەتیەکی دیوانی من، چ١، (هەولێر: ٢٠١٩).
فاروق عەلی عومەر، ڕۆژنامەگەریی کوردی لەعێراق، بەرایییەکان ١٩١٤-١٩٣٩، وەرگێڕانی: تاریق کارێزی، (هەولێر: ٢٠٠١).
کەریم حیسامی، پێداچوونەوە، گەشتێک بەنێوبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەکوردستانی ئێران، ب١، (ستۆکهۆڵم: ١٩٩٦).
کەریمی حیسامی، پێداچوونەوە، کوردستانی ئێران١٩٤٧-١٩٧٨، ب٢، (ستۆکهۆلم: ١٩٩٧).
کەریمی حیسامی، لەپێناو چی دا ؟، بنکەی سارا بۆچاپەمەنی وبڵاوکردنەوە، (ستۆکهۆڵم: ١٩٨٨).
کرمانج گوندی، سی ساڵ خەبات و وڵاتێکی وێران، (سوید: ١٩٩٠)
کریس کۆچێرا، کورد لەسەدەی نۆزدوبیستم دا، و: حمەکەریم عارف، چ٢، (هەولێر:

هەواڵنامەی کتێب

٢٠٠٦).
مستەفا نەریمان، فەرهەنگی ئەدیب و نووسەرانی کورد، چاپخانەی ئەسعەد، (بەغدا: ١٩٨٦).
مستەفا نەریمان، بیلۆگرافیای ڕۆژنامەی هاوکاری، ب١، ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، (بەغدا: ١٩٨٥).
نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنین، دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٩-١٩٨٣، (ئەڵمانیا: ١٩٩٧).
نەوزاد عەلی ئەحمەد، پشکۆیەک لەخۆڵەمێشدا، بەشێکی گرنگ لە ژیاننامەی هۆمەر شێخمووس، چ١، (سوید: ٢٠١٠).
واقیعیەتی گەلانی ئێران و ئەفسانەی م – ماکان، ڕێکخراوی ڕووناکبیرانی کوردی ئێران، ئوتی ١٩٧١.
یاسین سەردەشتی، کوردستانی ئێران، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لەجوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد ١٩٣٩-١٩٧٩، (سلێمانی: ٢٠٠٣).

**چوارەم/کتێب بەزمانی عەرەبی:**

جابر ابراهیم الراوی، الحدود الدولیه ومشکله الحدود العراقیه الایرانیه دراسة قانونیة وثائقیة، مطبعة دار السلام، (بغداد: ١٩٧٥).
حبیب محمد کریم، الحزب الدیمقراطی الکوردستانی- العراق، فی محطات ڕئیسیة ١٩٤٦-١٩٩٣، (کوردستان: ١٩٩٨).
صلاح الخرسان، التیارات السیاسیة فی کردستان العراق، قراءة فی ملفات الحرکات والاحزاب الکردیة فی العراق ١٩٤٦-٢٠٠١، (بیروت: ٢٠٠١).
لکی یصان السلام وتتعزز الوحده الوطنیة، منشورات الثورة، ط٢؛(بغداد: ١٩٧٣).
علی سنجاری، القضیه الکوردیه والحزب البعث العربی الاشتراکی فی العراق، ج١، (دهۆک: ٢٠٠٦).

علی شمدین، عبدالرحمن ذبیحی عولما صفحات من سیرة حیاته، ط١، (السلیمانیة: ٢٠١٩).
مؤیدابراهیم الونداوی، العراق فی التقاریر السنویه للسفارة البریطانیه فی بغداد ١٩٥٩-١٩٧٣، ط١، (عمان: ٢٠١٩).

**پێنجەم/کتێب بەزمانی فارسی:**

اذرمیدخت مشایخ فریدنی، مسائل مرزی ایران و عراق و تاثیر ان درمناسبات دو کشور، انتشارات امیر کبیر، (تهران: ١٣٦٩).
محمود نادری، حزب دمکرات کردستان ایران، مؤسسه مطالعات وپژوهشهای سیاسی (تهران: ١٣٩٤).

**شەشەم/گۆڤار بەزمانی کوردی:**

گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)، ژمارە (٧٤)، ساڵی ١٩٧٩.
گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە(٧٣)، ساڵی ١٩٧٩.
فەرەیدون حەکیم زادە، هەژار لەلوتکەدا، بەرهەمی ژیان و تێکۆشانی ئەدەبی، سیاسی و فەرهەنگی مامۆستا هەژار، بڵاڤۆکی ڕاژە، (مەهاباد: ١٣٩٩).
بزورگی عەلەوی، سەمای مەرگ، گۆڕینی: شنۆیی، بەیان(گۆڤار)، ژمارە(٣٥)، ئاوریلی ١٩٧٦.
حەمەسەعید حەسەن، حەسەنی قزڵجی بلندگۆیەکی ڕاستبێژ، ڕامان (گۆڤار)، ژمارە(٣٥)، ئایاری ١٩٩٩.
حەسەنی قزڵجی، لە بارەی هێندێ لە نهێنییەکانی ڕێزمانی کوردی، کۆڕی زانیاری کورد (گۆڤار)، بەرگی پێنجەم، (بەغدا: ١٩٧٧).
حەسەنی قزڵجی، گۆڕانی پیتەکان بەیەکتر، جێگۆڕکێی پیتەکان و سوان و تێکشکانی وششەکان بەهۆی ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەر پیتەکاندا دێ، کۆڕی زانیاری کورد (گۆڤار)، بەرگی شەشەم، (بەغدا: ١٩٧٨).

هەواڵنامەی کتێب

وتوویێژ لەگەڵ پرۆفیسۆرد.عیزەدین مستەفارەسووڵ لەسەرکەسایەتی شەهید دکتۆر قاسملوو، تیشک (گۆڤار)، ژمارە(٢٤)، خاکە لێوەی ١٣٨٨.
شەمیم هەمەدانی، جوگرفیای تەبیعیی کوردستانی ئێران: وەرگێڕ: ع.أ.زەبیحی، سروە(گۆڤار)، ژمارە (١)ی بەهاری (١٣٦٤).
کاکەمەم بۆتانی، یەکێتی نووسەرانی کورد چۆن دامەزرا، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە(٦)، (١٩٧٤/١/١١)،
کەریمی حوسامی، لەئەدەبیاتی بێگانەوە: ١٠ وەزیر، دەفتەری کوردەواری (گۆڤار)، ب٣، بەغدا: مایس- ئاغوستسی ١٩٧٠.
کەریمی حوسامی، لەئەدەبی بێگانە: یین چە، نوسینی: یو- سونگ لینگ، دەفتەری کوردەواری (گۆڤار)ب٤، بەغدا: جولای- ئاب ١٩٧١.
کەریم حسامی، لێکۆڵینەوەیەکی ڕخنەیی لەسەرئینسکلۆپیدیای کورد، هاوکاری، ژمارە (١٢٨)، (٥ی ئابی ١٩٧٢).
کەریم حیسامی، شەهیدی نەمر حەسەنی قزڵجی، پەیڤ(گۆڤار)، ژمارە(٣)، ساڵی یەکەم، کانوونی یەکەمی ١٩٨٦.

**حەوتەم/ گۆڤاربەزمانی عەرەبی:**

عماد یوسف قدوره، التأثیر الاقلیمی والدولی فی القضیة الکردیة فی العراق (دراسة حالة ١٩٧٢-١٩٧٥)، المرکز الدولی للابحاث ودراسة السیاسات، (اکتوبر٢٠١٦).

**هەشتەم/ڕۆژنامە بەزمانی کوردی:**

هاوکاری، بانگی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نووسەرانی کورد بۆ هەموو نووسەرانی کورد، ژمارە (١٠)، (٢١ی مارتی ١٩٧٠).
هاوکاری (رۆژنامە)، پەلاماردانی ڕەشبگیری میری تاران بۆسەرگەلی کورد، ژمارە(٥)، هەینی، (٦ی فێوریەی ١٩٧٠).

هاوکاری (رۆژنامە)، وتاری مامۆستا هەژاری موکریانی، ژمارە (٥)، ساڵی دووەم، (٦ی فێوریەی ١٩٧١).
هاوکاری (ڕۆژنامە)، بەیاننامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران) بەبۆنەی شەهیدبوونی قادری ملا ڕەحیمەوە، ژمارە(١٦١)، (١٩٧٣/٤/٦).
ر.زەبیحی، شێخ مەحموودی نەمر سەرکردەی لێهاتووی کورد، هاوکاری، ژمارە(١٨٩)، (١٩٧٣/١٠/١٩).
عەبدولڕەحمان زەبیحی، باتەپوتۆزی ساڵان لە نەورۆز بتەکێنین، هاوکاری (ڕۆژنامە)، ژمارە (١٥٩). (٢٣ی مارتی ١٩٧٣).
هاوکاری (ڕۆژنامە)، وتاری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی شەهیدبوونی تێکۆشەر (قادری وێردی)یەوە، ژمارە (١٦٦)، (١٩٧٣/٥/١١).
لەگەڵ سکرتێری کۆڕی زانیاری کوردی دا دکتۆرکەمال مەزهەر(کۆڕی زانیاری لاپەرە هەرەگرنگەکانی مێژووی نەتەوەکەمان ئەچەسپێنێ)، هاوکاری، ژمارەی تایبەتی، (ساڵی سێیەم )، (١ی ژانوییەی ١٩٧٢).
هێمن، وتاری مامۆستا هێمن لەئاهەنگەکەی یەکێتی نووسەرانی کورد دا، بیری نوێ (رۆژنامە)، ژمارە (٣٤)، (١٣ی فێوریەی ١٩٧٣).
ممتاز حەیدەری، ڕوداوەکانی کۆنفرانسی یەکەمی یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر، هاوکاری (رۆژنامە)، ژمارە (٥)، ساڵی دووەم، (٦ی فێوریەی ١٩٧١).
هاوکاری (رۆژنامە)، هەڵبژاردنی دەزگای دامەزرێنەری یەکێتی نووسەرانی کورد، ژمارە(٧)، هەینی (٢٧ی فێوریەی ١٩٧٠).
موکری، پایزی سوور، هاوکاری، ژمارە(٣٩)، (٣٠تشرینی یەکەمی ١٩٧١).
موکری، هاوکاری (ژمارەی تایبەت)، ساڵی سێیەم، (١ی ژانوییەی ١٩٧٢).
موکری، شەڕی نهێنی سیاوئەنتلجینت سێرفس لەتاران، لەژمارەکانی ڕۆژنامەی (هاوکاری)، (٢٨)، (٢٩)، (٣٠)، (٣١)، (٣٢)، (٣٣)، (٣٤)، (٣٦)، ساڵی دووەم، (ئابی ١٩٧١) و (سێپتامبری ١٩٧١).
شنۆیی، وەزعی پەروەردەو فێرکردن لەئێران، هاوکاری، ژمارە(١٢٨)، ساڵی (٥ی

ئابی ١٩٧٢).
هاوكاری (ڕۆژنامە)، ژمارە(٤٦)، ساڵی ١٩٧١
عادل، لاپەڕەیەكی زێڕین لە مێژووی نەتەوەی كورد، هاوكاری، ژمارە(١٥١)، (٢٦ی ژانوییەی ١٩٧٣).
عادل، سروشتەكانی جوڵانەوەی مەهاباد، هاوكاری، ژمارە(١٥٤)، (١٦ی فێوریەی١٩٧٣).
عادل، كارەگرنگەكانی جوڵانەوەی مەهاباد، هاوكاری، ژمارە(١٥٥)، (٢٣ی فێوریەی ١٩٧٣).
عادل، ناتەواویەكانی جوڵانەوەی مەهاباد، هاوكاری، ژمارە كانی(١٥٦)، (٢ی مارتی ١٩٧٣)؛ (١٥٧)، (٩ی مارتی ١٩٧٣).
عادل، ڕووخانی كۆماری مەهاباد، هاوكاری، ژمارە(١٦ی مارتی١٩٧٣).
عادل، پاش ڕووخانی جمهوری، هاوكاری، ژمارە (١٦٠)، (٣٠ی مارتی ١٩٧٣).
جەمال، چەندبەشێك لە دیفاعاتی ڕێكخراوی گیانبازانی گەلی ئێران، هاوكاری، ژمارە(١٢٩)، (١٢ی ئابی ١٩٧٢).
غالب، سیاسەتی كاربەدەستانی ڕژێمی شا بەرامبەر بەمەسەلەی كورد، هاوكاری، ژمارەكانی (١٦٧)، (١٨ی ئایاری ١٩٧٣) و ژمارە (١٦٨)، (٢٥ی ئایاری ١٩٧٣).
جەمال، سەرنجێك لەوەزعی دواكەوتوی كوردستانی ئێران، هاوكاری، ژمارە(١٤١)، (٤ی تشرینی دووەمی١٩٧٢).
عادل، مەلا ئاوارە شەهیدی ڕێگای ڕزگاری كوردستان، هاوكاری، ژمارە(١٣٥)، (٢٣ی سێپتامبری ١٩٧٢).
غالب، پێنجەمین ساڵی شەهید بوونی مەلا ئاوارە، هاوكاری، ژمارە(١٨٤)، (١٤ی سێپتامبری ١٩٧٣).
عادل، مەلا مەحموودی زەنگەنە شەهیدی ڕێگای ڕزگاری كوردستان، هاوكاری، ژمارە(١٣٧)، ٧ی تشرینی یەكەمی١٩٧٢).
غالب، یادی شەهیدبوونی قارەمانی نموونەی گەلی كورد سمایلی شەریف زادە، هاوكاری، ژمارە(١٦٥)، (٤ی ئایاری ١٩٧٣).

بیری نویٚ (ڕۆژنامە)، لەچلەی شەهیدێکی ڕێگای ئازادیدا، ژمارە(٤٦)، (١٩٧٣/٥/٨).

بیری نویٚ (رۆژنامە)، بەیاننامەی حیزبی دێموکراتی (ئێران)، ژمارە(٧٢)، ساڵی دووەم، چوارشەممە، (١٩٧٣/١١/١٤).

بیری نویٚ (ڕۆژنامە)، لە چلەی شەهیدێکی ڕێگای ئازادیدا، ژمارە (٤٦)، (١٩٧٣/٥/٨).

عەبدولڕەزاق بیمار، دیدەنیەکی مامۆستا حەسەنی قزڵجی، بیری نویٚ(رۆژنامە)، ژمارە(٩٨)، یەک شەمە، (٢ی ژۆئەنی ١٩٧٤).

کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران)، ژمارە(٣٠)، سەرماوەزی ١٣٥٢، دیسامبری ١٩٧٣.

کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران)، ژمارە، (١٢)، بەفرانباری ١٣٥٠، ژانویەی ١٩٧٢.

**نۆیەم/ڕۆژنامە بەزمانی عەرەبی:**

الفكر الجديد(جريدة)، جريمه دمويه جديدة يرتكبها الحكم العميل فى ايران، العدد (٤٢)، (١٩٧٣/٤/٧).

التاخى (جريدة)، انتخاب اعضاء مؤزرين جدد للمجمع العلمى الكردى، العدد (١٣٤٢)، (١٩٧٣/٥/٢٧).

التاخى(جريدة)، عبد المجيد لطفى، العضوالفخرى لاتحاد الادباء الاكراد(امنيات فى يوم الاديب الكردى)، العدد (١٢٥٤)، (٨ شباط١٩٧٣).

**دەیەم/ڕۆژنامە بەزمانی فارسی:**

علی کلاویژ، شعرأزلطیف هلمت شاعرکرد، دنیا، نشریه سیاسی وتئورک کمیته مرکزی حزب توده ایران، سال چهارم (دوره سوم)، شماره(١٠)، دی ١٣٥٦.

أطلاعات(روزنامه)، کنگره حزب دموکرات کرد درعراق افتتاح شد، شماره(١٣٢٣٢)، (٢ ژوئیه ١٩٧٠).

هەواڵنامەی کتێب

**یازدەیەم/ پەیوەدی تەلەفۆنی وچاوپێکەوتن:**

پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ عەبدوڵڵای حەسەن زادە، (٥ی جولایی ٢٠٢١).

پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ مەلاحەسەن ڕەستگار، (٣٠ی ئابی ٢٠٢١).

پەیوەندی تەلەفۆی لەگەڵ مەزهەری خالقی، سلێمانی، (١٨ی فێوریەی ٢٠٢١).

چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەوف بێگەرد، سلێمانی (٢ی جولایی ٢٠٢١).

چاوپێکەوتن لەگەڵ لەتیف هەڵمەت، سلێمانی(٣٠ی ژۆئەنی ٢٠٢١).

# جیابوونەوەکان
# لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا

(تاقمی حەوت کەسی بۆ نموونە)

(حدکا-پێڕەوانی کۆنگرەی چوار ١٩٨٠/٦/١٥-١٩٨٥)

هەواڵنامەی کتێب

**د.هۆشمەند عەلی مەحموود**

**پوختە:**

دیاردەی جیابوونەوەکان لە مێژووی (حدکا)دا، مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە و لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، بەتایبەتی لە ناوەڕاستی دەیەی پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە ئەو حیزبە ماوەماوە و بەدرێژایی ئەو مێژووە هەشتا ساڵەی تەمەنی لە جیابوونەوە و کێشە ناوخۆییەکانی بەدەر نەبووە، ئەو دیاردەیەش جیا لەوەی وەک شتێکی ناڕەوا تەماشا کراوە، هەمیشەش ئاکامی خراپ و هەڵوێستی خراپیشی لێکەوتووەتەوە، چونکە لە کولتووری سیاسییاندا، کێشە نێوخۆییەکان بە شێوەیەکی سەیر و خراپ مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، بەجۆرێک کە لۆژیکی لەیەکگەیشتنیان تێدا کەمتر پیادە کراوە، بەڵکوو کولتووری پێچەوانەی ئەوە لە

بەرامبەر جیابوونەوەکاندا پیادە کراوە. بۆیە ئەم کولتوری دژایەتی یەکترکردنەش، شەڕی نێوان هەردوولای لێ کەوتەوە، کە زیانی گەورە هەم لە (حدکا) و هەم بەر جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کەوت. ئەم توێژینەوەیە تایبەت کراوە بە جیابوونەوەی ناسراو بە گرووپی حەوت کەسی- پێڕەوانی کۆنگرەی چوار لەساڵی ١٩٨٠دا.

**پێشەکی**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا)، کە لە ساڵی ١٩٤٥ لە مەهاباد دامەزرا، یەکێک بوو لە گرنگترین ڕێکخراوە سیاسییەکانی جووڵانەوەی کوردی لە سەدەی بیستەمدا. مێژووی ئەم حیزبە تێکەڵاوە لە سەرکەوتن و شکست، یەکگرتن و دابەشبوون، و خەباتی ناوخۆیی و دەرەکی و هەموویان لە ناو چوارچێوەیەکی سیاسی ئاڵۆز و گۆڕاو.

یەکێک لە گرنگترین خاڵەکانی مێژووی حدکا جیابوونەوەی ناوخۆیی ساڵی ١٩٨٠یە، ئەم جیابوونەوەیە کە لە کاتێکدا ڕووی دا کە حیزبەکە لە دوای شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران خەریکی ڕێکخستنەوەی خۆی لە ناو بارودۆخێکی نوێی سیاسیدا بوو. ئەم دابەشبوونە، کە بەشێکی لە ناکۆکییە درێژخایەنەکانی نێوان جەماوەری نەتەوەیی و مارکسیستی حیزبەکە بوو، کاریگەریی قووڵی لەسەر جووڵانەوەی کوردیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبوو.

ئەم توێژینەوەیە لە نێوان چوارچێوەیەکی مێژوویی و شیکارییەکی زانستیانە سەیری ئەم ڕووداوە دەکات. پرسیارە سەرەکییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتین لە:

- چۆنییەتی گەشەسەندنی ناکۆکییە ناوخۆییەکان لە ناو حدکا لە ساڵی١٩٨٠؟
- ڕۆڵی شۆڕشی ئێران و گۆڕانکارییە سیاسییەکانی لە توندکردنی دابەشبوونەکە؟
- کاریگەرییە درێژخایەنەکانی جیابوونەوەکە لەسەر جووڵانەوەی کوردی و پەیوەندییە نێوخۆییەکان؟

بە بەکارهێنانی سەرچاوەی سەرەکی، هەروەها ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات وێنەیەکی ڕەوانی لەو هۆکارانە بدات کە بوونەتە هۆی ئەم جیابوونەوەیە، جگە لە دەرخستنی بەشێک لەو ئەنجامانەی بۆ جووڵانەوەی کوردی هەیبووە.

ئامانجی توێژینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە نەک تەنیا بۆ ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٠ ئەنجام دەدرێت، بەڵکوو هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە دینامیکی ناکۆکییە ناوخۆییەکان لەناو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد، و کاریگەریی ئەو دینامیکانە لەسەر شێوازی خەباتی ڕزگاریخوازانە.

ڕێبازی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لە ڕێگەی شیکردنەوەی سەرچاوە مێژووییەکان و بەکارهێنانی شێوازی شیکاریی دیالێکتیکی ئەنجام دەدرێت، بۆ ئەوەی لە نێوان هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان ڕێگایەک بدۆزێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

گرنگیی توێژینەوەکە:

ئەم بابەتە تایبەتمەندییەکی گرنگی مێژوویی و ئەمڕۆیی هەیە، چونکە لێکۆڵینەوە لە جیابوونەوە ناوخۆییەکان یارمەتی تێگەیشتنی زیاتری پرۆسەی دابەشبوون و یەکگرتنەوە لە جووڵانەوە سیاسییەکانی کورددا دەدات.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات ببێتە سەرچاوەیەکی ڕەوان بۆ ئەو توێژەرانەی کە بە قووڵی دەیانەوێت لە مێژووی جووڵانەوەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێبگەن.

### یەکەم: بارودۆخی ناوخۆیی (حدکا) لەدوای شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران:

(حدکا) لەنێوان ساڵانی (١٩٧٩-١٩٨٠)دا ڕووبەڕووی بارودۆخێکی نوێ بووەوە، کە پێشتر چەندین ساڵ بوو لە خەباتی نهێنی و کاری ژێرزەمینیدا بوو، بەڵام لەو قۆناغەدا هەلومەرجێکی وا هاتە پێشەوە، کە بتوانێت لەسەر خاکی خۆی خەبات بکات و بە هەزاران ئەندام و لایەنگری نوێ لە دەوری کۆ ببنەوە.

لەم دۆخە نوێیەدا (حدکا) دوو خاڵی سەرەکیی لە خەباتیدا کردە ئامانج، یەکەم: گرتنەبەری خەباتی چەکداری، کە بتوانێت لەو ڕێگەیەوە پێشڕەوێتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکات و مافە ڕەواکانیان بەئەنجام بگەیێنێ. دووەمیش: گرتنەبەری ڕێگەیەکی ئاشتیخوازانە بوو، کە بتوانێت لەڕێی پێوەندیکردن بە دەسەڵاتی ناوەند و وتوویژکردنەوە چارەسەرێک بۆ کێشەی کورد بدۆزێتەوە، بەڵام ئەم بیرۆکەیەی (حدکا) هەروا بەئاسانی ئەنجام نەدرا، چونکە ئەو سەرکردایەتییە نەیتوانی لەو گۆڕانکارییە گەورەیەی کە بەسەر ئێران و کوردستاندا هاتبوو خوێندنەوەیەکی ورد و پلانێکی تۆکمەی داڕێژراو بۆ دوای گۆڕانکارییەکان بکات، بەتایبەتی لە ڕووی ڕێکخستنی جەماوەرییەوە، کە ژمارەیەکی بەرچاو ڕوویان لە ڕێکخستنەکانی کردبوو، هەڵبەت ئەو جەماوەرە زۆرە هەر هەمووی هاوبیر و هەڵگری هەمان بیروڕا نەبوون، بەڵکوو کۆمەڵێک بیروڕای جیاواز سەبارەت بە چەند مەسەلەیەک لەیەکدی دووری دەخستنەوە، بەتایبەتی بۆچوونەکان سەبارەت بە شۆڕش، دەسەڵاتی ڕێژیم، چارەسەری پرسی کورد و شێوازی خەباتی سیاسی-حیزبایەتی، سەری کێشابوو بۆ جیابوونەوەی بەشێک لە کادر و ئەندامانی لە دوای کۆنگرەی چواردا.

کۆنگرەی چواری (حدکا) لە (٢١ تا ١٩٨٠/٢/٢٦)؛ دوای کۆنگرەی یەک و پاش (٣٦) ساڵ، ئەوە یەکەم کۆنگرە بوو کە بەشێوەیەکی ئاشکرا و بە ئازادی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەشاری مەهابادا بەڕێوە چوو. لەبەر ئەوەی تێکۆشانی ئەم حیزبە لە ماوەی پێش کۆنگرەدا زۆر بەرچاو بوو، توانیبووی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کوردستان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، بۆیە پێکهاتەی سەرکردایەتی لە ڕووی چەندایەتییەوە ئاڵوگۆڕی بەسەر داهاتو (٢٥) کەس بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی

هەڵبژێـردران[١].

لەڕاستیدا هەلومەرجی بەستنی کۆنگرەی چوار لەگەڵ هەموو کۆنگرەکانی دیکە جیاواز بوو، چونکە شۆڕشی گەلانی ئێران، ڕێژیمی پاشایەتیی ڕووخاندبوو بەڵام بە تەواوەتی دەسەڵاتی خۆی نەچەسپاندبوو، بۆ یەکەمین جار ئێران ئازادییەکی بێوێنەی بە خۆیەوە دیبوو، کە کادرەکانی (حدکا) دوای دەیان ساڵ دوورەوڵاتی و دەربەدەری گەڕابوونەوە کوردستان و ببوون بە هێزێکی دەسەڵاتداری گەورەی سیاسی-ڕێکخراوەیی و چەکدار[٢].

چەند مەسەلەیەکی بنەڕەتی لە ناو کۆنگرەدا کەوتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و گفتوگۆیان لەسەر کرا، لەوانە:

١. هەڵوێست بەرامبەر بە شۆڕشی ئێران و ڕێبەرایەتییەکەی.

٢. دەست نیشانکردنی سنوورێک لە نێوان دۆستان و دوژمنان لەسەر ئاستی ناوەوە و دەرەوەیدا.

٣. دیاریکردنی ئامانجی کۆتایی (حدکا) سەبارەت بە سۆسیالیزم[٣].

---

١. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی (حدکا) بریتی بوون لەمانە: (غەنی بلوریان، د.قاسملو، جەلیل گادانی، حەسەن شیوەسەلی، فەوزیە قازی، ئەمیر قازی، مستەفا شەلماشی، د.شەرەفکەندی، ڕەحمان کەریمی، عبداللە حەسەن زادە، جیهانگیر ئیسماعیل زادە، فاروق کەیخوسرەوی، سەرگورد عەباس، نەوید موعینی، سەننار مامەندی، حەسەن ڕەستگار، ئەحمەد عەزیزی، کەمال دباغی، قادر عبدی، هاشم کەریمی، ڕەحیم سەیفی قازی، مستەفا هیجری، ئەبوبەکر هیدایەتی، سەید ڕەسول دهقان، حسین مەدەنی، وم. هێمن وەک ئەندامی ئیفتیخاری کۆمیتەی ناوەندی لە لایەن کۆنگرەوە دیاری کرا. بڕوانە: (عبداللە حسن زادە: نیوسەدە تێکۆشان، ب١، ل٢١٠، ٢١١) ؛ هەروەها لەیەکەم پلنیۆمی کۆنگرەی چوار ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە ناو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران، کە د.قاسملوو وەک سکرتێرو غەنی بلوریان، جەلیل گادانی، مستەفا هیجری، ئەمیر قازی، عبداللە حەسەن زادە، مستەفا شەلماشی وەک بیرۆی سیاسی دیاری کران، بڕوانە: (جەلیل گادانی: ٥٠ ساڵ خەبات، ب١، ل٢٢٨، ٢٣٩).

٢. نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٩-١٩٨٣، چ٢، چاپخانەی خاک، سلێمانی، ١٩٩٨، ل١٥٢.

٣. حوسێن بەخشی: لێکدابڕان، پێداچوونەوەیەک بەسەر چۆنێتی پێکهاتنی پێڕەوانی کۆنگرەی چواری حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، چ١، چاپخانەی باقر مۆرتەزەوی، بۆن-ئاڵمان، ٢٠٠٧، ل١٨، ١٩.

هەولێرنامەی کتێب

بێجگە لەوە، قاسملوو لەو کۆنگرەیەدا پێنج خاڵی خستەڕوو بەمەرجی پەسندکردنی، تا ئاستەنگ و کۆسپی سەر ڕێگەی وتوویژ لەگەڵ دەوڵەتدا وەلا بنرێت، ئەو خاڵانەش ئەمانەبوون:

١. (حدکا) پشتیوانی لە کۆماری ئیسلامی ئێران بکات.

٢. (حدکا) ئایەتوڵڵا خومەینی بە ڕێبەری شۆڕشی ئێران بزانێ.

٣. (حدکا) بەرگری لە سنوورەکانی ئێران لە کوردستاندا بکات.

٤. (حدکا) دژی ئیمپریالیزم خەبات بکات.

٥. (حدکا) داوای دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان بکات[٤].

لە ڕاستیدا درێژەدان بە وتوویژکردن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، یاخود برەودان بە خەباتی چەکدارانە، یەک لەو پرسانە بوو کە ناکۆکی و بیروڕای جیاوازی لەنێو ڕیزەکانی (حدکا)دا لێکەوتەوە[٥].

شایانی باسە کە لەم کۆنگرەیەدا دوو لایەنی دژ بەیەک لەبارەی هەڵوێست بەرامبەر بە ڕێژیمی ئێران کەوتنە ململانێوە، یەکەمیان: هاندانی حیزبی توودە لەڕێی (محەممەدئەمین سیراجی) بوو کە بە مەرامی بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی حیزبی توودە تێدەکۆشان و لایەنگری سازان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و هێڵی خۆبەدەستەوەدان لە بەرامبەر ڕێژیم بوون، دووەمیان: بە سەرۆکایەتیی قاسملوو کە هەوڵی سەپاندنی بەرنامە و ڕێبازی خۆی دەدا و بڕوایان بە درێژەدانی خەباتی چەکداری و بەربەرەکانێ بەرامبەر کۆنەپەرستیی دەسەڵاتدار هەبوو، ئەو

٤. غەنی بلوریان: س.پ، ل٣٢٩.

٥. د.مصطفی ایزدی، جواد استکی، مسعود یاران: تاریخ بیست ساله پاسداری از انقلاب اسلامی در غرب کشور، چد انقلاب واشرار (فعالیتهای چد انقلاب)، ج٣، مجاهدتهای خاموش-مجموعه چهارم-کتاب سوم، دانشکنده فرماندهی وستادو علوم دفاعی-مرکز مگالعات وتحقیقات توسعه امنیت پایدار (پروژه شهید بروجردی)، چاپخانه سپاه پاسداران انقلاب اسلامی، چ١، ١٣٨٦، ص٩، ١٠؛ جیرارد جالدیان: المأساه الکوردیه، م.س، ص١٤٤.

کۆنەپەرستییەی، کە دەیویست بناغەی دیکتاتۆری لە ئێراندا دابمەزرێنێ[٦].

**دووەم: هۆکارەکانی جیابوونەوەی گرووپی حەوت کەسی لە حدکا:**

دوای کۆنگرەی چوار و لەو قۆناغەدا (حدکا) تووشی دووڕیانێکی ئاڵۆز و تەماوی بوو، کە حیزبی توودە بە ئاشکرا و بێ شاردنەوە نیازی خۆی دەردەبڕی و خوازیار بوو، کە شوێنپەنجەی لە پلان و نەخشە و پرۆگرامی (حدکا)دا هەبێ[٧]. بەتایبەتی دوای بەستنی کۆنگرەی چوار و دانیشتنی وەفدێکی (حدکا) بە سەرۆکایەتیی (غەنی بلووریان) لەگەڵ (بنی صدر/سەرۆککۆمار) لە تاران بە مەبەستی گفتوگۆ و پەسندکردنی داواکاری (٦) ماددەیی (حدکا) لەلایەن دەوڵەتەوە، بەڵام ئاکامی ئەو وتووێژە چی لێ نەکەوتەوە، ئەوە نەبێ دوای ماوەیەک، لەبری پەسەندکردنی خودموختاری، پێشنیاری بیرۆکەی (خودگەردانییان[٨]) خستە بەردەمی (حدکا)، ئەوەش ڕاستەوخۆ ڕۆڵ و کاریگەریی حیزبی توودەی لەسەر بوو[٩]. ئەمە جگە لەوەی (محەمەدئەمین سیراجی) پێشنیاری کردبوو بۆ ئەوەی کە دەوڵەتی شەورەوی حازر بێ پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ (حدکا) دابمەزرێنێ، پێویستە (غەنی بلووریان) ببێتە سکرتێری (حدکا)، بەڵام ئەو پێشنیارە ڕەت کرایەوە، پاش تەواوبوونی کۆنگرەش دیسان داوا

---

٦. ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران-ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ، لە سەر کۆتایی پێهاتنی کۆنفرانسی چوارەم، ل١٣؛ خدر مەرەسەنە: ئاوێنەی ڕاستییەکان، ب١، چ٢، چاپخانەی قانع، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٧٨؛ خدر مەسەنە: بیرەوەریەکانم بۆ مێژوو، ب٣، چ١، چاپەمەنی دیلان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٧٨.

٧. فاتح ڕەسول: بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان، چ ١، سوید-ستۆکهۆلم، ٢٠٠١، ل٢٢٦- ٢٢٧.

٨. خودگەردانی: دەستەواژەیەک بوو کە کۆماری ئیسلامی بەکاری دەهێنا بەرامبەر بە خودموختاری و حیزبی توودەش پروپاگەندەی بۆ دەکرد، ئەمەش تەنیا بۆ کەم ڕەنگ کردنەوە و بێ بایەخ کردنی ویست و داخوازیەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داتاشرابوو، لەبەرامبەریشدا قاسملوو ناوی لێ نابوو گەلاڵەی (سەرگەردانی). لەم بارەیەوە بگەڕێوە بۆ: (باسی سێیەم- بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە/ گفتوگۆو دانوستاندنەکانی نێوان کوردو کۆماری ئیسلامی).

٩. حوسێن بەخشی: س.پ، ل٢٤.

کرایەوە کە بلووریان ببێتە سکرتێر، بەڵام قاسملوو وەک سکرتێری (حدکا) لەلایەن ئەندامانی بیرۆی سیاسی هەڵبژێردرایەوە[١٠]، بەڵام لەپێناوی ڕێگریکردن لە تێکدانی ڕیزەکانی (حدکا)، داوا لە (غەنی بلووریان) کرابوو کە بە سەرۆکی (حدکا) دیاری بکرێ، هەرچەندە پۆستی سەرۆک لە پێڕەوی ناوخۆدا بوونی نەبوو، بەڵام ڕەتی کردەوە[١١]. چونکە یەکێک لە داواکارییەکانی حیزبی توودە، ئەوە بوو کە بلووریان ببێتە سکرتێری (حدکا)، لەبەر ئەوەی لایەنگری حیزبی توودە و زۆریش دەرویشی سۆڤیەت بوو، بۆیە ئەوان پێشنیاریان دەکرد کە جڵەوی کاروباری (حدکا) بەدەست ئەو بێ، بەڵام خودی بلووریان پێی وا نەبوو کە لە قاسملوو شایستەترە بۆ پۆستی سکرتێر، و ئەوانەی کە هانیشیان دەدا شوێنی ئەو بگرێتەوە، ئەوانیش لەو بڕوایەدا نەبوون، بەڵام مەسەلەکە زیاتر بۆ گەیشتن بوو بە مەبەستی خۆیان، چونکە گرووپی توودەی ناو (حدکا) بە هاندانی حیزبی توودە هەموو هەوڵی خۆیان بۆ ئەوە دەدا بە هەر شێوەیەک بێ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران ڕێک بکەون، بە بیانووی ئەوەی کۆماری ئیسلامی لەبەرەی دژی ئیمپریالیستییە و بۆیە پێویستە بە گەلاڵەی (خودگەردانی) ڕازی بنو چەک دابنێن، بەڵام ڕێبەرایەتی (حدکا) بە هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی ئامادەی درێژەدان بوو بە وتوویژ لەپێناوی خودموختاریدا، ئامادەش نەبوو چەک دابنێ[١٢].

هەروەها پێوەندیی (حدکا) بە ڕێژیمی بەعسی عێراق و وڵاتانی سۆسیالیستەوە بارودۆخێکی ناسروشتی لە ڕیزی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پەیدا کرد و، کێشە

١٠. عبدالله حسن زادە: نیوسەدە تێکۆشان، ب١، ل٢٣٠، ٢٣١ ؛ جێی ئاماژەیە حەسەن ڕەستگار لە نامەیەکی دا بۆ کەریمی حیسامی باسی مەسەلەکانی کۆبوونەوەی (برایمەی) کردووەو نوسیویێتی: "دوای ئەم ناکۆکیانە، سەرئەنجام رەئی گیری بۆ سکرتێرو مەکتەبی سیاسی کرایەوە، کە مامە غەنی بۆ سکرتێری ٧ یان ٨ دەنگی هێنایەوە، من یەکێک بووم لەو کەسانە کە رەئیم بە مامە غەنی دا هەرچەند چاک دەمزانی کە سەریش ناکەوێ، ....."، (دەقی نامەی دەستنووسی حەسەن ڕەستگار بۆ کەریمی حیسامی، لە بانەمەڕی ١٣٧٦ه).

١١. جەلیل گادانی: ٥٠ ساڵ خەبات، ب١، ل٢٣٢.

١٢. دفتر سیاسی حزب دمکرات کردستان ایران: اطلاعیە دربارهو: خیانت گروه ٧ نفری، ١٣٥٩/٣/٢٨.

و گرژیی دروست کرد، چونکە لایەنگرانی کۆنگرەی چوار پێیان وابوو دوای کۆنگرە بڕیار و ڕاسپاردەکانی حکوومەتی عێراق بەسەر (حدکا) و ڕێبەرایەتییەکەی سەپێندراوە [١٣].

بەگشتی سەرکردایەتیی حدکا-پێڕەوانی کۆنگرەی چوار، هۆکاری جیابوونەوەی خۆیان بۆ ئەم خاڵانە گەڕاندبووەوە:

١- پێڕەوانی کۆنگرەی چوار پێیان وابوو کە (حدکا) پشتیوانی لە شۆڕشی ئێران کردووە و، بە واتایەکی دیکە ئەوان دەیانویست ئەو واتایە بەو پیشتیوانییە بدەن کە (حدکا) دوور لە چاوی خەڵکی لەگەڵ ڕێژیمی ئێران لە پێوەندییەدا بووە.

٢- (حدکا) لە ڕیفراندۆمی ساڵی ١٩٧٩دا بەشداریی نەکردووە[١٤]، و ئەرکێک، کە لەسەر شانی بووە بەجێی نەگەیاندووە.

٣- لە (حدکا)دا دیموکراسی نییە و ئەندامانی حیزبی ناتوانن بیروڕای خۆیان بە ئازادی دەربڕن.

٤- بەگشتی لایەنگرانی کۆنگرەی چوار (گرووپی حەوت کەسی[١٥])، هۆیەکانی دژایەتی و جیابوونەوەی خۆیان دایە پاڵ قاسملوو وەک سکرتێری (حدکا) و بەلادان لە بەرنامە و پەیڕەوی حیزب، پەسندکراوی کۆنگرەی چوار و بەرزکردنەوەی دروشمی

---

١٣. فاتح ڕەسول: بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان، س. پ، ل٢٢٧.

١٤. مەبەست لە ریفراندۆمی دەنگدان بە دیاریکردنی جۆری رژێمی نوێ لەنێوان پاشایەتیو کۆماری ئیسلامی، کە حدکاو هێزە سیاسیەکانی دیکەی کوردستانیش لەکاتی خۆیدا بەشداریان تێدا نەکردوو بایکۆتیان کردو وەک ئەرکێکی نەتەوەییو نیشتمانی رەوایەتی دانیان بە کۆماری ئیسلامی ئێران رەتکردەوە..

١٥. حەوت کەسەکەش: (غەنی بلوریان، محەمەد ئەمین شیخ الاسلامی (م.هێمنی شاعیر)، ئەحمەد عەزیزی، فاروق کەیخوسرەوی، نوید معینی، فەوزیە قازیو ڕەحیم سەیفی قازی)بوون، و(محمد ئەمین سیراجی)، کە پێشتر ئەندامی مەکتەبی سیاسی (حدکا) بوو، بەڵام لە کۆنگرەی چواردا هەڵنەبژێردرایەوە، وەک کەسایەتی دووەم لەدوای غەنی بلوریان، ڕۆڵی سەرەکی لەم جیابوونەوەیەدا هەبوو، (د.مصگفی ایزدی، جواد استکی، مسعود یاران: تاریخ بیست ساله پاسداری از انقلاب اسلامی در غرب کشور، چد انقلاب واشرار (فعالیتهای چد انقلاب)، ج٣، م.پ، ص١٠).

شەڕی چەکدارانە دژ بە ڕێژیمی خومەینی و لایەنگری کردن و گرێدانی پێوەندی بە دەوڵەتی عێراقەوە و گوێنەدان بە ئەندامانی ڕێبەری (حدکا) و سەپاندنی دەسەڵاتی تاکڕەوانەی خۆی بە سەریاندا[١٦]، هەرچەندە (حدکا) سیاسەتەکانی بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی باش لێکدایەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی تەواو لەوە دڵنیابوو، کە خومەینی مافی کورد ناسەلمێنێ و لە هەمان کاتیشدا پێوەندییەکانی لەگەڵ عێراق لەسەر ئەو بنەمایە دەبێت، کە سەربەخۆیی سیاسیی خۆی بپارێزێ، بەڵام لە ڕاستیدا هۆکاری جیابوونەوە و دژایەتیکردنی قاسملوو لەلایەن ئەو حەوت کەسەوە، هەوڵی حیزبی توودە و لایەنگرانی دژ بە قاسملوو بوو بۆ لەتکردنی پارتەکەی و لاوازکردنی[١٧].

لەڕاستیدا بیرۆکەی گرووپی حەوت کەسی، پێش کۆنگرەی چوار داڕێژرابوو، بیرۆکەیەک، کە ڕاستەوخۆ لەلایەن حیزبی تودەوە ڕێنووێنی دەکرا، هۆکاری ئەو دەستێوەردانەی حیزبی توودە لەنێو (حدکا)دا ئەوەبوو، کە توودە لە ئێران متمانەی خۆی لەدەست دابوو، بۆیە دەیویست لە ڕێگەی (حدکا) و ڕێکخراوەکانی دیکەوە بێتەوە گۆڕەپان و متمانەی خۆی وەدەست بێنێتەوە[١٨]. هەروەها حەسەن ڕەستگاریش هەر هەمان بۆچوونی هەبوو کە حیزبی توودە دزەی بۆ نێو (حدکا) کرد و لەو کەناڵەوە هەوڵی وەدەستهێنانەوەی متمانەی دەدایەوە، بۆ ئەمەش (غەنی بلووریان) بەرپرس و دیاریکراوی حیزبی توودە بوو بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانی لەنێو (حدکا)دا، کە بەهاوکاری ڕاستەوخۆی (محەممەد ئەمین سیراجی) زۆریان هەوڵ دا بۆ ئەوەی بیر و سیاسەتی حیزبی توودە بۆ نێو ڕیزەکانی بهێنن، کە تا پێش بەستنی کۆنگرەی چواریش، زۆر کەس کەوتبوونە ژێر کاریگەریی ئەو بیرۆکەیەوە[١٩]،

١٦. نادر ئینتیسار: س. پ، ل٩١؛ جیرارد چالدیان: م.س، ص١٤٤؛ بۆزیاتر بڕوانە: (غەنی بلووریان: س. پ، ل٣٤٤- ٣٤٧).

١٧. مازیار بهروز: شورشیان ارمانخواه ناکامی چپ در ایران، ترجمە: مهدی پرتوی، چ٢، چاپ شمشاد، تابستان ١٣٨٠ه (هاوینی ٢٠٠١ز)، ص٢٢٢.

١٨. عبدالله حسن زادە: نیوسەدە تێکۆشان، ب١، ل٣٦٩.

١٩. چاوپێکەوتن لەگەڵ (حەسەن ڕەستگار)، کۆیە، ٢٠١١/٥/٣١. (حەسەن ڕەستگار خەڵکی مەهابادەو

بۆیە لە کۆنگرەی چواردا، (حدکا) تووشی قەیرانێکی ناوخۆیی بووەوە، کە دواتر ئاکامی ئەم جیابوونەوەیەی لێ کەوتەوە.

هەر سەبارەت بەو جیابوونەوەیە سەرانی توودە لە یادداشتەکانیاندا بە ئاشکرا دانیان پێدا ناوە، لەو بارەیەوە کیانووری دەڵێ: "عەلی گەلاویژ دوای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لێپرسراوی کوردستان بوو، لە سەرتاسەری کوردستاندا دەگەڕا و شانە حیزبییەکانی ڕێک دەخست، گەلاویژ لە پرسی جیابوونەوەی غەنی بلووریان لە گرووپی قاسملوودا ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو، لە هەموو کارێکدا ئەوانی ڕێنمایی دەکرد"[20]. بۆیە هۆی سەرەکیی جیابوونەوەیان ڕێنمایی و ڕاسپاردەکانی حیزبی توودە بوو، چونکە گرووپی حەوت کەسی، بەچاوی حیزبی دایک سەیریان دەکرد و کاتێک لە قاسملوو جیابوونەوەو دژایەتییان کرد، چوونە ڕیزی ئەو حیزبەوە[21].

قاسملووش هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم جیابوونەوەیەی بەم شێوەیە دیاری کردووە: "هۆی ئەسڵی ئینشعابەکە (واتە جیابونەوەکە/ هع) جیا لە زەعفی فیکری و بیر و باوەڕی، دەتوانین بڵێین دوو شت بوو: یەکێکیان دەخاڵەتی ڕاستەوخۆ و هاندانی حیزبی توودە. دووەمیان ماندوویێتی و بێورەیی ئەم گرووپە لە خەبات بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی"[22].

---

ساڵی ١٩٣٥ لەدیک بووەو لە ساڵی ١٩٥٧ بوەتە ئەندامی (حدکا)و لەو ماوەیەدا (٩) خوول ئەندامی ڕێبەرایەتی بوەو بۆ ماوەی (١٢) ساڵ ئەندامی مەکتەبی سیاسی بووەو (١٤) ساڵیش ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بووە. زۆر بەر پرسیاریەتی دیکەشی لە ئەستۆ گرتوە. ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ باڵی جیابۆوەی (حدکا-ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ) کەوتو تیایدا ج.سکرتێری ئەم حیزبە بوو لە (١٩٨٨-١٩٩٤)- وپاشان بوو بە سکرتیری ریبەرایەتی شورشگیر لە ١٩٩٤-١٩٩٧.

٢٠. نورالدین کیانوری: خاطرات نورالدین کیا نوری، مؤسسە تحقیقات وانتشارات دیدگاه، ط٢، انتشارات اگلاعات، تهران- ١٣٧٢ه، (١٩٩٣ز)، ص٥٣٣.

٢١. سەید علی ڕەحمانی: بەشێک لەبیرەوەرییە تاڵ و شیرینەکانی ژیانم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٧٢-١٧٣؛
Philip G.Kreyenbroek and Stefan Sperl: the Kurds a Contemporary Overview، London and New York، First published 1992، p.148-149.

٢٢. د.قاسملوو: مێژووی ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات، (تێکۆشەر)، ناميلكەی نێوخۆیی (حدکا)،

هەلومەرجی دوای کۆنگرەی چوار و بەتایبەتی ڕاگەیاندنی شەڕی چەکداری دژ بە ڕێژیمی خومەینی، کە تێیدا لە پێدانی مافی کورد بە ڕێگەی گفتوگۆ و ئاشتی بێهیوا بوو، ئەم گۆڕانە سیاسییە لە حدکادا، پارتەکەی ڕووبەڕووی جیابوونەوەی نێوخۆیی کردەوە، چونکە دوای کۆنگرەی چوار لەساڵی ١٩٨٠دا، کە کێشە و ململانێیەکان هەر بەردەوام بوون و درێژەیان کێشا و دوو لایەنی لە یەک جیا، لایەنی قاسملوو، کە سوور بوو لەسەر کوردستانییەت و سەربەخۆیی (حدکا) و لایەنی غەنی بلووریان کە دەیویست (حدکا) ببێتە بەشێک لە حیزبی توودە و پشتیوانی لە کۆماری ئیسلامی ئێران بکات، ئاکامی ئەو کێشە و ململانێیە بەوە گەیشت، (حەوت کەس) لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی (حدکا)، بە پیلانی حیزبی توودەوە نەک هەر حیزبیان بەجێ هێشت، بەڵکوو بە پێی بەرنامەی داڕێژراوی ئەم حیزبە، خۆیان بۆ بەربەرەکانێ و دژایەتیکردنی (حدکا) ئامادە کرد و[23]، لە نامیلکەیەکی (٢٨ لاپەرەیدا) وێڕای شیکردنەوە و پێداچوونەوە بە هۆیەکانی ناتەبایی نێوان دوو ساڵی ڕابردووی (حدکا)، دابڕانی خۆیان لە (١٩٨٠/٦/١٥)دا ڕاگەیاند و بەناوی "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا)-پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار" دەستیان بە کار کرد[24]. لەو نامێلکەیەدا (حدکا) بەشەڕ هەڵگیرسێن و بەستراو بە بێگانەوە و، کۆماری ئیسلامیش بە ڕێژیمێکی دژە ئیمپریالیستی و پێشکەوتووخواز ناوزەد کرابوو[25].

---

پاشکۆی تێکۆشەری ژ.(٢٧)، ل٢٣.

٢٣. سەعید کاوە (کوێستانی): س.پ، ل٢١٤؛
FaridehKoohi-Kamali: The Political Development of the Kurds in Iran، Pastoral Nationalism، Department of Social Sciences، New School University، New York، First published by PALGRAVE MACMILLAN، 2003، p.192.

٢٤. چرا اعلام موجع کردیم، ڕۆژنامەی (کوردستان)، ارگان کمیتە مرکزی حزب دمکرات کردستان ایران (پیرو کنگرهو چهارم)، ژ.(١)، دورهو جدید، دوشنبە ١٦ تیرماه ١٣٥٩-٧ جولای ١٩٨٠، ل١-٢.

٢٥. ریکخراوی حیزبی دیموکراتی کوردستان (تەشکیلاتی مەهاباد): بەیاننامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان تەشکیلاتی مەهاباد لەسەر هەلویستی خائینانەی دەستەی ٧ کەسی، ١٣٥٩/٤/١٥ (دەستنووس) ؛ بۆزیاتر بڕوانە: (حوسێن بەخشی: س.پ، ل٣٠-٣١).

سەبارەت بەو جیابوونەوەیە غەنی بلووریان دەڵێ: "مەبەستمان لەتبوون نییە بە جیابوونەوەی ناو نانێین، بەڵکوو بە ڕەتکردنەوەی باندەکەی قاسملووی ناو دەبەین[٢٦]". هەرچەندە قاسملوو زۆری هەوڵ دا ئەو دەستەیە بۆ نێو (حدکا) بگەڕێنێتەوە، بەڵام سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، چونکە پێیان وابوو ئەو خۆی لە پرەنسیپەکانی حیزب لای داوە[٢٧].

بەمەش یەکەمین نیشانەکانی ناکۆکی و ململانێی لە ئاستی ڕێبەرایەتیدا لەنێو (حدکا)دا دوای کۆنگرەی چوار دەرکەوت[٢٨].زۆری نەخایاند سێ ئەندامی دیکەی کۆمیتەی ناوەندی (حدکا) وەک: (ڕەحمان کەریمی، سەننار مامەندی، جەهانگیر ئیسماعیلزادە) هاتنە پاڵیان[٢٩]، کە لەنێو خۆیاندا (غەنی بلووریان) بە سکرتێر و (محەممەدئەمین سیراجی و ڕەحیم سەیفی قازی و نەوید موعینی و ئەحمەدی عەزیز) یان بۆ مەکتەبی سیاسی هەڵبژارد[٣٠].

لە یەکەم کۆبوونەوەی دوای جیابوونەوەیاندا بڕیار درا ژمارەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار زیاد بکرێ، کە پاشان سێ کەسی دیکە ئەم ئەرکەیان پێ سپێردرا، لەوانەش: (قادری خالیدی، ناسری خۆشکەلام، حوسێنی بەخشی) بوون[٣١]، هەروەها بڕیاریان دا کە هەر ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی

٢٦. وەرگیراوە لە: (جەلیل گادانی: با نەبێتە درۆی پاش مردوو، ل٢٩٠) ؛ بۆزیاتر لەو بارەیەوە بڕوانە: (برایم فەرشی: س.پ، ل٢١١–٢٢٢).

٢٧. جەلیل گادانی: ٥٠ ساڵ خەبات (کورتە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران)، ب٢، چاپخانەی هیوا، ڕانیە، ٢٠٠٤، ل٢٣–٢٥.

٢٨. عبدالله کیخسروی: م.پ، ص٥٢؛ جلیلی جلیل وأخرون: م.س، ص٢٧٩.

٢٩. شایەنی باسەدوای ماوەیەک ڕەحمان کەریمی بەشێوەیەکی نادیار کوژراو سەننار مامەندی دووبارە چۆوە ڕیزەکانی (حدکا-گرووپی قاسملوو)، بڕوانە: (د.مصگفی ایزدی، جواد استکی، مسعود یاران: تاریخ بیست سالە پاسداری ....، ج٣، ص١٠).

٣٠. فاتح ڕەسول: بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان، س. پ، ل ٢٢٧؛ د.قاسملوو: مێژووی ڕێبەرایەتی، س، پ، ل٢١.

٣١. حوسێن بەخشی: س. پ، ل٣٨.

لـە گرووپـی قاسـملوو جیـا بێتـەوە و بچێتـە لای ئـەوان، ئـەوا لـە کۆمیتـەی ناوەندیـی پەیڕەوانـی کۆنگـرەی چـوار ڕاسـتەوخۆ جێگـەی دەبێتـەوە[٣٢]، ئـا ئـەو دیاردەیـەش بـوو بەهـۆی ئـەوەی ئومێدی یەکگرتنەوەیـان بـەو ڕادەیـە لاواز بێ، کـە دۆخـی پەیوەندییـەکان بچێتـە قۆناغێکـی هەسـتیار و دژ بـە یەکترییـەوە، بەتایبەتـی کاتـێ ئـەوان خۆیـان بـە (حدکا)-پیڕەوانـی کۆنگـرەی چـوار ناسـاندبوو لـە بەرامبـەر قاسـملوو و لایەنگرانـیدا، کـە پێیـان وابـوو لـە ڕێبـازی کۆنگـرە لایـان داوە[٣٣]، بـەڵام (حدکا) بەنـاوی تاقمـی حـەوت کەسـی نـاوی دەبـردن[٣٤].

بێجگـە لـەوەش دەفتـەری سیاسـی (حدکا) هـەر لـە یەکـەم ڕۆژی دوای بڵاوبوونـەوەی بەیاننامەکـەی گرووپـی حـەوت کەسـیدا، ئاگادارییەکـی زۆر کورتـی لەژێـر نـاوی (خیانەتی تاقمـی حـەوت کەسـی)دا بـڵاو کـردەوە و لـەوێـدا وێـڕای ڕاگەیاندنـی ڕۆیشـتنی ئـەو چەنـد کەسـەی (حـدکا)، باسـی کۆبوونـەوەی کۆمیتـەی ناوەندیـی هێنابوویـە گـۆڕێ و هیواخـوازی ئـەوە بـووە لـەو کۆبوونەوەیـەدا، کـە ئەوانـە بـە جـاش نـاوزەد بکرێـن[٣٥]. بۆیـە دواتـر، لـە پلینۆمـی ڕۆژی پێنجشـەممە (١٩٨٠/٧/٢٣)دا، هەڵوێسـتی ئـەو گرووپـە حـەوت کەسـییەی بەخیانـەت دانـا و بڕیـاری دەرکردنـی هەموویانـی لـە ڕیزەکانـی خـۆی دا و بەجـاش و خاینـی گەلـی ناسـاندن[٣٦].

---

٣٢. غەنی بلوریان: س. پ، ل ٣٥٢.

٣٣. کریس کۆچێرا: خەباتخوازی کورد، و.ئاسۆ حەسەن زادە، چ ١، ب.ش، ١٩٩٩، ل٨٠.

٣٤. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران–دەفتەری سیاسی: پەخشنامەی نیوخویی، ١٣٥٩/٤/٧.

٣٥. حزب دمکرات کردستان ایران–دفتر سیاسی: اطلاعیه دربارهو خیانت گروه ٧ نفری، ١٣٥٩/٣/٢٨.

٣٦. دیموکراتـی راسـتەقینە کامـەن؟، ڕۆژنامـەی (کوردسـتان)، ارگان کمیتـە مرکـزی حـزب دمکـرات کردسـتان ایـران (پیرو کنگرهـو چهـارم)، ژ.(٢)، دورهـو جدیـد، دوشـنبە ٢٣ تیـر ١٣٥٩–١٤جـولای ١٩٨٠، ل١–٤؛ حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێران–کۆمیتـەی ناوەنـدی: بریارنامـە، ١٣٥٩/٥/٤ ؛ شـایەنی باسـە جیابوونـەوەی گروپـی حـەوت کەسـی وێنـای خراپـی لای دەرونـی خەڵکـی کوردسـتان بەگشـتی دروسـتکردو بەشـێک لـە خەڵکـی دروشـمو پیاهەڵدانـی خراپیـان پـێ دەوتـن، بـۆ وێنـە: لەشـاری مەهابـاد دەگوتـرا: مامـە غەنـی هاتـەوە، یاخـوا بەخێـر نەیەتـەوە، یاخـوا بگیرێتـەوە، بەملـی شـکاو هاتـەوە؟!!، بڕوانـە: (موسـتەفا زارعـی: باسـێک لەسـەر ئینشـیعابەکانی حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێـران، ٥/ کانونـی دووەمـی ٢٠٠٧، http: //www.peshmergekan.com)..

ئەمە لەکاتێکدایە کە لەنێوان ساڵانی (١٩٧٩-١٩٨٠)دا سەرجەمی ئەندامان و لایەنگرانی (حدکا) لەیەک سەنگەردا بوون، زۆربەی ئەندامانی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار ئەو کەسانە بوون کە ڕاستەوخۆ لە پەرەپێدان و ئامانجەکانی (حدکا) ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو، بۆ وێنە: کەسانی وەک هێمن موکریانی لە کۆنگرەدا نازناوی شاعیری نەتەوەیی پێ درا، غەنی بلووریان بە (٢٥) ساڵ ڕابردووی زیندان و ڕاکێشانی دەنگی سەرجەمی ئەندامانی کۆنگرە بۆ لای خۆی سەنگی خۆی هەبوو، و محەممەدئەمین سیراجی و ڕەحیم سەیفیقازی و بە دەیان کەسی دیکە، کە خەبات و تێکۆشانی ساڵانی دوور و درێژی ژیانی خۆیان لە ئاوارەیی و دەربەدەری بەسەر بردبوو، کەچی دوای جیابوونەوە ئەو خەباتەیان لە بازنەی خائین و جاش بۆ داندرا[٣٧]، بۆیە کاردانەوەی هەڵویستی نادروست و خراپی نابەرپرسانەی هەردوو لایەن بەرامبەر یەکتری، ڕەوشی نێوخۆیی (حدکا)ی شێواند و قەیرانی شەڕی ڕاگەیاندن و ناو و ناتۆرە لێکنان و هەڵکوتانە سەر یەکتری، بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستانی بەرامبەر بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد سارد کردەوە و، بەشێکی تریشی ڕادەستبوونی کادرەکانی حیزب لەسەر ئاستی پلەی جۆراوجۆردا بە ڕێژیمی ئێرانی لێ کەوتەوە[٣٨].

هەرچەندە جەماوەری (حدکا) و خەڵکی کوردستان بەزۆری لە دەوری (حدکا)

٣٧. انشعاب یا گرد منحرفین، ڕۆژنامەی (کوردستان)، ارگان کمیتە مرکزی حزب دمکرات کردستان ایران (پیرو کنگرهو چهارم)، ژ.(٣)، دورهو جدید، دوشنبە ٣٠ تیر ١٣٥٩-٢١جولای ١٩٨٠، ل١-٣، ٧.

٣٨. بۆ وێنە: لە نیسانی ١٩٨٣دا سێ کادیری (حدکا) خۆیان ڕادەستی ڕژێم کردەوە، ئەوانیش: (قادر عبدی/ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی-سەعید سوڵتانیانو سەعید ئەفشار/ دوو کادیری دیاری ڕیزەکانی حدکا)، کە لەلایەن سەرکردایەتی (حدکا)وە هێرشی توندیان کرایە سەرو لە ڕاگەیەندراوێکی کۆمسیۆنی تەشکیلاتیاندا هاتووە: "... ماوەیەکی درێژە بەهۆی جۆر بەجۆر وەک: بەزیوی، ترسەنۆکی، دووڕوویی، بێکارەییو دەست پیسی لە ریزەکانی حیزب دەرکراونو وەلانراون..."، کۆمسیۆنی تەشکیلاتی ح.د.ک.ا: ڕاگەیەندراوەی کۆمسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ١٣٦٢/١/٣١، (دەستنووس).

لەژێر ڕێبەرایەتیی قاسملوودا مانەوە[٣٩]، بەڵام ئەو جیابوونەوەیە گورزێکی کوشندەی ئەوتۆی لە بزووتنەوەکە وەشاند، کە بوو بەهۆی لاوازبوونی پێگەی کورد بۆ بەردەوامیی خەبات لەپێناو بەدەستهێنانی خودموختاری، هەروەها ئەو ململانێیانە زەمینەی بۆ دەسەڵاتدارانی تاران خۆش کرد پیلانی کارەکانی چالاکتر و ئەو هێرشە سەربازییەی لە بەهاری ١٩٨٠دا بۆ سەر کوردستانی هێنابوو بۆ داگیرکردنەوەی بەشێوەیەکی فراوانتر کاراتر بکا، کە لە ڕێگای دادگا سەربازییەکانییەوە چەندین کارەسات و کوشتاری بەکۆمەڵی لێکەوتەوە[٤٠].

**سێیەم: گروپی حەوت کەسی و تێکۆشانی سیاسییان لەپاڵ کۆماری ئیسلامی ئێران:**

پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم، لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠-١٩٨٥ کە بوونیان هەبوو، لەو ڕۆژگاردا ئۆرگانی خۆیان بە ناوی ( کوردستان ) لە شارەکانی وەک تاران و تەورێز بۆ بەکێشکردنی سەرنجی حکوومەت بەلای داواکارییەکانیان پەخش و بڵاو دەکردەوە، لەو بڵاوکراوەیاندا دەقاودەق مۆرکی سیاسەت و بۆچوونەکانی حیزبی توودەیان بڵاو کردبووەوە[٤١]، کە بە سیاسەتی حیزبی توودە و گەشبینیی بێهودەیی

---

٣٩. کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی، ب٢، ل٦٨؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل١٦٩؛ شایەنی باسە سەبارەت بە هەڵوێستی جەماوەری (حدکا) عەبدوڵڵا حەسەن زادە دەڵێ: "...وەختێکی کە ئەوان جوودایییان ئیعلام کرد، میتینگێکمان لە مەهابادێ پێک هێنا کە مەرحوومی دوکتور قاسملوو قسەی بۆ خەڵکەکە کرد. پاش ئەوەی هێندێک قسەی لە سەر کرد، گوتی بابە فەلسەفەبافیی پێ ناوێ، ئیختلافی ئێمە و ئەوانە یەک شتە: ئێمە چەک دانێین؟ یا دای نەنێین؟، لێکرا حدودی هەشتا هەزار کەس هاواریان کرد دای نانێین، تەسلیم نابین. یانی تەسلیمی بێ قەید و شەرت لە موقابیل دوژمنێکدا کە دەیەوێ ماف و ئازادییەکانت لا ژێر پێ نێ، کاری ئینسانی ئازا نیە، کاری ئنیسانی شەریف نیە، کاری ئینسانی بەغیرەت نیە. ڕەنگە پێی نەوێرین، بەڵام تەسلیمی نابین..."، بڕوانە: (کۆمسیۆنی چاپەمەنیی حدکا (ئامادەکردنی): وتوویژ لەگەڵ عبداللە حسن زادە...، س، پ، ل٢٥، ٢٦).

٤٠. جلیلی جلیل وأخرون: م.س، ص٢٧٩.

٤١. بڕوانە: (حوسێن بەخشی: س.پ، ل٣٨) ؛ شایەنی باسە تەنها سێ ژمارەمان لەو ڕۆژنامەیە لەبەردەستدایە، بەڵام بەگشتی لەهاوینی ١٩٨٠ تا زستانی ١٩٨٣، نزیکەی (٣٠) ژمارەی لێ دەرچووە،

خۆیان پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت، کە بەهەر شێوەیەک بێ، دەبێ پەسندکراوەکانی کۆنگرەی چوار پەیڕەو بکرێ[٤٢]. کاتێک شەڕی ئێران-عێراق هەڵگیرسا، دایانە پاڵ ڕێژیمی ئێران و بەهەموو شێوەیەک پشتیوانی و هاریکاریی خۆیانیان بۆ دەربڕی[٤٣].

هەروەها لە سەرەتای پاییزی ١٩٨٢دا، لە کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندییاندا لە تاران، بەهاوکاری و ڕاوێژی حیزبی توودە ڕەشنووسی "بەڵگە نامە پەسندکراوەکانی کۆنفرانسی حدکا-پێڕەوانی کۆنگرەی چوار" ئامادە دەکەن، کە پوختەی ناوەڕۆکەکەی بەرگری و پشتیوانی لە سۆسیالیزم و بەرەی دژی ئەمپریالیزم و هێڵی دژی ئەمپریالیستیی خومەینی بوو، هەروەها بە بیانووی بارودۆخی ئێران، دروشمی بنەڕەتیی حدکا (دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان) دەگۆڕن بە: سەرکەوتنی شۆڕشی خەڵکی دژی ئەمپریالیستی ئێران و دابینکردنی خودموختاری ئیداری و فەرهەنگیی کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی ئازاد و ئاوەدان و سەربەخۆدا[٤٤].

بەمجۆرە لە خەبات و داڕشتەی کارنامەی سیاسییاندا دەردەکەوێ خواست و داوایان لە چوارچێوەی هەموو خاکی ئێراندا خودموختاری کارگێڕی و فەرهەنگی بوو. بەوەش پێیان وابوو بۆ دابینکردنی ئەو دروشمە پێویست بە شەڕی چەکداری نییە و بە ڕێگەی سیاسی و وتووێژەوە ڕێگەچارەی بۆ بدۆزرێتەوە[٤٥]. بەتایبەتی بە

---

کە ژ.(١) لە ٧/جولای ١٩٨٠و ژ.(٢) لە ١٤ جولای ١٩٨٠و ژ.(٣) لە ٢١ جولای ١٩٨٠ دەرچووە، لەگەڵ نەمانی ئەو گروپە ڕۆژنامەکەش نەماوە. (٣ ژمارە لەو ڕۆژنامەیە لای نوسەری ئەم وتارەیە).

٤٢. د.حسین خەلیقی: ژان و ژیان، ب٢، چ ١، سوید، ١٩٩٩، ل ٤٤.

٤٣. بیانیە کمیتە مرکزی حزب دمکرات کردستان ایران (پیرو کنگرهو چهارم) در مورد کودتای نافرجام عوامل امپریالیسم، ڕۆژنامەی (کوردستان)، ارگان کمیتە مرکزی حزب دمکرات کردستان ایران (پیرو کنگرهو چهارم)، ژ.(٢)، دورهو جدید، دوشنبە ٢٣ تیر ١٣٥٩-١٤جولای ١٩٨٠، ل١٧.

٤٤. حوسێن بەخشی: س.پ، ل٤٩.

٤٥. راە حل □ منگقی مسئلهو کردستان!!!، ڕۆژنامەی (کوردستان)، ارگان کمیتە مرکزی حزب دمکرات کردستان ایران (پیرو کنگرهو چهارم)، ژ.(١)، دورهو جدید، دوشنبە ١٦ تیرماه ١٣٥٩-٧ جولای ١٩٨٠، ل٨، ١٢.

هۆی پڕوپاگەندە و هەڵسەنگاندنەکانی حیزبی توودەوە هاتبوونە سەر ئەو باوەڕەی، کە کۆماری ئیسلامی لە توانایدایە کێشەی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا چارەسەر بکات. بۆ ئەم مەبەستەش بڕیاریان دا گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەتی ئێران دا بکەن و لەو ڕێگەیەوە بگەنە ئەنجام، چونکە کیانووری سکرتێری حیزبی توودە، غەنی بلووریانی ڕازی کردبوو کە ڕۆڵی ئەو پیلانە لە دژی قاسملوو بگێڕێ و پێی گووتبوو ئەگەر بێتو ڕێبەرایەتیی (حدکا) بگۆڕێ، ئەوا کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەو ڕێک دەکەوێ و ئەو کاتەش هەرخۆی بەڕێوەبردنی دامودەزگەکانی خودموختاری لە کوردستاندا دەکەوێتە ئەستۆ[٤٦].

بەم شێوەیە لایەنگرانی حیزبی توودە، کە لەژێر ناوی حدکا-پەیڕەوانی کۆنگرەی چواردا درێژەیان بە کاری سیاسی خۆیان دا، پێیان وابوو کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دژ بە ئەمپریالیزمە و هەر بۆیەش دەبێ لەو ڕێگەیەدا یارمەتی بدرێ و هاوپەیمانیەتی لەگەڵدا ببەسترێ، ئەویش لە بەرامبەردا مافەکانی کورد دەسەلمێنێ[٤٧]. بەڵام لەڕاستیدا ئەم گرووپە نەک هەر نەیانتوانی متمانەی ڕێژیمی تاران بەدەست بێنن، بەڵکوو هەندێک لە هاوکار و ئەندامەکانیشیان تێرۆر کران، وەک: (مەلا کەریمی شاریکەندی[٤٨])و (ناسری خۆشکەلام ١٩٨٣/٤/٢٥)[٤٩].

**چوارەم: چارەنووسی سیاسیی گرووپی حەوت کەسی و ئاکامەکانی جیابوونەوەیان:**

---

٤٦. بیانیه عده ای از أعچاو حزب دمکرات کردستان ایران: کاک غنی شما چرا؟، بیتا، ص١-٢.

٤٧. انشعاب یا گرد منحرفین، ڕۆژنامەی (کوردستان)، ارگان کمیته مرکزی حزب دمکرات کردستان ایران (پیرو کنگرهو چهارم)، ژ.(٣)، دورهو جدید، دوشنبه ٣٠ تیر ١٣٥٩-٢١جولای ١٩٨٠، ل٢-٣.

٤٨. مەلا کەریمی شاریکەندی یەکێک بوو لە کەسایەتیە ئاینیو نیشتمان پەروەرانی کورد، کە لە نێو خەڵکی مەهابادو دەوروبەری بە پیاو چاک ناسرابوو، لەسەر داوای گروپی حەوت کەسی کەوتە وتووێژ لەگەڵ سەرانی کۆماری ئیسلامی بەمەبەستی جێبەجێکردنی داخوازیەکانیان، بەڵام لە ١٩٨٢/٣/٢٢دا لەلایەن پێشمەرگەیەکی کۆمەڵەوە تیرۆرکرا.

٤٩. حوسێن بەخشی: س.پ، ل٥٣؛ بەڵام پێچەوانەی ئەمە بلوریان لە یادداشتەکانی دا نوسیوویێتی: "..ئەندامانو بەرپرسو کادیرەکانی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار بەرلەوەی ڕژێم بتوانێ دەستیان لێ بوەشێنێ خۆیان ڕزگارکرد..". بڕوانە: (غەنی بلوریان: س. پ، ل ٣٥٤ – ٣٥٥).

بەو جۆرە دوای هەڵگیرسانی شەڕی نێوان کورد و کۆماری ئیسلامی و دوای کۆنترۆڵکردنی شارەکانی کوردستان لە ١٩٨٣دا، هاوکات پەلاماردانی هێزە چەپەکان و ڕاگەیاندنی هەڵوەشاندنەوەی حیزبی توودە و...تاد[٥٠]، ئیتر کۆماری ئیسلامی پشتی لە داخوازییەکانی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم کرد، هەرچەندە هەوڵیان دا ڕێگەیەک بۆ سەلماندنی داخوازییەکانیان بەسەر حکوومەتدا بدۆزنەوە، بەڵام (حدکا) "تاوانی" توودەییبوونی خستبوونە پاڵ لەلایەک و، لەلایەکی تریشەوە ڕێژیم ئەوانی بەوە تاوانبار دەکرد، کە گوایە بە فێڵ لە (حدکا) جیا بوونەتەوە و ناوی پەیڕەوانی کۆنگرەی چواریان لە خۆیان ناوە[٥١]، وەک لە نوسراوەکانی سپای پاسداراندا ئاماژە بۆ ئەم ڕاستییە کراوە و تێیدا هاتووە، کە (غەنی بلووریان) خواستی ئەوەیە، هەرچی زووترە ئیمتیازات لە دەوڵەت وەربگرێ بەو نیازەی کوردستان بکاتە پێگەی کۆمۆنیزمی سۆڤییەتییەکان[٥٢].

بۆیە لە ساڵی ١٩٨٣دا هاوکات لەگەڵ هێرشی کۆماری ئیسلامی، بەشێک لە پێڕەوانی کۆنگرەی چوار بەهۆی دۆستایەتییان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان (پ.د.ک/ قیادەی موەقەتە)و شارەزاییان لە ناوچەکاندا، توانیان بە ڕێگەی (ڕاژان)و بە یارمەتی (پارتی) پاش چەند ڕۆژێک بگەنە بارەگەی بارزانی لە دەشتی (بەراز گر)، لەوێشەوە تا بنکەی مەکتەبی سیاسیی پارتی لە (لۆلان)، کە (پارتی) بارودۆخی ژیان و ئاسایشی بەئەستۆ گرت. بەشێکی دیکەشیان لەلای حیزبی شیوعی عێراق- سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان (حشع/ س.ە.ک) نیشتەجێ بوون، کە ئەو حیزبە ژیانی بۆ دابین کردبوون[٥٣].

دوای ئەمە لە کۆتایی حوزەیرانی ١٩٨٣دا کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی

---

٥٠. جیرارد چالدیان: م.س، ص١٤٤.

٥١. غەنی بلوریان: س. پ، ل ٣٥٠.

٥٢. بڕوانە: (دفتر سیاسی سپاه پاسداران انقلاب اسلامی: کردستان "امپریالیزمو گروههای وابستە"، م.پ، ص٣٩).

٥٣. غەنی بلوریان: س. پ، ل ٣٥٧؛ حوسێن بەخشی: س. پ، ل٥٥.

پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار بە بەشداریی زۆربەی ئەندامانی لە چیای (لۆلان) بەسترا و ناوی پلنیۆمی لێ نرا و کۆبوونەوەکە لەسەر ئەم خاڵانە قسەی کرد:

١. لەسەر پێشنیاری غەنی بلووریان بڕیار درا سێ کەس، (غەنی بلووریان- محەممەدئەمین سیراجی-فەرید موعینی) تەنیا بۆ باس و ڕاوێژکردن لەگەڵ حیزبی توودە و چەند لایەنی تر بچنە دەرەوە و لەماوەی (٣-٤) مانگدا بگەڕێنەوە کوردستان.

٢. تا گەڕانەوەی ئەو سێ کەسە، کاروباری کۆمیتەی ناوەندی بە شێوەی شۆرا بەڕێوە بچێ و هەر (١٥) ڕۆژ جارێک کەسێک بەرپرسی هەڵسووڕانی کارەکان بێ.

٣. بڕیار درا بۆ کۆمیسیۆنی تەشکیلات سێ کەس دیاری بکرێن و بە ئیش و کاری ناوەوەش ڕابگەن.

٤. دیاریکردنی بەرپرس بۆ هەڵسووڕاندنی ئەرکەکانی پێوەندی و دارایی و سەرپەرشتیکردنی کاروباری بارەگا.

٥. بڕیاری دەرکردنی گۆڤارێکی مانگانە بەناوی (ڕێبازی کوردستان)، لەجیاتی دەرچوونی ڕۆژنامەی (کوردستان)، [٥٤].

بەپێی بڕیاری خاڵی یەکی سەرەوە (غەنی بلووریان) و (فەرید موعینی) و (محەممەدئەمین سیراجی) بە یارمەتیی (حشع) دوای ماوەیەک دەگەنە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئورووپا و لەوێ لەگەڵ عەلی خاوەری ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی توودە کۆبوونەوە ئەنجام دەدەن و خاوەری دەڵێ: "د.قاسملوو پێشنیاری کردووە کە حیزبی توودە و (حدکا) و هەندێک گرووپی چەپ بەرەیەک ساز بکەن، پێویستە ئێوەش گرووپی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم شوێنتان لە ڕیزی ئەم بەرەیەدا هەبێ، بۆ ئەمەش پێویستە غەنی بلووریان لەگەڵ ئێمەدا بمێنێتەوە و محەممەدئەمین سیراجی و فەرید موعینی بۆ کوردستان بگەڕێنەوە لای هاوڕێیانیان و بڕوایان پێ بهێنن، تا ئەم بیرۆکەیە پەسند بکەن، کە لە بەرژەوەندیی هەموو گەلانی ئێراندایە[٥٥]".

٥٤. حوسێن بەخشی: س. پ، ل٥٨.
٥٥. فاتح ڕەسول: بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان، س. پ، ل ٢٢٩- ٢٣٠.

بەڵام زۆری نەبرد کە ڕیزەکانی پێڕەوانی کۆنگرەی چوار دووبەرەکیی تێکەوت، و بەتایبەتی ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکانیان وازیان هێنا[٥٦]، بەشێکیش لە ئەندام و لایەنگرانیان خوازیاری چوونەوە نێو (حدکا) بوون، بەڵام لەم سەروبەندەدا (حدکا) تەنیا بە مەرجی نووسینی تۆبەنامە توودەییەکانی وەردەگرتەوە، تەنانەت چەند جارێک بەرپرسانی حیزبی شیوعی بەفەرمی داوایان لێکردبوون، کە ئەو گرووپە وەرگرنەوە و هاوکارییان بکەن، بەڵام بە قسەی شیوعییەکان وڵامی (حدکا) ئەوە بووە، کە دەبێ غەڵەتنامە بنووسن[٥٧]، بەڵام پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار بەمە ڕازی نابن و ئەو

٥٦. شایەنی باسە دوای ماوەیەک (فەوزیە قازی) لە مەهاباد لە ماڵی خۆی دانیشتو وازی لەخەباتی سیاسی هێنا، و(م.هێمن موکریانی) کە ئەوەندەی شاعیر بوو، ئەوەندە سیاسیی نەبووە، دوای چوونە پاڵ ئەم گروپە بەماوەیەکی کەم لە شیلاناوێ کە گوندی خۆیەتی نیشتەجێ بووەو وازی لەکاری سیاسیی هێنا. کاتێ لە شیلاناوێ بوو بۆ ماوەیەک لە لایەن (حدکا)وە گیرابوو، پاشان ئازادکرابوو. بۆ دوایین جار کادرێکی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار بە تایبەتی ناردرابوو بۆ لاییو داوای لێکرابوو بێتە شاخ، تا لە ڕێگەی (حشع) ڕەوانەی ئەوروپا بکرێ، بەڵام لەنامەیەکدا سەرەڕای سڵاوو سوپاس نووسیبووی: "تازە بەسەری پیری تاقەتی سەر لەنوێ دەربەردەر بوونەوەم نیە..". لەساڵی ١٩٨٣دا بڕیاری مانەوەی یەکجاری و دەرکردنی گۆڤاری سروەی داو تا مردنی خەریکی کاری نوسینو فەرهەنگی بووە. وئەحمەدی عەزیزی و فەرید موعینی لە هەندەران گیرسانەوە و ڕەحیم سەیفی قازی چووە یەکیەتی سۆڤیەتی جاران (ئازەربایەنجان)، وهەندێکی تریان بوون بە بەشێک لە ڕژێم وەک فاروق کەیخوسرەویو هەندێکی تریان داوایان کرد بگەڕێنەوە بۆ ناو (حدکا)، ئەوانیش پێیان ڕاگەیاندبوون کە دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ ناو (حدکا)، بەڵام پێش ئەوەی بگەڕێنەوە پێویستە هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر بە چالاکی ڕابردوویانو هەم بەرامبەر بە سیاسەتی ئەو کاتی تاقمی حەوت کەسی کە دوژمنایەتیان لەگەڵ بزووتنەوەی میللی دیموکراتیکی خەڵکی کوردستان ڕوونبکەنەوە، جگەلەمەش بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆ، کە لە کۆنگرەی شەشەمدا (١٩٨٤) پەسند کراوە پەسند بکەن، ئەوجا ماوەیەکیان بۆ دیاری دەکاو تاک تاک بە ئەندامی (حدکا) وەردەگیرێنەوە. وغەنی بلوریانو حەمەدەمین سیراجی لە ڕاگەیاندنێکدا پەیڕەوانی کۆنگرەی چواریان هەڵوەشاندەوەو بوون بە بەشێک لە حیزبی توودە. بڕوانە: (حوسێن خەلیقی: ژان و ژیان، ب٢، ل٤٣) ؛ (حوسێن بەخشی: س. پ، ل٦٧–٧٠).

٥٧. چاوپێکەوتن لەگەڵ (کەریم ئەحمەد)، کۆیە، ٢٠١١/٥/١٩. (مامۆستا کەریم ئەحمەد لە ساڵی ١٩٢٢ لە هەولێر لە دایکبووە، لە ساڵی ١٩٤٦ پەیمانگای پەروەردەی وەرزشی لە بەغدا تەواوکردووە، وساڵی ١٩٤٤ پێوەندی بە ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی عێراقەوە کردووە، ساڵی ١٩٥١ بۆتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزب، لەساڵی ١٩٥٥–١٩٥٧دا لەلایەن ڕژێمی ئەوسای عێراق خراوەتە زیندان، دوای ئازادبوونی گەڕاوەتەوە ناو حیزبو وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی کەوتۆتەوە کارو خەباتی سیاسی

مەرجە پەسند ناکەن، کە لەلایەن (حدکا)ی باڵی قاسملووەوە بۆیان دانرابوو، بۆیە لە ڕێکەوتنێکی نێوان (عەلی خاوەری و حەمید سەفەری و غەنی بلووریان) بڕیاریان دا پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار لەگەڵ حیزبی توودە یەکبگرن و بەرەیەکی بەهێز دروست بکەن، بەو جۆرە پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار ساڵی ١٩٨٥ هەڵوەشایەوە[٥٨]. بەڵام پێش ئەوەی بەتەواوی نەمێنن، لەسەر بڕیار و داوای غەنی بلووریان، بەشێکی زۆریان بوونە ئەندامی حیزبی توودە، بەشێکیش چوونە دەرەوەی وڵات و بەشێکیش درێژەیان بەو ڕێگەیە نەدا و وازیان هێنا و ژمارەیەکیش بوونەوە بە ئەندامی (حدکا) [٥٩].

لێرەدا دوو هەڵەی گەورە لە سەردەمی جیابوونەوەی ئەو دەستەیە لەلایەن هەر دوو لایەنەکەوە ڕوویان داوە، کە هەر یەک لەوانە هەڵەیەکی مێژوویيان کردووە و دواجار ئاکامی ئەو هەڵانە لەسەر (حدکا) شوێنەواری خراپیان بەجێ هێشتووە. غەنی بلووریان و ئەوانی تر کە خۆیان بە پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار دەزانی، هیچ کاتێک ئاماژەیان بەو ڕاستییە نەکرد، کە هەر دوو باڵی (حدکا) لەو سەردەمەدا دووچاری هەڵەیەکی مەزنی مێژوویی بوون. هەڵەی ئەوانەی خۆیان بە پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار دەزانی، ئەوە بوو کە دەبوایە بەر لە هەڵوێستوەرگرتن، داوای کۆنگرەیەکی نائاسایی بکەن و لەوێدا خواستی خۆیان بخەنەڕوو، تا لە کۆنگرەدا بڕیاری خۆیان بدەن، گەر کۆنگرە هاودەنگیی لەگەڵ نەکردن، ئینجا بە ناوێکی ترەوە خەباتی خۆیان درێژە پێ بدایا. دەبوایە بە لەبەرچاوگرتنی پرۆگرامی پەسندکراو لە کۆنگرەی چواردا

---

درێژەپێداوە. لە ١٤ی تەممووزی ٢٠٢٢ کۆچی دوایی کردووە).

٥٨. شایەنی باسە دوای ئەوەی لەساڵی ١٩٨٣ لەلایەن کۆماری ئیسلامی هێزە چەپەکانی ئێران بەگشتیو حیزبی تودە بەتایبەتی هێرشی کرایەسەرو هەڵوەشاوە ڕاگەیەندراو پەرتەوازە بوو، لەساڵی ١٩٨٥دا لە (کابول)ی پایتەختی ئەفغانستان کۆنفرانسی میللی پێکهێناو تیایدا غەنی بلوریان کرا بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی توودە، بەڵام دوای ماوەیەک بڕیاری دا حیزبی توودە بەجێ بهێڵێو لە بەیاننامەیەکدا لەگەڵ حمەدەمین سیراجی دەست لەکار کێشانەوەی خۆیان لە حیزبی توودە ڕاگەیاندو چووە ئەڵمانیاو لەوێ ژیانی ئاسایی دەست پێ کرد، بڕوانە: (غەنی بلوریان: س.پ، ل٣٦٣-٣٧١). ناوبراو لە ئازاری ٢٠١١ بەنەخۆشی لە وڵاتی ئەڵمانیا کۆچی دوایی کرد (هع).

٥٩. د.مصطفی ایزدی، جواد استکی، مسعود یاران: تاریخ بیست ساله پاسداری ...، ج٣، ص١٠.

کە شۆڕشی ئێرانی بە سەرۆکایەتیی خومەینی بە شۆڕشێکی گەلی دەزانی و پشتی دەگرت و هەوڵی سەرخستنی دەدا، بەر لەوەی قاسملوو لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد، شەڕی درێژخایەن دژی کۆماری ئیسلامی ڕابگەیەنێ، خودگەردانی بە سەرگەردانی کورد بناسێنێ، دەبوو لە کۆنگرەیەکی حیزبیدا، بڕیار لەسەر ناوەڕۆکی شۆڕشی ئێران و کۆماری ئیسلامی و خودی خومەینی بدرێت و دوای ئەوە بۆ بەرگریکردن لە مافی ڕەوای کورد دژی کۆماری ئیسلامی شەڕ ڕابگەیەنێ. بەم هۆیانەوە سەرکردایەتیی (حدکا) بەژێرپێخستنی بڕیارەکانی کۆنگرەی چوار، لەلایەک دەستی (غەنی بلووریان)و لایەنگرانی ئاوەڵا کرد، کە خۆیان بە پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار بناسێنن و، لە لایەکی تریشەوە تۆوی ئاژاوەی لە نێوخۆی (حدکا)دا چاند[٦٠].

هەروەها جیابوونەوەی تاقمی حەوت کەسی زیاتر جیابوونەوەیەکی سیاسی بووە تا زۆرتر گرفتێکی ڕێکخراوەیی بووبێت، چونکە ئەندامانی (حدکا-پێڕەوانی کۆنگرەی چوار) پاش ئەوەی جیابوونەوە، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە دژی (حدکا) و تەنانەت شۆڕشی کورد لە ڕۆژهەڵات کاریان کردووە، هەرچەندە ئەوان پێیان وابوو بە سیاسەتی خۆنزیککردنەوە لە کۆماری ئیسلامی خودموختاری بەدەست دەهێنن، بەڵام هەم سیاسەتی کۆماری ئیسلامی و هەمیش شکستی ئەو گرووپە، دەری خست جگە لە زیانگەیاندن بە (حدکا)و لاوازکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕزگاریخوازیی کورد لەو قۆناغەدا، هیچ دەستکەوتێکی نەتەوەییان بۆ کورد بۆ دەستەبەر نەکرا. پاشان چارەنووسی ئەم گرووپە و بەستنەوەیان بەتووده و دواتر لێکهەڵوەشان و پەرتەوازەبوونیان لەدواڕۆژدا دەریخست سیاسەتی (حدکا) ڕاستتر بووە و ئەم گرووپە لە بەرامبەریدا بەهەڵەدا چوون.

٦٠. حامید گەوهەری: ڕاستییەکان بۆ خۆیان دەدوێن، لە وەڵامی "با نەبێتە درۆی پاش مردووی جەلیل گادانی"، ستۆکهۆڵم، سوید، ٢٠٠٢، ل٣٢.

# وانەیەک لە مێژوو، ئاسۆیەک بۆ ئایندە

## (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەبەر ڕۆشنایی ئەزموونی ٨٠ ساڵەی تەمەنیدا)

**د.کەیوان ئازاد ئەنوەر**

پرسیارە بێ وەڵامەکان: ڕۆژی (شەممە) ڕێکەوتی (١٦ ئابی ٢٠٢٥ی ز) حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێ دەنێتە هەشتایەمین ساڵیادی تەمەنی خۆیەوە. لەو ماوەیەش، تا بە ئێستا دەگات، ئەوە ڕوون نەبۆوە، کە پارتێکی کوردی (٨٠) ساڵ تەمەن، بۆ نەگەیشتە ئامانج؟ یان بۆ لەو ماوەیەدا بەرهەمی خەبات و قوربانییەکانی خۆی نەچنیەوە؟ ئەمە و ئەوەش پرسیارە، کاتێک کۆنترین پارتی کوردی، لەگەڵ شەپۆلی دێموکراتی دەرکەوتبێت و مێژووییەکی لە خەبات و قوربانیدان لەگەڵ خۆی هێنابێت، بۆ تا ئێستا هەر لە خەباتی شاخ و ڕێکخستنی نهێنیدایە؟ هەروەها ئەوەش جێگای تێڕامانە، کە بۆ تا ئێستا کۆی بەرپرسە باڵاکانی ئەو پارتە، لەسەر ئاستی سەرۆک و سکرتێری گشتی، کراونەتە ئامانج و تیرۆر و شەهید کراون؟ لەوانەش سەرنجڕاکێشتر، چۆن پارتێک بەو مێژووەی هەیبووە و تا ئێستا لە خەباتیش بەردەوامە، هەر لە چاوی لە ئاسۆیە و لە خەبات و کوردایەتی کۆڵی نەداوە؟

ئەمانە و دەیان پرسیاری تر، پانتایی مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان داگیر کردوە، بەڵام تا ئێستا پرسیارەکان زۆر و وەڵامەکان جیاواز و خەباتی

حیزبەکەش بەردەوام. هەر بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەی ئێمەش دەخوازێت، وەڵامێکی تر بخاتە سەر خەرمانی وەڵامەکانی پێشوو و ئێستا و ئاسۆیەکی نوێی بۆ دروست بکات. ئاسۆیەک بەرەو ئامانجی کۆتایی بەرێت، نە وەک تەنیا تەمەنی پارتەکە درێژ بکاتەوە.

### گەڕانەوە بۆ مێژوو:

بە گەڕانەوەمان بۆ مێژووی دامەزرانی (حیزبی دیموکراتی کوردستان)، دەگەینە ئەوەی، کە کات و شوێنی دامەزران و ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەرانی، ڕۆڵیان لە بەهێزی و کاریگەریی پارتەکەدا هەبوو، بەڵام هۆکاریش بوون بۆ ئەوەی، کە پارتە نەگاتە ئامانجی ڕیشەیی خۆی. جارێک دامەزراندنی لە (١٦ی ئابی ١٩٤٥زایینی) بەرامبەر بە (٢٥ی گەلاوێژی ٢٦٤٥ی کوردی)[١]، زۆر وەڵامی گونجاوی بۆ هەڵگرتین. سەرەتا دامەزراندنی کەوتە کۆتاییەکانی دووهەمین جەنگی جیهانی، کە کورد لەو کاتەدا، نە خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، نە لە نێوخۆشدا، یەکڕیز و تەباش بوو! هەربۆیە لە ماوەی (شەش) ساڵی جەنگدا، بە ڕاستەوخۆ نەیتوانی بچێتە بەرەی وڵاتانی بەشداربوو! تەنانەت نەیتوانی خۆی لە بەرەی براوەدا ببینێتەوە! خۆ ئەگەر ئەوەش پرسیار بێت، کە چۆن دەکرا نەتەوەیەکی ژێردەست و پەرتەوازە و داگیرکراوی وەک کورد، لە هەر جەنگێکی جیهانیدا، لایەنی براوە دیاری بکات؟ ئەوەش پرسیارێکی بەجێ، بەڵام بێوەڵامیش نەبوو، چونکە دەبوا کورد دوای یەکەمین جەنگی جیهانی ئەوە بزانێت، کە وڵاتانی هاوپەیمانی وەک (بریتانیا، فەڕەنسا، یەکێتیی سۆڤیەت، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) لە دووهەمین جەنگی جیهانی، ناکەون و شکست

١. د. عەبدولڕەحمان قاسملوو و عەبدوڵڵا حەسەنزادە: کورتە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، چاپی یەکەم، کوردستان، ٢٠٠٢ز، لل٣١-٣٢، نەوشیروان مستەفا ئەمین: حکومەتی کوردستان، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان-سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق-عێراق، ٢٠٠٦ز، لل(٨٦-٩١).

ناهێنن. ئەوەش لەخۆڕا نا، بەڵکوو بەهۆی ئەوەی ئەزموونێکی دەوڵەمەندی (چوار) ساڵ شەڕی یەکەمین جەنگی جیهانییان هەبوو. هەروەها دەیانزانی شەڕی کام لایەن دەکەن و چۆن و لە چ کاتێکدا ڕووبەڕوویان دەبنەوە. ئەمە و خودی کوردیش بەهۆی ئەو هەل و دەرفەتانەی لە ساڵانی یەکەمین جەنگی جیهانی و دوای جەنگ، لە دەستی دابوو، دەکرا چیتر باجەکەی نەدا. هەربۆیە دەکرا ئەوەش وانەیەک بێت بۆ کورد، تا لە جەنگێکی جیهانیی تردا، لەبری تۆڵەکردنەوە لە وڵاتانی هاوپەیمان، هەڵەی پێشوو دووبارە نەکاتەوە و بچێتە بەرەیەکەیانەوە و ئاسۆکانی سەرکەوتنی دیار بن. نەوەک بە قازانجی بەرەیەک شەڕ بکات، کە لەو جەنگەدا تێک بشکێت. ئەوانیش هەریەک لە (ئەڵمانیای نازی، ئیتاڵیای فاشی، ئیمپراتۆریی ژاپۆن) بوون. ئەمە و دەبوا ئەوەش بزانێت، کە دۆستایەتی یان نزیکی لەگەڵ وڵاتێکی دووری وەک (ژاپۆن) لەو کاتەدا چ سوودێکی پێ دەگەیاند؟ یان دەوڵەتێکی وەک (ئیتاڵیای فاشیست) چیی بۆ دەکرد؟ یان بەرگریکردن لە (ئەڵمانیای نازی) لەنێو دەیان وڵاتی نەیاری وەک (یەکێتیی سۆڤیەت، فەرەنسا، بەریتانیا)، چی بۆ دەکرا؟ هەربۆیە چوونە نێو بەرەی دەوڵەتانی هاوپەیمان باشترین بژاردە و باشترین بڕیار بوو، کە نەیدا! ئەوەش بەهۆی پەرتەوازەیی ڕیزەکانی و دابەشبوونی خاکەکەیەوە بوو.

لێرەوە و لە وەها دۆخێکدا زۆر ڕوون بوو، کە کورد باجی دووەمین جەنگی جیهانی بە خراپ ئەدات. وەک ئەوەی (چوار) ساڵ پێش دامەزراندنی (حیزبی دێموکراتی کوردستان)، (ڕەزاشای پەهلەوی) پادشای ئێران بەهۆی لایەنگری بۆ دەوڵەتی ئەڵمانیای نازی لە بری دەوڵەتانی ناوەند، باجی خۆی دا و لە پاشایەتیی ئێران خرا. ئەوەش دوای ئەوەی لە لایەن سەرانی وڵاتانی هاوپەیمانەوە لە (تاران) ی پایتەخت بۆ باشووری ئێران گوازرایەوە. دواتر لە ڕێگای کەنداوی عەرەبی و بە پاپۆڕێکی بەریتانی ڕەوانەی (دوورگەی مووریس)ی زەریای هیندی کرا. بە دوایدا ڕەوانەی شاری (ژۆهانسبیرگ)ی باشووری ئەفریقیا کرا، تا لەوێ سەری نایەوە و

کۆچی دوایی کرد[٢]. ئەوەش وانەیەک بوو بۆ هەموو ئەوانەی لەنێو خاکی ئێران و لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا دەیانوویست، دژایەتی بەرژەوندییەکانی وڵاتانی هاوپەیمان بکەن.

**سەرکێشی لە مێژوو:**

وەک وتراوە (لە هەموو خەسارەیەک عەقڵێک)، بەڵام وەک دەرکەوت، ئەوکات کوردیش وەک سەردەمەکانی پێشوو، سوودی لە ئەزموونەکانی پێش خۆی و سەردەمەکەی وەرنەگرت و سەرکێشی کرد بەڵام سەرکێشەکانیشی جوامێرانە بوون. ئەوەش کاتێک لە ڕێگای کۆمەڵێک خەمخۆر و کوردپەروەری ئەوکات و لە سەرووییانەوە (قازی محەممەد) لە شاری (مەهاباد)، پارتێکیان بەناوی (حیزبی دیموکراتی کوردستان) دامەزراند[٣]. دامەزراندنی ئەو پارتەش چەندە گرنگ بوو، تا لەبری سەرۆکی بنەماڵە یان تیرە و خێڵ و هۆزێکی کورد، ڕابەرایەتیی جووڵانەوەیەکی کورد بکات، ئەوەندەش بە کێشە بوو، تا بەهۆی ناوی (دیموکرات)ەوە، باجی گەورەی لەسەر بدات. ناوێک، نەک ئەوکات دوای (٨٠) ساڵیش بە کۆمەڵگەی کوردی نامۆ بوو. وەک ئەوەی دوای (٨٠) ساڵیش کورد لە سیستەمی دیموکراتی و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات تێنەگەیشت! چەندین هەڵبژاردنی ئەنجام دا، بەڵام پابەندی ئەنجامەکانی نەبوو! بەشداریی پێکهێنانی چەندین خولی پەرلەمانی کرد، بەڵام کاری بە یاساکانی نەکرد! چەندین حکوومەتی پێک هێنا، بەڵام بە حکوومەتێکی خەمخۆری کوردییان

٢. د.کمال مظهر احمد: دراسات فی تاریخ ایران الحدیث و المعاصر، الطبعة الاولی، بغداد، العراق، ١٩٨٥م, ص ٢٥٧، د.طاهر خلف بکاء: التطورات الداخلية في ایران١٩٤١-١٩٥١، الطبعة الاولی، منشورات بیت الحکمة-بغداد، العراق، ٢٠٠٢م، ص٤٦.

٣. حەمید ڕەزا جەلالی پوور: قازی محەمەد، وەرگێڕانی: ئەحمەدی وەرتێ، چاپی یەکەم، ئینتشاراتی تەوکلی-تاران، ئێران، ١٣٨٣هەتاوی، لل٢٥-٣٣، سەعیدی هومایۆن: پێشەوای ڕابوون-بیرەوەرییەکانی سەعیدی هومایۆن، کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: هاشمی سەلیمی، وەرگێڕانی: ڕەسووڵ سوڵتانی: چاپی یەکەم، هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێرلق-عێراق، ٢٠٠٧ز، لل١٧-٥٢).

نەزانی! تەنانەت لەو کاتەوە تا بە ئێستاش دەگات، هەر بنەماڵە و خێڵ و هۆزێک، ڕابەرایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردییان کردبێت، چەندین بنەماڵە و خێڵ و هۆزی تر لە دژی وەستان! ئەمە و جگە لەوەی ئەو کاتەشی (حیزبی دێموکراتی کوردستان) دامەزرا، کۆمەڵگەی کوردی لە دۆخێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگیی زۆر خراپدا بوو. ئەوەش نەک هەر بەوەی خاکەکەی داگیر و دابەش کرا و خودی کۆمەڵگەکەش پەرتەواز و یەکڕیز نەبوو، بەڵکوو تەنیا لە سنووری ناوچەی موکریان بۆ هەر (١٠٠هەزار) کەس (١) پزیشک و بۆ هەر (١٠ هەزار) کەس، مامۆستایەک هەبوو. (٩٠٪)ی کۆمەڵگەی کوردیش بە سەرەتایترین شێواز، خەریکی ڕاوکردن و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بوون. تەنیا (١٠٪ )یان سەرقاڵی کاری پیشەی دەست و بازار و بازرگانی نێوخۆیی بوون. هەروەها (٨٥٪)ی زەوییەکانی کوردستان بە دەست خاوەن موڵک و دەرەبەگەکانەوە بوون و تەنیا (١٥٪) بە دەست دەوڵەتانی ناوەندی و کەسانی ترەوە بوو[٤]. لەو دۆخەشدا باسکردن لە دێموکراسی بۆ کۆی خەڵکی کوردستان، نەک هەر مەحاڵ بوو، بەڵکوو تاوانەکەشی کوشتن بوو. تەنانەت لە ماوەی (١١) مانگی تەمەنی کۆماری کوردستانیشدا لە شاری (مەهاباد)ی پایتەخت، کە حیزبی دێموکراتی کوردستان، تێدا دەسەڵاتدار بوو، نە هەڵبژاردنێک کرا، نە ئەنجومەنێکی نیشتمانییش دامەزرا، تا تاوتوێی یاساکانی کۆمار و چاودێریی حکوومەت بکات. دیارە کاتێک ئەو کارە بە سەرۆککۆماری کوردستان نەکرا، کە هەر خۆی سەرۆکی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بوو[٥]، ئیتر چۆن دوای خۆی بە کەسانی دی دەکرا؟ ئەمە و جگە لەوەی (حیزبی دێموکراتی کوردستان) دووهەمین پارتی کوردی بوو، دوای (پارتی خۆیبوون) وەک پارتی سیاسیی کوردی بێتە

٤. د.عبدالرحمن قاسملو: أربعون عاما من الكفاح من أجل الحرية، ترجمة: د.عزالدين مصطفى رسول، الطبعة الاولى، اربيل، اقليم كردستان العراق، العراق، ١٩٩٥م، صص٣-٥.

٥. کەیوان ئازاد ئەنوەر: بەراوردێکی مێژوویی لە نێوان کۆماری دێموکراتی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، گۆڤاری پەیڤین، ژمارە (١١-١٢)، ساڵی (چوارەم)، لاپەڕەکانی (٢١٨-٢٣٤).

مەیدان و کاری خۆی بکات. لەکاتێکدا (پارتی خۆیبوون) لەساڵی (١٩٢٧ز) لە شاری (بەیرووت)ی خاکی لوبنان دامەزرا[٦]، بەڵام حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری (مەهاباد) و لەنێو کۆمەڵگەی کوردی و ناو خاکی کوردستان دامەزرا[٧].

**لە سەرکێشییەوە بۆ ئەزموونێکی سیاسی:**

کاتێک لە بەرواری دامەزراندنی پارتەکە و ئەو ژینگەیەی تێدا دامەزرا، دەکۆڵینەوە، دەگەینە ئەوەی، کە جگە لە سەرکێشییەکی گەورە بە بوێری (قازی محەممەد)و پۆلێک خەمخۆری دۆزی کورد لە ناوچەی موکریان و شاری (مەهاباد)، دوای (پێنج) مانگ و نیو، وردتر لە دوای (١٦٠) ڕۆژ، پارتەکە گەیشتە لووتکەی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا[٨]. ئەوەش دوای ئەوەی بۆ یەکەمین جار لە مێژووی نەتەوەکەیدا (حیزبی دیموکراتی کوردستان) بووە پارتی پێشڕەوی (کۆماری دیموکراتی کوردستان) و بە ناوی (جمهورییەتی کوردستان) یان (کۆماری کوردستان) ناسێنرا. لە (٦ی کانوونی یەکەمی١٩٤٥ز)ش (گۆڤاری نیشتمان) وەک یەکەمین گۆڤاری ئەدەبی و شێوەیەک لە زمانحاڵی حیزب دەر کرا[٩]. (یانزە) ڕۆژ دواتریش واتە لە (١٧ی کانوونی یەکەم)دا، تەواوی هێز و دەزگاکانی دەوڵەتی پادشایی ئێران، لە شاری (مەهاباد) دەرکران و بە ڕێنوێنیی ئەو حیزبە، ئاڵای کوردستان لەسەر باڵەخانەی مەعاریفی شاری (مەهاباد) هەڵ کرا. دوای (دوو) ڕۆژیش هەمان ئاڵا لە شاری (نەغەدە) و (هەشت) ڕۆژ دواتریش لە شاری (بۆکان) هەڵ کرا. لە (١٠ی کانوونی دووەمی١٩٤٦ز) بە دەرچوونی ڕۆژنامەی (کوردستان) وەک ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، زەمینەی دامەزراندنی (کۆماری دیموکراتی کوردستان) لە (٢٢ی کانوونی دووەمی١٩٤٦ز)

---

٦. د. عبدالستار طاهر شریف: الجمعیات والمنظمات والاحزاب الکردیة في نصف قرن(١٩٠٨-١٩٥٨م)، الطبعة الثانیة، السلیمانیة-اقلیم کردستان العراق- العراق، ٢٠٠٧م، صص١٠١-١٠٦.

٧. جەلالی پوور: س.پ، ل٢٥و دواتر، هومایۆن: س.پ، ل١٧و دواتر.

٨. بڕوانە: (قاسملوو و حەسەنزادە: س.پ، لل٣١-٤٧).

٩. نەوشیروان مستەفا ئەمین: س.پ، لل(٦٩-٧٧).

ڕەخسا[١٠]. ئەوەش لە کاتێکدا بوو، کە تا ئەوکات لە سەرتاسەری جیهان، تەنیا (٣٤) سیستەمی کۆماری هەبوون[١١].

ئەزموون و دەسکەوتەکانی کۆمار بۆ کورد، کەم نەبوون، بەڵام دواجار ئەو کۆمارەش دوای (یانزە) مانگ تەمەنی کۆتایی پێ هات، چونکە دامەرزاندنی کۆمارەکە بەرهەمی (شەش) ساڵ خەباتی سیاسی کورد لە دووهەمین جەنگی جیهانیدا نەبوو، تا لە (یەکێتیی سۆڤیەت) و یەکێک لە براوەکانی ئەو جەنگەی وەربیگرێت، بەڵکوو بەرهەمی (حیزبی دێموکراتی کوردستان) بوو، کە دەیویست لەگەڵ ئەو شەپۆلە نوێیەدا هەڵ بکات، کە لە بەری باکووری خاکەکەیەوە هەڵی کردبوو. هەر بۆیە دواجار ئەو حیزبەی بەو زەمینەیەی تێیدا دامەزرا و بەو ئەزموونەی پێی گەیشت، یاساغ کرا و بووە بەرهەمی خەباتێکی تر لە داهاتوویدا.

**ئاکامگیری:**

بە گەڕانەوەمان بۆ ئەو مێژووە کورتەی کە تەنیا (١٧) مانگی لەگەڵ خۆی برد، هەر لە دامەزراندنی حیزبەکەوە تا ڕووخانی کۆماری دێموکراتی کوردستان، بۆمان دەرکەوت، کە پارتێکی سیاسیی کوردی، زوو هات و زوو ڕۆیشت. لەپڕ دەرکەوت، بەڵام گەورە هاتە مەیدان. لەناکاو گەورەییەکەی لەدەست دا، بەڵام جارێکی تر بە سەرەتاییەکی نوێوە دەستی پێ کردەوە، تا گەیشتە (٨٠) ساڵ تەمەن. سەرەتاییەک لە گۆشەیەکی شاری (مەهاباد)ەوە دەستی پێ کرد، بەڵام دوای ئەو تەمەنە، دەنگی گەیشتە زۆربەی وڵات و ناوچەکانی جیهان. مامۆستایەکی ئایینی پاکی وەک (پێشەوا قازی محەممەد)ی کردە سەرۆکی پارتەکەی، کە هەر لەو پێناوەشدا گیانی

١٠. بڕوانە: (قاسملو و حسن زادە: س.پ، لل(٤٢-٤٧)، نەوشیروان مستەفا ئەمین: س.پ، لل٨٦-١٠٩).

١١. بڕوانە: (د. کەیوان ئازاد ئەنوەر: مێژووی (سیستەمی کۆماری) لەجیهان و بەراوردی بە (کۆماری دیموکراتی کوردستان)دا، ڕۆژنامەی (خەبات)، ژمارە (٣٣٨٢)، ڕۆژی (دووشەممە)، بەرواری (٢٠١٠/١/٢٥)، ل١٢.

بەخشی، بەڵام دواتر چەندین کەسایەتی و خوێندەواری کردە سکرتێری گشتیی پارتەکەی، وەک (دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو)، تا بە (ئەحمەد تۆفیق، دوکتور سادق شەرەفکەندی، عەبدوڵڵا حەسەنزادە، مستەفا هیجری، خالید عەزیزی، مستەفا مەولوودی) دەگات. سەختیی ژیان و خەباتی شاخ و ڕێکخستنی نهێنی، دووچاری دووبەرەکیی کرد، بەڵام دواجار بە یەکگرتووی هاتەوە مەیدان و درێژەی بە خەبات دا.

بەو مێژووەشەوە دوای ڕووخانی کۆماری دیموکراتی کوردستان دروستی کرد، دەریخست، کە تا تەمەنی هەڵکشێت، ورەی بەرزتر ئەبێت. تا قوربانیی زیاتر بدات، نەرمتر، بەڵام بەهێزەوە دێتەوە مەیدان، بۆیە لەگەڵ ئەوەی پارتەکە لە دۆخێکی نائاسایی و بێ وردبوونەوە لە کاری سیاسیی ساڵانی پێشوو دامەزرا، بەڵام تەمەنێکی باشی بڕی. هەر ئەوەش وای کرد، بەو تەمەنەوە، خەباتەکەی درێژتر و قوربانییەکانی زیاتر و گەیشتنی بە کەناری ئارام دوورتر بێت، بەڵام وەک گوتراوە:

هەر کاروانێ
بۆ تیشکی خۆر بڕوانێ
کەم بن یان زۆر،
درەنگ یان زوو ئەگەنە خۆر

***

## سەرچاوەکان:

### یەکەم، بە زمانی کوردی:

١. جەلالی پوور, حەمید ڕەزا، قازی محەممەد، وەرگێڕانی: ئەحمەدی وەرتێ، چاپی یەکەم، ئینتشاراتی تەوکلی-تاران، ئێران، ١٣٨٣هەتاوی.

٢. قاسملوو، د. عەبدولڕەحمان و عەبدوڵڵا حەسەنزادەه، کورتە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، چاپی یەکەم، کوردستان، ٢٠٠٢ز.

٣. نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکوومەتی کوردستان، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان-سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق-عێراق، ٢٠٠٦ز.

٤. هومایۆن, سەعید، پێشەوای ڕابوون-بیرەوەرییەکانی سەعیدی هومایۆن، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: هاشمی سەلیمی، وەرگێڕانی: ڕەسووڵ سوڵتانی: چاپی یەکەم، هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق-عێراق، ٢٠٠٧ز.

### دووەم، بە زمانی عەرەبی:

٥. د. عبدالستار طاهر شريف. الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن(١٩٠٨-١٩٥٨م)، الطبعة الثانية، السليمانية-اقليم كردستان العراق- العراق، ٢٠٠٧م.

٦. قاسملوو، د.عبدالرحمن، أربعون عاما من الكفاح من أجل الحرية، ترجمة: د.عزالدين مصطفى رسول، الطبعة الاولى، اربيل، اقليم كردستان العراق، العراق، ١٩٩٥م

٧. د. كمال مظهر احمد، دراسات فى تاريخ ايران الحديث و المعاصر، الطبعة الاولى، بغداد، العراق، ١٩٨٥م.

**سێیەم، بڵاوکراوەکان:**

٨. کەیوان ئازاد ئەنوەر، کەرکوک مەڵبەندی کۆنترین ڕژێمی دیموکراتی لە مێژوودا، رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٨١٠)، بەرواری (١٩٩٩/٢/٢٥ز)، ڕۆژی (پێنجشەممە)، ل١٠.

٩. مێژووی سیستەمی کۆماری لە جیهان و بەراوردی بە (کۆماری دیموکراتی کوردستاندا، ڕۆژنامەی (خەبات)، ژمارە (٣٣٨٢)، ڕۆژی (دووشەممە)، بەرواری (٢٠١٠/١/٢٥)، ل١٢.

هەواڵنامەی کتێب

# پێکهاتەسازی لە خەباتی نەتەوایەتیدا، نموونەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

مریەم عەلیپوور

**پێشەکی**

پرسیاری سەرەکی لە بابەتێکی ئاوادا ئەوەیە، کە بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی چۆن خۆی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ڕێک دەخات، یان چۆن پێکهاتەسازی/ دارشتنی خەباتی نەتەوەیی دەتوانێت کاریگەریی قووڵی لەسەر دەرئەنجامی خەباتێکی نیشتمانی هەبێت. پێکهاتەسازی ڕۆڵێکی چارەنووسساز لە کۆکردنەوەی هێزەکان و هەماهەنگی کردارەکان و گەیشتن بە ئامانجەکان دەگێڕێت، هەروەها نەبوونی پێکهاتە یان ڕێکخستن دەتوانێت ببێتە هۆی ناکارایی و دابەزینی پابەندبوونی ئەندامان لە ناو ڕێکخراودا.

نموونە مێژوووییەکان نیشانیان داوە ئەو بزووتنەوانەی خاوەنی پێکهاتە بوون، کاریگەریی ئەرێنیی زیاتریان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان هەبووە، لە کاتێکدا ئەو بزووتنەوانەی کە خاوەنی پێکهاتە نەبوون هەم کاریگەرییان لاواز بووە و هەمیش ڕێکخراوەکەیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ بۆتەوە. گرنگە لێکۆڵینەوە لەوە بکرێت کە چۆن سەرکردایەتی، پەیوەندی، کۆکردنەوەی جەماوەر و ڕێکخستن دەتوانن ڕۆڵیان

لە ناو بزووتنەوەیەکدا هەبێت. هەر بۆیە بە دڵنیاییەوە پێکهاتەسازی لە خەباتی نیشتمانیدا زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی ڕێکوپێکی و کارایی و ڕێگایەکی ڕوون بۆ ئامانج دیاری دەکات. کەواتە وا باشە پێکهاتەسازی بە وردی ڕوون بکرێتەوە بۆ ئەوەی بزانین چییە و بۆچی گرنگە؟

دەستەواژەی "داڕشتن یان پێکهاتەسازی لە خەباتی نەتەوایەتیدا" دەتوانێت ئاماژە بە لایەنە جیاوازەکانی بنیاتنانی نەتەوەیی و ڕێکخستنی سیاسی بکات، بەشێوەیەک کە بزانرێت بزووتنەوەیەک یان خەباتێکی نەتەوەیی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی چۆن ڕێک دەخرێت. وشەی پێکهاتە بەو مانایەیە کە "پێکهاتە" هەم پێشمەرجێکە بۆ کردار و هەمیش بەرهەمی کردارە. بەڵام پێکهاتەسازی، بەستەرەکانی ئاستی پێکهاتەی مەجازی بە ئاستی سیستەمی ئەزموونییەوە دەبەستێتەوە، یان بە واتایەکی دیکە پێکهاتەسازی ڕێگەیەکە بۆ دروستکردنی پێکهاتە.

"داڕشتنی خەباتی نەتەوەیی" دەتوانێت سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و چەکداری و ... بێت؛ بەڵام مەبەستی من لێرەدا زیاتر لایەنی سیاسییە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ چوارچێوەی بزووتنەوەی خۆڕاگری یان خەباتی نەتەوەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە تێکەڵەیەکە لە بەرخۆدانی سیاسی و چەکداری لە بەرامبەر داگیرکاری ڕێژیمە دیکتاتۆر و تۆتالیترەکانی پەهلەوی و ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران.

زۆر ڕاشکاوانە دەتوانین بڵێین "داڕشتنی خەباتی نەتەوەیی" دەتوانێت ئاماژە بە چەند لایەنێکی نەتەوەسازی و ناسیۆنالیزم بکات. هەر بۆیەش لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکان، داڕشتنی خەباتی نەتەوەیی لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزم و دێموکراتیزەکردن بووە کە ئەو دووانەیان بەیەکەوە گرێ داوە. بەتایبەت لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم کە ململانێیەک لە نێوان چەپ و ڕاستدا هەبووە لەسەر ئەوەی کە چۆن بەها نەتەوەییەکان پێناسە بکرێن و لە ڕووی سیاسییەوەش بەکار بهێنرێن. دەتوانین بڵێین "داڕشتنی خەباتی نەتەوەیی" دەتوانێت بەپێی بەستێن ئاماژە بە چەند بابەتێک بکات، کە ئەوانەش بەگشتی پەیوەندییان بە ڕێکخستن و

سیستماتیککردنی هەوڵەکانە بۆ گەیشتن بە ئامانجە نیشتمانییەکان. بە واتایەکی دیکە پێکهاتەسازیی ڕێکخراوەیی لە حیزب یان گرووپە سیاسییە ناسیۆنالیستەکاندا یەکێکە لە هۆکارە هەرە گرنگەکانی سەرکەوتن و بەردەوامیی ئەو جۆرە بزووتنەوانە. لێرەدا بۆ بەرچاوڕوونی، دارشتنی ڕێکخراوەیی لەو جۆرە حیزبانەدا چەند خاڵێک ئاماژە پێ دەکەم کە پێم وایە گرنگن، وەکوو:

پێناسەکردنی ئەرک و دەستنیشانکردنی ئامانجەکان: ئامانجەکان بناغەی هەر بزووتنەوە و گرووپێکن و بریتین لە دیاریکردن و بەڕوونی پێناسەکردنی ئامانجەکانی خەبات، وەکوو سەربەخۆیی، مافە مەدەنییەکان و چاکسازیی ئابووری و ... هتد. کەواتە ئامانجەکان دەبێ ڕوون بن، بتوانرێن بەدەست بهێنرێن و دەنگدانەوە یان پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ جەماوەر هەبێت. بۆ نموونە، ئامانج لەوانەیە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی سیاسی، دەستەبەرکردنی مافی دەنگدان، جێبەجێکردنی چاکسازیی ئابووری یان یەکسانیی جێندەری بێت.

داڕشتنی ستراتێژی: داڕشتنی ستراتیژی بریتییە لە دانانی پلانێکی وردی کارکردن بۆ ئەو شێواز و تاکتیکانەی کە دەبێ بەکار بهێنرێن. کەواتە بە داڕشتنی پێکهاتەیەکی ڕوون لە خەباتی نەتەوەیی، پەیوەندیی نێوان بەشە جیاوازەکانی بزووتنەوەکە باشتر دەکرێت و پەرەپێدان و جێبەجێکردنی ئامانجە گشتییەکان ئاسانتر دەبێت. زۆر گرنگە لە کاتی داڕشتنی پلانی ستراتێژیدا ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە پلانەکە لەگەڵ گۆڕانکاری و گۆڕانی بارودۆخەکاندا بگونجێنرێت.

پێکهاتەی ڕێکخراوەیی: دیاریکردنی سەرکردایەتییەک کە دەسەڵاتی ڕوونی هەبێت بۆ بڕیاردانی گەورە. پێکهێنانی ئەنجومەنی ئایدیۆلۆژی یان ڕاوێژکاری بۆ پاراستنی یەکگرتوویی هزری و ئایدیۆلۆژی. دروستکردنی یەکە (واحد) ناوچەییەکان یان ناوخۆییەکان بۆ فراوانکردنی کاریگەری لەسەر ئاستی جوگرافیای جیاواز. پێکهێنانی لێژنە تایبەتەکان وەکوو لیژنەی پەروەردە، ئایدۆلۆژی، ڕاگەیاندن، پەیوەندییەکان، ئابووری و سەرچاوەکان و لیژنەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان (ئەگەر پێویست بوو.)

زیادکردنی پشتیوانی و هاوپەیمانی: خەباتێکی سەرکەوتووی نەتەوەیی زۆرجار پێویستی بە پشتیوانیی گرووپە جۆراوجۆرەکان هەیە، لەوانە پارتە سیاسییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بزووتنەوەکانی دیکە. دروستکردنی هاوپەیمانی بریتییە لە دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکان و یەکخستنی ئەو گرووپانە لەژێر ڕوانگەیەکی هاوبەشدا. کەواتە یەکخستنی گرووپ و لایەنە پەیوەندیدارە جۆراوجۆرەکان کە بەرژەوەندی و ئامانجی هاوبەشیان هەیە، گرنگە. لەبەر ئەوەی پشتیوانی و هاوپەیمانیکردن لەگەڵ بزووتنەوەیەکی پێکهاتەدار یان ستروکتورکراو ئاسانترە و ڕەوایەتیشی زیاترە. ئەوکات ئەو ڕێکخراوەیە باشتر دەتوانێت پشتیوانیی هەر دوو ئەکتەرەکانی نیشتمانی و نێودەوڵەتی بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.

پەیوەندی و داکۆکیکردن: بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری و بەدەستهێنانی پشتیوانیی گشتی زۆر گرنگە. ئەوەش دەتوانرێت لە ڕێگەی هەڵمەتی میدیایی، وتاردان، دانوستاندن، سۆشیال میدیا و جۆرەکانی دیکەی پەیوەندیگرتن بەدەست بهێنرێت. هەبوونی یەکگرتوویی نێوخۆیی و ناردنی وتار و پەیامی ڕوون و کاریگەر دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ زیادکردنی پشتگیری و گوشار خستنەسەر بڕیاردەران.

ڕاهێنانی ئەندامان: دانانی بەرنامەکانی پەروەردە و ڕاهێنان، ئاشناکردنی ئەندامان بە پرەنسیپەکانی ناسیۆنالیزم و ئامانجەکانی حیزب. دیاریکردن یان پۆلێنبەندیکردنی سیستەمی ئەندامەتی، لەوانەش خۆبەخشەکان، ئەندامانی پەسیڤ/ ناچالاک، ئەندامانی چالاک، و ئەندامانی باڵا. پێگەیاندنی ئەندامان و سەرکردە ناوخۆییەکان، بۆ بەهێزکردنی پێکهاتەکە لە خوارەوە بۆ سەرەوە.

کۆکردنەوەی ژێدەر/ سەرچاوەکان: هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکان بەشێکی گرنگە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئەو زانیارییانەی بەکار دەهێنرێن پەیوەندیدار و متمانەپێکراون. سەرچاوە ئەو شوێنەیە کە زانیاریی لێ وەردەگریت. دەتوانێت هەر شتێک بێت لە کتێبێکەوە بگرە هەتا ماڵپەڕێک، بابەتێک، چاوپێکەوتنێک، ڤیدیۆیەک، سەرژمێرییەک یان ڕاپۆرتێک، بە واتایەکی دیکە، هەر سەرچاوەیەک کە ڕاستی، داتا، بۆچوون،

یان بیرۆکەت پێ بدات و لە کارەکاندا بەکار بهێنرێت. کۆکردنەوەی سەرچاوەی پێویست، لەوانەش بوودجە، هێزی مرۆڤی و کەرەستەی پێویست بۆ پشتگیریکردن لە خەبات یەکجار زۆر گرنگە. کەواتە سەرچاوەکان بۆ بەردەوامبوونی بزووتنەوەیەک پێویستن. هەر بۆیە پشتگیریی ئابووری و بەڕێوەبردنی سەرچاوە خۆبەخشەکان هەم کۆڵەکەی بنەڕەتیی ڕێکخراون و هەم کلیلی پاراستن و زەبری هێزن. لە چوارچێوەیەکی سیاسیدا زۆرجار دەستەواژەی "زەبری هێز" وەک مێتافۆرێک بۆ ئەو هێزە گشتییە بەکار دەهێنرێت کە لە پشت بزووتنەوەیەکی سیاسی، کەمپەینێک، یان ئەکتەرێکی گەورەیە. "زەبری هێز" باس لەوە دەکات کە چۆن دەسەڵاتی سیاسی و پشتیوانی دەتوانێت بە تێپەڕبوونی کات کۆ ببێتەوە و چۆن دەتوانرێت ئەو دەسەڵاتە بەکار بهێنرێت بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری یان پاڵنانی بڕیارەکان.

بەردەوامبوونی زەبری هێز: چالاکهێشتنەوەی بزووتنەوەکە بە تێپەڕبوونی کات پێویستی بە هەوڵی بەردەوام و چالاکبوون هەیە. ئەوەش لەوانەیە بریتی بێت لە ڕێکخستنی بۆنە بەردەوامەکان، پاراستنی ئامادەییەکی بەهێزی ئۆنلاینی، یان تاکتیکەکان بەپێی پێویست بۆ وەڵامدانەوەی ئاستەنگەکان و دەرفەتە نوێیەکان.

مێکانیزمی بڕیاردان و لێپرسینەوە: سەقامگیرکردنی دیموکراسی و ئازادی لەناو ڕێکخراودا، بۆ ڕێگریکردن لە چڕبوونەوەی دەسەڵات گرنگە، هەروەها دەرفەتی هەبوونی سیستەمی کاردانەوە/ فیدباک و هەڵسەنگاندنی کارەکان، بۆ شایستەسالاری و دانی کار بە کارزان. لە هەمان کاتیشدا دیاریکردنی مێکانیزمی چارەسەرکردنی ناکۆکی ناوخۆیی بۆ پاراستنی یەکگرتوویی و یەکڕیزی، گرنگیی خۆی هەیە.

مەترسیی بیرۆکراتیزەکردن: بیرۆکراتیزەکردن ئاماژەیە بۆ پرۆسەیەک کە تێیدا فەرمانبەرەکان، ڕێکخراوەکان یان سیستەمەکان زیاتر بە یاسا و ڕێکار و پلەبەندییە جێگیرەکان تایبەتمەند دەبن. کاتێک باس لە مەترسییەکانی بیرۆکراتیزەکردن دەکەین، ئاماژە بە مەترسییەکانی سیستەمێک دەکەین کە بەپێی یاساکان زۆر بیرۆکراتە یان زۆر کات دەبات و لە هەمانکاتیشدا دەتوانێت ئەرێنی بێت بۆ ئەوەی دۆسییەکە بە

شێوەیەکی یەکسان و دادپەروەرانە چارەسەر دەکرێت یان بە پرۆسێس دەکرێت. لایەنی نەرێنیی پێکهاتەسازیی خەباتی نەتەوەیی ئەوەیە کە ڕەنگە ببێتە هۆی بیرۆکراتیزەکردنی ڕێکخراو، ئەگەر بە سەرنجەوە کاری لەسەر نەکرێت. ئەوەش دەتوانێت ڕێگری لە توانای بزووتنەوەکە بکات بۆ خۆگونجاندنی لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخەکان

### هەندێک تایبەتمەندیی "دارشتن یان پێکهاتەسازیی خەباتی نەتەوەیی"

با قووڵتر خۆمان بخزێنینە ناو هەندێک تایبەتمەندی و بزانین بەگشتی "دارشتن یان پێکهاتەسازیی خەباتی نەتەوەیی" چ گرنگییەکی هەیە. بێگومان و بەبێ دوو دڵی، پێکهاتەیەکی سیاسیی سەقامگیر بۆ هەماهەنگی و سەرکردایەتیکردنی خەباتی نەتەوەیی بە شێوەیەکی کاریگەر پێویستە. دەستراگەیشتن بە سەرچاوە سەربازییە مۆدێرن و کاریگەرەکان، لەوانەش تەکنەلۆژی و ژێرخانی ئابووری یان ئابوورییەکی بەهێز گرنگی و کاریگەریی ئەرێنی خۆی هەیە. یەکگرتوویی و پشتیوانیی گەل دەتوانێت دەسەڵاتی سیاسی، یان خەباتەکە بەهێز بکات. هاوکاری لەگەڵ گەلانی دیکە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەتوانێت سوودی ستراتیژیی بۆ بزوتنەوەکە هەبێت. هەر چەند هۆکارەکانی سەرهەڵدانی خەباتی نەتەوەیی بەپێی گۆڕەپان یان بەستێن جیاوازە، بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە، «بوونی هێزە» بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لەو ناوچەیە کە دەبێ هێز بی، دەنا هیچ حیسابێکت بۆ ناکەن. لەبەر ئەوەی لەو ناوچەیە زیاتر سیستمی دیکتاتۆری و تۆتالیتاری و بەرژەوەندیی زلهێزەکان حوکم دەکات. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە و بەتایبەت بۆ ئێمەی کورد، لێرەدا چەند هۆکارێک دەخەمە ڕوو کە پێموایە گرنگن، وەکوو:

کۆنتێکستی مێژوویی: بە لێکۆڵینەوە لە خەباتی ڕابردوومان، دەتوانین هەم لە سەرکەوتن و هەم لە شکستەکان وانە وەرگرین. ئەوەش دەتوانێت هەم کاریگەریی لەسەر بڕیاردەرانی ئەمڕۆ هەبێت و ئاگاداریان بکاتەوە و هەمیش پاڵنەریان بێت بۆ

باشترکردن و بەرەوەپێشبردنی پلانی ستراتیژیی سیاسی، کۆمەڵایەتی و دیپلۆماسی. لەبەر ئەوەی ئەو شێوە لێکۆڵینەوانە دەرفەت دەرەخسێنن بۆ قووڵبوونەوە لە ڕووداوە مێژووییەکان و تێگەیشتن لە چۆنیەتیی دارشتن یان فۆرمی ناسنامە/ شوناسی نەتەوەیی بەپێی تێپەڕبوونی کات. ئەوەش خۆی لە خۆیدا دەتوانێت تێگەیشتنێکی قووڵتر لە مێژوو و کولتووری نەتەوەت پێ ببەخشێت. بۆ نموونە هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆرییەکان لە ئورووپا لە دوای شەڕی جیهانیی یەکەم، بۆتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین دەوڵەتی نەتەوەیی.

ناسنامە و تێگەیشتنی کولتووری: لێکۆڵینەوە لەوەی کە چۆن کولتوور و زمان و نەریتەکان کاریگەرییان لەسەر یەکیەتیی نەتەوەیی هەبووە و هەیە گرنگە. ئەوەش دەتوانێت تێڕوانینێکمان بۆ دابین بکات کە چ شتێک کۆمەڵگەیەک بە یەکەوە دەبەستێتەوە و چۆن بەها و ئامانجە هاوبەشەکان پەرەیان پێ دەدرێت. زمان، سیفەتە کولتوورییەکان و نەریت و بەهاکان لە جیاکردنەوەی نەتەوەیەک لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی ئەوانە یارمەتیدەرن بۆ پێناسەکردنی ئەوەی کە سەر بە نەتەوەیەک بوون، مانای چییە.

بەهێزکردنی یەکگرتوویی کۆمەڵگە: یەکگرتوویی کۆمەڵگە بریتییە لەوەی کە مرۆڤەکان چۆن بەرامبەر بە یەکتر لە کۆمەڵگەدا هەست بە سەربەخۆیی، کۆمەڵایەتیبوون و بەرپرسیارەتی دەکەن. یەکگرتوویی کۆمەڵگە، هۆکارێکی گرنگە هەم بۆ سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و هەم بۆ کوالیتیی ژیان لەو کۆمەڵگەیەدا. بەهێزکردنی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی بە واتای پێشخستنی هەستی کۆمەڵایەتی و هاودەنگی و هاوکاری لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگەدایە. تێگەیشتنێکی قووڵتر لە یەکیەتیی نەتەوەیی دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ بەهێزکردنی یەکگرتوویی کۆمەڵگە، کە ئەوەش بە تایبەتی لە کاتی نائارامیی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان قەیراندا دەردەکەوێ. گرنگیدان بە داڕشتنی خەباتی نەتەوایەتی، دەتوانێ لە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەک کە هەمووان تێیدا هەست بە یەکگرتوویی و پشتیوانی بکەن، یارمەتیدەر بێ. بۆ نموونە لە بارودۆخی ئێستادا و

بە پێداچوونەوە بە دروشمی بەشدارانی خۆپیشاندانەکانی شۆڕشی ژینا، دەتوانین بڵێین کە وتاری مافخوازی، کاریگەریی تایبەتی لەسەر بە هێزکردنی یەکگرتوویی نەتەوەیی لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتدا هەیە.

شیکاری و بزووتنەوە سیاسییەکان: کاتێک شتێک شیکاری دەکەین، واتە دابەشی دەکەین بەسەر بەشە بچووکەکاندا بۆ ئەوەی باشتر لە کۆی شتەکە تێبگەین. ئەوەش یارمەتیمان دەدات لە بابەتەکان و کێشە ئاڵۆزەکان تێبگەین، پەیوەندی و هۆکار و دەرئەنجامەکان ئاشکراتر دەکات و بڕیاردان ئاسانتر دەکات. شیکاری بۆ زۆر بابەت بەکار دێت، وەکوو کۆمەڵایەتی، زانستی، سیاسی، ئابووری، دەروونناسی و .... هتد. شیکاریکردن زۆر پێویستە لەسەر ئەوەی کە پێکهاتە و بڕیارە سیاسییەکان چۆن کاریگەرییان لەسەر خەباتی نەتەوەیی هەبووە و هەیە. ئەوەش دەتوانێت تێڕوانینێکت بۆ دروست بکات لەسەر ئەوەی کە چۆن سیاسەت و کۆمەڵگە بەیەکەوە گرێ دراون. کەواتە ئایدۆلۆژی و بزووتنەوە سیاسییەکان، وەک ناسیۆنالیزمی دژە کۆلۆنیالیزم، لە خەبات بۆ سەروەری نەتەوەیی و چارەی خۆنووسین، شتێکی چارەنووسساز بووە.

بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی: بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بریتییە لە کۆمەڵێک کەسی ڕێکخراو کە پێکەوە کار بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی یان سیاسی دەکەن. ئەو بزووتنەوانە کاتێک سەرهەڵدەدەن کە مرۆڤەکان هەست بکەن پێداویستییەکان، مافەکان، یان بەهاکانیان لەلایەن کۆمەڵگە و حکوومەتەوە دابین ناکرێت. هەر بۆیە شارەزابوون یان زانینی ئەوەی کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان چۆن بەشدارییان لە یەکیەتیی نەتەوەییدا کردووە، دەتوانێت ئیلهامبەخش بێت و ڕوانگەیەکی نوێت پێبدات بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی. کەواتە بنیاتنانی هەستی یەکرێزی و شوناس لە نێوان خەڵکدا گرنگە. ئەوەش دەتوانرێت لە ڕێگەی ئەزموون و ئامانجە هاوبەشەکانەوە بەدەست بهێنرێت، وەک خزمەتگوزارییە نیشتمانییەکان و پرۆژەکانی کۆمەڵایەتی.

پەیوەستبوون یان هەبوونی پەیوەندی بە ئێستاوە: پەیوەستبوون بە ئێستاوە

بەو مانایەیە کە شتێک پەیوەندیدارە بە ئێستاوە، یان هاوتەریبە لەگەڵ کۆمەڵگە، ڕووداوەکان، یان واقیعی ئەمڕۆدا. پەیوەندی بەوەوە هەیە کە لێرە و ئێستا ڕوو دەدەن، جا چ پەیوەندی بە بیرکردنەوە، کردار، تەکنەلۆژی، سیاسەت، یان کولتوورەوە هەبێت. کەواتە پەیوەستبوون بە ئێستا بە واتای هەبوونی پەیوەندیی بارودۆخی کۆمەڵگە لە ئێستا یان لە ئەمڕۆدا. هەر وەک چۆن دەڵێین، دوێنێ مێژوویە، سبەی نادیارە، ئەمڕۆ دیارە؛ هەر بۆیە پێی دەڵێین لە ئێستادا. بابەتەکە دەتوانێت زۆر پەیوەندیدار بێت لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەمڕۆ و ناسنامەی نەتەوەییەوە. دەتوانین هاوتەریب لەگەڵ ئاستەنگەکانی دنیای مۆدێرنیتە، باس لەوە بکەین کە چۆن ئەزموونە مێژووییەکان دەتوانن زانیاری و ئاگاداریمان بدەنێ لەسەر شێوازی سیاسەت یان سیاسەتکردن لە دنیای ئەمڕۆدا.

**بۆچی بۆم گرنگ بوو لەسەر ئەو بابەتە بنووسم؟**

بە دڵنیاییەوە نووسین لەسەر تیۆری بابەتێک وەک "دارشتن یان پێکهاتەسازیی خەباتی نەتەوەیی" لەبەر چەند هۆکارێک دەتوانێت ئەرکێکی وروووژێنەر و تایبەت بێت کە بەشێک لەو هۆکارانەم لەسەرەوە ئاماژە پێدان. تیۆری پێکهاتەسازی دەتوانێت لە بواری شیکاریی ڕێکخراوەییەوە، یارمەتیمان بدات لەوە تێبگەین کە پێکهاتەکان و کردارەکانی مرۆڤ چۆن کاریگەرییان لەسەر ڕێکخراوەکان هەیە. ئەوە دەتوانێت بۆ باشترکردنی پرۆسەکانی کار و کولتووری ڕێکخراوەیی بەسوود بێت. هەروەها لە بەڕێوەبردنی ستراتێژی و دارشتنی سیاسەتدا، بە بەکارهێنانی تیۆریی پێکهاتەسازی؛ بەڕێوەبەران دەتوانن ستراتێژیەتێک دابرێژن کە هەم هۆکارە پێکهاتەییەکان و هەم کردارەکانی تاکەکان لەبەرچاو بگیرێت و ئەوەش دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ دارشتنی ستراتێژیی کاریگەرتر و تایبەتمەندتر. هەروەها تیۆری پێکهاتەسازی دەتوانێت زانیاری لەسەر دارشتنی سیاسەت بدات بە پێشکەشکردنی تێڕوانینێک بۆ ئەوەی کە چۆن پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و کردارە تاکەکەسییەکان کاریگەرییان

لەسەر پرۆسەی سیاسی هەیە. کاتێک کە باس لەسەر گەشەکردنی تاکەکەسی دەکەین، تیۆرەکە دەتوانێت یارمەتیمان بدات لەوە تێبگەین کە چۆن کردارەکانی خۆت کاریگەرییان لەسەرە و لەلایەن پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانەوە لە قاڵب دەدرێن، شتێک کە دەتوانێت بۆ گەشەکردنی کەسی بەسوود بێت. دەتوانرێت تیۆری پێکهاتەسازی بەکار بهێنرێت بۆ شیکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەکان بە لەبەرچاوگرتنی هەر دوو فاکتەری پێکهاتەیی و تاکەکەسی. هەروەها تیۆرەکە زۆر کاریگەر بووە لە کۆمەڵناسی و زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا، بەتایبەت بۆ تێگەیشتنێکی قووڵتر لە چۆنیەتیی کارکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە و کاریگەرییان لەسەر یەکتر، کە ئەوەش بۆ تێگەیشتن لە دینامیکی گەشەپێدان و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی زۆر گرنگە. بۆ زیاتر چڕبوونەوە و لە ڕوانگەیەکی گشتگیرتر و تێگەیشتن لەوەی کە بۆ چی ئەو بابەتە گرنگیی تایبەتی هەیە بە تایبەت بۆ ئێمەی کورد، لێرەدا چەند دەرئەنجامێکی گشتی دەخەمە ڕوو وەکوو:

تێگەیشتن لە شوناس یان ناسنامە: تێگەیشتن لە شوناس/ ناسنامە بریتییە لە لێکۆڵینەوە لەوەی کە ئێمە کێین، چۆن خۆمان دەبینین و چۆن لەلایەن کەسانی دیکەوە هەستمان پێ دەکرێت. ناسنامە چەمکێکی ئاڵۆز و فرەلایەنە کە دەتوانرێت بەسەر چەند ڕەهەندێکدا دابەش بکرێت و ئەوەش باسی ئەو بابەتەی من نییە و خۆی لێدەپارێزم. وەک پێناسە دەتوانین بڵێین کە ناسنامە بریتییە لە کۆی ئەو تایبەتمەندییانە، ئەزموون، پەیوەندی و بەهایانەی کە کەسێک هەیەتی. تێگەیشتن لە شوناس/ ناسنامە گرنگە بۆ گەشتکردن یان چوونە ناو کۆمەڵگەیەکی هەمەچەشن، بۆ پێشخستنی ڕێز و لێکتێگەیشتن لە نێوان گرووپە جیاوازەکاندا. شوناس چەمکێکی ئاڵۆز و فرەڕەهەندە کە ئاماژەیە بۆ چۆنیەتیی هەستکردن و پێناسەکردنی تاک و گرووپەکان. شوناس/ ناسنامەی نەتەوەیی بریتییە لەوەی کە سەر بە چ نەتەوەیەکین. ئەوەش دەتوانێت لەسەر بنەمای مێژوو، زمان، کولتوور و بەها هاوبەشەکان بێت. هەر بۆیە دارشتن یان پێکهاتەسازیی خەباتی نەتەوەیی، دەتوانێت یارمەتیدەر بێت

هەولێرنامەی کتێب

بۆ بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و یەکگرتوویی نێوان بەشداربووان. هەروەها یارمەتیمان دەدات لەوە تێبگەین کە چۆن ناسنامەی نەتەوەیی و یەکگرتووییمان بە درێژایی مێژوو لە قاڵب دراوە و چۆن بەها و ئامانجە هاوبەشەکانمان پەرەیان پێ دراوە و پێ دەدرێت. ئەوەش دەتوانێت بە تایبەتی لە بزووتنەوە بەرخۆدانەکاندا گرنگ بێت کە ناسنامەیەک یان تێگەیشتنەکی هاوبەشیان هەیە.

شوناس و یەکگرتوویی: شوناس و یەکگرتوویی پەیوەندییەکی نزیکیان هەیە، بەو پێیەی هەستێکی بەهێزی ناسنامە زۆرجار یارمەتیدەرە بۆ بەهێزکردنی یەکگرتوویی لەناو گروپێک یان کۆمەڵگەیەکدا. کاتێک مرۆڤەکان هەست بە پەیوەستبوون بە خەباتێکی هاوبەشی نەتەوەییەوە دەکەن، هەستی سەربەخۆیی و پێکەوەبوونیان بەهێزتر دەبێت، کەواتە دەتوانین بڵێین کاتێک گروپێک بەها و نەریتی هاوبەشیان هەیە، ئەوە هەستکردن بە سەربەخۆیی و یەکگرتوویی دروست دەکات. یان بە واتایەکی دیکە هەستێکی بەهێزی شوناس و یەکگرتوویی لەنێو خەڵکدا دروست دەبێت. بۆ نموونە، نۆرویژ لە مێژوودا تا ڕادەیەکی زۆر لەژێر کۆنترۆڵی دانمارکدا بووە، ئەوەش کاریگەریی لەسەر گەشەسەندنی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی وڵاتەکە هەبووە، هەر بۆیەشە لە نۆرویژ نەتەوەسازی و یەکگرتوویی تەوەرێکی گرنگ بووە و ئێستاش هەر گرنگە. بەتایبەت دوای شەڕی جیهانیی دووهەمدا، دەوڵەتی نۆرویژ هەوڵێکی زۆری بۆ دروستکردنی یەکیەتییەکی نیشتمانیی بەهێز و شوناسێکی هاوبەش داوە.

سەربەخۆیی و سەروەری: سەربەخۆیی و سەروەری دوو چەمکی گرنگن کە زۆرجار هاوتەریبی یەکتر دەڕۆن. سەربەخۆیی ئاماژەیە بۆ توانای دەوڵەتێک بۆ بەڕێوەبردنی خۆی بەبێ دەستێوەردانی وڵاتانی دیکە. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە نەتەوەیەک کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر کاروباری خۆیدا هەیە، لەوانە لایەنی سیاسی و ئابووری و...... کۆمەڵایەتییەکانە. بۆ نموونە، نۆرویژ لە ساڵی ١٩٠٥دا سەربەخۆیی خۆیی ڕاگەیاند و بە ڕاپرسیەکی گشتی(ڕیفراندۆم) بۆ سەربەخۆیی و دانانی شایەکی

نوێ لەژێر دەسەڵاتی سوئید هاتە دەر. سەروەریی سیاسیش پەیوەندی بە دەسەڵاتەوە هەیە. ئەوەش بەو مانایەیە کە دەوڵەت کۆنترۆڵی تەواوی کاروباری خۆی هەیە و دەتوانێت یاسای خۆی دەر بکات و بڕیاری خۆی بدات و ئابووریی خۆی بەبێ دەستێوەردانی دەوڵەتانی دیکە بەڕێوە ببات. کەواتە دەتوانین بڵێین دارشتن یان پێکهاتەسازیی خەباتی نەتەوەیی، زۆر جار خەباتێکە بۆ سەربەخۆیی و سەروەری نەتەوەیی، کە نەتەوەیەک بۆ خۆی بڕیارات و کۆنترۆڵی بەسەر کاروباری خۆی و داهاتووی خۆی و ناوچەی خۆیدا هەیە.

بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ چەوساندنەوە/ ستەمکاری: چەوساندنەوە ئاماژەیە بۆ مامەڵەکردنی سیستماتیک و بەردەوام لەگەڵ نەتەوەیەک، گرووپێک یان تاکێک بە شێوەیەکی ناڕەوا و دڕندانە. زۆر جار ستەمکاری بریتییە لە بەکارهێنانی هێز بۆ سنووردارکردنی ئازادی و ماف و دەرفەتەکان. ستەم یان چەوسانەوە دەتوانێت چەندین شێوەی هەبێت، وەکوو: چەوساندنەوەی سیاسی، چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی، چەوساندنەوەی ئابووری، چەوساندنەوەی کولتووری و چەوساندنەوەی دەروونی کە بریتییە لە بەکارهێنانی ترس و هەڕەشە و کۆنترۆڵکردنی تاک یان گرووپ و ... هتد. کە بەداخەوە ئێمەی کورد لە هیچ یەک لەو چەوساندنەوانە بێبەش نین و بەردەوام لەژێر باری قورسی ئەو ستەمانەدا دەناڵێنین. بەرەنگاربوونەوە بە دژی چەوساندنەوە پێویستی بە هەوڵی تاک و کۆمەڵگە و ڕێکخراوەی نەتەوە زوڵملێکراوەکان و نێودەوڵەتییەکان هەیە و تێکۆشانیش بۆ بەرەوپێشبردنی دادپەروەری و یەکسانی لە ئەستۆی هەر تاکێکی کۆمەڵگەدایە. کەواتە دەتوانینن بڵێین کە پێکهاتەسازی خەباتی نەتەوەیی، سەکۆیەک دابین دەکات بۆ ئەوەی خەڵک بەرەنگاری ستەم و نادادپەروەری ببنەوە، و خەبات بۆ دادپەروەری و یەکسانی بکەن.

ئیلهامبەخشین بۆ نەوەکانی داهاتوو: ئیلهامبەخشین بۆ نەوەکانی داهاتوو بریتییە لە پاڵنەر و هاندانی گەنجان بۆ گەشەکردن و فێربوون و بەشداریکردنی ئەرێنی لە ڕەهەندکانی ژیانی کۆمەڵگەدا. یان بە واتایەکی دیکە ئیلهامبەخشین بۆ نەوەکانی

داهاتوو واتە کاریگەر بوون و ڕێنماییکردنی گەنجان بە شێوەیەک کە پاڵنەر و هیوا و ئاراستەکردنیان بۆ داهاتوو پێ ببەخشێت. ئیلهامبەخشین بۆ نەوەکانی داهاتوو ئەرکێکی گرنگە کە دەتوانێت کاریگەریی ئەرێنیی بەردەوامی لەسەر کۆمەڵگە هەبێت. بە ئیلهامبەخشین بۆ نەوەکانی داهاتوو، ئێمە بۆ بەدیهێنانی داهاتوویەکی باشتر و بەردەوامتر یارمەتیدەر دەبین. کەواتە بەو پێیە، پێکهاتەسازیی خەباتی نەتەوەیی دەتوانێت ئیلهامبەخش بێت بۆ نەوەکانی داهاتوو بۆ بەهادان و پاراستنی میراتی نەتەوەیی و ئازادی خۆیان.

گەشەسەندنی کەسی: گەشەسەندنی کەسی یان تاک بریتییە لەو پرۆسەیەی کە مرۆڤ بە ئاگادارییەوە کار بۆ باشترکردنی خۆی دەکات، لە ڕووی دەروونی، سۆزداری، کۆمەڵایەتی، زانیاری و پیشەییەوە، یان بۆ ئەوەی بتوانێت خۆئاگایی و شارەزایی و کوالیتیی ژیانی زیاتر و خۆشتر بەدەست بهێنێت. یان بە واتایەکی دیکە گەشەسەندنی کەسی بریتییە لە باشترکردنی خۆت لە ڕێگەی هەوڵی هۆشیاربوونەوە و فێربوون. گەشەسەندنی کەسی پرۆسەیەکی تەواوی تەمەنە و هەم بە ئاگایی و هەم بە نائاگایی ڕوو دەدات، کە دەتوانێت ببێتە هۆی ڕەزامەندی و سەرکەوتنی زیاتر لە هەر دوو ژیانی کەسی و پیشەییدا. بە دانانی ئامانجی گەشەپێدانی کەسی، دەرفەتت دەبێت بۆ پەرەپێدانی تواناکانی نووسین، بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، توانای شیکردنەوەی بابەتگەلێکی ئاڵۆز و زیادکردنی کارامەیی بە تایبەت لە داڕشتنی پێکهاتەی بزووتنەوەیەکی نەتەوەییدا. پێکهاتەی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی داڕێژراوی باش، دەتوانێت باشتر هاوسەنگیی چالاکییەکان و سەرچاوەکان بکات، ئەوەش دەتوانێت ببێتە هۆی کردەوەی کاریگەرتر و کاریگەریی زیاتری لەسەر بەرەوەپێشبردنی بزوتنەوەکە هەبێت.

بەشداریکردن لە گفتوگۆ یان دیبەیت: وشەی دیبەیت یان مشتومڕ بە واتای گفتوگۆیەکی ستروکتورکراو دێت کە تێیدا دوو لایەن یان زیاتر بۆچوون بە ئارگومێنت بۆ بابەتێکی دیاریکراو یان لە دژی بابەتێک ئاڵوگۆڕ دەکەن. زۆرجار ئامانج قەناعەت

پێکردن، ئاگادارکردنەوە، یان لێکۆڵینەوە لە ڕوانگە و بیرە جیاوازەکانە. کەواتە وەک پێناسە بۆ مشتومڕ دەتوانین بڵێین کە مشتومڕ، بریتییە لە باسێکی فەرمی یان نافەرمی کە تێیدا بۆچوونی جیاواز لە بەرامبەر یەکتردا دەخرێنە ڕوو، زۆرجار بە ئامانجی ڕوونکردنەوەی پرسێک لە چەندین لاوە دەبێ. بەشداریکردن لە گفتوگۆ و مشتومڕەکاندا دەتوانێت هۆکار بێت بۆ گەشەکردنی کەسی و باشتر تێگەیشتن لە بابەتگەلێکی ئاڵۆز و پەرەپێدانی تواناکانی پەیوەندیکردن و بەئارگومێنتکردنیان. کەواتە نووسین یان خوێندنەوە لەسەر ئەو جۆرە بابەتانە (واتە پێکهاتەسازیی خەباتی نەتەوایەتی) دەتوانێت پاڵنەر یان هاندەر بێت بۆ بەشداریکردن لە مشتومڕی گشتی سەبارەت بە ناسنامەی نەتەوەیی و یەکگرتوویی. ئەوەش دەتوانێت ڕێگەیەک بێت بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ پرسە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەرییەکانی.

پاراستنی کولتووری: پاراستنی کولتووری بریتییە لە پاراستن و بەردەوامکردنی میراتی کولتووری، لەوانە نەریت، زمان، هونەر، وەرزش، پیشەسازی / پیشە دەستییەکان، ڕێورەسم و ئەو دەربڕینانەی دیکە کە بۆ کولتوورێک یان کۆمەڵگەیەک گرنگن. ڕێگایەکە بۆ پاراستنی شوناس/ ناسنامە و مێژوو و فرەچەشنی، چ بۆ نەوەکانی ئێستا و چ بۆ نەوەکانی داهاتوو. پێکهاتەسازیی خەباتی نەتەوەیی، یارمەتی پاراستن و بەرەوپێشبردنی کولتوور و نەریت و زمان دەدات، کە پێکهاتەی گرنگی ناسنامەی نەتەوەیین.

ئەو لایەنانە و زۆر لایەنی دیکەش کە لێرەدا ئاماژەیان پێ نەدراوە، ئاماژەن بۆ ئەوەی کە چۆن خەباتی نەتەوەیی دەتوانێت نەتەوەیەک لە زۆر ئاستدا بەهێز بکات. خەباتی نەتەوەیی پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، بۆ تێگەیشتن و تێڕوانینێکی گشتی و باشتر، نووسینی بابەتێکی لەو شێوەیە واتە "دارشتنی خەباتی نەتەوەیی"، گرنگە.

### ئاستەنگەکانی پێکهاتەسازی لەنێو حیزبە سیاسییەکان

ئاستەنگەکانی پێکهاتەسازی لەنێو حیزب یان گرووپە سیاسییە ناسیۆنالیستەکاندا دەتوانێ زۆر ئاڵۆز بێ. لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە حیزبانە لە چەندین ڕەهەندی هەستیار و گۆڕاودا کار دەکەن. بە واتایەکی دیکە ئاستنگەکانی پێکهاتەسازی لە نێوان حیزبە سیاسییەکاندا دەتوانێت بەپێی کۆنتێکست (نەتەوەیی، ئایدیۆلۆژی، ڕێکخراوەیی) جیاواز بێت، بەڵام هەندێک کێشەی هاوبەش هەن کە زۆرێک لە حیزبەکان، چ ئەوانەی ڕابردوویەکیان هەیە و چ ئەوانەی نوێن، زۆرجار ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. بۆ بەرچاوڕوونیی باشتر بە شێوەیەکی شیکاری دەتوانم زۆر بە کورتی هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو ئاڵۆزییە و ئاستەنگەکانی پێکهاتەسازی لەنێو حیزبە سیاسییەکاندا بە شێوەی خوارەوە ڕوون بکەمەوە:

ئاستەنگی ئایدیۆلۆژی و ناسنامەیی یان شوناس: ناکۆکی لە پێناسەی ناسیۆنالیزمدا، تێڕوانینی جیاواز لەسەر مانای "نەتەوە"، "ناسنامەی نەتەوەیی"، یان "سەربەخۆیی نەتەوەیی" دەتوانێت ببێتە هۆی دابەشبوونی ناوخۆیی. چەمکی "نەتەوە" لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا دەتوانرێت لەسەر بنەمای زمان و کولتووری نەتەوە، ئایین، مێژوو یان خاک پێناسە بکرێت. ئەو فرەچەشنییە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەندامانی حیزب تێڕوانینی جیاوازیان هەبێت لەسەر ئامانج و میتۆدەکان، ئەوەش خۆی لە خۆیدا یەکگرتوویی پێکهاتەیی، ئاستەم (سەخت) دەکات، بە تایبەت لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا. هەروەها خۆگونجاندن لەگەڵ واقیعە فرە کولتورییەکان، لەو وڵاتانەی کە زۆر نەتەوە و زمانی تێدایە، ڕەنگە بە یەک پێناسەی بچووک بۆ ناسیۆنالیزم ڕووبەڕووی هەڵچوون ببنەوە، بە تایبەت ئەو کاتەی نەتەوەی باڵادەست ناسیۆنالیزمێکی چەقبەستوو بێت و لە خۆی زیاتر کەسی لا پەسەند نەبێت. نموونەی ناسیۆنالیزمی چەقبەستووی فارس یان تورک لە ئێراندا.

گوشارە سیاسی و ئەمنییەتییەکان: حیزبە ناسیۆنالیستەکان زۆرجار ڕووبەڕووی دژایەتیی حکوومەتە ناوەندییەکان یان پێکهاتەکانی دەسەڵات دەبنەوە. ئەو گوشارانە

دەتوانن بریتی بن لە: سەرکوتکردن، زیندان و سێدارە، سنووردارکردنی یاسایی، یان تەنانەت ناونانیش وەکوو حیزبێکی "توندڕەو" یان "جیاییخواز". هەر بۆیە لەو جۆرە کاتانەدا، لە داڕشتنی پێکهاتەسازیدا دەبێت لە یەک کاتدا هەم نهێنی و هەم کارایی لەبەرچاو بگیرێت.

ململانێی نێوان ئایدیالیزم و پراگماتیزم: زۆرێک لە حیزبە ناسیۆنالیستەکان بە ئایدیالی بەرز وەکوو، سەربەخۆیی، ئۆتۆنۆمی، یان بنیاتنانەوەی کولتووری، پێکهاتوون. بەڵام لە کردەوەدا دەبێ لەگەڵ واقیعە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان ڕێک بکەون. ئەو ململانێیە دەتوانێت ببێتە هۆی ناتەبایی ناوخۆیی و لاوازی پێکهاتەیی.

ئاستەنگە ناوخۆییەکان: یەکێک لەو ئاستەنگانە دەتوانێت نەبوونی ئەزموونی سەرکردایەتی لەنێو ئەندامانیدا بەتایبەت لە قۆناغە سەرەتاییەکانی پێکهێنانی حیزبدا بێت. ڕکابەریی کەسی، گرووپی یان خێڵی دەتوانێت ببێتە هۆی پارچەپارچەبوون یان داڕمانی پێکهاتەکە. نەبوونی شەفافییەت، واتە پرۆسەی ناڕوون بۆ کاندیدکردن و هەڵبژاردن و بڕیاردان. هەماهەنگیی خراپی نێوان سەرکردایەتیی ناوەند لەگەڵ ڕیزەکانی خوارەوەی ناوەند، واتە ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەوانەی خوارێ هەست بەوە بکەن کە نابینرێن یان پشتگوێ دەخرێن یان هەڵداوێردرێن و کۆنترۆڵ دەکرێن.

کاریگەریی هۆکارە دەرەکییەکان: دەستێوەردان یان پشتیوانیی وڵاتانی دەرەوە (ئەرێنی یان نەرێنی) دەتوانێت کاریگەریی لەسەر پێکهاتەی حیزبی هەبێت. هەروەها پێشهاتە ناوچەیی یان جیهانییەکان (وەک شەڕ، کۆچکردن، یان گۆڕانکاریی جوگرافیای سیاسی( ژئۆپۆلەتیکی) دەتوانن ببن بە ئاستەنگ یان بەربەست لەسەر پێکهاتە و ستراتیژیی حیزبەکە.

## دارشتن یان پێکهاتەسازیی خەباتی نەتەوەیی

بە گشتی خەباتی نەتەوەیی بەپێی کۆنتێکستەکەی دەتوانێت ئاماژە بە چەند لایەنێک بکات. کەواتە خەباتی نەتەوەیی پێکهاتەیەکی ئاڵۆز و تایبەتمەندە کە تێیدا ناسیۆنالیزم، کولتوور، زمان و سیاسەت ڕۆڵی ناوەند دەگێڕن. پێکهاتەسازیی خەباتی نەتەوەیی دەکرێت باسی نەتەوەسازی/ بنیاتنانی نەتەوەیی، ناسیۆنالیزم، ستراتێژی ئاسایشی نەتەوەیی و کۆکردنەوەی سیاسی بێت؛ کە مرۆڤ سەیری ئەوە بکات کە چۆن نەتەوەیەک پەرە بە ناسنامەکەی دەدات و خەڵک لە دەوری بەها و ئامانجە هاوبەشەکان کۆ دەکاتەوە. با بڕێک وردتر و بە شێوەیەکی خاڵبەندی باسی ئەو چەمکانە بکەم، وەکوو:

بنیاتنانی نەتەوە: بنیاتنانی نەتەوە بریتییە لەو پرۆسەیەی کە دەوڵەت هەوڵی دروستکردنی شوناس و ناسنامەیەکی هاوبەشی نەتەوەیی لە نێوان هاووڵاتییان پەرە پێ دەدات. بنیاتنانی نەتەوە تەنیا کێشانی سنوورەکان لەسەر نەخشەیەک نییە، بەڵکوو هەڵگری مێژوو، زمان و کولتووری هاوبەش، پەروەردە، هێما و نەریتە نەتەوەییەکانە. بە واتایەکی دیکە دروستکردنی ناسنامەیەکی هاوبەشی نەتەوەیی و پتەوکردنی یەکگرتوویی نێوان هاووڵاتییانە. نەتەوەسازی بەشێکی گرنگی مێژووییە و ئەوەش دەستپێشخەرییە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە کە زمان و نەریت و مێژووی نەتەوەیەک بەرەوپێش دەبەن. بنیاتنانی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزم پەیوەندییەکی نزیکیان پێکەوە هەیە، بەڵام وەک یەک نین. ناسیۆنالیزم ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی و هەستکردن بە هەبوونی پەیوەندی بە نەتەوەیەک یان گەلێکە، و دەتوانێت بە شێوازی جۆراوجۆر خۆی دەربخات؛ لە نیشتمانپەروەری میانەڕەوەوە هەتا فۆرمە توندڕەوەکانی ناسیۆنالیزم. ناسیۆنالیزم لەلایەک دەتوانێت کۆمەڵگە و دیموکراسی بەهێز بکات، لەلایەکی دیکەوە دەتوانێت ببێتە هۆی ململانێ و چەوساندنەوەی کەمینەکان کە ئەوە زیاتر بە ناسیۆنالیزمی چەقبەستوو بەناوبانگە. لە ڕووی مێژووییەوە ناسیۆنالیزم ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە دامەزراندنی دەوڵەتە

نەتەوەییەکان و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان و هەڵچوونە سیاسییەکان. کەواتە ناسیۆنالیزم ناوەندی پەرەپێدانی شوناسی نەتەوەییە:

ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی: ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی/ نیشتمانی بریتییە لە چۆنیەتیی ڕێکخستن و پلاندانانی نەتەوەیەک بۆ پاراستنی خۆی و وڵاتەکەی لە هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا، واتە بەڵگەنامەیەکی سیاسی سەرتاسەرییە کە باس لەوە دەکات چۆن دەوڵەتێک بەها و بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکان و دانیشتووانی لە بەرامبەر جۆرەها هەڕەشەی سەربازی و ناسەربازی دەپارێزێت. پلانە ستراتیژییەکە ئاراستەیەکی درێژخایەنی سیاسەتی ئاسایش دیاری دەکات و هەوڵەکان لە سەرانسەری ناوچەکە و ئاستەکانی کۆمەڵگەدا کۆ دەکاتەوە. ئەوەش ڕێوشوێنی سیاسی و سەربازی و ئابووری بۆ دەستەبەرکردنی سەقامگیری و ئاسایشی نەتەوە دەگرێتەوە. ستراتیژییەکە تیشک دەخاتە سەر بەهێزکردنی تواناکانی بەرگری و هاوکاری لەگەڵ هاوپەیمانە نێودەوڵەتییەکان.

کۆکردنەوەی سیاسی: کۆکردنەوەی سیاسی بریتییە لە چۆنیەتیی چالاککردنی تاک و گرووپەکان بۆ بەشداریکردن لە پرۆسە سیاسییەکان، جا چ لە ڕێگەی هەڵبژاردن، خۆپیشاندان، ڕێکخراو یان بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بێت. هێزی بزوێنەری بەشداری و گۆڕانکاریی دیموکراسییە، یان بە واتایەکی دیکە کۆکردنەوەی سیاسی ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە چۆن گرووپ و لایەنە سیاسییەکان خۆیان ڕێک دەخەن بۆ ئەوەی کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی نەتەوەیی هەبێت. هەروەها چۆن دەتوانرێت خەباتی نەتەوەیی بە شێوازی جیاواز بۆ گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو دابڕێژرێت.

**چۆن پێکهاتەسازی دەتوانێت کاریگەریی لەسەر خەبات یان دەرئەنجامی خەباتێکی نەتەوەیی هەبێت و چ هۆکارێک بۆ سەرکەوتن گرنگە؟**

دارشتنی خەباتی نەتەوەیی دەتوانێت کاریگەریی قووڵی لەسەر دەرئەنجامی کۆتایی هەبێت. ئەو پرۆسەیە بریتییە لە دروستکردن و بەهێزکردنی دامەزراوە و ڕێکخراو و پێکهاتە جۆراوجۆرەکان کە دەتوانن بەشداری لە هەماهەنگی باشتر، بەکارهێنانی سەرچاوەکان و زیادکردنی یەکگرتوویی نیشتمانی بکەن. پێکهاتەسازی لە دەرەنجامی خەباتی نەتەوەیی، جا چ بزوتنەوەیەکی سیاسی بێت، ململانێی سەربازی یان ناڕەزایەتییەکی کۆمەڵایەتی بێت، ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕێت. بەگشتی نەبوونی پێکهاتە لە خەباتدا دەتوانێت ببێتە هۆی ئاژاوە و نائارامی و دواجار شکستهێنان، لە کاتێدا بە پێچەوانە پێکهاتەیەکی باش دەتوانێت کلیلی سەرکەوتن بێت. بەگشتی و بە شێوازی خاڵبەندی، پێموایە کاریگەرییەکانی پێکهاتەسازی لەسەر خەباتی نەتەوەیی ئەو خاڵانەی خوارەوەن کە بە کورتی باسیان دەکەم، وەکوو:

بەهێزکردنی یەکگرتوویی نیشتمانی: بەهێزکردنی یەکگرتوویی نیشتمانی زۆرجار پەیوەندی بە پێشخستنی کۆمەڵگە و متمانە و هاوکاری لە سەرانسەری ناوچەکان و کولتوورەکان و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان هەیە. بە واتایەکی دیکە دروستکردنی پێکهاتەی یەکگرتوو و هاوئاهەنگ دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ بەهێزکردنی هاودەنگی و یەکگرتوویی نیشتمانی، کە ئەوەش لە بەرامبەر ئاستەنگە گەورەکاندا زۆر گرنگە. لێرەدا چەند ڕێوشوێنێکی کۆنکرێتی دەخەمە ڕوو کە بۆ بەهێزکردنی یەکگرتوویی نیشتمانی گرنگیی تایبەتیان هەیە، وەکوو: دامەزراندنی ناوەندێکی نیشتمانی دژ بە توندڕەوی، پەروەردەی ئازادی و دیموکراسی لە قوتابخانەکاندا، کارکردن بۆ گەنجان، دروستکردنی دیبەتی گشتیی کراوە و دانی زانیاری، هاوکاریی نێوان کەرتەکان و دروستکردنی بنکەیەک بۆ دەستنیشانکردنی ئاستەنگەکان و چارەسەرکردنیان. ئەو ڕێوشوێنانە ئاماژە بەوە دەکەن کە یەکگرتوویی نەتەوەیی/ نیشتمانی تەنیا هێما و ئاڵا نییە، بەڵکو بریتییە لە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەک کە خەڵک هەست بە ئەمنیەت،

تەندروستی و بوونی خۆیان بکەن و هەروەها دڵنیابن کە گوێیان لێ دەگیرێت.

باشترکردنی کارایی(چوست و چالاکی/ توانا) و بەرهەمهێنان: باشترکردنی کارایی و بەرهەمهێنان بریتییە لە ئەنجامدانی زیاتر بە کەمترین تێچوو، بەبێ ئەوەی سازش لەسەر کوالیتی بکرێت. دارشتن یان پێکهاتەسازییەکی دروستی خەباتی نەتەوەیی یارمەتیدەر دەبێت بۆ باشترکردنی لێهاتوویی، کارایی و کاریگەری و بەرهەمهێنان لە جێبەجێکردنی بەرنامە و ستراتیژیەکاندا کە دەتوانێت ببێتە هۆی سەرکەوتن لە هەڵمەتە نیشتمانییەکاندا.

زیادکردنی متمانەی گشتی: دامەزراوە بەهێز و ڕوونەکان(شەفاف) دەتوانن متمانەی گشتی بەدەست بهێنن و پشتیوانیی جەماوەری زیاد بکەن کە ئەوەش لە پێشڤەچوونی خەباتی نیشتمانیدا ڕۆڵێکی یەکجار زۆر گرینگ دەبینێت. هەروەها کاتێک خەڵک متمانەیان بە دەسەڵاتداران هەبوو ئەوە زیاتر پابەندی یاسا دەبن، یان یاسا پەیرەو دەکەن، ئەوەش وا دەکات کە یاسا سەروەر و سەقامگیر بێت. ئەو کاتەیە کە خەڵک زیاتر بەشداری لە ژیانی گشتی و پرۆسەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ..... هتددا دەکەن، ئەوەش دەبێتە هۆی حوکمڕانییەکی کاراتر و خزمەتگوزاریی باشتر.

هەواڵنامەی کتێب

### هۆکارە سەرەکییەکانی سەرکەوتن لە هەڵمەتە نیشتمانییەکاندا

هەڵمەتی نیشتمانی بریتییە لە هەوڵێکی پلان بۆ دارێژراو و ئامانجدار کە لە سەرانسەری وڵاتدا ئەنجام دەدرێت بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر هەڵوێستەکان، ڕەفتار یان زانیاری دانیشتووانی هەبێت. هەڵمەتی نیشتمانی دەتوانێت سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕاپرسی، تەندروستی و بازرگانی بێت. بەڵام کاتێک باس لە هەڵمەتێکی نیشتمانی یان هەڵمەتە نەتەوەییەکان بۆ گەلی کورد دەکرێت بابەتەکە جیاوازترە، لەبەر ئەوەی هەڵمەتە نیشتمانییەکانی ئێمەی کورد زیاتر بانگەشەیە بۆ شوناس/ ناسنامە و مافەکانمان، بە تایبەتی بەهێزکردنی کولتوور و زمان و مافە سیاسییەکان. هەڵمەتی ئێمە هەڵمەتێکی ڕزگاریخوازانەیە، ئەوەش ئەوە دەردەخات کە تێگەیشتن لە

دۆخی کورد لە چوارچێوەیەکی مێژوویی و سیاسیدا چەندە گرنگە. لێرەدا هەندێک لە گرنگترین هۆکارەکان بۆ سەرکەوتن لە هەڵمەتی نیشتمانی دەخەمە ڕوو کە لە شیکارییەکان و ئامۆژگارییە پیشەییەکان یان پسپۆڕییەکاندا ئاماژەیان پێکراوە، وەکوو:

ئامانجی ڕوون و پێوانەکراو: هەڵمەتێک کە ئامانجی ڕوون نەبێت وەک کەشتییەکی بێ کۆمپاس وایە (کۆمپاس، واتە ئامێری ڕێنیشاندەر). کەشتییەکی بێ کۆمپاس، دەستەواژەیەکی نۆرویژییە کە وەک میتافۆرێک بۆ هێمای بزووتنەوەیەک یان ڕێکخراوێک بەکار دەهێنرێت کە: ئاراستە یان ئامانجی ڕوونی نییە، سەرکردایەتیی هەیە، بەڵام تێگەیشتنێکی هاوبەشی نییە بۆ کوێ دەچێت یان چ بکات، واتە زۆر ناکارامەیە. ئەو ڕێکخراوانە بەردەوام مەترسیی لەدەستدانی پشتگیری یان هەڵوەشانەوەیان لەسەرە، و هەروەها بەرەوڕووی کاریگەرییە دەرەکییەکان و دابەشبوونە ناوخۆییەکان دەبنەوە. لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەکی نەتەوەییدا "کۆمپاس" دەتوانێت بریتی بێت لە: ئایدۆلۆژی و بەهاکان، کە ئاراستە و مانا دەبەخشن. پلاندانانی ستراتیژی، کە ڕێگا بەرەو ئامانجەکە نیشان دەدات. میکانیزمەکانی بڕیاردان، کە یارمەتیی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان دەدەن. سەرکردایەتیی کارامە و لێهاتوو، کە بە ڕوانگەیەکی دیاریکراو، بزووتنەوەکە بەڕێوە دەبات. هەر بۆیە بزووتنەوە یان هەڵمەتێکی باشی ئامانجدار دەبێ، ئامانجەکانی تایبەت بن، بتوانرێت بپێورێت، بتوانرێت بەدەست بهێنرێت، پەیوەندیدار و کاتبەند بێ. تێگەیشتنێکی قووڵ لە ئامانجەکان، زانینی ئەوەی کە ئامانجەکان بۆ کێن، پێداویستییەکان چین، بەهاکان و ئاستەنگەکان کامانەن و زۆر گرنگە کە پەیامەکان دەنگدانەوەیان هەبێت. بەڵام وا باشە پەیامەکان بەهێز و ڕوون، سادە و ئاسان و سەرنجڕاکێش بن بۆ لەبیرنەچوونەوە. پێویستە هەست و سۆز وروووژێنێت و هۆکارێک بدات بە خەڵک بۆ گرنگیدان بەو پەیامە.

متمانەپێکردن و یەکڕیزی و یەکگرتوویی: خەڵک پشتگیری لەو هەڵمەتانە دەکەن کە متمانەیان پێیەتی. ڕەسەنایەتی، شەفافیەت و پشتگیری لەلایەن ئەکتەرە ناسراوەکان

یان کەسایەتییە سیاسییەکان دەتوانێت متمانەپێکردن بەهێز بکات. کاتێک مرۆڤەکان بۆ ئامانجێکی هاوبەش کۆ دەبنەوە، یەکگرتوویی و یەکڕیزی گرنگە و دەتوانێت ڕەوتی مێژوو بگۆڕێت. لە سیاسەتدا، یەکڕیزی و یەکگرتوویی تەنیا بابەتێکی ئایدیاڵ نییە، بەڵکو ئەوانە ڕێکاری ستراتیژین، کە دەتوانن کاریگەریی سەرەکییان لەسەر سەرکەوتنەکانی نەتەوە و بزووتنەوەکە هەبێت. کەواتە یەکڕیزی و یەکگرتوویی ئاماژەیە بۆ پابەندبوونێکی هاوبەش لە نێوان گرووپە جۆراوجۆرەکان یان تاکەکان بۆ کارکردن بۆ گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکانیان. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین کە یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی سەرکەوتن لە خەباتی نەتەوەییدا، یەکڕیزی و یەکگرتوویی گەلە. پێویستە زۆرینەی خەڵک یەک بگرن و پێکەوە دژی دوژمنە هاوبەشەکانیان بوەستن. بەتایبەت ئەوە بۆ ئێمەی گەلی کورد دەبێ خاڵێکی بنەڕەتی و گرنگ بێت.

سەرکردایەتییەکی بەهێز و کاریگەر: سەرکردایەتییەکی بەهێز و کاریگەر ئەرکی تەنیا فەرماندان نییە، بەڵکوو پەیوەندی بە ئیلهامبەخشین، دروستکردنی متمانە، توانای پاڵنەری و هاندانی خەڵک هەیە بۆ ئەوەی هەموو هەوڵ و تواناکانیان پێکەوە ڕێک بخەن. دروستکردنی هیوا و پاڵنەر لە دڵی خەڵکدا دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ بەرزکردنەوەی ورە و زیادکردنی هەوڵەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان. هەروەها ئیرادەی بەرەوپێشبردن و بڕیارە قورسەکانی هەبێت، و زۆر گرنگە سەرکردەی بوێر و شارەزا هەبێت کە بتوانێت تێکۆشان و چالاکییەکان بەلاڕێدا نەڕۆن و هەموو ئاراستەکان بەرەو ئامانج بڕۆن کە ئەویش سەرکەوتن و ڕزگارییە و هەروەها بە وردبینی و هەڵسەنگاندنێکی چروپڕ لە ڕیسککردنیش نەترسێت.

بەکارهێنانی تاکتیکی گونجاو: بەکارهێنانی تاکتیکی گونجاو بە واتای هەڵبژاردنی کاریگەرترین کردار یان شێوازەکانە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو، کە لەگەڵ بارودۆخە ئاستەنگەکاندا بگونجێت کە ڕووبەڕوویان دەبنەوە. تاکتیکەکان، ئەو هەنگاوە کۆنکریتیانەن کە وەک پلانێک لەسەر ئەرزی واقیعدا لەسەر هێڵی ئامانجەکە جێبەجێ دەکرێن. بۆیە دەتوانین بڵێین کە تاکتیکەکان وڵامی پراکتیکیی ئەو پرسیارە

دەدەنەوە: چۆن دەگەینە ئەو شوێنەی کە دەمانەوێت لێی بین؟ بەکارهێنانی تاکتیکی گونجاو و داهێنەرانە لە شەڕەکاندا(دیپلۆماسی، چەکداری، دانووستان، ......) دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ سەرکەوتن. هەلەکان بقۆزرێنەوە و دەرفەت بۆ تاکتیکی نوێ و گونجاو دروست بکرێ.

**کاریگەریی بڕیارە سیاسییەکان لەسەر داڕشتن/ پێکهاتەسازیی خەباتی نەتەوەیی**

بڕیارە سیاسییەکان کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر داڕشتنی خەباتی نەتەوەیی هەیە، بە تایبەت کاتێک باس لە نەتەوەسازی و دابەشکردنی دەسەڵات و سیاسەتی ناسنامە/ شوناسی نەتەوەیەک دەکرێت. لە ڕووی مێژووییەوە بڕیارە سیاسییەکان، کاریگەریی زۆریان لەسەر گەشەکردنی نەتەوەیەک هەبووە، تەنانەت لە خەبات بۆ سەربەخۆییەوە بگرە هەتا دەگاتە پرۆسەی شوناسی زمانەوانی و کولتووری. لەسەردەمی نوێ یان مۆدێرنیەتدا، ململانێی دەسەڵاتی سیاسی، کاریگەریی لەسەر ستراتێژیی نەتەوەیی هەبووە، کە بڕیارەکان سەبارەت بە دابەشکردنی ئابووری و سیستمی خۆشگوزەرانی و مافە سیاسییەکان زۆر گرنگ بوونە. لە هەمان کاتیشدا دەسەڵاتی پشتپەردە نیشانی داوە کە چۆن بڕیارە ستراتێژییەکان دەتوانن دیمەنی سیاسیی نەتەوەیەک لە قاڵب بدەن، (مەبەست لە دیمەنی سیاسی هەم گرژییە ناوچەییەکان و هەم ئاستەنگە نێودەوڵەتییەکانە). بۆ هێنانەوەی نموونەیەکی مێژوویی باش لە کاریگەریی بڕیارە سیاسییەکان لەسەر خەباتی نەتەوەیی، دەتوانین ئاماژە بە هەڵوەشاندنەوەی یەکیەتیی نێوان نۆروێژ و سوئید یان بە واتایەکی دیکە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی نۆروێژ لەژێر دەسەڵاتی سوئید لە ساڵی ١٩٠٥دا بکەین. هەروەها دەکرێ بەراورد بکرێت بە خەباتە نەتەوەییەکانی دیکە، بەتایبەتی لە ڕووی پرۆسەی گەیشتن بە سەربەخۆیی و ستراتێژییە سیاسییە بەکارهێنراوەکان. خەباتی نەتەوەیی لە نۆروێژ، ڕەگ و ڕیشەی بۆ سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە کە ناسیۆنالیزم وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی خۆی دەرخستووە. لە ناو خەباتی نەتەوەیی لە نۆروێژدا،

ناسیۆنالیزمی کولتووری و ناسیۆنالیزمی سیاسی ڕۆڵی ناوەندیان بینیوە. جیاوازیی نێوان ئەو دوو جۆرەش ئەوەیە کە ناسیۆنالیزمی کولتووری، تیشک دەخاتە سەر پاراستن و بەرەوپێشبردنی میراتی کولتووریی هاوبەش. لە کاتێکدا ناسیۆنالیزمی سیاسی جەختی لەسەر ماف و ئازادییە سیاسییەکان دەکردەوە بۆ کۆمەڵگەی نۆرویژ، لە ئێستاشدا ئەوە زۆر بە زەقی هەستی پێ دەکرێت. لە نۆرویژ ئەو دوو فۆرمە ناسیۆنالیزمە یەکی گرتووە و بووە بە هۆی کۆکردنەوەی زۆرینەی ڕەهای خەڵک لە دەوری خەباتێک بۆ سەربەخۆیی نەتەوەیی. هەر چەند نۆرویژ لەساڵی ١٨١٤دا لەژێر دەسەڵاتی سوئیددا بووە، بەڵام هەستی ناسیۆنالیزمی نۆرویژییەکان وای کردووە کە پرسی سەربەخۆیی لە ناو کۆمەڵگەدا بەهێز بکات. هەر بۆیە داخوازیی نۆرویژییەکان لەسەر هەبوونی سیاسەتی دەرەوەی تایبەت بە خۆیان و هەروەها مەرجی بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی بووە، کە بووە بە هۆی ناکۆکی لەگەڵ حکوومەتی سوئید. بۆیەش پارلەمانی نۆرویژ لە ساڵی ١٩٠٥ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی یەکیەتییەکەی لەگەڵ سوئید یان هاتنەدەر لەژێر دەسەڵاتی سوئیدی داوە، سوئیدیش بەرەنگاری ئەو هەڵوێستەی پارلەمانی نۆرویژ بووەتەوە. سەرەڕای زیادبوونی ئاڵۆزییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە، سەرکردە سیاسییەکانی هەر دوو وڵاتی نۆرویژ و سوئید لە جیاتی ململانێی سەربازی چارەسەری دیپلۆماسیان هەڵبژاردووە. دوای دانوستان، هەڵوەشاندنەوەی یەکیەتییەکە بە فەرمی ناسێندراوە و نۆرویژ بوو بە نەتەوەیەکی سەربەخۆ. ئەو نموونەیە ئەوە نیشان دەدات کە چۆن بڕیارە سیاسییەکان دەتوانن بۆ خەباتی نەتەوەیی چارەنووسساز بن، جا چ لە ڕێگەی وتووێژ(دیپلۆماسی / سیاسەتی پشتپەردە) یان بە ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری/ سەربازی.

هەروەها دەتوانین ئاماژە بەوەش بکەین کە بڕیارە سیاسییە مۆدێرنەکان کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر ستراتێژییەکانی شەڕی نیشتمانی هەبووە، بە تایبەتی لە بوارەکانی سیاسەتی ئەمنی و بەرگریدا. چەمکی بەرگریکردن چ لە

ئاستی دیپلۆماسی یان چەکداری بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ قەیران و هەڕەشەکان و دەستەبەرکردنی خۆراگریی نیشتمانی گرینگە.

لەوانەیە بڵێین، دوو وڵات کە باوەڕیان بە سیستمی دیموکراسی هەبووە، ناتوانین لەگەڵ وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بەراورد بکەین. من دەڵێم بەرژەوەندی زلهێزەکان ئەوەیان بۆ گرینگ نییە، نموونەمان زۆرن، زۆر کەس لە لیستی ڕەش و تیرۆریستیدا بوونە بەڵام ئێستا بە پشتیوانیی زلهێزەکان سەرۆکی وڵاتەکەیانن. وڵاتێکی دیکەشمان هەیە وەک فینلاند کاتێک ویستی لە ڕووسیا جیا ببێتەوە ڕێک بە پێچەوانەی وڵاتی نۆرویێژ کە لە ڕێگەی پرۆسەیەکی تا ڕادەیەک ئاشتییانە و لە ڕێگای دانوستانی دیپلۆماسییەوە سەربەخۆیی بەدەست هێناوە، بەڵام خەباتی فینلاند بۆ سەربەخۆیی زۆر دڕندانە بووە. فینلاند لە ساڵی ١٨٠٩وە بەشێک بووە لە ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا، هەر چەند فینلاند پلەیەکی دیاریکراوی خۆبەڕێوەبەریی هەبووە، بەڵام وردەوردە ئەوە لە ڕێگەی سیاسەتەکانی بە ڕووسیەکردنی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستم کەم کراوەتەوە. دوابەدوای شۆڕشی ڕووسیا لە ساڵی ١٩١٧ کە بۆتە هۆی ڕووخانی دەسەڵاتی تێزار نیکۆلاسی دووهەم، دەستبەسەرداگرتنی بەلشەفیکەکان و بەهێزبوونی هەستی ناسیۆنالیزمی فینلاندییەکان، فینلاند دەرفەتی بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی خۆی قۆستۆتەوە. هەر ئەو ساڵی پەرلەمانی فینلاند بەیاننامەی سەربەخۆیی پەسەند کردووە. هەوڵی بۆ دەستەبەرکردنی دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمیی زۆرتر داوە. لە ١٩١٧ فینلاند خۆی وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ ڕاگەیاند. دوای سەربەخۆیی لە ساڵی ١٩١٨ شەڕێکی ناوخۆیی خوێناوی لە فینلاند لەسەر دەسەڵات لە نێوان لایەنە سوورەکان(سۆسیالیستەکان) و سپیپێستەکان(کۆنەپەرست و ناسیۆنالیستەکان) ڕووی دا. هەروەها لە کاتی شەڕەکەدا یەکیەتیی سۆڤیەت هەوڵی داگیرکردنی کۆمارە ساواکەی فینلاندی داوە، و هەستی ناسیۆنالیزمی فینلاندییەکان هانی داون بەرگری لە سەربەخۆیی خۆیان بکەن. لە کۆتایدا سپیپێستەکان بە پشتیوانیی ئاڵمان سەرکەوتنیان بەدەست هێنا و لە ساڵی ١٩١٩ فینلاند بوو بە

کۆماری، واتە فۆرمی حکوومەتی کۆمارییان هەڵبژارد. کەواتە لێرەش بڕیاری پشتپەردە و بڕیارە سیاسییەکان توانیی ئەو وڵاتە هەم لە شەڕە ماڵ وێرانکەرە ناوخۆییەکە و هەم لە هەوڵی داگیرکردنی لەلایەن ڕووسیە ڕزگار بکات و ببن بە وڵاتێکی سەربەخۆ. ئێستا لە زۆربەی توێژینەوەکاندا دەبینین کە فینلاند یەکێکە لەو وڵاتانەی سالآنە لە پلەی یەکەمی ڕیزبەندی بەرزی کوالیتیی ژیانی جیهاندایە. تەنانەت لە ساڵی ٢٠٢٥ بۆ هەشتەمین ساڵ لەسەریەک وەک بەختەوەرترین وڵاتی جیهان ناسێندرا.

ئەو نموونانە نیشان دەدەن کە چۆن خەباتی نەتەوەیی دەتوانێت لە دانوستانی ئاشتییانەوە بگرە هەتا ململانێی خوێناوی چ ڕوو بە دەرەوە و چ ناوخۆ سەرکەوتوو بێت، ئەوەش بەندە بە هەلومەرجی سیاسی و هاوسەنگی هێز لە نێوان لایەنەکاندا، لەوەش گرنگتر هەبوونی هەستی نەتەوەیی، ناسیۆنالیزم و ویستی سەربەخۆییە و پشتیوانی زلهێزەکانیش کاریگەرە. مەبەستم لە هەستی ناسیۆنالیزمی میانڕەوە کە جەخت لەسەر دیموکراسی و یەکسانیی کۆمەڵایەتی دەکات، یانی جیاواز لە فۆرمە توندڕەوەکانی ناسیۆنالیزم کە لە هەندێک وڵاتدا زاڵە بە تایبەت ناسیۆنالیزمی توندڕەوی فارس. بۆ ئێمەی کورد هەتا ویستی بە دیموکراتیزەکردنی نەتەوەکانی دیکە ناڵێم گرنگ نییە، گرینگ و بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانمان کاریگەرە) بەر لە ویستی سەربەخۆییمان بێت ئاستەمە بە ئاوات بگەین. هەر بۆیەش من پێموایە هەتا دەتوانین چ وەک تاک و چ وەک ڕێکخراو یان حیزبی سیاسی پێویستە کار بکرێت بۆ پەرەپێدانی هەستی ناسیۆنالیزمی میانڕەو کە هەر تاکێک شانازی بە شوناس/ ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بکات و هەوڵی پاراستنی بدات.

نموونەیەکی گشتی لە پێکهاتەی ڕێکخراوەیی بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکان

لێرەدا تێڕوانینێکی گشتیی بینراو لە پێکهاتەی ڕێکخراوەیی بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستیی تایبەت وەک ئەو بەڵگەنامە یان چارتی سازمانی لە چوارچێوەی

وێنەدا(بڕوانە وێنەی خوارەوە)، کە مۆدێلێکی چەمکی بۆ پێکهاتەسازیی ڕێکخراوەیی لە بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکاندا دەخاتە ڕوو. مەبەست لەو پێکهاتە دروستکردنی یەکگرتوویی و کارایی و لێپرسینەوە لە ئاستە جیاوازەکانی بزووتنەوەکەدایە. بۆ کارابوون و باشتر گەشەکردنی ڕێکخراو، لە شێوەی ئەو نموونەیە دەتوانرێت بۆ ئۆرگانەکانیش پێکهاتەیەک دروست بکرێت، کە وەک چارتی ڕێکخراوەیی بەکار بهێنرێت.

وێنە: تێڕوانینێکی گشتی/ چارتی سازمانی، پێکهاتەی ڕێکخراوەیی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی/ ناسیۆنالیستی




ئەو پێکهاتەیە چەندین سوودی گرنگی هەیە، بەتایبەتی لە بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکان یان ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەدا. وەکوو:

سەرکردایەتیی ناوەندی: ئەو ناوەندە بەرزترین ئۆرگانی بزووتنەوەکەیە، زۆرجار لە سەرکردەیەک یان ئەنجومەنێک پێک دێت کە بنکەی سەرەکیی بڕیاردان لە بزووتنەوەکەدایە. ئەو بەشە سەرکردە یان نوێنەرایەتیی فەرمی بزووتنەوەکەی لە

ئاستی نیشتمان و نێودەوڵەتی لەخۆ دەگرێت، کە بەرپرسە لە پلاندانانی ستراتێژی، هەماهەنگی تەواوی ڕێکخراوەکە واتە لە نێوان کەرتەکان و نوێنەرایەتیی فەرمی بزووتنەوەکە لەسەر ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی. سەرکردایەتی و ئاراستەی ڕوون، کە یەکگرتوویی و دەسەڵاتی بڕیاردان دابین دەکات و دڵنیایی دەدات کە هەموو بەشەکانی بزووتنەوەکە بەرەو یەک ئامانج کار دەکەن.

ئەنجومەنی ڕاوێژکاری: ئەو ئەنجومەنانە ڕێنمایی لەسەر پرسە هزری، ئەخلاقی، یان پرسە ستراتێژییەکان دەدەن، و بەرپرسیارن لە پاراستنی یەکگرتوویی هزری بزووتنەوەکە. ئەرکەکانیان، پەرەپێدانی پلانە درێژخایەنەکان و پاسەوانیکردنی ئیدولۆژی بزووتنەوەکە، ئامۆژگاریکردنی سەرکردایەتی و شیکردنەوەی پێشهاتە کۆمەڵایەتییەکانە. ئەندامەکانی بەزۆری لە نێوان نوخبە ڕووناکبیرەکان، ئەکادیمییەکان، ڕێبەرانی ئایینی یان چالاکوانە دێرینەکان هەڵدەبژێرن. یەکدەنگیی هزری، ئەنجومەنی ڕاوێژکاری یان فکری دڵنیایی دەدات لەوەی کە بەها و بنەماکانی بزووتنەوەکە پارێزراون، و هەروەها یارمەتی دوورکەوتنەوە لە دابەشبوونی هزری دەدات و بزووتنەوەکە بە یەکگرتوویی لە دەوری ڕوانگەیەکی هاوبەش دەهێڵێتەوە.

پێکهاتەی ناوچەیی و ناوخۆیی: ئۆفیس یان یەکە ناوخۆییەکان، ناوچە جوگرافییە جیاوازەکان دەگرێتەوە کە بەرپرسیارن لە جێبەجێکردنی بەرنامەکان، بڕیارە ناوەندییەکان لە ئاستی ناوخۆدا، کۆکردنەوەی پشتیوانی و ئەندام، ڕێکخستنی چالاکییەکان و پەیوەندیکردن لەگەڵ کۆمەڵگەی ناوخۆیی. پێکهاتە ناوچەیی و ناوخۆییەکان وا دەکەن کە پلانە ستراتێژیەکان لەگەڵ بارودۆخی ناوخۆییدا بگونجێن.

لیژنە تایبەتەکان: بۆ زیادکردنی کارایی و کاریگەریی بزووتنەوەکە، لیژنەی تایبەت لە بوارە جیاوازەکاندا پێویستە وەکوو: لیژنەی پەروەردە، ئیدولۆژی، ڕاگەیاندن، پەیوەندییەکان، ئابووری، سەرچاوەکان، لیژنەی کاتی قەیران و لیژنەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان (ئەگەر پێویست بوو) و ... هتد. ئەوانە بەرپرسیارن لە ئەرکە تایبەتەکانی وەک دارایی، پەیوەندییەکان، ئاسایش یان دیپلۆماسی. لیژنە تایبەتەکان

(بۆ نموونە ڕاگەیاندن، ئابووری، دیپلۆماسی) ڕێگە بە پسپۆڕان دەدات کە سەرنجیان لەسەر بوارەکان هەبێت، ئەوەش پسپۆڕی و شارەزایی، پیشەیی و کارامەیی لە کاردا زیاد دەکات.

میکانیزمی بڕیاردان و لێپرسینەوە: بۆ ڕێگریکردن لە چڕبوونەوەی دەسەڵاتی تاکەکەسی و زیادکردنی شەفافیەت، پێویستە بزووتنەوەکە میکانیزمی وەک: هەڵبژاردنی ناوخۆیی، سیستەمی کاردانەوە/ فیدباک، هەڵسەنگاندنی شێوازی کارکردن، شیکاری و خەسارناسی و میکانیزمی چارەسەرکردنی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی هەبێت. ئەوانە سیستەمگەلێکن کە دڵنیایی دەدەن لەوەی بڕیارەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دەدرێن و سەرکردەکان لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت و ئەوانەش شەفافیەت و ڕەوایەتی زیاد دەکەن، و ڕێگری لە گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات دەکەن. پێکهاتەیەکی لەو جۆرە ئاسانکاری دەکات بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوای سیاسەتدا و هەروەها دروستکردنی ڕەوایەت و متمانەی درێژخایەن لەنێو خەڵکدا.

### دارشتن یان پێکهاتەسازیی خەباتی نەتەوەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە دارشتن یان پێکهاتەسازیی خەباتی نەتەوەیی کورد لە ئێراندا بینیوە. کۆمەڵەی ژ. ک. لە ئەندامانی کۆمەڵگەی کوردی و لەسەر بنەمای بەرزکردنەوەی بیری نەتەوەیی و هەوڵی ڕزگاریی کورد و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ کورد پێکهات بوو. دوای سێ ساڵ خەبات و تێکۆشانی کۆمەڵەی ژ. ک. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی پێشەوا قازی لە ساڵی ١٩٤٥ لەسەر بنەما و مێژووی کۆمەڵەی ژ. ک. دامەزرا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هەبوونی پێکهاتەیەکی نەتەوایەتی و خاوەنی بەرنامە و پێڕەی ناوخۆ، وەک حیزبێکی مودێڕن حیسابی لەسەر دەکرا، هەر لەو کاتەوە هێزێکی دیار لە داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کورد

بووە؛ بەڵگەش بۆ ئەوە مێژووی خەبات، تێکۆشان و قوربانیدانەکەیەتی. هەر چەند بە درێژایی ئەو مێژوویەش ڕووبەڕووی دژایەتییەکی بەرچاوی حکوومەتە دیکتاتۆر و تۆتالیتارەکانی ئێران بووەتەوە، بەڵام ئێستاش هەر لەسەر ئەو بنەما و پێکهاتە نەتەوەییە درێژە بە خەبات دەدات. لە ئێستادا یان لە ماوەی ئەو دەیان ساڵەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خەریکی بەرخۆدانی سیاسی و چەکدارییە (کە بەسەریدا سەپێندراوە) و هەوڵی دیپلۆماسی بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیکی فیدراڵی لە ئێران دەدات و بۆ وەدەستهێنانی مافی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران واتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەبات دەکات. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە چەندین قۆناغی ململانێ و دانوستاندا تێپەڕیوە، لەوانە:

- لە ساڵی ١٩٤٦دا لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان، کۆمارێکی کەم تەمەن و پڕ لە دەستکەوتی بە نرخ ڕۆڵی ناوەندی هەبووە. لێرەدا بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم کە پێکهاتەسازیی خەباتی نەتەوایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو کاتەوە دەستی پێ کردووە و ئێستاش هەر بەردەوامە.
- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کاتی کۆماردا کە سەرەتای داڕشتنی پێکهاتەی نەتەوایەتی بووە، هەوڵی داوە لەو ناوچانەی کە دەسەڵاتی تێدا هەبووە، هەموو هێما نەتەوایەتییەکان تێیدا ڕەنگ بداتەوە و ئێستاش بەردەوام لەسەر ئەو ڕێچکەیە دەڕوات.
- تێکۆشان و خۆڕاگری لە دەربەدەریدا، بەشێوەیەکی سەرەکی لە عێراق و بەرخۆدانی چەکداری لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ وە، دژی ڕێژیمی نوێی ئێران بۆ پێکهێنانی کیانێکی کوردی(سیاسی، جوگرافی، ئابووری، مافی مرۆڤ، .... ) واتە وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی " ئێرانێکی دێموکرات و خودموختاریش بۆ کوردان و لەو ئاخیرەشدا سیستمی فیدراڵی" ئەوەش بووە هۆی پێکدادانی توند و سەرکوتکردنی بەرفراوان، کە هەموو ئەو چالاکی و تێکۆشانە لەژێر سێبەری

هەواڵنامەی کێپر

پێکهاتەسازیی نەتەوەیی بووە.

- لەپێناو وەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تووشی دەربەدەری، تیرۆرکرانی سەرکردەکانی و شەهیدبوونی هەزاران پێشمەرگە و خەڵکی بێ دیفاع بە دەستی ڕێژیمی ئێران بووە.
- هەروەها هەوڵەکانی ئەو دواییەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ یەکخستنی هێزە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکان، و دۆستایەتیی نێوان گەلانی دیکەی ئێران، یان بە واتایەکی دیکە پشتیوانی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ئەوان بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانیان. ئەوەش سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی باوەڕی قووڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پێکهاتە نەتەوایەتییەکەی.

هەموو ئەوانەی ئاماژەم پێدان لە چوارچێوەی پێکهاتەی خەباتی نەتەوەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەڕای ئەوەی لەژێر زەبروزەنگی پێکهاتەکانی دەوڵەتی ئێراندا بووە، بەڵام لە هەمان کاتدا هەوڵی داوە بۆ سەقامگیرکردنی دێموکراسی و وەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە ئێراندا لە ڕێگەی کۆکردنەوەی جەماوەر، چالاکی سیاسی و دیپلۆماسی و تەنانەت لە بەرخۆدانی چەکداریش لە خەباتدا نەسڵەمێتەوە. هەر چەند بەهۆی بارودۆخی خراپی ناوچەکە، بەرز و نزمیی بەخۆوە بینیوە بەڵام قەت باوەڕی بە ئاشبەتاڵ نەبووە. دەیان ساڵە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئامانجەوە کار بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ دۆزی کورد لە ئێراندا دەکات. لێرەدا چەند ڕێوشوێنێکی گرنگ دەخەمە ڕوو کە لە ناو پێکهاتەسازیی خەباتی نەتەوایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ڕەنگی داوەتەوە، وەکوو:

دیاریکردنی ئامانجی ڕوون: هەر وەک پێشتریش ئاماژەم پێدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ساڵانێکە هەوڵ دەدات بۆ سەقامگیرکردنی مافی گەلی کورد لە

ئێرانێکی دێموکرات و لە شێوەی قەوارەی دەوڵەتێکی فیدراڵدا. بۆ ئەوەش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە درێژایی مێژوو لە خەباتی نەتەوایەتیی خۆیدا ئامانجی ڕوون و شەفافی هەبووە، و ئامانج و پەیامەکانی پەیوەست بوونە بە ژیانی ڕۆژانە و ویستی خەڵکی کوردەوە، نەک تەنیا بە ئیدۆلۆژیی حیزبی و ئێرانیگەریەوە. بەڵام ئەگەر لە ئێستادا ئاوڕێکی خێرا لە شۆڕشی ژینا بدەینەوە دەبینین کە وێڕای دروشمی ژن، ژیان، ئازادی وەک فەلسەفەی پشتی ئەو بزووتنەوەیە، داواکاری و دروشمی هێندێک لە خەڵکی کورد چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵات ئەوە بوو کە دەیانگوت " کورد هەتا دەوڵەتی نەبێت، ئەوە هەر بەشی دەبێت" یان دەیانگوت "داگیرکەری ئێرانی، قاتڵی ژینامانی"، ئەو دروشمانە ئەوەمان پێ دەڵێن زۆر لەو خەڵکەی کە لە شۆڕشەکەدا بەشدار بوون؛ ویستی مافخوازی و دەوڵەتبوونیان هەیە. کەواتە دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە پێکهاتەسازیی خەباتی نەتەویی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بێ کاریگەر نەبووە و توانیویەتی بچێتە ناو هزر و بیری خەڵک.

دیپلۆماسی و پەیوەندیی نێودەوڵەتی: بەهێزکردنی هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەکان بۆ سەقامگیری و ئاسایش و هاوکاری لە سەرانسەری سنوورەکاندا گرنگن، بۆ چارەسەری هاوبەش بۆ ئاستەنگە جیهانییەکان، بۆ گۆڕانی کەشوهەوای سیاسی لە وڵات و ناوچەدا، بۆ ئاسایش و بەرگری، بۆ خۆ پاراستن لە ململانێی نەرێنی، بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان، بۆ بەهێزکردنی ئابووری، بۆ وەرگرتنی زانیاری و داهێنانەکان، بۆ هاوپشتی و بەها هاوبەشەکان بۆ نەهێشتنی تیرۆر و توندوتیژی، هەموو ئەوانە پێویستی بە هاوکاریی نێوان وڵاتان و ڕێکخراوەکان هەیە. کەواتە بەهێزکردنی هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەکان، ستراتێژییەکی سەرەکییە بۆ هەردووک چ وەک دەوڵەت و چ وەک حیزبێکی سیاسی کە بەدوای زیادکردنی کاریگەری، پشتیوانی، ئاسایش و ڕەوایەتیدا دەگەڕێت. دروستکردنی هاوپەیمانیی و پەیوەندیی دیپلۆماسی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژاوا و ئەکتەرە ناوچەییەکان و ڕێکخراوە بەهێز و ناسراوەکان،

ئەوە دەبێتە بەهێزکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کە دەتوانێت ڕەوایی(شەرعیەت)، پشتیوانی و هاوکاریی زیاتر دابین بکات. لەو پەیوەندییەدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ تیشک خستنە سەر پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ و کۆکردنەوەی پشتیوانی بۆ دۆزی کورد بەپێی پێکهاتە نەتەوەییەکەی و بە شێوەیەکی کاریگەر پلاتفۆرمە نێودەوڵەتییەکانی بەکار هێناوە. بۆ نموونە بەئەندامبوونیان و بەشداریکردنیان لە ئەنجومەنی جیهانیی ئینتەرناسیۆناڵی سۆسیالیست (IS) و گەلانی بێ نوێنەرایەتی و ڕێکخراوی گەلان (UNPO) کە هەردووکیان پلاتفۆرمێکی جیهانی بۆ دەستەبەرکردنی پشتیوانیی دیپلۆماسین و بۆ لەقاو دانی پێشێلکاری حکوومەتی ئێران لە ئاست سەرکوتکردن و پێشێلکردنی مافەکانی کورد لە ئێراندا یارمەتیدەر بوون.

بوونی ڕێکخراوەکانی ڕەوەندی کوردی/ دیاسپۆرا: کۆکردنەوەی ڕەوەند ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە چۆن ئەو کۆمەڵە کەسانەی کە لە زێدی ڕەسەنی خۆیانەوە کۆچیان کردووە (ڕەوەند) لە ڕووی سیاسی، کۆمەڵایەتی، پیشەسازی، ئەکادێمی یان ئابوورییەوە خۆیان ڕێک دەخەن و لە خەباتی سیاسی_ نەتەوایەتیدا بەشداری دەکەن، چ لە وڵاتی میواندار یان لە وڵاتی زێدی خۆیان. ڕەوەند دەتوانێت لە ڕێگەی دەنگداندان (ئەگەر ڕێگایان پێ بدرێت)، لۆبیکردن، یان پشتیوانیکردن لە بزووتنەوە سیاسییەکان کاریگەریی لەسەر سیاسەت لە وڵاتی خۆیاندا هەبێت. هەروەها دەتوانن بەشداری لە سیاسەتی وڵاتی میوانداری خۆیاندا بکەن، بەتایبەتی ئەگەر ڕەگەزنامە/ هاووڵاتیبوون و مافی دەنگدانیان هەبێت. بەشداریکردنی خۆبەخشان و لایەنگران بۆ بڵاوکردنەوەی پەیام و داواکارییەکان و پێکهێنانی بزووتنەوەیەک لە دەرەوەی کوردستان لەسەر پێشەوەچوونی کاری دیپلۆماسی لە دەرەوەی وڵات زۆر گرنگ و کاریگەر دەبێ. پێکهاتە کوردییەکان لە ئورووپا و ئەمریکای باکوور دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ لە بڵاوکردنەوەی پەیامەکان و کۆکردنەوەی پشتیوانی لە زۆر بوارەوە بۆ خەباتی گەلەکەمان بگێڕن. پێکهاتە کوردییەکان یان ڕێکخراوەکانی ڕەوەندی کوردی

لـە ئورووپـا و کانـادا و ئەمریـکا پاڵپشـتن بـۆ بڵاوکردنـەوەی زانیـاری و ڕێکخسـتنی خۆپیشـاندان و کەمپەینـەکان، هەروەهـا زۆر سـیمینار و کۆنفرانس بـۆ سیاسـەتمەدارە بەیانییـەکان و حیزبـە کوردسـتانییەکان بـۆ ئاڵوگـۆڕی بیـروڕا لـە دەرەوەی وڵات سـاز دەکـەن کـە یەکێـک لـەوان حیزبی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێرانیـە. حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران لەسـەر بنەمـای پێکهاتـەی نەتەوەیـی و بـە شـێوەیەکی فرەڕەهەنـد ڕۆڵێکـی گرنگیـی سیاسـی، نەتەوەیـی و کۆمەڵایەتیـی لـە ڕەوەنـدی کـوردی لـە دەرەوەی وڵات، بـە تایبەتـی لـە ئورووپـا و ئەمەریـکا گێـراوە، و لـە ڕێکخسـتنەوەی ڕەوەنـدی ڕزگاریخـوازی کـورد لـە دەرەوەی وڵات هـاوکار و پشـتیوان بـووە. حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران پەیوەندیـی و هاوکارییەکـی فەراوانـی لەگـەڵ گـرووپ و ڕێکخـراوە کوردییەکانـی دیکـەی دیاسـپۆرا هەیـە، ئـەو پەیوەندییانـەش ڕۆڵێکـی گرنگیـان لـە یەکگرتویـی ڕەوەنـدی نەتەوەیـی و ڕزگاریخوازانـەی کـورد هەیـە. حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران بـەردەوام هەوڵـی داوە و دەدات ئـەو یەککرتوویـی و یەکڕیزییـەی ڕەوەنـدی کـوردی بەهێزتـر بـکات. هەرچەنـد حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران ڕکابـەری تەندروسـتی بـۆ پێشـبردنی چالاکییەکانـی خـۆی هەبـووە، بـەڵام لـە هەندێـک کاتـدا هاوکاریـی حیـزب و گرووپەکانـی دیکـەی کـوردی بـۆ بەهێزکردنـی دۆزی کـورد لـە ئاسـتی ناوچەیـی و نێونەتەوەیـدا کـردووە. تەنانـەت هەوڵـی بـۆ هەبوونـی پـرۆژەی هـاوکاری بۆ یەککرتوویی هێزە سیاسییەکان و پشـتیوانی هاوبەش لە خەباتی نەتەوەی کـورد بـە تایبـەت لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان داوە.

حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران پێـی وایـە، دابەشـبوونە ناوخۆییەکانـی کوردسـتان کاریگەریـی نەرێنیـان لەسـەر دەسـتەبەرکردنی مافەکانـی گەلـی کـورد هەیـە. هـەر بۆیـەش جەخـت لەسـەر گرنگیـی یەکڕیـزی نێـوان حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران و هێـزە کوردییـەکان، و هێـزە پێشـکەوتووخوازەکانی ئۆپۆزسـیۆن دەکاتـەوە و هەوڵـی دروسـتکردنی یەکڕیـزی وەک بابەتێکـی جەوهـەری دەبینێـت و لـە پاراسـتنی ئـەو یەکڕیزییـە لـە نـاو بزووتنـەوەی گەلـی کـورددا بەردەوامـە. لێـرەدا

ئامانجی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەرەپێدانی هاوکاری و تەبایی زیاتر لە ناو بزووتنەوەی کوردی بۆ چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی گەلی کورد لە ئێرانە. بۆ نموونە دامەزراندنی ناوەندی هاوکاری، کە جەختی لەسەر یەکڕیزی و پێکەوەیی لە هەموو ئاستەکان و لە هەموو بوارەکاندا دەکردەوە. ئەو ناوەندە ئامانجی چڕکردنەوەی خەبات و یەکڕیزی هاوبەشی نێوان گەلانی ئێران بوو. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ بەرەوپێشبردنی یەکڕیزی و پێکەوە بوون، لە هێما و ڕووداوە کولتوورییەکانی، وەک نەورۆز کەڵک وەردەگرێت. ئەو ئاهەنگانە وەک بیرهێنانەوەی خەباتی نەتەوەییە و ئامانجەکە، شوناسی نەتەوەیی و یەکگرتوویی گەلی کوردە. هەموو ئەوانە دەگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەکەی کە لە ناو پێکهاتەسازیی خەباتی نەتەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا جێگیر بووە.

**هەوڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نزیکەوە چاودێری پێشهاتە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان دەکات، و ئامادەیە ستراتێژییەکانیان لەسەر بنەمای پەرەسەندنی دیمەنی سیاسی و لاوازبوونی ڕێژیمی ئێران بگونجێنن (مەبەست لە دیمەنی سیاسی هەم گرژییە ناوچەییەکان و هەم ئاستنگە نێودەوڵەتییەکانە). ئەو ستراتێژیانە ڕەنگدانەوەی پابەندبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ پێشخستنی پرسی کورد لە ڕێگەی تێکەڵەیەک لە هەوڵی سیاسی، دیپلۆماسی، کۆمەڵایەتی و چەکدارییە.

هەر بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دوایین کۆنگرەی خۆیدا، جەختی لەسەر پێویستیی یەکڕیزیی نێوان هێزەکان و گرنگی چالاکیی سیاسی و ستراتێژی بۆ بەهێزکردنی بزووتنەوەکە کردەوە. هەروەها ڕاسپاردە و بڕیارنامەیەکی سیاسییان پەسەند کرد کە تێیدا ئاماژە بە پابەندبوونیان بە بەرخۆدانی مەدەنی/ کۆمەڵایەتی و چالاکیی سیاسی دەکات، ئەو بڕیارنامەیە بە ئامانجی پتەوکردنی یەکڕیزی و هێزی ڕێکخراوەییە. پێموایە ئەو کارانە ڕەنگدانەوەی پابەندبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی

ئێران بۆ پەرەپێدانی یەکڕیزی و پێکەوەبوون لەناو بزووتنەوەی کورد و لە نێوان هێزە بەرفراوانەکانی ئۆپۆزسیۆندایە. هەمووی ئەوانە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەر باوەڕمەندبوون بە پێکهاتەسازیی خەباتی نەتەوەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. شاهیدین و دەبینین کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژانە بەردەوام لەگەڵ هەڕەشەی توندی ئەمنی لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بەرەوڕوویە، لەوانەش پێکدادانی چەکداری لەگەڵ سپای پاسدارانی ڕێژیمی تۆتالیتاری ئیسلامی، و زۆرجار ئەو ڕووبەڕووبوونانە زیانی گیانی لێ دەکەوێتەوە. پێشێلکارییە سیستماتیکەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ مافەکانی مرۆڤ، بە تایبەتی لە دژی گەلی کورد، تا ئێستاش وەک بەربەستێکی گەورە، بەرچاو و زەقە. ئەوەش سەرکوتکردنی مافە کولتووری، سیاسی، گوشاری ئابووری، پەروەردەیی، نایەکسانیی جێندەری و حاشاکردنی فرەچەشنیی نەتەوەیی و هەڵاواردن و نەرەخساندنی هەلی کار و ..... دەگرێتەوە. حکوومەتی ئێران بە بەردەوامی چالاکانی مەدەنی، کۆمەڵایەتی، ژینگەیی و سیاسیی کورد دەکاتە ئامانج، ئەوەش وا دەکات گەلی کورد بێ ترس لە مەرگ و بەوێرانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ بە ئاشکرا و چ بە نهێنی هەم لە ئێراندا و هەم لە دەرەوەی ئێراندا چالاکی مەدەنی و پەروەردەیی بکات. ئەو چالاکییانەش لەقاودانی سەرکوتکردن، دەستگیرکردن، تیرۆرکردن و جۆرەکانی دیکەی ترساندن و لەسێدارەدان لەخۆدەگرێت.

هەر چەند ئەوە دەزانین کە ساڵانێکی زۆرە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئێران قەدەغە کراوە و ناتوانێت بە ئاشکرا لەنێو خەڵکەی خۆیدا چالاک بێ و لە ئاوارەییدایە، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کاریگەریی سیاسییان، سنووردار بکات؛ بەڵام هێشتا هەر لە خەباتی خۆی بۆ دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی دامەزراندنی سیستمێکی فیدراڵ بۆ کوردستان لە ئێراندا بەردەوامە. لێرەدا بۆ زیاتر باسکردن لەسەر پێکهاتەسازیی خەباتی نەتەوەیی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، چەند خاڵێکی سەرەکی سەبارەت بە هەوڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەخەمە ڕوو وەکوو:

داڕشتن یان پەرەپێدانی ستراتێژیەک: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پلانە ستراتێژییەکانی لەسەر بنەمای نەتەوەیی، ئامانجی پێشخستنی مافەکانی کورد، دێموکراسی و خۆبەڕێوەبەری لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێراندایە. پەرەپێدانی ستراتێژی بۆ ڕێکخراوێکی لەو جۆرە پێویستی بە ڕێبازێکی هاوسەنگ هەیە کە هەم بارودۆخی ناوخۆیی و هەم دیمەنی جوگرافیای سیاسی (ژئۆپۆلەتیک) لەبەرچاو بگرێت. هەر وەک پێشتریش باسم کرد حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەڕای هەبوونی ئامانج و ڕوانگەیەکی ڕوون، تێکەڵەیەک لە بەرخۆدانی مەدەنی و چالاکیی سیاسی و لە کاتی پێویستدا خەباتی چەکداری لە ڕێگەی هێزی پێشمەرگەی خۆیەوە بەکار هێناوە و دەیهێنێت. ستراتێژییەکە گونجاوە و وەڵامدەرەوەی گۆڕان یان گۆڕینی دیمەنی سیاسی و پێداویستییەکانی دانیشتووانی کوردە لە ئێراندا. بە واتایەکی دیکە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبازێکی چالاکانەی گرتۆتە بەر، کە گرنگی بە دروستکردنی هەلومەرجی لەبار بۆ خەباتکردن دەدات، نەک چاوەڕێی بوونی بارودۆخی ئایدیاڵ. ئەوەش بریتییە لە کۆکردنەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ پشتگیریکردن لە ئەرکە سیاسییەکان، پاراستن و پێشخستنی شوناس و زمانی کوردی و پەیوەندیکردن لەگەڵ خەڵکی مەدەنی؛ یان بەیەک گرێدانەوەی هێزی شاخ و شار.

کۆکردنەوەی سەرچاوەکان: ئەگەر بە وردی بڕوانینە پێکهاتەسازیی خەباتی نەتەوەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەتوانین ببینین کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە درێژایی ساڵانێک کۆمەڵێک ستراتێژیی داڕشتووە بۆ بەهێزکردنی توانای سیاسی و ڕێکخراوەیی خۆی، چ لە ناوخۆ و چ لە ئاستی نێونەتەوەیدا کە باوەڕی پێیە. هەندێک لە گرنگترین فۆرمەکانی کۆکردنەوەی سەرچاوە، یەکەم، سەرچاوە مرۆڤییەکانە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێگەی هەوڵی خۆبەخشانە و خۆپێشاندان و لۆبیکردنەوە پێکهاتە یان چالاکوانانی ڕەوەند/ دیاسپۆرای کوردی لە ئورووپا و ئەمریکای باکووری کۆ کردووەتەوە بۆ پشتیوانیکردن لەو چالاکییانەی کە لە بەرژەوەندیی کورد لە ڕۆژهەڵاتدان. دووهەم،

پەروەردەی سیاسی، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕاهێنانی ئەندامەکانی لە سەر ستراتێژیی سیاسی، مافە ڕەواکانی گەلی کورد، مافی مرۆڤ و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دوژمن بەردەوامە. سێهەم، سەرچاوە ڕەمزی و کولتوورییەکان. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بێوچان هەوڵی داوە و بەردەوام لەسەر ناسنامە و ڕزگار بوون لە ژێر چەوسانەوە و هەبوونی کیانێکی سەربەخۆیی سیاسی کورد تێکۆشانی کردووە و تیشکی خستووەتە سەر کولتوور و زمان و نادادپەروەریی مێژوویی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و توانیویەتی سەرنجی خەڵکێکی بەرچاو بۆ لای پلاتفۆرمە نەتەوەییەکەی ڕابکێشێ.

پەیوەندی، داکۆکیکردن و بەردەوامیی زەبری هێز: کاناڵەکانی پەیوەندیی ڕوون و کاریگەر لەناو بزووتنەوەکە و لەگەڵ لایەنگرانی دەرەکیدا دەتوانێت لە پاراستنی مۆراڵ و دڵنیابوون لەوەی هەمووان ئاگادارن و هاوتەریبن لەگەڵ بەرەو پێشبردنی ئامانجەکانیان یارمەتیدەر بێت. هەر بۆیەش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چالاکانە خەریکی پەیوەندی و داکۆکیکردنە بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک سەبارەت بە خەبات و پرسی کورد. ئەوەش بریتییە لە کەڵکوەرگرتن لە میدیا و وتاری گشتی و دیپلۆماسیی نێودەوڵەتی بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانی و گوشارخستنە سەر حکوومەتی ناوەندگەرای ئیسلامی چەقبەستووی ئێران. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆنگرە و کۆبوونەوەی ئاسایی دەبەستێت بۆ دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی تاکتیکەکان و پلانە ستراتێژییەکان، کەموکوڕییەکان و بەردەوامیی زەبری هێز، کە چەمکێکی سەرنجڕاکێشە. بۆ نموونە کۆنگرەی حەڤدەهەم لە ساڵی ٢٠٢٥ دا، تیشکی خستە سەر یەکڕیزی و ئامادەکاری بۆ ئاستەنگەکانی داهاتوو.

سەرچاوەی کارای مرۆڤی: پێکهاتەسازی، دڵنیایی دەدات لەوەی کە سەرچاوەکان، بەتایبەت سەرچاوەی مرۆڤی بە کارامەترین شێوە بەکار بهێنرێت. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەک هەر بە تیوری بەڵکوو لە ناو پێکهاتەکەی و بەکردەوەش خاوەنی ناسنامەیەکی بەهێزی نەتەوەییە، ئەوەش دەتوانێت کاریگەریی

هەواڵنامەی کتێب

لەسەر کۆکردنەوەی زیاتری چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی کورد هەبێ هەم لە ڕیزەکانی حیزب و هەمیش لە دەرەوەی حیزبدا بە شێوەی بەرە، هاوپەیمانی، هاوکاری، پێکهێنانی حکوومەتێکی کاتی، .....، بە تایبەت لە ناوخۆی وڵاتدا. ئەو هەوڵانە ڕەنگدانەوە/کاردانەوەی پابەندبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە بۆ خەباتێکی نەتەوەیی پێکهاتەدار و بەردەوام بۆ گەیشتن بە مافەکانی نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی فیدراڵدا.

**پوختەی خاڵە سەرەکییەکان**

فاکتەرێکی زۆر گرنگ بۆ سەرکەوتنی خەباتێکی نەتەوەیی، هەبوونی پێکهاتە، پشتیوانی و کۆکردنەوەی جەماوەر و پشتیوانی نێودەوڵەتییە. بەبێ پشتیوانیی دانیشتووان، بەدەستهێنانی ڕەوایی و کاریگەری و گۆڕانکاریی بەردەوام، ئەستەمە. بۆ ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی کاریگەر بێت، پێویستە هەم لە ڕووی سیاسی و هەم لە ڕووی ڕێکخراوەییەوەو هەمیش لە ڕووی دیپلۆماسییەوە بە باشی داڕێژراوتر یان پێکهاتەدارتر بێت. پێویستە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێگای پلاتفۆرمە جیاوازەکانی خۆی زیاتر تیشک بخاتە سەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران و دۆزینەوەی پشتیوانی بۆ دۆزی کورد. هەر چەند زۆرجار حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نامە و لێدوانی کراوەی ڕوو بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بڵاو کردووەتەوە و داوای لە دەزگاکانی حکوومەت و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و چالاکانی مافی مرۆڤ کردووە کە پشتیوانی لە دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن، بەڵام دەبێ زیاتر کاری بۆ بکات. هەموو ئەو هەوڵانە ڕەنگدانەوەی پابەندبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیە بۆ پێشخستنی دۆزی کورد.

کاتێک باس لەوە دەکەین کە چ فاکتەرێک خەباتێکی نەتەوەیی سەرکەوتوو دەکات، بەتایبەت بۆ گەلێک کە بەدوای مافی سیاسی یان خۆبەڕێوەبەریدا دەگەڕێت، من

پێموایە چەند هۆکارێکی چارەنووسساز هەن کە کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە واتە پێکەوە یەکتر تەواو دەکەن. لێرەدا هێندێک لەو خاڵانەی کە پێم وایە گرنگن دەخەمەڕوو بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ هەم سەرکەوتن و هەم ئەو پاشەکشانەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خەباتی نەتەوەیی خۆیدا، بەخۆیەوە بینیوە، وەکوو:

**داکۆکیکاری و دانپێدانانی نێودەوڵەتی:** زۆرجار جیهانی دەرەوە ڕۆڵێکی سەرەکی بۆ یەکلاییکردنەوەی پرسە چارەنووس سازەکان دەگێڕێت، جا گوشاری چەکداری بێ، دیپلۆماسی بێ، ئابووری بێ، ڕوومالّی میدیایی بێ یان پشتیوانی مرۆڤی، بۆیە توانای بەدەستهێنانی هاوسۆزی و دروستکردنی هاوپەیمانی زۆر گرنگە. لێرەدا بەداخەوە بەرژەوەندیی دونیای دەرەوەی کوردستان ئەو دەرفەتەی بۆ بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەباشی نەڕەخساندوە.

**حدکا:** حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەیوەندیی لەگەڵ سیاسەتمەداران، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و بازنەی ئەکادیمی لە چەندین وڵاتی ڕۆژاوایی و ئەمریکای باکوور بۆ بەرەوپێشبردنی مافەکانی کورد و تیشکخستنەسەر ئەو زوڵم و زۆرەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستانی هەبووە. هەروەها بەشداریی لە کۆبوونەوەکانی ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئورووپا و کۆڕبەندە جیاوازەکانی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان کردوە بۆ ئەوەی بەرگری لە مافەکانی گەلی کورد بکا و شاهیدیی بۆ پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا داوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بەردەوامی ڕاپۆرت و لێدوان و بەڵگەنامەی پێشێلکارییەکان دژی کورد لە ئێراندا بڵاو دەکاتەوە، و میدیا و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئاگادار دەکاتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

**پشتیوانیی فراوانی جەماوەری/ سەرمایەی مرۆڤی:** ئەگەر جەماور لە پشت بزووتنەوەیەکدا نەبن، زەحمەتە ڕەوایەت یان گۆڕانکارییەکی بەردەوام بەدەست بهێنرێت. کاتێک خەباتەکە ڕەگ و ڕیشەی لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤە ئاساییەکاندا داکوتا، ئەوکات نەک تەنیا نوخبە، بەڵکوو هەم هێزی ئەخلاقی بەدەست دەهێنن و هەم بەرگەگرتن بەهێزتر دەبێ.

**حدکا:** حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر بنەمای "پێکهاتەسازیەکی دروستی خەباتی نەتەوەیی" خاوەنی سەرمایەی مرۆڤی بەهێزە لە شێوەی ئەندام و سەرکردە و لایەنگرانی کە هەم چالاکن و هەم پابەند بەو پێکهاتەیەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان. هەروەها پەرەسەندنی پشتیوانیی جەماوەری لەنێو کوردەکان کە خوازیاری دێموکراسی و فیدرالیزمن لە ئێراندا بەتایبەت هەستی نەتەوایەتی زیادی کردووە. توانای کۆکردنەوە و ڕێکخستن و خستنەڕووی ڕوانگەیەکی سیاسیی ڕوون بۆ بەردەوامیی سەرکەوتنی خەبات زۆر گرنگە کە بەخۆشییەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەو توانایەی هەبووە و هەیە. کەواتە دەتوانین بڵێین، بزووتنەوەی گەلی کورد بە گشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەتی تا ڕادەیەکی باش پشتیوانیی جەماوەرییان لەگەڵە.

**سەرکردایەتییەکی بەهێز و باوەڕپێکراو:** سەرکردایەتیی یەکگرتوو و دووربین و بیروڕابەرز دەتوانێت کوتلە جیاوازەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە و پێشکەوتنی ستراتێژی بەدی بێنێ. ئەوەش تایبەتە بەو بزووتنەوانەی کە لە تاراوگە یان لە دەرەوەی وڵاتدان، (واتە لە دەربەدەرەیدا)، کە زۆرجار ئەو تاراوگەنشینییە دەتوانێ ببێتە هۆی بەهێزی و هەمیش لاوازیی بزووتنەوەکە یان ڕێکخراو. کەواتە سەرکردەی لێهاتوو و کاریگەر و پێکهاتەیەکی باشی ڕێکخراو دەتوانێت تاکتیکەکان بە ئاراستەی پلانە ستراتێژیەکەدا ببات و بە بەردەوامی خەباتیش بەرەو پێش ببا. بە واتایەکی دیکە سەرکردەی کاریگەر و پێکهاتەی باش، ڕێکخراوەکە ئاراستەدارتر و ستراتێژیدارتر

دەکات و ئەندامی کۆڵنەدەر پەروەردە دەکات.

**حدکا:** ئەوەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەند دەیەیە و ساڵانێکە لە خەبات و تێکۆشاندا ماوەتەوە، ئەوەش ئاماژە بە پێکهاتەیەکی دروست و ئاستێکی دیاریکراوی لێهاتوویی سەرکردایەتی و ئەندامانی ئەو حیزبە دەکات. هەر چەند دووبەرەکی و ڕکابەرییە نێوخۆییەکانی نێو حیزب و نێوان گرووپە کوردییەکان، چالاکی و پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوویان لاواز کردووە، بەڵام سەرکردایەتییەکی بوێر و بەتوانا توانیویەتی حیزبەکە لەسەر پێی خۆی ڕابگریت و تا ڕادەیەک بەهێزی بکات.

**توانای گونجاندنی ستراتێژییەکان:** زۆرێک لە بزووتنەوەکان سەرکەوتوو دەبن، لەبەر ئەوەی خۆیان لە یەک میتۆددا قفڵ ناکەن. توانای گۆڕانکارییان هەیە و لە نێوان بەرخۆدانی مەدەنی، دانوستانەکان، ڕێکخستنی ناوخۆیی و لە هەندێک حاڵەتدا، خەباتی چەکداری، بوار بۆ مانۆڕکردنیان دەڕەخسێنن.

**حدکا:** حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کەم تا زۆر بە هۆی گۆڕانکارییەکانی جیهان، نەبوونی پشتیوانی لە گۆڕەپانی شەڕدا(پشتی جبهە) و نەبوونی هاوکاریی ناوچەیی و پاراستنی کیانی سیاسیی باشووری کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەرخۆدانی چەکدارییەوە زیاتر بەرەو ڕوانگەیەکی دیپلۆماسی و مەدەنیتر ڕۆیشتووە. پابەندبوونیان بە بەرخۆدانی مەدەنی و چالاکیی سیاسی و هاوکاری لەگەڵ هێزەکانی دیکەی ناوچەکە ڕاگەیاندووە. ڕەنگە ئەو پراگماتیزمە بتوانێت "ڕەوایی" حیزب بەهێز بکات و دووری بکاتەوە لە ئاشبەتاڵی و زۆر قەیرانی دیکەش. من پێموایە لایەنی نەرێنیشی هەیە و ئەوە دەتوانێت حیزب لە ناوچەیەکی بچووکدا قەتیس یان بێدەرەتان بکات، خۆخۆری پەرە بستێنێت، دێموکراسی و ئازادییەکان زۆرتر سنووردار بکرێن، ببێتە بەربەست بۆ توانای هێشتنەوەی ئەندامانی خۆی، لەوانەشە ببێتە هۆی لاوازبوونی پێگەی سیاسیی حیزب لە ناوخۆی کوردستاندا و کاریگەریی نەرێنیشی هەبێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی و

هەواڵنامەی کێر

بەدەستهێنانی پێشکەوتنێکی خێرا. لەبەر ئەوەی هێزبوون بە تایبەت هێزی چەکداری، لە ناوچەی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاریگەریی یەکلاکەرەوەی هەیە.

**ڕوانگەیەکی گشتگیر و ڕوون:** ئەگەر لە ناو بزوتنەوەیەکدا ئامانجەکانی خەبات ناڕوون یان بۆ گرووپێکی بچووک بن و گشتگیر نەبن ئەوە، توانای کۆکردنەوەی جەماوەری زۆر نابێ یان زۆر لاواز دەبێ. ڕوانگەیەکی گشتگیر کە سەرنجی هەردوو گرووپی زۆرینە و کەمینەکانی جەماوەر یان هاووڵاتییان ڕابکێشێت، دەتوانێت پشتیوانییەکی فراوانتر کۆ بکاتەوە و دەتوانێ کاریگەریی لەسەر پرسە گەورەکان هەبێ و تەنانەت یەکلاکەرەوەش بێ.

حدکا: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران: لەو پەیوەندییەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕوانگە یان دیدێکی ڕوونی هەیە بۆ فێدرالیزم لە ئێراندا. بەڵام بەربەست یان ئاستەنگەکە لەوەدایە کە ڕەنگە ئەو ڕوانگەیە نەک تەنیا بۆ بەشێک لە کورد، بەڵکوو بۆ ئەو گرووپە نەتەوەیی و سیاسییانەی دیکەش بە تایبەت زۆرێک لە فارسەکان کە خەبات بۆ دێموکراتیزەکردنی ئێران دەکەن، نامۆ بێت و یان دژی بن.

**هۆکارە کۆنتێکستەکان:** دۆخی ژیۆپۆلەتیک، لاوازی یان گوشار لەسەر دەوڵەت، بارودۆخی ئابووری، ئارگیومێنتە زمانەوانی و کولتووری و مێژووییەکان و هەموو ئەوانە بۆ سەربەخۆیی چ وەک تاک و گرووپ و چ وەک نەتەوە ڕۆڵ دەگێڕن. هەندێک جار پەنجەرەی دەرفەت بە ڕووماندا دەکرێتەوە یان خۆمان هۆکاری پێکهێنانی ئەوەین، پێویستە پلانی تۆکمەی بۆ داڕێژرێ و بە خێرایی بقۆزرێتەوە تا بەفیڕۆ نەچێ.

**حدکا:** بەداخەوە ئێمەی کورد بەگشتی لەو بەشەدا لاوازین و دەکەوینە ژێر کاریگەریی فێڵ و کەڵەک و درۆی داگیرکەر و دەتوانم بڵێم ساویلکەین یان دوژمنمان چاک نەناسیوە. هەر چەند زۆر جار شاهیدی ئەوە بووینە کە بارودۆخی ژیۆپۆلیتیکی، لەوانەش گوشارەکان بۆ سەر ڕێژیمی ئێران دوای شەپۆلەکانی نارەزایەتیەکان و

سزا و گەمارۆکان، قەیرانی ئابووری و فەسادی کۆمەڵایەتی، فەزای بەرخۆدانی ڕەخساندووە. بەڵام ئەو ڕێژیمە تۆتالیتارە بە دەستتێوەردان و دروستکردنی نائارامیی ناوچەیی (بۆ نموونە لە عێراق و سووریە، یەمەن، لوبنان، ....) نەک هەر لە دەسەڵاتدا ماوەتەوە بەڵکوو دروستکردنی بنکەیەکی سەقامگیر و جێگیر بۆ بەرخۆدانی، قورس یان ئاستەم کردووە. تەنانەت سەرکردەی بە توانامان لە ڕێگەی فێڵ و درۆکردنی ئەو ڕێژیمە تۆتالیتارە لەدەست داوە.

پێموایە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئاستەنگەکانی ئێستای خۆی پێویستە چەند ستراتێژییەک بخاتە ڕوو کە لەوانەیە کاریگەر بن، وەکوو: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێویستە زیاتر لە هەر دەمێک جەخت لەسەر گرنگیی یەکڕیزیی نێوان خۆی و هێزە کوردییەکان و ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بکاتەوە و جموجۆلی دیپلۆماسی لەگەڵ وڵاتانی زلهێز و کاریگەر لە ناوچەکەدا زیاتر بکات. ئامانجی سەرەکی پەرەپێدانی هاوکاری و تەبایی زیاتر لە ناو بزووتنەوەی کوردیدا بێت. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێویستە ڕێبازێکی چالاکانەتر بگرێتە بەر، کە گرنگی بە دروستکردنی هەلومەرجی لەبار بدات بۆ خەباتی خۆی، نەک چاوەڕێی بارودۆخی ئایدیاڵ بێت. ئەوەش بریتییە لە کۆمەڵگەی مەدەنی، چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە و کۆکردنەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ پاڵپشتیکردنی ئەرکە سیاسییەکان و پەیوەندیکردن لەگەڵ خەڵکی مەدەنی، هەر وەک دەڵێین پەیوەندی شاخ و شار، با ئەوە بە کردەوە یان لە گۆڕپانی خەباتدا بکەین. بە واتایەکی دیکە خۆگونجاندن لەگەڵ داینامیکی ناوچەیی، پێویستە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەوردی و لە نزیکەوە چاودێریی پێشهاتە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان بکات. ئامادە بن تاکتیکەکانیان لەسەر بنەمای پەرەسەندنی دیمەنی سیاسی و لاوازبوونی ڕێژیمی ئێران بگونجێنن لە ڕاستای ئامانجە ستراتێژییەکانیان. ئەو تاکتیکەکانە ڕەنگدانەوەی پابەندبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیە بۆ پێشخستنی دۆزی کورد لە ڕێگەی تێکەڵەیەک لە هەوڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چەکدارییەوە.

**ئەنجام**

کەواتە وەک دەرەنجامێک بۆ دەقێک سەبارەت بە پێکهاتەسازی لە خەباتی نەتەوەییدا، دەتوانین بڵێین کە "پێکهاتەسازی وەک کلیلی گۆڕانکاری سیاسییە." پێکهاتەسازی لە گەڵ بەکردەوەکردن فاکتەری چارەنووسسازە لە بزووتنەوە نەتەوەییەکان و خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ پرس و سەربەخۆیی کورد، ئەوەش ئەوە نیشان دەدات کە چۆن ئەکتەرە سیاسییەکان پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی دەسەڵات بەڕێوە دەبەن. بەو پێیە خەباتی نەتەوەیی تەنیا ئایدۆلۆژیا نییە، بەڵکوو ڕێکخستنی سیستماتیک و توانای خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخی سیاسیدایە، بە تایبەت لە ناو جیهانێکی بەردەوام لە گۆڕانکاری و بەرەو جیهانگیریی ڕۆیشتن.

هەر وەک پێشتریش باسم کرد پێکهاتەسازی لە خەباتی نەتەوەیی دەتوانێت ئاماژە بە لایەنە جۆراوجۆرەکانی بنیاتنانی نەتەوە و ڕێکخستنی سیاسی بکات، و داڕشتنی خەباتی نەتەوەیی لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزم و دیموکراتیزەکردن بێت کە ئەو دووانە پەیوەندییەکی نزیکیان بە یەکەوە هەیە. هەبوونی هەستی ناسیۆنالیزم دەتوانێت کاریگەریی لەسەر زیادکردنی گرنگیدان بە سەروەری نەتەوەیی هەبێت، ئەوەش پێداویستیەکی حەیاتییە بۆ گەلی کورد لە ئێستادا. هەر چەند ناسیۆنالیزم چەند جۆرێکی هەیە و بەپێی بەستێنی مێژوویی و ئایدۆلۆژیای سیاسی و فاکتەرە کولتوورییەکان دەتوانن جیاواز بن. ئەوەی مەبەستی منە لە ناسیۆنالیزم، ئەو ناسیۆنالیزمەیە کە تیشک دەخاتە سەر شوناسێکی نەتەوەیی هاوبەش، زۆرجار لەسەر بنەمای زمان و کولتوور و ڕەچەڵەک. ناسیۆنالیزمێک کە هەستی کوردبوون و نەتەوەبوون لە منی تاکدا دروست بکات. بۆ ئەوەی زیاتر لە هەر دەمێک تینووی ئازادی و سەروەریی خۆم وەک تاکێکی کورد یان نەتەوەی کورد بم. جەخت لەسەر پاراستن و بەرەوپێشبردنی کولتوور و زمان و نەریتی خۆم وەک نەتەوەیەک بکەمەوە و بە دوای سەربەخۆیی خۆمدا بگەڕێم، و هەوڵی یەکخستنەوەی ئەو خاک و خەڵکە بدەم کە لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی داگیرکەردایە. ناسیۆنالیزم و جیهانگیریی

نوێنەرایەتی دوو هێزی دژ بەیەکن لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا. ناسیۆنالیزم گرنگی بە شوناس/ ناسنامەی نەتەوەیی و سەروەری و پاراستنی کولتووری دەدات، لە کاتێکدا جیهانگیری پەیوەندی بە زیادبوونی کارلێکی نێودەوڵەتی و یەکگرتنی ئابووری و ئاڵوگۆڕی کولتوورییەوە هەیە. ناسیۆنالیزم لەسەر شوناسێکی نەتەوەیی بەهێز بنیات نراوە، لە کاتێکدا جیهانگیری هەستکردن بە سەربەخۆیی جیهانی زیاتر بەرەوپێش دەبات.

ئەگەر بگەڕێمەوە سەر بەند/ بەشی هەندێک تایبەتمەندی "دارشتن یان پێکهاتەسازیی خەباتی " من پێموایە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەم لە هەموو بوارەکەوە خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانەیە و هەمیش بە پلەی یەکەم وەک حیزبێکی ناسیۆنالیستی دێموکراتیکە و کار بۆ سەربەخۆیی و مافەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەکات. گومان لەوەدا نییە و ڕاشکاوانە بەپێی خوێندنەوەم لەسەر کۆی پێناسە و تایبەتمەندییەکانی دەستەواژەی "دارشتن یان پێکهاتەسازی لە خەباتی نەتەوایەتی" کە لە سەرەتای ئەو نووسراوەیەشدا ئاماژەم پێ داون، دەتوانم بڵێم حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خاوەنی پێکهاتەیەکە کە هەم دێموکراسیی ناوخۆیی بەرەوپێش بردووە و دەبات و هەم پرەنسیپ و دیسیپلینی ڕوون/ شەفافی هەیە. حیزبێکە کە جەخت لەسەر هەر دوو ئازادیی تاک و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە، جۆرێک لە پرۆژەی "ئازادی لەگەڵ بەرپرسیاریەتی". کەواتە دەبێ زیاتر سەرنجی لەسەر شوناس/ ناسنامەی نەتەوەیی کورد و سەربەخۆیی بێت، نەک خوازیاری دێموکراتیزەکردنی ئێرانێک کە نەتەوەی فارسی تێدا سەروەر بێ، و وەک ناسیۆنالیزمێکی چەقبەستوو لە خۆی زیاتر کەسی دیکەی لەلا پەسەند نەبێ. هەر بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێویستە پێکهاتەسازیی خەباتی نەتەوایەتییەکەی خۆی دووبارە لەسەر بنەمای وەدەستهێنانی سەربەخۆیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دارێژێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

**کۆتا قسە**

حیزبێکی سیاسی بۆ دارشتنی هەڵمەتێکی نیشتمانیی کاریگەرتر، دەتوانێت چەند هەنگاوێکی ستراتێژی بنێت کە هەم پەیام، و هەمیش کاریگەری و متمانەی لەگەڵ خەڵکەکەی بەهێزتر بکات. هەروەها پەرەپێدانی پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی کاریگەر بریتییە لە دروستکردنی شەفافییەت لە دەوری ڕۆڵ، بەرپرسیاریەتی و پرۆسەکانی بڕیاردانادا. پێکهاتەی ڕێکخراوەیی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر چۆنیەتیی هاوکاری و شێوازی ئەنجامدانی ئەرکەکان هەیە. هەر چەند ساڵ جارێک بەتایبەت بە دەستەبەرنەکردنی ئامانجەکان، پێداچوونەوە و دارشتنەوەی تاکتیکەکان، خەسارناسی، پێکهاتەی خەباتی نەتەوەیی یان بە واتایەکی دیکە بە ڕۆژڤکردنەوەی ئەو خەباتە بەپێی بارودۆخ و ویستی خەڵک و سەردەم؛ کارێکی بنەڕەتی و پێویستە بۆ حیزبێکی سیاسیی نیشتمانپەروەر. پێموایە دارشتنەوە یان نوێژەنکردنەوەی پێکهاتە بە شێوەیەکی کاریگەر پێویستی بە ستراتێژی و ڕێکخستن و پەیوەندییەکی بەهێز هەیە. یان بە واتایەکی دیکە بۆ ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بتوانێت ئامانجی خۆی کە بریتییە لە نفووزی سیاسی زیاتر و پێکهاتەسازیی خەباتی نەتەوەیی باشتر و کارامەتر، پێویستە گرنگی و سەرنجی لەسەر ئەو ستراتێژیانە بێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران: بە گشتی "پێکهاتەسازیی خەباتی نەتەوایەتی" حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، تیشک دەخاتە سەر گرنگیی پلاندانانی ستراتێژی، یەکگرتوویی و داکۆکیکاری نێودەوڵەتی لە بزوتنەوەی نیشتمانیی و نەتەوەییدا. پابەندبوونیان بە بەرخۆدانی ناتوندوتیژانە و هێماسازیی کولتووری وەک نموونەیەکی بەهێز خزمەت دەکەن بە چۆنیەتیی بەردەوامبوونی بزووتنەوەکە، سەرەڕای ئەو هەموو ئاستەنگانەی لەسەر ڕێگای خەباتیانە، بە تایبەت کە ڕووبەڕووی پێکدادانی چەکداری/سەربازی بەردەوام دەبنەوە لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی ئێران. کەواتە هەوڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەتوانن ئیلهامبەخش بن بۆ بزووتنەوەکانی دیکە کە بەدوای دادپەروەری و پرسی کورددا دەگەڕێن.

هەتا خۆمان لە ناو خۆدا ڕێک نەخەین و یەکگرتوو نەبین و زۆربەمان(کورد) بۆ مافەکانمان تێنەکۆشین ناتوانین کاریگەریی ئەرێنیمان لەسەر حیزبە سەراسەرییەکان و ناوچە و وڵاتە زلهێزەکان هەبێ. کەواتە لە پێشدا دەبێ خۆمان لە گۆڕەپانی خەباتدا بین و ئەو جار دەتوانین کاریگەریمان لەسەر دەوربەریش هەبێ. بە تێڕوانینێک لە خەباتی کردەوە و تیۆری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بۆمان دەردەکەوێت کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پەیوەندی لەگەڵ پێکهاتەسازیی خەباتی نەتەوەیی خۆی لەو ئەرک و ڕۆڵەدا هەر چەند بە ئامانجەکەی نەگەیشتووە بەڵام تا ڕایەک سەرکەوتوو بووە، ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەردەوام بە ئاراستەی هێڵی پێکهاتەسازیی خەباتی نەتەوایەتی خۆیدا ڕۆیشتووە و لای نەداوە.

گرنگە بزانین کە سەرکەوتن و بەختەوەری لە دەستی خۆمان و لە گۆڕەپانی خەباتی خۆماندا گەشە دەکات، پێویست ناکات لە باخچەی کەسانی دیکە بە دوایدا بگەڕێین، یان چاوەڕێ بین کەسانی دیکە بماندەنێ. تکایە با چیدیکە دەرفەتەکان لەدەست نەدەین. دەنا نەوەی داهاتوو وەک حەسەن خەیری بەگەکان تف و نەعلەتمان لێ دەکەن. خەیریمان کەم نین و با پێشیان پێ بگرین و دەستیان نەگرین و یارمەتیان نەدەین بۆ سەرکەوتنی پلانەکانیان.

***

هەواڵنامەی کتێب

**سەرچاوەکان:**

بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ڕاپەرینی کۆمەڵەی ژێ کاف – عبدالقادر دباغی

De nasjonale strateger av Rune Slagstad

Kampen om selvstendigheten og språket av Øyvind Østerud

Kampen om folkeminnesamlingen av Eirik Kristoffersen

Land, makt og følelser – stats- og nasjonsbygging av Frank Aarebrot og Kjetil Evjen Selv

Mot nasjonalt sammenbrudd. Norge i masseinnvandringens tid av Halvor Fosli

Det internasjonale gjennombruddet av Terje Tvedt

Theories of Nationalism av Østerud Øyvind

Hva er nasjonalisme? av Olav Fagelund Knudsen

Kongeord – Kong Frederik 10 av Jens Andersen

Den kalde fronten av Birger Tidemand-Johannessen

Blod är tunnare än vatten av Jörn Donner

Nasjoner og nasjonalisme. Oxford: Blackwell

Ideen om nasjonalisme av Craig Calhoun

# ڕاسان:
# پرۆسەیێکی دەستپێشخەرانەی داهێنەرانە

**کاوە بەهرامی**

هەواڵنامەی کتێب

**پێشەکی**

خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە هەشت دەیەیە بە خۆڕاگری و نوێبوونەوە و هەڵبژاردنی ستراتێژی نوێ دەناسرێتەوە. لەم مێژووە ئاڵۆزەدا، ڕاسان نەک هەر قۆناغێکی نوێ لە چالاکییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، بەڵکوو لەدایکبوونەوەیەکی ئایدیۆلۆژی و ڕێکخراوەییش هەژمار دەکرێت. ڕاسان لە دۆخی چەقبەستوویی سیاسی و گوشاری جیۆپۆلەتیکی و ئاسمیلەبوونی کۆمەڵگەی سیاسی، فەرهەنگی و کولتووریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەری هەڵداوە. بۆیە دەکرێ بڵێین ڕاسان بزووتنەوەیەکی دەستپێشخەرانە لە هەمان کاتدا هۆشیارانەیە کە ئامانجی خولقاندنی بەستێنێکی هەمەگیرە بۆ زیندووکردنەوەی خەبات و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکان لە هەلومەرجی نوێدا.

**ئەم نووسینە، ڕاسان وەک بزووتنەوەیەکی فرە ڕەهەند شی دەکاتەوە، کە ڕەگ و ڕیشەی لە ئەزموونی مێژوویی و درێژخایەنی خەباتی چەندین دەیە هەیە. ڕاسان وەک دەرکەوت، تێکەڵکردنی گوتاری کوردستانی لەگەڵ نوێبوونەوەی**

**ڕێکخراوەیی و گشتگیری کۆمەڵایەتییە بۆ ژیانەوەی هێزی ڕزگاریخوازانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. وتارەکە لەسەر بنەمای هەردوو سەرچاوەی سەرەتایی، لەوانەش وتارە نەورۆزییەکەی ڕێزدارمستەفا هیجری لە بۆنەی نەورۆزی ١٣٩٥ و شیکارییە مێژووییەکانی پەرەسەندنی بزووتنەوە کوردییەکان لە ئێراندایە.**

**پاشخانی مێژوویی**

نابێت لە ڕاسان وەک بیرۆکەیەکی کتوپڕ و خۆڕسک و کاتیی تێبگەین. بەڵکوو درێژەپێدەری ڕەوتێک لە خەباتی ڕزگاریخوازی و نەتەوەیی حیزبی دێموکراتە کە ڕەگ و ڕیشەی لە قووڵایی مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. بە لێکۆڵینەوە لە پەرەسەندنی خەباتی کورد، بەتایبەت لە سەدەی بیستەم بە دواوە، دەتوانین لەوە تێبگەین کە بۆچی ڕاسان نوێکردنەوەی خەبات و خوێندنەوەی پێویستییەکانی قۆناغ وهەلومەرجی نوێیە، چ لە ڕووی ڕێکخراوەیی و چ لە ڕووی سەربازییەوە.

لەوانەیە ئەو پرسیارە لۆژیکی بێت کە بۆچی ڕاسان پرۆسەیێکی مێژوویی و درێژکراوەی خەباتی لە مێژینەیی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی حیزبی دێموکراتە؟ مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وێڕای پڕشنگداربوونی، پڕاوپڕە لە ئەزموون و قۆناغی گرینگ. فرەیی شێوازی خەبات لە سەردەمگەلی جیاوازدا، شکست و سەرکەوتنەکان، بەردەوامی و بەهێزکردنی ژێرخانی هێزی ئازادیخوازی، دەکرێ وەک پاشخانێکی گرینگی سەرهەڵدانی دەستپێشخەرانەی پرۆسەیەک لە جەشنی ڕاسان بێت.

لە مێژووی هاوچەرخدا، نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان بەپێی بەرژەوەندیی زلهێزەکان لە نێوان چوار وڵاتی ئێران، عێراق، تورکیە و سووریەدا دابەش بوو. هەر یەک لەو بەشانە بە پشتبەستن بە هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتیی تایبەتی خۆیان، فۆرمی جیاوازی خەباتیان پەرە پێداوە. ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئەمڕۆ بەشێکە لەو جوگرافیایەی کە ئێرانی پێ دەگوترێ، بەردەوام گۆڕەپانی سەرهەڵدان

و بزووتنەوەی جەماوەری و ڕووبەڕووبوونەوە و ململانێی چەکداری بە ئامانجی بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بووە. ئەمەش سەلمێنەری هۆشیاریی و تێگەیشتنی سیاسی و گەشەی هزریی نەتەوەی کورد بووە و نیشانی دەدات کە هیچکات تەسلیمی ئەو دابەشکاریە داسەپاوە نەبووە.

دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٦، هەوڵێک بوو بۆ دامەزراندنی کیانێکی کوردی. سەرەڕای تەمەن و ئەزموونی کورت بەڵام پڕمایەی، دامەزراوەیەکی سیاسی و مێژوویی و؛ نموونەیەکی بنەڕەتی و سەرکەتوو لە خۆڕێکخستن و خۆبەڕێوەبەریی نەتەوەی کوردە لەم بەشەی نیشتمان. وەک وێستگەیەکی گرینگ، دوای ڕووخانی کۆمار، خەبات لە ڕێگەی بزووتنەوەی چەکداریی ١٣٤٦-١٣٤٧ بە ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێرانی وەک سمایل شەریفزادە و سلێمان موعینی بەردەوام بووە. بزووتنەوەی چەکداریی ٤٦ و ٤٧، بناغەیێکی گرینگ وناسێنەرێکی ئیرادەی خۆبوون و ڕزگاریخوازیی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لە گەرمەی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ کە زۆرێک لە پێکهاتە نەتەوەییەکان، یەک لەوان نەتەوەی کورد بە هیوای گۆڕانکارییەکی شۆڕشگێڕانە بەشدارییان تێدا کرد، هەر زوو دەرکەوت کە کۆماری ئیسلامیی ئێران، هیچ ڕوانگە و تێگەیشتن و پلانێکی بۆ دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەیی ئەم پێکهاتانە نیە. ئەوە بوو کە کوردستان و خەڵکەکەی، کرایە ئامانجی شەڕێکی داگیرکارانە. شەڕی سێ مانگەی ١٣٥٨ پلانی ڕاستەقینەی ڕژیمی ئاشکرا کرد: چوونە نێو دانوستان بۆ کڕینی کات و ڕێکخستنەوەی هێزەکانی و پاشان تێکشکاندنی خۆڕاگری و کردنەئامانجی بزووتنەوەی نەتەوەیی-دیموکراتیکی ڕۆژهەڵات لە ڕێگەی هێزی سەرکوتەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، وەک بەرابردووترین هێزی سیاسی و سەربازی، بەرامبەر بە پاوانخوازییەکانی کۆماری ئیسلامی هەڵوێستی ئاشکرای خۆی ڕاگەیاند. حیزب سەرەڕای بەرخۆدانی قارەمانان و قوربانیدانی گەورە، دوای ساڵانێک خەبات و بەرگریی بەردەوامی چەکداری هەمبەر هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری

ئیسلامی، ناچار بوو لەپێناو بەرژەوەندی نەتەوەیی و ڕێگریکردن لە کاولکاری و قەڵاچۆکردنی دانیشووانی شار و گوندەکانی کوردستان، لە زۆرێک لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی هێزی پێشمەرگە کشایەوە. سەرەڕای ئەمەش، بەرەبەرە ململانێ نێوخۆییەکان و نەبوونی پشتیوانی دەرەکی، بزووتنەوەکەیان زیاتر لاواز کرد.

لە لایەکی دیکەشەوە، بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی ئۆپەراسیۆنی سەربازی، سەرکوتی فەرهەنگی، ڕێکستن و چالاککردنی تۆڕێکی بەرفراوانی هێزی ئەمنی و دزەکارانەوە، کۆنترۆڵی خۆی بەسەر ڕۆژهەلاتی کوردستاندا زیاتر کرد. هەروەها دەکرێ ئەو سەردەمە بە قۆناغێکی چەقبەستووی ڕێکخراوەیی ناودێر بکەین. هێزی پێشمەرگە کە پێشتر لە نێوخۆی کوردستان چالاک بوو، بەرەو قووڵایی خاکی باشووری کوردستان کشابۆوە. دوورکەوتنەوەی مەیدانی و پارچەپارچەبوونی نێوخۆیی لە ئەنجامی لێکدابڕانەکان، ئیمکان و ئەگەری خەباتێکی یەکگرتووی لاواز کرد. لەم دۆخەدا، پێویستیی ستراتیژییەکی نوێ زیاتر دەرکەوت. ئەوەی ڕاستی بێت چالاکیی پێشمەرگانە و بواری ڕێکخراوەیی و میدیایی حیزبی دێموکرات، لە زۆر ڕووەوە وەڵامدەری هەلومەرجی نوێی خۆی نەبوو و کە لە هەناویدا دیاردەیەک بە ناوی "ڕۆژهەلاتی نوێ" هاتبووە کایەوە بە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی نوێ بەڵام جیاواز لە ڕابردووی کۆمەڵگە و ژینگەکەی.

ئەمە ئەو واقیعەیە کە ڕاسان تیایدا سەری هەڵدا. بەم پێیە، پێویستە ڕاسان وەک پرۆسەیەک و؛ وەک وەڵامێک بۆ چەند دەیە لە خەبات، پاشەکشە، سەرکەوتن و هەلومەرجی ناوچەیی و نێوخۆیی نوێ بەڵام ئاڵۆز و تێکچڕژاو بە بنەما وەربگیردرێ. بەم مانایە، ڕاسان تەنیا وەڵامێک نیە بۆ داگیرکاری و دۆخی سەرکوت، بەڵکوو لە لایەک هەوڵێکە بۆ سەربازبوون لە قەیران، لە لایەکی دیکەوە هەوڵێکە بۆ داهێنانەوەی خەبات، ڕێکخستنی هێزی جیلی نوێ و توانای مرۆیی و وەگەڕخستنی هێز و تواناکان، بنیاتنانی ڕەوتێکی نوێ لە خەبات وخۆڕاگریی توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، لەوانەش ژنان و گەنجان و گەڕاندنەوەی ئەو شەرعیەتە ئەخلاقی و

نەتەوەییەی کە لە بزووتنەوەی سمکۆی شکاک و کۆماری کوردستانەوە وەک میرات و سەرمایەیەکی گەورەی سیاسی ومەعنەویی بۆی بەجێ مابووە.

بۆیە ئەوەی کە ڕاسان وەک پرۆسەیەکی مێژوویی فرەڕەهەند لەلایەن سیاسەتمەداران و زانایان و ئاکادیمسییەکانەوە پێناسە دەکرێت، بابەتێکی سەرسوڕهێنەر نییە؛ بەڵکوو گێڕانەوەیەکە لە ڕەگ و ڕیشەی قووڵی نەریتی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پشتیوانیی بەرفراوانی جەماوەری لەم پرۆسەیە.

**ڕاسان وەک وەرچەرخانێکی ستراتیژی: هۆکارەکانی سەرهەڵدان و گرێدانی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

ڕاسان لە بۆشاییدا سەری هەڵنەدا. وەڵامێکی وشیارانە و خوێندنەوەیەکی بەڕۆژ بوو بۆ کۆمەڵێک فاکتەری کارلێکەر کە تایبەتمەندی هەلومەرجی سیاسی و سەربازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەم ڕووەوە هاتنەکایەی پرۆسەکە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە کۆمەڵێک فاکتەر و هۆکاری جیاواز بەڵام لێکبەستراو هەبوو.

**بۆشایی سەربازی و پاشەکشەی سیاسی:** بۆ ماوەیەکی زۆر، هێزی پێشمەرگە چالاکییەکانی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگرتبوو. ئەم بۆشاییە لە خۆیدا پێکهێنانی مەودایەک بوو لە نێوان هێزەکە و ژینگەی سەرەکیی خۆی واتە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات. ئەمەش وای کرد کە بەرەبەرە ئاسۆی چالاکییەکان لە دۆخی سیاسی و ئەمنی هەرێمی کوردستان لێک گرێ بدرێ و لەژێر گوشارەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، کشانەوەی سەربازی و سیاسی ڕوو بدات.

بەڵام ئامادەنەبوونی مەیدانیی هێزی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات، لەلایەن ڕێژیمەوە نەک وەک نیشانەی بەرپرسیاریەتیی، بەڵکوو وەک لاوازی لێکدرایەوە. ئەمەش هاندەری هەوڵی زیاتر بوو بۆ سەرکوت و سڕینەوە و ئاسمیلەکردنی کۆمەڵگەی کوردیی ڕۆژهەڵات و بێدەنگکردنی داواکارییە نەتەوەییەکانی. هەربۆیەش، دوای خوێندنەوەیەکی تێروتەسەل ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە

پلینۆمی دەیەمی کومیتەی ناوەندی، لە ڕێکەوتی ٣ی گەلاوێژی ١٣٩٤ی هەتاوی بڕیاری جێگیرکردنی هێزی پێشمەرگەی خۆی بەشێوەی فەرمی لە ناوچە شاخاوی و سنوورییەکانی باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرکرد. هەر لەو پلینۆمەدا، تاوتوێی چالاکیی "پێشمەرگەی شار" لە نێوخۆی شارو گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرا. هەر لەو پەیوەندییەدا، کۆمیسیۆنی سیاسی-نیزامی ئەرکدار کرا کە شوڕایەکی نیزامی بۆ ڕاهێنان، ئامادەکردن و چالاککردنی پێشمەرگەی شار پێک بهێنێت.

هەربۆیەش چالاکیی سیاسی و تەشکیلاتی پێشمەرگەکانی شار لە سەرجەم شار و گوندەکانی ڕۆژهەلات بەشێوەی بەرین دەستی پێکرد. بەڵام لێرەدا پێویستە ڕۆڵ و کاریگەری تەشکیلاتی نهێنی حیزب پێش ڕاگەیاندنی ڕاسان لەبەرچاوبگرین. تەشکیلاتی نهێنیی حیزبی دیموکرات لەژێر دوو ناوی "پاریزەرانی ڕۆژهەلات" و "هەڵۆکانی زاگرۆس" وەک دوو هێزی سیاسی، نیزامی و تەشکیلاتی حیزب بەپێی توانا و دەرفەتی پێویست بوونیان هەبووە و چالاکیان کردوە. بۆیە دەکرێ چالاکییەکانی ئەم دوو هێزە لە ساڵانی پێش ڕاگەیاندنی ئاشکرای ڕاسان بە سەرەتایێک بۆلێکگرێدانی ڕاسانی شار و شاخ ناوزەد بکەین. ئەو دوو هێزە کە لە نێوخۆی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێکهاتبوون دەورێکی کارگەرییان لە پەیوەندی لەگەڵ چالاکی نیزامی دژی سوپای تێرۆریستی پاسداران گێراوە، کە بەشێکی سەرەکی خەباتی شارییان لە خۆ دەگرت.

**کەلێنی نێوان نەوەکان و دابەزینی هەستی نەتەوەیی:** نەوەی نوێی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی و بە تایبەتی لە شارەکانی ئیلام و کرماشان، تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەوەکانی پێشوودا لەدەست دابوو. هەستی نەتەوەیی لاوازتر ببوو. لەو چوارچێوەیەدا ڕاسان هەوڵێک بوو بۆ زیندووکردنەوەی یادەوەری بەکۆمەڵ و بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و ئاراستەکردنی نەوەیەکی نوێ بەڵام تەیار بە بیری ئازادیخوازی.

**لاوازبوونی ڕەوایی نیزام:** لە دوای ساڵی ١٩٩٦، ئێران چەندین شەپۆلی نارەزایەتیی جەماوەری بەخۆیەوە بینی، کە قەیرانی قووڵی ڕەوایی کۆماری ئیسلامی قووڵتر و بەرینتر کردبووەوە. سەرەڕای سەرکوتی دڕندانە لەلایەن ڕژیمەوە، نارەزاییە جەماوەرییەکان پەرەیان سەند، ئەمەش دەرەتانێکی سیاسی و ڕێکخستنی بە هێزە کوردییەکان بەخشی بۆ ئەوەی لە مەیدانێکی نوێتردا هەڵسوکەوت بکەن.

**نەبوونی پشتیوانی دەرەکی و پێویستی بە خۆڕێکخستن:** ڕێبەریی حیزبی دێموکرات گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە لە کاتێکدا پشتیوانیی دەرەکی هەمیشە فاکتەرێکی گرنگی خۆڕاگری و بەرخۆدان بووە، بەڵام ستراتیژییەکی نوێ بۆ خۆڕێکخستنەوەی لە نێو ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێویستە. ڕاسان وەک "ستراتیژییەکی سەربەخۆ، لە نەبوونی پشتیوانی دەرەکی" دەستپێکرد، کە تێیدا گەڕانەوەی حیزب لە ڕێگەی پشتیوانیی جەماوەرییەوە بە بنەما وەردەگیرا نەک پشتبەستن بە هاوسەنگیی هێز و دەسەڵاتی ناوچەیی.

لەژێر ڕۆشنایی ئەم هۆکارانەدا، دەتوانرێت سەرهەڵدانی ڕاسان لە پاڵپشتی تیۆری دامەزراوەیی گۆڕانی ڕێکخراوەییدا لێک بدرێتەوە. وەک پۆل دیماجیۆ و والتەر پاوڵ (١٩٨٣) دەڵێن، ڕێکخراوەکان خۆیان لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ژینگەکەیان دەگونجێنن بۆ ئەوەی شەرڕەوایی بەدەست بهێننەوە. حیزبی دێموکرات خۆی لە قۆناغێکدا بینییەوە کە باڵادەستیی سەربازی، سیاسی و کولتووریی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیشتبووە ئاستێک، ئیتر نەدەکرا پشت بە ئامادەبوونی ڕەمزی یان ڕیتۆریکی دەربەدەری و دوور لە ژینگەی مەیدانیی ببەسترێت؛ گەڕانەوەیەکی کۆنکرێتی پێویست بوو.

بۆیە ستراتیژیی ڕاسان گەڕانەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و نیشاندانی ئەو ڕاستییە کە پێشمەرگە هێشتا سەر بە گەل و خاکەکەیە .لە لایەکی دیکەشەوە لە ڕێگەی ڕێکخستن و کۆکردنەوەی جەماوەرییەوە، فۆرمی بەرخۆدانی بەکۆمەڵ زیندوو

بکاتەوە. گەڕانەوەی سەرەتایی، وەک چاوەڕوان دەکرا، لە شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی، ئۆپەراسیۆنی هەواڵگری و هەڵمەتی زانیاریی ناڕاست، بە شێوەیێکی دڕندانە و بەرفراوان لەلایەن ڕژیمەوە بەرپەرچ درایەوە، . بەڵام سەرەڕای ئەمانە، ڕاسان توانی سەرلەنوێ بوونی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێگیر بکاتەوە، بەمەش سەلماندی کە خەباتی چەکداری، وێڕای ڕێکخستنی کاروباری سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی، هێشتا ستراتیژییەکی زیندوو و پێویستە.

بەکورتی ڕاسان دەستپێشخەرییەکی سەربازی کاتی نیە، بەڵکوو وەرچەرخانێکی ستراتیژییە بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی هێز و دەسەڵاتی ڕێکخراوەیی بزووتنەوەیەک لە سەردەمێکی ئاڵۆزدا.

### قەیرانی سیاسی و تەشکیلاتیی پێش ڕاسان

پێش ڕاسان، چالاکییەکانی حیزبی دێموکرات بەهۆی هەلومەرجێکی ناوچەیی کە بەسەریدا سەپابوو، لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆکاری هەڵبژاردنی شێوازی خەباتی مەدەنی و تەشکیلاتی، حیزبی گەیاندبووە قۆناغێک کە هەست بە کەلێن و دورییەکی زۆر لە نێوان خەڵک و کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات و حیزب دەکرا. پێشمەرگە بۆ ماوەیەکی زۆر بە شێوەیەکی لە خەڵک دابڕابوو، ئەو پێناسەیەی کە پێشمەرگەی پێ دەناسرایەوە، خەریک بوو لەبەر چاوی نەوەی نویێ ڕۆژهەڵات ون ببێ؛ "پێشمەرگە پارێزەری خاک و نیشتمان و ناسنامەی تاکی کوردە". لە لایەکی دیکەشەوە پرۆژەی تواندنەوەی کوردستان لە ڕێگەی ئاسمیلەکردنی تاکی کورد لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە چڕتر ببووەوە؛ زمانی کوردی پەراوێز خرابوو، هێما نەتەوەییەکان قەدەغە کرابوون و سیاسەتە سەرکوتگەرەکانی ڕێژیم، یادەوەریی بەکۆمەڵیان تێک دابوو.

لە هەمان کاتدا کۆماری ئیسلامیی ئێران بە نیشاندانی خۆی وەک زلهێزێکی سەقامگیر لە ناوچەیەکی پڕ لە ململانێدا، فەزایەکی نێودەوڵەتیی بەدەست هێنابوو. ئەمەش کاریگەری نەرێنیی چالاکییەکانی حیزب بە تایبەت لە ڕووی پەیوەندی و

دیپلۆماسییەوە دانابوو. لەم دۆخەدا نوێبوونەوەی ئایدیۆلۆژی و ڕەهەندی ڕێکخراوەیی بەمانا بەربڵاوەکەی پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر بوو. ڕاسان وەک وەڵامێکی ستراتیژیی بۆ ئەم قەیرانە هاتە کایەوە، دەستپێشخەرییەک کە ئامانجی نەک تەنیا حزووری چەکداریی بوو، بەڵکوو بەستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان "شار و شاخ" بوو. ئەم ئەزموونە بەنرخە، دەستپێشخەرانی ڕاسانی هێنایە سەر ئەو قەناعەتە، بۆ ئەوی بزووتنەوەیێک یان شۆڕشێکی شوێندانەر و کاریگەرمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێت، دەبێ بەرفراوانتر لەو مەیدانەی کە تاکوو ئێستا بزووتنەوەکان چالاکییان تێدا کردووە، چالاکتر و مەیدانیتر بێت.

### وتاری نەورۆزیی مستەفا هیجری، سکرتێری گشتی حیزب (لێپرسراوی گشتیی حیزب) و فەلسەفەی پشت ڕاسان

هەوڵاتەی کتێب

مستەفا هیجری، لێپرسراوی گشتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وتاری نەورۆزیی ساڵی ١٣٩٥دا، ڕاسانی وەک درێژەپێدەری بنەمای ئایدیۆلۆژیی خەبات فۆرمۆلە کرد. جەختی لە نەورۆز کردەوە وەک هێمای بەردەوامی و لەدایکبوونەوە، ڕاسانیشی بە "خەباتی گەنجان و ژنانی کورد لە دژی دوژمنێکی نەتەوەیی" ناساند. لەم وتارەدا، ڕاسان تێکەڵ بە گێڕانەوەیەکی فەلسەفی و کولتووریی بەرخۆدان، کە نوێبوونەوەی هەمیشەیی سروشت هاوتایە لەگەڵ خۆڕاگریی خەڵک.

هیجری نەک هەر باسی لە گۆڕانکارییە سیاسییەکان کرد، بەڵکوو باسی لە شێوازێکی نوێی بیرکردنەوە لە خەباتی سیاسی کرد: هەر نەوەیەک کە بەرپرسیاریەتیی بەرەوپێشبردنی خەباتی لە ئەستۆدایە، خۆی لەگەڵ سەردەمی نوێدا گونجاندوە. ڕاسان لەم چوارچێوەیەدا هەم وەک پڕۆژەیەکی ئایدیۆلۆژی و هەم وەک ستراتیژییەکی پراکتیکی سەیر دەکرێت، کە مۆدێرنیزاسیۆن و کۆکردنەوەی جەماوەری و داگیرکردنەوەی ئامادەیی خاک و مەیدانی لە ناوەنددایە.

**فۆرمێکی نوێی بزووتنەوە: گوتاری کوردستانی، گشتگیری و کۆکردنەوەی جەماوەری**

ڕاسـان بـە تێکەڵکردنـی خەباتـی چەکـداری لەگـەڵ کۆکردنـەوەی سـەرمایەی کۆمەڵایەتـی، خـۆی وەک ڕەوتێکـی نـوێ دەناسـێنێ. حـوزووری مەیدانـی و گەڕانـەوە بۆ ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، دووبارەبوونـەوەی سـتراتیژییەکانی پێشووی لەخۆ نەگرت، بەڵکوو تاکتیکێکی مانـادار و گونجاندنـی بارودۆخـی تێدابوو. ئۆپەراسـیۆنەکانی پێشـمەرگە بـە پاڵپشـتی جەمـاوەری و لـە چوارچێوەی پڕۆژەیەکـی گوتاریـی فراوانتردا، ئەنجام درا.

بـە تایبەتـی نوێبوونـەوە و گرنگیی ڕاسـان بە بەشداریی بەرچاو و چالاکانەی لاوان و کچـان لـەم دەسپێشـخەرییەدا مانـادار بـوو. ژنانـی کـورد نـەک تەنیـا لـە ئۆپەراسـیۆنە چەکدارییـەکان، بەڵکـوو لـە سـەرکردایەتی و بەرهەمهێنانـی کولتـووری و پاراسـتنی زمانـدا بەشـدارییان کـردووە. ژنـان بـە گوتـەی هیجـری، بوونـە "هێمـای نوێبوونـەوە". بوونـی ئـەوان ئاماژەیـە بۆ پێشـێلکردنی نۆرمەکانـی جێنـدەری تەقلیدیـی لـە خەباتـدا و ئاماژەیـە بـۆ ڕزگارییەکـی فراوانتـر. ڕەهەنـدی کولتووریـی ڕاسـانیش بـە هەمـان شـێوە گرنگـە. هەرچەنـدە خوێندنـی کوردی لـە ئێران قەدەغـە کراوە، بەڵام خوێنـدن بـە زمانـی دایکیـی بـە نهێنـی لـە پەرەسـەندندایە. شـاعیران و گرووپـە شـانۆییەکان و هونەرمەنـدان، بەشـداری خەباتـی فەرهەنگیـن. ئەمـەش ئاماژەیـە بـە پەیوەسـت بـوون و دروسـتکردنی فەزایەکـی کوردسـتانیی بەکۆمـەڵ لـە ژیانـی ڕۆژانـەدا، لـە لوڕسـتانەوە تـا ماکـۆ وەک ئامانجێکـی بەرفراوانـی ڕاسـان.

**ڕاسان وەک ناسیۆنالیزمی مۆدێرن**

لـە باسـە ئایدیۆلۆژییەکانی حیزبی دێموکراتدا، چەمکی "ناسـیۆنالیزمی دێموکراتیک" پێگەیەکـی گرینگـی هەیـە، ناسـیۆنالیزمی دێموکراتیـک وەک فۆرمێـک لـە ناسـیۆنالیزم کـە لەسـەر بنەمـای کولتـوور، کۆمەڵگـەی مەدەنـی و ڕێکخسـتنی گشـتگیر دامـەزراوە. دوکتـور ئیدریـس ئەحمـەدی لـە گۆڤـاری "تیشـک"دا ڕاسـان بـە "پرۆسـەی وشـیاریی سیاسـی کـە تێیـدا جەمـاوەر دەبێتـە هەڵگـری خەبـات" وەسـف دەکات.

ئەم گۆڕانکارییە ئایدیۆلۆژییە کاریگەری لەسەر تێڕوانینی ڕاسان وەک "پلاتفۆرمێک بۆ بنیاتنانی دیموکراسی" لە دەوڵەتێکی دوای ڕزگاریخوازیشدا هەبووە. ئامانج تەنیا ڕووخاندنی دەسەڵات نیە، بەڵکوو دروستکردنی کۆمەڵگەیەک کە لەسەر دادپەروەری و ئازادیی قسەکردن و یەکسانی بنیات نراوە. ناسیۆنالیزم لە ڕاساندا نیشانەیە بۆ بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی، بە شێوەیەک کە کوردایەتی و هاوبەشیی گشتی لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا دەبێتە ڕێکارێکی گەورەی بەرخۆدان.

ڕاسان گوتارێکی کوردستانی ڕۆژانە، بەردەوام و نوێیە کە نیشانەی گەیشتنە بە فازێکی نوێ لە خەباتی نەتەوەیی، فازی بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان نەتەوە و هاوبەشیی کۆمەڵایەتی، ولە هەمان کاتدا پەیوەندیی نێوان ڕابردوو و داهاتووە.

### کاریگەرییە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان

ڕاگەیاندنی پرۆسەی ڕاسان تەنیا ئاڵوگۆڕێکی تاکتیکی لە سیاسەت و چالاکیی حیزبی دیموکراتدا نییە، بەڵکوو کاریگەرییەکی جیۆپۆلیتیکیی بەدوای خۆیدا بەجێ هێشتوە. سەرەڕای دژایەتی و هێرشی بەردەوامی کۆماری ئیسلامی و دەست و پێوەندەکانی بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەک بزوێنەری ڕاسان لەو جوگرافیایەی کە چالاکییەکانی تێدا بەڕێوە دەبات، گوتار و پێگەی حیزبی دیموکرات لە ئاستی ناوچەیی و نێونەتەوەییدا زۆر بەهێزتر بووە.

کۆماری ئیسلامی زیاتر لە ۳۰ ساڵ بانگەشەی هەڵوەشانەوە و نەمانی حیزبی دیموکرات و هێزی پێشمەرگەی کوردستانی دەکرد. بەڵام سەرهەڵدانی ڕاسان و خێرایی دەنگدانەوەی چالاکییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆماری ئیسلامیی ناچار کرد ڕاسان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەک هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیی ئێران پێناسە بکات. ئەمەش بە واتای دەستئاوەڵایی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ لەنێوبردنی ئەم هەڕەشە بوو. هەربۆیەش هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە لە شار و دێیەکانی کوردستان، هێزەکانی ڕێژیم بە

هەمـوو توانـا سـەربازییەکانیانەوە هێرشـیان کـردە سـەر هێـزی پێشـمەرگە. تەنانـەت دەسـتیان لـە تۆپبـاران و وێرانکردنـی گونـد و شـارەکانی کوردسـتانیش نەدەپاراسـت بـە بیانـووی لەنێوبردنـی پێشـمەرگە. نموونـەی ئاشـکرای ئـەم کـردەوەی سـپای پاسداران هێرش بۆ گوندی قەرەسـەقەل لـە ناوچـەی شنۆ و تۆپبـاران و سـووتاندنی دەیـان خانـووی هاووڵاتیانـی ئـەم دێیـە بـە بیانـوی بوونـی هێـزی پێشـمەرگە بـوو. کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران، هـەر بـە هێرشـکردن بـۆ سـەر پێشـمەرگەکانی شـار لـە نێوخۆی ڕۆژهـەڵات، کۆتایی بە ئۆپەراسیۆنەکانی خۆی نەهێنا و دەستی بە تۆپباران و مووشـەکبارانی ناوچـە شـاخاوییەکانی نیـوان سـنووری ڕۆژهـەڵات و باشـوری کوردسـتان کـرد کـە هێزەکانـی پێشـمەرگەی کوردسـتانی لـێ جێگیـر بـوون. زیاتـر لـە دەیـان جـار هێرشـی مووشـەکی و درۆنـی و تۆپبارانـی چیاکانـی کوردسـتان، جگـە لـە زیانـی مـادی و ژینگەیـی بۆ سـەر ناوچـە شـاخاوی و گوندنشـینەکان، هیچ دەسـتکەوتێکی بـۆ کۆمـاری ئیسـلامی نەبـووە. کەواتـە هێرشـەکانی ڕێژیـم لـە دژی ڕاسـان نیشـانی داوە کـە بزووتنەوەیەکـی ڕەگداکوتـاوی جەمـاوەری چەنـدە دەتوانێـت بـۆ سیسـتەمێکی تاکڕەوو سـەڕەڕۆ مەترسـیدار بێـت.

هـەر بۆیـەش لـە چوارچێوەی نێودەوڵەتیدا کۆمـاری ئیسـلامی زۆر هەوڵـی داوە کە ڕاسـان وەک بزووتنەویەکـی قەدەغەکراوی نافەرمـی و تەنانـەت تیرۆریسـتیش بناسـێنێ. بـەڵام چالاکییـە سیاسـی و سـەربازییەکانی ڕاسـان کە لـە چوارچێوەی ویسـت و داخوازە ڕەواکانـی نەتـەوەی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتاندا خـۆی دەبینێتـەوە، بـە شـێوەیەکی بەریـن لـە میدیـا جیهانـی و ناوچەییەکانـدا دەنگـی داوەتـەوە و سـەرجەم ڕاپۆرتەکانـی پەیوەندیـدار بـە ڕاسـان، ئـەو ڕاسـتییە دەسـەلمێنن. کەواتـە سـەرەرای هەمـوو ئـەو دژایەتیـی و گوشـارانەی کـە کۆمـاری ئیسـلامی چ لـە نـاوەوەی سـنوور و چ لـە دەرەوەی سـنوورەکانی بۆ بزوتنـەووەی ڕاسـانی دروسـت کـردوە، ڕاسـانی ڕۆژهـەڵات توانیویەتـی شـوێندانەریی خـۆی بسـەلمێنی.

لـە لایەکـی دیکـەوە، ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لـەم سـاڵانەی دواییـدا وەک پارچەیەکـی

پەراوێزخراو لە بیری تاکی کورددا لە پارچەکانی دیکەی کوردستان دەبیندرا. بە جۆرێک کە هێماییێک لە خەبات و بەرەنگاریی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵات بەدی نەدەکرا و تاکی کورد لە باکوور، باشوور و ڕۆژئاوا خەریک بوو ئەو داگیرکارییە قەبووڵ بکا و وەک دیاردەیەکی ئاسایی ببینێ. ڕاسان توانی ئەم تێڕوانینە تێکبشکێنێ و وەک بزووتنەوەییێکی زیندوو و چالاک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پەیوەندیی ڕوحی و نەتەوەیی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان نوێ بکاتەوە. کاریگەریی ڕاسانی ڕۆژهەڵات بەخێرایی سنووورە ناوچەییەکانی بڕی و توانی سەرنجی کوردانی تاراوگە بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. ئەو کوردانەی کە زۆربەیان بەهۆی شەڕ و ماڵوێرانی و دەربەدەری پەڕیوەی وڵاتانی ئورووپایی و ئامریکایی بوون و ساڵانێک لە تەمەنیان لەوێ بەسەر دەبەن، بەڵام بیر و هەستی نیشتمانپەروەرییان بەردەوام گەشەی کردوە و ئامادەی پشتیوانی و پاڵپشتیی هەر بزووتنەوەیەکی ڕەوان کە هەوڵ بۆ ڕزگاریی خاکی کوردستان دەدات. بۆیە زۆری نەخایاند کە ڕاسانی تاراوگە لە چوارچێوەی کراوەیی ستراتیژیی ڕاساندا، چالاکییەکانی دەست پێکرد.

## ڕاسانی تاراوگە

لەگەڵ دەسپێک و ڕاگەیاندنی ڕاسان، ڕێکخستنی حیزب لەدەرەوەی وڵات وێڕای دەزگای دیپلۆماسی حیزب هاوتەریب لەگەڵ چالاکیەکانی شاخ و شار بەهێزتر لە پێشوو هەوڵیان دا چالاکیەکانیان بەرفراوان بکەن. هەر لەو پەیوەندیەدا کە هاوکاتبوو لەگەڵ یادی ٣٠ ساڵەی تیرۆری ڕێبەری شەهید، دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٦/٩خۆپیشاندانێکی بەرینی جەماوەری لە شاری بروکسێلی پێتەختی وڵاتی بێلژیک بەڕێوە چوو. کاک مستەفا هیجری لە پەیامێکدا کە بەم بۆنەوە لەنێو ئاپۆڕایەکی هەزاران کەسیدا پێشکەشی کرد، لە پەیوەندی لەگەڵ ڕۆڵی ڕاسانی تاراوگە و پێگە و کاریگەریی کوردانی دانیشتوی وڵاتانی ئوروپایی و ئامریکا گوتی: "ئەگەر

هەواڵنامەی کتێب

دڵمـان بـە ئێـوە گـەرم نەبـا، ئەگـەر ئێوەمـان وەک پاڵپشـتێکی خەباتەکەمـان نەزانیبـا، دڵنیابـن کـە ئەسـتەم بـوو لـەم کاتـەدا بڕیارێکـی ئەوتـۆ گـران و گرنـگ بدەیـن." لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ ناوزەدکردنـی ڕاسـانی تاراوگـە و کاریگەریـی تاراوگـە لـە پرۆسـەی ڕاسـاندا، کاک مسـتەفا هیجـری لـە پەیامەکەیـدا دەڵـێ: "کاتێـک نـاوی ئـەم خرۆشـانە بـێ وێنـەی ئێوەمـان وەک ڕاسـانی تاراوگـە نـاو نـاوە، مانـای ئەوەیـە کـە تواناو ئیرادەی ئێوە بە ڕادەی توانای شاخ و شار بۆ خەباتی خۆرهـەڵات گرینگە." کوردانـی تاراوگـە، کـە لـە ڕاسـتیدا پێکهاتـوون لـە زۆر ڕەنـگ و هـزری جیـاواز، بارتەقـای جیاوازیـی بۆچوونیـان، لـە ڕێگەگەلـی جیـاوازەوە بەشـداری ڕاسـانن. لـە ڕاستیشـدا هـەر ئـەو چاوڕەوانییـەش لـە کوردانـی دەرەوەی وڵات هەیـە، کـە کەڵـک لـە توانـا و لێهاتوویـی و کارامەیـی خۆیـان وەربگـرن وبیکەنـە هەوێنـی داهێنـان و شـێوازی نوێـی بەشـداریکردن لـە خەبـات. هەربۆیـە لـە گەرمـەی چالاکییەکانـی خەباتـی شـار و شـاخدا، ڕاسـانیانی تاراوگـە لـە ڕێگـەی کەڵکوەرگرتـن لـە مێدیـا و سۆسـیال مێدیـا توانییـان دەنـگ و ڕەنگـی ڕاسـانی ڕۆژهـەڵات بـن. ئەندامـان و لایەنگرانـی حیـزب وەک هێزێکـی بەهێـزی تاراوگـە لـە بوارەکانـی مرۆیـی، مـاددی، مەعنـەوی و هەروەهـا لـە هـەر وڵاتێـک بەپێـی ئیمـکان، بـە خۆپیشـاندان یـان ڕێکخسـتن، پاڵپشـتیی خۆیان لە خەباتی شـار و شـاخ دەربڕی. لە لایەکی دیکەوە لە ڕێگەی جێبەجێکردنی دەیـان بیرۆکـەی داهێنەرانـە بـۆ کۆکردنـەوەی هـاوکاری مادیـی و مرۆیـی هـەم بـۆ ڕۆژهـەڵات هـەم بـۆ هێزەکانـی پێشـمەرگە، پشـتیوان و پاڵپشـتی بەهێـزی ڕاسـانن. چالاکییەکانـی ڕاسـان لـە خۆرهەڵاتـی نوێدا کاریگـەری ڕاسـتەوخۆی لەسـەر بەهێزتـر بوونـی دیپلۆماسـی حیـزب لـە دەرەوەی وڵات بـە تایبەتـی لـە وڵاتانـی ئەوروپایـی هەبـوو. دەزگای دیپلۆماسیی حیزب لە ماوەیەکی کورتدا توانی ئاستی پەیوەندیەکانی حیـزب بـە شـێوەیەکی بەرچـاو لەگـەڵ پارلەمانـی ئورووپـا و وەزارەتخانەکانـی وڵاتانـی ئورووپایـی بەرزبکاتـەوە. لـە لایەکـی دیکەشـەوە میدیـا جیهانییـەکان لـە ڕێگـەی دەزگای پەیوەندییەکانـی حیـزب لـە دەرەوەی وڵات بەخێرایـی دەیانتوانـی

ئاگاداری ڕوداوەکانی ڕۆژهەڵاتی و کوردستان و بەتایبەتی چالاکیەکانی ڕاسان بن. سەرەڕای ئەوانەش لە کاتی پێویستدا کۆمەڵێک لە ئەندامانی دڵسۆز و بەئەزموونی حیزب لە تاراوگە گەڕانەوە کوردستان و لەگەڵ هێزی پێشمەرگە لە نێوخۆی کوردستان بەشداری چالاکییەکان بوون. تەنانەت لە هێرشی هێزەکانی سپای پاسداران بۆ گوندی قەرەسەقەڵ لە ناوچەی شنۆ و تێکهەڵچونی قارەمانانەی پێشمەرگەکان لە شەڕی قەرەسەقەلدا یەکێک لەو پێشمەرگە خۆنەویست و تێکۆشەرانەی کە تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوو، لە تاراوگەوە گەڕابۆوە و بەشداری چالاکییە مەیدانیەکانی ڕاسان بوو. بۆیە دەکرێ بڵێین ڕاسانی تاراوگە لە ماویەکی کورتدا بە پیر داواکاری و بانگەوازی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتەوە هات کە لە پەیامی خۆپیشاندانی بەرینی تاراوگە لە برۆکسێل لە لایەن کاک مستەفا هیجرییەوە ئاراستەی تاراوگە نشینان کرا؛ "داواتان لێ دەکەم کە چۆن ڕیزی پێشمەرگەکانمان، چۆن ڕیزی خەباتکارانی شار ڕۆژانە بەربەرەکانێ لەگەڵ داگیرکەر دەکەن، بە هەمان ئیرادە و تواناوە، گۆڕەپانی وڵاتانی ئوروپا و ئامریکا بکەن بە سەنگەرێکی تر لە ڕاسانی ڕۆژهەڵات".

ئەم داوایە، تەنیا بانگەوازێکی سیاسی نەبوو، بەڵکوو بانگەوازێکە بۆ ئەوەی کوردانی تاراوگە خۆیان لە ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا ببیننەوە، نەک تەنیا وەک تەماشاوان، بەڵکوو وەک بەشێکی گرینگ لە بزوێنەری پرۆسەیەکی نەتەوەیی. گشتگیرکردنی مەیدانی خەبات و بەهێزبوون لە ڕێگەی هاوبەشکردنی لەگەڵ جومگەکانی خەبات، فاکتەرێکی گرینگە بۆ دروستکردنی سەنگەرێکی گشتیی بۆ پشتیوانی لە خەباتی نیشتمانی. ئەمەش بەو واتایەیە کە ڕاسانی تاراوگە بە دەنگ، توانا و بیرۆکە، سەرمایە و دەستکەوتێکی زیندوو و بەردەوامە بۆ ڕوونکردنەوەی بیرەوەریی سیاسی و هاوبەشی کوردان. ڕاسان و گوتاری ڕوونی خۆرهەڵاتی نوێ هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی چالاکی ئاشکرای خۆی هەر بەخێرایی پەرەی سەند. وەک پێشتر باسمان کرد زۆر چین و توێژی کۆمەڵگە لە تاراوگەو لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆیان تێدا بینییەوە. بەڵام تەشکیلاتی ئاشکرای حیزب وەک یەکێک لە بەهێزترین و پڕ ئەرکترین هێزی

ڕاسان هەر لەسەرەتاوە تاکوو ئێستش کەمتر ناویان لێ هێندراوە و ڕۆڵی بەرجەستەیان بیندراوە. بۆیە جێگای خۆیەتی باس لە ڕۆڵی بەرچاو و بۆ لەخۆبوردووی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزب لە باشوری کوردستان بکرێ. ئەندامانی بەوەجی حیزب وەک هێزی پشتیوانی پێشمەرگەکانی شاخ بەردەوام چ لەبواری نیزامی چ لە بواری ماڵی لە هەموو هەلومەرجێکدا لە خۆبوردوانە لە ڕاساندا ڕۆڵیان گێراوە.

**ڕاسان وەک نوێبوونەوەی ڕێکخراوەیی-وەڵامێکی ستراتیژی بۆ باڵادەستی**

بۆ ئەوەی بە تەواوی لە سەرهەڵدانی ڕاسان تێ بگەین، شیکارییەکی ڕێکخراوەیی بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی ڕاسان لە نێو حیزبی دێموکراتدا پێویستە. ڕێکخراوی سیاسی بۆ ئەوەی مانەوی خۆی لە ژیاندا مسۆگەر بکات دەبێ بیر لە گونجانی خۆی لەگەڵ ژینگەیەکی سیاسی گۆڕدراو بکات. تیۆریی دامەزراوەیی، بە تایبەتی تیۆری زانایانی وەک پاوڵ دیماجیۆ و واڵتەر دبلیو پاول (١٩٨٣)، پێداگری لەوە دەکەنەوە کە ڕێکخراوە سیاسییەکان لە بۆشاییدا بوونیان نیە. دەبێت بەردەوام خۆیان لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخی پێکهاتەیی بگونجێنن، لەوانە پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی هەژمونگەرا، چاوەڕوانییە دامەزراوەییەکان و گۆڕانی نۆرمەکانی کۆمەڵگە و ژینگەی دەوروبەر.

لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین ڕاسان وەک پرۆژەیەکی نوێبوونەوەی ڕێکخراوەیی بناسێنین. ڕاسان ستراتیژییەکی وشیارانەیە بۆ وەرگرتنەوەی پەیوەندی سیاسی، ئامادەیی مەیدانی و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی چەکداری لە خاکێکدا کە کۆنترۆڵی سەربازی و ئایدیۆلۆژیی کۆماری ئیسلامیی ئێران زاڵ بوو. پێش دەستپێکردنی ڕاسان، ڕێژیمی ئێران هەژموونێکی نزیک لە تەواوەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراندبوو: دامەزراوە نەتەوەییە کوردییەکان چەقیبوون، ڕێکخراوە کان بێدەنگ کرابوون دانیشتووان لە ئۆتۆنۆمی کولتووری بێبەش کرابوون. بۆشایی سیاسی هەست پێدەکرا و پێگەی مێژوویی و ڕیشەداری حیزبی دێموکرات بەرەو کاڵبوونەوە دەرۆیشت.

لـەم دۆخـەدا، نوێبوونـەوەی ڕێکخراوەیـی نەبـووە بژاردەیـەک، بەڵکـوو ببـوو بـە پێویسـتییەکی وجـوودی. ڕاسـان وەک ئامرازێـک بـۆ شـکاندنی ئـەم بنبەسـتە، دەسـتی پێکـرد. هەربۆیـەش ڕاسـان تەنیـا وەڵامێکـی تاکتیکـی نییـە بـۆ هەڕەشـە دەرەکییـەکان، بەڵکـوو بیرۆکەیەکـی دەستپێشـخەرانەی چاکسـازیی نێوخۆییشـە: دووبـارە دامەزراندنـەوەی ئەرکـی ئەخلاقـی و سیاسـی حیـزب بەرامبـەر بـە گەلـی کـورد و دووبـارە دروسـتکردنەوەی پەیوەندییەکـی زینـدوو لـە نێـوان ئایدۆلۆژیـای ڕێکخراوەکـە و پێداویسـتییە ڕاسـتەقینەکانی کۆمەڵـگە. بـەم شـێوەیە ڕاسـان فۆرمێکـی خۆڕاگریـی دامەزراوەیـی پێکدەهێنـێ، کـە حیزبـی دێموکـرات پێکهاتـە و سـەرچاوە و گێڕانەوەکانـی خـۆی دەگونجێنـێ بـۆ ئـەوەی بتوانێـت بمێنێتـەوە و بـەردەوام بێـت لـە ڕۆڵـی مێژوویـی خـۆی وەک ئاڵاهەڵگـری ڕزگاری.

گۆڕانـی ڕێکخراوەیـی لـەم چوارچێوەیـەدا نـەک تەنهـا بـە مانـای نوێکردنـەوەی سـتراتیژییەت، بەڵکـوو داڕشـتنەوەی چۆنیەتـی پێناسـەکردنەوەی حیزبیشـە، لـە بزووتنەوەیەکـی چەکـداری سیاسـی بنچینەیـی دوورکەوتـەوە بـۆ هێزێکـی چەکـداری ئامـادە و هێزێکـی کۆمەڵایەتـی پتـەوی هەڵقـوڵاو لـە کۆمەڵـگە. کەواتـە ڕاسـان تەنیـا ئامـرازی خەبـات نیـە، بەڵکـوو ئامرازێکـە بـۆ بنیاتنانـەوەی نێوخۆیـی و دروسـتکردنی متمانـە. نوێنەرایەتـی پردێکـی نێـوان ئایدیاڵـە کۆنـەکان و فۆرمـە نوێیەکانـە، لـە هەوڵێکـدا بـۆ گەڕاندنـەوەی پەیوەندیـی حیـزب لـە کوردسـتانێکی گـۆڕاودا.

### ڕاسان و خەباتی چەکداری: لە نێوان پێویستی و ستراتیژی

لایەنێکـی گرنگـی ڕاسـان پەیوەندیـی بـە خەباتـی چەکـداری و بەتایبەتـی بـە ڕۆڵـی هێـزی پێشـمەرگەوە هەیـە. خەباتـی چەکداریـی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان ڕەگ و ڕیشـەی قـووڵ و ڕەمـزی بەهێـزی هەیـە، بـەڵام لـە هەمـان کاتـدا دوور لـە ڕەخنـە نەبـووە. پێـش پرۆسـەی ڕاسـان، زۆرجـار حیزبـی دێموکـرات وەک حیزبێکـی "کەمپنشـین" سـەیر دەکـرا، کـە لـە واقیعـی ڕۆژهـەڵات دابـڕاوە. ڕەخنـە لـە نەبوونـی بەشـداریی کارای

حیزبەکە بوو. وێڕای ئەوەی مەترسی نەمانی متمانەی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا لەسەربوو، قەیرانی نەمانی ڕەوایی بەرۆکی گرتبۆوە.

لە ڕێگای ڕاسانەوە، پێشمەرگە لە شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەیەکی زۆر کەمدا و بە شێوەیەکی بەرفراوان دەرکەوت. نەک بە ئامانجی دەستپێکردنی خەباتی چەکداریی تەقلیدی، بەڵکوو بۆ زیندووکردنەوەی هەستی نەتەوەیی و دەرخستنی مافی گەل بۆ بەرگریکردن لە خۆی. ئەم ئامادەبوونە هەم بە جۆش و خرۆش بوو، هەم لە ئەنجامی هێرشی سپای پاسداران بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە، دەیان داستانی قارەمانانەی وەک قەرەسەقەڵ و کۆسالانی خوڵقاند. بەشێک لە ئەکتەرە سیاسییەکان پڕوپاگەندەیان لە دژی ڕاسان بڵاو کردەوە و بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە هێزی پێشمەرگە ناوچەکە ناسەقامگیر دەکات. بەڵام بۆ زۆرینە، ئامادەبوونی چەکداری بوو بە دەربڕینی بەرخۆدانی کورد، بە تایبەت لە چوارچێوەیەکدا کە کۆماری ئیسلامی هیچ ئیرادەیەکی بۆ چارەسەری ئاشتییانە نیشان نەدەدا.

بەم پێیە، ڕاسان بە مانای گەڕانەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەواو نییە، بەڵکوو بە مانای کردەوەیەکی هاوسەنگی ستراتیژییە لە نێوان بوونی ڕەمزی، بەرکەوتنی خاکی و ئامادەیی مەیدانی. ئەمەش لە ژینگەیەکی زۆر دوژمنکارانەدا ڕوویدا: هەزاران سیخوڕی بەکرێگیراوی ڕژیم جێگیرکران و ڕژیم بە هەموو شێوەیەک هەوڵیدا ڕێگری لە سەرهەڵدانی ڕاسان بکات. سەرەڕای ئەمەش، هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانی فۆرمێکی نوێی ئامادەبوونی چەکداری دروست بکات، بە هاوکارییەکی نزیک لەگەڵ خەڵکی شار و گوندەکان.

ئەگەر خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مۆدێلە ئورووپاییەکانی بەرخۆدانی چەکداری بەراورد بکەین، هەڵە دەبێت. لە ئێراندا سیستمی دیموکراسی، سەروەریی یاسا و ئامرازی ئاشتییانەی چارەنووسی نەتەوەیی، بوونی نییە. کۆماری ئیسلامی نزیکەی پێنج دەیەیە نیشانی داوە کە تەنیا لە زمانی هێز تێدەگات. بۆیە پێکهاتەی چەکداریی ڕاسان نەک تەنها ئامرازێکە بۆ بەرگری لە خۆ، بەڵکوو دەبێتە فەرمانێکی ئەخلاقی و سیاسی.

**دەرەنجام: ڕاسان وەک پرۆسەیەکی بەردەوام**

ڕاسان مۆدێلێکی قاڵببەستوو نییە بەڵکوو پرۆسەیەکی زیندوو و بگۆڕە. خاڵی بەهێزی ڕاسان و ئەوەی کە جودای دەکاتەوە لە بزووتنەوەکانی پێش خۆی نەرمی و خۆگونجاندنیەتی لەگەڵ هەلومەرج و واقعییەت. تێکەڵکردنی تاکتیکی سەربازی لەگەڵ ڕێکخستنی سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتی. لەم ڕووەوە ڕاسان ڕەوایی بۆ خەباتی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بەگشتی و حیزبی دێموکرات بە تایبەتی گەڕاندەوە؛ و پەیوەندیی نێوان حیزب و ژینگەی نەتەوەیی و دانیشووانی دامەزراندەوە. کەواتە دەتوانین بڵێین یەکێک لە دەستکەوتە گرینگەکانی ڕاسان بەرهەمهێنانەوەی "هێز" و "شەرعییەت" بوو بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد. دەکرێ لەژێر ئەم دوو چەمکەدا چوار بواری جیاواز لە دەستکەوتەکانی ڕاسان تا ئێستا دەستنیشان بکەین.
سەربازی: لەگەڵ ئەوەی ئامانجی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ڕاساندا هێرشکردن و ڕووبەروو بوونەوەی ڕاستەخۆ لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیم نەبوو، بەڵام بەهۆی هێرشەکانی سپای پاسداران بەشێوەی بەردەوام بۆ سەر هێزی پێشمەرگە، ڕووبەڕووبونەوەی ڕاستەوخۆی سەربازی لەگەڵ هێزی داگیرکەر لە خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕووی دا. لە زۆربەی ئەم ڕووبەڕووبوونەوانەدا هێزی پێشمەرگە توانیان بە سەرکەوتوویی باڵادەستیی خۆیان لە شەڕی پارتیزانیدا بەسەر هێزەکانی سپای پاسداراندا بسەلمێنن. لە لاییکی دیکەشەوە چالاکی و جووڵەی پێشمەرگە لە قووڵایی خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی میلیتاریزەکردن و بوونی هێزی بێ ئەژماری ڕێژیم و گەڕان و پشکنین بە دوای هێزەکانی پێشمەرگەدا، نیشانەی توانایی و لێهاتوویی پێشمەرگەیە وێڕای پاڵپشتیی خەڵکی کوردستان.

**فەرهەنگی:** ڕاسان بەرهەمهێنەری فەرهەنگێکی جیاوازە لە شێوازی خەباتدا. فەرهەنگی خۆڕێکخستنەوەی سەرجەم توێژو ڕەنگە جیاوازەکانی کۆمەڵگەیە بۆ بەشدار کردن لە خەباتدا. لە چوارچێوەی خەباتی نوێدا زمان، کولتور، هونەر و ناسنامەی نەتەوەیی بوونە هەوێن و ئامرازی خەبات بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە.

**میدیایی:** ڕاسان لە ڕێگەی بەکارهێنانی تاکتیک و تکنیکییە میدیایی نوێوە توانی ئەو باوەڕە بەهێز بکات کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان توانایی خۆ نوێکردنەوەی هەیە و؛ دەتوانێ کەڵک لە پێشکەوتنە نوێ و سەردەمییەکان وەربگرێ بۆ بەردەوامیی خەبات. پەیامەکانی ڕاسان و خەباتی پێشمەرگانە، لە ڕێگەی سۆشیال میدیا و ئامرازە ڕاگەیاندنە تایبەتییەکان، بە شێوەیێکی خێرا دەگەیێندرانە میدیا بەهێزە جیهانیەکان و لەو ڕێگایەشەوە ناوەندە نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە ئازادیخوازەکان. لەم ڕێگەیەشەوە پشتیوانی و هاوکارییەکان بۆ بەردەوامی و بەهێزکردنی بزووتنەوەکە لە پەرەسەندندا بوو.

**کاریگەری ڕاسان لەسەر ڕۆڵی ژنان لە خەباتدا:** یەکێک لە دەسکەوتە گەورەکانی بزووتنەوەکە، شێوەی نوێی ڕووبەڕووبوونەوەی خەباتی ژنان بوو. ژنانی کورد بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەم شێوە فراوانەی کە لە ڕاساندا دەردەکەوێ لە چوارچێوەی خەباتی چەکداریدا ئەوەندە چالاک نەبوون. ژنان و کچانی ئازایخواز لە ڕاساندا چ وەکوو پێشمەرگەی شاخ و شار، چ وەک میدیاکار، یان لە ڕێگەی دامەزراندنی ڕێکخراوەی پشتیوانییەوە، چالاکییەکی بێ وێنەیان هەیە، کە لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەگمەنە. درێژەی ئەم باوەڕبەخۆبوونە لە خۆپیشاندانەکانی شۆڕشی ژینادا دەتوانین هەست پێبکەین کە کچانی کورد ڕێکخەرو پێشەنگی خۆپیشاندانەکانی شۆڕشی ژینا بوون. ڕاسان لە ڕێگەی گەیشتن بە کوردانی دەرەوە، ڕووبەڕووی گۆڕانکارییەکی نێودەوڵەتی بوو. دانیشتووانی کورد لە وڵاتانی ئورووپا و ئەمریکا، کە لە پێش ڕاسان ڕۆڵیان لە خەباتە نەتەوەییەکەدا بەرچاو نەبوو، بەهۆی ڕاسانی تاراوگەوە، بۆ یەکەم جار بە هێزێکی ڕوون، بەشدارییان کرد. چالاکیی میدیایی، خۆپیشاندانی بەردەوام، دروستکردنی ڕێکخراوی پشتیوانی و هەروەها پشتیوانیی مادی بۆ هێزی پێشمەرگە، بەشدار بوون.

هەروەها ڕاسان نموونەیەکە کە دەیسەلمێنێ بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان دەتوانن خۆیان نوێ بکەنەوە بەبێ ئەوەی جەوهەری خۆیان لەدەست بدەن. ڕاسان نیشانی داوە کە خەباتی نەتەوەیی تەنیا شتێک نیە کە بە چەکەوە گرێ درابێت، بەڵکوو لە قوتابخانەکان، لە ئەدەبیات و هونەر، لە سۆشیاڵ میدیا و لە یادەوەریی بەکۆمەڵی مرۆڤەکاندا مەودا و دەرفەتێک بۆ خەبات دەبینێتەوە. لە سەردەمی پاوانخوازیی داگیرکەردا و بەربەستی جیئۆپۆلیتیکی، ڕاسان نموونەیەک پێشکەش دەکات کە تیایدا دەتوانرێ بەرخۆدان ئاوێتەی کەرامەت و ئیرادە و خەباتی جەماوەری بێت. بەڵگەیەکی زیندووە کە تەنانەت لە دژوارترین بارودۆخدا، ئیمکانی هەستانەوە وڕاسانەوە دەخولقێنێ.

**تێبینی:**

ئەم وتارە و زمانی گێڕانەوەکەی بەشێکە لە پرۆژە نووسینێکی نووسەر کە بڕیارە لە داهاتوودا لە توێی کتێبێک بڵاو بێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

**سەرچاوەکان:**


١. ئیدریس ئەحمەدی، (٢٧١٩)، ڕاسان و ناسیۆنالیزم، گۆڤاری تیشک، ژمارە ٥١.

٢. سێمیناری کاک مستەفا هیجری لە ئەنیستیتۆی MERI لەبارەی ڕاسان و ڕێڕەوی ڕاهێنانی نوێ.

٣. DiMaggio, P. J., & Powell, W. W. (1983). The iron cage revisited: Institutional isomorphism and collective rationality in organizational fields. American Sociological Review, 48(2), 147–160. https: //doi.org/10.2307/2095101 (سەرچاوەی بنەڕەتی بۆ تیۆری دامەزراوەیی، بەتایبەتی isomorphism و خۆگونجاندنەوەی دامەزراوەکان بە نۆرما کۆمەڵایەتی).

٤. ڕاپۆرتی پلێنۆمی دەهەمی کومیتەی ناوەندی ڕێکەوتی ٣ی گەلاوێژی ١٣٩٤.

٥. پەیامی نەورۆزی لێپرسراوی گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ١٣٩٧.

٦. پەیامی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕاسانی تاراوگە.

# ٨ دەیە خەبات و خۆڕاگریی حیزبی دێموکرات (قۆناغە جیاوازەکانی خەباتی مەیدانیی پێشمەرگە)

**عومەر باڵەکی**

هەواڵنامەی کێشیر

لە مێژوویی خەباتی گەلانی ژێردەست و چەوساوەدا هێندێک جار ڕووداوەکان دەبنە خاڵوەرچەرخانێک لە ژیانی سیاسی و فەرهەنگیی ئەو گەلانەدا و، هێندێک جار یەکێک لەو ڕووداوانە دەبن بە ڕاپەڕین و شۆڕش و لە مێژووی پڕ لە کارەساتی ئەو گەلەدا دەبنە جێگای شانازی و لە ڕەوتی خەبات بە دژی چەوسانەوە و بەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکاندا، کاریگەریی ڕاستەوخۆیان بەگشتی لەسەر کۆمەڵگەکانی دەورووبەر و، کۆمەڵگەی خۆیان بەتایبەتی دەبێ. یەکێک لەو ڕووداوانە کە لە مێژوویی هەشتا ساڵی ڕابردوودا لە ئاسمانی خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک ئەستێرەیەک دەدرەوشێتەوە، پێکهێنانی سپای میللی یان هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، کە لەسەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوە و لە ماوەی ئەو هەشتا ساڵەدا وەک باسکی بەهێزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خەباتی پڕ لە فیداکاریی و لەخۆبوردووییدا مەیدانداری کردوە.

هەشتا ساڵ لەوە پێش کاتێک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بنەما فکری و

تەشکیلاتییەکانی کۆمەڵەی "ژێکاف" دامەزرا، و بەپێی بارودۆخی ئەو کات، ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرەوەی هەمووان، پێشەوا قازی محەممەد کەوتنە کار بۆ قۆستنەوەی ئەو هەلومەرجە، کە بەهۆی شەڕی دووهەمی جیهانی و هاتنی سپای هاوپەیمانان (ئەمریکا، بریتانیا و یەکیەتیی سۆڤییەت) بۆ نێو خاکی ئێران و لاوازبوونی دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی، بەتایبەتی لە کوردستان خەونی چەندین سەد ساڵەی کورد بە پێکهێنانی حکوومەتێکی کوردی بێنە دی. بۆ ئەو مەبەستە دەبوایە بەستێن و ئامرازە سەرەکییەکانی دەوڵەتداری دەستەبەر بکەن، وەک بوونی ئاڵا بۆ پێناسەکردنی دەوڵەت و نەتەوە، زەمان وەک سەرەکیترین پێناسەی نەتەوەیی، سروود و جێژنی نەتەوەیی و دامەزراندنی سپای میللی بۆ پاراستنی ئەو نیزامە سیاسییە و ئەو دەوڵەتەی کە پێکی دێنن.

لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، باس لەوە کرابوو کە "هەڵسووڕانی کاروباری کوردستان دەبێ بە دەستی گەلی کورد بێ" و ئەو ئەسڵە دوای تێپەڕبوونی هەشتا ساڵ لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، هەر جێی خۆیەتی و نەگۆڕدراوە. هەروەکی پێشتر ئاماژەی پێ کرا، حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبوایە لە فکری پاراستنی کۆماری کوردستاندا بێ و، و هەر لەو ڕاستایەشدا بوو، کە پێش ڕاگەیاندنی حکوومەت لە فکری دامەزراندنی "سپای میللی"دا بوو، کە لە دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی بە ناوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ناودێر کرا، کە بێ شک یەکێک لە دەسکەوتە هەرە گرنگەکانی مێژوویی هەشتا ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. لە ماوەی ئەو هەشتا ساڵەدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ هەموو بەربەستەکانی لەسەر ڕێگای تێکۆشانی بۆ چرکەیەکیش لە خەبات بۆ وەدەستهێنانەوەی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد ڕانەوەستاوە و هەتا ئێستا لەو خەباتە سەخت و دژوار و خوێناوییەدا هەزاران کادر و پێشمەرگەی شەهید بوون و تێکەڵ بە کاروانی نەمرانی ڕێگای ئازادی و سەربەستیی گەلەکەیان بوون. ئەوە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە

کە لە بەڕێوەبردنی ئەو خەباتە دوورودرێژ و خوێناوییەدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتیی کردوە، هێزی پێشمەرگە دەوری گرنگ و بەرچاوی هەبووە و، شوێندانەری خۆی سەلماندوە. بۆیە پێشمەرگە و ناوی پێشمەرگە لەنێو گەلی کورددا بۆتە ڕەمزی بەرزترین پلەی فیداکاری، دڵپاکی و دەست پاکی، ڕزگاریدەر و چاوسووری نەتەوەی خۆی. ئەو تایبەتمەندییە بەرزە ئەخلاقی و فیداکارانەی پێشمەرگە، تەنانەت لە فەرهەنگی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە تینووی ئازادی و سەربەستی نیشتمانن، ڕەنگی داوەتەوە و بە دەیان سروود و ئاواز بۆ ڕێزگرتن لە فیداکاری پێشمەرگە لە لایەن خەڵکەوە ئامادە کراوە، و بە سەدان و هەزاران منداڵی کورد بە ناوی پێشمەرگە شەهیدەکان کراون و لەنێو خەڵکی کوردستاندا، بەپێی هەلومەرج و بارودۆخی خۆیان بە ئاشکرا یان بە نهێنی ڕێزی پێشمەرگە گیراوە و فیداکارییەکانی بەرز نرخێندراوە. بەو کورتە پێشەکییە لەسەر پێشمەرگە، دەچینە نێو ئەرکی پێشمەرگە لە قۆناغە جیاجیاکانی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابردوودا.

لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابردوودا، دەتوانین باس لە چەندین قۆناغی هەستیاری ژیانی خەباتکارانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئەرکی پێشمەرگە بکەین، کە لەو کورتە نووسینەدا هەوڵ دەدریّ ئەو قۆناغ بەندییە بکەین و ڕۆڵ و ئەرکەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەست نیشان و بەکورتی هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەین:

### قۆناغی یەکەم، سەردەمی کۆماری کوردستان

ئەو قۆناغە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە. ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرەوەی هەمووان، پێشەوا قازی محەممەد بە هەستکردن بەو ڕاستییە، کە دامەزراندنی دەوڵەت پێویستی بە هێزی چەکدار هەیە، بۆیە پێش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، هێزی چەکدار لەژێر ناوی "سپای میللی"دا دامەزرا، کە لە دواییدا ناوەکەی گۆڕدرا

بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان. ئەرکی ئەو سپایە لەو کاتەدا لە چەند خاڵدا دەتوانین دەستنیشان بکەین:

١. پاراستنی سنوورەکانی کۆماری کوردستان و بەرگری لە دەسکەوتەکانی کۆمار.

٢. پاراستنی نەزمی نێوخۆ و جێگیرکردنی ئەمنییەت لە چوارچێوەی جوغرافیای ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان.

٣. لە هەمان کاتدا پێشمەرگە باڵی ئیجرایی دامودەزگاکانی کۆماری کوردستان بۆ جێبەجێکردنی یاسا و بڕیارەکان بوون.

کاتێک لاپەڕەکانی مێژوویی کۆماری کوردستان هەڵ دەدەینەوە، دەبینین لەو ماوە کورتەی تەمەنی کۆماری کوردستاندا، هێزی پێشمەرگە لە چەندین بەرەدا بەرەنگاری هێزی دەوڵەتی پاشایەتیی ئێران بۆتەوە، و بە ئازایەتی و جوامێری خۆی دوژمنی تووشی شکان کردوە و، کۆماری کوردستانی پاراستوە و لە هەمان کاتدا بەپێی هەموو سەرچاوە بەردەستەکان لە ماوەی یازدە مانگ تەمەنی کورتی کۆماردا، تەنیا یەک کەس کوژراوە، لە حاڵێکدا خەڵکێکی زۆر خاوەنی چەکی گەرم بوون کە ئەوە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، کە هێزی پێشمەرگە وەک هێزێکی نیشتمانی و ئەرک وەخۆگر توانیویەتی ئاسایش و ئەمنییەتی جۆغرافیایی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان بە باشترین شێوە بپارێزێ.

**قۆناغی دووهەم، دوای نسکۆی ڕووخانی کۆمار**

لە دوای نسکۆی ڕووخانی کۆماری کوردستان لە ئاکامی هێرشی سپای ڕێژیمی پاشایەتی بە پاڵپشتیی دەوڵەتانی وەک بریتانیا و ئەمریکا و لەسێدارەدانی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان، دەبینین بۆ ماوەیەک هەتا ڕێکخستنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزب و خۆگرتنەوەی حیزب، هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەنگوڕەنگی نیە و ئەم قۆناغە هەتا ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی (١٩٦٧ز) دەکێشێ. لەو

ساڵەدا لە لایەن کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕاپەڕینێکی چەکداری بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی وەرێ خرا، کە لە مێژوویی خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بە ڕاپەڕینی ساڵەکانی ٤٦-٤٧ بەناوبانگە.

کاتێک ئەو ڕاپەڕینە چەکدارانە لە لایەن کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرپا بوو، ڕێژیمی پاشایەتی ترسی لێ نیشت کە نەکا ئەو ڕاپەڕینە چەکدارانەیە لە کوردستانەوە پەل باوێتە ناوچەکانی دیکەی ئێران، بۆیە هێزێکی چەکداری زۆری هێنایە کوردستان بۆ تێکشکاندنی ئەو جووڵانەوەیە. ئەو ڕاپەڕینە هەژدە مانگ بەردەوام بوو، بەڵام کاریگەری و شوێندانەریی زۆری کردە سەر کۆمەڵانی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەو ڕاستییەشی بۆ جارێکی دیکە سەلماند، کە لە ماوەی ئەو هەژدە مانگەدا بەو پێشوازییە گەرمەی لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کرد، چەندە لە حکوومەتی پاشایەتی بێزارن و زوڵم و زۆری ئەو حکوومەتە وای لە خەڵکی کوردستان کردوە کە ئامادەی هەر چەشنە فیداکارییەکن و، لە هەمان کاتدا لەو هەژدە مانگەدا بە باشی دەرکەوت کە هێزی ڕێژیم لە بەرانبەر هێزی پێشمەرگەدا زۆر لەوە بێ دەسەڵاتترە کە پروپاگەندەی بۆ دەکەن. دەرئەنجامی ڕاپەڕینی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦- ٤٧ دەتوانین لەو چەند خاڵەدا کۆ بکەینەوە:

١. ئەو ڕاپەڕینە لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، هێمای زیندووبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانە، وەک ڕێبەر و ڕێکخەری جووڵانەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

٢. لەو سەردەمەدا ڕێژیمی پاشایەتی پروپاگەندەی ئەوەی دەکرد کە ئێران دورگەی ئارامی نێو زەریای هەڵچووی ناوچیە و دەسەڵاتی پاشایەتی سەقامگیرە، ئەو ڕاپەڕینە ئەو زەریا ئارامەی شەڵەقاند و بە خەڵکی کوردستان و ئێرانی سەلماند کە ئێران ئەو دورگە ئارام نیە بۆ دەسەڵاتدارانی تاران.

٣. ئەو ڕاپەڕینە ڕۆحێک و هەناسەیەکی نوێی بە بەری جەستەی جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کردەوە.

**قۆناغی سێهەم، دوای شۆڕشی ١٣٥٧ و لە شەڕی سێ مانگەدا**

ئەم قۆناغە لە دوای ڕووخانی نیزامی پاشایەتی و هاتنە سەر دەسەڵاتی نیزامیی کۆماری ئیسلامییەوە دەست پێ دەکا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک هەموو ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی دیکە لە سەرانسەری ئێران، دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی دەرەتانی ئەوەی بۆ پێکهات کە لەسەر خاکی خۆی و لە کەشوهەوایەکی ئازاددا، تێکۆشانی خۆی دەست پێ بکاتەوە و بۆ ئەو مەبەستە لە ١١ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٥٧لە میتینگێکی سەد هەزار کەسیدا لە شاری مەهاباد، تێکۆشانی فەرمی خۆیی ڕاگەیاند. بەداخەوە هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی، دەنگی ناساز بە دژی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تارانەوە دەبیسترا. لەگەڵ ئەوەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆری هەوڵ دا کە کوردستان لە شەڕ بپارێزێ و، بە ڕێگای ئاشتی و دیالۆگەوە پرسی کورد لە ئێران چارەسەر بکات، بەڵام ئامانجی تازە بە دەسەڵات گەیشتووەکان لە تاران، بەپێچەوانەی بۆچوون و ئامانجی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. بۆیە لە هەر ناوچەیەک لە کوردستان توانا و ڕێگایان هەبوایە، بە هێزی نیزامی داگیریان دەکرد و زۆر جاران حەمامی خوێنیان لە شار و گوندەکانی کوردستان وەڕێ دەخست. لەگەڵ هەموو خۆپارێزییەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە کوردستان تووشی شەڕ نەبێ، بەداخەوە ڕۆژی ٢٢ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاویدا، پیلانگێڕانی تاران توانیان شەڕ لە شاری پاوە هەڵگیرسێنن و لە ماوەی چەند ڕۆژدا ئاگری ئەو شەڕە هەموو کوردستانی گرتەوە و، ئەوە دەستپێکی شەڕێک بوو کە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە شەڕی سێ مانگە بەناوبانگە.

بە چەندین هۆکار ئاکامی ئەو شەڕە بە قازانجی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەواو بوو و خۆڕاگریی ئازایانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە چەندین ڕوانگەوە جێگای سەرنجە:

١. دوای تێپەڕینی مانگێک بەسەر داسەپاندنی شەڕ بەسەر کوردستاندا، هێزی

پێشمەرگە توانی بەخێرایی مەیدانی شەڕ بە قازانجی خۆیان بگۆڕێ. هەروەها پێشاندانی ئەو هەموو ئازایەتی و بێباکییەی پێشمەرگە لە مەیدانی شەڕدا، ترسی تەواوی خستبوو نێو دڵی دوژمن و، لە هەمان کاتدا ببوو جێگای سەرسووڕمانی دۆستەکانی گەلی کورد لە ئێران.

٢. خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان هاوتەریب لەگەڵ ئازایەتی و لەخۆبوردوویی پێشمەرگەکان، بوونە هەوێنی سەرکەوتن بەسەر دوژمنی سوێند خواردوو بە نەمانی گەلی کورد.

٣. خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان و سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕی سێ مانگەدا، بزووتنەوەی گەلی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەند هەنگاو بردە پێش و کۆماری ئیسلامیی ناچار کرد بێتە سەر مێزی وتوویژ لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد.

٤. دوای ئەو سەرکەوتنە گەورە کە لە شەڕی سێ مانگەدا بەهۆی خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان و ئازایەتی هێزی پێشمەرگە وەدەست هاتبوو، زۆربەی زۆری شار و ناوچەکانی کوردستان کەوتبوونە ژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگە و بێجگە لەوەی کە لە بەرەکانی شەڕی داسەپاودا بەرگرییان لە مان و مەوجودییەتی گەلی کورد دەکرد، دەبوایە ئەمنییەت و ئاسایشی ناوچە ڕزگارکراوەکان بپارێزێ و هاوکاری دامودەزگا ئیدارییەکانی کوردستان بێ، بۆ جێبەجێکردنی یاسا.

### قۆناغی چوارەم لە ماوەی ساڵانی (١٣٥٩-١٣٧٥)

حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە ڕاگرتنی شەڕی سێ مانگە وەک دەرفەتێک کەلکی وەرگرت بۆ خۆ کۆکردنەوە و سازماندانی هێزە شکاوەکانی خۆی لە کوردستان و بۆ جارێکی دیکە لە بەهاری ساڵی ١٣٥٩ هێرشی بۆ سەر کوردستان دەست پێ کردەوە، کە بە کردەوە شەڕ لە نێوان هێزی نیزامی کۆماری ئیسلامی و هێزی پێشمەرگە بۆ ماوەی زیاتر لە ١٦ساڵ، واتە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٧٥درێژەی

کێشا. لەو ماوەیەدا هێزی پێشمەرگە ساڵ بە ساڵ ئەزموونی زیاتری لە هونەری شەڕکردن وەدەست دەخست، و بەو ڕادەیە هێزی دوژمن لە بەرانبەر پێشمەرگەدا تووشی شکان و سەرشۆڕی لە مەیدانی شەڕدا دەبوو. لەو ماوە زەمەنییەدا هێزی پێشمەرگە بە قۆناغی جۆراوجۆری شەڕدا تێپەڕ بووە و لە هەر قۆناغێکدا هەوڵی داوە بە گۆڕینی تاکتیکی شەڕ و سازماندەیی نوێ، خۆی لەگەڵ ئەو قۆناغە بگونجێنێ. بۆ دەرخستنی پێگەی فیدارکاریی هێزی پێشمەرگە لە هەلومەرجی ئەو کاتدا، دەتوانین ئاماژە بە ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی حیزب بۆ کۆنگرەی پێنج بکەین: "پێویست بە دووپات کردنەوە نیە، کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بزووتنەوەی میللی دێموکراتی ئێستای گەلی کورددا ڕۆڵێکی گرنگ و ئەساسیی لە بەربەرەکانی و بەرپەرچدانەوەی پەلاماری هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمدا هەیە، و ئەگەر بمانهەوێ هۆیەکانی بنەڕەتی سەرکەوتن لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی ئەمڕۆی گەلەکەمان لێک بدەینەوە، دەتوانین سێ هۆی بنەڕەتی دەست نیشان بکەین:

یەکەم، سیاسەتی دروست و ئوسوولیی حیزبەکەمان کە دەرکەوتوە لەسەر یەک لەگەڵ پێداویستییەکانی هەلومەرجی ئێستای خەباتی گەلەکەمان ڕێک دەکەوێ، و توانیویەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ لای خۆیی ڕابکێشێ.

دووهەم، پشتیوانی بێ دەریغ و هەمەلایەنەی خەڵکی کوردستان لە سیاسەت و ئامانجەکانی حیزب.

سێهەم، فیداکاری و گیانبازیی ڕۆڵە لەخۆبوردووەکانی گەلی کورد لە ڕیزەکانی پێشمەرگەدا، کە تفەنگ لەسەر شان و گیان لەسەر دەست بەرانبەر بە دوژمن ڕاوەستاوەن.

لە پەیامی کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕوو بە پێشمەرگەکان بەمجۆرە باس لە فیداکاریی پێشمەرگە لە ماوەی ٧ساڵ شەڕی داسەپاو بەسەر کورستاندا کراوە:"پێشمەرگە قارەمانەکان، لە ماوەی ٧ساڵ شەڕی خوێناوی و نابەرانبەر لە دژی کۆنەپەرەستترین حکوومەتی جیهاندا، زۆر زەبری

گورچبڕ و دوژمن تەزێنتان لە پەیکەری کۆنەپەرەستانی حاکم وەشاندوە، سەدان حەماسە و قارەمانەتیتان نواندوە و سەرکەوتنی یەکجار زۆرتان وەچنگ هێناوە. هەر لەو کاتەشدا زۆر هاوسەنگەری بەنرخ و شۆڕشگێڕی ئێوە لە شەڕی ڕەوامانددا شەهید بوون. بەڵام بەخۆشییەوە ئەو خوێن بەخشین و قوربانیدانییەی ئێوە لە درێژەپێدانی ئەو ڕێگا پیرۆزەی کە گرتووتانە، دڵسارد نەکردۆتەوە و هەروا شێلگیرانە ڕێگای شەهیدانمان درێژە پێ داوە." لە ماوەی نێوان ساڵەکانی ١٣٥٨ هەتا ١٣٧٥هەتاوی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەدان هێرشی گەورە و بچووکی هێزە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامییان تێکشکاندوە و بە سەدان چالاکییان بە دژی ئەو هێزانە لە سەرانسەری کوردستان بەڕێوە بردوە و، لە مەیدانی شەڕدا بە هەزاران کەس لە ئەندامانی هێزەکانی دوژمن کوژرا و بریندار و بەدیل گیراون و، لە هەمان کاتدا هێزی پێشمەرگەش زیانی بەرکەوتوە. بێجگە لە بریندار و بەدیل گیراو، زیاتر لە پێنج هەزار پێشمەرگە لەو شەڕانەدا شەهید بوون کە دیارە لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ تەلەفاتی هێزی دوژمن دەتوانین بڵێین ڕێژەکەی لە نێوان یەک بە پازدە هەتا بیستە. ئەگەر بەپێی ئەو ئیمکاناتە ماددی و سەربازییەی کە لە دەستی هێزی دوژمندایە، لەگەڵ ئەو ئیمکاناتە ماددی و سەربازییەی کە پێشمەرگە هەیەتی هەڵسەنگاندن بۆ ئەو شەڕە درێژخایەنە بکەین، دەبینین لەو حاڵەتەدا هێزی پێشمەرگە سەرکەوتووی ئەو شەڕە داسەپاوە بووە. هەر لەو قۆناغەدا پاراستنی ئاسایش و ئەمنییەتی ناوچە ڕزگارکراوەکان لەسەر شانی پێشمەرگە بووە. بۆ نموونە: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی بۆ ئیدارەکردنی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان یاسای سزادانی گشتی و گەلاڵەی شوڕاکانی پەسند کردوە و، بۆ جێبەجێکردن و جێخستنی هەر دوو ئەو قانوونانە هێزی پێشمەرگەی ڕاسپاردوە.

**قۆناغی پێنجەم، دوای ڕاپەڕینی باشووری کوردستان**

ڕەوتی ڕووداوەکانی ساڵی ١٣٦٩ی هەتاوی (١٩٩٠م) لە عێراق و ڕاپەڕینی گەلی کورد لە باشووری کوردستان و ئازادبوونی ئەو پارچە لە کوردستان، لەگەڵ ئەوەی سەرکەوتنێکی گەورە بۆ نەتەوەی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان بوو، بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکانی ساڵانی دواتر لە باشووری کوردستان بە قازانجی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەشکایەوە، و دەستی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی بەتایبەت سپای تیرۆریستی پاسدارانی زیاتر ئاوەڵا کرد بۆ زەربەلێدان لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و، بەگشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتایبەتی. دەسەڵاتدارانی تاران هەر ڕۆژ بیانوویەکیان بە هەرێمی کوردستانی- عێراق دەگرت و هەوڵیان ئەوە بوو ڕێگری لە گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ نێو باوەشی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن. لە لایەک ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دەرکی ئەو ڕاستییە کە هەرێمی کوردستان وەک کیانێکی کوردی بۆ مانەوە و جێگیربوون پێویستە یارمەتیی بدرێ و بیانوو نەدرێ بە دەستی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ تێکدان و شێواندنی هەرێمی کوردستان و، لە لایەکی دیکەوە دەبوایە بیر لە خەبات و تێکۆشان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکاتەوە و ئیزن نەدا کەلێن بکەوێتە نێوان خەڵک و پێشمەرگە. ئەو هەلومەرجە پێویستی بە سازماندانی نوێی هێزی پێشمەرگە هەبوو، کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەرنامە و بەپێی پلانی کاری هەولی دا ئیزن نەدا ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتییش بێ، لێکدابڕانی خەڵک و پێشمەرگە کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبێ لەسەر بەرەوپێشبردنی خەباتی ڕزگاریخوازی و مافویستی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەو ماوە زەمەنییەدا ڕۆژهەڵاتی کوردستان شایەتیی کۆمەڵێک کار و چالاکی و تێکۆشانی ڕێکخستن و تەشکیلاتی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی خەبات بۆ پێشەوەچوونی بزووتنەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بوو. ئەو کار و تێکۆشانە پیلانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کردە بڵقی سەر ئاو و سەرکەوتوو نەبوو، لەوە کە

خەڵک و خەباتکارانی حیزبی دێموکرات لێک دابڕێ و تەنانەت پیلان و ڕێگرییەکانی کۆماری ئیسلامی نەیتوانی پێش بە ئیرادەی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ گەڕانەوە بۆ نێو خاک و خەڵکی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگرێ، و لەو ڕاستایەدایە کە دەبینین کە هەر کاتێک حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە گەیشتبێتە ئەوە قەناعەتە کە پێویستە هێزی پێشمەرگە حزووری مەیدانیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێ، ئیرادەی کردوە بۆ گەڕانەوەی ئەو هێزە. بۆیە لە مێژووی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، دەبینین سەرەڕای هەموو بەربەستەکان لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و داخستنی سنوورەکان بە دانانی مۆڵگە و مەیدانی مین و لێدانی خەندەق و ڕاکێشانی تەڵدروو لە ساڵی ١٣٨٧ی هەتاوی، حیزبی دێموکراتی کوردستان بڕیاری ناردنەوەی چەند تیمێکی پێشمەرگەی بۆ نێو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دا و قۆناغێکی نوێی لە ژیانی خەباتکارانەی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستی پێ کرد.

**قۆناغی شەشەم، قۆناغی نوێ (١٣٨٧ هەتا ئێستا)**

هەروەکی گوترا ماوەیەکی زەمەنی بوو کە بەهۆی بارودۆخی ناوچەکە بەتایبەتی دۆخی باشووری کوردستان وەک پشتی جەبهە بۆ خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حزووری مەیدانیی هێزی پێشمەرگە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەمتر هەست پێ دەکرا. بەڵام دوای کۆنگرەی چواردەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕێبەریی ئەو حیزبە بە لێکدانەوەی هەلومەرجی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چی دیکەی بە دروست نەزانی هێزی پێشمەرگە حزووری ئاشکرا و جموجۆڵی نەبێ. بۆیە لە ساڵەکانی ١٣٨٧-١٣٨٨چەندین دەستە لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەواڵی مزگێنی دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ لە کار و تێکۆشانی ئەو حیزبەیان بە گوێی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی



هەواڵنامەی کتێب

کوردستان گەیاند. پێشوازییەک کە خەڵکی کوردستان لە ڕۆڵە پێشمەرگەکانی خۆیان کرد، لە گێڕانەوە نایە. ئەمەش دەگەڕاوە بۆ خۆشەویستیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێشمەرگەکانی ئەو حیزبە وەک باسکی بەهێزی جووڵانەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد، و لە لایەکی دیکەوە خەڵکی کوردستان بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە بارودۆخی داسەپاو زیاتر لە دەیەیەک بوو، ڕۆڵە پێشمەرگەکانی خۆیان ئاوا بە پۆل و بە ئیرادە و هیوادارییەوە لە نزیکەوە نەدیبوو و لەو ماوەدا شایەدی مەیدانداری و ستەم و سووکایەتی و هەڕوگیفی پاسدار و جاش و بەسیجی بوون کە دیارنەبوونی هێزی پێشمەرگەیان بە دەرفەت زانیبوو و لە کوشتن و تاڵان و ئازار و ئەزییەتی خەڵک دەستیان نەپاراستبوو.

لەو هەلومەرجەدا خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان حەقیان بوو کە بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بنازن کە دڕیان بە شەوەزەنگی بێدادی کۆماری ئیسلامی ئێران داوە و، بە گەڕانەوەیان بۆ نێو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سام و هەیبەتی ئەو ڕێژیمەیان تێکشکاندوە و بە بوێری و ئازایەتی لە باوەشی گەرمی خەڵکی خۆیاندا خەریکی ڕاپەڕاندنی کار و ئەرکە پێسپێردراوەکانی خۆیانن. جووڵەی هێزی پێشمەرگە لە نێوان ساڵەکانی ١٣٨٧-١٣٨٨لەگەڵ ئەوەدا لە ڕەوتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزەکانی دوژمن، بەداخەوە کۆمەڵێک شەهیدی لێ کەوتەوە، بەڵام لە ناخی خۆیدا هەڵگری چەندین پەیام بوو، کە ئەو پەیامانە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەبووە و دەبێ لە سەر بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و مافویستی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

یەکەم: ئەو جووڵەیە سەلماندی کە هەر کاتێک حیزبی دێموکرات ئیرادە بکا، دەتوانێ بەسەر لەمپەر و کۆسپەکاندا زاڵ بێ.

دووهەم: ئەو جووڵەیە سەلماندی کە مەودای کات و شوێن ناتوانێ کەلین باوێتە نێوان خەڵک و پێشمەرگە.

سێهەم: ئەو جووڵەیە هەروەک پێشتر باس کرا بە خوێنی چەندین پێشمەرگە

و فەرماندە ئاودێر کرا، هەر بۆیە بە کۆمەڵێک هۆکار و تایبەتمەندی بارودۆخی تێکۆشان، شەهیدبوونی ئەو پۆلە پێشمەرگە و فەرماندەیە، کاریگەریی ڕاستەوخۆی بووە لەسەر ڕەوتی خەبات و تێڕوانینی خەڵک بۆ داهاتووی بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

چوارەم: ئەو جووڵەیە سەلماندی کە جووڵەی پێشمەرگانە لە کوردستانی ژێر دەستی حکوومەتێکی زاڵمی وەک کۆماری ئیسلامی ئێران نەک نابێتە لەمپەر لە سەر ڕێگای خەباتی مەدەنی و جەماوەری، بەڵکوو دەبێتە پشتیوانی ئەو خەباتە، چونکە هەر شێوازێکی خەبات بۆخۆی دەتوانێ ڕۆڵی کارتێکی گوشار بێت بۆ سەر دەسەڵاتی ناوەندگەرای تاران، و ئەگەر شێوازەکانی خەبات پێکەوە بتوانن هاوئاهەنگ بن، لە کۆتاییدا تەواوکەری یەکتر دەبن، بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

### قۆناغی حەوتەم، ڕاسانی ڕۆژهەڵات

شەش ساڵ دواتر، واتە گەلاوێژی ساڵی ١٣٩٤ حیزبی دێموکرات بەپێی بارودۆخێک کە لە ناوچەکە هاتبوو پێش، بڕیاری دا بگەڕێتەوە بۆ بناری چیاکانی نێوان سنووری دەستکردی ئێران-عێراق. هەر چەند ئەو گەڕانەوە بە ئاسانی تێپەڕ نەبوو و، بۆ جێگیربوون لەو مەڵبەندە لە لایەن پەکەکەوە کە لە ڕاستیدا هێزی باکووری کوردستانە ڕێگری کرا و بەداخەوە شەهید و برینداری لێکەوتەوە، بەڵام بە پشوودرێژی و لەسەرەخۆیی ڕێبەریی و کادر و پێشمەرگەکانی دێموکرات توانرا بە سەر ئەو کۆسپەدا زاڵ بن؛ واتە هەم ڕێگری بکەن لە درێژەکێشانی شەڕەکە و هەم لە ناوچە سنوورییەکان جێگر بن. ئەو جێگیربوونە قۆناغێکی دیکەی لە مێژوویی ژیانی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات هێنایە ئاراوە و لە ڕێورەسمی نەورۆزی ساڵی ١٣٩٥دا کە لە بناری ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە چوو، کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب لە پەیامێکدا ڕوو

بە خەڵکی کوردستان ڕایگەیاند کە، وەرزێکی نوێ لە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست پێ دەکا، و ئاشکرای کرد کە پێشمەرگەکانی ئەو حیزبە ئامادەگییان هەیە بگەڕێنەوە بۆ نێو خاک و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ پێوەندی گرتن بە خەڵک و هەراوترکردنی خەبات بە دژی نیزامی کۆماری ئیسلامی.

خەباتی نوێی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕاسانی ڕۆژهەڵات ناوی دەرکرد و ئەو حەرەکەت و جووڵەی پێشمەرگانە بۆ ماوەیەکی زەمەنی باش توانی دووپاتە وەک حزووری ساڵەکانی پێشوو، گۆمی مەندی دەسەڵاتدارەتیی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بشڵەقێنێ و ببێتە هیوا و ئۆمێدی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. زۆر سروشتییە لەو نێوەدا سپای تێرۆریستیی پاسدارانی کۆماری ئیسلامی و دەزگا ئەمنییەتییەکانی ئەو نیزامە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزی پێشمەرگە بێکار دانەنیشتن و بە کۆکردنەوەی هێزێکی زۆر و تۆکمەکردنی سنوورەکان و گوشار خستنە سەر دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستانی-عێراق هەوڵیان ئەوە بوو ڕێگری بکەن لە حەرەکەت و جووڵەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لەو ڕاستایەدا بە چەندین جار لەنێو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ناوچە جیاوازەکان هێرشیان کردە سەر هێزی پێشمەرگە و بەدانی تەلەفاتی گیانی و ماڵی لە پیلانەکەیاندا هەموو جارێ تووشی شکان دەبوون، لە هەمان کاتدا بەداخەوە لەو شەڕ و تێکهەڵچوونانەدا کۆمەڵێکی بەرچاو لە کادر و پێشمەرگە و فەرماندەی بەوەجی حیزب شەهید بوون. حەرەکەتی ئەو جارەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات گڕوتینێکی زیاتری بەخشییە خەڵکی کوردستان، بەتایبەتی لاوانی پڕ لە هەستی نیشتمانپەروەر و سەلماندی کە حەرەکەت و جووڵەی پێشمەرگە و خەڵک لە نێوخۆی وڵات لەپێناو وەدیهێنانی یەک ئامانجدا، دەتوانێ کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبێ لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی و مافویستی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**ئاکام:**

گەلی کورد لە سەردەمی ئێستادا یەکێک لە گەورەترین نەتەوە بێدەوڵەتەکانی سەر گۆیی زەوییە و، لە هەمان کاتدا کە بێ پرس و ڕاوێژ لەگەڵ نەتەوەی کورد، خاک و نەتەوەکە بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەش کراوە و، لەنێو سیستەمی دەوڵەتداری ئەو چوار دەوڵەتەشدا گەلی کورد لە سەرەتایترین مافەکانی خۆی بێبەش کراوە و هەر کاتێک لە یەکێک لە پارچەکانی کوردستان دەنگی مافخوازی گەلی کورد بەرز بۆتەوە، تەردەست لە لایەن دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا، بەهێزی زۆری نیزامی هێرشی کراوەتە سەر و تووشی کوشتار و ماڵسووتان و ئاوارەیی و دەربەدەری لە زێدی خۆیان بوون. بە هەستکردن بەو زوڵم و زۆرییە هەشتا ساڵ لەمەوبەر بۆ پاراستنی کۆماری کوردستان لەسەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هێزێک بە بیروباوەڕەی نیشتمانی چەکدار لەژێر ناوی هێزی پێشمەرگە پێکهات و لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابردوودا ئەو هێزە بە فیداکاری و ئازایەتی و قوربانیدان توانیویەتی لە مان و مەجودییەتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پارێزگاری بکا. بە واتایەکی دیکە پێویستە هەموو لایەک ئەو ڕاستییە قەبووڵ بکەن کە خەباتی پێشمەرگانە سەرەڕای ئەوەی قوربانی زۆری لێکەوتۆتەوە، بەڵام لە هەموو شێوەکانی دیکەی خەبات زیاتر بۆتە هۆی زیندووراگرتنی جووڵانەوە و بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی لەنێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستاندا.

مێژووی هەشتا ساڵی ڕابردووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەو ڕاستییەی سەلماندوە کە هێزێکی سیاسی کە ڕیشەی لەنێو دڵی کۆمەڵگەی خۆیدایە و، لەنێوبردنی مەحاڵە. ئەوە بەو مانایە دێ، کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان پشتئەستوور و دڵگەرمە بە پشتیوانی خەڵکی کوردستان. لەو بارەوە ڕێبەرانی شەهیدمان بەو جۆرە باسی گرنگی و بایەخی پێوەندی نێوان خەڵک و پێشمەرگەیان کردوە. دوکتور قاسملوو دەڵێ:"پێوەندیی نێوان  پێشمەرگە و کۆمەڵانی خەڵک وەک دەریا و ماسی وایە، پێشمەرگە لەنێو ئەو دەریایەدا وەمەلە دەکەوێ و دەتوانێ



هەواڵنامەی کێتێب

ئەرکی خۆیی بە باشی بەجێ بگەیەنێ" و هەر لەو پێوەندییەدا دوکتور شەرەفکەندی دەڵێ:"کۆمەڵانی خەڵک چەتریکن، کە پێشمەرگە لە سەرما و گەرمادا لەژێر ئەو چەترەدا ئەرکەکانیان بەڕێوە دەبەن و تامی تاڵی شکەست بە دوژمنەکەیان دەچێژن." دوژمنیش ئەو ڕاستییە دەزانێ، بۆیە هەموو کات هەوڵی داوە بە هەر ڕێگایەک بۆیی دەگونجێ، ڕێگری بکا لە بەیەکگەیشتنی پێشمەرگە و خەڵک.

بەو قۆناغ بەندییە لە خەباتی پێشمەرگانە کە لە سەرەوە کرا، ئەو ڕاستییەمان باشتر بۆ دەردەکەوێ کە لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابردوودا هێزی پێشمەرگە چەندە کاریگەریی هەبووە لەسەر:

- پاراستنی گەلی کورد لە بەرانبەر هێرشی هەمەلایەنەی دوژمن بۆ سەر خاک و زمان و کولتوور و فەرهەنگی نەتەوەی کورد.
- گەشەپێدانی هەستی نەتەوایەتی و ئاشناکردنی لاوەکانی کوردستان بە ئەرکەکانیان لە بەرانبەر نەتەوە و خاکیاندا.
- تێکشکاندنی پیلانەکانی دوژمن بۆ لێکدابڕانی خەڵک و پێشمەرگە لە هەموو بارودۆخێکدا.
- خۆگونجاندنی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ هەلومەرجەکانی کوردستان بۆ ڕاییکردنی ئەرکەکانی بەو مانایە ئەو کاتانە پێویست بووە وەک هێزێکی شەڕکەر ئازایانە لە مەیدانی شەڕ بۆ دیفاع لە گەلەکەی ئامادە بووە، و ئەو کاتەی بەشێک یا هەمووی کوردستان ناوچەی ئازادکراو بووە، ئەرکی دابینکردنی ئاسایش و ئەمنییەت و جێگیرکردنی قانوونی کەوتۆتە سەر شان کە بە باشی هەوڵی داوە، بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە. بۆیە بەحەق گوتراوە کە پێشمەرگە باسکی بە هێزی جووڵانەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

جێگای شانازی و بەختەوەرییە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەشتا ساڵ لەمەوبەر داهێنەر و ڕێکخەری هێزی پێشمەرگەیە کە بەپێی هەموو پێوەرە جیهانییەکان لە بواری نیزامییەوە هێزی پێشمەرگە چۆتە ڕیزی ئەو سپا و هێزانە

کە بەرگریکاری ماف و ئازادی مرۆڤەکانە لە کۆمەڵگەی خۆیدا و لە مەیدانی شەڕدا پابەندە بە ڕێوشوێنە نێودەوڵەتییەکان و پاراستنی حورمەتی ئینسان و دیلەکانی شەڕ. لە سەردەمی ئێستادا ناوی پێشمەرگە وەک خەباتکارێکی ڕێبازی دابینکردنی ئازادی و دێموکراسی و پاراستنی ئەمنییەت و ئاسایش لە ناوچەکەدا، بۆتە ناوێکی ئاشنا و جێگای ڕێز و حورمەت دانان لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا.

***

هەواڵنامەی کتێب

**سەرچاوەکان:**

- "چل ساڵ خەبات" لە نووسینی: دوکتور قاسملوو
- "نیوسەدە تێکۆشان" لە نووسینی: مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە
- بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکرات
- "حیزبی دێموکراتی کوردستان و پرسی قانوون" لە نووسین و ئامادە کردنی عومەر باڵەکی
- وتاری "بە یادی شەهیدانی هاوینی ١٣٨٧ لە نووسینی" د. قادر وریا

# حیزبی دێموکراتی کوردستان: داهێنەر و پێشەنگی گوتاری نەتەوەیی

ناسر باباخانی

حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە کاتی دامەزراندنی لە ساڵی ١٩٤٥ەوە، وەکوو داهێنەر و پێشەنگی گوتاری نەتەوەیی کورد، ڕۆڵێکی ناوازەی لە پێناسە کردنەوە و چەسپاندنی شوناسی نەتەوەیی کورددا بینیوە. ئەم حیزبە، بەرەنگارییە پەرشوبڵاو و تا ڕادەیەکی زۆر عەشیرەیی لە جوغرافیای بەرفراوانی کوردستاندا گۆڕی بۆ گوتارێکی نەتەوەیی یەکگرتوو کە بە هێماکانی وەک ئاڵا، سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب، کۆمار، دیاری کردنی مافی چارەنووس، پێشمەرگە و جەختکردنەوە لەسەر زمانی کوردی، پێناسە کرا.

ئەم گوتارە کە لە بیاڤی گوندی و هۆز و عەشیرەتییەوە چووە نێو شار و چینی مامناوەند، بە جێگۆڕکێی ڕووناکبیرانی ئۆرگانیک لەجێی سەرکردە نەریتییەکان (شێخ، ئاغا و سەرۆک عەشیرەت)، شوناسێکی مۆدێرن و گشتگیری بە کورد بەخشی. لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابردوودا، خەڵکی کوردستان وەک فاکتەری سەرەکی ئەم گوتارە، نەک هەر بە پشتیوانییەکی تەواو و کارا ئەم گوتارەیان پاراستووە، بەڵکوو لە نەبوونی فیزیکی حیزب لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە هۆی سەرکوتی سیاسی

و سەربازییەوە، ڕۆژبەڕۆژ ڕیشەدارتریان کردووە. ئەم خۆڕاگری و ڕاکێشەرییە پەرەسەندووە دوای دەیان ساڵ، کە لە دروشمەکانی خەڵکدا لە وەسفی ئەم حیزبە و سەرکردە کاریزماکانی‌دا دەرکەوتووە، دەرئەنجامی هۆکارگەلێکی چەندڕەهەندییە کە دەکرێ لە ڕوانگەی تیۆرییە سیاسی و کۆمەڵناسییەکانەوە شی بکرێنەوە، بەتایبەتی لە تیۆری "سەرمایەی کۆمەڵایەتی"ی "ڕابێرت پاتنام". ئەم وتارە بەدواداچوونێکی خێرایە بۆ شکڵ گرتن، بەردەوامی و ڕیشەداربوونی ئەم گوتارە نەتەوەیییە و هەروەها ڕۆڵی خەڵک.

**١- داهێنەری گوتاری نەتەوەیی: لە ڕابوونە هەرێمییەکانەوە بۆ شوناسی مۆدێرن**

بەر لە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەرخۆدانەکان (ڕابوونە هەرێمییەکان) لە جوغرافیای بەرفراوانی کوردستان، لە باکوورەوە تا باشوور، بە شێوەیەکی سەرەکی لە لایەن سەرۆک عەشیرەتەکان، خانەکان و شێخەکانەوە لە چوارچێوەی نێوخۆیی و نەریتی‌دا سەرکردایەتی دەکران. هەرچەندە ڕەگ و ڕیشەیان لە بەرگری کردن لە شوناس و بەرژەوەندییە هەرێمییەکان‌دا بوو، بەڵام ئەم بەرخۆدانانە یەکگرتوویی ئایدیۆلۆژیکییان پێوە دیار نەبوو؛ لە جوغرافیایەکی دوور لە یەکتر و پچڕپچڕ و پەراکەندەدا بوون، جوغرافیایەکی سنووورداریان هەبوو و پەلکێشیان نەدەکرد بۆ شوێنەکانی تر، ڕەگئاژۆیان نەدەکرد بۆ ناو شارەکان و...

بەڵام حیزبی دێموکرات بە ناساندنی هەندێ کلیلوشەی سەرەکی و هێمای نەتەوەیی وەک سروودی نەتەوەیی، ئاڵا، پێشمەرگە و زمانی کوردی و هەروەها چەمکە سیاسییە مۆدێرنەکان وەک کۆمار، مافی دیاری کردنی چارەنووس و دێموکراسی، گوتارێکی یەکگرتوو و هاوچەرخی خوڵقاند کە شوناسی کوردی لە کۆت و بەندەکانی پێکهاتە خێڵەکییەکان ڕزگار کرد. هەرچەند، ئەگەرچی ڕابوونە هەرێمییەکان، پێکهاتەی خێڵەکییان پێوە دیار بوو، بەڵام وەک زۆربەی لێکۆڵەرانی بیانی ئاماژەیان پێداوە ئەم شۆڕشانە، دواجار دەبنە بناغەی پرۆسەیەک بۆ ساز بوونی گوتارێکی مۆدێرنی نەتەوەیی!

لەم پرۆسەیەدا، دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦دا بە ڕێبەرایەتی قازی محەممەد، خاڵی وەرچەرخان بوو. کۆمار وەک یەکەم ئەزموونی خۆبەڕێوەبەریی مۆدێرنی کورد، نەک هەر پرۆژەیەکی سیاسی، بەڵکوو هێمای نەتەوەیی کورد بوو، کە حیزبی دێموکرات وەک داهێنەری گوتاری نەتەوەیی، پێشکەشی کرد. لە ڕوانگەی تیۆرییەکانی نەتەوەسازی (nation-building)، حیزبی دێموکرات بە دروست کردنی "شوێنەکانی یادەوەری" (وەک مەهاباد)، هێمای هاوبەش (ئاڵا و سروود) و زمانێکی نەتەوەیی (کوردی)، توخمەکانی "نەتەوەیەکی خەیاڵی"ی - بە ڕاڤەی بنێدکت ئەندەرسۆن - پێکهێنا.

شوێنەکانی یادەوەری کە دەتوانن فیزیکی (وەک شوێنەوار یان شوێنە مێژووییەکان)، هێمایین (وەک ئاڵا یان سروود) یان گێڕانەوە (وەک ڕووداوە مێژووییەکان) بن، وەک خاڵەکانی سەرچاوە لە یادەوەرییە بەکۆمەڵەکانی نەتەوەیەکدا کار دەکەن. ئەوان نەک هەر ڕابردوو دەپارێزن، بەڵکوو بە دروست کردنی پەیوەندی سۆزداری و شوناسخوازانە لە نێوان نەوەکاندا، هەستی ئینتیما بە شوناسێکی هاوبەش بەهێز دەکەن. لە گوتاری نەتەوەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، شوێنەکانی یادەوەری ڕۆڵی سەرەکییان لە چەسپاندن و بەردەوامی شوناسی نەتەوەیی کورددا هەبووە. ئەم شوێنانە، بە بەرهەمهێنانەوە لە فەرهەنگ، ئەدەب و چالاکییە سیاسییەکاندا، ڕێگەیان بە خەڵکی کوردستان داوە تەنانەت لە نەبوونی فیزیکی حیزبیشدا، بە گوتاری نەتەوەیی وەفادار بمێننەوە.

ئەم گوتارە، هەر لە سەرەتاوە، بە پشتیوانی بەرفراوانی خەڵکی کوردستان، لە گوندەکان تا شارەکانەوە، بوو بە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی- سیاسی کە هەم ڕەهەندی فکرییەکەی بەرچاو بوو هەم ڕەهەندە ڕێکخراوییەکەی. خەڵک لە ڕێگەی بەشدارییان لە چالاکی حیزبی، خۆپیشاندان و خەباتی پێشمەرگانە، ئەم گوتارەیان دەروونی کرد و بۆ بەرهەمهێنانەوەی هەوڵیان دا، ئەمەش پەیوەندی قووڵی حیزب لەگەڵ جەستەی کۆمەڵایەتی کوردستان، نیشان دەدا.

### ٢- ڕۆڵی ڕووناکبیرانی ئۆرگانیک لە بەرهەمهێنانەوەی گوتاری نەتەوەیی

بە پێی تیۆری هەژموونی فەرهەنگی گرامشی، ڕووناکبیرانی ئۆرگانیک، لە پێشخستنی گوتارە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن. بە حوکمی ئەوەی ئەم ڕووناکبیرانە دوو تایبەتمەندی داهێنەری و شوێندانەرییان هەیە دەتوانن ئەرکی ئەم پێشخستنە وەستۆ بگرن. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران توانی بە هۆی ئەم ڕووناکبیرانەوە کە زۆربەیان سەر بە چینی مامناوەندی شار بوون، گوتاری نەتەوەیی لە بیاڤی نەریتی و عەشیرەیییەوە بگوازێتەوە بۆ کەشی مۆدێرنی شار! پێشەوا قازی محەممەد (بە پێگەی مامۆستایەتی و دیدی مۆدێرن) و دوکتور قاسملوو (بە خوێندنی ئەکادیمی و ئەزموونی نێودەوڵەتی)، جێگای سەرکردە نەریتییەکانیان دەگرنەوە و گوتاری نەتەوەیی بە پێی دۆخی سەردەم تیۆریزە دەکەن. دواتر چینە جیاجیاکانی خەڵکی کوردستان، ئەم گوتارە وەردەگرن و لە بەرهەمهێنانەوەیدا بەشدار دەبن. بۆ نموونە، ڕۆڵی زمانی کوردی وەک سیاسیترین توخمی شوناس، ڕێگەی بە خەڵک دا کە لە چوارچێوە مۆدێرنەکاندا شوناسی نەتەوەیی خۆیان دەرببڕن. ئەم پشتیوانییە جەماوەرییە کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی حیزبەوە دەستی پێکرد، بووە هۆی چەسپاندنی گوتاری نەتەوەیی وەک هێزێکی دژەهەژموونی لە بەرانبەر گوتارەکانی دەوڵەتسەنتەردا. خەڵک لە ڕێگەی بەشداری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە چالاکییە جۆراوجۆرە حیزبییەکان و، بەرخۆدانی مەدەنی وەک خۆپیشاندان و مانگرتن و تەنانەت قوربانیدان، ئەم گوتارەیان کردە بەشێک لە شوناسی بەکۆمەڵی خۆیان.

### ٣- بە دامەزراوەیی کردن و هێماسازی: بنەماکانی بەردەوامی گوتار

حیزبی دێموکرات بە دروست کردنی ناوەندێک وەک هێزی پێشمەرگە و پێشخستنی هێماکانی وەک ئاڵا و سروود، کەرەستەکانی چەسپاندن و بەردەوامی گوتاری نەتەوەیی دابین کرد. پێشمەرگە، وەک هێزێکی سەربازیی ڕێکخراو، نەک

هەر ئامرازێک بۆ بەرخۆدان لە دژی ستەم بوو، بەڵکوو بوو بە هێمای گیانفیدایی و شوناسی نەتەوەیی. ئاڵا بوو بە هێمای ئەو ئامانجە کە لەسەر بنەمای مافی دیاری کردنی چارەنووس و یەکگرتوویی کورد دامەزرا. هەروەها سرووودی "ئەی ڕەقیب"یش، بە تەوەرە تایبەتەکانی خۆیەوە، بوو بە ئامرازێکی سۆزداری بۆ بەهێز کردنی هەستی ئینتیمای نەتەوەیی. خەڵکی کوردستان، وەک کۆڵەکەی سەرەکی ئەم گوتارە، نەک هەر ئەو هێمایانەیان قبووڵ کرد، بەڵکوو لە ژیان و خەباتی ڕۆژانەیاندا بەرهەمیان هێنایەوە. لە ڕوانگەی تیۆری یادەوەری بەکۆمەڵدا، ئەم هێما و دامەزراوانە وەک "شوێنەکانی یادەوەری" کاریان دەکرد کە پەیوەندی سۆزداری و مێژوویی خەڵکیان بە ئامانجە نەتەوەییەکانەوە بەهێزتر دەکرد. شوێنەکانی یادەوەری، لە ژیانی ڕاستەقینە و تەنانەت لە دنیای خوازەکیدا (تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان)، ڕێگەیان بە خەڵک دەدا کە شوناسی نەتەوەیی خۆیان لە بەرانبەر گوشارەکانی دەوڵەتە جێگیرەکاندا بپارێزن. ئەم پشتیوانییە جەماوەرییە کە لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابردوودا بێپچڕان بەردەوام بووە، ئاماژەیە بۆ قووڵایی کاریگەریی گوتاری نەتەوەیی حیزبی دێموکرات لە کۆمەڵگەی کوردستاندا.

### ٤- ڕێبەرانی کاریزما و پەیوەندی سۆزداری لەگەڵ خەڵک

ڕێبەرانی کاریزمای حیزبی دێموکرات، بەتایبەت قازی محەممەد و دوکتور قاسملوو، لە چەسپاندنی گوتاری نەتەوەیی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا، ڕۆڵی سەرەکییان بینی. قازی محەممەد، بە بەخت کردنی گیانی خۆی و دامەزراندنی کۆماری کوردستان، بوو بە هێمای خۆڕاگری و جۆرێ لە ئایدیالیزم. دوکتور قاسملوو بە ڕێبەرایەتی درێژخایەن، پەروەردەی ئەکادیمی و هەوڵەکانی بۆ بەجیهانی کردنی پرسی کورد، بوو بە کەسایەتییەکی ئیلهامبەخش بۆ نەوەکانی داهاتوو. لە ڕوانگەی ماکس وێبێرەوە، کاریزمای ئەم ڕێبەرانە کە تێکەڵاوییەک بوو لە تایبەتمەندییە نەریتییەکان (وەک پێگەی کۆمەڵایەتی پێشەوا) و مۆدێرن (وەک

زانستی سیاسی قاسملوو)، پەیوەندییەکی قووڵی سۆزداری لەگەڵ خەڵکدا دروست کرد. خەڵکی کوردستان، ئەم ڕێبەرانە نەک هەر وەک سیاسەتمەدار، بەڵکوو وەک سەمبولی گیانفیدایی و شوناسی نەتەوەیی، قبووڵ کرد. دروشمەکانی ئەمڕۆی لاوان بۆ ستایشی قازی محەممەد و قاسملوو، تەنانەت لەنێو ئەو جیلانەشدا کە هەرگیز ئەوانیان نەبینیوە، دەرئەنجامی ئەم پەیوەندییە سۆزدارییەن کە لە ڕێگەی گێڕانەوەی مێژوویی، ئەدەب و هونەر و ڕێوڕەسمی یادکردنەوە بۆ نەوەکانی دواتر گوازراوەتەوە. ئەم پەیوەندییە سۆزدارییە کە بە بەشداری خەڵک لە چالاکییەکانی حیزب و خەباتی خۆڕاگریدا بەهێزتر بووە، قووڵایی و بەردەوامی بە گوتاری نەتەوەیی حیزب بەخشیوە.

**٥- هۆکارەکانی بەردەوامبوون و ڕیشەدار وونی گوتارەکە لە نەبوونی فیزیکی حیزبدا**

سەرەڕای نەبوونی فیزیکی حیزبی دیموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە هۆی سەرکوتی سیاسی و سەربازییەوە، گوتاری نەتەوەیی حیزبی دیموکرات زیاتر ڕیشەدار بووە و خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. ئەم دیاردەیە دەکرێ لە ڕوانگەی تیۆری "سەرمایەی کۆمەڵایەتی"ی "ڕابێرت پاتنام"ەوە شی بکرێتەوە، کە لەسەر ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، متمانەی دوولایەنە و نۆرمە هاوبەشەکان لە بەهێزکردنی پەیوەندییە بەکۆمەڵەکاندا، جەخت دەکاتەوە. ئەم هۆکارانەی خوارەوە ئەم بەردەوامییە و زیاد بوونی سەرنجڕاکێشی ئەم گوتارە ڕوون دەکەنەوە:

**ئا) سەرمایەی کۆمەڵایەتی و تۆڕە خەڵکییەکان**

حیزبی دیموکرات، هەر لە سەرەتاوە، بە دروست کردنی تۆڕی ڕێکخراوەیی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی (ڕەهەندی ڕێکخراوەیی)، سەرمایەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێزی لەنێو کورددا دروست کرد. ئەم تۆڕانە، لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە، پەیوەندییەکانیان (ڕەهەندی فیکری) بە شێوەی ئاشکرا و هەندێک جاریش بە نهێنی

لە سەردەمی سەرکوت کردندا، دامەزراند و ڕێگەیان بە خەڵک دەدا کە لە نەبوونی فیزیکی حیزبدا، گوتاری نەتەوەیی بەرهەم بهێننەوە. خەڵک بە بەشداری کردن لەم تۆڕانەدا، هەستی متمانە و هاودەنگی خۆیان بەهێزتر کرد. چالاکییە گشتی و نهێنییەکانی حیزب، ڕێوڕەسمی یاد کردنەوە و گواستنەوەی زارەکی گێڕانەوەی بەرخۆدان، یارمەتیدەری پاراستنی ئەم سەرمایە کۆمەڵایەتییە بوو و ڕەگ و ڕیشەی گوتاری نەتەوەیی لەنێو نەوەی نوێدا داکوتا.

**ب) یادەوەری بەکۆمەڵ و بەرهەمهێنانەوەی هێماکان**

گوتاری نەتەوەیی حیزبی دیموکرات وەک کۆمەڵێک لە "شوێنەکانی یادەوەری" (وەک کۆماری کوردستان، ئاڵای کوردستان و قوربانیدانی پێشمەرگە)، لە مێشک و دڵی خەڵکدا دەروونی کراوە. ئەم یادەوەرییە بەکۆمەڵە کە لە ڕێگەی میدیای جۆراوجۆرەوە لە شێوەی ئەدەب، هونەر و شیکاری سیاسی و... دەگوازرێتەوە، ڕێگەی بە نەتەوەی کورد داوە کە پەیوەندی بە ئامانجە نەتەوەییەکانی حیزبەوە هەبێ. هێما جۆراوجۆرەکان کە لە ژیانی ڕاستەقینەی مرۆڤەکان و لە دنیای خوازەکیدا بەرهەم دەهێنرێنەوە، هەستی ئینتیما بە نەتەوەی کوردیان بەهێزتر کردووە. خەڵک بە کەڵک وەرگرتن لەم هێمایانە لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا، چالاکانە بەشداری لە بنیاتنانەوەی گوتاری نەتەوەیی دەکەن.

**پ) خۆڕاگری لە بەرانبەر سەرکوتکردن**

سەرکوت کردنی بەردەوامی شوناسی کوردی لە لایەن دەوڵەتە ناوەندییەکانەوە، بەجێی لاوازکردن، هەستی شوناسی خۆڕاگری لەنێو کورددا بەهێزتر کردووە. حیزبی دیموکرات بە پێشکەش کردنی گوتارێک کە لەسەر مافی دیاری کردنی چارەنووس، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و مافی نەتەوەیی جەخت دەکاتەوە، چوارچێوەیەکی بۆ بەرخۆدان بۆ خەڵک دابین کردووە. لە نەبوونی فیزیکی حیزبدا، ئەم گوتارە وەک

هێزێکی دژەهەژموون کاری کردووە و خەڵک بۆ خەبات بۆ شوناس و مافەکانیان هان دەدا. نموونەگەلێکی زۆر لە دەیەکانی ڕابردوودا دەدیترێ کە نیشاندەری ئەمەیە کە ئەم گوتارە بۆتە کەرەسەی خۆڕاگری و بەرخۆدان لەهەمبەر دەسەڵات!

**ت) بەجیهانیکردنی ئامانجی کوردی و دنیای خوازەکی**

هەوڵە دیپلۆماسییەکانی دوکتور قاسملوو و ڕێبەرانی تری حیزب، پرسی کوردیان بە گوتاری جیهانی مافەکانی مرۆڤ و ئۆتۆنۆمییەوە گرێ دا. ئەم بە جیهانی کردنە هەستی شەرعییەت و ڕەوایی و شانازیی نەتەوەیی بە خەڵکی کوردستان بەخشی. لە سەردەمی هاوچەرخدا دنیای خوازەکی وەک ئامرازێکی بەهێز بۆ بەرهەمهێنانەوەی گوتاری نەتەوەیی کاری کردووە. پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان وەک "ئێکس (تویتێری پێشوو)، ئینستاگرام و تێلێگرام" ڕێگەیان بە خەڵک و بەتایبەت بە لاوان داوە کە هێما نەتەوەییەکان هاوبەش بکەن، ڕووداوە مێژووییەکان بگێڕنەوە، لەهەمبەر بچووکترین ڕووداوی پەیوەندیدار بە پرسی کوردەوە لەسەر هەست بن و دژکردەوەیان هەبێ و بەگشتی لەگەڵ ڕەوەندی کوردیدا پەیوەندی دروست بکەن. ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانە جێگەی بوونی فیزیکی حیزبیان گرتووەتەوە و گوتاری نەتەوەییان بە شێوەیەکی دینامیکی و ڕاکێشەر هێشتووەتەوە.

**ج) نەرمی نواندنی گوتار**

گوتاری نەتەوەیی حیزبی دێموکرات، بەهۆی نەرمی نواندن بە مانای لەبارتر کردنی دەرفەتەکان و توانایی خۆگونجاندن لەگەڵ پێداویستییە نوێیەکان، هەروا سەرنجڕاکێش ماوەتەوە. ئەم گوتارە، هەرگیز گوتارێکی چەقبەستووە نەبووە، بەڵکوو بە پێی ڕووحی سەردەم و دۆخی ناوخۆ، ئاڵوگۆڕی بەسەر خۆیدا هێناوە. بۆ وێنە لە زەمانگەلی جیاوازدا بە هەندێ چەمکی مۆدێرن وەک دێموکراسی، پلۆرالیسم، مافی مرۆڤ و یەکسانی جێندەری دەوڵەمەند دەکرێ و لەگەڵ نەوەی

نوێ، بەتایبەت لاوان و ژنان، پەیوەندییەکی قووڵ دروست دەکا. ڕەنگە بەشداری بەربڵاوی ژنان و گەنجان لە چالاکییە سیاسی و فەرهەنگییەکانی پەیوەست بە حیزبەوە، ئاماژەیەکی گرینگ بێ بۆ نەرمی نواندنە ئەم گوتارە!

**٦- بەردەوامی گوتار**

هۆکارە سەرەکییەکانی بەردەوامی گوتاری نەتەوەیی حیزبی دێموکرات و پشتیوانی تەواوی خەڵک لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابردوودا، بەم هۆکارانەی خوارەوە بەندە:

ئاوەزی گشتی: وەک جێگرەوەیەک لە نەمانی چەمکی ڕێبەرایەتی کاریزماتیکدا

یەکگرتوویی ئایدیۆلۆژیک: تێکەڵ بوونی ناسیۆنالیزمی کوردی و پرەنسیپە دێموکراتیکەکان، گوتارێکی هەمەلایەنەی دابین کرد کە ڕووناکبیران و جەماوەری خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

گواستنەوەی نێوان نەوەکان: ڕاهێنان و پەروەردەی حیزبی، بڵاوکراوە و گێڕانەوەی مێژوویی، ئامانجە نەتەوەیی‌یەکانیان بۆ نەوەکانی دواتر گواستەوە.

خۆڕاگری لەهەمبەر سەرکوت: سەرکوت کردنی شوناسی کوردی، هەستی هاوپشتی و ئینتیما بە گوتاری نەتەوەیی بەهێزتر کرد.

بە جیهانی کردنی ئامانجی کوردی: حەولەکانی دیپلۆماتیکی حیزب بۆ ئەم ئامانجە

سەرمایەی کۆمەڵایەتی: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و متمانەی دوولایەنە، لە نەبوونی فیزیکی حیزبدا، گوتاری نەتەوەییان پاراست.

**دواوتە:**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەکوو داهێنەری گوتاری نەتەوەیی کورد، بە خوڵقاندنی هێماکان، دامەزراوەکان و چەمکی مۆدێرن، شوناسێکی یەکگرتوو و بەردەوامی بۆ کورد دروست کرد. ئەم گوتارە کە لە بەرخۆدانی پەرشوبڵاوی عەشیرەیییەوە پەرەی سەند و بوو بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی مۆدێرن، لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابردوودا بە پشتیوانی تەواوی خەڵکی کوردستان وەک گرینگترین فاکتەری، بەردەوام بووە و تەنانەت لە نەبوونی فیزیکی حیزبیشدا، قووڵتر ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە. سەرمایەی کۆمەڵایەتی بەهێز، یادەوەری بەکۆمەڵ، خۆڕاگری لەهەمبەر سەرکوت، بەجیهانی کردنی ئامانجی کوردی، کاریزمای ڕێبەرەکان و نەرمی نواندنی گوتار، ئەم ڕاکێشەری و بەردەوامییەی مسۆگەر کردووە. لە ڕوانگەی تیۆری سەرمایەی کۆمەڵایەتی "پاتنام"ەوە، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، متمانەی دوولایەنە و نۆرمە هاوبەشەکان، ڕێگەیان بە حیزب داوە تا گوتاری نەتەوەیی لەنێو خەڵکدا دەروونی بکا. دروشمی لاوان لە ستایشی پێشەوا قازی محەممەد و دوکتور قاسملوو و بەکارهێنانی بەربڵاوی هێما نەتەوەیییەکان لە ژیانی ڕۆژانە و دونیای خوازەکیدا، بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە گوتاری نەتەوەیی حیزبی دێموکرات نەک هەر ماوەتەوە، بەڵکوو بووەتە هێزێکی دینامیکی و سەرنجڕاکێش بۆ نەوەی نوێ!

***

**پەراوێز:**

-بۆ نووسینی ئەم وتارە دەوری "کۆمەڵەی ژێکاف"م لەبەرچاوە بووە و کۆمەڵەی ژێکاف بە بناغەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەزانم و وەک دەگوترێ لەسەر داروپەردووی ئەم کۆمەڵەیە دامەزراوە! (بڕوانە نامیلکەی: عبدالرحمان ذبیحی، کاریزمایی ناتمام)

- گوتار، وەک چەمکێکی سەرەکی لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، بە کۆمەڵێ بیرۆکە، ئایدیا و بایخگەلێ دەگوترێ کە شوناسی گشتی یان ناسنامەی بەکۆمەڵی تاقمێک دیاری دەکەن و هەروەها ئاراستە سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی ئەم تاقمە. گوتاری نەتەوەیی کورد لەسەر بنەمای شوناس و ناسنامەخوازی لە بەستێنی زمان وەک گرینگترین و سیاسیترین توخمی شوناس و کلتووری کوردی دامەزراوە و ئەم گوتارە لە ڕەوتی مێژوودا بە ڕەچاو کردنی "دۆخی تایبەتی"خۆی لە لایکەم تا ئەوپەڕی مافی دیاریکردنی چارەنووس هەورازونشێوی بڕیوە. هەرچەند بەر لەوەی گوتاری نەتەوەیی کوردی خۆی لە قالبی ئەمڕۆیی و مۆدێرندا بدۆزێتەوە و کلیلوشەکانی ئەم گوتارە جێگیر بن، لە قۆناغەکانی ڕابردووشدا حەول بۆ زاڵ کردنی ئامالگوتارێکی هاوشێوە، لە ڕابوونە هەرێمییەکاندا دەدیترێ! ئەم گوتارە کە ڕەگی لە ناو مێژووی دوورودرێژی خەباتی کوردەکاندایە، لەگەڵ دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ دەگاتە لووتکە. شوێنێک کە کلیلوشەکانی ئەم گوتارە بۆ هەتاهەتایە لە ئەدەبیاتی سیاسی و ئۆرگانیزێشێنی بزووتنەوەی کوردیدا دەچەسپن و جێگیر دەبن. وەک:

کۆمار (هێمای خۆبەڕێوەبەری و سەروەری گەل، وەک ئەزموونی کۆماری کوردستان)،

سەربەخۆیی و ئیستیقلال (ئاواتی ئازادی لە ژێردەستەیی دەوڵەتە ناوەندییەکان و سەمبولی دیاری کردنی چارەنووس)،

سروود (سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب)

پێشمەرگە (نیشانەی بەرگری و پارێزەری شوناسی نەتەوەیی)،

ئاڵا (نیشانەی ناسنامەی نەتەوەیی و یەکگرتوویی کوردی) و

زمانی کوردی (وەک بنەمای ناسنامەی کەلتووری و سیاسی)

ئـەم کلیلوشـانە نەتەنیا لـە دروشـم و ئەدەبیاتـی سیاسـی کـوردەکاندا، بەڵـکوو لـە یـادەوەری بەکۆمەڵـی ڕۆڵێکـی سـەرەکییان هەیـە و قووڵـی و مانـا بـە گوتـاری نەتەوەیـی دەبەخشـن.

هەواڵنامەی کتێب

# خاڵە بەهێز و لاوازەکانی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**مستەفا شلْماشی**

حیزبی دێموکراتی کودستان، ئەمساڵ لە ٢٥ی گەلاوێژدا هەشتاهەمین مۆمی تەمەنی خۆی دادەگیرسێنێت. لەو هەشتا ساڵە لە زۆر بواردا ڕۆڵی پێشەنگی گێڕاوە و شانازی بۆ نەتەوەکەی خولقاندوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان، یەکەمین حیزب لە سەرانسەری کوردستان بوو کە بە شێوەیەکی مودێڕن دامەزرا و لە یەکەم کۆنگرەی خۆیدا بەرنامەیەکی بۆ سەردەمی خۆی، پێشکەوتوو، ڕێبەرییەکی بەکۆمەڵ و ڕێبەرێکی لێهاتوو و پێشکەوتووی هەڵبژارد. شێوەی دروستبوون و هاتنەگۆڕەپانیشی تەواو سەردەمیانە بوو. چونکە لەسەر بناغەی کۆمەڵەی "ژ. ک." دامەزرا، کە ڕێکخراوێکی پێشکەوتووی پێکهاتوو لە هەڵبژاردەکانی ئەوکاتی کوردستان بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهێنەری یەکەمین دەسەڵاتی مۆدێڕنی کوردستانی بوو کە نزیکەی ساڵێک دوای دروستبوونی خۆی، بە سەرۆکایەتیی پێشەوای ڕووناکبیر و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک و ڕێبەری حیزب، پێشەوا قازی محەممەد دامەزرا و لە مێژوودا یەکەمین کۆماری کوردستانی بۆمان تۆمار کرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قوربانیدانیشدا پێشەنگە و تەنانەت ڕەنگە لە دنیاشدا حیزبێکی دیکەی ئەوتۆ نەبێت کە چوار بەرپرسی یەکەمی بە دەستی دوژمنان شەهید کرابن، کە سەرۆککۆمار و ڕێبەری کاریزمای حیزبەکە لە سێدارە درابێت، کە دوو ڕێبەری کاریزمای دیکەی لەنێو جەرگەی وڵاتانی پێشکەوتووی دنیادا تیرۆر کرابن و زیاتر لە سی کەس لە ئەندامانی ڕێبەرییەکەی شەهید کرابن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ هەموو ئەو تەنگ و چەڵەمانەی کە هاتوونە سەر ڕێگەی و زۆر جار تا سنووری کەوتن چووە، بەڵام هەموو جارێک هەستاوەتەوە و بە پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیسان خۆی گرتووەتەوە و بووەتەوە چالاکەسواری گۆڕەپان و جڵەوی خەباتی بەدەست گرتووەتەوە. هەرچەندە لە قۆناغی جۆراوجۆردا تووشی لێکدابڕان و پەرتەوازەیی بووە، بەڵام بە هیمەتی کادرە وردبینەکانی، جارێکی دیکە ڕیزەکانی خۆی پتەو کردووەتەوە و نەمامەکانی دواڕۆژی خۆی بە ئاوی یەکیەتی ئاو داوەتەوە و دوژمنانی ناکام کردووە.

بێگومان لەو ماوە دووردرێژەدا و لەنێو باهۆزی ئەو هەموو دژواری و بشێوی و ئاڵۆزییەی کە بەسەر حیزب و نەتەوەی کورددا هاتووە، ڕەنگە لە هەندێک قۆناغدا تووشی هەڵەی تاکتیکیش بووبێت، بەڵام یەک شانازیی گەورە بۆ ئەو حیزبە خۆشەویستەی نەتەوەی کورد ماوەتەوە، کە ئەویش ئەوەیە هەرگیز و لە هیچ قۆناغێکدا نەبووەتە داردەستی دوژمنان و هیچ کاتێک سەربەخۆییی خۆی لەدەست نەداوە. تەنانەت ئەگەر هەڵەشی کردبێت، بە بڕیاری هیچ جێگەیەک نەبووە و لە خانەی هەڵەی سیاسی و تاکتیکیدا خۆی دیوەتەوە، یان لە لایەن هێز و لایەنی دیکەوە و بەهۆی هەلومەرجی نالەبارەوە بەسەردا سەپاوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەرچەند لە تەمەندا ساڵانێکی تێ پەڕاندووە، بەڵام لە بۆچوون و وێژماندا تازە و لاوە، هەرچەند لەنێو گێروگرفتی جۆراوجۆردا ماندوو دیارە، بەڵام ئیمکانات و ئێنێرژیی گەشەکردن و پێشکەوتنی هەیە و هەرچەند بنەماڵەکەی نەخۆشیی لێکترازانی ئەزموون کردوە، بەڵام بە کردەوە نیشانی داوە

کە ویست و پتانسییەلی کۆکردنەوەی نێومالّی خۆی و بەرهەمهێنانی یەکیەتی و پتەوکردنی ڕیزەکانی تەشکیلاتیی خۆی هەیە. هەر بۆیە لە دوای سەرکەوتن بەسەر دووبەرەکیّ و پرشوبڵاوییی تەشکیلاتیدا، تەنانەت لە دوای هەشت دەیە تەمەنی پڕ لە هەوراز و نشێو، هێشتا لەنێو جەرگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و لە نەورۆزی حەفتا و نۆ ساڵەی تەمەنیدا نیشانی دا کە هێشتا لە سەردەمی بلووغی خۆیدایە و پتانسییەلی گەشەکردن و بەجەماوەریبوونی هەیە. نەورۆزی خاکیپۆشان بەڵگەیەکی زیندووی ئەو توانا زۆرەی گەشەکردن بوو.

لە هەشتاهەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونی حیزبی ڕێبەرانی شەهید پێشەوا، قاسملوو، شەرەفکەندی و دەیان شەهیدی سەرکردەی دیکە و هەزاران شەهیدی قارەمانی سەنگەر و بەندیخانەکاندا، چاوەڕوانیم لە هەموو ڕێبوارانی ئەو ڕێگە پیرۆزە هەیە کە بە هەموو توانای خۆیان هەوڵ بدەن شانازییەکان زیندوو بکەنەوە و ئیمکانات و پتانسییەلەکان بۆ یەکگرتن و یەکڕیزی هەم لە نێوخۆی حیزب و هەم لەنێو جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا بەکار بهێنن و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە لووتکە بگەیەننەوە، تاکوو جارێکی دیکە چاوەڕێی ئەوە بین کە ئەو حیزبە مەزنە دەسکەوتی گەورەی وەک پێکهێنانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بەدەست بهێنێت و ئاواتی شەهیدان وەدی بێنێت.

دەسکەوتەکان و خاڵە بەهێزەکانی مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوەندە زۆرن کە ناکرێت لە وتارێکی کورتدا هەموویان شی بکرێنەوە. تیتروار هەندێک لە گرنگترین خاڵە بەهێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ئەو هەشتا ساڵەدا ئاماژە پێ دەکەین تاکوو بۆ نەوەی داهاتوو ڕوون بێت کە چۆن ئەو حیزبە لەو ماوە دوورودرێژەدا سەرەڕای ئەو هەموو گرفتەی هاتووەتە پێشی، هەر وا چالاک و بەهێز ماوەتەوە. گرنگترین خاڵە بەهێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەمانەن:

١- حیزب هەر لە سەرەتاوە وەک حیزبێکی جەماوەری دامەزراوە و ئەو هەموو

تەوژمە سیاسییە ئایدیۆلۆژیەی بە دەوریدا ڕابردوون، ئەوەندەیان کار تێ نەکردووە کە ببێتە حیزبی چین یان توێژێکی تایبەتی. لەبەر ئەوەی دروشم و ستراتیژیی حیزب لەسەر بەدیهێنانی مافی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دارێژراوە، هەمیشە و تا هەنووکەش گۆڕەپانێک بووە بۆ خەباتی کییەتیخوازانە و مافخوازانەی هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. تەنانەت بۆ ئەو ناکوردانەش کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەژین.

٢- لە هەموو ئەو ماوە دوورودرێژەدا کە خەباتی کردووە، جگە لە ماوەیەکی کورت کە پەیوەندییەکی لەگەڵ حیزبی توودە هەبووە، هەمیشە سەربەخۆیی سیاسی و هزریی خۆی پاراستووە. هەرگیز تەسلیمی ویستەکانی دەوروبەری خۆی نەبووە و هەرگیز بە دنەدانی هیچ هێزێکی دەرەکی هەنگاوێکی هەڵنەهێناوەتەوە.

٣- لە تەواوی ئەو قۆناغانەدا کە تێپەڕی کردوون، بە بەڵێن و پەیمانەکانی کە بە نەتەوەی خۆی داون، وەفادار ماوەتەوە و هەرگیز پاڵی بە دوژمن نەداوە.

٤- لە قۆناغە جۆربەجۆرە ئاستەمەکاندا بەوردبینییەوە بڕیاری داوە. وەک نموونە لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێراندا، لەگەڵ ئەو هەموو پایەگایەی کە ئاخوندەکان لەنێو کۆمەڵگەی ئێراندا هەیانبوو، حیزبی دێموکراتی کوردستان حکوومەتی ئاخوندیی ڕەت کردەوە و دەنگی پێ نەدا. کاتێک هێرش کرایە سەر باڵوێزخانەی ئامریکا، بەپێچەوانەی زووربەی هێزە سیاسییەکانی ئێران ئیدانەی کرد. لە شەڕی ئێران و عێراقدا، سەرەڕای ئەو هێرشە دڕندانەیەی کە ڕێژیمی ئێران هێنابوویە سەر کوردستان، خۆی تێوە نەگلاند و خەباتی خۆی تێکەڵ بە هێرشی ڕێژیمی بەعسی عێراق نەکرد. تەنانەت بەیاننامەی بڵاو کردەوە کە ئەگەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی شەڕ لە کوردستان ڕاگرێت و دان بە مافی نەتەوەوی کورددا بنێت، ئێمە بۆ پارێزگاری لە سنوورەکانی وڵات ئامادەین. تەنانەت سەرەڕای وەڵامنەدانەوە بەو بانگەوازەش لەلایەن ڕژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، لەو سنوورانەوە کە بەدەست حیزبەوە بوون، ڕێژیمی بەعس نەیتوانی بێتە نێو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

٥- لە هەموو ئەو هەلومەرجە دژوارانەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان تاقیکردنەوەی دێموکراتیک و هەوڵدان بۆ درێژەدانی بەڕێوەبەریی دێموکراتیکی وەلا نەناوە و لەو ماوەیەدا (١٧) کۆنگرە و سەدان کۆنفرانسی تەشکیلاتیی خۆی بەڕێوە بردووە. هەرچەند کەموکوڕی لە چۆنیەتیی بەڕێوەبردنیشدا هەبووبێت، بەڕێوەبردنی ئەو هەموو کۆنگرە و کۆنفرانسانە نیشانەی گەشە بەرەو جێگیرکردنی دێموکراسیی دەروونحیزبی بووە.

٦- حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکەمین کۆماری کوردستانی دامەزراندووە. هەرچەند بەهۆی دوژمنکارییەکانی دەوروبەر و کەموکوڕییە نێوخۆیییەکانەوە، بەداخەوە تەمەنی کۆمارەکە زۆر کورت بووە، بەڵام لەو ماوە کورتەشدا نموونەی خۆبەڕێوەبەرییەکی دێموکراتیک، دادپەوەرانە و ڕێکوپێکی نیشان داوە و ئەزموونێکی زۆر گەورەی بۆ نەوەکانی دوای خۆی بەجێ هێشتوە.

٧- لە بواری دیپلۆماسییەوە بە هەوڵ و تێکۆشانی کەسایەتیی وەک دوکتۆر قاسملوو و زۆر کادری لێوەشاوەی دیکە توانیویەتی ناوێکی باش، باوەڕپێکراو و ڕێزدار بۆ خۆی دەستەبەر بکات و لەنێو حیزب و ڕێکخراوەکان و ناوەندە نێونەتەوەیییەکاندا پێگەیەکی ناسراو بەدەست بهێنێت.

٨- لەنێو جووڵانەوەی نەتەوەییی کورددا لە سەرانسەری کوردستان وەک حیزبێکی ماقووڵ، خاوەن پێگە و دۆستی حیزبە کوردستانییەکان ناسراوە، کە لە دووبەرەکێیەکاندا هەمیشە بێلایەن بووە و ئەوەندەی بۆی کرابێت هەوڵی ڕێکخستنی نێوماڵی کوردی داوە و هیچ کاتێک دەستی لە کاروباری نێوخۆی بەشەکانی دیکەی کوردستان وەر نەداوە.

٩- حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد، گرنگیی بە ژن وەک نیوەی کۆمەڵگە داوە و چ لە کاروباری سیاسی و پێشمەرگایەتیدا و چ لەنێو کۆمەڵگەدا ڕۆڵی داوەتێ و ڕێزی لێ گرتووە.

١٠- حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە، سەرەڕای

ئەوەی کە زۆر لە ڕێبەرانی و تەنانەت کەسایەتیی پێشەوا، کەسانی ئایینی و ئایینزایی بوون، بەڵام وەک حیزبێکی سێکولار سیاسەت و هەڵسوکەوتی کردووە و دەستێوەردانی ئایینی لە سیاسەت بە هەڵە زانیوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوپەڕی ڕێزی لە ئایین و ئایینزاکان وەک هەڵبژاردەی تاکەکان گرتووە و هیچ کاتێک نەکەوتووەتە بەرەی دژی ئایین و ئاییزاوە. سێکولاربوونی حیزبی دێموکرات لەنێو تەشکیلاتەکەشیدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە هەموو جۆرە بۆچوونی ئاییی و ئایینزایی لە ڕیزەکانیدا جێگەیان بووەتەوە.

ئەوە بەشێکی کەم لە خاڵە بەهێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون کە هەر وەک نموونە ئاماژەم پێ کردوون، بەڵام زۆر خاڵی لاوازیش لەو ماوە دوورودرێژەی خەباتدا دەرکەوتوون کە بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە گرنگترینیان بکەم، بەڵکوو بتوانرێت بۆ داهاتوو کاریان لەسەر بکرێت و دووپات نەبنەوە.

١- حیزبی دێموکراتی کوردستان هیچ کاتێک بەرنامەیەکی ڕێکوپێکی بۆ خۆبێنیازکردن لە گرفتی ماڵی نەبووە. زۆرتر پشتی بە یارمەتیی ئەندامان، لایەنگران و دۆستان بەستووە. لە کاتێکدا کە حیزبێکی ئاوا گەورە کە بەرپرسایەتیی خەباتی نەتەوەیەکی ژێردەستەی نزیک بە بیست (٢٠) میلیۆن کەسی لە سەر شانە، لە ماوەی هەشتا ساڵ خەباتدا دەبووایە ئێستە خاوەنی سەرمایەیەکی ماددیی زۆر باش بێت، بە جۆرێک کە بتوانێت کاروباری خۆی بە باشترین شێوە بەڕێوە بەرێ و هەموو هیواکەی نەبێتە یارمەتیی ئەندامان و لایەنگران و دۆستەکانی حیزب.

٢- حیزبی دێموکراتی کوردستان تاکوو ئێستەشی لەگەڵ بێت نەیتوانیوە کۆنسێپتێکی باش بۆ خەباتی دەروونحیزبی و جیاوازیی بیروڕای دەروونحیزبی بدۆزێتەوە. هەموو جارێک کە جیاوازیی بۆچوون لەنێو ڕیزەکانیدا هاتووەتە ئاراوە، بووەتە هۆی دەستەبەندی و باڵباڵێن و لە کۆتاییدا دووبەرەکیی. ئەوەش زۆرتر لە لاوازیی پەروەردەوە سەرچاوە دەگرێت.

٣- حیزبی دێموکراتی کوردستان نەیتوانیوە بەرنامەیەکی پەروەردەی حیزبیی

باش لەنێو ڕیزەکانیدا برەو پێ بدات، چ لە بواری سیاسی و ئایدیۆلۆژییەوە و چ لە بواری پێشمەرگایەتیدا بە دەورەی زۆر ساکار وسەرەتایی بەسەندەی کردووە و تاکوو ئێستەش دوای تەمەنێکی هەشتا ساڵە نەیتوانیوە ببێتە خاوەن دامەزراوە و ئەنستیتۆیەکی پەروەردەییی ئەوتۆ کە نیازەکانی لەو بارەوە پڕ بکاتەوە.

٤- حیزبی دێموکراتی کوردستان تاکوو ئیستاش ناوەندێکی ستراتیژیی ئەوتۆی نییە کە پرسی کوردستانی، ناوچەیی و جیهانییەکانی بە باشی بۆ شی بکاتەوە و ببێتە پاڵپشتێکی گەورەی زانستی بۆ ڕێبەریی حیزب لە بڕیاردانـدا. هەر ئەوەش وای کرد کە لەسەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێراندا و کاتێک بەشی زۆری کوردستانی بەدەستەوە بوو، نەتوانێت بڕیارێکی بوێرانە بدات و جۆرێک لە ئیدارەی خۆبەڕێوەبردن لە کوردستان پێک بهێنێت تاکوو پێش بە بەڕێوەبردنی حیزبی بگرێت و کار نەگاتە جێگەیەک کە چەندین ئیدارەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێتە ئاراوە و ببێتە هۆی ڕکابەرییەکی ناسالمی حیزبی.

٥- حیزبی دێموکراتی کوردستان تاکوو ئێستەاشی لەگەڵ بێت هیچ کاتێک نەیتوانیوە لەو هەموو پتانسێل و سەرمایە مەعنەوییەی کە لە ڕیزەکانیدا کۆ بووەتەوە، یان بە دەوروبەریدا دەسووڕێتەوە و چاوەڕوانە کە ئاوڕی لێ بداتەوە و بەکاری بهێنێت، کەڵکی پیویست وەرگرێت.

٦- حیزبی دێموکراتی کوردستان تاکوو ئێستەشی لەگەڵ بێت لە بەڕێوەبەریدا هەر بە سیستەمە کۆنەکەی سانتراڵیزمی دێموکراتیک کار دەکات. سیستەمێک کە لە تەواوی جیهاندا بۆ بەڕێوەبردن ڕەت کراوەتەوە. ڕەنگە لە زۆر وڵاتدا بۆ بڕیاردانی کەلان هەر بەکار بهێنرێت و بۆ ئەوەش باشە. بەڵام لە حیزبدا شۆڕ بووەتەوە بۆ هەموو جمگەکانی بەڕێوەبردن. بۆیە پێشی بەوە گرتووە کە سەڵاحییەتەکان شۆڕ ببنەوە بۆ تەشکیلاتەکان و ئۆرگانەکان و ماندات بدرێت بە بەرپرسانی ئۆرگانەکان تاکوو بتوانن کاروباری خۆیان بەباشی بەڕیوە بەرن. تەنانەت لەم سەردەمەشدا کە لە وڵاتە پیشکەوتووەکاندا لە تەواوی بەڕێوەبەرییەکاندا ماندات دراوە و فیدراڵییەت

کار دەکات، لە حیزبی دێموکراتدا دەستەی کارگێڕی لە بچووکترین کار و چالاکیدا دەستێوەردان دەکات و ئەوەش بووەتە هۆی سەرهەڵدانی بورۆکراسییەکی گەورە کە ڕاددەی چالاکییەکانی زۆر دابەزاندووە.

٧- حیزبی دێموکراتی کوردستان تاکوو ئێستەش لە بەرانبەر نەیارانیدا قورسایی و گەورەیی خۆی ناناسێت. هەر بۆیە لەو مێژووە دوورودرێژەدا زۆر لەتمەی خواردووە و زیانی دیوە لەبەر ئەوەی کە خۆی بە کەم گرتووە. بەپێی پێویست گرنگی بە کەسایەتییەکانی نەداوە. لە هەڵسوکەوت و هاتوچووەدا زۆر سادە و ساکار بووە. لەباری ئەمنییەتییەوە چەندین جار دزەی تێ کراوە و زیانی گەورەی بەرکەوتووە. نموونەی هەر گەورەی ئەو خۆبەکەمزانینە شێوەی دانیشتنی د. قاسملوو، ڕێبەری مەزنی حیزب لەگەڵ دیپلۆماتتیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڤیەن و شێوەی دانیشتنی ڕێبەر د. شەرەفکەندی لە گەڵ چەند کەسێکی لاواز لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە ڕێستورانی میکۆنۆس لە بێرلین کە لە هەردووکیاندا کارەسات بەسەر حیزب و نەتەوی کورددا هات و ئەو دوو ڕێبەرە گەورەیە و چەند کادرێکی گرنگی حیزب بوونە قووربانیی خۆبەکەمزانین و شەهیدبوونیان.

٨- لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستان بەداخەوە بێوەفایی لە بەرانبەر ئەو کەسانەی کە هەموو تەمەنی خۆیان و تەنانەت بنەماڵەیان بۆ خزمەت بەو حیزبە تەرخان کردووە، زۆرە. کەسانێک کە چەندین ساڵ لە ڕیزەکانیدا هەموو گیانبازییەکیان کردووە، هەر لەگەڵ بەرپرسایەتییان نەما، یان لە ڕیزەکانی کادری ڕۆژانەدا چالاک نەبوون، هیچ ئاوڕێکیان لێ نادرێتەوە.

٩- مێژوو، پێگەی حیزب لەنێو کۆمەڵانی خەڵک، گەورەیی و دەوڵەمەندی لەباری تەشکیلاتی و مەعنەوییەوە، ئەرک دەخاتە سەرشانی حیزب و پتانسیێلی ئەوەی داوەتێ کە پێشەنگ بێت لە پێکهێنانی بەرەو پتەوکردنی یەکیەتی لەنێو جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەییدا. بەڵام تاکوو ئێستە هەنگاوێکی زۆر جیددی بۆ کەڵکوەرگرتن لەو پتانسیێلە هەڵنەهێناوەتەوە. هەرچەند هەمیشە ئامادەیی دەربڕیوە و هیچ

کاتێکیش دژبەری ئەو پرسە نەبووە. بەڵام بەرپرسایەتیی حیزب لەوە گەورەترە و پێویستەخۆی ببێتە چەقی پێکهێنانی بەرە، یان هەر جۆرە یەکگرتنێکی نەتەوەیی.

١٠- لە کاتی بڕیاردانی هەستیاردا پێویستە حیزبێکی ئاوا گەورە بوێرێت ڕیسک بکات و بڕیار بدات. بەڵام زۆر جار لەبەر تێبینی و لەسەرخۆیی و ترس لە ڕیسک هەل لەدەست چوون و بڕیار نەدراوە، یان درەنگ دراوە.

لە کۆتاییدا بەبۆنەی ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پیرۆزبایی دەڵێم بە هەموو بنەماڵەی شەهیدان، ئەندامان، پێشمەرگەکان و هەموو هۆگران و لایەنگرانی ئەو ڕێگەیە. هیوادارم بەرهەمی هەوڵ و تێکۆشانی هەشتا ساڵەی خۆیان ببینن و گەلەکەمان بە لووتکەی سەرکەوتن بگەیەنن.

# حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پرسی میدیا

## (ڕۆژنامەی "کوردستان" بە نموونە)

عەلی بداغی

هەواڵنامەی کتێب

**سەرەتا:**

ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێش ڕاگەیاندنی ئەم حیزبە و لە سەردەمی کۆمەڵەی ژێکافەوە بە بایەخدان بە پرسی ڕاگەیاندن هەم وەک ئامرازی وەجووڵەخستنی کۆمەڵگە و بڵاوکردنەوەی وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی و هەم وەک ئامرازی مانەوە و بەردەوامیی ڕێکخستنی ڕێکخراوەیی پڕۆژەی مێدیاییان بووە. ئەم پڕۆژەیە بە گۆڤاری "نیشتمان" نیشتمان دەستی پێ کرد و هەر لە سەردەمی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورددا بە "هاواری کورد"، "ئاوات" و "گۆڤاری کوردستان" درێژەی پێ درا. دوای ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی "کوردستان"، گۆڤاری "هەڵاڵە"، گۆڤاری "هاواری نیشتمان"، گۆڤاری "گڕوگاڵی منداڵانی کورد" و کردنەوەی ئێزگەی ڕادیۆیی بەشێکی دی لە هەوڵە مێدیاییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.

لـە وێسـتگەکانی دیکـەی ژیانـی حیزبـی دێموکـرات لـە سـەردەمی خەبـات دژی ڕێژیمـی پاشـایەتیدا چاومـان بـە کۆمەڵێـک بڵاوکـراوەی دیکـەی وەک "کوردسـتان"، "دیسـان بارزانـی"، "تیشـک" و "تێکۆشـەر" دەکـەوێ و هەروەهـا کۆمەڵێک کتێب دەبینین کـە لەلایـەن دامەزراوەکانـی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانەوە چـاپ کـراون.

بەڕێوەبەرانـی حیزبـی دێموکـرات دوای سـەرکەوتنی شـۆڕشـی ١٣٥٧ چالاکیـی مێدیایـی حیـزب بەرفراوانتـر دەکـەن و جیـا لـە بەردەوامیـی دەرکردنـی ڕۆژنامـەی "کوردسـتان" وەک زمانحاڵـی حیزبـی دێموکـرات و "تێکۆشـەر" وەک میدیـای نووسـراو، میدیای بیسـتراوی ڕادیۆی "دەنگی کوردسـتانی ئێران"یش بـە خەرمانی مێدیایی حیـزب زیـاد دەبـێ. ئـەو خەرمانـە لـە درێـژەی خەباتـی سیاسـی و پێشـمەرگانەی حیزبـدا بـە بڵاوکراوەکانی دیکەی وەک "پێشـەوا"، "خەبەرنامە"، "گەلاوێژ"، "دەنگی کورد"، "کێلەشـین"، "دەنگـی لاوان"، "یەکیەتـی"، "پڵێنـگ"، "دەنگـی ژنـان"، "شـەهید"، "نەکـەرۆز"، " زانیاریـی پێشـمەرگە"، "ئـاوارە"، "ڕوانگـەی لاوان"، "٢٦ی سـەرماوەز"، "لاوان"، "ژنـان"، "کۆمـەڵ" و "ئارارات" دەوڵەمەند کرا کە لەلایـەن ڕێکخراوەکانی حیزبی لـە کۆمیتە شارسـتانەکان و هەروەهـا ڕێکخراوەکانـی لاوان و ژنانـی سـەر بـە حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانەوە دەردەچـوون. هەروەهـا گۆڤـاری هزریـی "تیشـک"، "ئاگـری"، "دنیـای منـداڵان"، "نێرگـز" "تیشـکی نـوێ" و "بیـری خوێنـدکار" چەنـد بڵاوکراوەیەکـی دیکـەی حیزبـی دێموکـرات و ڕێکخـراوە مەدەنییەکانـی سـەر بـەم حیزبـە بـوون.

لـە سـێ دەیـەی ڕابردووشـدا کـە بـە سـەردەمی مێدیـای دیجیتاڵ دەناسـرێ، حیزبـی دێموکـرات بـە دامەزرانـدن و بەڕێوەبردنـی ماڵپەڕەکانـی "کوردسـتانمێدیا"، "کوردسـتان و کـورد" و تەلەڤیزیۆنەکانـی "نـەورۆز"، "تیشـک" و "کـورد کانـاڵ" و دەیـان ماڵپـەڕ و پلاتفۆڕمەکانـی دیکـە لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان لـە بـواری مێدیـادا چـالاک بـووە و لـە سـەنگەری مێدیـاوە لـە خەباتـی نەتەوەیـی و سیاسـیی خـۆی بـەردەوام بـووە.

**ڕۆژنامەنووسیی کوردی و ڕۆژنامەنووسی کورد**

مێژووی ڕۆژنامەنووسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ٣٥ ساڵ پێش دەرچوونی "کوردستان"ی حیزبی دێموکرات دەگەڕێتەوە. سەرنجڕاکێشە کە یەکەم ڕۆژنامە لە کوردستانی ئێران بە زمانی ئینگلیزی دەرچووە. ناوەکەی "گۆڤاری کوردستان میشنێری" بووە کە ساڵی ١٩١٠ لەلایەن میسیۆنێرێکی مەسیحیی پێڕەوی مارتین لوترکینگ کە بە لۆترییەکان دەناسران دەرچووە و بەشی هەرە زۆری وتارەکانی تایبەت بوون بە شاری مەهاباد و ناوچەی موکریان. ئەم گۆڤارە ١٧ ساڵ بەردەوام بووە.

چەند ساڵ دواتر و لە بزووتنەوەی سمکۆی شکاکدا بە هاوکاریی عەبدولڕەزاق بەدرخان و مەلا محەمەدی تورجانی کۆمەڵێک ڕۆژنامە دەرچوون کە یەکەمیان ناوی "کوردستان" بووە و ساڵی ١٩١٣ لە شاری خۆی دەرچووە. پاشان ڕۆژنامەی "کورد" کە دەتوانین بڵێین ئۆرگانی سیاسیی بزووتنەوەی سیاسیی سمایلئاغایە کە ساڵی ١٩٢١ بڵاو بۆتەوە. ئەم ڕۆژنامەیە سێ ناوی گۆڕی، سەرەتا ناوەکەی "ڕۆژی کورد و شەوی عەجەم" بوو، دواتر کرا بە "ڕۆژی کورد" و پاشانیش ناوەکەی بوو بە "کورد".

ئەمانە لە ناوچەی موکریان، بەڵام لە ناوچەکانی ئەردەڵان و کرماشانیش لەو سەروبەندەدا کۆمەڵێک ڕۆژنامە دەرچوون کە دیارە بە زمانی فارسی بوون و ڕۆژنامەنووسەکانی کورد بوون، بۆ نموونە:

– لە کرماشان "ئەبولقاسم لاهووتی کرماشانی، شاعیری ناوداری کورد" لە ساڵی ١٩١٧ دا ڕۆژنامەی "بیستون"ی بڵاو کردووەتەوە.

– ڕۆژنامەی ئارارات کە کۆمەڵایەتی و سیاسی بووە و ساڵی ١٩٢٩ دەرچووە و میرزا غەلامعەلی هۆشمەندی کرمانشاهی بە هاوکاریی ناسر تەوانا دەری کردوە.

دواتر کە دێینە ساڵەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی و گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە ئێران و سەردەمی دامەزرانی کۆمەڵەی "ژ کاف" چاومان بە کۆمەڵێک بڵاوکراوە دەکەوێ، وەک گۆڤاری "نیشتمان" کە ئۆرگانی کۆمەڵەی ژ. ک. بووە و لە ساڵی

١٩٤٣ دەرچووە و یەکەم ژمارەی لە سەرەتای مانگی جولای ١٩٤٣ دەرکراوە. هەر ئەوکات ڕۆژنامەی "کوهستان" یان دروستتر وایە بڵێین "نامەی کوهستان" لە تاران دەردەچوو کە دوکتور ئیسماعیلی ئەردەڵان دەری دەکرد، هەڵبەت بەشی هەرەزۆری بە فارسی و کەمەکەی بە کوردی بوو.

بە دامەزرانی حیزبی دێموکرات و پێکهاتنی کۆماری کوردستان ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیی کوردی گەشەی بەرچاوی کرد. لە ڕاستیدا یەکێک لە کارە هەرە باش و بەبایەخەکانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان گرینگیدان بە چاپەمەنیی کوردی، بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی بوو. ئەمە زۆر گرینگە کە لە سەردەمی کۆماردا بۆ یەکەمجار کوردی ئێران لە شاری مەهاباد پێتەختی کۆمار دەبێتە خاوەنی چاپخانە.

ڕۆژنامەی "کوردستان" وەک ئۆرگان و زمانحاڵی حیزبی دێموکرات، گۆڤاری "کوردستان"، گۆڤاری "هەڵاڵە"، "هاواری نیشتمان" کە گۆڤاری یەکیەتیی لاوان بووە، گۆڤاری "گڕوگاڵی منداڵان" چەند ڕۆژنامە و بڵاو کراوەیەکن کە لەو ماوە کورتەی حوکمڕانیی کوردیدا دەرچوون.

### "کوردستان"، بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان

"کوردستان" یەکەم ژمارەی خۆی لە ٢٠ بەفرانباری ١٣٢٤ هەتاوی، واتە ژانویەی ١٩٤٦دا بڵاو کردەوە. ڕۆژنامەی "کوردستان" تەنیا ١٢ ڕۆژ دوای دەچوونی ژمارەی یەکەمی و دوای ئەوەی هێشتا تەنیا ٦ ژمارەی لێ بڵاو ببۆوە، بە پێکهاتنی کۆماری کوردستان، هەتا ئەوکات کە زمانحاڵ و بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکرات بوو، بوو بە زمانحاڵ و تریبوونی کۆماری کوردستانیش.

لێرەدا جێی خۆیەتی بەدوای وەڵامی کۆمەڵە پرسیارێکدا بگەڕێین، وەک: ئامانجی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە کاتی دامەزرانیدا چ بوو و چۆن ڕاگەیەندرا؟ قۆناغەکانی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان کامانەن؟ و هەروەها و هەر لە جێدا ئەرێ بۆ

"کوردستان"؟ ڕووناکبیران و نووسەرانی ئەندامی حیزب، ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و لەسەرروو هەمووانەوە پێشەوا قازی محەممەد بۆ ناوی "کوردستان"یان بۆ زمانحاڵی حیزبی دێموکرات هەڵبژارد؟ هەموومان دەزانین کە حیزبی دێموکرات لە شاری "مەهاباد" دامەزرا و دواتر کۆماری کوردستانیش لە جوغرافیایەکی زۆر سنووردار لە ناوچەی موکریان دەرکەوت، ئەدی چۆن بوو ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات ناوی "داشامەجید"، "مەهاباد"، یان "موکریان"یان بۆ ئەو ڕۆژنامەیە هەڵنەبژارد. بێگومان ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ دنیابینیی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات کە بەو ناوە تەعبیر لە جوغرافیایەکی سیاسی و سروشتی لە زەینی تاکی کورددا دەکەن، "کوردستان"، واتە کوردستان. هەر ناونانی ڕۆژنامەی زمانحاڵی حیزبی دێموکرات بە "کوردستان" هەر لەجێدا خەتی سوور و باتڵ بەسەر هەموو ئەو بانگەشانەدا دەکێشێ کە ئەویترەکان، واتە فارسەکان و نەیارانی دیکەی کورد دامەزرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان بە بەرهەمی بیری کاتی، بیری بەرتەسکی ناوچەیی و دەسکردی بێگانەکانی وەک ڕووس دەزانن و تەنانەت بۆ داشکاندن لە گەورەیی و شکۆی حیزب و کۆمارەکەی کوردستان بە "کۆماری مەهاباد"ی ناو دەبەن. هەروەها پێشمەرگەکانی قەڵەمی حیزبی دێموکرات ناشێ خۆیان بە میراتگری میقداد میدحەت نەزانیبێ و بە دڵنیاییەوە خۆیان بە درێژەدەری ئەو ڕێبازە زانیوە و هەڵبژاردنی ناوی "کوردستان" ئاماژە و گەڕانەوەیەکیشە بۆ "کوردستان"ی دایک، واتە کوردستانی بەدرخانییەکان و شوناسی خۆیان لەو دنیابینییە بەرفراوانە وەرگرتوە. کاک ناسر باباخانی، یەکێک لە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی ئێستای "کوردستان" لە وتارێکدا کە بەبۆنەی ژمارە ٨٠٠ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو بووەتەوە، دەڵێ: "کوردستان" ڕۆژنامەیەک بوو بۆ وڵاتێک و نیشتمانێک نەک بۆ شارێک، نەک بۆ ناوچەیەک و ئەو ناوەی لەسەر پەسندی پێشەوا قازی محەممەد لەسەر ڕۆژنامەی حیزبی دێموکرات داندرا، ڕێک پێناسەیەکی شوناسخوازانە و نەتەوایەتییە.

پێوەندیدار بە ئامانجی پێناسەکراو بۆ ڕۆژنامەی "کوردستان" چ سەرچاوەیەک

لە خودی ڕۆژنامەکە و لە یەکەم سەروتاری یەکەم ڕۆژنامەی "کوردستان" باشتر کە بە قەڵەمی "سید محەممەد حەمیدی" یەکەم سەرنووسەری کوردستان نووسراوە. لەو وتارەدا لەژێر ناوی "ئامانجی ئێمە" هێڵە گشتییەکانی ئەو ڕێبازە دیاری کراوە کە ڕێبازێکی تەواو نەتەوەیی و نیشتمانییە. لەو سەروتارەدا ئاوا هاتوە:

"لەم کاتەدا کە خاکی کوردوستان لە هەموو وەختێک زیاتر پێویستیی بە فیداکاریی کوڕەکانیەتی بۆ ڕاگرتن، بۆ وەدەستهێنانی سەربەستی و ئازادیی خۆیان و بۆ وەدەستخستنی وسائیلی پێشکەوتنی هاونیشتمانییەکان دە تەقەلا دان. لەم وەختەدا کە هەموو نەتەوەکانی عالەم غەیرەز سەربەستی و گەورەیی نیشتمانەکەیان ئامانجێکیان نییە و بە شەو و بە ڕۆژ بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە هەوڵ دەدەن؛ ئێمە خەریکی چین و ئامانجمان چییە؟"

نووسراوەکە دوای لێکدانەوەیەکی کورت لە سەر وەزعی ئەوکاتی کوردستان بەم جۆرە کۆتایی پێ دێنێ:

"ئێمە کە بە دڵمانا نەدەهات خاوەنی چاپخانە و ئینتیشارات بین؛ ئەوا بە یارمەتیی خودا نامەی "کوردستان" داندرا و هەوەڵ ژمارەی بڵاو کراوە. ئەم نامەیە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بڵاو دەبێتەوە. دەیەوێ قەڵایەکی ئاسنین لە ئیتیحاد و برایەتی بێنێتە بەرهەم کە بناغەکەی بە زانست و هونەر و لەشساغی داندرابێ و بتوانێ دەگەڵ سێڵاوی دوبەرەکی و بێدینی و هەمو جۆرە ڕەوشتێک کە بۆ سەربەستی زەرەر بێت بەربەرەکانی بکا، هیوامان وایە ئەم قەڵایەی کە خەریکین قایمی بکەین؛ وەها قایم و بەهێز بێت کە هیچ هێزێک نەتوانێ بەربەرەکانی لە گەڵ بکا."

خوێندنەوەی ئەو دێڕ و ئامانجانە لە ئێستادا کە حیزبی دێموکرات و بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان" جێژنی ٨٠ ساڵەی دامەزرانیان دەگرن، پێمان دەڵێ ئەم قەڵایەی نەسڵی یەکەمی "کوردستان"ییەکان بەردی بناغەیان دانا، زۆر زوو بوو بە قەڵای ناسنامەی نەتەوەیی، بوو بە قەڵای پارێزگاری لە زمان، بوو بە تریبوون و مینبەری مافخوازیی نەتەوەیەک، بوو بە چەکی پێشمەرگە، بوو نە سەنگەری

وشیاریی نەتەوەیی، بوو بە ئامرازی دیپلۆماسیی حیزب و نەتەوەیەک. ئەم ئامانجانەی بناغەدانەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە یەکەم ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیەدا پێناسەیان کردوە، ئێستاش پێناسە و ڕەسالەتی "کوردستان"ی ئێستا پاش ٨٠ ساڵ و ئامانج و خولیای چوار نەوەی یەک لە دوای یەکی ئەو میللەتە بۆ سەربەستییە.

**قۆناغەکانی دەرچوونی ڕۆژنامەی "کوردستان":**

- یەکەم دەوری دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان بۆ ماوەی دوو ساڵی ١٣٢٤ و ١٣٢٥ی هەتاوی دەگەڕێتەوە، یان بە تەعبیرێکی دیکە "کوردستان"ی سەردەمی کۆمارە. لەم دەورەیەدا ١١٤ ژمارە بڵاو بۆتەوە. جاری وا هەبووە بە دو ڕۆژ جارێ، بە سێ ڕۆژ جارێک، یان حەوتووی جارێک. بەڵام لە یەکەم ژمارەی کە لە ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤ دەرچووە، هەتا ڕۆژەکانی کۆتایی سەرماوەزی ١٣٢٥ کە سوپای داگیرکەری پاشایەتی مەهابادی داگیر کردەوە، ١١٤ ژمارەی کوردستان چاپ و بڵاو بووەتەوە.
- دووهەم دەوری ڕۆژنامە، ساڵێک دوای ڕووخانی کۆمار واتە لە ساڵی ١٣٢٧ بەولاوەیە کە کۆمەڵێک لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات بۆ نموونە عەبدوڵڵا ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) درێژە بە دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی "کوردستان" وەک بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکرات دەدەن. لەم دەورەیەدا کە بە هاوکاریی حیزبی توودە دەرچووە، ٤ یان ٥ ژمارەی دەرچووە کە لە تەورێز چاپ کراوە.
- پێش کۆنگرەی ٢، لە ساڵەکانی نێوان ١٣٤٢-١٣٤٣ی هەتاوی دەورێکی دیکە لە ڕۆژنامەی "کوردستان" لەلایەن ئەحمەد تۆفیق دەردەچێ، ئەوکاتە ڕێبەریی حیزب پەریوەی کوردستانی گەرمێن بووە و بنکەیەکی حیزبی لە شارۆچکەی "سیتەک"ی نیزیک سلێمانی بووە و ئەم دەورەیەی "کوردستان" کە ٥-٦ ژمارەی لێ بڵاو بووەتەوە، لەو قۆناغەدا بووە. هەمووانیش دەزانین کە دوای کۆنگرەی ٢ کە ئەحمەد تۆفیق دەبێتە کەسی یەکەمی حیزب، لەژێر کاریگەریی شۆڕشی بارزانیدا، ئۆرگان و زمانحاڵی حیزبی دێموکرات ناوەکەی "لە کوردستان"ەوە دەبێتە "دیسان بارزانی"

کـە ئەویـش ٤-٥ ژمـارەی لـێ بـڵاو بووەتـەوە و لـە سـەری نووسـراوە کـە حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان بـڵاوی دەکاتـەوە.

- قۆناغێکی دیکەمـان هەیە کە بە "کوردستانی باکۆ" بەناوبانگە. لەو کاتدا لـە باکۆ ڕۆژنامەیـەک دەردەچـوو بـە نـاوی "آذربایجـان" کـە چـوار لاپـەڕە بـوو و لاپەڕەیەکـی کوردی بـووە و وەک زمانحاڵی حیزبی دێموکرات، بەڵام بە ئیمکاناتی حیزبی تـوودە دەردە چـوو و بـڵاو دەکرایـەوە. قوورسـایی ئـەو ئەرکـە لەسـەر ئەسـتۆی کەسـانێکی وەک "عەلی گەلاوێژ" و "د. ڕەحیم سـەیفی قازی" بووە. ئەو قۆناغـە لـە ساڵەکانی ١٩٤٨ هەتـا ١٩٦٧ (واتـە ١٣٢٩ هەتـا ١٣٤٦ی هەتـاوی) بـەردەوام بـووە و کـەم و زۆر نیزیـک ١٢٠٠ ژمارەیەکـی لـێ بـڵاو بووەتـەوە.

- هـەر لـەو بازنـە زەمەنییـەدا "کوردسـتان"ێکی دیکەشمان هەیە کە بە "کوردسـتان"ی پڕاگ بەناوبانگە و لە ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوییە هەتا ١٣٤٩ی هەتـاوی (واتـە ١٩٤٥ هەتـا ١٩٧٠ی زایینـی) دەرچـووە و لـە مـاوەی ئـەو ٧ سـاڵەدا ٢٦ ژمـارەی لـێ بـڵاو بۆتـەوە. د. عەبدولرەحمـان قاسـملوو، حەسـەن قزلجـی، کەریـم حیسـامی و عەلـی گەلاوێـژ لـە کۆڵەکەکانـی ئـەم ڕۆژنامەیـە بـوون. ئـەم "کوردسـتان"ە نـاوی ئۆرگان یـان زمانحاڵـی حیزبی دێموکراتی لەسـەر نەبووە. بەڵام فکر و پڕۆژەی فکری و دنیابینییەکـەی هـەر لـە دەوروبـەری فکری حیزبی دێموکراتی کوردسـتان بـووە.

- ئاخـر دەورەش ئـەو دەورەیەیـە کـە ئێسـتا دەردەچـێ و هەتـا ٢٥ی گەلاوێـژی ئەمسـاڵ و یادی ٨٠ سـاڵەی دامەزرانی حیزب ٩٠١ ژمـارەی چاپ و بـڵاو بۆتوە. ئەم دەورەیـە لـە ڕێبەندانـی ١٣٤٩ (فێوریـەی ١٩٧١) و دوای گەڕانـەوەی د. قاسـملوو بـۆ کوردسـتان و گرتنـی کۆنفرانسـی ٣ی حیـزب و داڕشـتنەوەی قـەوارەی نوێـی حیزبـی دێموکـرات دەرچـووە. ئـەم قۆناغـە لـە دەرچوونـی "کوردسـتان" زۆر تابیعـی دۆخـی سیاسیی حیزب بووە، جاری وابووە مانگانە دەرچووە، جاری وابووە دوو حەوتووانە بـووە، جـاری وابـوو سـێ مانگان دەرنەچووە و ئێسـتا لـە لانیکـەم لـە ٢٣-٢٤ سـاڵی ڕابـردوودا مانگـێ دوو ژمـارە و جـاری واشـە سـێ ژمـارەی لـێ بـڵاو بووەتـەوە.

### دیاردەی چەند "کوردستان"ی بەهۆی دابڕانە نێوخۆییەکانی حیزب

دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ١٣٥٧ بەهۆی بارودۆخی تەشکیلاتیی حیزب ئێمە لەگەڵ دیاردەی چەند "کوردستان"ی بەرەوڕووین. بۆ نموونە:

- ساڵی ١٣٥٩دوای جیابوونەوەی تاقمی حەوت کەسی کە خۆیان بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (پێڕەوانی کۆنگرەی ٤) دەناساند، "کوردستان"ێک دەناسین کە زمانحاڵی ئەم باڵەیە کە ڕیزەکانی خۆی لە حیزبی دێموکرات جیا کردووەتەوە. بەڵام بە ناوی حیزبی دێموکرات هەتا ساڵی ١٣٦٤ درێژە بە ژیانی سیاسیی خۆی دەدا و زمانحاڵ و ئۆرگانەکەشی هەر "کوردستان"ە و هەتا هەڵوەشانی زیاتر لە ٣٥ ژمارەی بەو ناوە بڵاو بۆتەوە. (هەتا ساڵی ٦٢ بە ناوی "کوردستان" بووە و دوای چوونە شاخی ئەو تاقمە هەتا هەڵوەشان و نەمانیان لە ساڵی ١٣٦٤ ناوی "کوردستان"یان بە "ڕێبازی کوردستان" گۆڕیوە.)

- بەهاری ١٣٦٧ی هەتاوی و دوای ئینشعاب لە کۆنگرەی ٨ کە بووە هۆی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ)، ئەم باڵە لە حیزبی دێموکراتیش دەورێکی دیکە لە ڕۆژنامەی "کوردستان" لە ژمارەی ١ەوە دەردەکا کە هەتا یەکگرتنەوەی دوو باڵی حیزبی دێموکرات کە لە سەرماوەزی ١٣٧٥دا ژمارەی ٨٠ی وەک دوایین ژمارە لێ چاپ و بڵاو بۆتەوە.

- بەفرانباری ١٣٨٥ی هەتاوی و دوای لێکدابڕانەکەی کۆنگرەی ١٣ کە لایەنی ئۆپۆزیسیۆن لە ژێر ناوی "حیزبی دێموکراتی کوردستان"دا درێژەی بە ژیانی سیاسیی خۆی دا، لە دەرکردنی "کوردستان" بەردەوام بوو. لە یەکەم ڕۆژی لەتبوونی حیزبی دێموکرات دوای کۆنگرەی ١٣ هەتا ڕۆژی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان لە ٣٠ی گەلاوێژی ١٤٠١ ئێمە دوو "کوردستان"ی دوو باڵی حیزبی دێموکرات دەبینین کە ناو و لۆگۆ و تەنانەت ژمارەکەشیان وەک یەکە. واتە هەردوو لایەن لەو تەسەلسولی ژمارەیە بەردەوام بوون و ئێمە لە ژمارەی ٤٥٠ هەتا ٨٢٩ دوو "کوردستان"مان بۆ یەک بە یەکی ئەم ژمارانە هەیە. سەرنجڕاکێش ئەوە بوو لە ڕۆژی یەکگرتنەوەدا هەردوولایەن ژمارەی ٨٢٩یان چاپ ببوو و بەردەوامیی ڕۆژنامە دوای یەکگرتنەوە هیچ کێشەیەکی ژمارەی لەسەر دروست نەبوو.

**ڕەسالەت و ئەرکەکانی کوردستان**

زێدەڕۆیی نیە بڵێین گرینگترین ئەرکی ڕۆژنامەی "کوردستان" پتر لەوەی تریبوونی حیزبی دێموکرات بۆ بڵاوکردنەوەی سیاسەتەکانی ئەم حیزبە بی، خزمەتکردن و پاراستنی زمانی کوردی بووە. ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و دامەزرێنەران و بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان" لایان ڕوون و ئاشکرا بووە کە زمان وەک سیاسیترین توخمی نەتەوایەتی لەنێو کورددا کاریگەریی زۆری هەبووە لە گەشە و نەشەی ناسیۆنالیزم و نەتەوەخوازیدا، بۆیە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی ڕۆژنامەی "کوردستان" پاراستنی زمان بووە بە هەموو شێوازێک. لەو ئەرکەشدا ئەوەندە سەرکەوتوو بووە کە سەردەمانێک لە کوردستانی گەرمێن لەلایەن نوخبە و ئیلیتەکانی باشووری کوردستان بۆ ڕەسەنایەتی زمانی نووسینی "کوردستان"یان بە نموونە هێناوەتەوە. مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سکرتێری پێشووتری حیزبی دێموکرات و یەک لە سەرنووسەرەکانی "کوردستان" دەڵێ کاریگەریی ئەم ڕۆژنامەیە لەسەر توێژی ڕووناکبیر و نووسەری بەشەکانی دیکەی کوردستان ئەوەندە زۆر بووە کە باوە گوتوویانە ئەگەر دەتەوێ کوردییەکی پەتی و خاوێنت بەرچاو بکەوێ و فێری ببی حەتمەن بچۆ ڕۆژنامەی "کوردستان"ی حیزبی دێموکرات بخوێنەوە.

ئەرکێکی گرینگی دیکەی حیزب خاوەنداریتی لە هەموو پرسە سیاسی، نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و ئێران بووە و لەو پێوەندییەدا وێرای لەقاودانی پیلانەکانی تاران تەعبیری لە خوێندنەوە و هەڵوێستی بزووتنەوەی کورد لە ئێران کردوە.

چەمکی بەرپرسیاریتی کۆمەڵایەتی فەرهەنگی بریتییە لەوەی کە ڕۆژنامە دەبێ وەک ویژدانی کۆمەڵگە، وەک ویژدانی نەتەوەکەی خۆی بتوانێ ئاوێنەیەکی باڵانوێن بێ بۆ سەرجەم پرسە سیاسی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی و فەرهەنگییەکان.

ڕۆژنامەی "کوردستان" لە ماوەی ژیانی خۆیدا زۆر قۆناغی بڕیوە و بڕینی گەلێک ڕێگەی هەڵەمووتی ئەزموون کردوە. سەردەمانێک ئەرکی بڵاوکردنەوە و گەیاندنی

بڕیار و پەسندکراوەکانی حیزبی دیموکرات و کۆماری کوردستانی لە ئەستۆ بووە و سەردەمانێک شوێنی تۆماری حەماسەی پێشمەرگەکان و مێژووی خوێناویی ساڵە سەختەکانی خەباتی کورد بووە. "کوردستان" سینگی پڕە لە داستان و نەبەردیی نەتەوەیەک، ئەدەبی بەرگری و خۆڕاگریی میللەتێک و پرۆژەی وشیاریی نەتەوەیی بۆ ڕابوون و هەستانەوە.

دامەزرێنەرانی "کوردستان" خولیا و ئامانجی گەلێک گەورەیان بۆ خۆیان و بۆ "کوردستان" دەستنیشان کردبوو. "کوردستان" دەبوا ببێتە مینبەری مافخوازیی نەتەوەیەک و ڕۆڵی سەرەکیی لە پێگەیاندن و بردنەسەرێی ژیری و وشیاریی ڕۆڵەکانی ئەم گەلەی هەبێ، کە بووی. دەبوا ببێتە قەڵای پارێزگاری لە زمان و شوناسی نەتەوەیەک کە نەیارانی لەمێژ بوو بۆ سڕینەوەی کولتوور و مێژووی شمشێریان لە ڕوو بەستبوو، کە بوو. "کوردستان"ـیان لەو پێناوەدا زۆریان چێشت، زۆریان گەرمێن و کوێستان کرد، لە پێتەختی زۆر وڵاتاندا شەکەت بوون و ئارەقیان ڕشت، لە زۆر ڕێز و مەتەرێزدا خوێنیان لەبەر ڕۆیشت و تەنانەت گیانیشیان دانا، بەڵام ئەو سەنگەرە چۆڵ نەکرا و ئەم ڕێبازە دەستی لێ هەڵنەگیرا و ئەم کاروانە بێ ڕێبوار نەمایەوە.

مامۆستا حەسەنزادە لە وتووێژێکدا لەگەڵ نووسەری ئەم دێڕانە دەڵێ کاتێک دوای پەیمانی ئەلجەزایر لە ١٩٧٥ پێوەندییەکانی ئێران و عێراق گۆڕانیان بەسەردا هات، دۆخێکی نوێ بۆ تێکۆشانی سیاسیی ئێمە دروست بوو کە لەسەر دەرچوونی ڕۆژنامەی "کوردستان" کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبوو. لەوکاتدا دەفتەری سیاسیی حیزب لە عێراق و ڕۆژنامە لە بەغدا دەردەچوو. بە بڕیاری حکوومەتی بەعس دەرچوونی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە حیزب قەدەغە دەکرێ و دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامە مەجبوور دەبن بە تایپی دەستی بنووسن و لە سەر کاغەز بیانچەسپێنن و بینێرن بۆ یەکێ لە پایەتەختەکانی وڵاتان هەتا لەوێ چاپ بێ. مامۆستا بۆ نموونە ئاماژە بەوە دەکا کە ژمارەیەک لە ژمارەکانی "کوردستان" سێ چوار پایەتەختی



هەولێرنامەی کتێب

کردن هەتا دەرچوو. لە بەغدایە لە عێراق چاپ نەکرا، چووە بەیرووت، پێتەختی لوبنان. لەوێ نەیانهێشت، چووە بێرلین پێتەختی ئەڵمانی شەرقیی ئەوکات. لەوێش دەستی نەدا و ئاخرییەکەی چوو لە پاریس چاپ کرا.

"کوردستان" هەڵگری باوەڕ و پەیامی حیزبێکە کە پاشخانێکی دەوڵەمەندی لە خەباتی شوناسخوازیی نەتەوەی کورد هەیە. حیزبێک کە کۆماری کوردستانی دامەزراندوە و بە دژی دوو ڕێژیمی سەرکوتکەر و داپڵۆسێنەر کە هیچ بایەخێکی بۆ مافە مەدەنی و سیاسییەکانی کورد دانەناوە خەباتی کردوە. بۆیە دەکرێ مێژووی خەباتی ئەو حیزبە کە هاوکات مێژووی خەباتی ئەو نەتەوەیەشە لە لاپەڕەکانی ئەم ڕۆژنامەیەدا بخوێندرێتەوە. هەر ڕۆژنامەیەکی هەر ساڵێکی دەرچوونی "کوردستان" هەڵدەیتەوە، چاوت بە ڕوانگەی ئەم حیزبە لە بارەی ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانی پێوەندیدار بە نەتەوەی کورد لە ئێران و بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکەوێ و بەسەرهاتی گەل و ڕەفتاری ڕێژیمە ناوەندگەراکان دەرحەق بەو نەتەوەیەی تێدا بەدی دەکەی.

چارەنووسی "کوردستان" لە هەموو ماوەی تەمەنیدا بەشێک بووە لە چارەنووسی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە زمانحاڵی ئەم حیزبە بووە. کاتێک ئەم حیزبە لە نێوخۆی وڵات حوکمی بەدەستە و کۆمار بەڕێوە دەبا، "کوردستان" بە ئیمکاناتی حکوومەت و بە ڕێکوپێکی و بە تایبەتمەندیی ڕۆژنامەیەک کە وەڵامدەری حەوجێیەکانی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە. کاتێکیش حیزبەکەی لە مەتەرێزی شەڕی چەکداری و بەرگری لە مانی گەلەکەی دایە، دەبێتە چەک و دەنگی پێشمەرگە. کە حیزبەکەی تێکۆشانی ئاشکرای هەبووە، بە ئاشکرا دەرچووە و بڵاو بۆتەوە، ئەگەریش حیزب لە خەباتی سەختی پارتیزانیدا بووبێ، لە چیا و ئەشکەوت و بن گاشەبەردەکانەوە گەیوەتەوە شار و دەستی خوێنەرانی. ئەگەر ڕۆژێک چالاکی و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لەکزی دابێ، ئەم لاوازییە لە ڕۆژنامەشدا ڕەنگی داوەتەوە و هەرکاتێکیش هەلومەرج لە بەرژەوەندیی حیزبدا چووبێتە پێش، ئەوا "کوردستان" سوودی لە بارودۆخەکە وەرگرتووە و گەشەونەشەی پێوە دیارە.

"کوردستان" لە کاتی داسەپانی سیاسەتی سانسۆڕی دوو حکوومەتی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی و پیلانە نەرمەکانی ئەم دوو ڕێژیمە بۆ دروستکردنی قەیرانی شوناس و تواندنەوەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە نەتەوەی باڵادەستدا، قەڵای خۆڕاگری پارێزگاری لە هۆوییەت و شوناس و زمانی کوردی بووە.

"کوردستان" لە هەموو ماوەی تەمەنیدا کۆمەڵە ئەرکێکی نەگۆڕ و هەمیشەیی بۆ خۆی پێناسە کردووە کە بەشێکی بریتین لە: بانگەشە و بەدواداچوون بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس، بەرجەستەکردنی بایەخمەندیی شۆڕشگێڕی و خەباتکاری و، هەروەها ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ وەک پرنسیپێکی ئەخلاقی و ئینسانی و جیهانگیر. "کوردستان" لە هەر بارودۆخێکدا ئاوڕی لە پرسە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە، ژینگە و بەرگری لە مافە مەدەنی و سیاسییەکان داوەتەوە بە بایەخەوە بۆ پرسی ژنی ڕوانیوە و بەگژ هەڵاواردن و فەرق و جیاوازیدانان چۆتەوە، جا ئەمە چ سەرچاوەکەی کولتوور و نەریتی کۆمەڵ بووبێ یان ڕوانگە و سیاسەتی حکوومەتی زاڵ بەسەر کوردستاندا.

"کوردستان" باوەڕی بە بیروڕای ئازاد هەبووە و لەگەڵ ئەوەدا کە بۆخۆی ئۆرگان و زمانحاڵی حیزبێکی سیاسی بووە، بەڵام سینگفراوان بووە و قەتی دەرگای ڕەخنە لە خۆی دانەخستووە. "کوردستان" هەروەها ئەگەر چەند ڕۆژ جارێک دەرچووبێ، یان مانگانە و دوو حەوتوو جارێک گەیشتبێتە دەستی خوێنەرانی، بەڵام باس و هەڵوێست لەسەر نالێکییەکانی کۆمەڵ و لەقاودانی کاروکردەوە و سیاسەتەکانی حکوومەتی ناوەندی و زۆر مژار و تەوەری دیکەی بە بەشێک لە جەوهەری ڕەسالەت و ئامانجی خۆی داناوە و لە هەموو ئەو ماوەیەدا بە ڕەچاو کردنی زمانی خاوێنی مێدیایی و بنەما ئەخلاقییەکانی ڕۆژنامەنووسی هەوڵی بۆ داوە. "کوردستان" لە مێژووی ژیانی خۆیدا بە بایەخەوە لە پرسی پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵانی ڕوانیوە. لەلایەک سیاسەتی ناسەردەمیانە و هەڵاواردنەکانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە ماف و ڕەوشی منداڵانی لەقاو داوە و لەلایەکی دیکەش بۆخۆی قۆڵی هەڵماڵیوە و بە دەرکردنی گۆڤار و پاشکۆ -دنیای منداڵان- بۆ ساڵانێکی زۆر ئەم بۆشاییەی لە مێدیای کوردیدا پڕ کردووەتەوە.

مامۆستا حەسەنزادە لەو وتارەدا کە بۆ ژمارە ٨٠٠ی "کوردستان"ی نووسیوە، دەڵێ" "کوردستان" هەموو شتێکی وەک حیزبی دێموکرات دەچێ و شتێکی زۆریش سروشتییە. چونکی ئۆرگان و زمانحاڵی حیزبە و ئەرک و سەلاحییەتی خۆیەتی کە ئاوێنەی سیاسیی حیزبی دێموکرات لە بەرزترین ئۆرگانی بڕیاردانیدا بێ. "کوردستان"یش هەروەک حیزبەکەمان:

- سەربەخۆیە. لە سیاسەت و ڕێباز و بۆچوون و لێکدانەوەدا، تەنیا شتێک کە داروولە بۆ "کوردستان" دادەنێ قازانج و ئامانجی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە. هیچ هێزێک شتی پێ دیکتە ناکا و خەت و ڕێبازی نیشان نادا. لاپەڕەکانی ٩٠١ ژمارەی ڕابردووی "کوردستان" شاهیدێکی زیندووی ئەو ڕاستییەن کە ڕۆژنامەکەمان بە هیچ نرخێک سەربەخۆیی ڕێبازی خۆی لە دەست نەداوە.

- ڕاستگۆیە. ڕەنگە زۆر جار "کوردستان" بە سەلاحی نەزانیبێ هەموو حەقیقەتێک بخاتە پێش چاوی کۆمەڵانی خەڵک و بۆ ماوەیەک هێندێ شتی لە دڵی خۆیدا ڕاگرتبێ، بەڵام هیچ کاتێک درۆی لەگەڵ خەڵک نەکردوە و شتی پێچەوانەی حەقیقەتی پێ نەگوتوون. هەربۆیەش "کوردستان" جێگای متمانەی خەڵکی کوردستانە و ئەوان نووسراوەکانی لەبارەی هەر مەسەلەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و...وە بە سەنەد و بەڵگە دادەنێن.

- پێشکەوتووە. دژی هەموو بیروباوەڕێکی دواکەوتووانەی سیاسی خەبات دەکا. بۆ بەرپابوونی ئاڵوگۆڕێکی قووڵی کۆمەڵایەتی تێدەکۆشێ و هەوڵ دەدا دەسەڵاتی سیاسی لە دەستی کۆنەپەرستترین توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران بێتە دەرێ و بدرێتە دەستی ئەو چین و توێژانە کە لایەنگری ئازادی و بەرامبەری و دادپەروەریی کۆمەڵایەتین.

- هەر لە بەر ئەوانەش خۆشەویستە. "کوردستان" جێگای خۆی لە دڵی خوێنەرانی کوردا کردووەتەوە. وەک بڵاوکراوەیەکی سەربەخۆ، ڕاستگۆ و پێشکەوتنخواز ناسراوە و خوێنەرانی هەموو کاتێک چاوەڕوانی ژمارە تازەکانی دەکەن.

**ئاکام:**

"کوردستان" دوای بڕینی هەموو ئەو کۆسپ و تەنگ و چەڵەمانەی لە زۆر قۆناغی ئەم ٨٠ ساڵەدا لەسەر ڕێی بووە، ئێستا سامانێکی دەوڵەمەند بۆ ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. "کوردستان" سەرەڕای ئەم پاشخان و مێژووە دەوڵەمەندە و، سەرەڕای ئەوەش کە کۆنترین و بەئەزموونترین بڵاوکراوەی سیاسیی بەردەوام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بەڵام بێبەری لە ڕەخنە و کەموکوڕییش نەبووە و نیە کە بەڕێوەبەرانی ئەم ڕۆژنامەیە دەبێ بەپێی هەلومەرج و پێویستیی نوێبوونەوە و پێداویستییەکانی سەردەم بۆ بەردەوامیی "کوردستان" ئاوڕی لێ بدەنەوە و بایەخی خۆی بدەنێ.

هەواڵنامەی کتێب

# لیبراڵیزمی کۆمەڵایەتی (سۆسیاڵ لیبراڵیزم) وەک ئامانجێک بۆ داهاتووی کوردستان

شاڕوخ حەسەنزادە

٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ، هەشتاهەمین ساڵیادی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو، حیزبێک کە زیاتر لە ٥٤ ساڵە بیرۆکەی "سۆسیالیزم" (لەژێر ناوی جۆراوجۆر)، وەک ڕێگەچارەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کۆمەڵایەتی و وەک فۆرمێک بۆ دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا هەڵبژرادوە و پێناسەی خۆی لەم چەمکە بە ڕوانینی جۆربەجۆرەوە هەبووە. دوای زیاتر لە پێنج دەیە، بە گۆڕانی نەزمی نوێی جیهانی، ئاڵوگۆڕەکانی جیهان و ناوچەکە، خێرایی تێکنۆلۆژی، نەمان یان لاوازبوونی بەرەی چەپ و سۆسیالیستی و چەندین ئەگەر و پێویستی دیکە، ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە خوێندنەوەیەک و بیرۆکەیەکی دیکەی نوێ وەک جیهانبینیی حیزبی دێموکرات بۆ داهاتووی کوردستان، هەڵبژێرین؟

لە مێژووی بیری سیاسیی مۆدێرندا، کەم ئایدۆلۆژی هێندەی مارکسیزم توانیویەتی هیوا، شۆڕش، خەون و هەڵبەت تراژیدیای گەورە بخولقێنێت. مارکسیزم لە شێوە ڕەسەنەکەیدا، تەنیا تیۆرییەک نەبوو؛ بەڵکوو ڕەخنەیەکی بنچینەیی و هەمەلایەنە بوو لەسەر پەیوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی هەڵقوڵاوی ناخی شۆڕشی پیشەسازی،

کە خۆی بە چەکی شیکاریی زانستیی مێژوو-ماتریالیزمی مێژوویی- پڕچەک کردبوو. ئەم تیۆرییە بە پێشکەشکردنی شیکارییەکی بەهێز لە چەمکەکانی وەک "لەخۆنامۆیی بوونی مرۆڤ"، "چەوساندنەوەی هێزی کار" و "ناکۆکییەکانی سەرمایەداری"، بەڵێنی ڕزگاریی مرۆڤایەتیی لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی بێ چین و ئازاد لە هەر جۆرە نایەکسانییەکی دەدا. ئەم بەڵێنە ڕزگاریخوازانەیە، بەتایبەتی بۆ چینی کرێکار لە ئورووپا و دواتریش بۆ گەلانی ژێردەستە و داگیرکراو لە سەرتاسەری جیهان، ئەوەندە سەرنجڕاکێش و هێزێکی پاڵنەر بوو کە بووە پارادایمی سەرەکیی خەباتە ئازادیخوازانە و دادپەروەریخوازەکان لە بەشێکی گەورەی سەدەی بیستەمدا.

بەڵام، ئەم تیۆرییە لە ڕێڕەوی بەکردەییکردنی خۆیدا، تووشی گۆڕانکاری، ئاڵنگاری و لادانی گەورە بوو. یەکەم گۆڕانکاری و وەرچەرخانی سەرەکی بە "لێنینیزم"ـەوە دەستی پێ کرد؛ "ڤلادیمیر لینین"، وەک ستراتژیستێکی شۆڕشگێڕ، مارکسیزمی بۆ هەلومەرجی وڵاتێکی نیوە-فیۆدالیی وەک ڕووسیە گونجاند و چەمکی "حیزبی پێشڕەو"ـی وەک ئاوەز و ڕێبەری پرۆلیتاریا خستە پاڵ. ئەم داهێنانە، دیکتاتۆریەتیی پرۆلیتاریای لە کردەوەدا بۆ دیکتاتۆریەتی حیزب گۆڕی و ڕێگەی بۆ چەقبەستنی دەسەڵات خۆش کرد. ئەم پەرەسەندنە، لەژێر دەستی "جۆزێف ستالین"دا کارەساتی لێ کەوتەوە. لەژێر دەسەڵاتی ئەودا، مارکسیزم-لینینیزم بۆ "ستالینیزم" گۆڕا؛ سیستەمێکی تۆتالیتاری بێبەزەیی کە بە پیشەسازیی زۆرەملێ، بە هاوبەشکردنی پڕتوندوتیژی کێڵگەکان، پاکتاوە خوێناوییەکان و دروستکردنی تۆڕێکی بەرفراوانی ئۆردوگاکانی کاری زۆرەملێ-گولاگ- ملیۆنان مرۆڤی کردە قوربانی و، حەز و ئاوات و خەونی ڕزگاریی، کردە مۆتەکەی کۆمەڵگەیەکی داخراو.

لە سەردەمی شەڕی سارددا، ئەم مۆدێلە ستالینیستییە بووە ئایدۆلۆژیی فەرمیی دەوڵەتی یەکیەتیی سۆڤیەت و دەستەڵاتە پاشکۆکانی و، مارکسیزم لە تیۆرییەکی ڕەخنەییەوە بۆ ئامرازێکی ژیئۆپۆلیتیکی لە کێبڕکێی دوو زلهێزە جیهانییەکەدا دابەزی. لەم چوارچێوەیەدا، پشتیوانی لە بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نەتەوەییەکان

زۆربەی جار نەک لەسەر بنەمای باوەڕێکی ئینتەرناسیۆنالیستی، بەڵکوو لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنە ستراتیژییەکان بوو، بە مەبەستی فراوانکردنی سنووریی نفوزی بلۆکی ڕۆژهەڵات. هەر بۆیە، سەرنجڕاکێشبوونی دیاردەیەکی نوێ وەک مارکسیزم بۆ گەلانی چەوساوە، لە بەستێنێکی مێژوویی ئاڵۆزدا بووە کە تێیدا، هیوا بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ڕزگاریی نەتەوەیی، لەگەڵ واقیعی تاڵی ئایدۆلۆژیایەکی دەستەڵاتداریی تۆتالیتار و لۆژیکی بێبەزەییانەی شەڕی سارددا ئاوێتە ببوو.

لەم بەستێنەدا و هاوتەریب دەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و جیهان، دوای گەڕانەوەی د. عەبدولڕەحمان قاسملوو بۆ کوردستانی باشوور، بە هۆی شارەزایی و لێزانیی بەڕێزیان، ساڵی ١٣٥٠ (١٩٧١) بۆ یەکەم جار لە کۆنفرانسی سێهەمی حیزبی دێموکراتدا، بە شێوەیەکی پێشکەوتووانە بەرنامە و پەیڕەوی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان نووسیەوە و لەوێدا سۆسیالیزم وەک بەرنامەیەک ناوی هات و پەسند کرا. ئەم پرسە دواتر لە کۆنگرەی سێهەم، ١٣٥٢ (١٩٧٣) هاتەوە بەرباس و لەژێر ناوی "سۆسیالیزمی دادپەروەرانە"دا پەسند کرا. ئەوە بۆ یەکەمجار بە شێوەیەکی بەڵگەمەند و نووسراوە بوو کە لە فەسڵی یەکەم (ئامانجە گشتییەکان)، مادەی دووهەم سۆسیالیزم هاتە نێو بەرنامەی حیزب. لەو بەشەدا بە ڕوونی باس لە پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی دەکرێ و سۆسیالیزمی وەک ڕێگەچارەیەک بۆ کێشەی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا هەڵدەبژێرێ. بەهۆی باس و خواست و فکری جیاواز لەنێو کۆنگرەکانەوە هەر جارێ بەناوێک، سۆسیالیزم، وەک بنەما بۆ کۆمەڵگەی داهاتوی کوردستان پەسند دەکرا. لە کۆنگرەکانی چوار ١٣٥٨ (١٩٨٠) لەژێر ناوی "سۆسیالیزمی زانستی"، کۆنگرەی پێنج ١٣٦٠ (١٩٨٢) بە ناوی "سۆسیالیزمێک کە وڵامدەری هەلومەرجی وڵاتەکەمان بێ" و، لە ئاکامدا لە کۆنگرەش شەش ١٣٦٢ (١٩٨٣) لەژێر ناوی "سۆسیالیزمی دیمۆکراتیک"؛ کە لانیکەم ١٢ ساڵ بوو دوکتور کاری بۆ دەکرد، پەسند کرا. بەڵام دەبێ ئاماژە بەوەش بکرێ کە کۆمەڵێک هۆکار بوونە هۆی ئەوەیکە د. قاسملوو سنووری خۆی دەگەڵ

سۆسیالیزمی کلاسیک و مۆدێلەکانی لێنین و ستالین (ئارایی) دیاری بکات و بەو قەناعەتە بگا ئەو بیرۆکەیە، ئەوە نەبوو کە دەیانهەویست! ڕووداوەکانی لەهێستان لە دەیەی ٥٠ی زایینی و شۆڕشی ١٩٥٦ لە مەجارستان بە تایبەتی ڕووداوی بەهاری پراگ لە ساڵی ١٩٦٨ لە چێکوسلۆواکی کە دوکتور بۆخۆی نیشتەجێی ئەو وڵاتە بوو و دواتریش بە هۆی چالاکییەکانی لەم وڵاتە دەر کرا، کاریگەریی قووڵیان لەسەر ناوبراو دانا. ئەو ڕووداوانەی کە ئامانجیان سەربەخۆیی بڕیاردان لە سۆڤیەت و باڵکشانی دیمۆکراسی بە سەر گشت لایەنەکانی ژیاندا بوو. هەر ئەو ساڵە لە پرۆگرامی نوێی چاکسازیخوازانی حیزبی کۆمۆنیستی چێکوسلۆواکی ڕاگەیەندرا: مودێلێکی نوێی سۆسیالیزم؛ "ئێمە دەمانەوێ هەوڵی هێنانەکایەی مودێلێکی نوێی ئەوپەڕی دیمۆکراسییانە بدەین کە لەگەڵ هەلومەرجی چێکوسلۆواکیدا بگونجێ". ڕێک ئەو شتەی ئاوەزی دوکتور قاسملووی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردبوو کە بەرنامەیەک ڕۆبنێ هەتا دەگەڵ واقیعەکانی کۆمەڵگەی کوردستان تەبا بێ. ئەوەیکە لە سەرەتای "کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزمی دیموکراتیک"، باسی دەکات؛ لەو بەشەدا وێڕای ئاماژەدان بەوەیکە حیزبی دیموکرات حیزبێکی مارکسیستی یان مارکسیستی-لینینستی و کۆمۆنیستی نیە، "بەڵام لەبەر ئەوەیکە حیزبەکەمان حیزبێکی دێموکراتیکی-نەتەوەییە و لەهەمان کاتدا پێشڕەویشە بەو مانایە دەیهەوێ؛ وێڕای چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی پرسە کۆمەڵایەتییەکانیش چارەسەر بکات، بۆ ئەو مەبەستەش لە ئەزموونی جیهانی و بزووتنەوەی کوردیش کەڵک وەردەگرێ". کەواتە حیزبی دێموکرات بەردەوام هەوڵی داوە لە ئەزموونە جیهانییەکان و دەوروپشتی خۆی بنواڕێ و بە قازانجی نەتەوەکەی کەڵک وەربگرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، مێژوو، ئەو تاقیگە گەورەیەی ئایدیاکان، چارەنووسێکی دیکەی بۆ ئەم تیۆرییە نووسییەوە. ئەوەی لە کردەوەدا لەژێر ناوی "سۆسیالیزمی ئارایی" لە یەکێتیی سۆڤیەت، ئورووپای ڕۆژهەڵات، چینی سەردەمی مائۆ و دەوڵەتە پاشکۆکانی تردا سەریان هەڵدا، لادانێکی بنەڕەتی و تراژیک بوو لە ئارمانە ڕزگاریخوازە

سەرەتاییەکان. ئەم مۆدێلە، لە کردەوەدا تووشی نەخۆشییەکی فرەڕەهەند بوو کە ڕەهەندە ئابووری، سیاسی و مرۆییەکانی پێکەوە بەستبوویەوە:

**لەلایەنی ئابوورییەوە،** ناوەندگەریتی ڕەها و ئابووریی دەستووری، بووە هۆی کارەسات لە زۆربوونی بێکاری، بیرۆکراسیی و هەژاریی گشتی. هەڵوەشاندنەوەی میکانیزمی بازاڕ و دانانی نرخی دەوڵەتی، هەر جۆرە ئاماژەیەکی ڕاستەقینەی لە خستنەڕوو و خواستن (عرضە و تقاضا) لەنێو برد. ئاکامەکەی، بەرهەمهێنانی بەکۆمەڵی کەلوپەلی بێکەلک و ناپێویست بوو لەپاڵ کەمبوونی بەردەوامی کەرەسە سەرەکییەکاندا؛ ڕیزی دوورودرێژی وەرگرتنی نان و پێداویستییە ڕۆژانەکان بووە هێما و جۆری ژیان لە وڵاتانی بەرەی چەپی سۆسیالیستی. پڕۆژە زەبەلاحەکانی وەک "قەڵەمبازی مەزن بەرەوپێش"، لە وڵاتی چین، کە لەسەر بنەمای ئیرادەی سیاسی نەک لۆژیکی ئابووری داڕێژرابوو، بووە هۆی قاتوقڕیی ناوازە کە دەیان میلیۆن مرۆڤی کوشت. ئەم سیستەمە، بە لەنێوبردنی پاڵنەری تاکەکەسی و داهێنان، لە کێبڕکێی تەکنەلۆژیدا لەگەڵ ڕۆژئاوا بە سەختی دوا کەوت و لە کۆتاییدا، جگە لە پیشەسازییە قورسە سەربازییەکان، هیچ دەستکەوتێکی بەردەوامی بۆ باشترکردنی داپەروەری و چۆنیەتیی ژیانی هاووڵاتییەکانی نەبوو.

**لەلایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە،** ئەم سیستەمە بە دانی باج و نرخێکی قورس تەواو بوو. ڕەتکردنەوەی خاوەندارێتیی تایبەت، نەک هەر نەبووە هۆی باشتربوونی دۆخی کرێکاران، بەڵکوو بووە هۆی نکۆڵیکردن لە سەرجەم ئازادییە تاکەکەسییەکان و دامەزراندنی سیستەمێکی تۆتالیتەر. لەم پێکهاتەیەدا، حیزب-دەوڵەت وەک تاقانەی خاوەن دەرکەوت، تاکە خاوەنکار و تاقانە سەرپەرشتیاری هاووڵاتییان. سەربەخۆییی تاک بەسەریەک داڕووخا، چونکە بژیوی ژیانی هەر تاکێک بە تەواوی بۆ جۆری وەفاداریی بۆ حیزبەوە دەگەڕایەوە. ئازادیی ڕادەربڕین، کۆبوونەوە، سەفەرکردن و

تەنانەت بیرکردنەوەش، بە هۆی دەزگای سانسۆر و، پۆلیسی نهێنی (وەک ک. گ. ب لە سۆڤیەت یان ئەشتاسی لە ئاڵمانی ڕۆژهەڵات و دەزگای پاراستن و پڕۆپاگەندەی چین) سەرکوت دەکرا. کارڵ پۆپەر، ئەم شێوە کۆمەڵگەیانەی وەک "کۆمەڵگەی داخراو" پێناسە کردوە؛ کۆمەڵگەیەک کە بە بانگەشەی خاوەندارێتیی ڕەهای مێژوویی و یاسا نەگۆڕەکانی گەشەکردن، هەر جۆرە ڕەخنە، چاکسازی و بیرکردنەوەیەکی جیاوازی وەک "لادان" یان "خیانەت" سەرکوت دەکرد و ڕێگەی لە جووڵە و پەرەسەندنی سروشتیی کۆمەڵگە دەگرت. ئەم کۆمەڵگە داخراوە، لە کۆتاییدا نەک هەر مرۆڤی لە، لەخۆنامۆیی ئابووری ڕزگار نەکرد، بەڵکوو تووشی لەخۆنامۆییەکی سیاسی و ڕۆحیی قووڵتری کرد.

ڕووخانی دیواری بەرلین و دواتر هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا، تەنیا شکستی زلهێزێکی سیاسی نەبوو؛ بەڵکوو خاڵێکی وەرچەرخان بوو کە باڵادەستیی کردەیی پارادایمی ڕکابەر، واتە دێموکراسیی لیبراڵ، دەسەلمێنێت. لێرەدایە ئێمە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا دەبێت بە ئازایەتییەوە چاوێک بە خۆمانەوە بخشێنینەوە و پرسیارێکی بنەڕەتی بکەین: بۆچی سەرەڕای دەیان ساڵ خەبات، ئازایەتی و قوربانیدان، کەلکوەرگرتن لە هەموو جۆرە شێوازێکی تێکۆشان، بزووتنەوەکانمان لە گەیشتن بە ئامانجە سیاسییە جێگیرەکان و بنیاتنانی دامەزراوەیەکی مۆدێرن و کارامەدا، سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە؟ لەوانەیە خاڵی لاوازیی سەرەکی ئێمە-بەدەر لە جۆری ڕوانینی سیستەمی دیکتاتۆر، ئامرازەکانی سەرکوت و داپڵۆسێنەری ڕێژیم و بەرژەوندی وڵاتان- نەک لە گۆڕەپانی شەڕدا، بەڵکوو لە گۆڕەپانی بەرهەمهێنانی هزر و بیرکردنەوەدا بووبێت؛ نەبوونی جیهانبینییەکی واقیعبینانە و بەڵگەمەند کە بتوانێت هەم گۆڕانکارییە جیهانییەکان بە دروستی شی بکاتەوە و هەم ڕێگەچارەیەکی کردەیی بۆ کۆمەڵگەی کوردستان پێشکەش بکات. هەڵبەت مەبەست لە جیهانبینی، ئایدۆلۆژیایەکی دۆگم و داخراو نیە کە وڵامی هەموو پرسیارەکانی پێشوەختە دیاری کردبێت، بەڵکوو چوارچێوەیەکی

شیکاریی زیندوو و کراوەیە بۆ تێگەیشتن لە جیهان و کارکردن تێیدا.

بۆ تێگەیشتن لەم جیهانبینییە، دەبێت ئاوڕێک لە لیبراڵیزم بدەینەوە. **لیبراڵیزم چییە و لە کوێوە هاتوە؟**

لیبراڵیزم (Liberalism)، کە لە وشەدا بە مانای ئازادیخوازییە، هزر و فەلسەفەیەکی سیاسیی بەربڵاوە کە لهسەر بنەمای ئازادیی تاکەکەسی، یەکسانی لە بەردەم یاسا و سنووردارکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت دامەزراوە. نێوەڕۆکی سەرەکیی لیبراڵیزم، باوەڕمەندبوون بە کەرامەت و عەقڵانییەتی تاکیی مرۆڤ و توانای بۆ دەستنیشانکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی و پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە. لیبراڵیزم وەک فەلسەفەیەکی سیاسیی یەکگرتوو، لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدە و لە گەرمەی خەبات دژی ستەمکاریی پاشایەتی و دۆگمایەتیی کەنیسە لە ئورووپا لەدایک بوو و گوورا. بیرمەندانی سەردەمی ڕۆشنگەری وەک "**جان لاک**"، بە خستنەڕووی چەمکگەلی وەک؛ **مافە سروشتییەکان** (مافی ژیان، ئازادی و خاوەنداریتی) و ئایدیای **دەوڵەتی بنیاتنراو لەسەر ڕەزامەندیی خەڵک**، بەردی بناغەیان داناوە.

ئەم نەریتە فیکرییە بەدرێژایی مێژوو بۆ چەندین لقی جیاواز دابەش بووە کە تێگەیشتن لێیان بۆ هەڵبژاردنی ڕوانینی داهاتوومان پێویستە (لێرەدا ئاماژە بە چوار لقی سەرەکی دەکەین):

### ١. لیبراڵیزمی کلاسیک (Classical Liberalism)

ئەم لقە کە بە بیرمەندانی وەک "ئادەم سمیت" دەناسرێتەوە، جەخت لەسەر کەمترین دەستێوەردانی دەوڵەت لە ئابووری (لێسێ فێر) و زۆرترین ئازادیی تاکەکەسی و ئابووری دەکاتەوە. ئەم تێڕوانینە، بزوێنەری سەرەکیی شۆڕشی پیشەسازی بوو بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە هۆکاری فرەیی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و دواتر قەیرانی ئابووری مەزن بوو.

### ٢. لیبراڵیزمی کۆمەڵایەتی (Social Liberalism)

ئەم لقە کە لە وڵامی قەیرانەکانی سەرمایەداریدا سەری هەڵدا، بەبەڵگەوە باس لەوە دەکات کە؛ ئازادیی ڕاستەقینە تەنیا لە نەبوونی بەربەستە دەوڵەتییەکاندا کورت ناکرێتەوە. هەژاری، نەخۆشی و نەخوێندەواریش بەربەستی سەرەکین لەبەردەم گەشەکردنی تاک. بۆیە، ئەرکی دەوڵەتە بە دەستێوەردانی چالاکانە بۆ دابینکردنی پەروەردە، تەندروستی، ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان و دروستکردنی تۆڕێکی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، یارمەتیی بەدیهێنانی ئازادیی ڕاستەقینە بۆ هەموولایەک بدات. ئەمە هەمان ئەو مۆدێلەیە کە دەوڵەتی خۆشبژێو لە ئەورووپای ڕۆژئاوا دروست کرد.

### ٣. نیولیبراڵیزم (Neoliberalism)

ئەم ڕەوتە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا بە کەسایەتییەکانی وەک فرێدریش هایک، میڵتۆن فریدمەن، مارگرێت تاچر و ڕۆناڵد ڕەیگان دەسەڵاتی گرتە دەست، لە ڕاستیدا جارێکی تر بووژانەوەی هێرشبەرانەی لیبراڵیزمی کلاسیک[١]

هەوڵنامەی کتێب

١. بەر لە مەزن قەیرانی ئابووریی لە، ٢٩ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٩ کە بە "سێشەممەی ڕەش" لە وڵاتی ئەمریکا ناسراوە، ڕامانە یان تیۆری ناسراوی جیهانی، ئابووری نەریتی بوو(لیبرالیزمی کلاسیک)، بیرمەندانی ئەم شێوازە پێیان وابوو بازار بەپێی ئەو مکانیزمەی هەیەتی بۆخۆی خۆی ڕێک دەخات و هاوسەنگی لەناو خۆی درووست دەکات. بەڵام سێشەممەی ڕەش ئەم بۆچوونەی تووشی گرفت کردەوە، بازار نەیتوانی خۆی ڕاست بکاتەوە و خەڵکێکی زۆر بێکار بوون، کارگەکان داخران و متمانە بە سیستەمی ئابووری نەما، ئەمەش بووە هۆی کەمبوونەوەی داواکاری و زۆربوونی بێکاری. لەم نێوەدا بوو کە "جان مینارد کینز"، ئابووری ناسی ناسراوی بریتانی، بە نووسینی کتێبێک بە ناوی "تیۆریی گشتی کار، سوود و پووڵ" شۆڕشێکی مەزنی دەست پێ کرد کە بە پێشنیار و ڕێکاری وەک: دەستێوەردانی دەوڵەت لە بازار و کەم کردنەوەی باج، توانی خێرا بەسەر ئەو مەزنە قەیرانە زاڵ بن و تێپەڕێنن. کەواتە بەجۆرێک دەتوانین بڵێین ئابووریی کینزی کە بەرهەمهێنەری دەوڵەتی خۆشگوزەران بوو وڵامێک بوو بۆ بازاریی ئازادی هەوسار پچڕاو کە خۆی لە لیبرالیزمی کلاسیکدا دەدیتەوە. ئەگەرچی ئابووری کینزی توانی هەتا چەند دەیە بالانسی هێزی ئابووری ڕابگرێ بەڵام قەیرانەکانی دەیەی ٧٠ی زایینی جارێکی تر شێوازێکی دیکەی بۆ چارەسەری قەیرانی ئابووری جیهانی دەخواست، لێرەدا بوو کە "نیولیبرالیزم"

بوو. نئۆلیبراڵەکان بە ڕەخنەگرتنی توند لە دەوڵەتی خۆشگوزەران و دەستێوەردانی دەوڵەت لە ئابووریدا، داوای لابردنی ڕێگرییە یاساییەکان، تایبەتکردنەوەی بەرفراوان، کەمکردنەوەی باج و سپاردنی کاروبارەکان بە "بازاڕی ئازاد" دەکرد. هەرچەندە ئەم سیاسەتانە لە هەندێک کەرتدا یارمەتیی گەشەی ئابووریی دا، بەڵام زۆرجار بووە هۆی زیادبوونی نایەکسانی، لاوازبوونی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و قەیرانی داراییش کە دواتر لە ساڵەکانی ٢٠٠٨دا خۆی زیاتر دەرخست.

### ٤. دیموکراسیی لیبراڵ (Liberal Democracy)

ئەمە شێوازێکی سیاسی حکومڕانییە، نەک هەر بە تەنیا ئایدۆلۆژیایەکی ئابووری. دیموکراسیی لیبراڵ سیستەمێکە کە تێیدا ئازادییە لیبراڵییەکان (مافەکانی تاک، ئازادیی ڕادەربڕین، سەروەریی یاسا) لەگەڵ دامەزراوە دیموکراتییەکان (هەڵبژاردنی ئازاد، کێبڕکێی سیاسی، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان) تێکەڵ کراون. هەم لیبراڵیزمی کۆمەڵایەتی و هەم نئۆلیبراڵیزم دەتوانن لە چوارچێوەی دیموکراسییەکی لیبراڵدا جێبەجێ بکرێن.

### ئامانجی ئێمە کامیانە؟

ئەو چوارچێوەیەی ئێمە بەدوایدا دەگەڕێین، بە ڕاشکاوی لەنێو دڵی نەریتی لیبراڵیزمی کۆمەڵایەتیدایە و ئامانج لێی دامەزراندنی دیموکراسییەکی لیبراڵیی جێگیرە بۆ داهاتووی کوردستان. ئێمە بە ئاگاییەوە خۆمان لە لیبراڵیزمی کلاسیک، بەتایبەت لە نئۆلیبراڵیزم لا دەدەین، چونکە پێمان وایە بازاڕی ئازاد ناتوانێت بەتەنیا

---

خۆی دەرخست و لە بەرامبەر دەستێوەردانی دەوڵەت هاتە دەنگ. کەواتە نیولیبرالیزم، وەک پڕۆژەیەکی هزری و سیاسی بۆ پێچەوانە کردنەوەی سیاستەکانی "کینزی" بوو و ئامانج لێی؛ گەڕاندنەوەی هێز بۆ بازار، بچووک کردنەوەی دەوڵەت و کەم کردنەوەی دەوری دەوڵەت لە ئابووری دا بوو و ئاکامەکەشی نایەکسانی زۆری ئابووری و کەم کردنەوەی ڕۆڵی یەکێتییەکانی کرێکاری بوو.

دادپەروەری و یەکسانی دابین بکات. هەڵبژاردەی ئێمە لیبراڵیزمی کۆمەڵایەتییە، چونکە ئەم مۆدێلە بەبێ قوربانیکردنی ئازادییە تاکەکەسییەکان و جووڵەی ئابووریی بازاڕ، وەڵامێکی مۆدێرن و کاریگەر بە کەڵکەڵە و نیگەرانییە مێژووییەکانی بزووتنەوەکەمان واتە دادپەروەری کۆمەڵایەتی و پێکەوەبوون دەداتەوە. بە جۆرێکی دیکە دەکرێ لیبراڵیزمی کۆمەڵایەتی وەک ڕێگای سێیەم لەم هاوکێشەیەدا سەیر بکەین یان بەشێوەیەکی گشتی و بۆ تێگەیشتنی باشتر، دەتوانین بڵێین؛ لیبراڵیزمی کۆمەڵایەتی لە بنەڕەتدا تێکەڵەیەکە (سەنتێزێکە) لە نێوان لیبراڵیزم (تێز) و سۆسیالیزم (ئەنتی-تێز)، لیبراڵیزمی کۆمەڵایەتی ڕێگایەکە لە نێوان ئەم دوو ڕوانینە کە لایەنە ئەرێنییەکانی لیبراڵیزم (ڕێزگرتن لە ئازادیی تاک) و لە سۆسیالیزمیش (گرنگیدان بە یەکسانی و دادپەروەری) تێکەڵ دەکات بە مەبەستی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی ئایدیال.

لەم نێوەدا، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، وەک یەکێک لە کۆنترین و ڕیشەدارترین ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و ئێران، لە نێو دڵی هەمان ئەو گۆڕانکارییە جیهانی و ناوچەییانەدا لەدایک بوو و گەشەی کرد. لە سەردەمی دامەزراندنی حیزب و ساڵانی دواتردا، گوتاری سۆشیالیستی، گوتاری هاوبەشی خەباتە دژەداگیرکاری و ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی بوو. گرێدانەوەی خەبات بۆ بەدەستهێنانی ئازادی، مافە نەتەوەییەکان و هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، لەو سەردەمەدا هەڵبژاردنێکی سروشتی و پێشکەوتنخوازانە بوو کە ئێستاش وەک شانازییەک بۆ ئەو سەردەم باسی دەکرێ.

بەڵام، دووربینیی سکرتێری گشتیی حیزب، شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، لەوەدا بوو کە؛ زۆر زووتر لە ڕەوتە سیاسییەکانی تری کوردستان، ئاگاداری مەترسییەکانی دۆگمایەتی و پێویستیی خۆگونجاندن لەگەڵ واقیعیەتەکانی سەردەم بوو. بەڕێزیان، بە پشت بەستن بە سێ بنەمای سەرەکی، ڕێگەی بۆ پەرەسەندنی فیکریی حیزب خۆش کرد:

١. تەوەرەبوونی بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد،

٢. سەربەخۆیی سیاسیی حیزب،
٣. واقیعبینی لە شیکردنەوەی هەلومەرجە جیهانییەکاندا.

ناوبراو، وەک ئابووریناسێکی خوێندەواری ڕۆژئاوا و ڕێبەرێکی سیاسیی پراگماتیست، بەباشی تێگەیشتبوو کە مۆدێلی "سۆسیالیزمی ئارایی"ی بلۆکی ڕۆژهەڵات نەک هەر لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی گەلی کورددا ناگونجێت، بەڵکوو بۆ سەربەخۆیی سیاسیی حیزبیش هەڕەشەیە. ئەو دەیبینی زۆرێک لە حیزبەکانی ناوچەکە بوونەتە ئامرازێک بەدەست یەکێتیی سۆڤیەتەوە و ئامانەکانیان کردووەتە قوربانیی بەرژەوەندییە ژیۆپۆلیتیکییەکانی مۆسکۆ.

هەر لەبەر ئەم هۆکارە، ئەو بە نووسینی باسێکی کورت بەڵام پوخت و مێژوویی سەبارەت بە "سۆسیالیزمی دیموکراتیک"، سنووربەندییەکی ڕوونی لەنێوان حیزبی دێموکرات و مۆدێلی کلاسیکیی سۆسیالیزم دروست کرد. ئەم هەنگاوە، گۆڕانکارییەکی تاکتیکی نەبوو، بەڵکوو تێکۆشانێکی فیکریی ئازایانە بوو. دوکتور قاسملوو بەڵگەی دەهێنایەوە کە؛ هەر جۆرە سۆسیالیزمێک ئەگە بە نرخی پشتگوێخستنی ئازادییە تاکەکەسییەکان، دێموکراسیی، پلۆرالیزمی سیاسی و مافەکانی مرۆڤ بێت، لە کۆتاییدا دەبێتە دژی خۆی و ناتوانێت دادپەروەریی ڕاستەقینە بەدی بهێنێت. "سۆسیالیزمی دیموکراتیک" لە بیری ئەودا، سەنتێزێکی ژیرانە بوو لەنێوان دوو ئامانی گەورەی مرۆڤایەتی، واتە؛ ئازادی و یەکسانی. ئەو لە لایەکەوە جەختی لە پێویستیی ڕزگاریی نەتەوەیی و دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەکردەوە و، لە لایەکی ترەوە بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە بەرگریی لە ئازادیی حیزبەکان، هەڵبژاردنی ئازاد، دژایەتیی تاکپەرستی و سەروەریی بەکۆمەڵ دەکردەوە. ئەم تێڕوانینە، حیزبی دێموکراتی لە کەوتنە ناو داوی دەمارگرژی ئایدۆلۆژیک پاراست کە زۆرێک لە بزووتنەوە چەپەکانی ناوچەکەی تووشی بنبەست کردبوو، هەر ئەوانەی ئەوکات و ئێستاش بەهەر ئاڵوگۆڕێک بەتایبەت لە بەرنامەکانی حیزب دا هەڵوێستی توند و نەرێنی دەگرنە بەر!

دواتر کە جیهان و بزووتنەوەکان و ڕوداوەکانی گەردوون ڕوو دەدەن و گۆڕانکاریی بنچینەیی لە جیهان بە گشتی و بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەتایبەت لە کوردستانی باشوور دێتە ئاراوە و درووشمی سەرەکی حیزبیش بۆ فیدڕالیزم دەگۆڕێ؛ بەو تێگەیشتنە جارێکی دیکە حیزبی دێموکرات لە کۆنگرە چاردە ١٣٨٦ (٢٠٠٧) خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ سۆسیالیزمی دێموکرات دەکات و دوای باس و موناقشە لە کۆنگرە پەسند دەکرێ. ئەم خوێندنەوە نوێیە سەرەتای لەیک نزیک بوونەوەی دوو هزری سیاسی-ئابووری بوو، واتە لەم شیکردنەوەیەدا بۆ یەکەمجار باس لە ئاوێتەبوونی سۆسیالیزم و لیبرالیزم کراوە. بۆ؟ چوونکە بەرژەوەندی نەتەوەیی و هەلومەرجی کۆمەڵگەی کوردستان وا دەخوازێ، تەنانەت لەوێدا بە ڕاشکاوی دوای هەندێک پێناسەی پێوەندیدارە باس لەمە دەکات کە: "ئێستا بەو بەرچاوڕوونییەوە دەتوانین بڵێین، ئەم پێناسە نوێیە لە سۆسیالیزمی دیمۆکراتیک، تێکەڵاوییەک و ئاوێتەیەکە لە بەهاو بایەخەکانی لیبڕاڵی و سۆسیالیستی".

لە بەشێکی دیکە لە شیکردنەوەکەدا، بە ڕوونی ئاوێتەکردنی بایەخەکانی ئەرێنیی لیبڕالیزم لە سەردەمی مۆدێڕن پۆلێن دەکرێ و هەر دوای ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر بەها گرنگ و بەرچاوەکانی سۆسیالیزم کە جەوهەری سەرەکی و بنەمای هەڵبژاردنی ئەم سیستەمەیە، لەوێدا هەم ئازادییەکانی تاک وەک هێمای لیبڕالیزم هەمژی ئازادیی و چالاکییەکانی بە کۆمەڵ کە هێمای سۆسیالیزمە لەبەر یەک دادەنرێن و پێمان دڵێ کامەیان قازانجی بۆ گەلەکەمان هەبێ، ئەو هەڵدەبژێرین: "ئێمە لە بایەخەکانی پۆزەتیڤی لیبڕالی بۆ دابینکردنی یاساگەلێک بۆ ماف و ئازادییەکانی تاک، داکۆکی دەکەین و لە ئازادییەکانی نێگەتیڤ کە دەور و نەخشی هەرە پێویست و تەواوکەری ئازادییەکانی پۆزەتیڤن داکۆکی دەکەین و پێمان وانییە کە ئازادیی پۆزەتیڤ و ئازادیی نگەتیڤ بەستراوەیی دوو لایەنەیان نیە و پێمان وایە ئازادی تاک لێرە دەبێ ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییانە لە بەرچاو بگرێ کە تێیدا کار دەکات، چون تاک لە نێو کۆمەڵدا دەژی و ناتوانێ دوورگەیەکی سەربەخۆ و بێنیاز بێ.

هەروەها پێمان وایە بەبێ ئازادی، عەداڵەتی کۆمەڵایەتی کە جەوهەری سۆسیالیزمی دیمۆکراتیکە و ئامانجی ئێمەیە، دابین ناکرێ چون تەنیا لە سێبەری ئازادی دایە کە بە ڕێکخستنی جەماوەر، چ لە شکڵی سەندیکا و یەکیەتیی کرێکاران و چ لە شکڵی دامەزراوە جۆرواجۆرە مەدەنی و کولتوورییەکان دایە کە دەسکەوتە کۆمەڵایەتی و دیمۆکراتیکەکان لە هێرشی ڕاستی نوێ و کۆنسێرڤاتیڤەکان دەپارێزرێن.“

ئەم بۆچوونە لە بنەماکانی فەلسەفە و بۆچوونەکانی "جان ڕاڵز"ـە! ناوبراو وەک بیرمەندێکی لیبراڵ هەوڵی داوە دوو چەمکی گرنگی سۆسیالیزم و لیبراڵیزم تێکهەڵکێش بکات. ڕاڵز هەوڵ دەدات لە نێوان دوو ڕەقیب و دژبەر ئاشتییەک بەدی بێنیت، دوو چەمک وەک نوێنەری دەزگای فکری دوو بۆچوون، "ئازادی" و "عەداڵەت". ئەو پێی وابوو دەکرێ ئەو دوو چەمکە لە چوارچێوەی یەکیەتییەکی هاوتەریب ئاوێتە بکرێ. ئەوەیکە ڕاڵز ناوی لێ نابوو "دادپەروەری هاوشێوەی ئینساف". ناوبراو هەوڵ دەدات بە ڕوانینێکی لیبڕاڵ تێمان بگەیەنێت کە دژوازیی نێوان ئازادی و عداڵەت، ڕاستەقینە نیە و دەستکردە. ڕاڵز لە کتێبێکی ناسراوی خۆی بە ناوی "تیۆریی دادپەروەری" ١٩٧١، یان، "دادپەروەریی هاوشێوەی ئینساف؛ گێڕانەوەیەک،٢ ٢٠٠١ هەروەها لە وتارێک بەناوی "دادپەروەری هاوشێوەی ئینساف؛ سیاسی نەک بانخۆزاو" (عدالت بەمثابە انصاف؛ سیاسی نە متافیزیکی) ١٩٨٥، دا بە گشتی ئەم باسانە دەکا و دەڵێ؛ "هەموو تاکێک دەبێ لە هەمبەر گرنگترین ئازادییە بنەڕەتییەکان مافی خۆی هەبێ (ئازادیی بەیان، بیرورا، کۆمەڵایەتی، ئایین)، نابەرامبەرییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان تەنیا کاتێک ڕێپێدراوە کە بە قازانجی بێبەشترین چینەکانی کۆمەڵگە بشکێتەوە (ئەوە بە، "بنەمای جیاواز"، ناسراوە-اصل تفاوت) هەروەها دەگەڵ دەرفەتە بەرامبەرەکان بۆ هەموو لایەک، وەک دەستوێڕاگەیشتن بە بەرپرسیارەتی و بارودۆخە جیاوازەکان. ڕاڵز وەک کەسێکی لیبڕاڵ بۆ ڕوانگەکانی سۆسیالیزمی کلاسیک کە باوەڕی بە خاوەندارییەتیی بەکۆمەڵی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان هەیە، ناتەبایە. ناوبراو باسی

---

2. Justice as Fairness: A Restatement

"دیموکراسی خاوەندارێتیتەوەر (مالکیتمحور) یان "سۆسیالیزمی لیبراڵ" (لیبرالیسمی کۆمەڵایەتی) دەکات کە لەودا خاوەندارێتی کەسیی جێگەی ڕێزە بەڵام، دابەشکاری سامان و دەرفەتەکان دەبێ بە قازانجی هەموولایەک بێ، بەتایبەت ئەوانەی کەمترلەبەرچاو گیراون یان سەر بە چینە بێبەشەکانن. کەواتە بەو ڕوانگەیە، کەم بوونەوەی نایەکسانی و باشتر بوونی دۆخی خەڵکیی بێبەش نەریتێکی سەرەکی سۆسیالیزمە کە لێرەدا بیرمەندێکی لیبراڵ باسی دەکات و ئەم خاڵە جەوهەرییە دێنێتە نێو دەزگای فکری خۆی و جیهانی ئازادیش پێشوازی لێ دەکات.

لە بەشێکی دیکەی شیکردنەوەیەکی حیزب لە کۆنگرەی چواردەدا، سۆسیالیزم وەک ڕێگەچارەیەک یان بەرنامەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی پێناسە دەکات و بە ڕوونی دەڵێ، "مەبەستی ئێمە ئەوە نیە کە وەک ئایدۆلۆژییەک بیڕوانین"، واتە لێرەش دا بە ڕوونی دەردەکەوێ مەبەست لەم سۆسیالیزمە تەنیا سیستەمێکی ئابووری و کۆمەڵایەتییە لە بەرژەوەندی خەڵک نەک هێڵێکی فکری و ئایدۆلۆژییەکی چەقبەستوو کە نەتوانین ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێنین و وەک دەقێکی پیرۆز سەیری بکەین. لەوە بەشەدا نووسراوە؛ "ئێمە ڕوانیمان بۆ سۆسیالیزم نە وەک سیستمێکی بەرهەمهێنانە و نە وەک سیستمێکی ئایدۆلۆژییە. کێشەی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی کە تەوەرو مەبەستی سۆسیالیزمی دیموکراتیکە، وەک یەکێک لە پرسە ئەخلاقییەکان باس دەکەین، نەک وەک یەکێک لە پرسە ئابوورییەکان و نە وەک پێویستییەک کە لە بنەماکانی ماتریالیزمی مێژووییەوە سەرچاوە بگرێ." لێرەدا خۆ بە دوور گرتن لە هەندێک چەمک و زاراوە، ئەو سنووربەندییەیە کە کۆنگرەش دەنگی بۆ داوە و ئەو چەمکە بێ کەلکەکانەی هاوێر کردووە و ڕێگە بۆ پێداچوونەوە و نوێکردنەوەی دەکاتەوە.

تەنانەت زۆر بە ئاشکرا و بێ پێچ و پەنا لەهەمبەر پرسی سەرمایەداری کە ئێتر ئەمەیان وەک هێڵی سوور وایە بۆ ئەو ڕێبازە، لێی تێدەپەڕێ، لەبەر ئەوەیکە هەموو هەوڵی حیزبی دیموکرات ئەوەبووە بە پێی تێگەیشتنی ڕاستەقینە و لۆژیکی بەدوور لە هەڵوێستی هەستەکی بڕوانێتە چارەسەرکردنی دۆخی کۆمەڵگەی کوردستان.

"ئابووریی جیهان ئۆرگانیزمێکی یەکگرتووە و هیچ دەوڵەتێک یان هەر سیستمێکی کۆمەڵایەتی یا ڕەوشێکی ئابووری ناتوانێ لە دەرەوەی ئەودا بە شێوەی سروشتی پەرە بستێنێ. بەمجۆرە دەبینین سەرمایەداری بۆتە ئەمرێکی واقیع و نە ئێستاکە ئاڵترناتیڤێکی هەیەو نە لە ئاسۆی ئێستادا کۆتاییەک بۆ ئەو نیزامە بەدی دەکرێ. کەوابوو ڕووخانی سەرمایەداری ئەمڕۆکە ئیدی دروشمێکی واقیعبینانە نیە".

لە ڕاستیدا، خوێندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەهەمبەر بەرنامەکانی، دۆکتۆرینێکی جێگیر و نەگۆڕ نیە، بەڵکوو گشتی ئەمانە میتۆدۆلۆژییەکە بۆ بیرکردنەوە لە کێشەکانی کوردستان لە چوارچێوەی گۆڕانکارییە جیهانییەکاندا. میتۆدۆلۆژیی تێکەڵکردنی ئارمانخوازی لەگەڵ واقیعبینیدا و، خۆگونجاندنی ئازایانەی بەرنامەی حیزب لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەم بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی گەل. لە ساڵی ١٣٥٠ەوە هەتا ئیستا (١٤٠٤)، ٥٤ ساڵ تێدەپەڕێت، هەتا ئێستا سەرجەم بەرنامەکانی حیزب بەهەر ناوێک بووبن لە بازنەی سەرەکی سۆسیالیزم وەدەر نەکەوتوە ئەویش تەنیا بۆ کەڵکەڵەی سەرەکی حیزب دەگەڕێتەوە کە لەو سیستەمە فکرییەدا پێی وەفادار بووە و خۆی لە، دادپەروەریدا دەبینێتەوە. بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە ئەگە لە سیستەمە فکرییەکانی دیکەدا ئێمە بتوانین شێوازێکی نوێی گونجاوتر ببینینەوە کە سەرجەم نەریت و باوەڕەکانی حیزب لەخۆ بگرێ، ئاڵوگۆڕ پێک نەهێنین. ئەمڕۆ، وەفاداری بۆ میراتی دوکتور قاسملوو لە دووبارەکردنەوەی وشەکانیدا نییە، بەڵکوو لە بەکارهێنانی هەمان ئەو میتۆدۆلۆژییە پڕجووڵەیە و زیندووە دایە کە بە مەبەستی خزمەتکردن بە نیشتمان و گەل هەیبووە. هەر وەک چۆن ئەو لەسەر بنەمای واقیعییەتەکانی سەردەمی شەڕی سارد، گواستنەوەی بۆ "سۆسیالیزمی دیموکراتیک" بە پێویست زانی بۆ پاراستنی سەربەخۆیی و ناسنامەی حیزب، ئەمڕۆ ئێمەش لەسەر بنەمای واقیعیەتەکانی جیهانی دوای شەڕی سارد و شکستی مۆدێلەکانی ئابووریی دەوڵەتی و سیستەمی نوێی ئابووریی جیهانی، ئاڵوگۆڕە خێراکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، دەبێ هەنگاوی هاوتەریب بە ئاراستەی پەرەسەندنەکان هەڵبگرین.

ئەمڕۆ، جیهان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە بەراورد دەگەڵ سەردەمی شەڕی سارد، تووشی گۆڕانکاریی بنەڕەتی بووە. بەجیهانیبوونی ئابووری، شۆڕشی دیجیتاڵی، قەیرانە ژینگەییەکان و ئاڵۆزییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هانمان دەدەن بە هەمان ڕوحی داهێنەرانە و واقیعبینانەوە، پێداچوونەوە بە بیری سیاسیی خۆمان بۆ بەرەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکانی سەدەی بیستویەک بکەین و ئەم ڕێبازە نوێ بکەینەوە. ئەم نوێکردنەوەیە دەبێت ئەو چەمک و شاکلیلانە لەخۆ بگرێت کە پێشتر لە گوتاری ئێمەدا لاواز بوون یان بەهۆی هەلومەرجی سەردەمەوە ئامادەییان نەبووە:

**١. کۆمەڵگەی مەدەنی**

(Civil Society) لەوانەیە یەکێک لە گرنگترین ئەو چەمکانەی کە لە نەریتی لیبراڵدا پێ گەیوە و دەبێ ئێمە بیخەینە چەقی جیهانبینیی خۆمانەوە، کۆمەڵگەی مەدەنی بێت. ئێمە وەک گەلێکی ژێردەستە، بەهۆی هەلومەرجی باو و بەستێنسازی حکومەتە داگیرکەرەکان، شەڕمان بەسەردا سەپاوە و تێکۆشانمان زۆرتر لە چوارچێوەی خەباتی چەکداری یان حیزبیدا پێناسە کردووە، لە کاتێکدا هێزی ڕاستەقینەی هەموو کۆمەڵگەیەک لە ڕایەڵکەی فرەڕەهەند و زیندووی دامەزراوە مەدەنییەکانیدا شاردراوەتەوە. ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، کۆمەڵە ژینگەییەکان، دامەزراوە کولتووری و هونەرییەکان، یەکێتییەکانی، ژنان، کرێکاران، خوێندکاران، مامۆستایان، میدیای سەربەخۆ و ژوورە ئابووری و بازرگانییەکان، گشتیان پێکهێنەری کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی بەهێزن کە هەم چاودێریی دەستەڵاتی سیاسی دەکەن و هەم زەمینەی گەشە و پەرەپێدانی بەردەوام ئامادە دەکەن. هەر وەک چۆن "ئالێکسی دۆ تۆکڤیل" لە سەدەی نۆزدەهەمدا تێگەیشت کە نهێنیی زیندوویی و پێشکەوتنی سەرسوڕهێنەری ئەمریکا لە هەمەن ڕایەڵکەکانی فرەڕەهەندی کۆمەڵگەی مەدەنی دایە، ئێمەش شیاوە تێبگەین، بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی نەک تەنیا بۆ سەردەمی ئێستای خەباتمان، بەڵکوو بۆ بنیاتنانی کوردستانێکی دیموکراتیک و ئازاد لە داهاتوودا، نیاز و پێویستییەکی مەزنە.

هەواڵنامەی کێپ

### ٢. مافی مرۆڤ بە واتای گشتگیری خۆی

هەرچەندە بزووتنەوە سۆشیالیستییەکان یارمەتیی پێشخستنی مافە کۆمەڵایەتییەکانیان داوە، بەڵام بنچینەی فەلسەفی و یاسایی بنەڕەتی مافی مرۆڤیی مۆدێرن، لە نەریتی لیبراڵ و کەرامەتی زاتیی تاکدا ڕەگی داکوتاوە. پابەندبوونی ئێمە دەبێت لە دروشم تێپەڕێت، دەبێت ئێمە بە شێوەیەکی تەواو دەروەستی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و سەرجەم پەیمان و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان، لەوانە مافەکانی ژنان، منداڵان، کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکان و مافی پەنابەران بین. ئەم پابەندبوونە دەبێت لە هەموو بەرنامە و کارەکانماندا خۆیا بێ و ببێتە بەردی بناغەی سیستەمی یاسایی داهاتووی کوردستان.

### ٣. فێمینیزمی لیبراڵ و چالاکیی ژنان

سەبارەت بە پرسی ژنان، گواستنەوە بۆ لیبراڵیزمی کۆمەڵایەتی بە واتای تێپەڕاندنی گوتارە کلاسیک و سنووردارەکانە بۆ "مافەکانی ژنان". بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" کە دوای کوشتنی "ژینا ئەمینی" لە کوردستانەوە دەستی پێ کرد، بە هەموو جیهانی نیشان دا ژنان چیتر چاوەڕێی پێدانی ماف نابن، بەڵکوو خۆیان، چالاکڤانی سەرەکی و پێشڕەون لە خەبات بۆ ئازادی. بەرنامەی ئێمە دەبێت لەسەر بنەمای فێمینیزمێک بێت کە ژنان نەک وەک ئامرازی سیاسەتکردن یان سوژەی پاسیڤ بۆ پڕکردنەوەی "پشک" (کۆتا)، بەڵکوو وەک کەسایەتیی سەربەخۆ، خۆبەڕێوەبەر و بڕیاردەر لە چەقی ژیانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بە فەرمی بناسێت. ئەمە بە واتای خەبات بۆ یەکسانیی تەواو یاسایی، بەهێزکردنی ئابووری و مسۆگەرکردنی ڕۆڵی ڕێبەرایەتیکردنی ژنان لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگەدا دایە.

### ٤. ژینگە

لەم سەردەمەدا هیچ بەرنامەیەکی پێشکەوتوو ناتوانێت خۆی لە پرسی ژینگە بدزێتەوە و لە قەیرانەکانی ژینگە و بەرنامەی نوێ غافڵ بێت. بە تێگەیشتن لەوەیکە تێکدانی ژینگەی کوردستان (سووتاندن و بڕینەوەی دارستانەکان، وشکەساڵی، بەنداوسازیی بێبەرنامە، پیسبوونی ئاو و خاک) بەشێکە لە سیاسەتە سەرکوتکەرانە و چەوسێنەرەکانی ڕێژیمە دەسەڵاتدارەکان، بەم هۆکارانە دەبێ بەرنامەیەکی دیاریکراو و زانستی بۆ پاراستنی ژینگە پێشکەش بکەین. ئەم بەرنامەیە دەبێت گەشەپێدانی بەردەوام، تێپەڕین لە وزەی فوسیلی بۆ وزە پاکەکان، پاراستنی فرەچەشنیی ژینگەیی و پەرەپێدانی کولتووری ژینگەیی لەخۆ بگرێت، چوونکە تەناهی و ئاسایشی ژینگە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ئاسایشی نەتەوەیی و گەشەپێدانی ئابووریی ئێمەوە هەیە.

لە کۆتاییدا، ئەم جیهانبینییە، ئێمە بۆ بەرەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکانی تری سەدەی بیستویەک وەک شۆڕشی دیجیتاڵی و ژیریی دەستکرد، ئابووریی بەجیهانیبوون و گرنگتر لە هەموان، پێناسەکردنەوەی پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و هاونیشتمانی ئامادە دەکات. ئامانجی کۆتایی، کەمکردنەوەی هەژموونی دەوڵەت، بەهێزکردنی دامەزراوە مەدەنییەکان و گەیاندنی سنووری ئازادییە تاکەکەسییەکانە بۆ بەرزترین ئاست، هەتا هەموو هاونیشتمانییەک بتوانێت لێهاتوویی خۆی لە کۆمەڵگەیەکی کراوە و زیندوودا پەرە پێ بدات.

لەوانەیە باشترین ڕێنوێنی فەلسەفی بۆ ئەم گواستنەوەیە، هەروەک پێشتریش ئاماژەیەکی پێکراوە لە ناو بیرۆکەکانی جان ڕاڵز، ببینینەوە. ناوبراو دوو بنەمای سەرەکی بۆ کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر پێشنیاز دەکات کە لەگەڵ ئامانجەکانی کۆمەڵگەی داهاتووی کوردستاندا دەگونجێن:

**١. بنەمای ئازادی (The Liberty Principle)**

هەر تاکێک دەبێت مافێکی یەکسانی بۆ دەستوێڕاگەیشتن بە ئازادییە بنەڕەتییەکان هەبێ کە لەگەڵ نیزامێکی هاوشێوەی ئازادی بۆ هەمووان بگونجێت.

ئـەم بنەمایـە، لەپێشـینەیی ڕەهـای هەیـە و بەپێـی ئەمـە، کۆمەڵگەیەکـی دیموکراتیـک، سـێکولار، فرەدەنـگ و بنیاتنـراو لەسـەر مافەکانـی مـرۆڤ و هاووڵاتیبـوون، بـەردی بناغـەی هـەر پێشـکەوتنێکی دیکەیـە. ئەمـە هەمـان پابەندبوونـی ئێمەیـە بـۆ ئـازادی.

**٢. بنەمای جیاوازی (The Difference Principle)**

نایەکسـانییە کۆمەڵایەتـی و ئابوورییـەکان تەنیـا کاتێـک پاسـاویان هەیـە و ڕەوان، ئەگـە؛ (ئـا: ببنـە هـۆی زۆرتریـن قازانـج بـۆ کەمبەشـترین ئەندامانـی کۆمەڵگـە و؛ (بـێ: بەسـتراوە بـن بـە ئـەو پۆسـت و پلانـە کـە لـە ژێـر هەلومەرجی یەکسـانیی دادپەروەرانەی دەرفەتەکانـدا، بـۆ هەمـووان کـراوە بـن. ئـەم بنەمایـە، ڕۆحـی دادپەروەریخوازیـی مێژوویـی حیزبـی دیموکـرات و کولتـووری دەوڵەمەنـدی هاوپشـتیی کۆمەڵایەتـی لـە کوردسـتان، لـە چوارچێوەیەکـی مۆدێـرن و کارامـەدا دادەڕێژێتـەوە. ئەمـە هەمـان پابەندبوونـی لەخۆبوردووانـەی ئێمەیـە بـۆ دادپـەروەری.

وەرگرتنـی چوارچێوەیەکـی "سۆشـیالیزم لیبـراڵ" یـان "لیبراڵیزمـی کۆمەڵایەتـی" لەسـەر بنەمـای هـزری ڕاڵـزی، ڕێگەمـان پـێ دەدات بـە زمانێکـی ڕوون و هاوچـەرخ، دەگـەڵ جیهانـدا بدوێیـن. ئـەم ڕێبازە، وێـڕای جەختکردنـەوە لەسـەر ئابووریـی بـازاڕ، ڕکەبـەری و ڕۆڵـی سـەرەکیی کەرتـی تایبـەت بـۆ خولقاندنـی سـامان، دەوڵـەت ناچـار دەکات بـە دابەشـکردنەوەی دادپەروەرانـە، دابینکردنـی دەرفەتـی یەکسـانی پەروەردەیـی و تەندروسـتی و دروسـتکردنی تۆڕێکـی بەهێـزی ئاسایشـی کۆمەڵایەتـی بـۆ هەموولایەک. ئـەم ڕێگایـە، سیسـتەمێکە هـەم دەگـەڵ نەریتـە مێژوویـی و کۆمەڵایەتییەکانـی کۆمەڵگـەی کوردسـتاندا گونجـاوە و هەمـژی ئێمـە وەک هێزێکـی سیاسـیی مۆدێـرن، دێموکـرات و بەرپرسـیار بـۆ بنیاتنانـی داهاتـووی کوردسـتان دەناسـێنێت.

بـەڵام پرسـیارێکی سـەرەکی دەمێنێتـەوە: ئایـا لیبراڵیزمـی کۆمەڵایەتـی دەتوانێـت وەڵامێکـی شـیاو بـۆ گرنگتریـن ئامانجـی گەلەکەمـان، واتـە مافـی چـارەی خۆنووسـین هەبـێ؟ وەڵامەکـە، ئەرێنـی و ڕوونـە. بەپێچەوانـەی تێڕوانینـی بـاو کـە لیبراڵیـزم تەنیـا بـۆ

تاکگەرایی کورت دەبێتەوە، ئەم نەریتە فیکرییە بناغەی فەلسەفیی بەهێز بۆ بەفەرمی ناساندنی مافە گشتی و نەتەوەییەکان دابین دەکات. مافی چارەی خۆنووسین لە بیری لیبراڵدا، ڕاستەوخۆ لە بنەمای سەروەریی گەل (Popular Sovereignty) و کەرامەتی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەگە تاکەکان ئازاد و یەکسانن و مافی ئەوەیان هەیە بەسەر چارەنووسی سیاسیی خۆیاندا زاڵ بن، کەواتە گرووپە مرۆیی و نەتەوەکانیش کە هەر لەم تاکانە پێکهاتوون، دەبێت خاوەنی ئەم مافە بن کە شێوازی حکومڕانیی خۆیان ئازادانە هەڵبژێرن و ناسنامەی کولتووری، زمانی و سیاسیی خۆیان بپارێزن و گەشەی پێ بدەن.

بیرمەندە لیبراڵە هاوچەرخەکانی وەک "ئالان بیوکانن" دەڵێ؛ ئەگە دەوڵەتێک بە شێوەیەکی سیستەماتیک مافە بنەڕەتییەکانی گرووپێکی نەتەوەیی پێشێل بکات، ئەوان بخاتە ژێر ستەمەوە و لە بەشداریی مانادار لە ژیانی سیاسیدا بێبەشیان بکات، ئەو گرووپە مافی ئەخلاقی و سیاسیی بۆ جیابوونەوە و سەربەخۆیی وەک دوا ڕێگەچارە بەدەست دەهێنێت. ئەم تێڕوانینە، خەباتی گەلی کورد بۆ چارەی خۆنووسینی خۆی، نەک وەک هەنگاوێکی جوداخوازی، بەڵکوو وەک هەنگاوێکی سەربەخۆییخوازانە، چاکسازیخوازانە و بەرگرییکارانە لە بەرامبەر نادادپەروەرییەکی مێژووییدا پێناسە دەکات.

بۆیە، چەسپاندنی جیهانبینییەکی لیبراڵی کۆمەڵایەتی نەک هەر لەگەڵ ئارمانجی نەتەوەیی ئێمەدا ناکۆک و ناتەبا نیە، بەڵکوو ڕەوایەتییەکی مۆدێرن و جیهانی پێ دەبەخشێت. ئەم چوارچێوەیە ڕێگەمان پێدەدات داوای مافی چارەی خۆنووسین نەک تەنیا لەسەر بنەمای مێژوو و مەزلومییەت، بەڵکوو لەسەر بنەما جیهانگیرەکانی دیموکراسی، مافی مرۆڤ و سەروەریی یاسا دابڕێژین. ئەم ڕێبازە، دەرگاکانی وتووێژ و پشتیوانیی نێودەوڵەتی زیاتر لە هەر کاتێکی تر بە ڕووماندا دەکاتەوە و بە جیهانی نیشان دەدات، گەلی کورد نەک بەدوای دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەییی قۆرخکار و دەمارگرژەوە نییە، بەڵکوو بەدوای بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیک، کراوە و

داپەروەرەوە لە چوارچێوەی بنەماڵەی گەورەی کۆمەڵگە ئازادەکانی جیهاندا. ئەمە، وەفاداریی ڕاستەقینەیە بە ئاڕمانە مێژووییەکانی گەلەکەمان و جەوهەری پەیمانی ئێمەیە لەگەڵ نەوەی ئەمڕۆ و سبەی لە کوردستاندا.

ئەم باسە وەک دیاردەیەکی سرووشتی و زانستی لەهەمبەر هەموو ئەگەرێک بۆ گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕ پێکهێنان بە کراوەیی دەمێنێتەوە.

# حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پرسی شوناسی نەتەوەیی

ئامادەکار: مێهدی مێهرپەروەر
دیمانە: شنۆ مێهرپەروەر
کارناسی بەرنامە: عیرفان ڕەهنموون

هەواڵنامەی کتێب

*هەشتا ساڵ پێش ئێستا و لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی و سێ ساڵ پاش پێکهاتنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد واتە کۆمەڵەی ژێکاف، حیزبێک بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان دامەزرا. پاش ١٦٠ ڕۆژ لە دامەزرانی، حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەرکێکی مێژوویی کەوتە سەرشان ئەویش دامەزرانی کۆماری کوردستان بوو. کاکڵە و جەوهەری خەباتی حیزبی دێموکرات پرسی نەتەوەیی، دێموکراسی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتییە کە وەکوو سێکوچکەی ستراتێژی و هزری ئەم حیزبە هیچکات گۆڕانیان بەسەردا نەهاتووە و وەک سەرەکیترین حیزب لە بزاڤی نەتەوەیی کورد لە قەڵەم دەدرێ.*

*حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی هەشت دەیەی ڕابردوودا ڕۆڵی سەرەکیی لە پاراستن و بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی گەلی کورددا گێڕاوە. ئەم ڕۆڵە نەک تەنیا لە ڕێگەی خەباتی سیاسی، بەڵکوو لە ڕێگەی پەرەپێدان و پارێزگاری لە زمان، کولتوور و یادەوەری بەکۆمەڵەوە بووە. درێژەدان بەم ڕۆڵە لە داهاتوودا پێویستی بە نوێکردنەوەی گوتار و پەیوەندی لەگەڵ نەوەی نوێدا هەیە.*
*پێکهاتنی سوپای میللی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە یەکێک لە دەستکەوتە گرینگەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردە. ئێستاش ناو و پێگەی پێشمەرگە وەک پارێزەری شوناسی نەتەوەیی نەتەوەی کورد، لە ناو دڵی تاک بە تاکی کورددا جێی گرتووە و بە شانازییەوە باسی دەکرێ و ڕێزی لێ دەگیرێ.*
*دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یەکەم ئەزموونی سەرکەوتووی بنیاتنانی حیزبێکی مۆدێرن لە مێژووی سیاسیی کوردە. ئەم حیزبە نەک تەنیا لە چوارچێوەی ئێران، بەڵکوو لە جوغرافیای گەورەتری کوردستاندا ئیلهامبەخش بووە بۆ گوتاری شوناسخوازانە و بە دابینکردنی مۆدێلێک لە خەباتی دامەزراوەیی، یارمەتیدەر بووە بۆ بەهێزکردنی ڕۆح و پێکهاتەی خەباتی نەتەوەیی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان.*

**شنۆ مێهرپەروەر:** پێکهێنانی کۆماری کوردستان یەکێک لە دەستکەوتە هەرە گرنگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە و وەرچەرخانێکە لە مێژووی خەباتی نەتەوەیی کورددا. کۆماری کوردستان ڕۆڵێکی زۆر گرنگ و فرەڕەهەندی لە پێشخستنی شوناسی نەتەوەیی کورددا هەبووە. لە لایەک ئەزموونێکی کردەیی خۆبەڕێوەبەریی سیاسی و کولتووریی ڕەخساند و لە لایەکی دیکەشەوە یادەوەرییەکی مێژوویی بۆ

نەوەکانی داهاتوو خوڵقاند. ئەم ئەزموونە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی ناسنامەی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی کوردییە. کۆماری کوردستان، سوپای میللی و هێزی پێشمەرگەی ڕێکخست کە بوونە پارێزەر و هۆی بووژانەوەی ڕۆحی نەتەوەیی گەلی مافخوراوی کورد. حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک میراتگری کۆماری کوردستان لەم هەشت دەیەی خەباتیدا تا چەند توانیویەتی یارمەتی بە بەهێزکردن و بەدامەزراوەییکردنی شوناسی نەتەوەیی کورد بدات؟

**عیرفان ڕەهنموون:** حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک هەر پێکهاتە یان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی- سیاسی زادەی کات و شوێنێکی دیاریکراو بووە و زادەی کات و شوێنی خۆی بووە، واتە لە ڕەوتێکی مێژووییەوە گوزەری کردووە و هەموو ئەو مێژوویەی هەشتا ساڵەی حیزبی دێموکرات لە ڕاستیدا ناتوانین بە یەک پێوەر بپێوین و ئەو مێژووە لە پێوەندی لەگەڵ دیاردە سیاسییەکاندا لە پێوەندی لەگەڵ هەڵوێستە سیاسییەکاندا بەرز و نزمیی بەخۆیەوە بینیوە و کارتێکەریی دەوروبەری بەسەرەوە هەبووە و هەروەها ئەویش شوێندانەری هەبووە لەسەر فەزای سیاسی لە کوردستاندا. حیزبی دێموکراتی کوردستان کاتێک دادەمەزرێ وەک حیزبێکی نەتەوەیی دادەمەزرێ و دەیهەوێ وڵام بە پرسی نەتەوەیی کورد بداتەوە. حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتاوە و تەنانەت پێش ئەوەی حیزبی دێموکراتیش دابمەزرێ لە سەردەمی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورددا لەسەر ئەو باوەڕە بووە کە پێکناکۆکیی سەرەکی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا پێکناکۆکیی نێوان گەلی سەردەست و گەلی بندەست بووە و لەم پێکناکۆکییە کە لە نێوان گەلی سەردەست و گەلی بندەستدا هەبووە حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردی لێ هاتووەتە ئاراوە و ئەمە پێشینەیەکی مێژوویی هەیە کە کۆنترە لە حیزبی دێموکراتیش، بۆ نموونە ئەو پێشینە مێژووییە دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری کە شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری پێش دروستبوونی ناسیۆنالیزمی تورک، ناسیۆنالیزمی فارس و ناسیۆنالیزمی عەرەب بووە. واتە ناسیۆنالیزمی کوردستان پێشترە لە

ناسیۆنالیزمێک کە لەنێو عەرەبەکان و لەنێو فارسەکان و لەنێو تورکەکاندا هەبووە و ئێمە دەتوانین بە دێکیۆمێنت و بە بەڵگە ئەوە بسەلمێنین و دواتر کە لە کۆتاییەکانی سەردەمی قاجارِدا ناسیۆنالیزمی ئێرانی دروست دەکرێ و بونیاد دەنرێ. دواتر دەوڵەت نەتەوەی ئێرانی دروست دەبێت کە لە چەقی ئەو دەوڵەت نەتەوەیەدا لە ڕاستیدا زمانی فارسی بوونی هەیە. ئێمە شۆڕشی سمکۆی شکاک دەبینین کە سمکۆی شکاک شۆڕشەکەی لە کۆتاییەکانی قاجارِ و لە سەرەتاکانی هاتنەسەرکاری ڕەزاشای پەهلەویدا بووە و لەگەڵ ئەو سیستمەدا خەباتی کردووە و هەوڵی داوە کە کورد لەنێو دەوڵەت نەتەوەی ئێرانیدا نەتوێتەوە. بۆیە حیزبی دێموکرات دەتوانین بڵێین درێژکراوەی بزووتنەوەی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری و هەروەها بزووتنەوەی سمکۆی شکاکە. بەڵام حیزبی دێموکرات لە سەردەمیکی کەمێک دواتردا سەری هەڵدا کە دەوڵەتی ئێرانی سەقامگیر بووە و ناسیۆنالیزمی ئێرانی سەقامگیر بووە و حیزبی دێموکرات بە دامەزرانی کۆماری کوردستان هەوڵ دەدات کە شوناسی نەتەوایەتیی کورد و سەروەریی سیاسیی کورد بەرجەستە بکاتەوە و ئەو ڕەوتە درێژە دەکێشێ. بەڵام خاڵێک کە گرینگە و دەبێ سەرنجی بدەین ئەوەیە کە لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە و هەروەها لە شۆڕشەکانی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری و لە سمکۆی شکاکدا کورد هیچ جۆرە دوودڵییەکی نەبووە لەوەی کە نەتەوەیەکە و خاوەنی مافی دیاریکراوی چارەنووسە و دەبێ سەروەریی سیاسیی خۆی بەسەر کوردستاندا بسەپێنێ. ئەوە نەتەنیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باکووری کوردستانیشدا هەر وا بووە و لە باشووری کوردستانیشدا هەروا بووە. ئەوەی کە دواتر دڕدۆنگیی دروست دەکرێ لەسەر ئەوەی کە کورد ئایا نەتەوەیە یان نەتەوە نییە، ئایا مافی سەروەریی سیاسی و ئەمانەی هەیە هەموو ئەوانە گۆڕانکاریگەلێکن کە دوای کۆماری کوردستان دێنە ئاراوە، بۆیە مەبەستم لەو قسانە ئەوەیە کە پرسی نەتەوایەتیی حیزبی دێموکرات لە دەورانی جۆراوجۆردا گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە و بەپێی ئەو دەورانە بە جۆریک وڵامی ئەو پرسە دراوەتەوە. لە کۆماری

کوردستاندا، دروستە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی یان مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس هاتووەتە نێو ئێران و ناوچەکە، بەڵام ئێمە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا و لە وێژمانی حیزبی دێموکراتدا هیچ کارتێکەرییەکی بزاڤی کۆمۆنیستی لەسەر بیروڕای خەڵک و نووسەران و سیاسەتوانانی کوردستان نابینین. بۆیە تەواوی ئەو وتارەی کە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بوونی هەیە بەتایبەتی لە پەیڤەکانی پێشەوا قازی محەممەددا پەیڤ و وێژمانی سەروەریخوازانە و نەتەوەخوازانەن. بەڵام دوای ئەوە کە کۆماری کوردستان هەرەس دەهێنێ و هەندێک لە لایەنگران و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سێدارە دەدرێن و هەندێک لە ئەندامانی حیزب پەریوەی باشوور دەبن و هەروەها هەندێک ڕێکخستن دواتر لە شارەکانی کوردستاندا ئاشکرا دەکرێن و ڕێکخستنەکانی حیزبی دێموکرات سەرکوت دەکرێ، دوای ئەوە لەو هەلومەرجەدا ئەو مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکسە بە جۆرێک دێتە نێو کوردستانەوە و ئەوە کاریگەریی لەسەر وێژمانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش داناوە و ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین. چونکە ئەو گوتارەی کە لە کۆماری کوردستاندا بوونی هەیە کە گوتارێکی سەربەخۆییخوازانەیە، دواتر ئەو گوتاری سەربەخۆییخوازانە لە ئەدەبیاتی حیزبی دێموکراتدا کەمرەنگ دەبێتەوە و خۆی لە گوتارێکی خودموختاریخوازانەدا دەبینێتەوە. هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەم سۆنامی کۆمۆنیزمە کە دێتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دێتە ئێران و دێتە ڕۆژهەڵاتی ناوین، کاریگەریی لەسەر هەموو حیزب و پارتە سیاسییەکان دادەنێ و ئەو کاریگەرییەشی لەسەر حیزبی دێموکرات داناوە، بەڵام جیاوازیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ حیزبەکانی دیکەدا لەگەڵ ڕەوتەکانی دیکە لە کوردستان و لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو ستراتێژیانەی کە حیزبی دێموکرات هەیبووە چ سەربەخۆیی، چ فێدراڵیزم و چ خودموختاری لە هەموو ئەوانەدا چەشنێک لە سەروەریی سیاسی جا ئەگەر کەمرەنگیش بووبێ لە خودموختاریدا یان لە فێدرالیزمدا چەشنێک لەو سەروەری سیاسی ڕەچاو کراوە و کوردستان وەک یەکەیەکی سیاسی و جوغرافیایی چاو لێکراوە، بۆیە حیزبی

دێموکرات ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمانی پێشووتر و ببێین حیزبی دێموکرات بۆ نموونە بگەڕێینەوە دوای کۆماری کوردستان دوای ئەوەی بزاڤی کۆمۆنیستی دێتە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئەگەر ببێین گوتاری حیزبی دێموکرات لەگەڵ گوتاری حیزبەکانی دیکەی پارچەکانی دیکەی کوردستاندا بەراورد بکەین، دەبینین ڕەنگی نەتەوەخوازانە هێشتا لە گوتاری حیزبی دێموکراتدا زیاترە. بۆیە حیزبی دێموکرات لە ڕاستیدا حیزبێکی نەتەوایەتییە و حیزبێکی چینایەتی نییە و باوەڕی بەوە هەبوو لە سەرەتاوە تا ئێستا هەرچەند هێندێک جار هەڵوێستی تا ئەندازەیەک نابەجێ لە کەسانیک بەناوی حیزبی دێموکراتەوە بیندراوە و ئێمە ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین، بەڵام جەریانی سەرەکی و ڕەوتی سەرەکی لە حیزبی دیموکراتدا ڕەوتێکی نەتەوەخوازانە و شوناسخوازانە بووە.

***دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەبێت بە وڵامێکی مێژوویی و سیاسی بۆ پرۆژەی "دەوڵەت_نەتەوەی ئێران" کە لەسەر بنەمای نکۆڵیکردن و سڕینەوەی نەتەوە غەیرە فارسەکان دامەزراوە. حیزبی دێموکرات بە پێداگری لەسەر نەتەوەی کورد، زمان و فەرهەنگی سەربەخۆ و مافی دیاریکردنی چارەنووس، لە بەرامبەر حکوومەتی ناوەندیدا وەستایەوە و زەمینەی بۆ پێکهێنانی گوتاری "ئێرانێکی فرەنەتەوە" خۆش کرد. وێژمان و ڕوانینی حیزبی دێموکرات لە هەڵوێست و بەڵگەنامەکان کامانەن کە پرۆژەی دەوڵەت_ نەتەوەی ئێران کە لەسەر بنەمای سڕینەوەی نەتەوە غەیرە فارسەکان دامەزراوە، ڕەت دەکاتەوە؟***

لە ڕاستیدا ئەگەر چاو لە ئەدەبیاتی حیزبی دێموکرات و نووسینی ڕێبەرانی شەهید بەتایبەت شەهید دوکتور قاسملوو و کاک دوکتور سەعید بکەین، دەبینین هیچ کاتێک حیزبی دێموکرات نەچووەتە ژێر باری ئەوەی کە ئێران وڵاتێکە یەک نەتەوەی تێدایە یەک ئاڵای هەیە و یەکەیەکی سیاسی ئەزەلی-ئەبەدییە. وەک ئەوەی کە فارسەکان یان فاشیزمی فارس باس دەکەن کە ئەوان پێیان وایە ئێران هەر لە ئەزەلەوە بووە

و تا ئەبەدیش درێژە دەکێشێ، دیارە ئەوە لەگەڵ زانستی کۆمەڵناسیدا بە تەواوی لە ناتەباییدایە و زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵناسەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە پرسی نەتەوایەتی وەک وێژمان وەک دیسکۆرسێکی نوێ دوای سەرهەڵدانی سەرمایەداری بوونی هەبووە و پێش سەرمایەداری ئێمە شتێکمان بەناوی قەوارەی میللی نەبووە. ئەمە دەتوانین لە فاکتە مێژووییەکانیشدا بە ئاسانی لە هەموو جیهاندا و لە هەموو وڵاتانی جیهاندا ئەم شتە بە ئاسانی ببینینەوە. بۆیە حیزبی دێموکرات هەمیشە لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا خەباتی کردووە. هەرچەند وەک باسم کرد تا ئەندازەیەک پاشەکشەی لە گوتاری نەتەوەخوازیی خۆی کردووە، چونکە تۆ لە گوتاری سەربەخۆییخوازانە کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا هەیە و لە شێخ عوبەیدوڵلا نەهری و سمکۆی شکاکدا هەیە کە ئەم بزووتنەوانە و ئەم ڕێبەرانە هیچ دڕدۆنگییەکیان لەوە نییە کە کورد نەتەوەیە و مافی دیاریکردنی چارەنووسی هەیە، بەڵام دواتر بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی کە دێتە ئاراوە، بە جۆرێک حیزبی دێموکرات پاشەکشە لەو گوتارە نەتەوەخوازییە پڕەنگ دەکات کە خۆی لە سەربەخۆییخوازیدا دەبینێتەوە. بەڵام لە هەمان کاتیشدا مافی دیاریکردنی چارەنووس یەکێک لەو پرنسیپانە بووە کە هەمیشە حیزبی دێموکرات باسی کردووە و باوەڕی بە مافی دیاریکردنی چارەنووس هەبووە و لەو بەرنامە سیاسییانەدا کە هەمیشە پێشنیاری کردووە چ لە فیدراڵیزمدا و چ لە خودموختاریدا، کوردستانی وەک یەکەیەکی سیاسی و وەک قەوارەیەکی سیاسی بینیوە و کوردیشی وەک نەتەوەیەک بینیوە. بەڵام هەڵبەتە لێرەدا ئەگەر بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە تەماشای ئەم بۆچوونەش بکەین دەتوانین ڕەخنەی ئەوە بگرین کاتێک تۆ باوەڕت بە مافی دیاریکردنی چارەنووس هەیە، چۆن تۆ نوسخەی فیدراڵیزم یان خودموختاری بۆ کورد دادەنێی. چونکە تۆ کاتێک باوەڕت بە مافی دیاریکردنی چارەنووس هەیە، دەبێ ئەم مافە لە شوێنێکدا لە وەختێکدا لە کات و ساتێکدا بێی پیادەی بکەی، بیخەیتە پراکتیکەوە، چ وەختێک دەیخەیە پراکتیکەوە؟ زەمانێک کە ئازاد بووی کە داوا لە خەڵک دەکەی کە مافی خۆیان موشەخەس



هەواڵنامەی کتێب

بکەن چ مافێکیان دەوێ، سەربەخۆییان دەوێ، فێدراڵیزمیان دەوێ یان خودموختاریان دەوێ، بەڵام پێش ئەوەی کە ئەو ڕیفراندۆمە و ئەو دەنگدانەی ئەنجام دابێ، تۆ باس لە ستراتێژییەک دەکەی کە مەسەلەن ئێمە باوەڕمان بە خودموختاری و فێدڕالیزم هەیە. بۆیە ئەوە بەڕای من جۆرێک لە پێکناکۆکی تێدایە و تا ئێستاش حیزبی دێموکرات نەیتوانیوە و حیزبەکانی دیکەش نەیانتوانیوە ئەم پێکناکۆکییە چارەسەر بکەن. چونکە ئەگەر تۆ باوەرت بە مافی دیاریکردنی چارەنووس هەبێ تەبیعەتەن ئەم مافی دیاریکردنی چارەنووسە، خەڵکن بڕیاری لەسەر دەدەن. یانی دەبێ بخرێتە ڕیفراندۆمێکی گشتییەوە. چۆنە پێش ئەوەی کە ئەم مافە خرابێتە ڕیفڕاندۆمێکی گشتییەوە تۆ باس لە فیدڕاڵیزم یان باس لە خودموختاری دەکەی. دەتوانی ئەوە بڵێی کە بەڵێ من باوەڕم بە فێدراڵیزم هەیە وەک حیزبێکی سیاسی، بەڵام باوەڕم بە مافی دیاریکردنی چارەنووسیش هەیە، ئەگەر دەرفەتێک خوڵقا من ئەوە دەخەمە دەنگدانەوە، بەڵام ئەوە کێشەیەکی سیاسیت بۆ پێکدێنێ، چون پێش ئەوەی تۆ ڕیفراندۆمەکە ئەنجام بدەی تەبیعەتەن دەچیتە نێو چەشنێک لە هاوکارییەوە لەگەڵ هێزەکانی دیکە، بۆیە کاتێک کە ڕیفراندۆمەکەت ئەنجام دا ئەگەر پێچەوانەی ئەو بەرنامەیەی تۆ بوو تۆ ناچاری لە تەواوی ئەو هاوپەیمانییانەی بکێشیتەوە و لەو پێوەندییەدا نەوعێک سەرلێشێواویی سیاسی لە ڕاستیدا دێتە ئاراوە. بۆیە ئەوە یەکێک لەو کێشانەیە کە بەڕای من لە هیچ یەک لە پارچەکانی کوردستاندا نەیانتوانیوە ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکەن چونکە کاتێک باوەڕت بە مافی دیاریکردنی چارەنووس هەیە و هێشتا نازانی کە خەڵک بڕوای لەسەر ئەو مافی دیاریکردنی چارەنووس چییە و چ ڕێکارێک بۆ پراکتیزەکردنی ئەو مافی دیاریکردنە هەڵدەبژێرن تۆ ڕێکارێکی سیاسی پێشنیار دەکەی. ئەمە یەکێک لەو ڕەخنانەیە دەتوانین لەو بەرنامانەی حیزبی دێموکرات دوای کۆماری کوردستانی بگرین، بەڵام ئەگەر بێین حیزبی دێموکرات لەگەڵ حیزبەکانی دیکەدا چ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چ لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بەراورد بکەین، بەڕای من هیچ حیزبێک بەقەت حیزبی دێموکرات گوتاری

نەتەوەخوازانە و کوردپەروەرانەی نەبووە و ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بەیاننامەکان و بۆ ئەو وتارانەی کە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا نووسراوە بە ئاسانی دەتوانین بەو دەرئەنجامە بگەین.

***زمان یەکێکە لە پێکهاتە سەرەکی و بنچینەییەکان لە پێکهاتن و بەردەوامیی شوناسی نەتەوەیی. لە ئەزموونی نەتەوە چەوساوەکان یان بێدەوڵەتەکاندا، زمان تەنیا ئامرازی پەیوەندیکردن نییە، بەڵکوو ئامرازێکە بۆ بەرخۆدانی کولتووری و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و بەرهەمهێنانەوەی شوناسی نەتەوەیی. لەم چوارچێوەیەشدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گرنگییەکی تایبەتی بە زمانی کوردی داوە، وەک یەکێک لە ئامرازە بنەڕەتییەکانی بنیاتنانەوەی شوناسی نەتەوەیی بە ئاراستەی نەتەوەسازیی کورد. ئەم گرنگیدانەش کاریگەریی قووڵی کولتووری، پەروەردەیی و سیاسیی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی بەجێ هێشتووە. ئایا گرینگیدانی حیزبی دێموکرات بە زمانی کوردی تەنیا لایەنی کولتووری هەیە یان بەشێکە لە ستراتێژیی سیاسی بۆ بەرپەرچدانەوەی پرۆژەی نەتەوەسازیی تاکزمانیی حکوومەتی ئێران؟***

لە ڕاستیدا ئەوەی کە حیزبی دێموکرات گرینگییەکی زۆری بە زمانی کوردی داوە هەر لە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردەوە تا سەردەمی کۆماری کوردستان و تا ئەمڕۆ، بەو ئیمکاناتە کەمەی کە حیزبی دێموکرات هەیەتی، نیشان دەدا کە وەک پرسێکی کۆمەڵایەتی چاوی لەو مەسەلە نەکردووە، بۆ نموونە ئەگەر باس بکەین بەو ئیمکاناتە کەمەی کە حیزبی دێموکرات هەیەتی هەر ئەو کاتەی من لە ناو حیزبدا بووم، ئەم گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاڤۆکانە دەردەچوون، ڕۆژنامەی کوردستان بە هەردووک زمانی کوردی و فارسی، ڕۆژنامەی ئاگری بە زاراوەی کرمانجی ژووروو، گۆڤاری ژنان، گۆڤاری لاوان، تێکۆشەر، تیشک و بیری خوێندکار. یانی ئەو مەجموعە کە ئەگەر تۆ تماشای بکەی بۆ حیزبێک کە لە تاراوگەدایە و ئیمکاناتێکی ئەوەندە زۆری

بەدەستەوە نییە ئەم هەموو نووسراوەیە بەڕاستی نیشان دەدا کە پرسی زمان بۆ حیزبی دێموکرات پرسێکی زۆر گرینگ بووە و یەکەم کارێک کە کۆماری کوردستان دەیکات لە ڕاستیدا زمانی کوردی دەکات بە فەرمی و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا هەموو بەڵگە و دیکیۆمێنتەکان دەبن بە زمانی کوردی. ئەوە هەنگاوێکی زۆر گەورەیە کە حیزبی دێموکرات ناوێتی. حیزبی دێموکرات تەبیعەتەن لە بەرامبەر فاشیزمی فارسەوە قەراری گرتووە کە فاشیزمی فارس زۆر گرینگی بە زمانەکەیان دەدەن و وا دەنوێنن کە زمانەکەیان، زمانێکی زۆر گرینگە و خەڵکی ناوچەکە ئەو زمانەیان زۆر پێ خۆش بووە و لە ئێرانەوە هەتا هیندوستان هەمووی بە زمانی فارسی قسەی کردووە. لە حاڵێکدا ئەو شتە واقعییەت نییە و زمانی فارسی یەکێک لە لاوازترین زمانەکانی جیهانە کە شەست لە سەدی وشەکانی عەرەبییە و بەشێکی تریشی کوردی و تورکی و زمانەکانی فەرانسەوی و ئینگلیسیش هاتووە و ئەو شەست لە سەدەیش کە لە عەرەبی کەڵکی وەرگرتووە ئەو مانایەی کە ئەو وشە عەرەبیانە لە زمانی فارسیدا ئەو مانایە دەدەن لە زمانی عەرەبیدا مانایەکی دیکە دەدەن. یانی زمانە عەرەبییەکەشیان چەواشە کردووە. بەڵام لە بەرامبەر ئەم سیاسەتە زمانییەوە حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتاوە گرینگییەکی زۆری بە زمان داوە و ئەو زمانە وەک نوێنگە و مانیفێستی نەتەوایەتی چاوی لێ کراوە و لە هەموو ئەو دەرفەتانە کەڵکی وەرگرتووە کە پەرە بەو زمانە بدا. لە ڕووی پاراویی زمانیشەوە بەڕاستی حیزبی دێموکرات لەگەڵ حیزبەکانی دیکە ناتوانی بەراوردی بکەی تەنانەت ئەگەر ئێمە بێین وتارەکانی دوکتور قاسملوو مەسەلەن چل و وردەیەک ساڵ لەوەپێش لەگەڵ وتاری ڕێبەرەکانی دیکەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان یان هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەگەر بەراوەردی بکەین زمانی دوکتور قاسملوو زمانێکی زۆر زۆر پاراوتر و زۆر زۆر کوردیتر و زۆر زۆر خاوێنترە. بۆیە ئەم پرسە بۆ حیزبی دێموکرات پرسێکی زۆر زۆر گرینگ بووە، چونکە لە ڕاستیدا حیزبی دێموکرات دەرکی بەوە کردووە کە دوو کۆڵەکەی ئەساسی کە بوونەتە هۆی ئەوەی

کە کورد بمێنی یەکێک لە کۆڵەکەکانی زمانی کوردی و کۆڵەکەی دووهەمیش لە ڕاستیدا موزیکی کوردییە. بۆیە حیزبی دێموکرات زۆر گرینگیی بە پرسی زمان داوە و زۆرێک لە ئەدیب و نووسەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان واتە زۆربەی هەرە زۆری ئەدیبان و نووسەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوویان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان کردووە و ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە زمانی حیزبی دێموکرات هەم لە ڕووی سیاسییەوە و هەم لە ڕووی ئەدەبییەوە زمانێکی پاراو و زمانێکی خاوێن و دەوڵەمەند بێ و کاریگەری زۆری هەبووە لە پەرەسەندنی کۆی گشتیی زمانی کوردی تەنانەت لە پارچەکانی دیکەی کوردستان و بە تایبەتی لە باشووری کوردستان.

***یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگ و پێشکەوتنخوازەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرەتای دامەزراندنییەوە هەوڵدان بووە بۆ تێپەڕبوون لە پێکهاتە نەریتی و خێڵەکییەکان و جێگرتنەوەی بە شوناسێکی نەتەوەیی مۆدێرن و گشتگیری کورد. ئەم ڕێبازە نەک تەنیا لە سیاسەتی حیزبدا، بەڵکوو لە بنەما تیۆرییەکەی و گوتاری نەتەوەسازییەکەیدا بەڕوونی دیارە. چ ستراتێژییەکی سیاسی و کولتووری و ڕێکخراوەیی لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بەکار هێنراوە بۆ گۆڕینی پێکهاتەی خێڵەکی بۆ ناسنامەیەکی نەتەوەیی سەرتاسەری؟***

دیارە هەر وەک باسم کرد لە سەرەتاوە حیزبی دێموکرات حیزبێکی هەشتا ساڵەیە، ئەگەر کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردیشی بخەینە سەر چەند ساڵی تریشی پێ زیاد دەبێ بە تەمەنی، بۆیە لەم تەمەنەیدا کە هەیبووە لە پێوەندی لەگەڵ خێڵەکاندا و لە پێوەندی لەگەڵ چینە کۆمەڵایەتییەکان، سیاسەتەکانی وەکوو یەک نەبووە و زەروورەتی بەرخورد بەو کێشە کۆمەڵایەتییانە وەکوو یەک نەبووە. یانی دەبێ دابەشی بکەین بە چەند دەورە، بۆ نموونە لە دەورانی کۆماری کوردستاندا چەندین

هـۆز هەبـووە لـە کۆمـاری کوردسـتان‌دا و بەشـی هـەرەزۆری هێـزی پێشـمەرگەی کوردستان یان سپای میللی لەو هۆزانە پێک هاتبوو، بەڵام پێشەوا قازی محەممەد وەک ڕێبەرێکی دانا چون من لەسەر ئەو باوەڕەم قازی محەممەد تەنیا زانا نەبووە و داناش بووە. داناییەکە ڕەنگە گرینگتر بێ تەنانەت لە زاناییەکە. قازی محەممەد وەک کاراکتێر، کاراکتیرێکی زۆر خوێندەوار بووە یانێ چەندین زمانی زانیوە، مافناس بووە، هەموو ئایینە ئیبراهیمییەکانی بە باشی ناسیوە، مێژوو، فەلسەفە و ئەدەبیاتی کوردی، فارسی، عەرەبی، تورکی و هەموو ئەوانە و بەسەر هەموو ئەوانەدا زاڵ بووە. وەک کاراکتێری تاکەکەسیشی کەسێکی کەم دوو و زۆرتر لەناو خۆیدا بووە، یانێ قووڵ بووەتەوە لە ناو خۆی، ئەم قووڵبوونەوە و ئەوەی کە کەسێکی کەمدوو بووە و چاوەدێریی کۆمەڵگەی کردووە، بووەتە هۆی ئەوەی کە بە چاوێکی کراوەوە تماشای کۆمەڵگە بکات و بێت ڕێکاری چوونەدەرەوە لە قەیران بۆ کۆمەڵگەکە ببینێتەوە. لە سەردەمی کۆماری کوردستان‌دا پێشەوا قازی محەممەد نەهاتووە دژایەتیی خێڵەکان بکا، یانێ ئەگەر دژایەتیی خێڵەکانی کردبایە تەبیعەتەن کارێکی هەڵەی دەکرد، چونکە تەرکیبی کۆمەڵایەتی، پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کوردستان، پێکهاتەیەکی خێڵەکی بووە، بەڵکوو قازی محەممەد هاتووە لە لایەکەوە لە خێڵەکان کەڵکی وەرگرتووە و تەبایی لەنێو خێڵەکان‌دا درووست کردووە، لە لایەکی دیکەوە هاتووە دامەزراوەی مۆدێرنی لە کۆمەڵگەدا پێک هێناوە کە هێواش هێواش لە ڕێگەی خوێندنەوە لە ڕێگەی ئەو دامەزراوە مۆدێرنانەوە کۆمەڵگە بەرەو پێش ببات و کۆمەڵگە لە کۆمەڵگەیەکی خێڵایەتی بگوازێتەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو. لەبەر ئەوەی کە حیزبی دێموکرات حیزبێکی کۆمۆنیستی نەبووە، حیزبی دێموکرات حیزبی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستانە. لەبەر ئەوەی حیزبێکی نەتەوایەتییە کاری یەکەمی حیزبی دێموکرات ئەوە نییە بچێتە نێو خەباتی چینایەتییەوە و یان دژایەتیی چینێکی تایبەت یان توێژێکی تایبەت بکات، چونکە کێشەیەک بە ناوی کێشەی نەتەوایەتی بوونی هەیە و بۆ ئەوەی نەتەوەکە بەرەوپێش بڕوا و بگاتە

قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانی، پێویستە تەبایی لە نێوان چین و توێژەکاندا هەبێ و هەموو ئەو چین و توێژانە بێنە ناو ئەم خەباتەوە کە ئەم قۆناخی ڕزگاریی نیشتمانییە تێپەڕ بێ. ئەمە یەکێک لە خسووسییەتە ئەسڵییەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتییە و لە هەموو دنیاشدا هەر وا بووە. یانێ ئەو بزووتنەوە نەتەوایەتییانەی کە لە وڵاتانی ترەوە و تەنانەت لە ئورووپاشدا هەبووە ئاوا عەمەلیان کردووە. بۆیە قازی محەممەد بەم شێوەیە بەرخوردی بە مەسەلەی هۆزەکان و خێڵەکان کردووە. دواتر کە سەرمایەداری لە ئێران و لە کوردستان زیاتر گەشە دەستێنێ و خێڵەکان بەرەو جۆرێک لە پووکانەوە و پێوەندیی خێڵایەتی بەرەو جۆرێک لە کەمڕەنگیی دەڕوات، حیزبی دێموکرات هاتووە هەندێک پلانی داناوە کە ئەو پلانە کاریگەریی هەبووە کە ئەو کولتووری خێڵایەتییە کە ئیتر کاریگەری لەسەر سیاسەتی حیزبی دێموکرات دانەنێت. لەم پێوەندییەدا دوکتور قاسملوو کاری زۆر زۆر گرینگی کردووە، بۆیە دوکتور قاسملوو هاتووە سیستمی لە ناو حیزبی دێموکراتدا پێک هێناوە، یانێ موشەخەس بووە فلان گرووپی کۆمەڵایەتی، فلان چین، فلان توێژ چی بکات، یانێ هەموو شتێکی کردووە بە دامەزراوە و دێموکراسییەکەشی لەنێو حیزبی دێموکراتدا پەیڕەو کردووە و دەنگی خەڵکی پەیڕەو کردووە، چونکە خێڵ بە دەنگی خەڵک هەڵنابژێردرێ بەڵام دوکتور قاسملوو هاتووە سیستمی کۆنگرەی داناوە، دوو ساڵ جارێکیش کۆنگرە گیراوە و خەڵک ئازادانە خۆیان کاندید کردووە و ئازادانە خەڵک هاتوون دەنگیان بۆ داوە و لەم ڕێگەیەوە دژایەتیی ئەو کولتووری خێڵایەتییەی کردووە و تا ئەندازەیەکی زۆر لە بەراورد لەگەڵ حیزبەکانی دیکەی پارچەکانی کوردستاندا، حیزبی دێموکرات سەرکەوتوو بووە. حیزبی دێموکرات یەک لەو دەگمەن حیزبانەیە کە دەسەڵاتی سیاسی پشتاوپشت نەهاتووە لە پشتێکەوە نەگەیشتووە بۆ پشتێکی تر و حاڵەتی بنەماڵەیی و حاڵەتی خێڵەکی لە ناو حیزبی دێموکراتدا هەمیشە کەمڕەنگ بووە و هونەری ئەو کارەش لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ لێزانی و کارامەیی دوکتور قاسملوو.

***حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەک یەکێک لە بەئەزموونترین و کاریگەرترین حیزبە سیاسییەکانی کوردستان، ڕۆڵی بنەڕەتیی لە دامەزراندن و پتەوکردنی توخمەکانی شوناسی نەتەوەیی کورددا گێڕاوە. دیارترین کارەکانی ئەم حیزبە بریتین لە دانانی سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" و هەڵکردنی ئاڵای نەتەوەیی کوردستان. دوو هێمای شوناس کە بە تێپەڕبوونی کات بوون بە هێمای هەر چوار پارچەی کوردستان. حیزبی دێموکرات بە بەدامەزراوەییکردنی ئەو هێما نەتەوەییانە، ڕۆڵێکی سەرەکیی لە پێناسەکردنەوە و بەرهەمهێنانەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورددا بینیوە و ڕێگای بۆ پێکهێنانی جۆرێک لە یادەوەریی هاوبەشی بەکۆمەڵ لە نێوان کورد لە ناوچە جیاجیاکاندا خۆش کردووە. ئەو هۆکارانە چ بوون کە بوونە هۆی ئەوەی سروودی نەتەوایەتیی"ئەی ڕەقیب" و ئاڵای کوردستان وەک دوو دەستکەوتی حیزبی دێموکراتی کوردستان ببنە هێمای بەربڵاوی شوناسی نەتەوەیی لەنێو هەر چوار پارچەی کوردستاندا؟***

کۆماری کوردستان کۆمارێکی سەربەخۆ بووە، بەڵام بەداخەوە هێندێک کەس هەیە کە باس لەوە دەکەن کۆمارێکی خودموختار بووە و تەنانەت شاهەنشا ئیجازەی ئەوەی داوە. کۆماری کوردستان کۆمارێکی سەربەخۆ بووە و بەڵگە بۆ ئەمە زۆر زۆرە. سادەترین بەڵگە بۆ ئەمە ژمارەی دەی ڕۆژنامەی کوردستانە کە بە مانشێتێکی گەورە نووسراوە و باس لە دووی ڕێبەندان دەکات، جێژنی سەربەخۆیی و ئیستقلالی کوردستان یانێ هەم وشە کوردییەکەی و هەم وشە فارسییەکەی داناوە کە هیچ دڕدۆنگییەک نەبێ کە ئەم کۆمارە کۆمارێکی سەربەخۆییخوازە. کارەکانی دیکەی پێشەوا قازی محەممەد وەک کابینەی وەزیران وەک سپای میللی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، وەک خوێندن بە زمانی کوردی و لەوانەش گرینگتر کە حاڵەتی هێمایی هەیە، سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و هەروەها ئاڵای کوردستان کە ئەمانە دوو هێمان کە نەتەوەیەکی بەئاسانی و بەخێرایی پێ دەناسرێتەوە. یانێ ئەگەر

کەسێک بڕوا ئاڵای وڵاتەکەی بەدەستەوە بێ تۆ ئۆتۆماتیک دەزانی کە ئەمە سەر بە چ نەتەوەیەکە ئیتر پێویست ناکا قسە بکا و چیرۆکی خۆی بگێڕێتەوە. هەروەها سروودی نەتەوایەتی باس لە ئێش، باس لە ئازار، باس لە مێژوو، باس لە ڕابردوو، باس لە داهاتوو و باس لە شکۆی نەتەوایەتی دەکات، بۆیە ئەو دوو هێمایە دوو هێمای گرینگن کە پێشەوا قازی محەممەد و کۆماری کوردستان گرینگیان پێ داوە. بە هۆی ئەوەوە کە پێشەوا قازی محەممەد کەسایەتییەکی زۆر زۆر خۆشناو بووە لەنێو خەڵکدا هەم لە سەردەمی خۆیدا و هەم ئێستاش من پێم وایە خۆشناوترین کەسایەتیی هەموو پارچەکانی کوردستانە یانێ دەتوانین بڵێین تەنیا کەسێکە خەڵکی هەموو پارچەکانی کوردستان لە دڵسۆزی، لە شۆڕشگێڕبوونی ئەو تەبان و کۆکن و ڕێکن لەسەر ئەوەی کە کەسایەتییەکی ئاوا نیشتمانی هەبووە و ئەوە لە سەردەمی خۆشیدا هەر کەسایەتییەکی ئاوا بووە. بۆیە خودی کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد و ئەو هێمایانە و ئەو کارە نەتەوایەتییانە کە کردوویەتی بووەتە هۆی ئەوە کە ئەو هێمایانە لە کوردستاندا بڵاو ببنەوە. دیارە سروودی ئەی ڕەقیب بوو بە سروودی هەموو حیزبەکانی کوردستان. تەنانەت پ.ک.کش زۆر جار ئەو سروودە لێ دەداتەوە یانێ سروودێکە دەتوانین بڵێین هەموو کورد یان حیزبە نەتەوایەتییە کوردستانییەکان ئەم سروودەیان قەبووڵە. یان ئاڵای کوردستان ئەو ئاڵایە کە لە کۆماری کوردستاندا هەڵکرا خۆی ئاڵای کۆماری ئاراراتە، وەک بڵێی سێ ڕەنگەکەی و ئەو خۆرەی کە لە ناویدایە و خودی خۆرەکە کە ئێزەدی خۆر یەکێک لە هێما سەرەکییەکان و ئێزەدە سەرەکییەکانی میترائیزم بووە لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە. وا دیارە لە کۆماری کوردستاندا هەندێک ئاڵوگۆڕ لەوەدا پێک هات، بەڵام زۆرتر ئاڵای کوردستان بە کۆماری کوردستانەوە زۆرتر دەناسرێ تا بە خودی کۆماری ئاراراتەوە. بەڵام ڕیشەکەی بۆ یەکەمین جار لە ڕاستیدا خودی سێ ڕەنگەکە و خۆرەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆماری ئارارات. بۆیە ئەم هێماسازییە لە ڕاستیدا گرینگە، نەتەوە پێویستی بە وێژمان هەیە، پێویستی بە دامەزراوەی

نەتەوایەتی هەیە، پێویستی بە ئەدەب و هونەری نەتەوایەتی هەیە و پێویستیی بە هێمای نەتەوایەتی هەیە. بۆیە هەم ئاڵای کوردستان و هەم سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب دوو هێمای زۆر زۆر بەرجەستە بوون و تەنانەت ناوی پێشمەرگەش کە قازی محەممەد لەسەر شۆڕشگێڕی کورد داینا بە چەشنێک بڵاو بووە کە ئەو وشەیە لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا کەڵکی لێ وەرگیرا و ئێستا هاتووەتە ناو زمانە جیهانییەکان و لە هەر جێیەک تۆ بنووسی پێشمەرگە دەزانن کە تۆ باسی خەباتکاری کورد دەکەی.

# ناسیۆنالیزمی کوردستانی و ڕۆڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو بارەیەوە

## (دیمانە لەگەڵ ئەبووبەکر کاروانی )

هەواڵنامەی کتێب

**وتووێژ: عەلی لەیلاخ**

*ئاماژە:*

*٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ، واتە ٢٧٢٥ی کوردی، حیزبی دێموکراتی کوردستان (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مانا ئێستاکەی) پێ دەنێتە ٨٠ ساڵەی دامەزراندنی خۆی. حیزبێک کە لەو کاتەوە وا لە گەڕەکێک لە مەهاباد چەند کەسایەتی بە نهێنی کۆمەڵەی "ژ - ک" یان کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردیان زامەزراند، بیریان لەوە کردبوو کە کورد دەبێت لەسەر خاکی خۆی و لە کوردستانی خۆی بێت. ٨٠ ساڵ بەسەر حیزبێک بە هەوراز و نشێوەکانی کە ڕۆڵە فیداکارەکانی خۆی لە سەردارەکانی سەر دارەوە تاکوو خوێناوییبوونی مێزی وتووێژ بۆ چارەسەریی پرسی نەتەوەیی، هەموو ئەمانە بەشێکن لە قۆناغ و خەباتی ئەو حیزبە. هەن ئەو ئازیزانەی کە لە گۆڕەپانی سیاسەت*

*و لە گۆڕەپانی هزرڤانیدا سەرنجی ورد و باشتریان داوە بەم حیزبە وەک میراتێک بۆ هەموو کورد، ڕاستە حیزبی دێموکراتی کودستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراوە، بەڵام میراتەکەی دەتوانین هیی هەمووی کوردستان بێت، چونکە ئێمە پێکەوە هاوچارەنووسین. بۆ ئەم بابەتەش لەسەر ڕۆڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناسیۆنالیزمی کوردستانی کە زۆر گرنگە بۆ یەکخستنەوە نێومالی پەرشوبڵاوی کورد، لە خزمەتی کاک "ئەبووبەکر کاروانی"، سیاسەتوانان و مامۆستای خۆشەویستداین کە لە گۆڕەپانی هزرڤانی و سیاسەتی کوردستانیدا ناسراوە و بە پرسی کوردەوە سەرقاڵە.*

**عەلی لەیلاخ:** مامۆستا گیان زۆر زۆر سپاس بۆ ئەوەی کە دیسان قەبووڵی زەحمەتت فەرموو.

**ئەبووبەکر کاروانی:** سپاس بۆ تۆ و سوپاس بۆ بینەران.

***کە باس لە حیزبی دێموکرات کرا، پێش ئەوەی بچمە سەر پرسیارەکانی دیکە و زۆریش دەبن، کە هاتینە ژوورەوە لە کتێبخانەکەی بەڕێزت وێنەی پێشەوا قازی محەممەد هەڵوەسراوە؛ لە لای مامۆستا ئەبووبەکر کە نووسەرە، سیاسەت دەزانێت و نیشتماندۆستە، پێشەوا چ ڕەمزێکە؟***

بەڵێ، بە ناوی خوای بەخشەندەی میهرەبان. بەخێر بێن سەرچاو. خەو دەبێنین لەنێو ڕەشەبای هەڵکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؛ لە سەرەپێچێکی مێژوویی گەورەی ئەم ناوچەیە کە دوارۆژی نەتەوەی ئێمە ئیشەڵڵا جوانتر بێت، گەشاوەتر بێت، سەوزتر بێت، ئەگەر لە پاییزیشدا بین خەون ببینن بە بەهارەوە، ئیشەڵڵا کە خەونەکانی ئێمە ببن بە گوڵاڵەی سوور و ڕەنگی ئازادی و بەختەوەری و سەربەرزی و دادپەروەری بگرن. من ئەگەر بڵێم ڕەنگە قازی یەکێک لە سەرباشقەکانی ژیانم بێت بو یەکێک

لە هەرە ئەو کەسانەی بێت کە لەنێو کورد و لەنێو ڕێبەرە کوردەکاندا بۆ من سەرباشقە و ڕەمزە و زۆرە و مانا دەگرێت، بەڵام ڕەنگە لە پێش هەمووانەوە ئەم مانایانەی خوارەوە بگرێت:

یەکەم، قازی ڕەمزی گرێدانی ڕەهەندی ئیسلامی و نەتەوایەتییە لە کەسێتی و کۆمەڵگەی کوردستانییە کە زۆر گرنگە بە لای منەوە، دەبێت ئەم دوو ڕەهەندە لە هەموو خەبات و هەوڵ و تێکۆشانێکی کوردیدا پێکەوە گرێ بدرێت. نابێت ڕەهەندی ئیسلامی و ڕەهەندی نەتەوایەتی و نیشتمانی لەسەر ئاستی تاک و لەسەر ئاستی کۆمەڵگەدا لەنێو کۆمەڵگەیەکی زۆرینە موسڵماندا نەک دژی یەکتر بن، دەبێت تەواوکەری یەکتر و لە خزمەتی یەکتردا بن. ئەمە ڕەمزی پێکەوەگرێدانێکی ئاساییی دادپەروەرانەی پڕهێوایە لەو ڕووەوە؛ ئێمەش لەم ڕۆژانەدا زۆر پێویستیمان بەو جۆرە ڕەمزانە هەیە کە پێکەوەگرێدانەکە، پێکەوەگرێدانێکی ئایدیۆلۆژی نییە، بەڵکوو پێکەوەگرێدانێکی ڕوحیی ئەخلاقیی کوردانەی موسڵمانانەی پاک و سادەی کوردەوارییانەی خۆمانە لە ڕوحە دادپەروەرانەخوازە پاکەکەی ئیسلام و لە ڕوحە پاکە کوردەوارییەکەی خۆماڵیی خۆمان هەڵقوڵاوە و لەنێو قوتابخانە ئایینییەکانی ئێمە و لەنێو ژینگە کولتووری و ئایینییەکەی خۆمان هەڵقوڵاوە، ئەمە یەک.

دووهەم، ڕەمزی پیاوێکی خۆنەویستە، پیاوێک کە سیاسەتمەدارە؛ ئەگەر ئێمە تاکوو پێوەرەکانی "ماکس ڤیبەر"ی بیرمەند و کۆمەڵناسی گەورەی ئەڵمانی، وەک پۆلێنی ئەو کەسانەی خەریکی سیاسەتن، بەکار بێنین، ئەو سیاسەت پۆلێن دەکات "خەڵکانێک هەن بۆ سیاسەت دەژین و خەڵکانێک هەن بەس سیاسەت دەکەن". قازی محەممەد لە ڕیزی ئەو کەسانەیە بۆ سیاسەت ژیاوە، لەبەر ئەوەی بۆ گەلەکەی ژیاوە، لەبەر ئەوەی بۆ چاکەی گشتی ژیاوە، بۆ ئامانجە گەورەکانی ژیاوە، بۆ ئەوە ژیاوە. یەکێک لە ڕەسەنترین نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چوارەمین نەتەوەی گەورەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئەویش وەک نەتەوە گەورەکانی دیکەی ئەو خۆرهەڵاتە و وەک یەکێک لە نەتەوەکانی تری دنیا خاوەن قەوارەی خۆی بێت،

خاوەن کەسێتیی مەعنەویی خۆی بێت، کەرامەتی پارێزراو بێت، مافەکانی پارێزراو بێت. کەواتە قازی محەممەد سیمبولی سیاسەتمەدارە، بۆ سیاسەت ژیاوە، واتە بۆ گەلەکەی ژیاوە، یانی بۆ ئامانجە باڵا ئەخلاقییەکانی نەتەوەکەی ژیاوە.

بەڵام سێهەم، بە لای منەوە قازی محەممەد سوقراتی کوردە، ئەو کەسەی مەرگێکی ئازادانە، مەرگی خۆی هەڵبژارد بۆ ئەوەی بە جۆرێک بمرێت کە هەرگیز نەتەوەکەی تووشی مردنێکی مەعنەوی نەبێت. جارێک لە پێناوی ئەوەدا دەمرێت کە نەتەوەکەی نەمرێت و نەتەوەکەی کۆمەلکوژ نەکرێت بە ناوی ئەمەوە (قازی محەممەدەوە) و لەپێناو نەتەوەکەی دەمرێت. ئەوە جۆرێک لە عیسابوونی تێدایە، بۆیە من هۆنراوەیەکم نووسی و ناوم نا "مەسیحەکەی کورد"؛ جۆرێک لە سوقراتی کوردیشی تێدایە. بۆیە دەتوانین بڵێین کە ئەمە مەسیحەکەی کوردە، ئەمە سوقرەتەکەی ئێمەیە، بۆیە قازی محەممەد زۆر ڕەمزە بۆ زۆر شت و شایانی ئەوەیە کە یەکێک لە سەرباشقە گەورەکانی نەوەی نوێی ئێمە بێت و بۆی بگەڕێینەوە، ئامادەی بکەینەوە و شانازیی پێوە بکەین.

***زۆر سپاس بۆ تێبینییە جوانەکانت مامۆستا، دوو - سێ خاڵت ئاماژە پێ دا، دەمهەوێ کەمێک ڕوونتری بکەینەوە. باست لەوە کرد کە پێکەوەگرێدانی ڕوحی پاکی ئیسلامیەتی و ڕوحی پاکی کوردایەتی؛ لەنێو ئەم ململانێیانە کە هەر هەبووە و ئێستەش هەر بەردەوامە، پرسیار ئەمەیە: ئەمە دژواز نیە؟ یانی بە دژی یەکتر ڕاناوەستن؟ ئیسلام باس لە "ئوممەی واحیدە" دەکات. ئایا ناسیۆنالیزمی کوردستانی لەوێ ناتوێتەوە یان بچووک ناکرێتەوە؟***

بەدڵنیاییەوە ئیسلام باسی "ئوممەی واحیدە" دەکات، بەس "ئوممە" لە چوارچێوەی دەوڵەتی "واحیدە"دا کۆ ناکاتەوە. تۆ لە هەر شوێنێکی ئەو دنیایە بیت دەتوانیت موسڵمان بیت، تۆ دەتوانی لە بریتانیا بیت، دەتوانیت لە ئالاسکا بیت، دەتوانیت لە ئەمریکا بیت؛ واتە ئێمە شتێکمان هەیە بە ناوی "ئوممەتی عەقیدی"یەوە

(ئوممەتی بیروباوەڕەوە)، لە ئیسلامدا ئەندامبوون لە کەنیسەیەک، ئەندامبوون لە دامەزراوەیەکدا، ژیان لە سایەی سیستەم و سیاسەتێک و دەسەڵاتێکی دیاریکراوی ئیسلامی یان ئایینیدا بە هیچ جۆرێک نە مەرجی ئیمانە و نە ژیانی موسڵمانەتییە؛ لەبەر ئەوە تۆ لە هەر کونج و کەلەبەرێکی ئەم دنیایە بژییت دەتوانیت موسڵمان بیت، دەتوانیت ڕەزامەدنی خودا بەدەست بهێنیت و دەتوانیت بچیتە بەهەشتەوە. بۆیە مەرجی موسڵمانیەتی پەیوەست نییە بە هیچ بارودۆخێکی سیاسیی دیاریکراو و ژیان لەژێر سایەی هیچ سیاسەتێکی دیاریکراودا؛ بە مانایەکی تر ئوممەتی ئیسلامی پەیوەست نییە بە چوارچێوەیەکی سیاسی و وڵاتێکی سیاسیی دیاریکراوە. سەد ساڵە ئوممەتی ئیسلامی دەوڵەتی نییە، قەوارەی سیاسیی نییە، ئەتوانم بڵێم هەر لە ساڵی ٢٠٠ی کۆچییەوە، هەر دووسەد ساڵ دوای کۆچی دوایی پێغەمبەری ئیسلام (د. خ.)، ئوممەتی ئیسلامی دەسەڵاتی یەکگرتووی نەماوە. هەر لە دوای ساڵی دووسەدی کۆچییەوەی ئێمە سێ دەسەڵاتمان هەبووە، سێ خیلافەتمان هەبوو کە یەکێکیان لە بەغدا بووە (خیلافەتی عەباسی)، یەکێکەیان لە قاهیرە بووە (خیلافەتی فاتمی - شیعەکان) و یەکێکیشیان لە ئەندەنووس بووە (پاشماوەکانی خیلافەتی ئەمەوی). هیچ کەسیش گومانی لە بوونی ئوممەتی ئیسلامی و لە بوونی کۆمەڵی ئیسلام و لە ئینتمای موسڵمانان بۆ ئاینییەکان نەکردووە لەم سەرزەمینەدا. سەد ساڵەدا موسڵمانان لە چوارچێوەی هیچ ئیمپراتۆریەتێکی ئیسلامیدا نەژیاون و کەسیش پێی وا نییە موسڵمانان لە دۆخی ناموسڵمانیدا دەژین، ئیلا هەندێک عەقڵی توندڕەو نەبێت کە پێی وایە ئێمە لە قۆناغی نەزانیدا دەژین لەبەر ئەوەی لەژێر سێبەری دەسەڵاتێکی ئیسلامیی دیاریکراوی ئایدیۆلۆژیدا ناژین کە ئەوە خۆی نەزانییە، خۆی بیرکردنەوەیەکی نەزانانە و تێنەگەیشتنە لە ئیسلام ئەگەر عەقڵێکی گەورەی ئیسلامیش کردبێت بەبێ ئەوەی نییەتی هیچ بیرمەندێکی ئیسلامی یان نووسەرێکی ئیسلامی تۆمەتبار بکەین لەبەر ئەوەی قوربانیی ژیان لە سایەی دیکتاتۆریەک و ستەمکارییەکی دیاریکراودا بووە. بۆیە ئێمە جگە لەوەی کە پێغەمبەر (د. خ.) کۆچی دوایی کردووە،

هەولێرنامەی کتێب

هیچ ڕێنوێنییەکی بۆ ئیمە بەجێ نەهێشتووە کە سیستەمە سیاسییەکەمان ئاوا بێت و لەسەر ئەو بناغەیە دروست بکرێت، دەسەڵاتە سیاسییەکەمان بەو جۆرە بێت و لەسەر ئەو بناغەیە دروست بکرێت. ئێستە جیهان و لەونەش جیهانی ئیسلامی بەسەر دەوڵەتنەتەوەکاندا دروست بووە، هەموو جیهان ڕێک کەوتووە لەسەر ئەوە، لەوانەش جیهانی ئیسلامی کە لەسەر بناغەی نەتەوە جیاوازەکان دەوڵەتەکان دروست ببێت. جیهانی ئیسلامی بەسەر چەند دەوڵەت دابەش بووە؟ ئێستە بەسەر نیزیکەی شەست دەوڵەتدا دابەش بووە؛ کەس وازی لە دوڵەتی خۆی هێناوە؟ کەسێک وازی لە وڵاتی خۆی هێناوە تاکوو ئیمە واز لە وڵاتی خۆمان بێنین؟ بۆ ئەوەی ئیمانمان ناتەواوە یان ئیسلاممان لەدەست چووە؟ کەس وازی لێ نەهێناوە! کاتێک بزاڤێکی ئیسلامی و جەماعەتێکی ئیسلامی لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەدا دەسەڵات دەگرێتە دەست، کەس بەرژەوەندیی وڵاتەکەی دەکات بە قوربانی شتێکی تر؟ ئەم دەوڵەتە کە دەوڵەتێکی نەتەوەیییە، دەکات بە قوربانی وڵاتێکی تری ئیسلامی؟ شتێک دەکات ئەگەر بەرژەوەندیی وڵاتەکەی خۆی تێدا نەبێت لە کاتێکدا بزاڤێکی ئیسلامی لەنێو وڵاتەکەی خۆیدایە؟ نایکات. ئیتر ئێمە لەبەر ئەوە لە بەردەم دژوازییەکی لەو جۆرەدا نین، ئیلا مەگەر تێگەیشتنمان کێشەی هەبێت یان بیکەین بە کێشە بۆ خۆمان.

***بگەڕێنەوە بۆ سەردەمی "ژ - ک" چونکە لەو ساڵیادەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتداین. ناسیۆنالیزم، بۆ خۆت باشتر دەزانیت و کتێبت لەسەر نووسیوە، بەرهەمێکی نوێباوە (مۆدێرنە)؛ "ژ – ک"ییەکان کەسایەتییگەلێکی فەرهەنگی و ئایینی لە شاری مەهاباد بوون. ئەم دوو چەمکە چەندە توانێت ببێت بە گرایەک بۆ دامەزراندنی حیزبی دێموکرات و تەنانەت کۆماری کوردستان؟***

بەدڵنیایییەوە ناسیۆنالیزم بەرهەمی نوێباوە. دیارە دیدی جیاوازیش هەیە لەو بارەوە، بەڵام ئەو ناسیۆنالیزمەی ئێمە دەیناسین و پێوەندیی بە دەوڵەتنەتەوە هەیە و پەیوستیی بە خۆپێناسەکردنی نەتەوەیەک هەیە لە چوارچێوەی سنووری نەتەوەییدا

و هەروەها گەڵاڵەکردنی داخوازیی نەتەوەیی لەسەر بناغەی جیاوازیی نەتەوەیەک لە نەتەوەیەکی تر و بوونی نیشتمانێکی دیاریکراو، ئەمە پێوەندیی بە کۆمەڵگە نوێیاوەکانی ئەم چەرخەوە هەیە کە سەرەتا لە خۆراواوە دەستی پێ کردووە و دواتر ناوچەکانی تری گرتووەتەوە. کۆمەڵەی "ژ – ک" بەرهەمی ئەو بەرکەوتنەی کۆمەڵگەی ئێران و کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتە لەگەڵ خۆراوادا؛ ئێمە دەزانین کە سەرەتای ناسیۆنالیزمی ئێرانی بۆ کوێ دەگەڕێتەوە، بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە کە وردە وردە لە ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە مەشرووتەی ١٩٠٥ی زایینیدا سەر هەڵدادات و وەردە وردە خۆی گەڵاڵا کرد لە شێوە دەسەڵاتێکدا و یەکەم جار ناسیۆنالیزم لەم ناوچەیە لە بەرگی لیبراڵیزمداو لە بەرگی داوای مشرووتەدا و لە حکوومەتی دەستووری و حکوومەتی یاسا و ئەم بابەتەدا هاتووەتە ناوچەکەی ئێمە کە هەموومان هاوولاتیین و هاوولاتیی یەکسان بین. وردە وردە ئەم ناسیۆنالیزمە پەرەی ستاندووە هەتا لە کوودەتاکەی ڕەزا شادا خۆی بینییەوە و ئێرانی نوێ دروست بوو لە ١٩٢١ ز. کە لە ١٩٣٦ز. ناوی ئێرانی ئێستەش گۆڕدرا بە ناوی ئێران و وردە وردە ڕەزا شا ئێرانی نوێی بینا کرد، ئێرانی نوێ دیارە ناسیونیالیزمی ئێرانییە و هەوڵی دا هەموو ئەوانەی لەنێو ئێراندان لە چوارچێوەی نەتەوەی ئێراندا بتوێنێتەوە و یەک زمان، یەک ئاڵا، یەک فەرهەنگ، یەک شت؛ بەڵام ئێمە نەتەوەی جیاوازمان هەیە، زمانی جیاوازمان هەیە، فەرهەنگی جیاوازمان هەیە. یەکێک لەو نەتەوانەی کە مەرجی نەتەوەی تێدایە و نەتەوەیەکی بەهێزە و ڕەگ و ڕیشەی قووڵی مێژوویی هەیە و بەشدارییەکی ڕەسەن و گرنگ و بەهێزی شارستانیەتیی ئیسلامی ناوچەکەیە، کوردە. بۆیە لەگەڵ هەڵکەوتنی یەکەم دەرفەتدا لە جەنگی جیهانیی دووەمدا و یەکەم بۆشایی لە ١٩٤٢ی زایینیدا، یەکەم "ژ – ک" سەری هەڵدا. سەرهەڵدانی "ژ – ک" کە ئێمە هەین، ئێمە نەتواوینەوە و هەموو سیاسەتەکانی ڕەزاشا بۆ قەدەغەکردنی زمانی کوردی، جلوبەرگی کوردی، فەرهەنگی کوردی، نکۆڵیکردن لە ئێمەی کورد، هیچی ئێمەی نەتواندووەتەوە، ئێمە

جارێکی تر بووژاینەوە؛ ڕاستە زەبرمان خواردووە، ڕاستە دەرفەتمان لەدەست داوە، بەڵام ئێستە گیانێکی تر بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردی بووژاندەوە. کێن ئەوانەی ئەو بزووتنەوەیان بووژاندەوە؟ بلیمەتی کۆمەڵگەی کوردستان ئەو کاتە کێ بوون؟ ئایینداراکان بوون، تازەپێگەیشتووەکانی قوتابخانە نوێیەکان بوون، زاناکان بوون، فەرهەنگییەکان بوون، بازاڕییەکان بوون، هەموو ئەوانەی کە هۆشیارییەکیان بۆ دروست بووە لەوەی کە کورد نەتەوەیە، کورد جیاوازە و جیهانێکی نوێ هاتووەتە ئاراوە، نەتەوەکان لەسەر بناغەی جیاوازیی نەتەوەیی داوای مافی خۆیان دەکەن، ئەگەر ئێمەش داوای مافی خۆمان نەکەین دەتوێینەوە، ئێمەش دەبێت کەرامەت و ماف و زمان و فەرهەنگمان پارێزراو بێت، دەبێت دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان هەبێت، خۆمان بتوانین دەوڵەت دروست بکەین، خۆ نەتوانین دەوڵەت دروست بکەین، لە چوارچێوەی دەوڵەتەکاندا دەبێت هەرێمی فیدراڵی خۆمان هەبێت، خۆبەڕێوەبەریی خۆمان هەبێت، دەبێت دەوڵەتی هەموومان بێت، دەبێت ئێمە بە کەسێتیی خۆمانەوە بەشدار بین لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا، ئەم بیروباوەڕە لای ئەمانە گەڵاڵە بوو. بە ڕوحە ئیسلامە پاک و کوردەوارییە تێکەڵاوەکەی خۆیانەوە، بەبێ ئەوەی جیاوازیی لەنێوانیان پارچەکان ببێت، وردە وردە "ژ - ک"یان دروست کرد. "ژ - ک" کە بە لای منەوە یانی ڕێکخراوێکی نەتەوەییی ئایینی لە کوردستاندا؛ ئیسلام وەک هەوێنێکی ئەخلاقی، ناسیۆنالیزم وەک داواکاری، ئەخلاقی کوردەواری و ئیسلامی وەک چوارچێوەیەک بۆ پاکیەتی، بە جۆرێک کە ئەوەندە ئەخلاقی پاک بووە کە ئەگەر کۆمەڵێک سۆفیی دیندار و خەڵک پێ بگەیەنیت ئێستە، ئەو ئەخلاقە پاکەیان نابێت ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ هێمن و هەژار و ... ئەو دۆخە بخوێنینەوە و بگەڕێینەوە بۆ ئەوانەی نووسراوەکانیان (یادداشتەکانیان) سڕیوەتەوە، ئەو بارودۆخە ئەخلاقی و سۆفی و پاکیەتییە بخوێنینەوە، کە ئەو مرۆڤانە چۆن لە ڕووی دەروونییەوە پاک بوونەوە، کە چۆن بوون بە مرۆڤێکی تر، کە چ شۆڕشێکی ئەخلاقی بەسەر بیرکردنەوە و ڕوح و گیان و ڕفتاریاندا دروست بووە، بۆ ئەوەی کە شۆڕشێک

لە کۆمەڵگەکەیاندا هەڵگیرسێنن؛ پێش ئەوی کە شۆڕشێک هەڵگیرسێنن بۆ ئەوەی خۆیان جیا بکەنەوە و ئەو زوڵم و زۆرە نەتەوایەتی و چینایەتییە لا ببەن لەسەر خۆیان، شۆڕشێکی ڕوحی و فەرهەنگییان لەنێو خۆیاندا گەڵگیرساند بۆ ئەوەی لەنێو کۆمەڵگەی کوردستاندا هەڵیگیرسێنن. لەو سەرەتا پیرۆز و ڕووناک و جوانەوە، لە گردی نوورینەوە دەستیان پێ کرد و سەرەنجام گەیشت بەوەی کە گەیشت.

***"ژ - ک" پاش ئەو خەباتە نهێنییە بەپێی ئەو هەلومەرجە کە زۆر جوان ئاماژەت پێ دا و ئەمان ویستیان بەرانبەر بە حکوومەتی ناوەندی بەنیسبەت بەو هێرش و هێژموونیخوازی و نکۆڵیکردنە. حیزبی دێموکرات بوو بە وەکوو ساختارێکی نوێباوی حیزبایەتی و زۆری نەخایەند لەسەر دەستی حیزبی دێموکرات کۆماری کوردستان دامەزرا. کۆماری کوردستان ڕایەکی گشتی (ئەگەر نەڵێم هەموو کوردستان) بەڵام پێم وا بێت وەکوو میراتیک سەیری دەکرێت. پێم خۆشە هەر لە ڕەهەندی ناسیۆنالیزم کە باوەڕت پێی هەیە، کۆماری کوردستان چ جێگەیەکی هەیە و چەندە توانیویەتی ببێت بە مەرجەعێک یان ئەگەری هەیە وەک مەرجەعیەتێکی گرنگی ناسیۆنالیزمی کوردستانی سەیری کۆماری کوردستان بکەین؟***

سەرەتای سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردستانی، ئیستەنبوڵ بوو. دوای ئەوەی کە کەمالیزم دۆخەکەی بەو بارەدا خست، هاتە باشووری کوردستان؛ شێخ مەحموود سەرەتاکان جارێکی تر ڕەنگ و بۆیەکی دا بە ناسۆنالیزمی کوردستانی. جارێکی تر لە باکووری کوردستان کۆمەڵەی ئازادی و شێخ سەعیدی پیران لەژێر کاریگەریی باشووری کوردستاندا وردە وردە حیزبی ئازادیی کوردستان و دواتر کۆمەڵەی "ژ - ک" دروست بوون، بەڵام کە کۆمەڵەی "ژ - ک" دروست بوو، بەتایبەتمەندییەکی نوێوە دروست بوو. بۆ نموونە کۆمەڵەی هیوا کاریگەریی هەبوو لەسەر دروستبوونی "ژ - ک"، بەڵام "ژ - ک" لە بەرگیراوەی کۆمەڵەی هیوا نەبوو، هەناسەکان لە هیوا

وەرگرت، بەڵام ئەوەی هیوا هەڵی تەکان، دروستبوونی باڵێکی چەپ بوو لەنێو هیوادا، ئەوەی کە لە دواییدا تا ڕادەیەک حیزبی دێموکرات تووشی بوو و تا ڕادەیەک عەزیەتی حیزبی دێموکراتی دا، بەس لەنێو "ژ - ک"دا دروست نەبوو. واتە "ژ - ک" دووبارەبیناکردنەوەی ناسیونالیزمی کوردستانی بوو لە بەرگێکی پێشکەوتووتردا، بە دیدێکی ڕونترەوە، بە چوارچێوەیەکی هزریی نوێباوترەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین کۆماری کوردستان و "ژ - ک" بەتەواوی مانا مەرجەعیەتی نوێ و هاوچەرخی بزووتنەوەی ناسونالیزمی کوردستانییە لەسەر ئاستی کۆی کوردستاندا، بەتایبەتی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان، هەڵبەتە کۆی کوردستان پێش دروستبوونی پ. ک. ک. لەبەر ئەوەی پ. ک. ک. قسەی تایبەتی بووە و جۆرێک لە تایبەتمەندیی هێنایە نێو واقعیەتەکەوە. بەڵام باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە جۆرێک تەواوکەری یەکترن کە لێک جیا ناکرێنەوە. زۆربەی ڕەمزە گەورەکانی ناسیۆنالیزمی کوردستانی کە تاکوو ئێستەش تێکەڵاو بە ویژدان و ڕۆح و فەرهەنگ و هەموو شتێکی ناسیۆنالیزمی کوردستانی بووە، مەرجەعیەتیەکانی کۆماری کوردستانە. سرووودی "ئەی ڕەقیب"، ناوی پێشمەرگە، لەشکری کوردستان، ئاڵای کوردستانی ئێستە و ... هیی کوماری کوردستانن، ئەمە جگە لەوە زۆر بێت، یانی ئێمە مافمان نەداوە بە کۆماری کوردستان لێی بتوێژینەوە؛ ئێمە دەبێت هەڵەکانمان ڕاست بکەینەوە لە ڕێی گەرانەوە بۆ کۆماری کوردستان، جگە لەوە کۆماری کوردستان ڕاستە لە بەشێکی کوردستاندا دروست بووە، بەڵام بەرهەمی ڕەنجی هاوبەشی کۆی پارچەکانی کوردستانە. لەبیرمان نەچێ کە مەلامستەفا بارزانی و بارزانییەکان چ ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە لە باسکی سەربازیی لەشکری کوردستاندا، چوار ئەفسەرەکە چۆن بەشدارییان کرد و هاتنەوە لە باشووری کوردستان لە سێدارەیان دان. دەیان تێکۆشەری کورد هەتا ڕۆژاوای کوردستان و باکووری کوردستان، ئەمجار سەرباز و مامۆستا و فەرهەنگی و ... لە هەمووی پارچەکانی کوردستانەوە؛ واتە کۆماری کوردستان چوارچێوەیەک بوو بۆ گوزارشدانەوە لە ڕوحی کوردستانی لە کاتێکدا پارچەکان دەبڕی و لە

شوێنێکدا تێکەڵاو بە یەکتر بوون و ئەزموون دروست کرا، بۆیە شایستەیە ناوی بنرێت کۆماری کوردستان. لەبەر ئەوەی لە ڕاستیدا کۆی کوردستان لەسەر ئاستی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست و کۆی باڵەکانی ناسیۆنالیزمی کوردستانی لەو کاتەدا و کۆی ڕوحە پاکەکانی کورد لەو کاتەدا بەشدارییان کرد لە خەملاندنی ئەزموونی کۆماری کوردستاندا. ئیمە مافمان نەداوە بە کۆماری کوردستان، بەگوێرەی پێویست ئامادە نین لە ڕاستکردنەوەی هەڵەکانمان و لە دووبارە گەورەکردنەوەی یانی لە دووبارە ئاراستەکردنەوەی فکرەکان.

***شێوازێکی حکوومەتداریی کوردستانی بەئەزموونێکی کورتەوە، بەڵام توانی وەک بەشاندن بێت بۆ ئێستە و داهاتووش بۆ یەکخستنەوە؛ ئاماژەت پێ دا کە هەموو پارچەکان تێیدا بەشدار بوون، ڕاستە ئێستە سنووربەندییەکان و حکوومەتەکان جورێکی دیکەن، بەڵام ڕوحە کوردستانییەکە مەبەستمە کە لانی کەم تێ بگەی لەو ئەزموونە و لەو وانەیەی کۆماری کوردستان، ئەوەی تێدا هەیە ئێستەش؟***

بەدڵنیاییەوە، کۆماری کوردستان تەنیا یازدە مانگ تەمەنی بووە. بەڵام ئەو دەستکەوتانەی لەو یازدە مانگەدا هەیبووە، هەرگیز بەراورد ناکرێت بە ئەو کاتەی کە کۆمار هەبوو؛ ئەو بارودۆخەی کە کۆماری کوردستان و ئەو هەناسە پاکانەی لە بوونی ئازادی، لە نەبوونی کێشە، لە کەمکردنەوەی تاوان و ئەو ڕوحە پاکە، ئەو ڕووانینە گەشبینانە بۆ داهاتوو، ئەو ڕوحە پاکە کوردییە و ... زۆر شتی تێدا بووە، بۆیە ئەگەر ئینگلیزەکان و ڕووسەکان نەبوونایە، ئەگەر لێ گەڕایە ئەو ڕوحە پاکە بتەنێتەوە و هەموو کوردستان بگرێتەوە و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگرێتەوە و لە ڕاستیدا ئەزموونی دروست کردبا، ئێستە ئێمە لە قۆناغێکی تردا دەبووین. هەر چۆنێک دەبێت، من لەو کۆڕەی خۆمان لە ڕابردووە و لەو شیعرەی خۆشمدا کۆماری کوردستان ڕووخا، بەڵام لە ویژدان و دڵی هیچ کوردێکدا نەڕووخاوە. واتە

بە جۆرێک بە نەمری مایەوە کە هەتا کورد هەبێت، کۆماری کوردستان لە ویژدانیدا مایەوە و ئەویش بوو بە هۆی ئەوەی کە لە ڕاستیدا کورد یاخی بێت لە توانەوە. یەکێک لەو هۆکارانە بوو کە کورد یاخی بێت لە توانەوە، هەرچەند بەرانبەری کورد زەبر بەکار بهێنرێت، هەرچەند گوشاری لەسەر بکرێت، هەرچەند شێوازەکان و تەکنیکەکانی توانەوەی لە بەرانبەر کورد بەکار بهێنرێت، بەڵام کورد یاخی بوو لە توانەوە. یەکێک لەو هۆکارانە ئەوەیە توانیویەتی لە لەحزەیەکادا کۆماری کوردستان بەرهەم بهێنیت و جێژ لە ڕاهێنانی جیاوازی خۆی بچێژێت و شکۆمەندانە سەیری دنیا بکات و لە پێگەی شکۆ و دەسەڵاتدار وەک خاوەنشکۆ و وەک خاوەنماف سەیری کەسایەتیی خودی خۆی بکات، لەوێوە سەیری دنیای کردووەتەوە؛ ئەمە لە ڕوحدا هەر ماوەتەوە و لەوێوە سەیری دنیا دەکاتەوە، بۆیە ئاسان نییە خۆی ڕادەست بکات بەو دۆخە دژوارە جۆراوجۆرە.

***یەکێک لە توێژینەوە گرنگەکانت لەسەر ڕوحی کوردی یان ناسیۆنالیزمی کوردییە، ئەوەی بمێنێت کە تایبەتمەندی ناسیۆنالیزمی کوردستانی چییە، لەگەڵ ناسیۆنالیزمی وڵاتانی دیکەی دەوروبەرمان کە دیارە ناسویونالیزمی کوردستانی لە واقعدا پەرچەکردارێکە بەرانبەر بە لەنێوبردن و نکۆڵیکردن. حیزبی دێموکرات بە هەموو قۆناغەکان و بە هەموو کاری سیاسییەوە (کە هەڵەشی تێدایە)، چەندە توانیویە داژداری ناسیۆنالیزمی کوردستانی بێت؟***

ناسیۆنالیزمی کوردستانی بەپێی واقعی کۆمەڵگەی کوردەواری تایبەتمەندیی هەبووە، ئەویش ئەوەیە زۆربەی ناسیۆنالیزمەکانی ئەم ناوچەیە، ناسیۆنالیزمی تورکی، ناسیۆنالیزمی ئێرانی و ناسیۆنالیزمی عەرەبی سەرەتا لەسەر دەستی بلیمەتە غەربگەراکان پەرەیان پێ دراوە، جگە لە ناسیۆنالیزمی کوردستانی کە لەسەر دەستی بلیمەتە ئایینییەکان و لەنێو تەکیە و حوجرەکان و لەنێو بلیمەتی ئایینیی کوردەوە سەرەتاکانی ڕایەڵەکانی ناسیۆنالیزمی کوردستانی دەستی پێ کرد؛

واتە دامەزراوە سونەتییە ئایینییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بارودۆخی گەشەکردنی سەرەتایان خستووەتە خزمەت ناسیۆنالیزمی کوردستانییەوە؛ ئەمە تایبەتمەندییەکی ناسیۆنالیزمی کوردستانییە. ئەو دۆخە لە شێخ عوبەیدوڵڵا نەهرییەوە لە هەشتاکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە تاکوو قازی محەممەد و کۆمەڵەی "ژ - ک" درێژەی کێشاوە و بە جۆرێک لە جۆرەکان بە کاڵیش تاکوو حەفتاکانیش دێت، تاکوو ئەو وەختەی بەداخەوە چەپ زاڵ بووە بەسەر زۆربەی ناوەندە ناسیۆنالیزمەکانی کوردستاندا کە باجی گەورەمان داوە و لە ڕاستیدا دەبێت ڕاستی بکەینەوە. حیزبی دێموکرات میراتگری "ژ - ک" بووە، حیزبی دێموکرات بۆن و بەرامەی قازی محەممەدی لێوە دێت، هەمیشە کە ناوی حیزبی دێموکرات دێت، واتە باسی "ژ - ک" و باسی قازی محەممەد و باسی شەهیدبوونی کۆماری کوردستان، جۆرێک لە بۆن و بەرامەی تایبەتی لەگەڵ خۆیدا هەیە. بێگومان تۆ کە میراتگری ئەو میراتە بوویت، تەنانەت ئەگەر تووشی هەڵەش بیت، دەتوانی هەڵەکانت ڕاست بکەیتەوە، تەنانەت ئەگەر تووشی لەڕێلادانیش بیت، تەنانەت ئەگەر شتەکانت کاتی بن، وردە وردە شتەکانت دەگەڕێیتەوە سەر ڕەسەنایەتیی خۆت، چونکە تۆ ڕابردوو و ڕەسەنایەتییەکت کە دەگەڕێیتەوە بۆی. بۆیە حیزبی دێموکرات لەو کاتەوە هەتاکوو ئێستەش ڕۆڵی پێشەنگی هەبووە لە پەرەدان بە ناسیۆنالیزمی کوردستانی جگە لەو پارچەیەی کوردستاندا، لەبەر ئەوەی کە لەسەر دەست لە چوارچێوەی ئەودا ئەزموونی کوردستانیش هەبووە؛ ئەتوانم بڵێم میراتێک بووە بۆ کۆی پارچەکانی کوردستان لەبەر ئەوەی بمانهەوێت و نەمانهەوێت، ڕاستە بە مانای وشە کورد ناسیۆنالیزمێکی یەکگرتووی نییە، بەڵام ئەزموونەکان لە ئاستی ڕوحی و دەروونیشدا بێت، تێکەڵ بە یەکتر دەبن و ئاواتەکانی یەکتری تەواوکەر دەبن و ئەزموونەکان بە جورێک لە جورەکان خزمەت بە یەکتر دەکات.

***مامۆستا ئاماژەت بەوە دا کە هۆکاری ئەوەی حیزبی دێموکرات توانیویەتی***

هەواڵنامەی کتێب

*ڕۆڵی پێشەنگایەتی بگێڕێت (بەقەولی خۆت تاکوو ١٣٥٧ی خۆری) کەسایەتییە ئایینییەکان بوون و لە حوجرەکانەوە هاتوون، بەڵام ئێمە لە قۆناغێکی دیکەدا دەبینین شەهید د. قاسملوو گەڕایەوە و مائوئیستی نەهاتەوە کوردستان، ئەویش کۆمەڵگەکەی خۆی دەناسی. ئایا ئەوەش دیسان ناگەڕێتەوە بۆ وزە و ماتەی ئەو حیزبە کە هەیەتی و دەتوانێت کەسایەتییەکان لەگەڵ کۆمەڵگەکەی خۆیدا ڕاگرێت، نەک ئەوەی کە هەموو شتێک هەڵتەکێنێت؟*

جا من ئاماژەم بەوە کرد؛ لەبەر ئەوەی ئەو میراتگری "ژ - ک"، لەبەر ئەوەی کە ڕابردوویەکی هەیە، ڕابردوویەک کە زۆر هەڵقولاوی نێو کۆمەڵگەکەی خۆی بووە، ڕابردوویەک بووە نەخوازراوە، ئایدیۆلۆژی نەبووە بە مانا ڕووتەکەی ئایدیۆلۆژیا، بەڵکوو هەڵقولاوێکی واقعی سروشتی و ئاسایی کۆمەڵگەی کوردستانی خۆمان و گونجاو بووە لەگەڵ ڕوحەکەی کوردەواریی خۆماندا. قازی محەممەد ڕەمز و سیمبولی ئەو حیزبەیە، دامەزرێنەریەتی، ڕەمزیەتی، شەهیدیەتی و شەهیدی سەرکردە و ڕابەریەتی. ئەوانە وەکوو وتم، کاتێک لە سەردەمێکی دیکە و لە بۆشاییەکی سەرکردایەتیدا، لە بارودۆخێکی دژواردا، بۆ نموونە حیزبی دێموکرات کەوتووەتە ژێر کاریگەریی چەپ و حیزبی توودە، یانی خەڵکانێک و کادرانێک لە حیزبی دێموکرات جۆرێک لە دابڕانیان بۆ دروست بووە، لەم ڕابردووە و لەم فەرهەنگەدا، لە قۆناغی دواتردا لەنێو خودی حیزبی دێموکراتدا بزووتنەوەی ڕاستکردنەوە دروست بوو. بۆچی؟ چونکە ئەو وزەیە و ئەو ڕابردوویەی تێدایە، ئەو ڕابردووە خۆی لە خۆیدا وەک ڕێپیشاندەر و گوشار و وزەیەکی ڕوحی پێی دەڵێت کە ئەو دۆخە دۆخێکی نائاساییە، لەگەڵ ڕوحی پەیام و ڕابردووت و واقعی کۆمەڵگەی کوردستانیشدا ناگونجێت، هەروەها لەگەڵ ئەو پەیامەشدا ناگونجێت کە تۆ هەڵتگرتووە. بۆیە دەبێت جارێکی تر وتووێژی نێوخۆیی دەست پێ بکات و ڕەخنە بگریت لە خۆت و جارێکی تر وێنای خۆت بینا بکەیتەوە و لە زەینی خۆت و زەینی کۆمەڵگەکەدا بگەڕێتەوە سەر ڕەسەنایەتیی خۆت؛ تۆ توانای ئەوەت هەیە، لەبەر ئەوەی تۆ

لەوەوە دەستت پێ کردووە و ڕەگ و ڕیشەکانت قووڵترن لەوەی هەندێک لادان و هەندێک ئایدیۆلۆژی و هەندێک کاتی وات لێ بکات، لە ڕاستیدا گۆڕان لە ناوەڕۆکتدا دروست بکات. گۆڕان لە ناوەڕکدا دروست نەبووە، گۆڕان لە وردەکاریدا دروست بووە، گۆڕان لێرە و لەوێ و لە لێکدانەوەکاندا درووست بووە کە ئەم گۆڕانە لە ڕێی گەڕانەوە بۆ ناوەڕۆک، تۆ دەتوانیت چارەسەریان بۆ بدۆزیتەوە و پەیامەکەی خۆت و کەسێتیی مەعنەویی خۆت ون نەکەیت و جارێکی تر لە ڕاستیدا ببیتەوە بە ڕێنیشاندەر. ئاساییە کە ئێستە زیاتر بەرچاوڕونین لە بیست - سی ساڵ لەمەوبەر، چونکە زۆر ئایدیۆلۆژیا و ئەزموون لە دنیادا هاتن و ڕۆیشتن، نەک هەر چارەسەر نەبوون بۆ ناسیۆنالیزمی کوردستانی و کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەڵکوو قەیرانەکانیان قووڵتر کردەوە و نەیانتوانی واقعی کۆمەڵگەی ئێمە بخوێننەوە، بەقسەی هەندێک کەس تەنانەت نەیانتوانی واقعی گوندێکی ئێمە بخوێننەوە، نەیانتوانی واقعی شار و گوندەکانی ئێمە و کەسێتیی ئێمە بخوێننەوە، نەیانتوانی وەڵامدەر بن بۆ پێداویستیی خەبات و تێکۆشانی ئێمە. ئێستە ئێمە بەرچاوڕوونترین، ئەرکەکەمان کەمترە و کۆمەڵگەی ئێمە ئامادەتر و ئەزموونداترە، کۆمەڵگەیەکی مەدەنیمان هەیە چاوکراوەتر و نەتەوەییتر و ڕەسەنترە، بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بووژانەوەیەکی هەستی نەتەوایەتیی ڕەسەنی تێدایە، تەنانەت هیوشیارترە و ئەو کۆمەڵگە مەدەنییە خۆشی بەشدارە لە ڕاستکردنەوەی دێموکرات و نادێموکراتیشدا.

***مامۆستا ئەوانەی ئاماژەت پێی دا هەمووی گرنگن. دەمهەوێت ئەوە بڵێم کە ڕخنەگرانی پێشتر (ئێستەش هەر بەردەوامن) لە حیزبی دێموکراتدا دەقیقەن ئەو باسەی جەنابت بوو، گلەییان لەوە بوو کە حیزبی دێموکرات باس لە ناسیۆنالیزم و خاک و کیان دەکات، جوری دیکە چاویان لە واقعی خۆیان دەکردەوە، بەڵام دەبینی ئێستە واقعەکە هەر ئەوەی کە باست کرد، ئەو بووژانەوەی کە لە ڕۆژهەڵاتدا دەیبینین، ئەو کۆمەڵگە زیندوو و***

***هۆشیارە مەدەنییە. ئەمە چەندە کاریگەری و جێپەنجەی حیزبی دێموکراتی بەسەرەوەیە؟ چەندە ئەو خەباتە درێژەی بەسەرەوەیە کە ئێستە تەنانەت لەوێدا سەروەریخوازی قسەی یەکەم دەکات، نەک مافی بچووک وەک ئۆتۆنۆمی و ئەو شتانە؟***

ڕوونە کە حیزبی دێموکرات سەرەڕای ئەوەی کە سەردەمانێک ئێمە ئایدیۆلۆژیامان هەبوو، ئایدیۆلۆژیایەک کە ناسیۆنالیزم ئەگەر گرنگیشی دابێت بە پرسی کورد، ناسیۆنالیزم تەوەری سەرەکی نە بیرکردنەوەیی بووە و نە خەباتییش بووە، بەڵام بەداخەوە لە ڕوانگەی خوێندنەوە ئایدیۆلۆژییەکانەوە ڕەنگە حیزبی دێموکرات و خەڵکانی تری بە نوێنەری بورژەوازیی کورد بووبێت (کە کورد هەر بورژەوازی نەبووە)، توێژێکی نەگبەت بووە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا و ڕەنگە ئەو جۆرە خوێندنەوە ئایدیۆلۆژییانە ڕۆڵی هەبووبێت لە زۆر دیاردەدا کە وەرزێکی شووم بووە لەنێو هەرێمی کوردستان. خۆشبەختانە ئێستە ئەو کەسانەی وای ناخوێننەوە و ئێستە خەڵکی ناسیۆنالیستن و بیرکردنەوەی ناسیۆنانستییان هەیە، ئێستە وەکوو حیزبی دێموکرات بیر دەکەنەوە. دەبێت حیزبی دێموکرات دڵی بەمە خۆش بێت و پێشوازیی گەورە لەم بیرکردنەوەیە بکات. بێگومان کە هێزێک هەبێت ڕاوەستێت و دەست بە پەیامەکانەوە بگرێت، شەپۆل دێت و جاری وایە شەپۆل دێت. مامۆستا مەسعوود محەممەد سەردەمانێک ڕەخنەی چەپی دەگرت لە کوردستاندا. چەپ، هەر کەسێک ڕەخنەی چەپی بگرتبا، بە کۆنەپەرستی کوڕی کۆنەپەرست لەقەڵەمی دەدا، لەبەر ئەوەی چەپ نوێباو بوو، چەپبوون ڕەمزی پێشکەوتوخوازی و حەتمیەتی مێژووی بوو، چەپبوون ئەو شوێنە بوو کە تۆ بڵێیت و نەڵێیت و قسە بکەیت و قسە نەکەیت، کۆمەڵگە و مرۆڤایەتی و مێژوو بەرەو ئەوێ دەڕوات. ئەمە حوکمی مێژووە، ئیتر تۆ ناتوانیت لە بەری بوەستیت و ئەمە ئەو ڕێگەیە کە پێی دەڵێن ڕێگەی بەرەو پێشگرتن و بەرەو داڕەوەری ڕۆیشتن و بەرەو سەرەوری ڕۆیشتن و بەرەو هەر شتێکی تر ڕۆیشتن. مەسعوود محەممەد لەو کاتەدا وتی نا، ئێوە بە هەڵەدا

ڕۆیشتوون و دنیاکە بەو جۆرە نیە. لە کاتێکدا کە جیهان بەو جۆرە بیر دەکاتەوە، تۆ خوێندنەوەیەکی قووڵترت و دوورمەوداتر و نیوەڕۆکیت هەبێت بۆ پەیامەکەی خۆت و بۆ جیهان؛ پێت وایە هەندێک ئایدیۆلۆژیا و بیر و بۆچوون و دروشم و ئەو جۆرە شتانە وەرزین، تێپەڕ دەبن، با زۆر گەورەش بن، ئەمە لە ڕاستیدا بۆت دەبێت بە میرات و مێژوو و کەسێتی. یەکەم جار بەرگری لە پەیامێک دەکەیت کە ناهێڵی بفەوتێت، پارێزگاری لە هیوایەک دەکەیت کە خەڵکێک نوێنەرایەتیی هێڵێک دەکەیت لە بیرکردنەوە کە ئەم هێڵە سەرەڕای هەموو ئەو گوشارانەی لەسەریەتی، نەخێر، ئەمە هێڵە ڕەسەنەکەیە و دەبێت پارێزگاری لێ بکرێت. دوای ئەوە وردە وردە یارمەتیی ئەوانی تریش دەدەیت کە بەخۆیاندا بچنەوە، بەتایبەتی کە لە شوێنانی تری دنیا وردە وردە بەخۆداچوونەوە ڕوو دەدات، تۆ یارمەتیی ئەوانیش دەدەیت بەخۆیاندا بچنەوە و لە ڕاستیدا ئەوانیش وردە وردە لەگەڵ تۆدا پانتاییی خزمەتە کوردییەکە فراوانتر بکەین و بگەینە ئەو ڕاستییەی کە ئەوەی هەموومان کۆ بکاتەوە و ئەوەی ئەرکی لە پێشینەیە بۆ هەموومان، پرسە ناسیۆنالیزمە کوردستانییەکەیە، ئەوەی هەموومان کۆ دەکاتەوە بە جیاوازییەوە، ناسیۆنالیزمە کوردستانییەکەیە.

هەواڵنامەی کێبڕ

***ئەم ناسیۆنالیزمە کوردستانییە کە ئێستە بەڕێزت زۆر لەسەری پێداگریت، دەمهەوێت بپرسم کە لانی کەم باست کرد حیزبی دێموکرات بە مێژوو خەباتی بۆی کرد و تەنانەت لەنێو ئەو پرسە قاڵ بووە و شەهیدی داوە. چەندە دەتوانێت بۆ ئەگەر یەکخستنەوەی هەموو نێوماڵی کورد، بەڵام لانی کەم بۆ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی لە ململانییەکان، جاروبار ئێمە پێی لەسەر دەنێین، بەرژەوەندیی نەتەوەیی شتێکی دیکەیە و سیاسەتکردن شتێکی دیکەیە، چەندە دەتوانێت ئەمە گرنگ بێت کە ئێمە گرنگی بە ناسیۆنالیزمی کوردستانی بدەین و لانی کەم ڕەچاوی بەرژەوەندیی نەتەوەییش بکەین؟***

هەبێت برای بەڕێزم ئەگەر ئێمە لە ناسیۆنالیزم و لە بەرژەوەندی نەتەوایەتییەوە

دەست پێ بکەین، ئەگەر ئەوەی کورد چی پێویستە و نەتەوایەتیی کوردی و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردی چی پێویستە لەوێوە دەست پێ بکەین، دەتوانین بەسەر زۆربەی ناکۆکی و کێشەکانماندا زاڵ بین و دەتوانین زۆربەی هەرە زۆری وزە و توانا نیشتمانی و نەتەوایەتییەکەی خۆمان لە چوارچێوەی پڕۆژەیەکی هیوابەخشدا کۆ بکەینەوە و دەستی هەموو ئەوانە ببڕین کە دەیانهەوێت یاری بە ناکۆکییەکانی نێو ئێمە بکەن. نەتەوایەتی یانی چی؟ نەتەوایەتی یانی دەستپێکردن لەوەی ئێمە هەموومان کوردین و هەموومان کوردستانین پێش ئەوەی سێکۆلار بین، ئیسلامی بین، دیموکرات بین، کۆمەڵە بین، پژاک بین، جاف بین، کەڵهوڕ بین، سوننە بین، شیعە بین، موکریانی بین، کرماشانی بین و ... ئەمە هەمووی بە پلەی دووەم و سێیەم بین، پێش هەموو ئەوانە ئەو کێیەتییەی کە هەموومان کۆ دەکاتەوە و لە سەرووی هەموو ئەو شتانەوەیە چییە؟ ئەوەیە کە ئێمە کوردین، ئێمە کوردستانین، ئێمە بە حوکمی کوردبوون و کوردستانیبوونمان بەرژەوەندیی هاوبەشمان هەیە و دەبێت کێیەتیی هاوبەشمان هەبێت، هەستی هاوبەشمان هەبێت و ئامانجی هاوبەشمان هەبێت؛ ئەم سێ شتە ئەلفبێ و لانی کەمی ناسیۆنالیزم و نەتەوایەتییە. تۆ هەستی هاوبەشت نەبوو لەنێوان پێکهاتەکان کۆمەڵگەیەکدا، ئامانج و کێیەتییەکی هاوبەشتی نیشتمانیی کۆکەرەوەت نەبوو، ناتوانیت بڵێیت ئەو کۆمەڵگەیە دەوایەتیی هەیە. بۆیە ئێمە ئەگەر لە حیزبەکانەوە دەست پێ بکەین، ئەگەر لە ئایدیۆلۆژیاکانەوە دەست پێ بکەین، ئەگەر لە دیموکرات و کۆمەڵەوە دەست پێ بکەین، ئەگەر لە سوننە و شیعەوە دەست پێ بکەین، لە سیکولاری و ئیسلامییەوە دەست پێ بکەین، کارەساتە، ئیتر قوربانی دەدەین بە پرۆژە نەتەوایەتییەکەمان؛ دەبێت لە پرۆژە نەتەوایەتیەکەمانەوە دەست پێ بکەین و بگەڕێینەوە بۆ ئەمانە. کاتێک لە پڕۆژە نەتەوایەتییەکان دەست پێ بکەین و بگەڕێینەوە و بۆ ئەمانە، ئەمانە هیچیان لە دەست نادەین، بەس هەموویان دەچنە ژێر سەقفی پرسە نەتەوایەتییەکەوە. بەو جۆرە حیزبایەتی دەکەین کە دژ بە بەرژەوەندییە تەواویەتیەکەمان نەبێت، بەو جۆرە ڕاهێنان لەسەر سوننەگەرایەتی

دەکەین کە دژ بە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانمان نەبێت، بەو جۆرە شیعە بین دژ بە بەرژەوەندییە نیشتمانەکانمان نەبێت، بەو جۆرە سیکولاریزم و ئیسلامی دەبین کە دژ بە بەرژەوەندیمان نەبێت، چونکە پێشتر ڕێک کەوتووین لەسەر پرۆژەیەکی هاوبەش و دوارۆژ کە دەوڵەتمان هەبوو یان ناوچەیەکی فیدراڵمان هەبوو، ئەمە هەمووی دەگوازینەوە و لە دەستووریکدا کۆ دەکەینەوە کە دەستووری سازان و ڕێککەوتنی نیشتمانییە لەنێوان هەمووماندا کە پێکەوە ئەژین و سەقفێکی هاوبەشی هەموومان هەیە کە لە خوار ئەوە پێڕەو و ڕاهێنانی جیاوازییەکانمان دەکەین. بەم جۆرەمان کرد، جیاواز دەمێنینەوە، بەس ناهێڵین جیاوازەکانمان ببێت بە ناکۆکی و ناکۆکییەکانمان ببێت بە خوێنڕێژی. ئەو کاتە دەتوانین گەل دروست کەین، چونکە گەل دەبێت لە هەموو ئەم ناکۆکی، جیاوازی، پێکهاتە، خێڵ، عەشیرەت، حیزب، تایەفە، سوننە، شیعە، ئیسلامی و شیکۆلار دروست بکرێت؛ گەل دەسەڵات دروست دەکات، گەل هەر خۆی نییە. ئەگەر بەم بیرکردنەوە بیر بکەینەوە، کێیەتیی نەتەوایەتی کۆکەرەوەیە، لە نەتەوایەتییەوە دەستمان پێ نەکرد، سەد جاری تر وابێژیی نەتەوەیەتی بکەین، سەد جار دروشمی نەتەواویەتی هەڵبڕین، سەد جار سروودی "ئەی ڕەقیب" لێ بدەین، نەتەوایەتی نین و بە ناوی نەتەواتییەوە قسە دەکەین.

***بەپێی ئەوە دیدەی بەڕێزت، دیسان هەر پرسیار دێتەوە پێشەوە کە حیزبی دێموکرات چەندە دەتوانێت بە جۆرێک بە دیدێکی گەورەتر و چەترێکی گەورەترەوە، هەموو ئەم ڕەنگانە کە باست کرد گرنگیی پلە دووی ئیمەن و یەکەم نین؛ حیزبی دێموکرات ئەو توانایە هەیە کە بتوانێت ئەمانە کۆ بکاتەوە؟ هەرچەند هەوڵیشی بۆی داوە. باشتر لە من دەزانیت کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان هیچ ناموسڵمانێک نەبوو بترسێت لەوەی کە کەسایەتییەکی ئایینی هاتووەتە سەر کار و بووتە سەرۆککۆمار؛ لە کاتێکدا جوولەکەی لێ بوو، مەسیحی لێ بوو، هەموو ئەمانە و لە ئەزموونێکی دیکەش هەر وەک ئاماژم***

*پێ دا ترس و نیگەرانی نەبوو کە دەبێت هەموو دێموکرات بن، یانی ئەو دیدە بەرتەسکە نەبوو. ئایا حیزبی دێموکرات دەتوانێت بەو مێژوو هەشتا ساڵە کە هەیەتی، ئەم دیدانە پێکەوە کۆ بکاتەوە بۆ ناسیۆنالیزمی کوردستانی؟*

من نازانم دەتوانێت یان نە، بەس چاوەکان بە پلەی یەکەم لەسەر حیزبی دێموکراتە. حیزبی دێموکرات دەبێت پێی وا بێت ئەرکی گەورە لەسەر شانی ئەوە، دەبێت ڕۆڵی پێشەنگایەتی بگێڕێت، دەبێت لەخۆبووردوو بێت، دەبێت زۆر قوربانی بدات لەم پێناوەدا مادام خۆی بە حیزبێک دەزانێت لەم پێناوەدا توانیویەتی ڕۆڵێکی گەورە بگێڕێت، تەنانەت وابێژیی پێشەنگبوون و زۆر شتیش نەکات، بە قسە و بە کردەوە پێشەنگایەتیی نەتەوەکەی بکات؛ بۆیە لایەن و حیزب ئەم جۆرە شتانە نەخرۆشێنێت، بە کردەوە ڕێبەرایەتیی نەتەوەکەی بکات. یانی پرۆژەیەک بخاتە بەر باس کە ببێت بە هەوێنی و مەکۆی کۆکردنەوەی هەموو جۆراوجۆرییەکان. بە پلەی یەکەم ئەرکێکی گەورەی نیشتمانییە، چاوەکان بە پلەی یەکەم لەسەر ئەوە (حیزبی دێموکرات)، هیوادارم لەو ڕۆڵە و لەو ئەرکەدا لە داهاتووە سەرکەوتوو بێت. دیارە هەموو حیزبەکانی تریش لێپرسراون، لێپرسراویەتیی گەورەیان وەکوو حیزبی دێموکرات لەسەر شانە، بەس من دەڵێم کە حیزبی دێموکرات ڕۆڵی گەورەتری لەسەر شانە بەهۆی ئەو مێژوو و پێشینە و خەباتە و هەروەها ئەو ڕەهەندە هزری و ئەم جۆرە شتانە کە هەیەتی.

*پێت وایە کوردستان لە باسی دێموکرات کە پێم خۆشە دیسان بێینەوە سەر هەر ئەو باسەی کە کاتت بۆی داناوە و توێژینەوەت لەسەری کردوە، هەرچەند ئەوانە گرێدراوی یەکن، ناسیۆنالیزمی کوردستانی کە هاتووەتە ئاراوە و حیزبەکان کە دامەزراون، جا هەندێک حیزب زیاتر ئەو چوارچێوەیەدا بوون. دەمهەوێ بپرسم: لە ئێستەدا ناسیۆنالیزم هێشتا کارایە بۆ ئێمەی کورد؟ واتە دەتوانین ئێمە بەو دەوڵەتنەتەوەی کە وڵاتانێک ئەزموونیان کرد لە ڕێگەی*

***ناسیۆنالیزم پێ بگەین یان نەخێر دەبێت چارەسەری دیکەی بدۆزینەوە؟***

کاکە گیان لەسەر ئاستی جیهان ئێستە ناسیۆنالیزم بە شێوەیەکی ترسناک گەڕاوەتەوە.

***ئەمە یانی چی؟***

یانی ئەمە لای ئێمە هەندێک قسە و قسەلۆک هەبوون لە بیست - سی ساڵی ڕابردوودا کە دەوترا ناسیۆنالیزم تەواو، سەردەمی ناسیۆنالیزم نەما، قسەی بەلاش و نەخوێندەوارانە بوون بەڕاستی، یانی لەژێر کاریگەریی چەپ و هەندێک خوێندنەوەی سادە بۆ جیهانگیری بوو. سەیری جیهان بکە، سەیری دۆناڵد ترامپ بکە، سەیر ڕاسیزم و حیزبە پۆپۆلیستییەکان بکە لە ئوروپا و سەیری تورکیە و سەیری پووتین بکە، بەگشتی سەیری دنیا بکە؛ لە جیهاندا دین و ناسیۆنالیزم تێکەڵ بە یەکتر دەبن؛ ئێستە ئوروپا لەژێر ترسی دووبارەبەدەسەڵاتگرتنەوەی حیزبە ڕاسترەوەکاندایە. بۆیە نابێت خۆمان بخڵەتێنین بەم شتانە. بەڵێ ئێستەش ناسیۆنالیزم ڕۆڵی هەرە گەورە دەبینێت لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا و لە دروستکردنی ڕووداوەکاندا و ئێمەش تاکوو ئێستە هێشتا ڕاهێنانی ناسیۆنالیزممان نەکردووە هەتا کۆتاییی پێ بێت. واتە بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردستانی هەزار کێشەی هەیە. بەبڕوای من ئێستە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەڵبەندی گەشانەوەی ڕاستەقینەی ناسیۆنالیزمی کوردستانی و مەڵبەندی پاکترین هەستی ناسیۆنالیزمی کوردستانییە، خوێندەوارە پلە یەکە قسەکەرەکان لەسەر ناسیۆنالیزم کوردستانی لە ڕووی هزرییەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانن؛ کۆمەڵێک کەسی خوێنەوار پەیدا بوون و کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی خوێندەوار و لێپرسراو دروست بووە لەوێ کە ئەمە جێگەی دڵخۆشییە. تەنیا شتێک بتوانێت کە بوون و پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لە چوارچێوەی خۆیدا کۆ بکاتەوە، کێیەتیی کوردستانیبوون و ناسیۆنالیزمی کوردستانییە. هیچ شتێکی تر ناتوانێت ئێمە کۆ بکاتەوە، ناتوانێت ئامانجی هاوبەش و هەستی هاوبەش و کێیەتیی

هەواڵنامەی کتێب

هاوبەشمان بۆ دروست بکات. لە هەموو کات زیاتر ئێمە پێویستمان بەوەیە کە لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی نیشتمانیی کوردستانیی دیموکراتیی هاوبەشی ڕێزگرتوو لە کێیەتیی ئیسلامیی خەڵکدا کۆ ببینەوە و لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانماندا تێ بکۆشین. هەڵسانەوەی کورد لەم ناوچەیەدا تەنیا بۆ کورد قازانج نییە، بەڵکوو بۆ کۆی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست قازانجە؛ ئەم ناوچەیە دەبێتەوە بە ناوچە و گەلانی ئەم ناوچەیە لەگەڵ یەکدا یەکتری تەواو دەکەن و بەبڕوای من هەڵسانەوەیەکی شارستانی گەورەش دەبێت لەگەڵ هەڵسانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

***هەم خۆشبینییەکی جوانە و هەم تێبینییەکە دەزانم بنەمای هەیە؛ بنەمای ئەوەیە کە بەڕێزت بە ڕۆژانە لەسەر ئەو بابەتانە دەخوێنیتەوە و بۆچوونی خۆتت هەیە. دەمهەوێت بپرسم بەپێی ئەوەی کە سەرەڕای هەموو ئەو ململانێیە وا هەیە، ئەو ناسیۆنالیزمەی وا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاماژەت پێ دا، دەگاتە ئەو ئاستەی کە دیسان بە دڵخۆشییەوە سەیری بکرێت کە ئەمە ڕوحی کوردی و کێیەتیی کوردستانییە، بەو خوێن و قوربانییەی کە بۆی دراوە یان نە؟ ئایا مەترسیی ئەوە هەیە کە لە ناسیۆنالیزمی باڵادەستدا دیکە بتوێتەوە؟ یان نەخێر ڕێگەی خۆی هەیە؟***

بەبڕوای من مەترسی لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردستانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناسیۆنالیزمی باڵادەست نیە. کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بووژانەوەی زمان و فەرهەنگی کوردی، هۆشیاربوونەوەی ڕوحی کوردی و کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتدا لەوە تێپەڕ بووە بە ڕەزاشا بتوێتەوە. مەترسییەک ئەگەر هەبێت، لەنێو خودی ژیان و حیزبە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە؛ ڕێز لەو بووژانەوە دەگرن؟ ڕێبەرایەتی دەکەن بەرەو قۆناغێکی تر یان ئەزموونی هەندێک پارچەی تری کوردستان دووپات دەکەنەوە، یانی لەنێو خۆیاندا ئەم توانایانە بە فیڕۆ دەدەن؟ بەبڕوای من بەرپرسیارەتیی گەورە لەسەر شانی حیزبە کوردسستانییەکان.

مەترسییەکە لەنێو خۆدی ماڵی کوردیدایە، هێندەی کە لە دەرەوەی ماڵی کوردیدا بێت. ئەگەر لەنێو ماڵی خۆمان بتوانین نەتەوەییانە مامەڵە بکەین، ڕێز لەو خەباتی کۆمەڵگەی مەدەنی و لەو گەشەکردنی کۆمەڵگەیە بگرین کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دروست بووە و حیزبەکان لە کوردبوون و کوردستانیبوونەوە دەست پێ بکەن، بەرژەوەندیی نەتەوایەتییەوە دەست پێ بکەن، لەو گەشەکردنە هزری و ئەخلاقییەوە دەست پێ بکەن کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کۆمەڵگەی مەدەنییەوە دروست بووە، گوشاریش هەبێت کە دڵنیام ئەگەر گۆڕانیش دروست ببێت، گوشار دەبێت و گوشاری جۆراوجۆریش ئەبێت و تەنانەت من دەتوانم ئێستە گوشارەکانیش دیاری بکەم، ئەو کاتە ناتوانن کۆمەڵگەی کوردستان بڕووخێن، بەپێچەوانەوە دەتوانن بەرگری لە مافەکان و لە داهاووی خۆیان بکەن، بە مەرجێک حیزبەکان نەبن بە سەرئێشە بۆیان و بتوانن لە چوارچێوەی کییەتییەکی هاوبەشی کوردستانیدا بڕواننەوە. یانی وێنای گەلێک، وێنای بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی یەکگرتووی گەلێک لە خۆیان نیشان بدەن بۆ نێو خۆیان و بۆ دەرەوەی خۆیانیش و تواناکان پرشوبڵاو نەکەین.

***مامۆستا، یەکێک لە شادمارەکانی ناسیۆنالیزمی هەر نەتەوەیەک، بەتایبەتی نەتەوەی کورد، زمانەکەیەتی. حیزبی دێموکرات سەرەڕای ئەوەی لە کوماری کوردستان کە یازدە مانگ دەسەڵاتێکی وایشی بەدەستەوە نەبوو، بەڵام لە سەنگەر بە سەنگەر و لەم شاخەوە بۆ ئەو شاخ چەندە توانیەتی خزمەت بەو زمانە بکات بۆ ئەوەی لەبیر نەکرێت و ببێتە هەوێن و خوێنێکی هاوبەش؟***

هەر بە دەرکردنی گۆڤاری "نیشتمان" لە کۆمەڵەی "ژ - ک" و دواتر بە کوردیکردنی خوێندن لە کۆماری کوردستان کە حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێبەرایەتیی کۆماری کوردستانی کردووە و ئەو هەموو خزمەتەی بەوێ کرد، دواتر بووژانەوەی شێعر و ئەدەبیاتی کوردی، دواتر درێژەپێدانی بڵاوکراوە کوردییەکان، دواتر قوتابخانەکانی شۆڕش لە شاخ و لەم جۆرە شتانە، بێگومان حیزبی دێموکرات و هەروەها خەڵکانێکی

تریش کە لەژێر کاریگەریی شۆڕش و ڕاپەڕینەکان و حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بوون، ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە و ئەوە نکۆڵی ناکرێت لەوەی کە لەو بارەیەوە. خۆشبەختانە ئێستە سنوورەکە حیزبی دێموکرات و نادێموکرات و هەموویانی تێ پەڕاندووە و بووەتە شتێکی کۆمەڵگەیی؛ واتە ئێستە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەمی زمان و فەرهەنگ و شتەکانی خۆی دەخوات، خۆشبەختانە ئێستە شتەکە زۆر گەورەتر بووەتەوە.

***مامۆستا، کە باس لەو قسانە کرا، بەڵام کاتێک باس لە ناسیۆنالیزمی کوردستانی دەکرێت، پرسیار ئەمەیە کە ئێستە ئێمە لە چ قۆناغێکداین؟ ئایا قۆناغ بە قۆناغە؟ ئێمەش دەبێت ئەزموونی گەلانی دیکە بکەینەوە یان نەخێر، هەندێک جار وەکوو کاتالیزۆر ئێمە هەندێک قۆناغمان تێ پەڕاندووە، ڕاستە دەسەڵاتمان بەدەست نییە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ ئەم حیزبە سیاسییانە و بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئێستەدا چەندە بۆ داهاتووش هەوڵ بدەن کە ئەو ناسیۆنالیزمەی ئێمە دەبەستێتەوە بە خاکی خۆمان لەدەست نەچێت؟ واتە نەبینە پاشکۆی هیچ لایەنێک.***

وەڵڵاهی ئەگەر من لە ڕوی زانستییەوە قسەیەک بکەم، هێشتا ناسیۆنالیزمی کوردستانییش کێشەی زۆرە.

***بۆ نموونە یەکێک لەو کێشانە چیە؟***

یەکێک لە کێشەکان ئەوەیە و تەنانەت پرسیار ئەوەیە، ئایا ئێمە بە مانای وشە ناسیۆنالیزممان هەیە؟ تەنانەت ئەو ناسیۆنالیزمەی پێویستە، بەڵێ ناسیۆنالیزممان هەیە، بەس ناسیۆنالیزمێک کە ناتوانێت و بۆ نموونە لە باشووری کوردستان نەیتوانیوە چوار شار تاکوو ئێستە پێکەوە کۆ بکاتەوە لە ماوەی سی ساڵدا و بمانکات بە خاوەنی دەستوور؛ هێزی ئەم حیزب و ئەو حیزب نەهێڵێت و ناوچەی

ئەم حیزب و ئەوە حیزب نەهێڵێت و ئێمە وەک هێزێکی یەکگرتوو و هەرێمێکی یەکگرتوو وێنا بکات لە چوارچێوەی عێراقدا. بۆ نموونە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تاکوو ئێستە نەیتوانیوە حیزبە جۆراوجۆرەکانی ئەو پارچەیەی کوردستان لە چوارچێوەی کارێکی هاوبەش و فۆرمێکی هاوبەشدا بە ئامانجی و دیدی هاوبەش، کارێکی هاوبەش بکەن. ئەمە لاوازیی ناسیۆنالیزمی کوردستانییە، ئەمە خەلەل و لاوازییە لەوەدا، لە ڕاستیدا دەبێت دانی پێدا بنرێت بۆ ئەوەی کاری بۆ بکەیت. بۆیە دەبێت خودی ناسیۆنالیزمی کوردستانی کاری لەسەر کۆیی بێت و ببێت بە ناسیۆنالیزم، چونکە لە ڕاستیدا ناسیۆنالیزم پێویستی بە دەوڵەتە و ئەمەش سەیر نییە؛ ناسیۆنالیزم هەیە بۆ ئەوەی دەسەلاتی ببێت بە دەوڵەت و شۆڕ بێتەوە و خەڵکی لەسەر پەروەردە بکرێت، پێویستی بە دەوڵەتە. ناسیۆنالیزمی کوردستانی تووشی جۆرەها دژواری و نکۆڵیکردن و لەمپەر بووە و چەپێش زۆر عەزیەتی کرد، یانی چەپیش ئەوەنە عەزیەتی ناسونەلیزمی کوردستانی کرد کە بەڕاستی زیاد لە توانای ئەو ناسیۆنالیزمە عەزیەتی داوە. بەلام لە هەموو حاڵەتێکدا من پێم وایە کۆمەڵگەی ڕۆژهەلاتی کوردستان و کۆمەڵگەی مەدەنیی ڕۆژهەلات لە ئاستی بەرجەستەکردنی بەهاکان و هزری ناسیۆنالیزمی کوردستانییەوە لە زۆر شوێن لە پێشەوەدایە؛ هیوادارم حیزبە سیاسییەکان لەمەدا وەبەرهێنان بکەن، هیوادارم ڕێزی لێ بگرن و پەرەی پێ بدەن، لە پێش هەموویانەوە حیزبی دیموکراتی کوردستان، هیوادارم بزانن کۆمەڵگەکەیان بەرەو کوێ ڕۆیشتووە و لە چ ئاستێکدایە. لە ڕاستیدا ناسیۆنالیزم وەک وتم هەستی هاوبەش، ئامانجی هاوبەش، ناسیۆنالیزمی هاوبەش، دامەزراوەی هاوبەش، دامەزراوەی نیشتمانیی هاوبەش، بەتایبەت لە قۆناغە سەرەپێچە مێژووییە یەکلاکەرەوەکاندا وێژمانی هاوبەش، نوێنەرایەتیی هاوبەش، کۆنفرانسی نیشتمانیی هاوبەش، ئیرادەی هاوبەش و پێکەوە نوێنەرایەتیی میللەتکردن.

***مامۆستا وەک دواپرسیار. ئەو خاڵانەی ئاماژەت پێ بۆ ناسیۆنالیزمی هاوبەش، ویستی هاوبەش زۆر گرنگن، جار وایە ئێمە نەتەوەمان هەیە لەسەر ئایینی هاوبەش، بۆ نموونە وەک ئیسرائیل. کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لانی کەم ئەگەر باس بکەین، یان نەخێر لە چاوی بەرژەوەندیی نەتەوەیی، پارچەکانی دیکەش باس بکەین؛ زمانی هاوبەشی هەیە، جوگرافیای هاوبەشی هەیە، کولتووری هاوبەشی؛ ئەم ویستە هاوبەشە، ئەمە چۆن دەبینی و چۆن دروست دەبێت کە ویستی هاوبەشت هەبێت؟***

ئەبێت بکەویتە وتووێژی نێوخۆ، ئەبێت بکەویتە مشتومڕە هزریی نێوخۆییەوە، بزانی تۆ لەسەر چی جیاوازیت. جارێکان ئەوە دیاری بکەیت کە تۆ لەسەر چی جیاوازیت؛ دیاری بکەیت کە لەسەر خاڵی یەک، دوو، سێ، چوار و پێنج جیاوازیت. باشە ئەم جیاوازیەمان هەتا کوێ لەسەر ناوەڕۆکەکەی، ڕەهەندەکەی، میکانیزمەکەی، کاتی بەدیهانی و لەسەر شتانی تر، ئەمە جیاوازییەکەی ئێمەیە. کەی ئێمە ئەم جیاوازییانە و ورد وردە دەبێت پانتاییی ئەم جیاوازییانە کەم بکەینەوە، کە پانتاییی ئەم جیاوازییانەمان کەم کردەوە، ئەبێت ئێمە لەسەر بەرنامەیەک بۆ قۆناغەکە ڕێک بکەوین. ئەمە ناکرێت کە یەکێک باسی سەربەخۆیی بکات، یەکێک باسی کۆمەڵگەی دێموکراتیک بکات، یەکێک باسی فیدراڵی بکات، یەکێک باسی ... ناکرێت خۆ ئەمە گەڕەلاوژە نییە، خۆ ئەمە ئوردووگا نییە، ئەوە باسی نەتەوەیە، ئەمە باسی گەلێکە؛ دەبێت لەسەر ئامانجە هاوبەشەکانی ئەم قۆناغە ڕێک بکەوین. بۆ ئەوەی ڕێک بکەوین خۆ نابێت هەموو قسەکەی دێموکرات بێت، نابێت هەموو قسەکەی پژاک بێت، نابێت هەموو قسەکەی کۆمەڵە بێت، دەبێت لەسەر شتێکی هاوبەش ڕێک بکەوین کە هیی هەموومان بێت و هی هیچیشمان نابێت، دەبێت تێگەیشتنی ناوەندی هاوبەش لەسەر شتێکی هاوبەش ڕێک بکەوین. دەبێت بەرژەوەندیی هاوبەشی قۆناغەکە بەرجەستەی بکات و ئەوجار دووەمیان چۆن ئەوە نوێنەرایەتی بکەین؟ چۆن بە دامەزراوەیی بکەین؟ ئەو دامەزراوەیەی کە بەرجەستەی ئامانجەکانە دەکات، لە چی و چیدا ئەمە بە دامەزراوەیی دەکەیت؟ بۆ ئەوەی هەر قسە نەبێت لێرە بیکەین و کۆتاییی پێ بێت. ئەمە دابەزراوە

بێت و بەرهەمی بێنێتەوە، کە کێشەیەک بوو چارەسەر بێت، مەرجەعیەتی بۆ دروست بکەین، جیاوازییەکمان هەبوو بگەڕێینەوە بۆ مەرجەعیەتییەکە؛ کێ نوێنەرایەتی بکات؟ چۆن نوێنەرایەتی بکات؟ ئەگەر چەکێکمان پێیە، چۆن هەر کەس ئەم چەکە هیی خۆی نەبێت؟ ئەم چەکە هیی ئەم پرۆژە هاوبەشە بێت و ئەم چەکە چۆن نەهێڵین ببێت بە چەکی شەڕی نێوخۆمان؟ چۆن ئەو وەرەقەیە لە دەستی نەیارەکانمان بستێنینەوە کە سوود لەم چەکە وەردەگرێت و بەیانی ئیشی پێ بکات؟ چۆن حیزب ببێت بە حیزب؟ چونکە ئێمە لە دۆخێکی بنیاتسازی داین. چۆن ئەو چەکە، چەکی پرۆژە نەتەوەییەکە بێت، نەک چەکی ئایدیۆلۆژیا و چەپ و ڕاست و ڕق و دوێنێ و ناوچە و ... ئەمە ڕوونە، کۆنفرانسی نیشتمانیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەوێت.

***زۆر زۆر سپاس بۆ هەناسە گەرمی و وتەکانت، هیوادارم هەر ساغ و سڵامەت بیت؛ وتوویژێکی گەرم بوو. لە کۆتاییدا دەمهەوێت هەم سوپاست بکەم و هەم ئەوەش بڵێم کە هەشتا ساڵەی حیزبی دیموکراتە، بەڕێزت وەکوو کەسایەتی و تێکۆشەری باشووری برامان؛ ئەگەر بە کورتیش پەیامێکت هەبێت زۆر سپاست دەکەم.***

من پیرۆزبایی دەکەم لە خوشک و برایانمان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان. هیوادارم لە ساڵی داهاتوودا حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کۆی گەلانی ناوچەکە، ئینشەڵڵا لە قۆناغێکی تازەدا بین، قۆناغێک کە بەشێک لەو ئاواتە کە گرنگەکانمان بۆ بەدی هاتبن و چاومان لە بەدیهاتنی ئەوانەی تریش بێت. شایستەی ئەوەشین.

**عەلی لەیلاخ:** بەدڵنیاییەوە، کورد شیاوی باشترین ژیان و باشترین دەوڵەتە. زۆر زۆر سپاس بۆ بەڕێزت. کەسانی وەکوو بەڕێزت زۆر جێگای هیوا و مایەی دڵگەرمین. هیوادارم هەر ساغ و سڵامەت بت و دیسانەوە سپاس.

**ئەبووبەکر کاروانی:** زۆر سپاس.

## ڕێبەرایەتیی دێموکراتیک و بەکۆمەڵ:

# میراتی قاسملوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا

**ئیبراهیم لاجانی**

**سەرەتا**

دیاردەی دامەزراندنی حیزب و کار و چالاکیی حیزبایەتی، بە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی سیاسەت و سیاسەتوەرزیی مۆدێرن و هاوچەرخ لە قەڵەم دەدرێ.

حیزبی سیاسی، وەک دامەزراوەیەک یان واسیتەیەک لەنێوان کۆمەڵگە و پێکهاتەی دەستەڵاتی سیاسیدا، ڕۆڵێکی بنەڕەتیی لە ڕێکخستنی کۆمەڵانی هەراوی خەڵک، ئاراستەکردنی داخوازییەکانی چین و توێژە جۆراوجۆرەکان، جێگیرکردن و بە نیهادینەکردنی دێموکراسی، دانان و دارشتنی بەرنامە و پرۆژە سیاسییە جۆراوجۆرەکاندا دەبینێ. بۆ شیکردنەوەی ڕۆڵی حیزب لە کۆمەڵگە ئینسانییە هاوچەرخەکاندا، پێویستیمان بە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی بوارە فەرهەنگی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانی ئەو کۆمەڵگەیانە هەیە کە دە دەمانەوێ لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەین.

لەو کورتە وتارەدا، وێڕای هەڵسەنگاندنی جیاوازییە سەرەکیەکانی نێوان کۆمەڵگە

سوننەتی و مۆدێڕنەکان لە پێوەندی لەگەڵ پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی و چۆنییەتیی بەشداری و موشارەکەتی سیاسیی خەڵک لە کاروباری وڵاتدا، بە شێوەیەکی تایبەتی دەمانەوێ باسی ڕۆڵی حیزب لە بزووتنەوەی نەتەوەیی و دێموکراتیک و ڕزگاریخوازنەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا بکەین. لەو پێوەندیەدا ڕۆڵی دوکتۆر قاسملوو، ڕێبەر و سکرتێری پێشووتری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەک ڕووناکبیرێکی خەباتگێڕ کە بە توندی لە حیزب و بزووتنەوەدا پێی لەسەر پێویستیی دەکارکردن و بردنەپێشی ڕێبەرایەتیی بەکۆمەڵ و دێموکراتیک دادەگرت، دەخەینە بەر ڕووناکایی.

## حیزب و حیزبایەتی لە کۆمەڵگە سوننەتی و مۆدێڕنەکاندا

کۆمەڵگەی سوننەتی: دەسەڵات و ئۆتۆریتەی سیاسی لەسەر بناخەی پێوەندییە شەخسی، عەشیرەتی و مەزهەبییەکان

لە کۆمەڵگە سوننەتییەکاندا، دەسەڵات و ئۆتۆریتەی سیاسی، بەشێوەیەکی سەرەکی لە پێوەندییە تایفەییەکان، یا تایبەتمەندییە کاریزماتیک و شەخسیەکانەوە سەرچاوە دەگرێ. لەو کۆمەڵگەیانەدا، دەسەڵات و ئۆتوریتەی سیاسی مەشروعییەت لە سوننەت و دابونەریتەکان، پێگە و مەکانەتی مەزهەبی و ئایینی، یا خزمایەتی و پێوەندییە عەشیرەتییەکان وەردەگرێ. بڕیارەکان زۆرتر لەلایەن سەرۆک یا شەخسی یەکەمی هەرەمی دەستەڵاتەوە، بەشێوەیەکی ستوونی و لە فەزایەکی غەیرە دامەزراوەیی و ناڕێکخراوەییدا، دەدرێن و ڕادەگەیەنرێن. بەشداریی کۆمەڵانی خەڵک لە بڕیاردان و جێبەجێکردنی بڕیارەکاندا، بە شێوەیەکی سەرەکی بریتییە لە بەیعەت و پەیڕەویکردنی خەڵک لە بڕیاراتی ڕێبەرانی سوننەتی، لە ڕێگای ڕێکخراوەیەکی سیاسی و بەرپرس و وەڵامدەر نەک بەشداری لە پرۆسەی بڕیارداندا.

لە کۆمەڵگەی کوردیدا کە تا ڕادەیەکی زۆر هێشتاش کۆمەڵگەیەکی سوننەتییە، ئەو تایبەتمەندییانە بە شێوەیەکی زەق خۆیان نیشان دەدەن. پێوەندییە تایفەیی و

عەشیرەتییەکان، ڕۆڵی بەرچاوی ڕێبەرانی ئایینی ومەزهەبی یانی شیخ و مەلاکان لە کۆمەڵدا، نەبوونی دامەزراوە مەدەنییە سەربەخۆکان، هەستی ناوچەگەرایی و زاراوەگەرایی، دەبنە کۆسپی سەر ڕێگای بەشداریی خەڵک لە پرۆسەی سیاسی لە چوارچێوەی حیزب و ڕێکخراوی مۆدێرندا. هەرچەند شۆڕش و ڕاپەڕین و بەربەرەکانێ و بزووتنەوە میللی و کۆمەلایەتی و ڕزگاریخوازییەکان لە مێژوویی هاوچەرخی میللەتی کورددا پێشینەیەکی لە مێژینەو مێژووییان هەیە، بەلام زۆرترینی ئەوان لەلایەن ڕێبەرایەتییەکی تاکەکەسی، کاریزماتیک، یا لەسەر بناخەی پێوەندییە تایفەیی وخزمایەتییەکانەوە ڕێبەرایەتی کراون، نەک لەلایەن حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی و مۆدێرنەوە.

ئەو پێکهاتە سوننەتییانە، واتە ئەو شێوە ڕێبەرایەتییە سوننەتییانە هەرچەند لە هەلومەرجی مێژوویی خۆیاندا کارایییەکی نسبییان هەبووە، بەلام لە بەرانبەر ئاڵنگارییەکانی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و هاوچەرخدا، کە پێکهاتە و نیازەکانی ئاڵۆزترن، کەموکۆڕی بەرچاو لەخۆیان نیشان دەدەن. ئاخر وەئەستۆی خۆنەگرتنی بەرپرسایەتی و وەلامدەر نەبوون، نەبوونی هیچ شەفافییەت و ئوسوولێکی ڕوون لە بڕیارداندا، بەستراوەیی لەڕادەبەدەر بە کەسایەتییەکان، بەردەوامی و کارایی ئەو مۆدێلە لە ڕێبەرایەتی و ئەو جۆرە پێکهاتانە بەرتەسک دەکاتەوە.

کۆمەڵگەی مۆدێڕن: نەهادینەکردن، دامەزراندنی حیزب و ڕێکخراو، بەشداریی خەڵک بە شێوەیەکی ئاسۆیی لە پرۆسەی کاروباری سیاسیدا

لەگەڵ مۆدێڕنبوونی پێکهاتەی کۆمەلایەتی کۆمەڵگە، واتە گەشەی شارنشینی، پەرەسەندنی خوێندەواری و پەروەردە و فێرکردنی گشتی، سەرهەڵدانی ڕاگەیەنەرە گشتییەکان و میدیا جۆراوجۆرەکان، شکڵگرتنی چین و توێژە کۆمەلایەتییەکان، پێویستیی هەبوونی ناوەند و دامەزراوەی جۆراوجۆریش وەک دامەزراوەیەک بۆ نوێنەرایەتیی سیاسیی دێتە کایەوە. لێرەدایە کە ئیدی حیزبی سیاسی ڕۆڵی بنەڕەتیی

لە پێوەندیی نێوان خەڵک و دەسەڵاتی سیاسیدا، لە فۆرمۆڵەکردنی پرۆژە و بەرنامە سیاسییە ستراتێژییەکاندا، لە پەروەردە و ڕاهێنانی کادر و ڕێبەرانی سیاسیدا، لە پەرەپێدان و جێگیرکردنی دیموکراسیدا دەگێڕێ.

لە کۆمەڵگەیەکی لەو جۆرەدا مەشرووعییەت و کریدیبلیتیی سیاسی نەک لە ڕێگای پێوەندییە عەشیرەتییەکان، یا لە ڕێگای پلە و پایەی ئایینی و مەزهەبی، بەڵکوو لە ڕێگای سندووقەکانی دەنگدان، بەشداری و موشارەکەتی گشتیی خەڵک لە پرۆسەی سیاسی و شێوەکانی بڕیاردانی بەکۆمەڵدا دابین و دەستەبەر دەکرێت. بۆیە حیزب دەبێتە دامەزراوەیەکی پایەدار وگرنگ و کاناڵێکی سەرەکی بۆ سیاسەتکردن و سیاسەت وەرزی و دەچێتە سەرووی هەموو پێوەندییە سوننەتییەکان و کەسایەتییەکان.

کۆمەڵگە هاوچەرخ و مۆدێرنەکان پێویستیان بەو ناوەند و دامەزراوە جۆراوجۆرانە هەیە کە بتوانن بەخێرایی خۆیان لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووری و سیاسییەکان بگونجێنن. حیزبی سیاسیی مۆدێڕن، وەک دامەزراوەیەکی هاوچەرخی کار و تێکۆشانی سیاسی، توانای ئەوەی هەیە خۆی لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان بسازێنێ و نیاز و داوا و ویستەکانی کۆمەڵانی خەڵک فۆرمولە بکا و بیانهێنێتە گۆڕێ و خەڵکیان بۆ مۆبیلیزە بکات. ئەو خۆگونجاندن و وەڵامدەربوونە، یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندیەکانی حیزبی سیاسیی مۆدێڕنە. هەر بۆیەش زۆر ئیمتیازی بەسەر شێوە سوننەتییەکانی ڕێبەرایەتیدا هەیە.

### دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران: تێپەڕین لە سوننەتەوە بۆ کۆمەڵگەی مۆدێڕن

لە ساڵی ١٩٤٥ حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە سەروبەندی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا، وەک یەکەمین حیزبی مۆدێڕنی کوردی دامەزرا. بە پێچەوانەی جووڵانەوە نەتەوەییەکانی پێشووتری کورد، ئەو حیزبە خاوەنی بەرنامەی سیاسی، پەیڕەوی ناوخۆ و تەشکیلاتێکی بەرین بوو. سەرەڕای ئەوەی کە پاش تێکچوونی

کۆماری کوردستان، حیزبی دێموکرات لەگەڵ سەرکوتێکی توندی سیاسی بەرەوڕوو بوو، توانیی ئیدئۆلۆژی، بەرنامەی سیاسی و تەشکیلاتیی خۆی بپارێزی و درێژە بە ژیانی سیاسی بدا و ببێتە یەکێک لە کاریگەرترین نیهاد و دامەزراوە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان.

دامەزرانی حیزبی دێموکرات بە گۆڕانکارییەکی گرنگ و نوختەگۆڕانیکی بەرچاو لە سیاسەتی کوردی و ژیانی سیاسیی کۆمەڵگەی کوردستاندا بە حیساب دێت. ئیدی بۆ یەکەمین جار بوو کە بزووتنەوەی کوردی لە چوارچێوەیەکی عەشیرەتی و شۆڕشێکی مەحەللی دەهاتەدەر و دەبوو بە بزووتنەوەیەکی خاوەن نیهاد و دامەزراوە و بەرنامەی سیاسی و ئیدئۆلۆژی و تەشکیلاتێکی کۆنکرێت و سەرتاسەری. ئەو گۆڕانکارییە ئاکامی گەلێک هۆکاری جۆراوجۆر بوو. بۆ نموونە پەرەگرتنی پێوەندیی کوردستان لەگەڵ دونیای دەرەوە، چوونەسەری ڕادەی وشیاریی سیاسی و کاریگەریی ئیدە هاوچەرخ و مۆدێڕنەکانی وەک ناسیۆنالیزم و دێموکراسی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی.

## دەرفەت و کەندوکۆسپەکانی سەر ڕێگای تێکۆشانی حیزبی دێموکرات پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان

لە دەیەکانی دواییدا، بە چوونەسەری ڕادەی وشیاری و ئاگایی سیاسیی خەڵکی کوردستان، بەهۆی پەرەسەندنی پێوەندیی لەگەڵ دنیای دەرەوە، کۆچ و تێکەڵاویی زیاتری خەڵک لەگەڵ وڵاتانی دەرووبەر و ئورووپایی، حیزبی دێموکرات توانی زۆرتر چوارچێوە سوننەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بەجێ بێڵێ و پێ بنێتە سەر ڕێبازێکی هاوچەرخ و ببێتە دامەزراوەیەکی جێگای بڕوا و متمانەی کۆمەڵگەی کوردستان. سەردەمی پاش کۆماری کوردستان، بە دەورانی خۆڕێکخستنەوە، خۆ سازدانەوە، بەخۆداچوونەوە، بەهێزکردنی پایە فکری و دامەزراوە و ئۆرگانە حیزبی و تەشکیلاتییەکان دادەنرێ. ئەوە بە شێوەیەکی زەق و بەرچاو لە دەورانی ڕێبەرایەتیی دوکتۆر قاسملوودا بەرچاو دەکەوێ.

کەندوکۆسپە سەرەکییەکانی ئەو قۆناخە بریتی بوون لە درێژەی سەرکوتی حیزب و تەشکیلاتەکەی لەلایەن حکوومەتی ناوەندیی تاران، نەبوونی ئازادیی تێکۆشانی سیاسی، گرتن و کوشتن و لەسێدارەدانی بەشێکی زۆر لە تێکۆشەرانی حیزب، پێویستیی پاراستنی حیزب و شوناس و سەربەخۆیی حیزب لە بەرانبەر گوشار و پاڵەپەستۆی نێوخۆیی و دەرەکی کە دەخرایە سەر حیزب. بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین ئەو قۆناخە گەلێک دەرفەتیشی بۆ حیزب لەگەڵ خۆی هێنابوونە پێشەوە، وەک چوونەسەری ڕادەی ئاگایی سیاسیی کۆمەڵانی خەڵک، گەشەی پێوەندیی حیزب لەگەڵ دنیای دەرەوە و کاریگەریی گۆڕانکارییە ژئۆپۆلیتیکییەکان لەسەر پێکهێنانی ئاسانکاری بۆ تێکۆشانی حیزب. واتە پێکهاتنی زەمینەیەکی باشتر بۆ حیزب تا بتوانێ ڕۆڵی خۆی لە ژیانی سیاسیی کۆمەڵگەی کوردیدا بگێڕێ.

### دوکتور قاسملوو: ڕووناکبیرێکی خەباتگێڕ و ئەندازیاری ڕێبەرایەتیی دێموکراتیک

### زەمینە سیاسی و فکرییەکان:

قاسملوو لە ساڵی ١٩٣٠دا لە ورمێ لە دایک دەبێ. بە یەکێک لە سیما هەرە دیار و کاریگەرەکانی نێو بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە سەدەی بیستەمدا بە حیساب دێت. خوێندنی بەرز لە زانکۆی سۆربۆنی پاریس تەواو دەکات. لێرەدا لەگەڵ ئیدە و بیربۆچوونە سیاسییە جۆراوجۆرەکان بەگشتی و بەتایبەتی دێموکراسی، سۆسیالیزم، سۆسیالیزمی دێموکراتیک و ناسیۆنالیزمی ڕزگاریخوازانە ئاشنا دەبێت. توانای ئەو بۆ قسەکردن بە چەند زمانی گرنگی جیهانی ئەویان کردبووە ڕووناکبیرێکی جیهانی و دیپلۆماتێکی بەرجەستە. سیاسەت بۆ قاسملوو تەنیا هەر مەیدانێکی دەسەڵاتخوازی نەبوو، بەڵکوو بەستەرێکی گرنگی دیالۆگ، کاری فەرهەنگی، نیهاد و ئەنستیتۆسازی و کار بۆ خێری گشتی و خزمەت بە پرسەکانی وەک دادپەروەری، ئازادی، ڕزگاری و خەبات بە دژی ستەم و چەوسانەوە بوو. ئەو لە ڕوانگەیەکی مۆدێرن و سەردەمیانەوە تەماشای حیزب و ڕێبەرایەتیی دەکرد. ئەزموونی ژیان و خەبات و

هەواڵنامەی کێز

خوێندن لە ئوورووپا، ئەویان لەگەڵ نموونە عەمەلیەکانی دێموکراسی، نیهادسازی و بەشداریی خەڵک لە پرۆسەی کاروباری سیاسیدا ئاشنا کردبوو.

**کاریگەریی خوێندن و ئەزموونی ژیان لە ئوروووپا**

دەورانی خوێندن لە ئورووپا بەگشتی و بەتایبەتی لە پاریس، ڕۆڵێکی گرنگی لە شکڵپێدانی بیری سیاسیی قاسملوودا گێڕا. لەو قۆناخەدا ئەو نەک هەر لەگەڵ مەتن و تێکستە کلاسیکەکانی زانستی سیاسی ئاشنا بوو، بەڵکوو ئەزموونێکی زۆریشی لەمەڕ چۆنیەتیی کارکردی دێموکراسی، دامەزراوە مەدەنییەکان و پرۆسە سیاسییە مۆدێڕنەکان وەدەست هێنا. ئەوەش دیدگای ئەوی سەبارەت بەتێکۆشانی سیاسی، چۆنیەتیی پێکهێنانی گۆڕانکاری لە ڕێبەرایەتیی سوننەتیدا بەرین کردەوە. پێوەندیی نزیکی قاسملوو لەگەڵ بزووتنەوە سیاسی و فکرییەکانی ئوورووپا، بووە هۆی ئەوەی زانیاری و ئاگاییەکی زۆر سەبارەت بە نیهادسازی، قانوونمەداری، موشارەکەتی گشتیی خەڵک لە کاروباری سیاسیدا وەدەست بێنێ. ئەو زانیاری و ئاگاییە دواتر لە کاتی بەدەستەوەگرتنی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتدا، لە چۆنیەتیی نەخشی ناوبراو لە هیدایەتی حیزب و بزووتنەوەدا بە ڕۆشنی خۆی نیشان دا.

**سازماندانەوەی قەوارەی حیزب و بەهێزکردنی دێموکراسیی دەروون حیزبی**

قاسملوو وەک سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، گەلێک هەنگاوی گەورەی بۆ مۆدێڕنکردنی قەوارەی حیزب هەڵگرتن. ئەو وێڕای پێداگرتن لەسەر بڕیاردانی بەکۆمەڵ لە حیزب و ڕێبەرایەتیی حیزبدا، وێڕای پێداگرتن لەسەر بە نیهادینەکردنی ڕاوێژ و دیالۆگ و بیروڕا گۆڕینەوە لەسەر پرسە سیاسی و حیزبییەکان، هەوڵێکی زۆریشی دا تا ژیان و کاری حیزبی و تێکۆشانی ئەندامان، کادرەکان و ڕێبەرانی حیزب، بە شکڵێکی دێموکراتیک ڕێک بخرێ. گرتنی کۆنگرە و کۆنفرانسەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک، لێکگرێدانی سەلاحییەت لەگەڵ بەرپرسایەتی، وەڵامدەرکردنی

کادر و ئۆرگانە حیزبییەکان، بڵاوکردنەوەی بەردەوامی ئۆرگانی ڕێبەریی حیزب واتە ڕۆژنامەی کوردستان، بڵاوکردنەوەی تێکۆشەر وەک نامیلکەی تیئوریکی ناوخۆی حیزب، بەرجەستەکردنی ڕۆڵی یەکیەتییەکانی لاوان و ژنان لە کاروباری سیاسی و تێکۆشان و لە بزووتنەوەی میللی و دێموکراتی گەلەکەماندا، بەرزکردنەوەی دروشمی تەشکیلات چەکی هەرە گرنگی ئێمەیە، دانانی کلاسی تەربیەتی کادری حیزبی لە هەموو قۆناخەکانی ژیانی حیزبدا بۆ پەروەردەکردنی ڕێبەرانی حیزب و جەماوەر، دامەزراندنی فێرگەی سیاسی نیزامی بۆ پەروەردەکردنی پێشمەرگەکان بە گیانێکی نیشتیمانپەروەرانە و ئاگایی سیاسییەوە بۆ بردنەسەری تواناکانیان لە مەیدانی خەباتدا، بڕیاردان بەدەستەجەمعی و بە تەوافوق لە ئۆرگانەکانی ڕێبەریدا، دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان کۆمیسیۆنەکانی ڕێبەرایەتیی حیزبدا، پێکهێنانی فەزای گفتوگۆ لەسەر پرسە حیزبییەکان لە ڕیزەکانی حیزبدا، هەوڵدان بۆ پەروەردەکردنی ڕێبەرانی فکری و سیاسی بۆ حیزب و بزووتنەوە. گرنگیدان بە کادرە مەحەلییەکانی ڕیزی پێشەوەی کار و تێکۆشانی حیزب. ئەوانە تەنیا بەشێک لەو هەنگاوانەن کە ناوبراو بۆ جێگیرکردنی ڕێبەریی دەستەجەمعی لە حیزبدا هەڵیگرتن.

لە دەورانی ڕێبەرایەتیی ئەودا، حیزبی دێموکرات نەک هەر وەک هێزێکی کاریگەر و گەورەی مەیدانی خەبات بە دژی ئیستبداد و دیکتاتۆری، بەڵکوو وەک هێزێکی سیاسیی سازماندراو، خاوەن بەرنامە و پرۆژەی سیاسی و پارامیترێکی جیددی لەسەر سیاسەتی کوردستان و ئێران دەرکەوت. هەوڵ و تێکۆشانی ئەو بۆ نزیککردنەوەی هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی، تەنانەت وتوویێژی ناوبراو لەگەڵ کۆماری ئیسلامیش، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییە کە قاسملوو سیاسەتی وەک ئامرازێک بۆ چارەسەری گیروگرفتە جۆراوجۆرەکان و کەمکردنەوەی ناکۆکی و ئیختلافە سیاسەکان تەماشا دەکرد.

یەکێک لە داهێنانەکانی قاسملوو بریتی بوو لەوەی کە بایەخێکی زۆری بە پەروەردەی نەسڵێکی تازە لە کادرە حیزبییەکان دەدا. نەسڵێک کە هەر لەو کاتەدا کە وەفادارن

بە ئامانجەکانی گەل و نیشتمان و حیزب و بزووتنەوەی نەتەوەکەیان، خاوەنی بیری ڕەخنەگرانە، ڕۆحییەی مەشورەتی و توانای خۆڕێکخستن لەگەڵ هەلومەرجە سەخت و دژوارەکانن. هەموو ئەو کارانە، ئەو میتۆدانە، بەرەبەرە بناخەی کار و تێکۆشانی حیزبییان لە ڕێبەرایەتیی تاکەکەسی دوور خستەوە و ڕێبەرایەتیی بەکۆمەڵ و کاری سیاسیی دێموکراتیکیان لە حیزبدا کردە کارێکی ئۆرگانیک و نیهادی.

**حیزبایەتی وەک تەمرینی دێموکراسی: دێموکراسی لە بیر و ئەندێشەی قاسملوودا**

بۆ قاسملوو حیزب وەسیلەیەک بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵاتی شەخسی نەبوو، بەڵکوو زەمینەیەک بۆ جێگیرکردنی دێموکراسی لە کۆمەڵگەدا بوو، واتە ئامرازێک بوو بۆ بەدامەزراوەییکردنی دێموکراسی لە وڵاتدا. ئەو لە زۆر شوێن ئەوەی دووبارە دەکردەوە کە ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی بەبێ دەستەبەرکردنی ئازادیی تاک و دابینکردنی مافەکانی مرۆڤ ئیمکانی نییە. لەوەش زیاتر دەیگوت کە هیچ ئازادییەک بەبێ دێموکراسی سەقامگیر و پایەدار نابێت. ئەو ڕوانگەیە نیشانی دەدا کە بیر و ئەندێشەی قاسملوو جیاوازییەکی بنەڕەتیی لەگەڵ بۆچوونی ڕێبەرانی سوننەتیی ناوچەکە هەبوو.

هەموو هەوڵی قاسملوو ئەوە بوو کە کادرەکانی حیزب و بزووتنەوە بە ڕۆحییەیەک پەروەردە بکا کە سیاسەت وەک مەیدانی شەڕی دەسەڵات نەبینن، بەڵکوو وەک ئامراز و مەیدانێک بۆ خزمەت بە گەل، بە نیشتمان، وەک مەیدانێک بۆ تێکۆشان لەپێناو دەستەبەرکردنی ئازادی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و خێری گشتی و پێکەوەژیانی بە ئاشتیی ببینن. ئەزموونی ژیان و خوێندن لە ئورووپا، پێوەندیی گەرم لەگەڵ بزووتنەوە سیاسی و فکری و فەلسەفییەکانی دنیا، دۆستایەتی لەگەڵ بزووتنەوە چەپ و لیبراڵەکان، ئەویان هێنابووە سەر ئەو قەناعەتە کە ڕزگاریی گەلانی ژێرچەپۆکە، نەک تەنیا هەر لە ڕێگای شۆڕش و ڕاپەڕین، بەڵکوو وێڕای ئەوە لە ڕێگای پشتیوانی و هاوپێوەندیی نیهاد و دامەزراوە گەورە و پایەدارەکانەوە ئیمکانی هەیە.

## لێکگرێدانی داخوازە میللی و نەتەوەیی و دێموکراتیکەکان

یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی بیر و ئەندێشەی قاسملوو، بریتییە لەوەی کە ناوبراو بە شێوەیەکی زۆر هۆشمەندانە داخوازە نەتەوەیی و میللییەکانی کوردی لەگەڵ ئەسڵە دێموکراتیکەکان لێک گرێ دەدان. ناوبراو لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد ناتوانێ بە تەنیا هەر لەسەر بناخەی شوناسی نەتەوەیی ڕاوەستێ، بەڵکوو وێڕای ئەوە دەبێت لەسەر پایەی ئەسڵە دێموکراتیکەکان، عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و ڕێز بۆ ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتییان بڕواتە پێش. ئەو بۆچوونە، ئەو ڕوویکەردە، بزووتنەوەی کوردی لە چوارچێوەیەکی تەنگەبەری قەومی بردە دەر و کردیە بزووتنەوەیەکی مۆدێڕن و بەرینی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

ئەو لێکگرێدانەی داخوازەکانی گەلی کورد لەگەڵ ئوسوڵە دێموکراتیکەکان و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ، بووە هۆی ئەوەی کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ناو کۆڕوکۆمەڵە ناونەتەوەییەکان و هێزە ئازادیخواز و بەشەردۆستەکاندا، باشتر وەرگیرێ و ببێتە خاوەنی پرستیژێکی تایبەتی. قاسملوو لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە ئازادیی گەلی کورد، بەبێ ئازادیی هەموو گەلانی ناوچەکە، ئازادیی ئینسانی کورد، بەبێ ئازادیی هەموو خەڵکانی ناوچەکە لە ئیستبداد و دیکتاتۆری، ئیمکانی نییە. بۆیە هەوڵی دەدا کە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد بەشێک بێت لە بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی و ئازادیخوازیی سەرتاسەری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

## ڕەخنە لە قەوارە سەرەڕۆ و ئیستبدادییەکان

قاسملوو لە کردەوە و گوتاردا، هەمیشە و بەردەوام ڕەخنەی لە پێکهاتە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرییەکان دەگرت. ئەو لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە هیچ ڕێبەرێک و هیچ دەستە و تاقمێک حەقی پاوانی دەسەڵات و بڕیاردانی لەدەستی خۆیدا نییە. بۆیە لایەنگرێکی سەرسەختی دێموکراسیی دەروون حیزبی و بەشداریی بەکۆمەڵ لە پرۆسەی بڕیاردانی حیزبی و تەشکیلاتیدا بوو.

ڕەخنەی ئەو لە پێکهاتە سەرەڕۆ و دیکتاتۆر و ملهوڕەکان هەر حکوومەتە دیکتاتۆرییەکانی نەدەگرتەوە، بەڵکوو هەموو شکڵ و فۆڕمەکانی ڕێبەرایەتیی سوننەتی و تەنانەت هەندێک لە حیزب و بزووتنەوە سیاسییەکانی کوردیشی دەگرتەوە. بۆیە بەردەوام پێی لەسەر وەلانانی بڕیاردانی فەردی و شێوە و فۆڕمەکانی ڕێبەرایەتیی سوننەتی لە بزووتنەوەی کورددا دادەگرت و لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە بەبێ ئەو ئاڵوگۆڕە، بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کورد ناتوانن ئامانجەکانی گەلی کورد وەدی بێنن.

## کاریگەریی نێونەتەوەیی و ژئۆپۆلیتی، نەخشی ڕێبەرایەتیی کورد لە ئاستی ناونەتەوەییدا

قاسملوو یەکێک لە یەکەمین ڕێبەرانی کورد بوو کە تێگەیشتنێکی قووڵی لە گرنگیی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان و بایەخی دیپلۆماسی هەبوو. ئەو لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە بزووتنەوەی کورد ناتوانێ بەتەنیا بە پشتبەستن بە هێزی ناوخۆیی خۆی بە ئامانجەکانی بگات. بۆیە پێویستی بە پشتیوانی و هاوپێوەندی و ناسینی ناونەتەوەیی هەیە. ئەو بۆچوونەش ئەوی کردبووە دیپلۆماتێکی تەواو عەیاری کورد لە ئاستی ناونەتەوەییدا، بە جۆرێک کە لە هەموو توانا و لێوەشاوەییەکانی خۆی بۆ ناساندنی کێشەی کورد بە کۆڕ و کۆمەڵە ناونەتەوەییەکان کەڵکی وەردەگرت.

پێوەندییەکانی قاسملوو لەگەڵ حیزبە سۆسیال دێموکراتەکانی ئورووپا، ڕێکخراوە بەشەردۆستە ناونەتەوەییەکان و کەسایەتییە کاریگەرە جیهانییەکان، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ناساندنی کێشەی کورد لە ئاستی جیهانیدا بینی. ئەو توانیی پرسی کورد لە چوارچێوەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرێتە دەر و لایەنێکی ناونەتەوەیی پێ بدا.

### شوێنەوار و کاریگەریی گۆڕانکارییە ناوچەییەکان

قاسملوو وەک ڕێبەرێکی هۆشمەند تێگەیشتنێکی قووڵی لە ژئۆپۆلیتیکی ناوچەکە هەبوو. ئەو شوێنەواری ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی لە عێراق، سووریە و تورکیە و وڵاتانی ناوچەکەدا لەسەر وەزعی کورد بەگشتی و وەزعی کورد لە هەرکام لەو وڵاتانەدا کە کوردیان تێدایە بە چاکی دەرک دەکرد. هەر بۆیە تێدەکۆشا سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات بە گوێرەی ئەو ئاڵوگۆڕانە ڕێک بخا. ئەو هۆشمەندییە سیاسییە بووە هۆی ئەوەی حیزبی دێموکرات وەک فاکتۆرێکی جیددی لەسەر وەزعی ناوچەکە دەرکەوێ و بتوانێ بمێنێتەوە و لە دۆخە سەخت و ئاڵۆزەکانی ناوچەکەشدا توانای چالاکی و مانۆڕدانی سیاسیی هەبێت.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەو بایەخێکی زۆری بە هاوکاری و هاوپێوەندیی نێوان کوردەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و هێز و ڕێکخراوە کوردستانییەکان دەدا. بەڵام لە هەمان کاتدا پێی لەسەر شوناسی تایبەتی و سەربەخۆیی سیاسی و تەشکیلاتیی هەرکام لە بەشەکانی کوردستان دادەگرت. ئەو بیرکردنەوەیەش زەمینەی هاوکاری و هاوئاهەنگی و هاوخەباتییەکی خەلاقی لە نێوان بەشە جیاجیاکانی کوردستان و هێز و ڕێکخراوە سیاسییەکانیاندا پێک هێنابوو کە لە کردەوەدا وەک سیاسەتێکی سەرکەوتوو خۆی نیشان دەدا.

### میراتی قاسملوو و شوێنەواری قاسملوو لەسەر خەبات

### شوێنەواری قاسملوو لەسەر نەسڵەکانی دوای خۆی

میراتی قاسملوو نەک هەر بەتەنێ لە باری سیاسی، بەڵکوو لە بوارەکانی فکری و فەرهەنگیشدا، کاریگەری و شوێنەوارێکی زۆری داناوە. ئەو مۆدێلێکی سەرکەوتووی لە ڕێبەرایەتیی مۆدێرن و دێموکراتیک و بەرپرس و وەڵامدەر هێنایە کایە کە بۆ نەوەکانی دوای خۆشی وەک سەرمەشق و سەرچاوی ئیلهام کەڵکی لێ وەردەگیرێ. کار و میتۆدەکانی نابراو لە بوارەکانی پەروەردەی کادرەکانی حیزب و ڕێبەرانی

جەماوەری و مۆدێلەکانی کاری سیاسی و حیزبایەتی و بڕیاردانی بەکۆمەڵ، ئێستا بوونەتە پێوەر و پێوانەیەکی جێکەتوو بۆ هەڵسەنگاندنی ڕۆڵ و کارکردی ڕێبەرایەتی لە بزووتنەوەی کورد و لە حیزبی دێموکراتدا.

**کاریگەریی قاسملوو لەسەر دیسکۆرس و گوفتمانی کوردی**

قاسملوو یارمەتییەکی بەرچاوی بە گۆڕینی دیسکۆرسی کورد لە گوفتمانێکی سوننەتییەوە بۆ گوفتمانێکی مۆدێرن و هاوچەرخ و دونیاپەسند کرد. کۆنسێپت و بیرۆکەکانی وەک دێموکراسی، مافی مرۆڤ، بەشداریی گشتیی لە کاروباری سیاسیدا، دیپلۆماسیی کوردی، بەهۆی هەوڵەکانی ناوبراو لە سیاسەت و دیسکۆرسی کوردیدا جێگای خۆیان گرتووە و بوونەتە بەشێک لە شوناسی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستان. ئەوەش بناخە و چوارچێوەی بزووتنەوەی کوردی لە بزووتنەوەیەکی سوننەتییەوە گۆڕیوە بۆ بزووتنەوەیەکی هاوچەرخ و مۆدێرن. بەجۆرێک کە وەک بەشێک لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی و دێموکراسیخوازی ناوچەکە و دونیا تەماشا بکرێ.

**ئاکام**

ڕۆڵی حیزب و کار و تێکۆشانی حیزبایەتی لە گۆڕینی کۆمەڵگەی سوننەتی بۆ کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن، بەتایبەت لە کوردستاندا، گرنگ و کاریگەرە. ئەوە شتێکە کە لە ئەزموونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەتایبەتی لە دەورانی ڕێبەرایەتی قاسملوودا، زۆر بە چاکی خۆی نیشان دەدات. ئەو ئەزموونە نیشانی داوە کە سیاسەتی کوردی، توانای ئەوەی هەیە چوارچێوە سوننەتییەکانی فەردتەوەر و عەشیرەتی تێپەڕێنێ و بەرەو نیهادسازی و موشارەکەتی جەماوەری و ئاسۆیی و ڕێبەرایەتیی بەکۆمەڵ بچێت.

قاسملوو نەک هەر ڕێبەرێکی سیاسی، بەڵکوو ئەندازیارێکی فکری و فەرهەنگیش

بوو بۆ کۆمەڵگەیەک کە خەبات بۆ ئازادی دەکا و دەیەوێ نیری ستەم و چەوسانەوە لە شان و پیلی خۆی دارنێ. کۆمەڵگەیەک کە دەیەوێ بە ئازادی و دێموکراسی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی بگات. قاسملوو نیشانی دا کە ڕێبەرایەتیی مۆدێڕن پێویستی بەوەیە کە حیکمەتی سوننەتی لەگەڵ زانستی سەردەم، تەعەهودی نەتەوەیی لەگەڵ ڕوانگەیەکی جیهانی و گڵۆباڵ و خەباتی سیاسی دێموکراتیک ئاوێتە بکرێ.

ئەمڕۆش، لە دەورانی دوای ئەودا، ڕێگا و ڕێبازی قاسملوو، وەک مۆدێلێک بۆ نیهادسازی، تەمرینی دێموکراسی، پەرەپێدانی دێموکراسی دەروون حیزبی، سیاسەتوەرزیی بەرپرسانە و مەسئوولانە، دەتوانێ ئیلهامبەخشی ڕێبەرانی ئێستا و داهاتووی نێو ریزەکانی بزووتنەوەی کورد بێت. ئەزموونی قاسملوو نیشان دەدات کە حیزبی مۆدێڕن نەک هەر بە تەنیا ئامرازی ململانێ لەسەر دەسەڵاتی سیاسی نییە، بەڵکوو قوتابخانەیەکە بۆ پەروەردەکردنی هاووڵاتییانی ئاگا و بەرپرس و چالاک بەگشتی و ڕێبەرانی جەماوەری و گەلی بەتایبەتی.

لە کۆتاییدا میراسی قاسملوو و ئەزموونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، گەلێک دەرسی گرنگ و پڕبایەخی بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی حیزب لەو کۆمەڵگەیانەدا تێدان کە لەحاڵی تێپەڕین لە کۆمەڵگەیەکی ژێرچەپۆکە و سوننەتی بۆ کۆمەڵگەیەکی ئازاد و هاوچەرخ و مۆدێڕندان. ئەو ئەزموونە نیشانی دەدات کە سەرکەوتن لە بردنەپێشی سیاسەتێکی مۆدێڕندا، بەستراوەتەوە بە لێکگرێدانی هۆشمەندانەی ڕەسەنایەتیی فەرهەنگی لەگەڵ داهێنانی نوێ، تەعەهودی نەتەوەیی لەگەڵ ڕوانگەی جیهانی و شێلگیری لەسەر خەبات و تێکۆشانێکی دێموکراتیک.

# چنارە بەرزەکەی بناری هەڵگورد

## کەریم پەرویزی

نزیک بە هەشت دەیە دوای چاندنی نەمامی نوێی خەبات بەدەستی پێشەوای نەمری کورد، لە ئێوارەیەکی دوا ڕۆژەکانی بەهاردا، لە بەردەم بنکەی مانەوە و حەسانەوەی پۆلێک لە پێشمەرگەکانی کوردستان لە بناری چیای هەڵگورددا، دەروەست و ڕەوەز پێکەوە چاوەڕێی لێنانی چای سەر ئاگر بە کترییە ڕەشەکە بوون.

دەروەست، گەنجێکی تازە شار بەجێهێشتوو بوو کە دوای چەند چالاکییەکی حیزبی، کەوتبووە ژێر چاوەدێریی هێزە ئیتلاعاتییەکان و نزیک بە سێ ساڵێک دەبوو کە بەناچاری بنەماڵە و کار و ژیانی ئاسایی و سەنگەری نهێنیی شاری بەجێهێشت و هاتبووە سەنگەری چیا.

دەروەستی لاو کە وێڕای ژیانی شار، ناوەکەشی بەجێ هێشتبوو و لەنێو پێشمەرگەکاندا بە دەروەست دەناسرا، ڕۆیشت کە پەرداخە دەسکدارەکانی بنکە بێنێ تاکوو لەگەڵ فەرماندە ڕەوەزدا، دوو پیاڵە چای بخۆنەوە. فەرماندە ڕەوەز کە لە نێو پێشمەرگەکاندا بە خاڵە قادریش دەناسرا زیاتر لە سێ دەیە و باشترە بڵێین نزیک بە چوار دەیە دەبوو کە لە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبدا لەسەر ڕێچکەی خەبات بەردەوام بوو و بە سیما و دەستەکانی و ڕێگاڕۆیشتنییەوە، یادەوەری و مێژووی

خەباتی شاخ و داخ و ئەم دۆڵ و ئەو دۆڵ و ئەم بنکە و ئەو شوێنی مانەوەو دووبارە هەستانەوەی پێشمەرگایەتیی پێوە دیار بوو.

خاڵە قادر بانگی کرد: دەرووەست ئەرێ ئەم پەرداخانەت هەر نەهێنا؟ ئەم چایەمان لێ بوو بە ڕوبی تەماتە!

دەرووەست چایەکەی لە پەرداخەکان کرد و یەکی لەبەردەست خاڵە قادر دانا کە پاڵی وەدار بەڕووە بەتەمەن و سێبەرچڕەکەی بەردەم بنکەوە دابوو؛ گوتی فەرموو خاڵە ئەوەش چای مێشوولەنیشان!

چایەکەی خۆیشی هەڵگرت و ڕۆیشتە هەندێ ئەولاتر، پەنای جۆگە ئاوەکە، دارچنارە بەرزەکەی لێ بوو، پاڵی وە دارچنارەکەوە دا و ڕووی کردە فەرماندە و گوتی خاڵە ئەوە بۆ هەر لای ئەو دار بەڕووە دادەنیشی؟ نازانی چایی پەنای چنار چەندە بە تام و بۆنترە؟

خاڵە قادریش گوتی تام و بۆنەکەی با بۆ تۆ بێ، بن ئەم داربەڕووە فێنکتر و سێبەرەکەی خۆشترە!

دەرووەست کە حەزی لە دواندنی خاڵە قادر بوو و پرسیاری لە مێشکدا وەک زەرگەتە ویزەی دەهات، ڕووی لە خاڵە کردەوە و گوتی:

– ئەرێ خاڵە! تۆ بەم تەمەنەوە وا هەر لێرە لەم بنکەیەی شاخ ماویەوە، ماندوو نەبووی؟ حەز ناکەی بڕۆیتە بنکەکانی حیزب لە دەشتایی و لە نزیک شارەکان و لەوێ کاری حیزبی بکەی؟ خۆ حیزبایەتی هەر حیزبایەتیە، لەوێش پێویستی.

– کاکە دەرووەست، دەتەوێ بەم چاییە، بمدوێنی؟ خۆ بە تەنیا چایەک لە کۆڵت نابمەوە!

– بەچاوان خاڵە، کەترییەکی دیکەشت بۆ دروست دەکەم. بەس پێم بڵێ چی وات لێ دەکا بەم ئازاری قاچەوە، هێشتا ئەم بنکانەی شاخ بەر نادەی؟

– دەرووەست گیان، تێکۆشانی حیزبی لە پێناوی مافی گەلەکەماندا لە هەر بنکەیەک و لە هەر سەنگەرێک بێ هەر جێی پێزانین و شانازییە و هەرکەس لە هەر

هەواڵنامەی کتێب

شـوێنێک لـە هـەر بوارێکدا چیی لـە دەست بێ، بیکا؛ جێگای ڕێزە. گرنگ ئەوەیە کە لە پێناوی بڕوای خۆمـان کە درێژەدان بە ڕێبازی شـەهیدان و بەسـتراوەییمان بە بەڵێنە مێژووییەکانمانـە، کارێک بکەیـن کـە لـە دەسـتمان دێ و درێخـی نەکەیـن.

– خاڵـە ئـەوە دروسـت، بـەڵام خـۆ بـەم ئـازارەوە ڕەنگـە لـە شـوێنی دیکـەش کارت لەدەسـت بێ، کـە کەمتـر ئـازاری لـەش بکێشـی. بـۆ مـن پرسـیارە کـە ڕەمـزی بەردەوامیت چیـە؟

خاڵـە قـادر چایەکـی تـەواو کـرد و وتـی وەرە چایەکـی دیکـەم بـۆ تـێ بکـە تـا پێـت بڵێـم.

رووی لـە دار بەڕووەکـە کـرد کـە ڕەنگـە زیاتـر لـە سـەد سـاڵیش تەمەنـی بـێ و وتـی بۆیـە ئـەم بـەڕووەم خـۆش دەوێ چوونکـە لـە دروسـتکردنی سـێبەر و فێنککردنـی شـاخ و سـەوزڕاگرتنی سروشـت مانـدوو نابـێ! بـۆ منیـش گرنگـە کـە بـەردەوام بیـن. گرنگـە کـە هەڵمژینـی شـنەی هـەوای ئـازاد فێـری نـەوەی داهاتـوو بکەیـن. بۆمـن زۆر زۆر گرنگـە کـە ڕەگمـان لەنێـو دڵـی شـاخدا جێگیـر بکەیـن. شـاخ لای ئێمـە تەنیـا سروشـت نیـە بەڵکـوو ئیرادەی مانەوەیـە!

دەروەسـت وێـڕای چایەکـە، هەندێـک مێوژیشـی دایـە دەسـت فەرمانـدە و گوتـی باشـە مـن لەوانـە تـێ دەگـەم بـەڵام پێـم بڵـێ بزانـم چـی لـەم حیزبـەدا هەیـە کـە تـۆ هـەروا بـە بـڕوای قووڵـەوە پـاڵ وە داربەڕووکـەی بـەردەم بنکەکـەی دەدەی و بـە تامەزرۆیـەوە چاوەڕیـی چایەکـەی سـەر ئاگـری ئێوارانەکـەی دەکـەی؟

فەرمانـدە ڕەوەز سـەری بەرزکردەوە و گوتـی دەسـت خـۆش بـۆ چـای و مێوژەکـەت بـەڵام بـۆ نازانـی ئـەم حیزبـە هەمـوو ژیانـی منـە؟

دەروەسـت ڕۆیشـتەوە لای دارچنارەکـە. چنارێکـی باڵابـەرز بـوو کـە لـە پەنـا جۆگـە ئاوەکـەی تێـراو بـە کانیـاوی بەرزاییـەکان ڕوا بـوو. بەرزیـی بـاڵای چنارەکـە بـە ئاسـانی بیسـت متـر دەبـوو. ناوقەدێکـی ئەسـتوور و باڵایەکـی ڕێـک بـەرەو ئاسـمان هەڵکشـا بـوو.

دەروەست پاڵی وەچنارەکەوە دا و گوتی:

-خاڵەگیان دەزانم کە هەموو ژیانت لەم حیزبەدا تێپەڕ کردوە و دەزانم کە چەندەت لە پێناوی حیزبدا فیداکاری کردوە و چیت بەخشیوە بەم خەباتە. بەڵام دەمەوێ بۆم باس بکەی کە چی لەم حیزبەدا تۆی هێشتوەتەوە کە بەردەوام بی؟

خاڵە قادر، وەڵامی دایەوە:

– ئەم حیزبە حیزبی شەهیدانە. سێ ڕێبەری گەورەی وەکوو پێشەوای نەمر و دوکتور قاسملوو دوکتور شەرەفکەندی و دەیان ئەندامی دیکەی ڕێبەری و سەدان کادر و هەزاران پێشمەرگە و ئەندامی لە ڕێگای ئازادی و بەختەوەریی نەتەوەکەیدا شەهید بوون. ناوت دەروەستە و گرنگترین شت دەروەستییە بەرامبەر بە خوێنی ئەو هەموو شەهیدە. پێبەندیمان لە سەر بەڵێنەکانمان بە شەهیدان لە هەموو شت بۆ ئێمە گرنگترە.

لە کەم حیزبی ئەم ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەدا هەیە کە ئەو ڕادەیە لە ڕێبەرانی لە ڕیزی پێشەوەی خەباتدا شەهید بوون و ژیانی ڕێبەرانی شەهید و خەباتیان و خۆفیداکردنیان لەگەڵ خەڵک و لە پێناو خەڵکدا بووە. ئەمە گرنگترین خاڵە کە دەمانبەستێتەوە بەو ڕێگایەوە. ئەوان گیانیان فیدا کرد، ئێمە هەرچی بکەین ناگەین بە قەدپاڵی کێوی بەرزی هەڵوێستی فیداکارانەیان.

ئەڵبەت هەر ئەمەش نیە. ئەمە تەنیا هۆکاری مانەوەمان لە سەر ئەم ڕێبازە نیە. ئەم حیزبە زۆر کاری کردوە و زۆر شتی هەیە کە وا دەکا منێکی پێشمەرگەی ئەم ڕێبازە شانازی بە بەردەوامی لەم ڕێگا بکەم و هەر تەنیا ناوی پێشمەرگەی دێموکرات بۆم گەورەترین شانازی بێ.

دەروەستیش دوای خواردنەوەی چایەکی دیکە، قسەیەکی لێ قۆستەوە و گوتی باشە خاڵەگیان، دەروەستی بەرامبەر بە شەهیدان ئەرکێکی گرنگی هەر تاکێکە. بەڵام خۆ ئێمە تەنیا بەوەوە نابێ بوەستین کە درێژەدەری حیزبی شەهیدانین. ئەی ئەم حیزبە هیچی دیکەی نەکردوە یان نایکا کە خەڵکەکە متمانەی ئەمڕۆ و سبەینێشیان

پێ بێ؟

فەرماندە هەندێ گرژ بوو و ڕووی کردە دەروەست و گوتی یانێ پێت وایە ئەم حیزبە متمانەی خەڵکی نیە؟ یانی ئەو هەموو شەهیدە نابێتە هۆی دڵنیایی خەڵک و نیشان نادا کە ئەم حیزبە شتێکی کردوە؟

دەروەست گوتی نە خاڵە مەبەستم ئەوە نەبوو، خراپم لێ تێ مەگە. مەبەستم ئەوەیە کە شەهیدان تاجی سەری خەبات و ڕێنوێنی ڕێگان بەڵام ئەو ڕێگایە دەبێ پێیدا بڕۆین. دەبێ بە کردەوەکانمان بیسەلمێنین کە دروستە و ئەمەی ئێمەش دەیکەین هەروەکوو ڕێگای شەهیدەکانمان جێی بڕوای خەڵکە. خەڵک شەهیدەکان و بەتایبەت ڕێبەرانی شەهیدیان بەلاوە پیرۆزە و ڕێگاکەیان پێ دروستە. ئێمە دەبێ چی بکەین کە خەڵک بڕوامان پێ بکا کە لەهەمان ڕێگادا دەڕۆین و دڵنیایی لای خەڵک دروست بکەین و متمانەمان پێ بکەن؟ ئایا تەنیا قسە و باسکردن لە شەهیدان بەسە بۆ ئەوەی جێی متمانەی نەتەوەیەک بین؟ ئەی کردەوەکەمان چی؟

خاڵە قادر ڕووی تێ کردەوە گوتی کە ئەم حیزبە تەنیا بە ناوی شەهیداندا خۆی هەڵنەواسیوە. بەڵکوو هەرکات دەرەتان هەبووبێ، بە کردەوە ویستی گەلی وەدی هێناوە. ئەوکاتەی تازە دامەزرابوو کە دەرەتانەکەی بینی، کۆمارێکی بۆ کوردستان و کورد دامەزراند کە ئیستاش و لە داهاتووشدا جێی شانازی و پێداهەڵگوتنە بۆ خاوەن هزرانی کورد. لە دەسەڵاتی حیزبی دێموکرات لە کۆماری کوردستاندا بوو کە ئازادی دابین کرا و دەسەڵاتی نەتەوەیی دامەزرا و هێزی پێشمەرگە بۆ پاراستنی نەتەوە دامەزرا و ناسنامە و بیری کوردی پەرەی پێ درا و بناخەی زمانی کوردی پتەو کرا.

لە سەردەمی شۆرشی گەلانی ئێراندا بوو کە حیزبی دێموکرات وێڕای لایەنەکانی دیکە، هەیئەتی وتووێژی بۆ دابینکردنی مافی کورد لە دەسەڵاتی تازەی دوای ڕووخانی پاشایەتی پێک هێنا و کاتێک خومەینیی تاوانکار فەرمانی جەهادی بە دژی کورد ڕاگەیاند، کوردیش بڕیاری خۆڕاگریی نەتەوەیی دا و بەرگریی لە کەرامەت و

ناسنامەی نەتەوەیی خۆی کرد. لەو بەرگریەشدا بەشی سەرەکی هەر لە ئەستۆی حیزبی دێموکرات بوو و دوایین لایەن بوو کە شارەکانی بەجێ هێشت و کاتێک کە لایەنی دیکە وازی لە خەباتی چەکداری هێنا، ئەمە حیزبی دێموکرات بوو کە هێزەکانی هەر لە پانتایی کوردستاندا بەرەوڕووی هێزە داگیرکەرکان دەبوونەوە!

حیزبی دێموکرات داهێنەری ئەو ڕێبازە بووە کە ئامادە بووە لە پێناوی بەرژەوەندیی نەتەوەییدا قوربانی بدا، بەڵام خەیانەت بە نەتەوەکەی نەکا. حیزبی دێموکرات بوو کە باسی لەوە دەکرد کە دیپلۆماسی و مەیدانی دیپلۆماتیک گۆڕەپانێکی سەرەکیی خەباتە و دوکتور قاسملووی نەمر لەو پێناوەدا لە هەموو دەرگایەکی دەدا و لە هەموو ئامرازە دروستەکان کەڵکی وەر دەگرت تاکوو پرسی کورد بکاتە پرسێکی جیهانی.

حیزبی دێموکرات بوو کە بە هێنانی سۆسیالیزمی دێموکراتیک هەم داهێنانی تیۆریکی دەکرد و هەم خەتی نەتەوەیی و دێموکراتیکی لە خەتە لاوەکییەکانی دیکە جیا دەکردەوە. هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە کە بەگژ دوژمندا چووەتەوە و لە هەموو تەنگ و چەڵەمەیەکدا دەنگی بەهێزی نەتەوەکەی و خەباتی ئازادیخوازی بووە و ناوی پێشمەرگە کە بە دەستی حیزبی دێموکرات دامەزراوە، بە هەق لە لایەن پێشمەرگەکانی ئەم حیزبەوە بە بێگەردی و پیرۆزی ڕاگیراوەو خەڵک متمانەی پێ دەکەن.

گەر ڕابردووی ئەم حیزبە و مێژووەکەی چاو لێ دەکەی قۆناخی زۆر سەختی بڕیوە، بەڵام لە هەموو قۆناخە سەختەکاندا دووبارە هەستاوەتەوە و لە دوژمن ڕاساوەتەوە وسیاسەتە دروستەکانی بوونەتە هۆی پشتیوانیی خەڵک. سیاسەتە دروستەکانی لە بەرنامەی ئەم حیزبەوە سەرچاوە دەگرن کە بڕوای بە مافی نەتەوەیی هەیە و لەسەر ئەو ڕێچکەیە دەڕوات. بڕوای بە هێزی خەڵک هەیە و بەستراو بە بێگانە نیە و ئامادە نەبووە لە پێناوی بەرژەوەندیی حیزبیدا مافی نەتەوەیی قوربانی بکات. واقیعگەرا بووە و لە واقیعی سیاسی دابڕاو نەبووە. لە

ڕێگای خەباتیشدا دەستی نەداوەتە ڕێگای ناڕەوا و جۆرێک سیاسەتی کردوە کە لە بیاڤی نێونەتەوەییدا نەکرێ تۆمەتی لێ بدرێ و ناوی نەتەوەکەی بەدناو بکات.

ڕێبەرانێکی بووە کە بۆ وێنە پێشەوا دامەزرێنەری حیزب و دامەزرێنەری کۆمار بووە، دوکتور قاسملوو مێعماری دارشتنەوەی حیزب و دابینکەری ڕێگای داهێنەرانە و هزری دێموکراتیک بووە و پێناسەی خەباتی لە چوارچێوەیەکدا کردوە کە هەم دێموکراتیک بێ و هەم نەتەوەیی و هەم خەمی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بێ. دوکتور شەرەفکەندی خاوەنی ئیرادەیەکی شۆڕشگێڕی و پێداگر لە سە دیسپلینی ئاگاهانە و فیداکاری و هەروەها دادپەروەریی دەرونی حیزب بووە. ئەمانە و زۆر شتیتر ئەم حیزبەی وەها لێ کردوە کە هەرکات بانگەوازێک دەکا، خەڵک بەپیری بانگەوازەکەیەوە دێ و گەر سیاسەتێک دەگرێتە پێش خەڵک متمانەی پێ دەکەن.

دەروەست لەم بەینە دەرەتانێکی وەر گرت و چایەکی دیکەی بۆ فەرماندە تێ کرد و بۆی برد و لە پێشی دانا. گوتی خاڵە دوای ئەم چایە، لە فیکری دەمکردنی چای دیکەدا بین؟

خاڵە قادر گوتی بۆ؟ مەگەر چایەکە تەواو بوو؟ دەروەستیش گوتی نا، تەواو نەبووە بەڵام دەڵێم نەکا لە هاوڕێیانی دیکە کەسێک بێت و پێویستمان بە چای بێ.

خاڵە گوتی ئاگرەکەی هەروا زیندوو ڕابگرە، گەر پێویستی کرد چای دیکەش دەم دەکەین.

دەروەست ڕۆیشتەوە بن چنارەکەی و پاڵی پێوە دا و گوتی خاڵە هەموو ئەمانە باسی دەکەی، دروستە و ئەمانە هەموو ئەو تایبەتمەندییانەن کە حیزبی دێموکراتی پێ دەناسرێنەوە و خەڵک خۆشی دەوێ، بەڵام خۆ ئەم حیزبەش هەڵەی هەبووە و کەموکوڕیی هەبوە.

فەرماندە ڕەوەز دووبارە نێوچاوانی گرژ بۆوە و گوتی هەڵەی چی؟ ئەم حیزبە کاتێک لەگەڵ دەسەڵاتی حیزبی بەعس ڕێککەوتنی هەبوو و هیچ دەرەتانێکی نەبوو، ئامادە نەبوو دژی خەباتی بەشێکیتر تەنانەت لێدوانیش بدا! تا بگا بەوەی کە

دژایەتییان بکا و یارمەتیی دوژمن بکا!

دەروەست خۆی تۆزێ کۆ کردەوە و گوتی خاڵە خراپم لێ تێ مەگە، ناڵێم خەیانەت بەڵکوو باسی هەڵە دەکەم.

خاڵە گوتی تا پێم بڵێ بزانم چی بە هەڵە دەزانی؟

دەروەستیش گوتی ئەم حیزبە بەم هەموو ساڵە خەباتە و قوربانیدانەوە دەزانی کە هێشتا هەموو جوغرافیای کوردستانی نەتەنیوەتەوە؟

خاڵە قادر گوتی مەبەستت چیە هەموو جوغرافیای نەتەنیوەتەوە؟ ئەم هەموو هێزی پێشمەرگەیە لە چیا و دۆڵی کوردستاندا قارەمانەتییان نواندوە و بە کەمترین چەکەوە دژی دوژمنی تاسەر ئێسقان دژە کورد و تا ددان پۆشتە بە چەکی کۆمەڵکوژ خەباتی کردوە.

دەروەست گوتی ئەوە دروستە و مێژوو شایەتی ئەو قارەمانەتییەیە بەڵام بەشێک لە جوغرافیای کوردستان وەکوو کرماشان و سەحنە و هەرسین و کەنگاوەر و ئیلام و گیلانغەرب و چەندین شاری دیکە، دوور بوون لە خەباتی هێزی پێشمەرگە و لە خەباتی حیزبدا ڕەنگەکەیان کاڵ بووە.

خاڵە وەڵامی دایەوە، سەرەتای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی خومەینی پروپاگەندەی ڕێژیم دژی خەباتی حیزب ئەوە بوو کە حیزبێکی سوننە مەزهەبە و شیعە مەزهەبەکان دەبێ لەگەڵ ڕژیم بکەون، ئەمە لەکاتێکدایە کە حیزبی دێموکرات نە شیعەیە و نە سوننی بەڵکوو حیزبی نەتەوەییە و ڕێز بۆ هەموو ئایینەکان دادەنێ.

دەروەستیش گوتی ئەوە دروستە و لە سیاسەتی حیزبدا هاتوە، بەڵام ئەم حیزبە لە بواری گەیاندنی ئەو سیاسەتەیدا بۆ خەڵک شیعە مەزهەبی کورد کەموکووڕیی هەبوە و نەیتوانیوە بەو شێوە کە پێویستە بەردەنگیان تێدا پەیدا بکا. حیزب هەندێ لە تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لە ناوچەی بەتایبەت کرماشان و ئیلام کە مەزهەبی سوننییان نیە ڕاکێشاوە بەڵام ئەوە لاوازیی خەباتەکەیە کە کاری زۆر زۆرتری دەوێ و کەموکووڕیی لەو بارەوە هەیە.

خاڵە قادر گوتی دەی باشە وام دانا لێتم قبووڵ کرد، خۆ ئەوە پێی ناڵێن هەڵە، بەڵکوو پێی دەڵێن کەموکووڕی کە کاری زۆرتری پێویستە.

دەروەستیش گوتی باشە خاڵە با وابێ بەڵام هەر هەندێ لێکدانەوەی هەڵە و هەندێ کردەوەی هەڵەی تاکەکانی نێو حیزبیش بووە کە ئاکامەکەی ئێستای لێ کەوتوەتەوە بۆ وێنە حیزبی دێموکرات کە ئامادەیە لە پێناوی مافی نەتەوەکەیدا واز لە بەرژەوەندیی حیزبی بێنێ، کەچی چەند جار دابڕان لە نێو ڕیزەکانی حیزب ڕوویان داوە و گرووپەکانی نێو حیزب ئامادە نەبوون بەرژەوەندیی حیزب لە سەرەوەی بەرژەوەندیی گرووپەکەیانەوە دابنێن!

فەرماندە ڕەوەز، پشتی وە دار بەڕووەکەوە دا کە ناوقەدی جێگەی دوو کەسی دیکەشی دەکردەوە! بە ڕوویەکی گرژەوە وتی دروستە دابڕان لە حیزبدا بووە، بەڵام یەکەم شت ئەوەیە کە لە کۆنگرەی چواردا ئەوە تاقمی حەوت کەسی دەیانەویست خەباتی کورد تەسلیمی ڕژیم بکەن و خۆ نەدەکرا ئەوەیان لێ قبووڵ بکرێ.

دەروەست گوتی، دروستە دابڕانی تاقمی حەوت کەسی دوای کۆنگرەی چوار بە دەسکردی حیزبی توودە بوو و دەیانەویست لە بەرامبەر فەرمانی جەهادی خومەینیدا ڕێگەی چەک فڕێدان بگیرێتە بەر، بەڵام خۆ دابڕانەکانی دیکە سیاسی نەبوون!

خاڵە قادر گوتی نەخێر دابڕانی سیاسی نەبوون و گرفتی تەشکیلاتی بوو کە دەکرا ئاوای لێ نەیەت، بەڵام بەخۆشییەوە دوای هەر دوو دابڕانەکە، دووبارە ڕیزەکانی حیزب یەکیان گرتەوە و ئەوەش شانازییەکی دیکەیە کە دەیسەلمێنێ کە تێکۆشەرانی دێموکرات ئامادەی پێداچوونەوەن و ڕێگای یەکگرتوویی دەگرنە بەر.

دەروەست گوتی، ئەوە زۆر گرنگە کە هەر دوو جارەکە دووبارە یەکگرتنەوە کراوە و نیشانەیەکی خۆشبینییە کە خەڵکی دێموکراتویست، قەت ڕازی بە دابڕان نەبوون، بەڵام دەبێ ئەو ئەزموونەشی لێ وەر بگیرێ کە هەرگیز لە پێناوی هیچ بەرژەوەندییەکی تاک و گرووپدا، ڕێگای هەڵەی لێکدابڕان نەیەتەوە ئاراوە.

بەڵام خۆ هەڵەی دیکەش لەم حیزبەدا کراوە و خاڵی لاوازی دیکەش هەیە.

فەرماندە ڕەوەز گوتی دووبارە دەتەوێ چی بڵێی دەروەست؟ نایەڵی تام لە چایەکەم بکەم؟

دەروەستیش بە بزەوە گوتی نا خاڵە، هەتا بەیانی چات بۆ تێ دەکەم بەڵام باسکردن لە کەموکووڕی بۆ چارەسەرییە تاکوو هەڵە دووپات نەبێتەوە. هیچ مرۆڤێک نیە هەڵە نەکا و حیزبیش لە مرۆڤەکان پێک دێ و هیچ حیزبێک نیە هەڵە نەکا، گرنگ ئەوەیە هەڵەکان ببینرێن و چاک بکرێنەوە و هەڵە دەووپات نەکرێنەوە. خاڵە قادر لە ئێستا و داهاتووشدا ڕەنگە هەرکەسێکمان هەڵە بکا، بەڵام گرنگ ئەوەیە هەر نەسلێک هەڵەی خۆی بکا نەک هەڵەی ڕابردوو دووپات بکاتەوە! چەندین ساڵە گلەیی و ڕەخنەی ئەوە لە حیزب دەگرن کە دوای شەهیدبوونی ڕێبەرانی وەکوو دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی ئیدی لە بواری داهێنانی هزر و ستراتژیی سیاسییەوە ئەم حیزبە لە کورتیی داوە و تەنیا قسە و سیاسەتەکانی ڕابردووی دووپات دەکاتەوە و لە ڕاستیدا لە ڕۆژ و لەحزەدا سیاسەت دەکا و دووربینی و بەرنامەی ستراتژیکی بۆ داهاتوو نیە. خاڵە قادر، ڕاستە دوژمن بە تیرۆرکردنی ڕێبەرانی شەهید ویستی سەری بزووتنەوەکە لێ بدا و لەشی بزووتنەوە زەمینگیر بکا. حیزبیش دوای ئەو دوو کارەساتە درێژەی بە خەبات داوە و بە ڕێبەریی تا ڕادەیەک جەمعی هەوڵی داوە بۆشایی نەبوونی کەسێکی تیۆریسیەنی وەکوو دوکتور قاسملوو پڕ بکاتەوە. بەڵام خۆ ئەم حیزبە دەبێ سیاسەت داڕێژ بێ بۆ داهاتووی نەتەوەکەی. خۆ ناکرێ لە ڕابردوودا قەتیس بێتەوە. دەبێ ڕێڕەوی نوێبوونەوەی بەردەوام بەر نەدا و نوێبوونەوەش پێویستی بە هزرمەندی و گوتارسازی و بوێریی سیاسی هەیە.

خاڵە قادر وتی دەی چایەکم بۆ بێنە تا باسەکەی دیکەت دەکەی.

لەم کاتەدا شلێر لە پەنای بنکەوە پەیدای بوو و هاتە بەردەمیان و سڵاوی کرد.

خاڵەش گوتی بەخێر بێی شلێر لە کوێوە؟

- لە نیگابانی بووم خاڵە، ئێستە تەواو بووم.

دەروەستیش بە لێوێکی بە بزەوە و چاوێکی تۆزێ گەشتر لە چەند خولەک پێشتر بەخێرهاتنی شلێری کرد و گوتی چای دەخۆی؟

شلێر ڕۆیشتە لای دەروەست و دانیشت و پاڵی وە چنارە بەرزەکەوە دا و گوتی چای لەم ئێوارەیە و دوای نیگابانی زۆر خۆشە.

دەروەست هەندێ جێگای پاڵدانەوەکەی لێ تەنگ ببوو، چایەکی بۆ شلێر تێ کرد و گوتی خاڵە ئەوەی دەمویست بڵێم باسی بەشداریی ژنان بوو لە خەباتی حیزبی دێموکراتدا.

خاڵە وتی دەی بیڵێ بزانم چ دەڵێی و ئەوە شلێریش لێرەیە با ئاگای لێت بێ!

دەروەست گوتی: لە کۆمارەوە تاکوو ئێستا ژن لە ڕیزی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتدا هەبووە و هەر لە خێزانی پێشەوای نەمرەوە کە یەکیەتیی یایانیان دامەزراندوە تاکوو ئەختەری پێشمەرگە کە مامۆستا هێمن شێعری بۆ وتوە تاکوو ئەم شلێرەی خۆمان، ژن لە ڕیزی جۆربەجۆری خەباتدا هەبووە و هەیە، بەڵام قەت بەرادەی گەورەیی حیزبی دێموکرات لە ئاستی بەرز و لە ڕادەی بەرچاودا لە ڕیزر پێشەوەکانی حیزبدا نەبووە.

خاڵە دووبارە نێوچاوانی گرژ کرد و گوتی ئەی ئەو هەموو ئەندامانی ڕێبەریی حیزب کە لە سەرەتاوە تاکوو ئێستا لە ڕیزی ڕێبەرایەتیی حیزبدا بوون نابینی؟

دەروەست گوتی حاشا لە ڕاستییەکان ناکەم، بەڵام ئەوەندەی کە پێویستە ژن لە خەباتدا بەشدار بن و لە ئاستی ڕێبەریی حیزبدا بەشدار بن، نەبووە و کەسەکان و تاکەکان کە بەشدار بوون و بوون بە ڕێبەرییش جێگای ڕێزن بەڵام ڕێژەکەی و ژمارەکەی لە ئاستی ناوی حیزبی دێموکراتدا نیە.

فەرماندە ڕەوەز گوتی دەی خۆ پێش لە ژنان نەگیراوە بێنە نێو خەباتەوە، بەڵکوو خۆیان بە هۆی دژواریی و وەزعیەتی زۆر سەختی خەبات کەمتر بەشدار بوون و کۆمەڵگەش ئەوەندە کراوە نەبووە کە ئازادی بە ژن بدا.

لەم بەینە شلێر هاتە دەنگ و گوتی نازانم ئەسڵی باسەکەتان چی بووە بەڵام ئەوە نابێتە هۆ بۆ ئەوەی ڕێژەی بەشداریی ژن لە ئاستی بەرزدا و تەنانەت لە ئاستی ئەندام و پێشمەرگەشدا دڵخواز نیە. گەر باسی دژواریی خەبات دەکەی، خۆ ژنانی کۆمەڵگە نیشانیان داوە لە دژواری و سەختی ناسڵەمێنەوە! شۆڕشی ژینا تازەترین نموونەیە. لە ڕیزی ئەندامان و پێشمەرگەی حیزبیشدا کەم نەبوون ئەو ژنانەی بەشدار بوون و ئێستاش بەشدارن، کە ئەمە نیشان دەدا بۆ ڕێگای سەختیش ئامادەن. گەر باسی دۆخی کۆمەڵگە بکەین کە ئەو ئازادییە بە ژن نەداوە، ئەوە پاساوە! خۆ کۆمەڵگە نەخوێندەواری زۆر بووە و حیزبیش بۆ نەخوێندەوارەکان قوتابخانەی گەلاوێژ و ئازادیی داناوە و فێری خوێندن و نووسینی کردوون! دەی دەبێ هەر وەک هەوڵی داوە کۆمەڵگە فێری ئازادی بکا، لە بواری ژنانیشدا ئەرکیەتی هەوڵی زۆرتر بدا تاکوو ژن ئازاد بێ و وەدوای مافی یەکسانی خۆی بکەوێ.

لەم بەینەدا دەروەست هاتە دەنگ و گوتی حیزب لەوبارانەوە هەوڵی داوە و کاری کردوە، بەڵام هەوڵی زۆرتری دەوێ و ئیدی ناکرێ بەو پاساوانەوە خۆمان خەریک بکەین. وەک دوکتور قاسملوو دەڵێ کۆمەڵگەی بەختەوەر بە یەکسانیی ژن و پیاوەوە دابین دەکرێ. دەبێ ڕێژەی بەشداریی ژنان بگاتە ئەو ئاستەی کە کۆمەڵگە چاوی لە حیزبە و چاوەڕوانیی لێی هەیە. دەنا لەباری چۆنیەتیی بەشدارییەوە، با بە هەق بڵێین کە حیزبی دێموکرات ڕوانینێکی مرۆیی بۆ پرسی ژن هەیە و نە ژن بە کەم دەزانێ و نە هەوڵ دەدا ژن لە ژنبوونی بسڕێتەوە بیکاتە بوونەوەرێک کە تەنیا لە کورتی و درێژیی قژیدا جیاوازیی لەگەڵ پیاو هەبێ! بەڵکوو دەیەوێ ژن بە ناسنامەی ژنبوونیەوە لە خەباتی سیاسیدا بەشدار بێ. ئەوە کاری دەوێ و کەموکووڕی هەیە ودەبێ لە باری ڕێژەییەوە ژمارەی ژنان لە ئاستە بەرزەکاندا بەرچاو بن کە بەخۆشیەوە حیزب لە بوونی ژنی تێگەیشتوو و ئامادەی فیداکاریدا کەمی نیە.

خاڵە قادر هاتە دەنگ و گوتی تازە بوون بە دوو و دەرەقەتتان نایەم! دەروەستیش

هەواڵنامەی کێپ

ئامادەی پشتیوانی لە شلێرە لە هەموو بوارێکدا!

دەروەست گوتی نە خاڵە باسی دەرقەت هاتن و نەهاتن نیە، بەڵکوو ڕێگەی سبەینێمان دەبێ هەر وەک ڕابردوومان پڕشانازی بێ.

یەکێک لە گرفتەکانی حیزب بەوە دەزانم کە لە ئەمڕۆدا لەبواری گوتارەوە و لە بواری کردەوەی سیاسی و چالاکییەوە کەموکووڕیی پێوەدیارە و ئێمەی حیزبیش پێویستە ڕێگای نوێ و داهێنانمان هەبێ، با بتوانین وەڵامی ویستەکانی گەلەکەمان بدەینەوە.

کەموکووڕیەک کە لە نێو حیزبدا هەبووە پێم وایە لە بواری پەروەردەی حیزبییەوە ئەو گلەییەمان لەسەرە کە هێندێ لاوازیمان هەبووە و بۆیە گرفتە دەروون تەشکیلاتییەکان یا بە باشی مودیریەت نەکراون و یان بەرژەوەندیی هەندێ تاک، شتەکانی ئاڵۆز کردوەو لە گێژەنە دەرچووە.

لەم کاتەدا خاڵە قادر هاتە دەنگ و گوتی کورە زۆری قووڵ دەکەیەوە دەروەست! شۆخیم کرد. چایەکەم بەرێ و تا هەر کات حەزت لێ بێ پێکەوە قسە دەکەین، چوونکە حیزبی خۆمانە و ماڵی خۆمانە.

دەروەست و شلێر هاوکات گوتیان ماڵێکی ئاسوودە بۆ دوارۆژی نەتەوەیەک، بۆ بونیاتنانی نیشتمانێک!

# دیپلۆماسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەشداری لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان

## (لە پەراوێزەوە تاکوو ئەکتەرێکی جیهانی)

هەواڵنامەی کتێب

**ئورارتۆ دلشین***

### پێشەکی: دیپلۆماسی، ڕۆڵی نەتەوە بێدەوڵەتەکان لە جیهانی نایەکساندا

تێڕوانینێکی شرۆڤەکارانە لەمەڕ پێویستیی دیپلۆماسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئاستی سیاسەتی نێودەڵەتیدا، شوێن و پێگە بۆ نەتەوەیەک کە "بێدەوڵەتە" یان بەتاڵاییەکەی بە تۆمەت و مۆری "تێرۆریست" و "نەناس" پڕ دەکرێتەوە. جیهانی نوێباو (مۆدێڕن) و هاوچەرخ، سەرەڕای دانی دروشمگەلی مافی مرۆڤ، گفتوگۆی شارستانییەکان، هێشتا لەسەر بنەمای هێزی سەربازی، دەسەڵاتی فەرمی، سنووره نێودەوڵەتییەکان و ڕەواییی دیپلۆماسیی پشتبەستوو بە دەوڵەتەکان دەجووڵێتەوە و شوێن و پێگەیەک بۆ نەتەوە بێدەوڵەتەکان لە گۆڕێدا نییە. لە وەها بارودۆخێکدا نەتەوەی کورد کە خاکەکەی لەنێوان چوار دەوڵەتدا دابەش کراوە و خاوەنی هیچ دەوڵەت، کیان و دامەزراوەیەکی ناوەندی نییە، بۆ ئەوەی گوێی لێ بگیرێت و خۆی بسەلمێنێت،

سەرەڕای خەبات و شەڕ بۆ مانەوە، بەڵکوو دەبێت بە زمانی دیپلۆماسییش هاوار بکات.

نەتەوەی کورد لە ئێران، لەو گۆڕەپان و دۆخە نایەکسانەدا، پتر لە هەمووان لە پەراوێزدا بووە. بێبەری لە ڕاگەیاندن و میدیای فەرمی، قەدەغەبوونی خوێندن بە زمانی دایک، سەرکوتکراو لە ئاستی زانکۆ و شەقام، بێدەنگ و نوێنەر لە پارلمان و دامەزراوە دەوڵەتییەکان، هاوکات بووەتە قوربانیی پیلان و سیاسەتی "حاشا و ئاسیمیلاسیۆن و سڕینەوەی نەتەوەیی" حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران و نەتەوەی باڵادەست. لە وەها هەلومەرجێکدا ئەوەی کە بووەتە هۆی بەردەوامی و مانەوەی ئەم نەتەوەیە لە گۆڕەپانی سیاسیدا، جگەلە بەرگری لە گۆڕەپانی خەبات و شاخەکان، ئامادەبوونی پشوودرێژانەی ئامانجدار و هۆشیارانە بووە لە ئاستی دیپلۆماسیی جیهانیدا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەک یەکەم و لەمێژینەترین حیزبی سیاسیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی لە گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوییەوە، بە وشیارییەوە ئاگاداری گرنگیی ئەم ڕەهەندەی خەباتی سیاسی و نەتەوەیی بووە. هەر لە گفتوگۆ و دانوستان لەتەک ئەفسەرانی یەکێتیی سۆڤیەتەوە بگرە، تا وتار و ئاخاڤتنەکانی شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، ڕێبەر و سکرتێری پێشووتری ئەم حیزبە لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەڵەتییەکان، هاوکات دانی ڕاپۆرتی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ بە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و ئەندامبوون لە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان. ئەم حیزبە هەموو کات هەوڵی داوە نوێنەری دەنگی ڕاستەقینەی کوردی ئێران بێت لە ئاستی نێودەڵەتیدا.

دیپلۆماسی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان، تەنیا پرۆژەیەکی لاوەکیی هێمایی نەبووە، بەڵکوو مەتەرێز و سەنگەرێکی یەکلاکەرەوە بووە هاوشانی خەباتی مەیدانی بۆ دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی کورد بەکاری هێناوە. ئەو کاتانەی چەکەکان بێدەنگ و کپ کراون، بەندیخانەکان لە بەندیی کورد ئاخنراون و ڕاگەیاندنەکانیش لە قۆرغی ئێرانی داگیرکەردا بووە، ئەوە دیپلۆماسی بووە کە ڕۆڵی ڕزگاریدەر و گێڕەرەوەی هاواری نەتەوەی کوردی گێڕاوە.

**لە چەند دەیەی ڕابردوودا ئەم حیزبە توانیوویەتی:**

* پرسی کورد لە ئێران لە پرسێکی "ناوخۆیی"یەوە بکاتە "بابەت و کەڵکەڵەیەکی مافی مرۆڤی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا".

* هاوار و دەنگی کۆمەڵکوژییەکان، لەسێدارەدان و سەرکوتە سیاسی و فەرهەنگییەکان بگەیەنێتە گوێی ناوەند و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.

* گرنگتر لە گشت، ڕۆڵی باڵوێزی نەتەوەیەکی بێدەوڵەت، بەڵام بەتاقەت، پشوودرێژی و هۆشیاری و بوێرییەوە بگێڕێت.

ئامانجی ئەم وتارە ئەوەیە بە ڕوانینێکی شرۆڤەکارانەی هەمەلایەنە، پرسی دیپلۆماسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێنج تەوەری جیادا تاوتوێ بکات:

١- پێشینەی مێژوویی و بەستێنە سیاسییەکان.

٢- بەشداریی کارا لە دامەزراوە و ڕێکخراوەکان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

٣- گیروگرفت و ئاستەنگە سەرەکییەکان.

٤- دەستکەوت و کاریگەرییە ناوخۆیی، ناوچەیی و جیهانییەکان.

٥- داهاتووی دیپلۆماسیی حیزب و ڕۆڵی نەوەی نوێ.

٦- ئەنجامگیریی شرۆڤەکارانە و ستراتیژی لە یادی هەشتا ساڵەی دامەزرانی ئەم حیزبە کاریگەرە مێژووییەدا.

لەم بارەوە ئەم وتارە لە هەوڵی ئەوە دایە تەنیا ڕیپۆرتێر و گێڕەرەوەیەکی مێژوو نەبێت، بەڵکوو، شرۆڤەکارێکی ئەقڵانیی جۆرێک بەرگریی مەدەنی و نەتەوەییش بێت، بەرگرییەک کە نەتەنیا بە توندوتیژی بەدی نەهاتووە، بەڵکوو لە ڕێگەی گفتوگۆ، بەڵگە و دیکیۆمێنت، شرۆڤەی دۆخی واقیع و دیپلۆماسییەوە بناغەکەی داڕێژراوە.

هەواڵنامەی کێبڕ

**پێشینەی مێژوویی دیپلۆماسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

(لە پێشەوا قازی محەمەدەوە تا دکتۆر قاسملوو، لە شاخەکانەوە تا ساڵۆن و هۆڵەکانی ژێنیڤ)

دیپلۆماسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێچەوانەی تێڕوانینی باو کە پێی وایە دیپلۆماسی تەنیا کردەیەکی فەرمی و دەوڵەتییە، بەڵکوو لە ڕاستیدا ئەم پرسە لە هەناو و جەرگەی خەباتی پڕمەترسیی خەڵک و بەرگریی نەتەوەییدا قەوارە و فۆرمی گرتووە. ئەم حیزبە بەدرێژاییی نزیکەی ٨٠ ساڵ خەبات و ژیانی سیاسیی خۆیدا، نەک تەنیا ڕێکخراوێک بۆ ڕێبەری و پێشەنگایەتیی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی بووە، بەڵکوو بەردەوام هەوڵی داوە بە ئامرازە کەم و بەرتەسکان، بەلام بە ئیرادەیەکی لەبڕاننەهاتوو دەنگی خەڵکی کوردستان لە ئێران بگەیەنێتە گوێی جیهان و ناوەندە سیاسییەکان.

پێشینەی دیپلۆماسیی حیزبی دێموکرات، نەک تەنیا بە مێژوویەکی نووسراوی فەرمی، بەڵکوو بە تۆمار و هاواری بەڵێن و شەهیدبوونەکان، تۆمار و نووسراوەکان، تێرۆری ڕێبەران و وێنە ئەرشیڤییەکان تاریف دەکرێت؛ هەر ئەم تایبەتمەندییانە، ئەم حیزبەیان وا لێ کردووە کە لە بەشێک لە بیرگەی مێژوویی و نەتەوەییی کورداندا نەخشی بەستوە.

**١- یەکەم قۆناغ: کۆماری کوردستان لە مەهاباد (١٣٢٤- ١٣٢٥).**

یەکەم ئەزموونی دیپلۆماتیکی حیزبی دێموکرات بۆ کاتی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد دەگەڕێتەوە؛ کۆمارێکی کەمتەمەن، بەلام هەڵگری کاریگەریی قووڵ بە ڕێبەرایەتیی پێشەوا قازی محەممەد. لەم قۆناغەدا هەرچەند هەلومەرجی و ناوچەیی لە دژی سەقامگیربوونی ئەم حکوومەتە نوێیە بنیادە بوو، بەلام پێشەوا و هاوڕێیەکانی هەوڵیان دا لەگەڵ ئەفسەرانی یەکیەتیی سۆڤیەت، نوێنەرانی سیاسیی ناوچە و هەندێک لایەن و ڕۆژنامەنووساندا پێوەندی بگرن و پرسی کوردیان لەگەڵ باس بکەن.

لە دووتوێی پەرتووک و بیردەوەری و بەڵگەکانی تایبەتە بەو قۆناغە، لە کاتی دیدار لەگەڵ ئەفسەرانی یەکیەتیی سۆڤیەت و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگە و پاڵپشتییەکی نێودەوڵەتیدا ئاماژەیان پێ کراوە. پێشەوا قازی محەممەد تەنانەت شارەزایی لە زمانی ئینگلیزیشدا هەبوو و بەڵگەکانی تایبەت بە دامەزرانی کۆماری کوردستان بە دوو زمان بڵاو کرانەوە تاکوو پەیام و ئامانجی کۆماری کوردستان بگاتە دەرەوەی سنوورەکانیش. هەرچەند تەمەنی کۆماری کوردستان تەنیا یازدە مانگ بوو، بەڵام دیپلۆماسییە نوێیە بونیاتەکەی توانی تۆوی باوەڕێکی قووڵ بچێنێت. کورد لەوپەڕی بێدەنگی و لە ئاستی جیهانیدا بە مەرگ و لەناوچوون مەحکووم کران، لە مێژووە فەرمییەکاندا تەنیا باسی دەوڵەت و حکوومەتەکان کراوە و بە پیلان هەوڵ دراوە کورد بخرێتە دەرەوەی مێژووی نووسراوەوە.

**٢- ساڵانی دوورخرانەوە و پرشوبڵاوی (١٣٣٠- ١٣٥٧)**

(دیپلۆماسی لە چەقی پەراوێز، بێدەنگی و دوورخرانەوە و دۆخی پەنابەریدا)

هاوکات لەگەڵ لەسێدارەدانی پێشەوا و سەرکوت و ڕووخاندنی کۆمار، زۆرێک لە ئەندامان حیزبی دێموکرات بە ناچاری ڕێگەی کۆچی عێراق، باشووری کوردستان، یەکیەتیی سۆڤیەت و وڵاتانی ئورووپایی، یان ژیانی نهێنییان هەڵبژارد. گەرچی حیزب دەرەتانی فەرمی بۆ هەڵسووڕان و چالاکیی دیپلۆماسی نەبوو، بەڵام بە هیمەتی دڵسۆزان تۆڕێک لە پێوەندیی تاکەکەسی، حیزبی و هزری لەگەڵ لایەنە چەپەکانی جیهان، ڕووناکبیرانی دوورخراوە و بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی جیهانی سێیەم دامەزرا.

حیزبی دێموکرات لە وڵاتانی عێراق، سووریە، یەکیەتیی سۆڤیەت و هەندێک جاریش ئورووپا، لە ڕێگەی ڕاگەیەندراو، نامەنووسین و دیدار و چاوپێکەوتنەکانەوە توانی لە کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسییەکاندا دەنگی خۆی بە زیندوویی بهێڵێتەوە. لەم قۆناغەدا حیزب توانی لەگەڵ کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی فەرانسەوی، حیزبە

کۆمۆنیستەکانی ئوورووپا و هەندێک دامەزراوەی دژبەری ڕێژیمی پاشایەتیی ئێران پێوەندییەکی هەرچەند بەرتەسک، بەڵام پتەو و بەردەوام دامەزرێنێت. دەکرێ ئەم قۆناغە بە دەورانی "دیپلۆماسیی بەرگری لە سێبەر" ناودێر بکەین.

**٣- دەورانی زێڕینی دیپلۆماسیی حیزب**

(دەورانی دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو لە ١٣٥٨ هەتا ١٣٦٨ی هەتاوی)

هاوکات لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ و کرانەوەی دۆخی سیاسی، حیزبی دێموکرات پاش نزیکەی سێ دەیە ئاوارەیی و دوورخرانەوە، گەڕایەوە گۆڕەپانی سەرەکیی خەبات. یەکەم هۆکار کە ئەم قۆناغەی کردە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی دیپلۆماسیی حیزبی دێموکراتدا، ڕێبەراتیکردنی ڕێبەر دوکتۆر قاسملوو بوو؛ قاسملوو سیمایەکی هەڵکەوتە، دیپلۆماتێکی شارەزا بە چەند زمانی جیهانی، ئاگاداری پرس و گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکان، حزوور لە کۆڕ و کۆمەڵە ڕووناکبیرییەکانی ئوورووپا و هاوکات خاوەنی تێڕوانینێکی ستراتیژیک لە دیپلۆماسی و پێوەندیدا.

لە سەردەمی ڕێبەری دوکتۆر قاسملوودا:

* حیزبی دێموکرات بەفەرمی لە ڕاگەیاندن و میدیا ئوورووپاییەکانی وەک (Le) Monde, Der Spiegel) (BBC و چەند تۆڕی ڕاگەیاندنی ئەمریکاییدا دەرکەوت و ناسێندرا.

* لە دامەزراوەگەلێکی وەک ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆڕ و کۆبوونەوەگەلی تایبەت بە کەمینە نەتەوەییەکان و مافی مرۆڤ، گوێ لە دەنگ و ویستی کوردانی ئێران گیرا.

* د. قاسملوو لە نێوەندی زنکۆکانی فەرانسە، ئوتریش، بریتانیا و ئاڵمان کۆڕ و کۆبوونەوەی گرت و چەندین وتار و ئاخاڤتنی پێشکەش کرد و چەندین وتاری بە زمانگەلی ئینگلیزی و فەرانسەوی بڵاو کردەوە.

* گرنگتر لە گشت، توانرا وێژمانی حیزبی دیموکرات لە ڕێکخراوێکی تەواو خەباتگێڕەوە بۆ ئەکتەرێکی سیاسیی خاوەن ڕێز و پێگە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا گۆڕانی بەسەردا بێت.

* حیزب توانی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان لە عێراق و تورکیە دیدار و گفتوگۆ لە ڕاستای پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەش ڕێک بخات.

دیپلۆماسی لەم قۆناغەدا ئیتر لە سێبەر و پەراوێزدا نەبوو، بەڵکوو لە ڕیزی هەر پێشەوەی ڕەهەندەکانی خەباتەوە جێگەی بۆ کرایەوە. ڕەنگە هەر بەم هۆیە بووبێت کە د. قاسملوو دامەزرێنەر و ئەندازیاری ئەم ڕەوتە نوێیەی خەبات، لە ڤییەن و لەنێو جەرگەی دیپلۆماسیی جیهانی، لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لەسەر میزی وتووێژ تێرۆر کرا؛ چونکە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە باشی لەوە تێ گەیشتبوو کە ئیتر هاوار و دەنگی کورد تەنیا لە شاخەکانی کوردستان نابیسترێت، بەڵکوو لەنێو جەرگەی کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان و لەسەر میزی وتووێژەکان لە ئورووپا گوێی لێ دەگیرێت.

### ٤- درێژەدانی ڕێگە پاش تێرۆری دوکتۆر قاسملوو (سەردەمی ڕێبەریی دوکتۆر شەرەفکەندی و دواتر)

تێرۆری د. قاسملوو، نەک تەنیا کۆتاییی خەباتی دیپلۆماسیی حیزب نەبوو، بەڵکوو دەسپێکی قۆناغێکی ئەستەم و ئاڵۆزی خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی بوو. د. شەرەفکەندی جێگری وریا، جیددی و باوەڕمەندی ڕێبازی د. قاسملوو، هەر بە هەمان باوەڕ و ئیرادەوە درێژەی بە ڕەوتی بەرەوپێشبردنی دیپلۆماسیی حیزب دا. ئەویش سەرەنجام بووە قوربانیی تێرۆر و لە ڕێستۆرانی میکۆنۆس لە بەرلینی ئاڵمان لە ساڵی ١٩٩٢ ز. لە حاڵێکدا لە بیستەمین کۆنفرانسی ئەنێرناسیۆناڵ سۆسیالیست گەڕابووە، لەگەڵ هەڤاڵانی شەهید کرا. ئەم تێرۆرەش کە ئامانجی ئێرانی داگیرکەر کۆتاییهێنان بە دیپلۆماسیی حیزبی دیموکرات بوو، بەڵام هەڵگری پەیامێکی گرنگی سیاسی بوو؛ کە پاش چەند ساڵ بە بڕیاری مێژوویی دادگای میکۆنۆس و مەحکوومکردنی بەشێک لە ڕێبەرانی

ڕێژیم، و کشانەوەی زۆرێک لە باڵوێز و کارمەندانی دیپلۆماتیکی ئوروپا لە تاران بە نیشانەی ناڕەزایەتی، زەبرێکی گەورەی سیاسی بوو لە پەیکەری دیپلۆماسیی کۆماری ئیسلامی و پەڵەیەکی نەنگە بۆ ئەو ڕێژیمەی کە ماکەی تێرۆریزمی نێودەوڵەتییە.

ڕێژیمی ئێران لە دیپلۆماسیی حیزبی دێموکرات پتر لە چەکی دەستی پێشمەرگە دەترسێت. پاش تێرۆری ڕێبەرانی لەنێو جەرگەی ئوروپا، حیزب هەوڵی دا تاکوو هەوڵە دیپلۆماتیکەکانی لە شێواز و ڕێکاری نەریتییەوە بگۆڕێت و پێ بنێتە سەردەمێکی نوێترەوە. دەفتەر و نوێنەرایەتییەکانی حیزب لە وڵاتانی ئوروپایی پەرەیان پێ درا.

دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ و ناحکوومی پتر گەشانەوە و کەسایەتییە کوردە ئەکادیمی و خوێندەوارەکان وەک نوێنەری نوێی دیپلۆماسی هاتنە مەیدانی کارەوە.

**٥- چەند دەیەی دوایی، دیپلۆماسیی قۆناغی دیجیتاڵ، تۆڕە کۆمەڵایەتییە گشتگیرەکان.**

سەرەتای دەیەی ١٣٩٠ی هەتاوییەوە بەملا، دیپلۆماسیی حیزبی دێموکرات پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ لە کارکردنەوە. ئیتر چالاکییەکان تەنیا بە بەشداری لە کۆبوونەوە، یان کۆنفرانسەکان کورت نەکراوەتەوە، بەڵکوو لە تۆڕ و میدیا دیجیتاڵی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، پێوەندی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسە سەربەخۆکان و بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی ڕۆژنامنووسیی چەند زمانە کەڵک وەردەگیرێت.

دیپلۆماسیی ئەمڕۆی حیزبی دێموکرات:

* چەند ڕەهەندی، فەرمی و میدیایی، پشتبەستوو بە ئیرادەی خەڵک و زانستی.

* چەند زمانەی وەک: فارسی، کوردی، ئینگلیزی، فەرانسەوی و ئەڵمانییە.

*لە چەند ئاستدایە، هەر لە پارلەمانی ئوروپاوە بگرە تا ئەنجومەنە خوێندکارییەکان و پلاتفۆرمی تایبەت بە ڕاپۆرتی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ.

* گرنگتر لە گشت، هاوبەش و بەرفراوانە لەگەڵ هێز و لایەنە کوردستانییەکان لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان.

**کۆبەندی شرۆڤەکارانەی پێشینەی مێژوویی دیپلۆماسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

ناکرێت پێشینە و مێژووی دیپلۆماسیی حیزبی دێموکرات تەنیا لە چوارچێوەی "چالاکیی سیاسی" پێناسە بکەین. ئەم مێژووە، مێژووی بەرەنگاریی زمانی، ڕوحی و دەروونیی نەتەوەیەکی دەنگکپکراو بووە. لە وتووێژی پێشەوا قازی محەممەد لەگەڵ ئەفسەرانی ڕووسەوە بگرە تاکوو وتار و ئاخاڤتنەکانی د. قاسملوو لە زانکۆ ئوروپاییەکان، لە تێرۆرەکانی ڤییەن و بەرلین تاکوو حزوور و بەشداری لە پارلەمانی ئورووپا، لە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرت و بەیاننامەکانی تایبەت بە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ تاکوو ڤیدۆگەلی شیکاری لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی یووتوب و ئێکس (تویتێر)، هەموو ئەمانە دەربڕی ئەوەن کە دیپلۆماسی بۆ حیزبی دێموکرات نەک تەنیا تاکتیک، بەڵکوو ڕێگە و ئەمانجێک بووە بۆ سەلماندن و مانەوە و هیوا بە خەباتی داهاتوو بووە.

**بەشداریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان**

(لە دیپلۆماسیی تاراوگەوە بگرە تاکوو نوێنەرایەتیی سیاسیی نەتەوەی کورد)

لە پێکهاتە و نەزمی نوێی جیهانیی دەوڵەتتەوەردا، حزوور و بەشداریی حیزبێکی سیاسیی بێدەسەڵات، بێ بوودجەی فەرمی، بێ پشتیوانی لەلایەن دەوڵەتان و تەنانەت هەندێک جاریش دانەپاڵی تۆمەتگەلی وەک: "نایاسایی"، یان "جیاییخواز" لە کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان، زۆر جار نەلواو و نەکردە دێتە پێش چاو. بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەپشتبەستن بە متمانە، پێگە و ڕابردوو و مێژووی پڕ سەروەریی خۆی، پێکهاتەی تۆکمەی هزری، ، زمانی سیاسیی ڕوون و شەفاف و پشتبەستن بە پێوەندیی ڕوحی لەگەڵ نەتەوەی کورد، توانیویە بەربەستەکان لا ببات و لە دەرفەتە نێودەڵەتییەکان کەڵک وەربگرێت و خۆی بگەیەنێتە ئاستێک لە کارەکتەری سیاسیی سەروونەتەوەیی، کە لە جێی خۆیدا بێوێنەیە.

ئەم بەشداریکردنە نەک تەنیا لە ئاستێکدا وەک "بەشداریی هێمایی"، بەڵکوو بە

شێوەی بەردەوام، هۆشیارانە، کاریگەر و ستراتیژیک بووە. بەشدارییەک کە حیزبی کردووەتە یەکێک لە گرنگترین نوێنەرانی نەتەوەی کورد لە ئێران لە ئاستی جیهانیدا.

**١- ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیست، دەرگایەکی فەرمی بۆ تێکەڵبوون بە سیاسەت و ڕۆڵگێڕان وەک ئەکتەرێکی نێودەوڵەتی**

یەکێک لە سەرەتاییترین و گرنگترین کەناڵ و ڕێگە فەرمییەکانی تێکەڵبوون و دەرکەوتنی حیزبی دێموکرات لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، ئەندامیەتی وەک چاودێر لە ڕێکخراوی ئەنتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست (Socialist International) بووە، ڕێکخراوێک کە لە حیزبە سۆسیال دێموکرات، سۆسیالیست و چەپگەراکانی جیهان پێک هاتووە.

کەڵکوەرگرتن لەم بەستێنە:

* حیزبی دێموکرات توانی پرسی کورد لە ئێران وەک پرسێکی سیاسی و مافی مرۆڤی، بخاتە بەر باس و وتووێژی لەسەر بکرێت.

* لە کۆنفرانسە جیهانی و ناوچەییەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی سۆسیالیستدا بەشداریی کرد و هەڵوێست و وتاری خۆی ڕوون و ئاشکرا هێنایە گۆڕێ.

* پاش تێرۆرکردنی دوکتۆر سادق شەرەفکەندی لە ڕیستۆرانتی میکونۆس – ڕاست لە پەراوێزی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی ئەنتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست، ئەم تێرۆرە بووە هۆی ئەوەی کە ڕێژیمی ئێران بەفەرمی لە ئاستی جیهاندا مەحکووم بکرێت و هاوکات جەختکردنەوە لەسەر ڕەواییبوونی دیپلۆماسیی حیزبی دێموکرات بوو.

* پێوەندییەکی دوولایەنە لەنێوان حیزبی دێموکرات و حیزبە ئورووپاییەکانی ئەندامی ئەم ڕێکخراوە پێک هات کە بووە هۆی بەستێن و ڕێگەیەک بۆ هاوکاریی دوولایەنە لە قۆناغە جیاجیاکاندا.

**٢- لە پێوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ**

لە دەیەکانی دواییدا، حیزبی دێموکرات بە شێوەی شێلگیرانە لە بواری مافی مرۆڤدا چالاک بووە و ڕاپۆرتگەلێکی بەڵگەمەندی لەمەڕ پێشێلکاریی سیستەماتیکی مافی کوردی لە ئێران داوەتە ڕێکخراوگەلێکی وەها:

* لێبوردنی نێودەوڵەتی (Amnesty International).

*چاوەدێری مافی مرۆڤ (Human Rights Watch).

*کۆمەڵەی مافی مرۆڤی ئورووپا (FIDH).

* شۆرای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان (United Nations Human Rights Council)

* ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە (OMCT).

هەواڵنامەی کتێب

**لەم پێوەندییانەدا توانیویەتی:**

* بەڵگە و دیکیۆمێنتگەلێک لە بنەماڵەی لەسێدارەدراوەکان، ئەشکەنجەکراو و بنەماڵەی کوژراوەکان دەستی ڕێژیمی ئێران، لەلایەن نوێنرانی حیزبەوە کۆ بکرێتەوە و بە زمانە ئورووپاییەکان بخرێتە ڕوو.

* بەڵگەگەلی تایبەت بە سەرکوتی فەرهەنگی، هەڵاواردنی زمانی، بێبەشکردنی ژنان و منداڵانی کورد لە مافە ڕەواکانیان، ئامادە کراوە و بڵاو کراوەتەوە.

حیزبی دێموکرات لەگەڵ پارێزەر و یاساناسە نێودەوڵەتییەکان هاوکاریی کردووە تاکوو دۆسیەی تێرۆر و تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لەقاو بدرێن و لەم بارەوە ڕۆڵێکی یاسایی چالاکی گێڕاوە.

**٣- لەبارەی پێوەندی لەگەڵ پارلمان و دامەزراوە یاساییە ئورووپاییەکان:**

یەکێک لە گرنگترین ڕێکار و گۆڕەپانە دیپلۆماسییەکانی حیزب، پێوەندی لەگەڵ پارلمانی ئورووپاییەکان، بۆ وێنە:

* پارلمانی ئورووپا لە بڕۆکسێل
* پارلمانی بریتانیا (Parliament of the United Kingdom)
*پارلمانی ئاڵمان (Bundestag)
*پارلمانی وڵاتانی سوێد، نۆروێژ، فەرانسە و هوڵەند

لەم بوارانەشدا:

* نوێنەرانی حیزب لە کۆڕ و کۆبوونەوە تایبەتەکان لەگەڵ ئەندامانی پارلمان دیداریان هەبووە و بارودۆخی کوردستانی ئێرانیان خستووەتە ڕوو.

* لەو دانیشتنانەدا بابەتگەلێک لەبارەی مافی نەتەوە و کەمینەکان، قۆناغی تێپەڕینی سیاسی لە ئێران و سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستییانەی یەکیەتیی ئورووپا بەشدارییان کردووە.

* هەندێک لە نوێنەرانی باڵای پارلمانی ئورووپا، بەیاننامەگەلێکیان لەبارەی مافی کورد بڵاو کردووەتەوە و تێیدا داوایان کردووە گوشار بخرێتە سەر کۆماری ئیسلامی.

## ٤- بەشداری لە کۆنفرانس و سیمینار و کۆڕ و کۆمەڵە ناحکوومییەکان:

حیزبی دێموکرات نەک تەنیا لە کۆڕ و کۆبوونەوە فەرمییەکان، بەڵکوو لە سەدان دانیشتن لە ئاستی زانکۆکان، کۆڕ و سیمینارەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ، کۆنفرانسگەلی تایبەت بە دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دانیشتن و کۆڕگەلی تایبەت بە پرسی تاراوگە و دوورخراوە سیاسییەکان چالاکانە بەشداریی کردووە.

لەم کۆڕ و کۆبوونەوانەدا:

* لەلایەن نوێنەرانی حیزبی دێموکراتەوە شرۆڤە و لێکدانەوەی قووڵ و واقیعبینانە لەبارەی سیاسەت و ناوەڕۆکی ڕێژیمی ئێران، ڕۆڵی نەتەوەی کورد لە ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆنی ئێران، هاوکات شرۆڤە و شیکاریی دۆخی کوردستانی ئێران خراوەتە بەر باس.

* هەوڵ دراوە لەگەڵ ڕێکخراو و ئۆپۆزیسیۆنی ناکوردە ئێرانییەکان پێوەندی بگیردرێت.

* پێوەندی لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان وەک: باشوور، باکوور و ڕۆژاوا بنیات نراوە.

**٥- دیپلۆماسیی دیجیتاڵ و کاریگەری لەسەر بیروڕای گشتی:**

هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی تێکنۆلۆژی و پێوەندییە هاوچەرخەکان، حیزبی دێموکرات بەخێراییی خۆی لەگەڵ شێواز و ڕێکارە نوێیەکانی دیپلۆماسیی هاوچەرخ گونجاندووە، وەک:

* دامەزراندن و خستنەگەڕی لاپەڕە و پەیجگەلی چەندزمانە لە پلاتفۆرمەکانی ئێکس (تویتەر)، فەیسبووک، ئینستاگرام، یوتیوب و پەرەدان بە ماڵپەڕی فەرمیی حیزب.

* بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ و ڕاپۆرتگەلێک لەبارەی دۆخی کوردستانی ئێران بە زمانە زیندووەکانی جیهان و شرۆڤەکارانی پرسە ناوچەیی و جیهانییەکان.

* پێوەندیگرتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕۆنامەنووس و ڕیپۆرتێرە سەربەخۆ، زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمییەکان.

* کەڵکوەرگرتن لە ڕاگەیاندنە ناودار و کاریگەرە جیهانییەکانی وەک: BBC, DW, Al Jazeera, France٢٤ بۆ باسکردن و خستنەڕووی هەڵوێستی فەرمی و ئامانج و ویستە نەتەوەیییەکانی حیزب.

ئەم ئامراز و ڕێکارانە، دیپلۆماسیی حیزبیان لە قاڵبی کلاسیکی پێشووەوە گۆڕیوە بۆ فۆرمێک لە کارکردنی چالاک، بەڕۆژ و لەگەڵ ڕێکارە نوێیە دیپلۆماسییە هاوچەرخەکاندا گونجاندوویانە.

کۆبەندی شرۆڤەکارانەی بەشداریی حدکا لە کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان



کتێبی هەواڵنامە

دەبێت بەشداریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان وەک یەکێک لە سەرکەوتوو و کاریگەرترین ئەزموونگەلی دیپلۆماسیی نەتەوەگەلی بێدەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین لێک بدرێتەوە. چونە حیزبێکی سیاسی بەبێ پشتبەستن بە هیچ دەسەڵاتێکی فەرمی، بەبێ پشتیوانیی وڵاتانی ناوچەیی و لە دۆخێکی ئاوارتە و توندی ئەمنییەتی و سەرکوتدا، توانیویەتی دەنگی نەتەوەکەی لە ڤییەنەوە تاکوو ژێنێڤ، هەروەها لە برۆکسێلەوە تاکوو نیۆیۆرک بگەیەنێت. ئەم بەشداریکردن و چالاکییانە نەک تەنیا کوردیان لە قووڵاییی بێدەنگیی مێژووییدا هێنایە دەرەوە، بەڵکوو توانیویەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئاستی نێودەوڵەتیدا وەک تاوانبارێک لە هەمبەر سەرکوت و پێشێلکاریی مافی سیاسی و نەتەوەییی گەلاندا بناسێنێت.

**ئاستەنگ و لەمپەرەکانی بەردەم دیپلۆماسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

[لە تیرۆرە سیاسییەکانەوە بگرە تاکوو بەربەستە پێکهاتەیییەکان تاکوو دیپلۆماسی لەژێر ڕەهێڵەی گوللە و تۆپ و هاژەکباران]

دیپلۆماسی بۆ دەوڵەتەکان، گۆڕەپانێکی یارییە بە ئامرازەکانی دەسەڵاتی وەک: باڵوێزخانەکان، ڕاگەیاندنی نیشتمانی، بوودجەی فەرمی، مافی دەنگدان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ناوەندە فەرمییە دیپلۆماتیکەکان، بەڵام بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە تاراگە و دوور لە جوگرافیای خۆی چالاکی دەکات و هاوکات لەنێو لیستەی ڕەشی کۆمای ئیسلامیدایە، بارەگا سەرەکی و ناوەند و نوێنەرایەتییەکانی لە ئورووپا و باشووری کوردستان لە چەندین قۆناغدا کەوتوونەتە بەر هێرشی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامی و تۆپ و هاژەکباران کراوە. هاوکات بە سەدان ئەندام و لایەنگری لە باشووری کوردستان تیرۆر کراون و بە دەیانی دیکەش لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سێدارە دراون. حیزبی دێموکرات بەهۆی بوونی ڕەسالەتی مێژوویی، خەڵکیبوون و هەڵگری ویست و داوای ڕەوای کورد لە

ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەردەم ڕۆڵی نوێنەرایەتیی کوردی گێڕاوە. بوونی ڕێبەرانی شەهیدی وەک پێشەوا و د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی هێندەی دیکە پێگەی سیاسی و دیپلۆماسیی ئەم حیزبەی بەرزتر نرخاندووە. لە دەیەکانی حەفتا، هەشتا و نەوەدی زایینیدا نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە پاریس مەکۆی دیپلۆماسیی کوردستان و کورد و ڕۆڵی باڵوێزخانەی نافەرمیی کوردی لە ئورووپا گێڕاوە. ئەم ڕۆڵگێڕانە لە هێزی دیپلۆماسییانەی د. قاسملووی ڕێبەرەوە سەرچاوەی گرتووە و زۆرێک لە ڕێکخراو، حیزب و کەسایەتییە سیاسییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان لەو نوێنەرایەتییەوە ڕێگەیان بۆ پێوەندی بە ناوەندە دیپلۆماتیکەکانی ئورووپا دەکرایەوە. کەواتە دەتوانین بێژین، کاری دیپلۆماسی نەک تەنیا یارییەکە بۆ مانەوەی دەسەڵات، بەڵکوو ڕێوشوێن و شەڕێکی خامۆش و بێدەنگە بۆ مانەوە و سەلماندنی بوون کە حیزبی دێموکرات ئەوەی سەلماندووە.

لەم بەشەدا ئەو پرسە تاوتوێ دەکەین کە ئەم حیزبە چۆن توانیویە لە هەمبەر ئاستەنگە مەزنە دیپلۆماسییەکاندا بەرەنگاری بکات؟

**١- دوژمنایەتیکردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەمبەر دیپلۆماسیی حیزبی دێموکراتدا**

کۆماری ئیسلامی، نەک تەنیا لەگەڵ بزووتنەوە چەکدارییەکان، بەڵکوو لەگەڵ هەر چەشنە دیپلۆماسییەک کە لەگەڵ ئایدۆلۆژیای ئەودا نەگەنجێت، دژایەتی دەکات؛ چونکە دیپلۆماسی پەردە لەسەر دەمامک و ناوەڕۆکی سەرەکیی لا دەدات و درۆ و چەواشەکارییەکانی لێ لەقاو دەدات و دەبێتە هۆی ئەوەی سیمای لە ئاستی جیهانیدا هێندەی دیکە ڕەش ببێت و ڕەواییی ئەو ڕێژیمە لە بیروڕای گشتیی جیهانی و لە ناوەندە دیپلۆماتیکەکان ببرێتە ژێر پرسیارەوە.

لە دەیەکانی ڕابردوودا حیزبی دێموکرات لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بەرەوڕووی ئەم پرسانە بووەتەوە:

* تێرۆری ڕێبەرانی سیاسی لە ناوەندی ئورووپا (د. قاسملوو لە ڤییەن و د.

شـەرەکەندی لـە بەرلیـن).

* هەڕەشە لە نوێنەرانی حیزب لە کۆڕ و کۆبوونەوە فەرمییەکان.

*ناردنـی دەسـت و پێوەندییـە سـیخوڕی و ئیتلاعاتییەکانـی ڕێژیـم بـۆ خراپکاری، ئاژاوەنانـەوە و تیـرۆر لـە نوێنەرایەتییەکانـی حیـزب لـە ئورووپـا.

* خستنەڕێی شـەپۆلێکی فراوان و پلانـی ئامانجداری ڕاگەیاندنی، بۆ خەشدارکردنی پێگـە و ڕابـردووی حیزبـی دێموکـرات لـە ئاسـتی نێودەوڵەتیـدا (دروسـتکردنی چەندیـن فیلـم و دیکیۆمێنـت و سـیناریۆی چەواشـەکارانە بـۆ شـێواندنی سـیمای سیاسـیی حیزبـی دێموکـرات و ناوەرۆکـی بزووتنـەوەی کـورد لـە ئێـران).

* زەخـت و گوشـارهێنان بـۆ وڵاتانـی خانەخوێـی ئورووپایـی، عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان کـە نوێنەراتیـی حیزبـی دێموکراتیـان تێـدا بـووە.

ڕێژیمی ئێران، جیاواز لـە وابێژی و هەڵوێسـتە فەرمییەکـەی کە (حیزبی دێموکرات بـە حیزبێکـی هەڵوەشـاوە و دەسـت و پێوەندیـی بێگانـە لەقەڵـەم دەدات) دیپلۆماسـیی حیزبـی دێموکـرات بـە یەکێـک لـە جیددیتریـن هەڕەشـەکان بـۆ سـەر بەرژەوندییـە سـتراتیژییەکانی خـۆی دەزانێـت، چونکـە حیزبـی دێموکـرات لـە دۆخـی ئاوارتـە و لـە دڵـی تاراوگـەدا توانیویـە، دەنگـی نەتەوەیەکـی مافپێشـێلکراوی ژێـر دەسـتی ئـەو ڕێژیمـە بەفەرمـی بگەیەنێتـە گوێـی جیهـان.

**٢- دژواری و ئاسـتەنگە بنەڕەتییـەکان، نەبوونـی کیـان و دەوڵـەت، باڵوێزخانـە و پشـتیوانیی فەرمـی**

پێچەوانەی دەوڵەتان حیزبی دێموکرات لەم ئامرازانە بێبەشە:

* باڵوێزخانەی نیە.

* ئەگەر و شانسی ئەندامیەتی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی نیە.

* وەک ڕێکخـراو و دامەزراوەیەکـی فەرمیـی سیاسـی، لەلایـەن وڵاتانـەوە بەفەرمـی ناناسـێنرێت.

* بوودجەی فەرمی و دیاریکراوی بۆ چالاکییە دیپلۆماسی و نێودەوڵەتییەکان نیە.
* لە بوونی ڕاگەیاندنی نیشتمانیی پشتبەستوو بە دەوڵەتەکان بێبەشە.

ئەم کەموکوڕییانە بوونەتە هۆی ئەوەی کە، حیزبی دێموکرات بۆ هەر پێوەندییەک ناچار بێت لە پێوەندییە کەسییەکان، بارودۆخی جێکەوتووی دامەزراوەیی و ئەو پێگە و متمانەیەی کە بەهۆی خەبات و ڕابردووی سیاسییەوە بەدەستی هێناوە، کەڵک وەربگرێت.

وەها هەلومەرجێک، ڕێگەیەکی ئەستەم و پڕئاستەنگ لە بەردەم دیپلۆماسیدا ساز دەکات، کات و زەمەن بەفیڕۆ دەڕوات و هەزینە و تێچووی کەسی بۆ چالاکاکی سیاسی لە ئورووپا بەدی دێنێت.

**٣- کێشە و ململانێی نێوان ئۆپۆزیسیۆن، بە تەنیا مانەوە لە گۆڕەپانی دیپلۆماسی**

یەکێکی تر لە ئاستەنگە گەورەکانی بەردەم حیزبی دێموکرات، تاکدەنگیبوونیەتی لە ئاستی دیپلۆماسیی ئێراندا.

هەندێک لە هێز و ڕێکخراوە نافارسەکانی ناو ئۆپۆزیسیۆنی ئێران، ئێستەش بە تێڕانینێکی ناتێگەیشتوو و شک و گومانەوە لە پرسی نەتەوەی کورد لە ئێران دەڕوانن، یان تەنانەت بە لاوەکی و پشتگوێی دەخەن.

لە دانیشتنە نێودەوڵەتییەکاندا، هەندێک جار پێش هاتووە کە هێزە لیبراڵ، یان سەڵتەنەتخوازە ئێرانییەکان، حزوور و بەشداریی حیزبی دێموکراتیان لە دانیشتنەکان پشتگوێ خستووە، یان بەئەنقەست هەوڵی لاوازکردنیان داوە. ویژمانی نەتەوەتەوەریی حیزبی دێموکرات، کە جەخت لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووس، فیدراڵیزم، یان تەنانەت سەربەخۆیی لە داهاتووی سیاسیی ئێراندا دەکاتەوە، لەگەڵ هەڵگرانی ئەندێشەی ناوەندگەرای ئێرانی، بەشێکی زۆر لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا ناتەبایە و پێیان قەبووڵ ناکرێت.

ئەم دژوازی و پێکناکۆکییە لە حاڵێکدا دەبوو زەمینەیەک بۆ گفتوگۆ و جۆراوجۆری

و پلۆرالیزمی سیاسی بێت، هەندێک جار بووەتە هۆی پەراوێزخرانی دیپلۆماتیکی حیزبی دێموکرات، حیزبێک کە زۆرتر لەگەڵ ڕێکخراو و ناوەندە جیهانییەکان پێوەندیی هەبووە تاکوو ڕێکخراو و حیزبە سیاسییە فارس‌زمانەکانی ئێران.

**٤- کێبڕکێ و ناکۆکیی نێوان حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان**

پرسێک کە ناکرێت حاشای لێ بکرێت، کێبڕکێیەکان و هەندێک جار ناکۆکیی ناوخۆی حیزبە کوردستانییە سیاسییەکانی نیشتەجێی تاراوگەیە. هەندێک جار نەبوونی یەکدەنگی و یەکگرتوویی نێوان پارتە کوردسیتانییەکان، بووەتە هۆی ئەوەی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان تووشی سەرلێشواوی ببن، چونکە زۆر جار پەیام و وێژمانی دژوازیان لەلایەن حیزبە کوردستانییەکانەوە گوێ لێ بووە.

هەندێک لەو گرفت و ناکۆکییانە بریتی بوون لە:

* ناکۆکیی ستراتیژی لەبارەی پرسەکانی فیدراڵیزم (VS)یان سەربەخۆیی.

* کێبڕکێ لەمەڕ نوێنەرایەتیی سیاسی لە دەرەوەی وڵات و ئەنتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست.

تێڕوانینی جیاواز و دژ بە یەک بۆ پرسی کوردستان و پێوەندی و هەڵکردن لەگەڵ وڵاتانی ناوچە، بووەتە هۆی ئەوەی کە هەوڵە دیپلۆماتیکەکانی حیزبی دێموکرات، نەرمینوێنیی حیزبە کوردستانییەکانی دیکەی لێ بکەوێتەوە.

**٥- پشتگوێخستنی ڕاگەیاندنە گەورە جیهانییەکان**

ڕاگەیاندنە مەزن و کاریگەرەکانی شەپۆلی سەرەکیی جیهان (mainstream me-dia) بە تێڕوانینێکی دەوڵەتتەوەر و ژێئۆپۆلیتیکەوە لە پرسەکانی ناوچە دەڕوانن، لە ئەنجامدا:

*کەمتر پەرژاونەتە سەر دۆخی نەتەوە بێدەوڵەتەکانی وەکوو کورد لە ئێران.

*کەمتر بابەتی تێرۆر و سەرکوتی نەتەوە بێدەوڵەتەکانیان ڕووماڵ کردووە.

* بەدەگمەن ئامادە بوون تریبوون بخەنە بەردەستی حیزبی دێموکرات، مەگەر لە کاتی هەندێک قەیرانی قووڵدا نەبێت.
* دامەزراوە ڕۆژاواییەکان کە لەژێر کاریگەریی بەرژەوەندیی ئابوورییەکاندان، هەندێک جار بەئاشکرا لە پشتیوانیی دیپلۆماسیی حیزبی دێموکرات خۆیان بواردووە.

**ئەنجام و کۆبەندی ئاستەنگ و لەمپەرەکانی بەردەم دیپلۆماسیی حدکا**

دیپلۆماسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێچەوانەی دیپلۆماسیی فەرمیی دەوڵەتەکان، لەسەر بنەمای دەسەڵات و کیانی سیاسی بنیات نەنراوە، بەڵکوو لەسەر بنەمای جەوهەری هەقیقەت و واقیعی کۆمەڵگەی خۆی، بەرەنگاری و سەبر بنیات نراوە.

ئەم دیپلۆماسییە، لە ماوەی چەندین دەیەدا ڕووبەڕووی چەندین بەربەست بووەتەوە:

لە تیرۆری ڕێبەرانەوە بگرە تاکوو سانسۆر و پەراویزخران لە ڕاگەیاندنەکان، هەروەها بێمتمانەیی حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکە و زەخت و گوشارە ناوچەییەکانیش بەشێکی ئەم بەربەستانە بووە، بەڵام هەر ئەم ئاستەنگانە بە چەشنێک متمانە و پێگەی دیپلۆماسیی حیزبی دێموکراتیان بەرزتر کردووەتەوە.

کاتێک حیزبێک لە وەها دۆخێکی ئەستەمدا، بەڵام هێشتا لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان بەشدارە و گوێی لێ دەگیرێت و کاریگەری دادەنێت، ئەوە دەردەخات کە دیپلۆماسییەکەی لەسەر بناغەیەکی پتەو بنیات نراوە کە قووڵ و گەوهەری و ڕیشەدارە، ڕیشەگەلێک کە قووڵاییەکەیان بە بارستایی ژانی مێژوویی نەتەوەیەکە کە هیوای بە ڕزگاری و داهاتوویەکی گەش هەیە.

هەواڵنامەی کتێب

**کاریگەری و دەسکەوتە ستراتیژییەکانی دیپلۆماسیی حیزبی دێموکرات**

[لە هیوای کۆمەڵایەتییەوە تاکوو متمانەی سیاسی، شەبەنگ و ڕەنگدانەوەی دیپلۆماسییەکی نەتەوەییە]

١- کاریگەریی دەروونی لەنێو کۆمەڵگەی کوردستانی ئێران

یەکێک لە گرنگترین بەرهەمەکانی دیپلۆماسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەستکردن بە بینران و هیواداربوون بە گوێلێگیران لەنێو خەڵکێکە کە بەدرێژاییی مێژوو لە ئێران لە پەراوێزدا بوون؛ بۆیە ئەم دیپلۆماسییەی حیزبی دێموکرات بووەتە هۆی ئەوەی کە:

* خەڵک لەوە تێ بگەن کە ڕەنج و ئازارەکانیان، هەڵاواردن و ئەو سەرکوتانەی کە چەشتوویانە و بەسەریاندا هاتووە، نەک تەنیا لە ئێران، بەڵکوو لە ئاستی جیهانیشدا دەنگ دەداتەوە.

* متمانەبەخۆبوونی نەتەوەیی لە هزری نەوەی نوێی کوردستاندا گەشە داوە، شانازی بە ناسنامەی سیاسی - فەرهەنگی لەنێویاندا باڵای کردووە.

* فێریانی کردووە کە خەبات و تێکۆشان تەنیا لە شاخ و چیاکان نییە، بەڵکوو لەسەر میزی وتووێژ، لە ئاستی ڕاگەیاندن و لە پشت تریبوونە نێودەوڵەتییەکان و باسکردنە لە مافە نەتەوەیی و سیاسییەکان.

* بووەتە هۆی ئەوەی لە کاتی پرس و ڕووداوە جیهانییەکاندا هەست بکەن نوێنەرگەلێکیان هەیە لە زمانی ئەوانەوە خەم و ئازار و ویستەکانیان دەگەیەنێتە گوێی جیهان.

لە ئاکامدا دیپلۆماسیی حیزبی دێموکرات، ڕۆڵ و دەوری سەرەکی لە پاراستنی هۆشیاریی نەتەوەیی و بەردەوامیی خەباتی ڕزگاریخوازی لەنێو کۆمەڵگەی کوردستاندا جێگیر کردووە.

### ٢- کاریگەریی ناوچەیی: پێوەندی و گرێدانی هەستی نەتەوەیی لە ئاستی هەرچوار بەشی کوردستان

چالاکیی دیپلۆماسیی حیزبی دیموکرات نەک تەنیا بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو بۆ هەموو جوگرافیای کوردستان کاریگەریی ئەرێنیی هەبووە، چونکە بووەتە هۆی ئەوەی کە:

*بووەتە هۆی ئەوەی کە، هاودەنگی و یەکگرتوویییەکی نەتەوەیی لەنێو حیزبە کوردستانییەکان لە ڕۆژاوا (سووریە) باشوور (عێراق) و باکوور (تورکیە)دا ساز ببێت.

* لە کۆڕ و کۆبوونەوە ناوچەیییەکاندا ڕۆڵی نێوبژیوانی گێڕاوە و پردێکی پێوەندیی لەنێوان ڕوانگە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردستاندا ساز کردوە.

* لە قۆناغە هەستیار و قەیراناوییەکانی وەک "هێرشەکانی تورکیە بۆ سەر ڕۆژاوا، یان هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژی باشوور"، هەوڵی داوە هەڵوێستی هاوبەشی کوردستانی بەهێزتر بکات.

هەوڵی داوە لەبارەی پرسی کوردستانەوە پەیامێکی گرنگ و ڕوون بگەیەنێتە دەسەڵاتە ناوچەیییەکان و ئەوەی سەلماندووە کە نەتەوەی کورد تەنیا لە بواری جوگرافیاییەوە دابەش کراوە، بەڵکوو لە هزر و بیرکردنەوە و ئاکامدا هەر یەکن.

ئەم جۆرە ڕەفتار و پێوەندییانەی حیزبی دیموکرات بووەتە هۆی ئەوەی کە کوردی ڕۆژهەڵات لەنێو پێکهاتەی کورد لە ناوچەکەدا بەتەنیا نەمێننەوە و لە هاوکێشە سیاسییە گەورەکانی تریشدا پێگەیەکی متمانەپێکراویان هەبێت.

### ٣- کاریگەریی نێودەوڵەتی، چەسپاندن و هێنانەبەرباسی دۆزی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوەندە جیهانییەکان

دیپلۆماسیی حیزبی دیموکرات، لە ڕێگەی بەشداریی کارا و بەردەوام لە کۆڕ و کۆبوونەوە و ناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا بووەتە هۆی ئەوەی کە:

* پرسی کورد لە ئێران لە "پرسێکی ناوخۆیی"یەوە ببێتە پرسێکی مافی مرۆڤی

لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.

* لە دووتوێی ڕاپۆرتە فەرمییە جیهانییەکانی وەک "لێبوردنی نێودەوڵەتی، چاوەدێری مافەکانی مرۆڤ و کۆمیتەی سێیەمی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان"دا بە شێوەی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ شوێنپەنجەی دیار بووە و ڕۆڵی هەبێت.

* ڕۆڵگێڕان لە گۆڕینی ئەندێشەی شرۆڤەکارانەی جیهانی لەبارەی بارودۆخ و دۆزی کوردستان، لە پرسێکی ئیتنیکییەوە بۆ نەتەوەیەکی خاوەن مافی دیاریکردنی چارەنووس.

* حزوور و بەشداریی چالاکان و ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە ڕاگەیاندنە جیهانی و کۆفنرانسە نێودەوڵەتی و دانیشتنە پسپۆڕانەکان، بووەتە هۆی ئەوەی کە دەنگی سیاسیی نەتەوەی کورد، زمانی ستراتیژیک و لۆژیکی دێموکراتیک و گێڕانەوەی قوربانیبوونی نەتەوەی کورد هاوکات پێکەوە باس بکرێن.

**٤- کاریگەری لەسەر ئۆپوزیسیۆنی ئێرانی: سازکردنی کەلێن یان هێنانەبەرباسی دۆزی کوردستان؟**

یەکێک لە کاریگەرییە گرنگەکانی دیپلۆماسیی حیزبی دێموکرات، کاردانەوەیە لەنێو دڵی ئۆپوزیسیۆنی ئێرانیدا. حیزبی دێموکرات بە گرتنەبەری هەڵوێستێکی ڕوون و دیاریکراو لەبارەی فیدراڵیزم، مافی نەتەوەیی و دیاریکردنی مافی چارەنووس، سەلماندوویە کە، ناکرێت داهاتوویەک بۆ ئێران دەستنیشان بکرێت بەبێ ئەوەی کە دەنگ و پێگەی نەتەوە نافارسەکان لە بەرچاو نەگیرێت.

**لە ئەنجامدا:**

* بەشێک لە ئۆپوزیسیۆن کە فرچکیان بە ناوەندگەرایی گرتووە، تووشی ئاستەنگی لێکدانەوە و شرۆڤە بوون.

* بەشێکی دیکەیان هەوڵیان داوە لەگەڵ حیزبی دێموکراتدا پێوەندییەکی بنیاتنەرانەیان هەبێت.

* هەندێک ڕەوت و ڕێکخراوی دیکەش بە تێڕوانینی چەندنەتەوەیی سەریان هەڵدا کە ڕێگەی دیالۆگی نوێیان گرتووەتە بەر.

* دیپلۆماسیی حیزبی دێموکرات، ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیی ناچار کرد کە وەڵامی پرسیارەپێوەندیدارەکان بە پرسی نەتەوەیی بداتەوە، دانان بە کەتوار (واقعیت)ی فرەزمانی، فرەفەرهەنگی و فرەنەتەوەیی و ئەم پرسانە لە وێژمان و وتووێژی داهاتوودا بهێرێنە بەر باس.

**٥- کاریگەری لەسەر داهاتووی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

لە ئاکامدا ڕەوتی دیپلۆماسیی حیزبی دێموکرات توانیویەتی، بناغەگەلێک بۆ داهاتووی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابمەزرێنێت:

*وێنایەکی ڕەوای نێودەوڵەتیی لەبارەی نەتەوەی کورد و دۆزەکەی خستووەتە ڕوو.

*وێژمانێکی سیاسیی ڕوونی لەسەر بنەمای ئاشتی، یەکسانی، فیدراڵیزم، یان مافی دیاریکردنی چارەنووس پێناسە کردووە.

* نەوەیەک لە چالاکانی بواری دیپلۆماسی، ڕۆژنامەنووسی، شرۆڤەکار و ئاخێوەری بار هێناوە کە دەتوانن لە داهاتووی دوای کۆماری ئیسلامیدا دەوری کارا بگێڕن.

* لە لای ڕێکخراو و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان ئەو پێشگریمانەیەی چەسپاندووە کە، ئەگەر بێت و بارودۆخی ئێران بچێتە قۆناغی گوزارەوە، دەبێت دەنگ و پێگەی نەتەوەی کورد لە بەرچاو بگیرێت و لە نەخشەی سیاسی و پێکهاتەی داهاتووی دەسەڵاتدا ڕۆڵی کارای هەبێت.

**ئەنجام و کۆبەندی کاریگەری و دەسکەوتە ستراتیژییەکانی دیپلۆماسیی حدکا**

دیپلۆماسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، تەنیا بەشداری لە کۆنفرانس و ئاخاڤتنەکان نییە، بەڵکوو پرۆژەیەکە بۆ سەلماندنی ناسنامەی سیاسی و نەتەوەییی نەتەوەیەک، بنیاتنانەوەی پێوەندییەکی نەتەوەییی فەرامۆشکراو، ڕەخساندنی هەل بۆ وێنایەکی داهاتووتەوەر بۆ نەوەیەک کە ژیانی داهاتووی بە گرێدان بە جیهانەوە

دەبینێت، نەک تەنیا پشتبەستن بە شاخ و کوێستان.

ئەم ڕەوتە لە دیپلۆماسی توانیویەتی:

* متمانەبەخۆبوون لای خەڵک بنیات بنێت.

* ناوچەکەی ناچار کردووە سەرنج بخەنە سەر یەکگرتوویی ماڵی کورد.

* هەلێکی وای ڕەخساندووە کۆمەڵگەی جیهانی گوێی لێ بگرن.

* ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیی ناوەندگەرای ناچار بە بیرکردنەوە و پێناسەکردنەوەی پرسە نەتەوەییە چارەنووسسازەکان کردووە.

* داهاتووی جۆرێک پێناسە و وێنا کردووە کە بەبێ دیالۆگ و وتوویژ لەگەڵ نەتەوەی کورد و گوێلێگرتنی، دەسەڵات بێواتا دەبێت.

**ئەنجامی گشتی و کۆبەندی وتار**

دیپلۆماسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران: دەنگی زیندوو و ڕەسەنی نەتەوەیەکی کۆڵنەدەر و ئازادیخوازە.

سەلماندوویە کە دیپلۆماسی بۆ ئەو نەتەوانەی کە ئاڵای فەرمی و پاسپۆرتی نێودەوڵەتییان نییە و لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان کورسی و شوێنێکیان نییە، تەنیا ئامراز نییە، بەڵکوو ئامانجێکی گرنگە. بۆ نەتەوەی کورد لە ئێران کە چەند سەدەیە لەنێو شاڵای سەرکوت، کوشتار، حاشاکردن، هەڵاوارن و سڕینەوە و پەراوێزخرانی سیستەماتیکی حکوومەتە ناوەندگەراکاندا ژیاوە، دیپلۆماسی تەنیا بەشداری لە ساڵۆنی کۆنفرانسەکان نییە، بەڵکوو شەڕێکی نوێباو (مۆدێڕن) و سەبر و تاقەتێکە بۆ تێرامان لە بوون و هەرمانی نەتەوەیەک کە گوێی لێ بگیرێت هەتا لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی شێوێنراو بنووسێتەوە.

لە چەند دەیەی ڕابردوودا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەم شەڕە دیپلۆماسییەی درێژە پێ داوە، سەرەڕاوی ئەوەی کە، لەنێو قووڵایی و بێدەنگیی تاراوگە و دوورخرانەوەدا بووە، هەموو کات سێبەری هەڕەشە و تیرۆری لەسەر

بووە، بەڵام کۆڵی نەداوە و هەوڵی سەلماندنی هەقیقەتی کوردی لە ڕۆژهەڵات داوە.

لەوپەڕی نەبوونی پشتیوانیی فەرمیی جیهانی، ئەم حیزبە لەنێو دڵی ئورووپادا نوێنەرایەتییەکانی ڕۆڵی "وەزارەتی دەرەوەی نەتەوەی کورد"ی گێڕاوە. حیزبی دێموکرات لە دەورانێکدا خەبات بۆ ڕزگاری کردووە کە نەتەوەکەی هێشتا بێدەوڵەتە، بەڵام ئەم بووەتە دەنگی کپکراوی. دەنگێک کەلە کوێستانەوە سەرچاوە دەگرێت و تاکوو ساڵۆنە دیپلۆماسییەکانی ژێنێڤ ڕۆچووە. ئەم هاوار و دەنگە بە خوێنی د. قاسملوو لەسەر میزی دانوستان، تاکوو بەیاننامەی ئەنێرناسیۆناڵ سۆسیالیست، لە تەرمی د. شەرەفکەندی لە بەرلین تاکوو چالاکیی ئەو گەنجانەی ئێستە لە ئورووپا ڕاپۆرتی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ دەنووسن، ئەمە بەڵگەی هەرمان و زیندوومانەوەی نەتەوەکەمانە.

حیزبی دێموکرات باوەڕی قووڵی بەوە هەیە دیپلۆماسی گەوهەر و بناغەی سەرەکیی بزووتنەوەی نەتەوە ئازادیخوازەکانە، بۆیە لەم پێناوەدا خوێن و قوربانیی بۆ داوە، ئەمە ڕازی هەرمانیەتی. ئەمڕۆ هیچ بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازیی نوێباو، بەبێ گرتنەبەری ڕێکارە هاوچەرخەکانی دیپلۆماسی ناتوانێت درێژە بە ژیانی سیاسیی خۆی بدات؛ چونکە دیپلۆماسی ڕەوتی درێژکراوەی خەبات و تێکۆشانە، نەک جێگرەوەی.

ئەگەر پێشمەرگە لە شاخ خۆڕاگری دەکات، دیپلۆماتکار لەنێو ڕاگەیاندن و لەسەر میزی دانوستان و گفتوگۆ درێژە بەم خەباتە دەدات. ئەگەر شەهید بە گیانفیدایی و بە خوێنی خۆی پیرۆزی بە خاک دەبەخشێت، نوێنەری دیپلۆماسییش دەتوانێت ببێتە زمانی گێڕانەوەی ئەو ئازار و ڕەنجە و هاواری پێ بکات. حیزبی دێموکرات ئەگەرچی قوربانیی قورسی داوە، لە تاراوگەیە و دەنگ و ڕەنگی سانسۆر دەکرێت، بەڵام نەیهێشتووە زمانی ببەستن و بووەتە هاواری نەتەوە و لە ئاستی جیهاندا گوێی لێ دەگرن. ئەمە بەو واتایەیە کە دیپلۆماسی نە فێڵە، بەڵکوو پابەندبوون و باوەڕە بە ڕێباز، نەک تەنیا ڕێوشوێنێکی تاکتیکی نییە، بەڵکوو باوەڕ و ئیمانێکی قووڵی ستراتیژییە.

## پێگەی تایبەتیی دیپلۆماسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ئەمڕۆ کاتێک لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان باس لە زوڵمی نەتەوە و کەمینە نەتەوەیییەکانی بندەستی ئێران دێتە گۆڕێ، دەنگ و هاواری حیزبی دێموکراتت گوێ لێ دەبێت. کاتێک لە پارلەمانی ئورووپا بەیاننامەیەک بۆ پشتیوانیی نەتەوەی کورد بڵاو دەکرێتەوە، کاریگەری و جێپەنجەی دیپلۆماسیی حیزبی دێموکراتی پێوە دیارە.

کاتێک ڕۆژنامەنووسە ناودارەکانی جیهان لەبارەی هەڵاواردن و ستەمی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچە کوردنشینەکانی خۆراسان دەنووسن و کاسپییەن (لە باکووری ئێران)، پشت بەو بەڵگە و دیکیۆمێنتانە دەبەستن کە حیزبی دێموکرات ئامادەی کردووە؛ لە جیهانێکدا کە بۆ دەنگی کوردانی ڕۆژهەڵات کەمتر تریبوونێک لە ئارادایە، حیزبی دێموکرات نەک تەنیا هەلی ڕەخساندووە، بەڵکوو خۆی بووەتە بڵیندگۆیەکی متمانەپێکراو.

## ئاستەنگ و بەرەنگارییەکان لە بەردەم ڕێگەی دیپلۆماسیدا

ڕێگای چالاکیی دیپلۆماسی هیچ کاتێک بێ لەمپەر نەبووە، حیزبی دێموکرات هەموو کات بەرەوڕووی دیورگەلی دژوار و ئاستەنگی مەزن بووەتەوە.

* تێرۆری ڕێبەرانی لەنێو جەرگەی ئورووپا.
* حاشاکردن و مەترسی و هەڕەشە لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە.
* بوونی ناکۆکی و کێبڕکێ لەنێو بزووتنەوە کوردستانییەکان.
* بێدەنگیی ڕاگەیاندنە جیهانییەکان.
* کەمتەرخی و پەراوێزخران لەلایەن ئۆپوزیسیۆنی ناوەندگەرای ئێرانییەوە.
* سەرەڕای ئەو بەربەستانە حیزبی دێموکرات نەک تەنیا نەوەستا، پاشەکشەی نەکرد و ماندوویینەناسانە بەرەوپێشەوە چوو.
* لە لووتکەی زەخت و گوشارەکاندا، دەرگای دیپلۆماسیی گاڵە نەداوە. ئەم پرسە لە سیاسەتی ئەمڕۆدا هیچی لە پەرجوویەکی بەرەنگاری کەمتر نییە. کەواتە ڕوانین بۆ هەنگاوی داهاتوو و درێژەدان بە دیپلۆماسی، ئامانج و خەونی نەتەوەی ئێمەیە.

ئێستا لە بەرەبەری یادی هەشتا ساڵەی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا کاتی ئەوەیە کە:

* نەوەی نوێی نەتەوەی کورد، دیپلۆماسی وەک بەشێکی ئاسایی و دانەبڕاوەی خەبات و ناسنامەی نەتەوەییی خۆیان بناسێنن.

* دەبێت بلیمەت و ئیلیتەکانی کورد و پسپۆڕە لاوەکان، بە زمانە زیندووکانی جیهان، لە دامەزراوە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان شەڕ بۆ مافی نەتەوەکەیان بکەن.

* ڕاگەیاندنکارانی حیزب، پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان، وەک ئامرازێکی دیپلۆماسیی گشتی بەکار بهێنن.

* ئامانجی حیزبی دێموکرات لەسەر بنامەی دیپلۆماسیی نوێباو بە کەرستە و ئامارازی مۆدێرن دابڕێژنەوە تاکوو دەگەینە ئامانج.

* دیپلۆماسیی حیزبی دێموکرات، ئەگەر لەگەڵ نەوەی نوێ و ئەندێشەی نوێدا لێک گرێ بدرێت، نەک تەنیا درێژەی دەبێت، بەڵکوو گەشە و باڵاش دەکات، چونکە هەموو نیشانەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەمڕۆ ئیتر حیزبی دێموکرات تەنیا نییە و نەتەوەیەکی هۆشیاری ناسنامەخوازی لەپشتە.

لە کۆتاییدا پیرۆزباییەک لە هەناوی ئەم وتارەوە نەک لە پەراوێزەوە، لە کۆتاییدا و لە یادی هەشتا ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، پیرۆزبایی و سڵاو بۆ حیزبێک دەنێرین کە بەبێ بوونی ئەو، دەنگی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە جیهاندا بەم جۆرە گوێی لێ نەدەگیرا.

سڵاو و درووود بۆ حیزبێک کە لە هەموو دەیەکانی ژیانی سیاسییدا هەم مەشقی خەباتی کرد و هەم لەلایەن ڕێبەرانییەوە وانەی دیپلۆماسیی وتەوە. هەم "هەرمان" ماوەتەوە و پشتی بە دەوڵەتیش نەبەستووە، بەڵکوو لەژێر هەیمەنی ڕابردووی خۆی و ئیمان و باوەڕ بە پشتیوانیی خەڵک. پیرۆزبایی لە حیزبێک کە ڕێگەی دیپلۆماسیی بە خوێن ساز کردووە، نەک بە گرێبەست و دانوستان و درووود و سڵاو لە نەتەوەی کورد کە هاواری خۆی بە زمانی جیهانی دێنێتە گۆڕێ.

***

**وەرگێڕان لە فارسییەوە: شەریف فەلاح**

# حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پێگەی لە مێژووی بزووتنەوەی سیاسیی کورددا

ڕەحیم نزهتزادە

**ئاماژە:**

لە دەیەکانی یەکەمی سەرەتای سەدەی بیستەمدا، لەگەڵ هەڵوەشانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و قاجار، گەلی کورد بە شێوەیەکی نەخوازراو لە چوارچێوەی سنووری دەستکردی نوێدا دابەش بوو. هەر پارچەیەکی کوردستان، کەوتە ژێر دەسەڵاتی وڵاتێکی جیاواز و چارەنووسی سیاسیی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەت_نەتەوە ناسیۆنالیستییە نوێیەکانەوە دیاری کرا. لەم برگە مێژووییەدا ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لەڕووی جوغرافی و سیاسییەوە بندەستی دەسەڵاتی ناوەندگەرای ئێران بوو، دامەزرانی یەکێک لە چالاکترین و پێشکەوتنخوازترین بزووتنەوە ڕێکخراوەکانی، بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی ئەزموون کرد: دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٣٢٤ی خۆریدا. حیزبێک کە هەر لە سەرەتاوە بووە ئاڵاهەڵگری، خەباتی سیاسی و چەکداری گەلی کورد لە ئێران و لە ماوەی هەشت دەیەی ڕابردوودا، بە گرینگترین هێزی سیاسی و هێمای خواستی گەلی کورد بۆ مافی چارەنوس لە ئێران ناسراوە.

## پێکهێنانی حیزب و کۆماری کوردستان

لە کەشوهەوای دوای داگیرکردنی ئێران لە جەنگی جیهانیی دووەم و لاوازیی حکوومەتی ناوەندیدا، هەلومەرجێک بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوە نەتەوەییەکان لە ناوچە پەراوێزخراوەکان ئافرابوو. لە هەڵومەرجێکی وەهادا، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٤٥ زایینی لە شاری مەهاباد، بە ڕێبەرایەتیی پێشەوا قازی محەممەد پێک هات. چەند مانگ دواتر بە کەلکوەرگرتن لە کەشوهەوای تایبەتیی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، کۆماری مەهاباد لە ٢ی ڕێبەندان، چەند مانگێک دوای دامەزراندنی حیزب، لەسەر دەستی پێشەوا و حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە هەمان ساڵدا ڕاگەیەندرا.

ئەگەرچی کۆماری کوردستان تەنیا ١١ مانگی خایاند، بەڵام لەم ماویە کورتەشدا دەستکەوتی زۆر گرنگی بۆ کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و زێدەڕۆییش نیە ئەگەر بڵێین بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستانیش بە دەست هێنا و بۆ کورد وەک میرات بەجێ ما. لەوانە: برەودان بە زمانی کوردی، پێکهێنانی یەکەمین ڕێکخراوەکانی لاوان و ژنان، دامەزراندنی ڕۆژنامەی کوردستان، دروستکردنی سیستمی پەروەردەی کوردی، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و دامەزراندنی سوپای میللی و پێکهاتەکانی حکوومەتی خۆبەڕیوەبەر.

## سەرکوتکردنی کۆمار و دەستپێکی خولێکی نوێی خەبات

دوای ڕێککەوتنی حکوومەتی ئێران و یەکیەتیی سۆڤیەت و کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئازەربایجان و کوردستان، حکوومەتی ئێران لەو کاتەدا بە هێرشێکی سەربازی بۆ سەر مەهاباد، کۆماری کوردستانی ڕووخاند. لە ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی (٣١ی ئاداری ١٩٤٧ی زایینی) قازی محەمەد و سەدری قازی و سەیفی قازی، برا و برازا و دوو کاربەدەستی دیکەی کۆمار بە فەرمانی ڕێژیمی پەهلەوی لە تاران لە مەیدانی چوارچرا لە سێدارە دران، ئەوەش بوو بە قۆناغێکی

نوێی سەرکوت و زەبروزەنگ کە بوونە هۆکار بۆوەی کادر و لاوانی دێموکرات دەست بە خۆ ڕێکخستنەوەی نهێنی بکەن. حیزبی دێموکرات هەر لە ساڵانی یەکەمی دوای ڕووخانی کۆمارەوە بە کەڵک وەرگرتن لە میکانیزمێکی نهێنی و پەیوەندی لەگەڵ خەڵک، درێژەی بە خەباتی خۆی دا و لە دەیەکانی دواتردا و بە تایبەت لە قۆناغی دوای شۆڕشی ٧٩دا ڕۆڵی هەرە سەرەکیی لە پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستاندا بینی.

## حیزبی دێموکرات و کۆماری ئیسلامیی ئێران

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧ لە ئێران، هیوای زۆرێک لە هێزە سیاسی، نەتەوەیی و مەدەنییەکان ئەوە بوو، کە حکوومەتی نوێ فەزای کراوەتر و جەماوەریتر بۆ بەشداریکردن لە چارەنووسی سیاسیی وڵاتدا بڕەخسێنێ و مافی جۆراوجۆرییەکانی وات دابین و دەستەبەر بکات. بەڵام بۆ زۆرێک لە بزووتنەوەکان، لەوانەش حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەو هیوایە هەر زوو جێگەی خۆی بە سەرکوت و نەهێشتن و پێکدادانی سەربازی دا. حیزبی دێموکرات کە ڕەگ و ڕیشەی قووڵی لە خەباتی گەلی کورد، بۆ ئازادی، دادپەروەری و مافی چارەی خۆنوسین هەیە، لە ڕۆژان و مانگەکان و ساڵەکانی سەرەتای شۆڕشدا هەوڵی زۆری دا لە چوارچێوەی دانوستاندن و بەشداریی ئاشتیانە و سیاسیدا، بەدواداچوون بۆ داخوازییەکانی گەلی کورد بکات. بەڵام وەڵامی حکوومەتی تازەپێگەیشتووی کۆماری ئیسلامی، نەک هەر پشتگوێخستنی ئەو داواکاریانە، بەڵکوو ڕاگەیاندنی شەڕی ئاشکرا بوو لە دژی کوردستان. ئایەتوڵڵا خومەینی، لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨دا، لە یەکێک لە هەڵوێستە هەرە ئاشکرا و مەترسیدارەکانیدا، فەرمانی جیهادی لە دژی خەڵکی کوردستان دەرکرد و هێزی نیزامی و سپای پاسدارانی بۆ سەرکوتکردنی خوێناویی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نارد. ئەم فەرمانە بە شێوەیەکی کاریگەر، بە مانای ڕاگەیاندنی شەڕی نێوخۆ، دەسپێکی سەردەمی توندوتیژی، کوشتار و ئێعدام لەسەر

شەقام و وێرانکردنی شار و گوندەکانی کوردستان بوو.

لەو دۆخە سیاسی و نیزامییەداو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەک هەر لەناو نەچوو، بەڵکو بە پشتبەستن بە ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی، جەماوەری و ڕێکخستنی خۆی، بوو بە یەکێک لە هێما سەرەکییەکانی بەرخۆدانی نەتەوەیی کورد.

لێرەدا پێشهاتە سیاسییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دوای شۆڕشی ١٣٥٧دا شی دەکەینەوە و تیشک دەخرێتە سەر سێ تەوەری سەرەکی:

**یەکەم**، خۆڕێکخستن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی و سیاسی بەرامبەر بە هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی

**دووهەم**، درێژەدان بە خەبات لە تاراوگە و لەناو بازنەی ئۆپۆزسیۆندا

**سێهەم**، هەوڵی دیپلۆماسی و ڕێکخراوەیی بۆ پاراستنی مان و گوتاری حیزب لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی

لە درێژایی ئەم نووسینەدا دێینە سەر ئەو باسە کە چۆن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەڕای گوشار، ئێعدام، کۆچ و دەربەدەریی دەیان ساڵە، توانیویەتی وەک یەکێک لە یاریزانە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی کوردی لە ئێران بمێنێتەوە.

هەولێرنامەی کتێب

**ڕۆڵ و پێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆژانی سەرەتای شۆڕشی ١٩٧٩دا**

پاش ڕووخانی ڕژیمی پەهلەوی و سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٧٩، کەشوهەوای سیاسی لە ئێران گۆڕانکاریی خێرای بەخۆیەوە بینی. لەم نێوەندەدا کوردستان وەک یەکێک لەو ناوچانەی کە مێژوویەکی دوور و درێژی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە، جێگەی سەرنجی تایبەت بوو. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کە دەیان ساڵە وەک یەکێک لە نوێنەر و دەنگە سەرەکییەکانی داخوازی نەتەوەیی، فەرهەنگی و سیاسیی گەلی کورد ناسرابوو، لەم قۆناغە گرژییەدا، هەوڵی دا پێگەی خۆی وەک هێزێکی کاریگەر جێگیر بکات.

حیزبی دیموکرات لە ڕۆژانی سەرەتای شۆڕشدا، چاوی لە دەرفەتی نوێ و پانتایی سیاسیی کراوەتر و خوازیاری بەدیهێنانی مافە سیاسی و کولتوورییەکانی کورد بوو، لەوانەش مافی چارەنووس و خۆبەڕێوەبەری. حیزب وێڕای ڕاگەیاندنی پشتیوانیی خۆی بۆ داخوازییەکانی شۆڕش لە بواری ئازادی و دادپەروەری، جەختی لە سەر پێویستی پاراستنی یەکگرتوویی نەتەوەیی و مافی هەموو نەتەوەکانی ئێران کردەوە. بەڵام هەر زوو دەرکەوت کە کۆماری ئیسلامی بە ڕێبەرایەتیی ئایەتوڵڵا خومەینی، ئامادە نیە ئەو داواکاریانە قبوڵ بکات. فەرمانی جیهادی خومەینی دژ بە خەڵکی کوردستان و کۆکردنەوە و وەڕێخستنی هێزی نیزامی لە دژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەشوهەوای سیاسیی بەرەو ڕووبەڕووبوونەوە و ململانێی چەکداری پاڵ نا. ئەم بارودۆخە حیزبی دێموکراتی ناچار کرد کە لەپێناو پاراستنی خەڵک و مەوجوودییەتی خەبات بەرەو بەرخۆدانی سەربازی هەنگاو بنێت و چالاکتر بەرگری لە مافی کورد بکات.

**پێشهاتە مەیدانییەکان و دەستپێکی ململانێی چەکداری لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆماری ئیسلامی**

دوای ئەوەی ئایەتوڵڵا خومەینی، فەرمانی جیهادی دژ بە خەڵکی کوردستان دەرکرد و حکوومەتی ناوەندی هەوڵی دا بۆ سەرکوتکردنی داواکارییە نەتەوەیی و سیاسییەکانی کورد، دۆخەکە بە خێرایی بەرەو هەڵکشانی ململانێ چەکدارییەکان پەرەی سەند. هێزە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی بە پشتیوانیی بەسیج و سپای پاسداران، عەمەلیاتێکی بەرفراوانیان لە ناوچە کوردستانییەکان دەست پێکرد، کە تیایدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک یەکێک لە هێزە سەرەکییەکانی خۆڕاگری هاتە نێو مەیدانەکانەوە.

حیزبی دێموکرات، کە لەمێژساڵ بوو بە نوێنەری سیاسی و سەربازیی گەلی کورد ناسرابوو، هێزی پێشمەرگەی خۆی بۆ داکۆکی لە مافەکانی گەلی کورد

و، درێـژەدان بـە خۆڕاگـری لـە بەرامبـەر هێرشـە بەربڵاوەکانـی حکوومەتـی ناوەنـدی ڕێکخسـت. ئـەم ململانێیانـە، لـە شـێوەی شـەڕی چـڕ و پـڕی ناوچەیـی و دواجـار پارتیزانـی، سـاڵانێک کاریگەرییـان لەسـەر ژیانـی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـی کوردسـتان دانا. حیزبی دێموکرات سـەرەڕای گوشـارە سـەربازی و ئابوورییە سـەختەکان، هەوڵی دا کەناڵە دیپلۆماسییەکان، وتوویژ لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی دیکەی ئێران و جیهان و، لە هەمـان کاتدا درێژەدان بە خەباتی چەکداری بپارێزێت. ئەم قۆناغە بە یەکێک لـە گرنگتریـن وەرزەکانـی خەبـات بـۆ کـورد و حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران دادەنرێـت، کـە کاریگەرییەکانـی تـا ئەمـڕۆش ماونەتـەوە.

### هەوڵی دیپلۆماسی و ڕۆڵی حیزبی دێموکرات لە ئۆپۆزسیۆنی ئێراندا

حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێران لەپـاڵ خەباتـی چەکداریدا هەمیشـە گرنگیـی چارەسـەری سیاسـی و دیپلۆماسـیی لـە پێشخسـتنی ئامانجـە نەتەوەییـەکان کـورددا لەبەرچـاو گرتـوە. ئەندامـان و نوێنەرانـی ئـەو حیزبـە لـە فـەزای سیاسـیی ئێـران، لـە نێو ئۆپۆزسـیۆنی نێوخۆیی و دەرەکیدا چـالاک بوون و، هەوڵیـان دەدا داواکارییەکانی کـورد لـە لایـەن کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی و دامـەزراوە نێودەوڵەتییەکانـەوە ببیسـترێن.

لـە مـاوەی سـاڵانی ڕابـردوودا حیزبـی دێموکـرات، وەک یەکێـک لـە گرووپـە دیـار و خـاوەن مێـژووی خەبـات، لـە هەمـان کاتـدا بـە بەشـداری لـە هاوپەیمانـی و کۆبوونـەوە جۆراوجۆرەکانـی ئۆپۆزسـیۆنی ئێرانـدا ڕۆڵێکـی سـەرەکیی هەبـووە. ئـەم چالاکییانـە بریتـی بوون لـە وتوویژ لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی ئێران، پەیوەندی لەگەڵ حکوومەتە دەرەکییـەکان و هـاوکاری لەگـەڵ ڕێکخراوەکانـی مافـی مرۆڤ، کـە هەوڵیـان دەدا دۆخی کوردسـتان و مافەکانی گەلی کورد وەک، بەشـێک لە پرسـەکانی مافی مرۆڤی لە ئێران بـەرز بکەنـەوە.

وێـڕای ئاسـتەنگە زۆرەکان، حیزبـی دێموکـرات بەردەوامـە لـە جەختکردنـەوە لەسـەر پێویسـتی چارەسـەری ئاشـتیانەی قەیرانـە نەتەوەییـەکان لـە ئێران و، داوای ڕێزگرتـن لـە

مافە دێموکراتیکەکان، فەرهەنگیەکان و کەمایەتییە نەتەوەییەکانی کردوە. ئەم ڕێبازە وای کردوە ئەو حیزبە بتوانێت، پێگەی خۆی لە گۆڕەپانی سیاسی ئۆپۆزسیۆنی ئێراندا بپارێزێت و ئومێد بە گۆڕانی دیموکراتیک، لە ڕۆژەڤدا و بە زیندووی بهێڵێتەوە.

### پێکهاتەی ڕێکخراوەیی و بناغەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خاوەنی پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی یەکگرتوو و کارامەیە، کە وەک هێزێکی سیاسی و سەربازی بۆ کورد کار دەکات. ئەم پێکهاتە بەشی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، کە هەریەکەیان ڕۆڵێکی دیاریکراویان هەیە لە ڕێنماییکردن، ڕێکخستن و پێشخستنی ئامانجەکانی حیزبدا:

- کۆنگرەی حیزب: باڵاترین دەسەڵاتی بڕیاردان کە ئەندامان لە کاتی دیاریکراودا کۆ دەبنەوە و سیاسەت و ستراتیژی گشتی حیزب پەسەند دەکەن.
- کۆمیتەی ناوەندی کە پێکدێت لە ئەندامانیڕێبەریی هەڵبژێردراوی کۆنگرە و بەرپرسیارە لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرە و ئۆتگانیزەکردنی خەبات و تێکۆشان و چالاکییەکانی ڕۆژانەی حیزب.
- دەفتەری سیاسی: بەرپرسە لە پلاندانانی سیاسی و هەماهەنگی لەگەڵ گرووپەکانی تر، و بەڕێوەبردنی پەیوەندییە نێوخۆیی و دەرەکییەکان.
- هێزی پێشمەرگە: ئەو لقە سەربازییەی حیزبە، کە لە داکۆکیکردن لە مافەکانی کورد و ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە سەربازییەکان چالاکن.
- کۆمیتە خۆجێی و ناوچەییەکان: بەرپرسی ڕێکخستنی چالاکییەکانی حیزب، لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی ئێران و ڕاگرتنی پەیوەندی لەگەڵ بنکە جەماوەرییەکاندا.

ئەم هەیکەلەیە وای کردوە، کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەلومەرجی سەختدا، هاودەنگی ناوخۆیی خۆی بپارێزێت و بە شێوەیەکی یەکگرتوو چالاکی سیاسی، فەرهەنگی و سەربازیی خۆی بەڕێوە ببات.

## حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پرسی کورد لە ئێران

یەکێک لە سەرنجە سەرەکییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەوڵی بەردەوام بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی دادپەروەر و بەردەوام بۆ پرسی نەتەوەیی کورد لە ئێران بووە. حیزب لە سەرەتای دامەزرانیەوە جەختی لەوە کردووەتەوە، کە کورد یەک نەتەوەیە کە دەبێ دان بە مافی سیاسی، کولتووری، زمانەوانی و ئابوورییەکانی دابنرێت و ئەو مافانەی بۆ دەستەبەر بکرێت.

حیزبی دێموکرات لەم پێوەندییەدا، هەمیشە داوای مافی خۆبەڕێوەبەریی دێموکراتیک لە چوارچێوەی ئێران لە چوارچێوەی خودموختاری یان سیستمی فیدراڵی، یان لامەرکەزیی دیکەدا کردوە. حیزبی دێموکرات پێی وایە چڕبوونەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە تاران و نکۆڵیکردن لە شوناسە نەتەوەییەکان گرینگترین هۆکارەکانی درێژەدان بە قەیرانی نەتەوەیین لە ئێراندا.

حیزبی دێموکرات بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی خەباتەکانی رابردوو، پێی وایە کە چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی کورد، لە رێگەی دیالۆگ، ڕێزگرتن لە فرەچەشنی نەتەوەیی، زمانەوانی و گۆڕینی پێکهاتەی سیاسی وڵات مومکینە؛ پێکهاتەیەک کە نەتەوە جیاوازەکان، لەوانە کورد، عەرەب، بەلوسچ، ئازەری و تورکمان، مافی یەکسانیان تێیدا هەیە. لەو چوارچێوەیەشدا حیزب، بە خستنەڕووی پلان و پێشنیاری سیاسی بۆ فیدراڵیزم و ئۆتۆنۆمی ناوچەیی و دێموکراسی فرەنەتەوەیی، هەوڵی داوە ئەم بابەتە بکاتە مشتومڕێکی جددی لەسەر ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتیدا.

## حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕاپەڕینەکان لە دیکە پارچەکانی کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەمیشە خۆی بە بەشێک لە نەتەوەی کورد زانیوە و هەر بەم هۆیەشەوە، بە درێژایی مێژووی خەباتی خۆی، هەوڵی دامەزراندنی پێوەندی و هاوکاری لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان لە پارچەکانی دیکەی کوردستان – لە عێراق، سووریە و تورکیە – لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی یەکتر و

بەرژەوەندیی نەتەوەیی هاوبەش داوە.

لە پێوەندی لەگەڵ کورد لە تورکیە، حیزبی دیموکرات بە پێچەوانەی هەندێک ڕەوت، پەیوەندیی ڕاستەوخۆ و ڕێکخراوی لەگەڵ پەکەکە نەبووە و تەنانەت لە هێندێک کاتدا، ناکۆکیی سیاسی یان نزیکبوونەوەی بەڕواڵەت، لە نێوان هەردوولادا هەبووە. بەڵام حیزبی دیموکرات لەکاتی جیاجیادا پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ دیکە ڕێکخراو و پارتە کوردییەکانی دوور لە پ ک ک، بەتایبەت پارتی سۆسیالیستی کوردستان (پ.س.ک) هێزە کوردییە دیموکراتەکان و چەپەکانی دیکە لە تورکیە دامەزراندوە.

ئەم پەیوەندیانە زۆرجار لەسەر داکۆکیکردن لە مافە نەتەوەییەکانی کورد، پتەوکردنی هاودەنگیی نێوان بزووتنەوە کوردییەکان، پێکەوە کارکردن بۆ دێموکراسی و دادپەروەری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بووە. لێدوانی هاوبەش، کۆبوونەوە سیاسییەکان و بەشداریکردن لە کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان، تەنیا هەندێک لە شێوەکانی ئەم هاوکارییە بوون.

ئەم پێوەندییانە دەری دەخەن، کە حیزبی دێموکرات تەنیا هێزێکی سیاسیی نێوخۆیی نییە، بەڵکوو ئەکتەرێکی کاریگەرە لە نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لەسەر ئاستی ناوچەیی، کە هەوڵ دەدات دەنگی گەلی کورد لە گۆڕەپانە جۆراوجۆرەکاندا ببیسترێت، بەبێ ئەوەی لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیای داخراو، یان وابەستەییە ناوچەییە تێکدەرەکانەوە قەتیس بمێنێت.

### پێگە و ڕۆڵی ژن لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا

یەکێک لە لایەنە دیارەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، گرنگیدان بە ئامادەبوون و بەشداریی ژنان لە پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی حیزبی، سەربازی، مەدەنی و فەرهەنگیدایە. حیزبی دێموکرات لە ساڵانی یەکەمی چالاکیی خۆیەوە، سەرەڕای گوشارە کۆمەڵایەتییەکان و سنووردارکردنی نەریتی لە کۆمەڵگە زاڵ بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا، هەوڵی داوە زەمینە بۆ بەشداریی ژنان لە گۆڕەپانە

جۆراوجۆرەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا خۆش بکات.

یەکەمین ڕێکخراوی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشەکانی دیکەی کوردستانیش -یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان- لە سەردەمی کۆماری کوردستان (١٣٢٤-١٣٢٥ی کۆچی) بە پشتیوانی ڕاستەوخۆی پێشەوا و حیزبی دێموکرات لە شاری مەهاباد دامەزرا. ئەم یەکیەتییە، کە بە یەکێک لە یەکەمین دامەزراوە ڕێکخراوەکانی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش دادەنرێت، بە ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری ژنان، بەرەنگاربوونەوەی نەخوێندەواری و بەهێزکردنی بەشداریکردنیان لە کۆمەڵگەدا، دەستی بە کارەکانی کردوە. لەو ماوەیەدا ژنان بۆ یەکەمجار، بە فەرمی هاتنە نو بوارەکانی پەروەردە، ڕۆشنبیری و چالاکیی سیاسییەوە.

لە درێژەی ڕێگادا و بە تایبەتی لە ساڵانی دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، ژنان نەک هەر وەک لایەنگر، بەڵکوو وەک پێشمەرگە، مامۆستا، ڕۆژنامەنووس، کادری سیاسی و تەنانەت ئەندامانی ڕێبەرایەتیش ڕۆڵیان بینیوە. بوونی ڕێکخراوی ژنان لە ڕیزەکانی پێشمەرگەدا، بەتایبەتی لە ساڵانی شەست و حەفتاکانی ساڵی خۆری سەدەی ڕابردوودا، نموونەی ئەو ڕۆڵە کارایەی یەکیەتیی ژنانە.

لە کەرتی ڕووناکبیری و پەروەردەیشدا ژنان و یەکیەتیی ژنان ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان بینیوە. بڵاوکراوەکانی حیزب بە کەلکوەرگرتن لە نووسەران و چالاکانی ژن، هەوڵیان داوە دەنگی ڕاستەقینەی ژنان نوێنەرایەتی بکەن و، بە بەردەوام بەشێک لە پانتایی خۆیان، بۆ پرسی ژنان تەرخان کردوە. دامەزراندنی کۆمیتەکانی ژنان لە نێو تەشکیلاتی حیزبدا، یەکێک بوو لەو هەنگاوە ڕێکخراوانەی کە حیزب بۆ پتەوکردنی پێگەی ژنان هەڵیگرت.

حیزبی دێموکرات لە ڕوانگەی تیۆرییەوە، لە بەیاننامە و بەرنامە سیاسییەکانیدا، جەختی لە یەکسانیی ژن و پیاو، نەهێشتنی هەڵاواردنی ڕەگەزی، پێویستی بەشداری یەکسانی ژنان لە پرۆسەی بڕیاردانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا کردووەتەوە. لە لێدوانەکانی ئەم دواییەی حیزبدا، بەتایبەتی لە بەڵگەنامەکانی کۆنگرەکانی ئەم

دواییـەدا، پەرەپێدانـی پـەروەردەی کچـان، بەرەنگاربوونـەوەی توندوتیـژی خێزانـی و نەریتـە زیانبەخشـەکان، و ئامادەبوونی کاریگەرانـەی ژنـان لـە پێکهاتەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای ئاینـدەی کوردسـتاندا جەختیـان لەسـەر کراوەتـەوە.

ناکرێ ڕۆڵـی ژنـان لـە حیزبـی دێموکراتـدا تەنیـا لـە "وابەسـتەیی کۆمەڵایەتـی" یـان: یارمەتـی" کـورت بکرێتـەوە. بەڵکوو ژنـان لـەم حیزبـەدا هاوبەشـی ڕاسـتەقینە بـوون لـە خەباتـی سیاسـی، سـەربازی بـۆ ئـازادی و دادپـەروەری و یەکسـانی؛ بەشـدارییەک کـە سـەرەڕای سـەختییەکانی شـەڕی پارتیزانـی، دەربـەدەری و گواسـتنەوەی بەردەوامـی شـوێن، گوشـارە کولتـووری و کۆمەڵایەتییـەکان بەردەوامـە لـە فراوانبوونی ئەم بەشـدارییە.

### حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران

یەکێـک لـە پایـە گرنگەکانـی گوتـاری سیاسـیی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران، پێداگـری لەسـەر بنەماکانـی مافـی مـرۆڤ و ئاشـکراکردنی پێشـێلکارییە سیسـتماتیکییەکانیان لـە لایـەن کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران بـووە. ئـەو حیزبـە کـە خـۆی قوربانییەکـی ڕاسـتەوخۆی سـەرکوتی سیاسـی و فەرهەنگییـە لـە ئێـران، نـەک هـەر داوای مافـی خەڵکـی کوردسـتانی کـردوە، بەڵکـو هەمیشـە داکۆکـی لـە مافـی هەمـوو کەمینەکان، گرووپـە ئایینیـەکان، ژنـان، کرێـکاران و زیندانیانـی سیاسـی لـە ئێـران کـردوە.

### داکۆکی لە مافەکانی نەتەوەی کورد و دیکە نەتەوەکانی ئێران

حیزبـی دێموکـرات هەمیشـە پێیوابـووە; کـە دەبێـت لـە پرسـی کـورد، لـە چوارچێـوەی کێشـەیەکی هەیکەلـی لـە سیسـتەمی سیاسـی و یاسـایی دەسـتەڵاتی ناوەندیـی ئێرانـدا قابلـی تێگەیشـتنە. بۆیـە خەبـات بـۆ بەدیهێنانـی مافەکانـی گەلـی کـورد، بەشـێکی دانەبڕاوی خەبـات بـۆ دێموکراسـی، لامەرکەزییـەت و دەسـتەبەرکردنی مافـی کەمینـەکان لـە ئێرانـدا بـووە. بەڵگەنامـە فەرمییەکانـی حیـزب، هەمیشـە جەختیـان لەسـەر پێویسـتی دانپێدانـان بـە ناسـنامە، زمـان، پـەروەردە و خۆبەڕێوەبەریـی گەلـی کـورد کردووەتـەوە.

## مافی مرۆڤ لە میساقی سیاسیی حیزبدا

لە بەرنامەی فەرمیی حیزبدا کە دوای کۆنگرەی ئەم دواییە نوێکرایەوە، بنەماکانی مافی مرۆڤ وەک ئازادی ڕادەربڕین، ئازادیی ڕێکخراو، یەکسانی نێوان ژن و پیاو، مافی خەڵکی کوردستان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ بە میحوەرە سەرەکییەکان دادەنرێت. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێی وایە هیچ ئاڵوگۆڕێک لە ئێران بە بێ ڕەچاوکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و ڕێزگرتن لە مافی نەتەوەکان و کەمینەکان بەردەوام و دادپەروەرانە نابێت.

حیزبی دێموکرات لە هەشت دەیەی ڕابردوودا، چەندین جار بەڵگەنامە و بەڵگەی تۆکمەی لەسێدارەدانی سیاسی، ئەشکەنجە، دەربەدەری، بێبەشکردنی خوێندن بە زمانی زگماکی، سەرکوتکردنی کولتووری و ئایینی گەلی کورد، لە ڕاپۆرت و ڕاگەیاندن، نامەنووسی بۆ دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ وەک لێبووردنی نێودەوڵەتی، هیومان ڕایتس وۆچ، نەتەوە یەکگرتووەکان، ئینتەرناسیۆنال سۆسیالیست، یەکێتیی ئەورووپا و کۆڕ و کۆڕ و کۆڕبەندە نێودەوڵەتییەکان بە بەردەوامی خستووەتەڕوو.

ئاشکراکردنی کوشتنی زنجیرەیی چالاکوانانی حیزب لە دەرەوەی وڵات، لەوانەش تیرۆرکردنی سەرکردەکانی حیزب لە ڤیەن ئۆتریش/نەمسا (١٩٨٩) میکۆنۆس، ئاڵمان (١٩٩٢) و تیرۆرەکانی دیکە لە عێراق، فەڕانسە و سوئید، یەکێک بووە لە گرنگترین هەنگاو و کارەکانی حیزب بۆ مافی مرۆڤی بووە لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا. دادگاییکردنی میکۆنۆس خاڵی وەرچەرخانێک بوو لەم ڕێگایەدا، کە بە ئیدانەکردنی فەرمی کۆماری ئیسلامی لە دادگای ئەوروپا، سەرنجی جیهانی بۆ کردەوە تیرۆریستییەکانی حکوومەتی ئێران ڕاکێشا. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دوو دەیەی ڕابردوودا پشتیوان و پاڵنەری کۆمەڵێک ڕێکخراوی مافی مرۆڤی بووە کە لە بواری داکۆکی لە مافی مرۆڤی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کار و چالاکی دەکەن.

هەواڵنامەی کتێب

**هاوکاری لەگەڵ دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان**

حیزبی دێموکرات بە کەلکوەرگرتن لە دیپلۆماسیی سیاسی و مافی مرۆڤ، ئامادەیییەکی چالاکانەی لە کۆڕ و کۆڕبەندە نێودەوڵەتییەکاندا هەیە. ئەندامانی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەو حیزبە، لە کۆنفرانس و کۆبوونەوەکانی پێوەندیدار بە دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێراندا بەشداری دەکەن و هەمیشە هەوڵیان داوە دەنگی ڕەسای خەڵکی کوردستان و دیکە قوربانیانی چەوساندنەوەکانی حکوومەت ئیران، لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دا بێت.

حیزبی دێموکرات لە ساڵانی ڕابردوودا هاوکاریی کاریگەری لەگەڵ ڕێکخراوە مەدەنی و مافی مرۆڤ لە باشور، باکوری کوردستان، ئوروپا و ئەمریکا هەبووە، بۆ تیشک خستنە سەر بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکانی وەک جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ، پەیمانی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و میساقی مافەکانی گەلانی ڕەسەن، بە بەردەوامی خوازیاری گوشاری نێودەوڵەتی بۆ سەر کۆماری ئیسلامی ئێران بووە.

**جەختکردنەوە لەسەر چارەسەری ئاشتییانە و مەدەنی**

حیزبی دێموکرات بە پێچەوانەی هەندێک هێزی سیاسی، کە لە ڕێگەی توندوتیژی یان کردەی سەربازییەوە، بەدوای چارەسەری کێشەکانی ئێراندا دەگەڕێن، هەمیشە جەختی لەسەر چارەسەری ئاشتیانە، وتوویژ و گۆڕینی وردە وردەی سیستەم لە ناوەوە و، لەسەر بنەمای بنەماکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ کردووەتەوە. ئەم سیاسەتە وای کردووە، لە هە ندێک خاڵدا لە لایەن بازنەی مەدەنی و دیپلۆماسیە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی لەو شێوە چارەسەرەی حیزب بکرێت.

### ئاکامگیرییەکی کورت

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک یەکەمین حیزبی ڕێکخراوی کوردی لە ئێران، بە درێژایی ٨٠ ساڵ خەباتی بەردەوام، ڕۆڵێکی سەرەکیی لە مێژووی خەباتی سیاسی و نەتەوەیی گەلی کورددا گێڕاوە. حیزب لە دامەزرانی ساڵی ١٣٢٤ تا بەشداری چالاکانەی لە دامەزراندنی کۆماری مەهاباد و لە درێژەی خەباتی چەکداری و سیاسی دوای ڕووخانی کۆمارەوە، تا پێداگری لە بەرخۆدان بەرامبەر سەرکوتەکانی کۆماری ئیسلامی لە دوای شۆڕشی ١٣٥٧، هەمیشە وەک یەکێک لە هێما سەرەکییەکانی خۆڕاگری و هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی مافە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی کورد لە ئێراندا ماوەتەوە. حیزبی دێموکرات سەرەڕای دەیان ساڵ گوشار و دەربەدەری و لەسێدارەدان، وەک یاریزانێکی سەرەکی لە سیاسەتی کوردستانی ئێران بە دەنگی گەلی کورد دەناسرێت و بەردەوامە لە خەبات.

هەواڵنامەی کتێب

# حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران: ئایین و پرسی سێکۆلاریزم

سۆران باریکە

## پێشەکی

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە ساڵی ١٩٤٥ ز. (١٣٢٤ هەتاوی) دامەزراوە، یەکێک لە کۆنترین حیزبە سیاسییە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و هێزێکی دیارە لە سیاسەتی چوارچێوەی کوردستان و ئێراندا. پەرەسەندنی ئایدیۆلۆژیی ئەو حیزبە، بەهۆی یارییەکی ئاڵۆزی نێوان ناسیۆنالیزمی کوردستانی، سۆسیالیزمی دێموکراتیک، سێکۆلاریزم (لە کورتە پێناسەیەکدا واتە جیایی ئایین لە دەسەڵات) و سیمای قووڵی ئایینی کۆمەڵگەی کوردستان لە قاڵب دراوە. ئەو حیزبە لەمێژە لە داکۆکیکردن لە مافە سیاسی و کولتووری و مەدەنییەکانی نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیک و پلۆراڵ و فیدراڵیدا چالاک بووە. ئەم بابەتە شیکارییەکی قووڵ و فرەچەشن و مێژوویی و بەستێنسازی بۆ بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەبارەت بە ئایین و سێکۆلاریزم دەخاتە ڕوو. بەپێچەوانەی زۆرێک لە بزووتنەوە چەپگەراییە مارکسیستی و ڕادیکاڵەکان، حیزبی دێموکرات هەرگیز هەڵوێستی دژەئایینی نەگرتووەتە بەر، بەڵکوو ئامانجی هاواهەنگکردنی

حوکمڕانیی سێکۆلاری دیموکراتیک بووە لەگەڵ ڕێزگرتن لە کییەتیی ئایینی و کولتووریی نەتەوی کورد.

**بەشی یەکەم:**

**بەستێنی مێژوویی - کۆمەڵگەی کوردستان، ئایین، و لە دامەزراندنی حیزبی دیموکرات**

کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی نەریتی، ڕەگ و ڕیشەی لە ئیسلامدا هەبووە، بەتایبەت ئیسلامی سوننەی مەکتەبی شافیعی. ئایین لە مێژوودا نەک تەنیا وەک سەرچاوەیەکی ڕێنوێنیی ئەخلاقی، بەڵکوو وەک بناغەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ یەکگرتوویی کۆمەڵگە و دادپەروەری و بەرخۆدان کاری کردووە. لە ناوچە کوردستانییە گوندنشینەکان کە دەستڕاگەیشتن بە دەوڵەتی ناوەندی لاواز بوو، دامەزراوە ئایینییەکانی وەک مزگەوت، قوتابخانە (بەتایبەت تەریقەتی نەقشبەندی و سۆفیی قادرییە) بڕبڕەی پشتی ڕێکخراوەیی حوکمڕانیی ناوخۆیی و ژیانی کولتووری بوون.

کاتێک حیزبی دیموکرات لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٩٤٥ لە مەهاباد بە سەرکردایەتیی قازی مەحەممەد دامەزرا، لە چوارچێوەی ئەم ژینگە ئایینییەدا دروست بوو. قازی محەممەد خۆی دادوەرێکی ئایینی (قازی) بووە، لە شەریعەتی ئیسلامیدا ڕاهێنراو بووە و پێگەکەی هەم وەک کەسایەتییەکی ئایینی و هەم وەک کەسایەتییەکی نەتەوەپەروەر، شەرعیەتێکی بەرچاوی بە بزووتنەوەکە داوە. لە ماوەی تەمەنی کورتی کۆماری کوردستانیش (١٩٤٦)، قازی محەممەد هەوڵی دا بۆ ئەوەی بەها و کەسایەتییە ئایینییەکان بخاتە نێو پرۆژەی کۆماری کوردستانەوە. حکوومەت ڕێزی لە پراکتیزە ئیسلامییەکان دەگرت و پەروەردەی ئایینی دەپاراست و ڕێزی لە جەژنە ئایینییەکان دەگرت، بەڵام ڕێگەی نەدا ئایین زاڵ ببێت بەسەر بڕیاردانی سیاسیدا کە ئەمە نموونەیەکی بەرچاوی میانڕەویی سێکۆلاریزمی سەرەتایی کوردستانییە.

**بەشی دووەم:**

**پەرەسەندنی ئایدیۆلۆژی لە ناسیۆنالیزمی کولتوورییەوە بۆ سێکۆلاریزمی دێموکراتیک**

هەڵوێستی ئایدیۆلۆژیی سەرەتاییی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پلەی یەکەم لە ئاراستەکردندا نەتەوەیی - دێموکراتیک بوو. لە قۆناغی بناغەییدا، ئامانجە سەرەکییەکانی حیزب بریتی بوون لە مافی چارەی خۆنووسینی کورد، مافە کولتوورییەکان (بەتایبەت لە بواری پەروەردە و زماندا) و ئۆتۆنۆمیی ناوچەیی لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا. یەکەم مانیفێستی حیزب کە لە ساڵی ١٩٤٥ پەسەند کرا، جەختی لەسەر ئازادی و یەکسانی و دانانی بە کێیەتیی کورد کردەوە، بەڵام ناوەڕۆکی ئایدیۆلۆژیی ئاشکرای سەبارەت بە ئایین یان سێکۆلاریزم تێدا نەبوو. ئەمەش جێهێشتنێکی ستراتیژی بوو، کە ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی ئایینی بناغە کۆمەڵایەتییەکەی بوو.

لەگەڵ پەرەسەندنی بارودۆخی سیاسی، بەتایبەت دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩، حیزبی دێموکرات بەرنامەی ئایدیۆلۆژیی خۆی وردتر کردەوە. شۆڕش ڕژێمێکی تیۆکراتی دروست کرد کە دەسەڵاتی ڕوحانیی شیعەی لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەت تێکەڵ کرد و کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکانی پەراوێز خست. ئەمەش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ناچار کرد هەڵوێستێکی سێکۆلاری بەرچاوتر بگرێتە بەر، نەک وەک ڕەتکردنەوەی ئایین، بەڵکوو وەک بەرگریکردن لە پاوانخوازی ئایینی. هەروەها کۆماری ئیسلامی، کە شیعەگەریی ویلایەتی فەقیهی تێیدا باڵادەست بوو بە دژی دێموکراسی و ئازادی و یەکسانیی نەتەوەیی دەزانی.

بە سەرکردایەتیی د. عەبدولڕەحمان قاسملوو کە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا ڕێبەرایەتیی حیزبی گرتە دەست و تاکوو شەهیدبوونی لە ساڵی ١٩٨٩ز. حیزبی دێموکرات فۆرمێکی سۆسیالیزمی دێموکراتیکی لە باوەش گرت کە بەهاکانی لیبراڵیزمی دێموکراتی تێدا بوو. د. قاسملوو بەقووڵی لەژێر کاریگەریی سۆسیال دیموکراسیی ئورووپاییدا بوو و پێی وا بوو سێکۆلاریزم مەرجی پێشوەختەیە بۆ هەر

کۆمەڵگەیەکی پلۆرالیست و هەوەرها پێداگری لەسەر جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت دەکرد و دووپاتی دەکردەوە کە دەبێت باوەڕی کەسی پارێزراو بێت. نووسینەکانی د. قاسملوو بەڕوونی ئەوە دەردەخەن کە سێکۆلاریزم لە حزبی دێموکراتدا لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە ئازادیی ویژدان دامەزراوە، نەک دوژمنایەتیی بەرانبەر بە ئایین.

**بەشی سێیەم:**

**بەڵگەنامەی حزبی دێموکرات و پابەندبوونی دامەزراوەیی بە سێکۆلاریزم**

بڕیارنامەی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکرات، پێڕەوی ناوخۆی حیزبەکان و کەرەستەی پەروەردەییی ناوخۆیی لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە بەردەوام پابەندبوونێکی ڕوونیان بە حوکمڕانیی عەلمانی دووپات کردووەتەوە. ئەم بەڵگەنامانە ئەم بنەمایانە دەخەنە ڕوو:

١- بێلایەنیی دەوڵەت لە بابەتە ئایینییەکان: حیزبی دێموکرات پێداگری لەوەر ئەوە دەکات کە دامەزراوەکانی دەوڵەت دەبێت لە بابەتی ئاییندا بێلایەن بمێننەوە. هیچ گرووپێکی ئایینی نابێت دەسەڵاتی یاسادانان یان کۆنترۆڵکردنی پەروەردەی گشتی هەبێت.

٢- ئازادیی ئایین و باوەڕ: پێویستە هەموو تاکەکان مافی ئەوەیان هەبێت کە ئازادانە ئایینەکەیان هەڵبژێرن و پێڕەوی لێ بکەن - یان بە هیچ شێوەیەک هیچیان پێڕەو نەکەن - زۆرکردن و جیاکاریی فەرزکردنی ئەمیان بەسەر ئەوی تر.

٣- یەکسانیی هەموو هاووڵاتییان: بەبێ گوێدانە ئایین، ئایینزا، ڕەگەز، یان نەتەوە، پێویستە هەموو هاووڵاتییان مافی یەکسانیان هەبێت. یاسا ئایینییەکان نابێت جێگەی یاسای مەدەنی بگرن.

٤- دژایەتی لەگەڵ تیۆکراسی: حیزب بەڕاشکاوی دژایەتیی سیستەمی ویلایەتی فەقیهی دەکات، کە بە نادێموکراتیک و شاردنەوە و دوژمنایەتیی کێیەتی کوردستانی و ئیسلامی سوننە دەزانێت.

٥- پشتیوانی لە فرەیی ئایینی: حدکا بنەمای پێکەوەژیان لەنێوان گرووپە ئایینی و ئاینزا جیاوازەکان دەپارێزێت، لەوانە سوننە، شیعە، یارسانی، مەسیحی و جوولەکەکان.

**بەشی چوارەم: سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی و وەڵامدانەوەی ستراتیژیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

دوای شۆڕشی گەلانی ئێران ساڵی ١٩٧٩ و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، دەوڵەتی ئێران هەناردەکار و بەدامەزراوەییکردنی سەرەکیی ئیسلامی سیاسیی شیعە بووە. عەقیدەی ویلایەتی فەقیهی ئایینیی گۆڕیوە بۆ ئایدۆلۆژیایەکی سیاسیی گشتگیر و حوکمڕانی ڕەهای لەلایەن ڕوحانیەتی شیعەوە ڕەوایی پێ داوە. بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان -کە دانیشتووانەکەی زۆرینەی سوننەن- ئەمە بووەتە هۆی پەراوێزخستن و وەدەرنانی سیستەماتیک.

ئەم ناوەندگەراییە ئایینییە کاریگەرییەکی ئاڵۆزی لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان هەبووە، لە لایەکەوە بەرخۆدانی کوردانی "سوننەی" لێ کەوتەوە کە خۆیان دوو هێندەیان چەوساوەیی بینیەوە، لە ڕووی نەتەوەیی و ئایینییەوە، لە لایەکی تریشەوە بەشداریی کرد لە گەشەکردنی بزووتنەوە ئیسلامییە سوننەکان لەنێو خودی کۆمەڵگەی کوردستاندا. لە گرنگترینیان مەکتەبی قورئان بە سەرکردایەتیی ئەحمەد موفتیزادە، جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاح بە سەرکردایەتیی سوبحانی و لە ساڵانی ڕابردوودا بزووتنەوە سەلەفییەکان کە لەژێر کاریگەریی ئایدۆلۆژیای جیهادیی جیهانیدا بوون.

ئەحمەد موفتیزادە، لە ڕێگەی پەرەپێدانی مەکتەبی قورئان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، ڕۆڵی سەرەکیی بینی لە دارشتنی ڕەوتی کییەتیی ئیسلامی کە دواتر خۆی لە بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد دوور دەخستەوە و تەنانەت چالاکانەش دژایەتی دەکات. هەرچەندە بزووتنەوەی موفتیزادە لەنێو کۆمەڵگەیەکدا سەری هەڵدا کە هەم لە نەریتی ئیسلامی و هەم لە

ستەمکاریی نەتەوەیی تیر بوو، بەڵام بەئەنقەست خەباتی کورد، وەک لادانێک لە ڕێبازی ئیسلامی، لە چوارچێوەیەکدا بە داردەستی ڕۆژاوایی پێناسە کراوە. هەر وەک حیزبی دیموکرات جەختی لە فرەیی و دیموکراسی و پێویستیی چوارچێوەیەکی سێکولار بۆ یەکخستنی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دەکردەوە، مەکتەبی قورئان ئەمانەیان وەک هەڕەشەی ئایدیۆلۆژی بۆ دیدگای خۆیان بۆ کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی کە لەسەر ڕەهاگەراییی قورئان بنیات نرابوو، دەزانی.

ئەم جیاوازییە لە ساڵانی دوای شۆڕشی گەلانی ئێراندا گەیشتە خاڵێکی گرنگ، کاتێک موفتیزادە و مەکتەبی قورئان هەڵوێستێکی سازشکارانەیان بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامیی تازەپێگەیشتووی پاراست؛ لە کاتێکدا کە حیزبی دیموکرات و بزووتنەوە سێکولار - ناسیۆنالیستەکانی دیکە بەهۆی سیاسەتە سەرکوتگەرانە و ناوەندگەراییەکانییەوە کەوتنە ململانێی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕێژیم، هێڵی موفتیزادە بەوریاییەوە مایەوە و زۆر جار حکوومەتی نوێی بە سەرۆکایەتیی شیعەکان لانی کەم وەک هاوبەشێکی ئەگەری لە بووژانەوەی ئیسلامیدا نیشان دەدا. ئەم دووفاقییە دەرگای هاوکاریی سنووردار - یان لانی کەم بێ ڕووبەڕووبوونەوە - لەنێوان توخمەکانی مەکتەبی قورئان و دەوڵەتی ئێراندا کردەوە. هەرچەند هەندێک لە ئەندامانی مەکتەبی قورئان لە کۆتاییدا بوونە قوربانیی سەرکوتکردنی کۆماری ئیسلامی، بەتایبەت کاتێک ڕوون بوویەوە کە تاران دان بە ئۆتۆنۆمیی خەیاڵی سوننەکان (موفتی زادە) نانێت، بەڵام هەڵوێستی سەرەتاییی موفتیزادە کاردانەوەی سیاسیی بەردەوامی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا دروست کرد، ئەمەش یارمەتیدەر بوو بۆ ناڕەواییکردنی چالاکیی سیاسیی - سێکۆلاری لە چاوی زۆر کەس لە کۆمەڵگەی کوردستاندا.

جگە لەوەش ئەم دژایەتییە لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانییەکان لەلایەن مەکتەبی قورئانەوە یارمەتیدەر بوو بۆ دروستکردنی بەستێنێکی بەپیت بۆ دواتر سەرهەڵدانی بزووتنەوە ئیسلامییە توندڕەوەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەک

گرووپە سەلەفی و جیهادییەکان. ئەم کوتلانە کەڵکیان لەو بەستێنە ئایینییە وەرگرت کە موفتیزادە دایناب‌وو، بەڵام ئەجێندایەکی شەڕانگێزتریان پێڕەو دەکرد. حیزبی دێموکرات زیاتر خۆی لەنێوان دوو نەیاری ئایدیۆلۆژیدا گیربوو؛ تیۆکراسییەکی شیعە کە ناوەندەکەی لە تاران بوو و گەشەسەندنی بناژۆخوازیی سوننە لەنێو کۆمەڵگەی خۆیدا. ئەم بەستێنە تەنیا پابەندبوونی حیزبەکەی بە سێکۆلاریزمەوە قووڵتر کردەوە، نەک وەک فۆرمێک لە لاساییکردنەوەی ڕۆژاوایی، بەڵکوو وەک چوارچێوەیەکی پێویست بۆ پاراستنی فرەچەشنیی سیاسیی کوردستان، ئازادیی ئایینی و بەرەنگاربوونەوەی هەردوو شۆڤێنیزمی فارسی و فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی. بەم پێیە ڕۆڵی مێژوویی مەکتەبی قورئان نەک هەر ململانێی ئایدیۆلۆژییەکانی نێو کوردستان لە قاڵب دا، بەڵکوو کاریگەریی لەسەر چۆنیەتیی پێناسەکردنی کێیەتیی سێکۆلاریزمی خۆی و بەرخۆدانی لە بەرانبەر بە هەردوو شێوەی ناوخۆیی و دەرەکیی پاوانخوازی ئایینیدا هەبوو. سیاسەتی مەکتەبی قورئان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جەخت لەسەر کۆدە ئەخلاقییە توندەکان و پەروەردەی ئایینی و ناوەندی کولتووریی قورئان دەکاتەوە. لە کاتێکدا کە لە بنەڕەتدا سیاسی نین، بەڵام زۆرێک لە دامەزراوەکانی وەک فەزای بەدیل بۆ دەسەڵات کاریان کردووە – بەتایبەت لەو ناوچانەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان و پارتە ناسیۆنالیستە سێکۆلارەکانی دیکە تووشی سەرکوت و بەرەنگاربوونەوە بوون.

هەروەها ناسر سوبحانی، بیرمەند و بانگخوازی ئایینیی کورد، قوتابخانەیەکی ئیلاهیاتی کاریگەری پەرە پێ دا کە جەختی لە نوێبوونەوەی ئایینی (تجدید) و ئەخلاقی کۆمەڵایەتی و ناتوندوتیژی دەکردەوە. لە کاتێکدا بزووتنەوەکەی جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاح بانگەشەی بۆ توندوتیژی نەدەکرد، بەڵام سەرەڕای ئەوەش جیهانبینییەکی ئیسلامی گشتگیری بەرەوپێش دەبرد کە تەحەدای کاراکردنی بیری ناسیۆنالیست سێکۆلار دەکرد. نووسینەکانی "سوبحانی" لەسەر جۆرێک لە بووژانەوەی ئیسلامی جەختیان دەکردەوە کە هاندەری گەڕانەوە بۆ بەها ئیسلامییە سەرەتاییەکان

بوون، زۆر جار دژایەتیی حوکمڕانیی سێکۆلاری لەسەر شێوازی ڕۆژاوایی دەکرد. بزووتنەوەکەی لە هەردوو ناوچەی گوند و شاردا تا ڕادەیەک ناوبانگێکی زۆری بەدەست هێناوە، بەتایبەت لەنێو نەوەی لاوانی بێهیوا لە ناسیۆنالیزمی نەریتی یان ئایدۆلۆژیای چەپ، بەڵام بە گیرانی "سوبحانی" ئەم لایەنگرییە ڕووی لە کەمی کرد.

لەم نێوەدا سەلەفیزم (کە زۆر جار تەنانەت بە دژە ناسیۆنالیستی ئیسلامی سوننەش ناو دەبرێت) لە هەندێک ناوچەی ڕۆژهەڵاتدا ڕەگی داکوتاوە، بەتایبەت ئەو ناوچانەی کە هەژاری و سەرکوت و بۆشایی سیاسیی تێدایە؛ ئەگەرچی بەربڵاو نییە، بەڵام بوونی ئاماژەیە بۆ پارچەپارچەبوونی کێیەتیی سیاسیی کوردستانی و لاوازبوونی کۆدەنگیی ناسیۆنالیستی سێکۆلار لە داهاتوودا و بە پلانگێڕیی حکوومەتی ناوەندی. زۆرێک لە سەلەفییەکان لە کوردستان ناتوندوتیژن، بەڵام هەندێکی تریان پەیوەندیی ئایدیۆلۆژییان لەگەڵ گرووپە جیهادییە فێندەمێنتاڵەکان هەیە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە نیگەرانییەوە سەیری ئەم پێشهاتانەی کردووە. لە ڕوانگەی خۆیەوە، ئیسلامی سیاسی بە هەموو فۆرمەکانیەوە – شیعە یان سوننە – لە بنەڕەتدا لەگەڵ دێموکراسی و پلۆرالیزم ناگونجێت. حیزبی دێموکرات زۆر جار ڕەخنەی توندی لە دەوڵەتی ئێران گرتووە کە هانی دابەشبوونی ئایینزایی و سەرکوتکردنی ئۆپۆزیسیۆنی عەلمانی و لە هەمان کاتدا نەرمی نواندن یان تەنانەت هاوکاریکردنی هەندێک گرووپی ئیسلامی بۆ لاوازکردنی ناسیۆنالیزمی کوردستانی لە پلانی کاریدا هەیە. هەروەها هۆشداری داوە کە بناژۆخوازی هەڕەشەی تێکدانی خەباتی کوردستان بۆ خۆبەڕێوەبەریی دێموکراسی دەکات بە گۆڕینی بە پاوانخوازییەکی تەسکی ئایینی.

**بەشی پێنجەم:**

**پەیوەندی لەگەڵ بازنەکانی هەڵبژاردنی ئایینی و بەرگریکردن لە فرەییی دیموکراتیک**

سەرەڕای ئەم هەڕەشە ئایدیۆلۆژییانە، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دژایەتیکردنی ئایین یان ئەکتەرە ئایینییەکانی نەگرتووەتە بەر، بەردەوامە لە پەیوەندیگرتن لەگەڵ ئەو سەرکردە ئایینی و دامەزراوانە کە ئامادەن ڕێز لە نۆرمەکانی دیموکراسی بگرن. حیزب دان بەوەدا دەنێت کە لە کۆمەڵگەیەکدا کە ئیمان لە ناوەندی ژیانی ڕۆژانەیە، ڕەواییی سیاسی تەنیا لە ڕێگەی سێکۆلاریزمەوە بەدەست ناهێنرێت.

حیزبی دیموکرات لە بەرنامەی خۆیدا جیاوازی دەکات لەنێوان ئایین وەک باوەڕێکی تاکەکەسی و کولتووری و ئیسلامی سیاسی وەک ئایدۆلۆژیایەکی هەژموونگەرا. ئەو حیزبە بەردەوامە لە پشتگیریکردنی ئەو بیرۆکەیەی کە مزگەوتەکان و قوتابخانە ئایینییەکان و ڕێکخراوە خێرخوازییە ئایینییەکان وەک بەشێک لە کۆمەڵگەی مەدەنی بپارێزرێن، بە مەرجێک پەرە بە توندوتیژی و تایفەگەری و کۆنترۆڵی تیۆکراتیک نەدەن.

**بەشی شەشەم:**

**ڕەگەز و مافە مەدەنییەکان و سێکۆلاریزم لە بەرانبەر بناژۆخوازیدا**

یەکتربڕیی ئایین و جێندەر بوارێکی سەرەکییە کە سێکۆلاریزمی حیزبی دیموکراتی کوردستان تێیدا دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەم حیزبە بەتوندی دژی ئەو لێکدانەوە ئایینییانەیە کە مافەکانی ژنان سنووردار دەکەن وەک دامەزراوەی ڕوحانییەتی شیعە یان گرووپە بناژۆخوازە سوننییەکان. پاڵپشتی چاکسازی لە یاسای خێزان و بەشداریی ژنان لە سیاسەت و مافی خوێندن بە دوور لە زۆرەملێی ئایینی دەکات.

ئایدۆلۆژیا ئیسلامییەکان، بەتایبەت ئەوانەی لەژێر کاریگەریی سەلەفیزمدان، زۆر

جار جیاکاریی ڕەگەزی و فرەژنی و پێکهاتەی خێزانیی پیاوسالاری بەرەوپێش دەبەن. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پێشخستنی شێوازێکی مەدەنیی یەکسانی کە ڕەگ و ڕیشەی لە جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ و نەریتە دێموکراتیکەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا هەیە، بەرپەرچی ئەم بۆچوونانە دەداتەوە.

**دەرەنجام: دیدێکی ڕوونی دێموکراتیک لە دیمەنێکی ئایینیی پارچەپارچەدا**

لە بەرانبەر هەڵکشانی ئایینزایی و بناژۆخوازی و پاوانخوازیی تیۆکراتیکدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پابەندە بە دامەزراندنی حکوومەتێکی دێموکراتیکی سێکۆلار لە ئێرانی فێدراڵدا. هەم ئیسلامی سیاسیی شیعەی ویلایەتی فەقیهی و هەم بناژۆخوازی سوننە لە کوردستاندا وەک هەڕەشەی دووانە بۆ سەر ئازادیی کورد، مافە مەدەنییەکان و یەکگرتوویی نەتەوەیی دەبینێت.

عەلمانییەتی حیزب هاوردەکراو و ئایدیۆلۆژیک نییە، ستراتیژییە؛ ڕەگ و ڕیشەی لە ئەزموونی دەیان ساڵەدا هەیە لە کۆمەڵگەیەکی فرەئایینی و فرەنەتەوەیی و تا دێت جەمسەرگیریدا. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەرزڕاگرتنی چوارچێوەیەکی دێموکراتیکی سێکۆلار کە گەرەنتیی ئازادیی ئایین دەکات و لە هەمان کاتدا ڕێگری لە هەژموونیی ئایینی دەکات، بەردەوامە لە پێشکەشکردنی شێوازێکی سیاسی کە توانای یەکخستنی کوردی بە هەموو بیروباوەڕێکەوە هەبێت لە دەوری دیدگایەکی هاوبەشی دادپەروەری و ئازادی و کەرامەت. ئەم هاوسەنگییە لە سەدەی بیست و یەکەمدا و لە هەشتایەمین ساڵیادی دامەزراندنی ئەم حیزبەدا لە ناوەندی کێیەتی و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ماوەتەوە. خەباتێک نەک تەنیا دژی سەرکوتی دەوڵەت، بەڵکوو دژی پارچەپارچەبوونی ئایدیۆلۆژی لەنێو خودی کۆمەڵگەی کوردستاندا.

# حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و مانەوەی سیستمی حیزبی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

مادح ئەحمەدی

**سەرەتا**

هەشتا ساڵ لەمەوبەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دامەزرا؛ حیزبێک کە ئێستا وەک بەڕابردووترین حیزبی کوردی دێتە ئەژمار، حیزبێک کە لە سەردەمی ڕێژیمی پەهلەوی و دواتریش لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا، چالاکییەکانی قەدەغە بوو ( و قەدەغەیە)، بەڵام بەردەوام بووە لە خەبات. سەرەڕای ئەوەی بەشێوەی یاسایی دەرەتانی چالاکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی نەبووە، سەرەڕای تیرۆری ڕێبەرانی، دەیان پەلاماری سەربازی بۆ سەری، سەرەڕای گرتن و لەسێدارەدانی ئەندامانی، بەڵام هێشتا خاوەن پێگەی جەماوەریی تایبەتە و توانای ڕێکخستنی هەیە. گرنگیی ڕاڤەکردنی ئەزموونی حیزبی دێموکرات لە بەستێنی مێژوویی بزاوتی نەتەوەیی کورددا، لەوەدایە کە لە ئێران نە لە سەردەمی ڕێژیمی پەهلەوی و نە لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا، سیستمی حیزبی بوونی نەبووە و دەسەڵات لەسەر بنەمای هەڤرکێ حیزبی پێک نەهاتووە. لەم بەستێنەدا حیزبی دێموکرات ماوەتەوە و کاریگەریی لەسەر ڕووداوەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبووە. ئەم وتارە بە

ئاماژە بە پێکهاتەی سیاسی و نەبوونی سیستمی حیزبی لە ئێران، تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی کۆماری کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێکهاتن و مانەوەی سیستمی حیزبی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێران. لێرەدا وەڵامی ئەو پرسیارە دەدرێتەوە کە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوای هەشتا ساڵ لە دامەزرانی، هێشتا وەک حیزبێکی کاریگەر لە گۆڕەپانی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماوەتەوە؟ لەم سۆنگەیەوە لە کۆتاییدا تیشک دەخاتە سەر هۆکارە سەرەکییەکانی مانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

### نەبوونی سیستمی حیزبی لە ئێران

هەولێرنامەی کتێب

بە پێچەوانەی وڵاتانی دێموکراتیک و پێشکەوتوو کە پارەتە سیاسییەکان بڕبڕەی هەیکەلی دەسەڵاتی سیاسی پێک دینن و لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە ڕاستەوخۆ لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا ڕۆڵ دەگێڕن، پێکهاتەی دەسەڵات لە ئێران لە سەدەی ڕابردوودا لە ڕۆڵی حیزبەکان و هەڵبژاردنی ئازاد بەتاڵ بووە. بۆ وێنە لە ئەمریکا دوو حیزبی کۆماریخواز و دێموکرات، لە بریتانیا پارتی کرێکار و کۆنسێرڤاتیڤ بڕبڕەی پشتی دەسەڵاتی سیاسین و لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە ململانێیان لەگەڵ یەکتر کردووە و وڵاتیان بەڕێوە بردووە. لە نموونەیەکی جیاوازتردا لە سەنگاپوور، حیزبی کردەوەی گەل (People's Action Party) لە ساڵی ١٩٥٩ەوە لە دەسەڵاتدایە، ئەگەرچی چەند حیزبی دیکەش بوونیان هەیە، بەڵام ئەم حیزبە بەردەوام دەسەڵاتی بەدەستەوە بووە و لە ساڵی ١٩٦٣ سەنگاپووری لەژێر داگیرکاریی بریتانیا ڕزگار کرد و لە وڵاتێکی کاولەوە کردی بە وڵاتێک کە بە خێراییەکی زۆر گەشەی سەند و ئێستا خاوەنی باشترین پاسپۆرت و باشترین فرۆکەخانەیە لە جیهاندا (Lian, ١٩٦٩). ئێران نە مۆدێلی ئەمریکا و بریتانیایە کە سیستمی دەسەڵات دوو حیزبییە و نە مۆدێلی سەنگاپوورە کە خاوەن سیستمێکی پێشکەوتووی یەک حیزبییە.

لە سەردەمی ڕێژیمی بنەماڵەی پەهلەوی‌دا، حیزبە سەربەخۆ و دژبەرەکان بە توندترین شێوە سەرکوت کران. تەنیا حیزبە کارتۆنییەکان کە سەر بە دەربار بوون (وەک: حزب مردم ایران و حزب ایران نوین) ڕێگەپێدراو بوون. ئەم دوو حیزبە لە ساڵی ١٩٧٥دا هەڵوەشانەوە و تێکەڵ بە "حزب رستاخیز" بوون. ئەم حیزبەش لەلایەن خەڵکەوە وەرنەگیرا و لە ئەنجامدا ئەم هەوڵەی حەمەڕەزاشا بۆ سیستمی "یەک-حیزبی" شکستی خوارد و لە ساڵی ١٩٧٨ بە بڕیاری حەمەڕەزاشا هەڵوەشایەوە. ناوبراو دواتر لە بیرەوەرییەکانیدا دان بەوەدا دەنێت کە دروستکردنی ئەم حیزبە هەڵە بوو (Pahlavi, 1980, p.124).

دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩، کۆماری ئیسلامی هەمان ئەزموونی هەڵەی حەمەڕەزاشای دووپات کردەوە. هەر لە یەکەم مانگەکانی دوای شۆڕش، ژمارەیەکی زۆر حیزب و ڕێکخراوی سیاسی دەستیان بە چالاکی کرد، بەڵام زۆری نەخایاند هەموویان قەدەغە کران. بەتایبەتی حیزبە سەربەخۆکان، چەپەکان و بەتایبەتی‌تر حیزبە نەتەوەییەکان و یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. کەمتر لە دوو حەفتە دوای شۆڕش، کەسانێک وەک: بەهشتی، هاشمی ڕەفسەنجانی و خامنەیی "حزب جمهوری اسلامی"یان دامەزراند. مەبەست لە دامەزراندنی ئەم حیزبەش، دژایەتیی حیزبە نەتەوەیی و چەپەکان بوو. ئەم حیزبەش لە ئەنجامدا تووشی چارەنووسی "حزب رستاخیز" بوو و لە سەرەتای جوونی ١٩٨٧ بە بڕیار خومەینی هەڵوەشایەوە (M. Corstange 2000).

بە کورتی دەتوانین خاڵە هاوبەشەکانی نێوان ڕێژیمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی بەم جۆرە پۆلێن بکەین:

لە هەر دوو ڕێژیمەکەدا، حیزبەکان هەیکەیلی دەسەڵاتی سیاسی پێک ناهێن. واتە دەسەڵات لە دەستی چەند کەسێکدا پاوان کراوە و حیزب ناتوانێت دەور بگێڕێت.

لە ڕێژیمی پەهلەوی‌دا، هەموو دەسەڵاتەدا لای "شا" بوون و لە کۆماری ئیسلامیش‌دا لە لای "ڕێبەر" (ولی فقیە)ە.

هەوڵدان بۆ سیستمی "یەک – حیزبی" کە هەر دوو تووشی شکست بوون.

قەدەغەکردنی چالاکیی حیزبە نەتەوەیی و سەربەخۆەکان و سەرکوتی ئەندامان و لایەنگرانیان.

لەوەها دۆخێکی سیاسی‌دا کە چالاکیی حیزبەکان قەدەغە بووە، مانەوەی حیزبێکی سیاسیی دژبەر بۆ ماوەی چەند دەیە، پرسێکی پڕ گرنگە کە پێویستە خوێندنەوەی تایبەتی بۆ بکرێت. لێرەدایە کە ئەزموونی مانەوە و بەردەوامیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، مانایەکی دیکەی هەیە.

## ڕۆڵی کۆماری کوردستان

کۆماری کوردستان کە لە ٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦دا بە ڕێبەریی قازی محەممەد دامەزرا، وەرچەرخانێکی مێژوویی گرنگ بوو کە تا ئێستاش باندۆڕی لەسەر مانەوەی ستراکچێری حیزبی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماوە. ئەگەرچی تەمەنی کۆماری کوردستان ٣٣٠ ڕۆژ بوو، بەڵام کاریگەرییەکانی میراتی سیاسی و کولتووریی کۆمار سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشی دەرباز کرد و سەرپاکی بزاوتی سیاسیی کوردی لە پارچە جیاوازەکانی کوردستان گرتەوە (قاسملوو، ١٩٨٥).

چەند دەستکەوتی گرنگی کۆماری کوردستان کە کاریگەرییان لەسەر کۆی پێکهاتەی بزووتنەوەی کورد و سیستمی حیزبی هەبووە، دەتوانین بەم شێوە ئەژمار بکەین:

بەکارهێنانی زمانی کوردی لە پەروەردە و دامەزراوەکانی کۆمار.

دەرکردنی چەند گۆڤار و ڕۆژنامە بە زمانی کوردی.

پێکهێنانی یەکیەتییەکانی ژنان و لاوان

پێکهێنانی سوپای نەتەوەیی کوردستان و دانانی ناوی پێشمەرگە

پەسەندکردنی سروودی "ئەی ڕەقیب" وەک سروودی نەتەوەیی کوردستان

پێکهێنانی بەستێنی بەشداریی سیاسی بۆ چین و توێژە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگە

عەبباس وەلی (٢٠١١) لەسەر ئەو باوەڕەیە کە کۆماری کوردستان وەک ئەزموونێکی سیاسیی کورت بووە بە مۆدێلێکی مۆدێرن و دێموکراتیک بۆ سیاسەتکردن(وەلی، ٢٠١١). لەم بارەوە دوکتور قاسملوو (١٩٨٥) لە کتێبی "چل ساڵ خەبات لەپێناوەی ئازادیدا " لەسەر ئەوە باوەڕەیە کە کۆماری کوردستان لە ماوەی ٣٣٠ ڕۆژدا توانی گەلێک دەستکەوتی گرنگ و مێژوویی تۆمار بکات (قاسملوو، ١٩٨٥)..

## کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان

وەک ئاشکرایە کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان بە پشتیوانیی یەکیەتیی سۆڤییەت دامەزران. بۆیە، پاش کشانەوەی هێزەکانی سۆڤییەت و هێرشی ئەرتەشی ئێران، هەم کۆماری کوردستان و هەم کۆماری ئازربایجان ڕووخان. ئەوەی جێگەی تێڕامانە، چارەنووسی "حیزبی دێموکراتی کوردستان" و "فرقەی دێموکراتی ئازەبایجان"ـە کە یەکیان لە مەهاباد و ئەوی دیکەیان لە تەورێز، کۆماری خۆیان ڕاگەیاند. بڕیاری پێشەوەری و ڕێبەرانی فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان، چارەنووسی فرقەی دێموکراتی ئازەربایجانی بەرەوە نەمان برد. لە بەرانبەردا، بڕیاری پێشەوا قازی محەممەد و دواتر ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات، چارەنووسی حیزبی دێموکراتیان بە ئاراستەی مانەوە و هەڵکشان برد. بۆیە چارەنووسی هەر دوو حیزبەکە جیاواز بوو (قاسملوو، ١٩٨٥).

جیاواز لەمە، بڕیاری پێشەوا قازی محەممەد بۆ مانەوە لەنێو خەڵکدا (ئەگەرچی لە سێدارە درا)، کاریگەریی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی دوای ڕووخانی کۆمار و ئاراستەی ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکرات دانا. پێشەوا قازی محەممەد بەم بڕیارە بوو بە ڕەمزی نەتەوەیی کورد و تا ئەم ساتەش هیچکام لە ڕێبەرانی کورد لە بەشە جیاوازەکانی کوردستان، نەیانتوانیوە بگەنە ئەو ئاستە. واتە، پێشەوا تەنیا ڕەمزێکی نەتەوەیی کە زۆربەی هەرە زۆری حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان ڕێزی لێ دەگرن. لە بەرانبەردا، جەعفەر پیشەوەری و ڕێبەرانی دیکەی فرقەی دێموکراتی

ئازەربایجان، بڕیارێکی تەواو پێچەوانەیان دا. ئەوان دوای هێرشی ئەرتەشی ئێران بەرەوە باکۆ هەڵاتن، بۆیە لە ئەنجامدا نە پیشەوەری بوو بە ڕەمزی ئازەرییەکان و نە فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان مایەوە. ئەم بەراوردە، ئەوە دەسەلمێنێت کە بڕیاری پێشەوا قازی محەممەد و ئەزموونی کۆماری کوردستان کاریگەرییەکی گرنگیان لەسەر مانەوەی حیزبی دێموکرات و دواتر گەشەی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و سیستمی حیزبی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دانا.

جیا لە قۆناغی کۆمار، دواتر فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان لە ساڵی ١٩٦٠ تێکەڵ بە حیزبی توودە بوو و بەتەواوەتی شوناسی سەربەخۆی خۆی وەک ڕێکخراوێکی سیاسی لەدەست دا. (Hezb Tudeh Iran 2021) لە بەرانبەردا حیزبی دێموکرات بەرەوە سەربەخۆیی سیاسی هەنگاوی نا و لە ساڵی ١٩٧٠ پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ حیزبی توودە پچڕاند و لەژێر ڕێبەرایەتیی دوکتۆر قاسملوودا وەک حیزبێکی نەتەوەیی سەربەخۆ درێژەی بە کار و تێکۆشان دا و مایەوە (حەسەنHزادە، ٢٠٠٢).

### چەند نموونەی دیکە

لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا لە ناوچەکانی دیکەی چوارچێوەی جوگرافیای ئێران چەند جووڵانەوەی سیاسی سەریان هەڵ داوە، بەڵام دوای ماوەیەک نەیانتوانیوە درێژەی پێ بدەن و لەناو چوون. لە ساڵی ١٩٢٠ کۆماری سووری گیلان بە ڕێبەریی "میرزا کوچک خان" و پشتیوانیی سۆڤییەت دامەزرا. هێزەکانی ئێران زوو هێرشیان کردە سەر و شکستیان خوارد و لەناو چوون. لە ١٩٢٠ لە لۆڕستان شەڕی نێوان هێزەکانی دەوڵەت ئەو هۆزانەی کە ئامادە نەبوون بچنە ژێر کۆنترۆڵ و هێژمونی دەوڵەتی ناوەندییەوە، دەستی پێ کرد. ئەوکات ڕەزاخان وەزیری بەرگریی ئێران بوو. دوای ١٣ ساڵ لە ئەنجامدا تووشی شکست هاتن و لەناو چوون. لە ناو بەختیارییەکان و قەشقاییەکانیش بە هەمان شێوە، چەند جووڵانەوەیەک سەریان هەڵدا، بەڵام زوو سەرکوت کران و نەمانەوە (سەیدی، ٢٠٢٢). بۆیە لە ئەنجامدا ئەم

جووڵانەوانە نەیانتوانی ستراکچێرێکی ڕێکخراوەیی و حیزبی پێک بێنین کە بۆ دواتر بمێنێتەوە. بە کورتی هۆکارەکانی لەناوچوونی ئەو جووڵانەوانە دەکرێت بەم شێوە پۆلێن بکەین:

دووربوون لە سنووری نێودەوڵەتی، بۆ ئەوەی لە کاتی هێرشدا، بکشێنەوە و دواتر لەوێوە خۆیان ڕێک بخەنەوە.

گرێدراویان بە تاکەوە؛ واتە زیاتر خەڵکەکەیان گرێدراوی ڕێبەریی تاک بوون نەک قەوارەی ڕێکخراوەیی. بۆیە دوای نەمانی ڕێبەرەکانیان، جووڵانەوەکەشیان نەماوە.

سەرکوتکردنیان لەلایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە.

نەبوونی پشتیوانی دەرەکی.

لە نموونەیەکی دیکەدا لە سیستان و بەلووچستان، پێش شۆڕشی ١٩٧٩، جووڵانەوەی نەتەوەیی هەبووە کە لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە سەرکوت کراون و دواتر پەڕیوەی بەلووچستانی پاکستان بوون. ئەمانە لەگەڵ ئەوەی کە دەستیان بە سنووری نێودەوڵەتی ڕاگەیشتووە، بەڵام لەژێر کاریگەریی ئیسلامی سیاسیدا، ڕەوتی کاری ڕێکخراوەییان گۆڕدراوە. ئەم بزاوتانە کە دەکشێنەوە بۆ ناوچەی بەلووچستانی پاکستان، لەوێ دەکەونە ژێر کاریگەریی ئیسلامی سیاسییەوە و پرسە نەتەوەییەکانیان لا کەمبایەخ و لاواز دەبێت (سەیدی، ٢٠٢٢). ئەم ڕەوتە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە سیستان و بەلووچستان کەسایەتییە ئایینییەکان دەور بگێڕن. بۆ وێنە لە کاتێکدا لە کوردستان لە سەردەمی شۆڕشی ژینا حیزبەکان دەوریان دەگێڕا، لە سیستان و بەلووچستان "مەولەوی عەبدولحەمید" دەوری دەگێڕا. کەواتە لە مۆدیلی سیستان و بەلووچستاندا، ئایین دەوری هەبووە لەوەیکە ئاراستەی کاری ڕێکخراوەیی و حیزبی وەک کوردستان نەبێت.

**هۆکارەکانی مانەوەی حیزبی دێموکرات و سیستمی حیزبی لە ڕۆژهەڵات**

ئەگەر ئەزموونی کوردستان و بەتایبەتی‌تر ئەزموونی حیزبی دێموکرات بەراورد بکەین لەگەڵ ئەم نموونەگەلە، ئەو کات جیاوازییەکە زیاتر دەردەکەوێت. هەڵکەوتەی جوگرافیایی و دەستڕاگەیشتن بە سنوور، ڕۆڵی ڕێبەران، چەپبوون و سێکۆلاربوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان لە ڕۆژهەڵات و زۆر فاکتەری دیکە دەتوانین دەستنیشان بکەین.

بەسەرنجدان بەو خوێندنەوەی سەرەوە و ئەو نموونەگەلەی کە باسیان کرا، دەتوانین هۆکارەکانی مانەوەی سیستمی حیزبی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕوانگەیەکی بەراوەردکارانە بەم شێوەیە دەستنیشان بکەین:

**یەکەم)** شوناسخوازی و ڕەتکردنی دەسەڵاتی ناوەند: ناسیۆنالیزمی کوردی لە دوای "شۆڕشی مەشرووتە"وە بەرانبەر بە تیزی "یەک نەتەوە – یەک وڵات" بەردەوام لە ململانێ دا و و هیچ کات هەژمونی دەسەڵاتی ناوەندیی قەبووڵ نەکردووە. جووڵانەوەی سمکۆ، دامەزارنی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان و چەند دەیەی خەباتی چەکدارانە بەڵگەی حاشاهەڵنەگری ئەم ململانێیەیە (بازیار، ٢٠١٨). ئەمە لەکاتێکدایە کە هاوشێوەی مۆدێلی کوردستان لە ناوچەکانی دیکەی ئێران نابیندرێت.

**دووەم)** سێکۆلاربوونی بزووتنەوەی کورد: بە پێچەوانەی ناوچەکانی دیکەی ئێران لە کوردستان هەمیشە حیزب و سێکۆلار و چەپەکان باڵادەست بوون کە دیارترینیان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. بو وێنە دروشمی خۆپێشاندان لە کاتی ڕووخانی ڕێژیمی شا لە ساڵی ١٩٧٩. لە کوردستان شۆڕشەکە نیوەڕۆکێکی نەتەوەیی هەبوو، لە شارەکانی ئێران شۆڕشێکی ئیسلامی بوو. لە کوردستان حیزبە سیکۆلار و چەپەکان دەوریان هەبوو، لە شارەکانی ئێران ڕوحانییەتی شیعە (بازیار، ٢٠٢٠).

**سێیەم)** هەڵکەوتەی جوگرافیایی و سنووری نێودەوڵەتی: ڕۆژهەڵاتی کوردستان



هەواڵنامەی کێتر

هاوسنووره لەگەڵ باکوور و باشووری کوردستان. واتە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی دەستیان بە سنووری نێودەوڵەتی ڕاگەیشتووه. بۆ وێنە دوای قۆناغی کۆماری کوردستان ژمارەیەک لە ئەندامان و کاربەدەستانی حیزبی دێموکرات لە باشووری کوردستان دیسان حیزب ڕێک دەخەنەوه. یان دوای هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبەکانی دیکەش قۆناغ بە قۆناغ بۆ ناو خاکی باشووری کوردستان کشاونەتەوه. واتە شوێنێک هەبووه کە بکشێنەوه و لەوێ خۆیان ڕێک بخەنەوه.

**چوارەم)** بەکارهێنانی شێوازه جۆربەجۆرەکانی خەبات: حیزبی دێموکرات لەگەڵ بەڕێوەبردنی شەڕێکی سەختی پارتیزانی لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ی هەتاوی لە دژی کۆماری ئیسلامی، هاوکات شێوازەکانی دیکەی خەباتی پشتگوێ نەخستووه. هەر لەم قۆناغەدا "دەفتەری پاریس" دەکاتەوه کە دەبێتە پردی پێوەندیی نێوان ناوندە جۆربەجۆره نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ بزووتنەوەی کورد لە پارچەکانی کوردستان. هەروەها ئەندامان و لایەنگرانی خۆی ڕێک خستووه و لە دوو دەیەی ڕابردووشدا بایەخی زۆری بە خەباتی مەدەنی و مانگرتنی گشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوه.

**پێنجەم)** پێگەی جەماوەریی: بزووتنەوەی کورد یان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خاوەن پێگەیەکی قووڵی جەماوەرییە و هەر ئەمەش یەکێک لە هۆکاره سەرەکییەکانی مانەوەی حیزبی دێموکراتە. بۆ وێنە تا ئێستا لە چوار دەیەی ڕابردوودا، هیچکام لە کەسایەتی و حیزبە سەراسەرییەکانی نەتەوەی سەردەست نەیانتوانیوه مانگرتنێکی گشتی لە ناوچەکانی خۆیان ڕێک بخەن، بەڵام لە کوردستان حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکە، چەند مانگرتنی سەرکەوتووانەیان لە دژی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بەڕێوه بردووه. ئەمە یەکێک لەو خاڵانەیە کە کوردستان لە ناوچەکانی دیکەی ئێران جیا دەکاتەوه.

**شەشەم)** ڕۆڵی میدیا: حیزبی دێموکرات لە هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوه گرنگیی بە ڕۆڵی میدیا داوه و لەم ڕێگایەوه هەوڵی داوه کاریگەری لەسەر ڕای گشتی دابنێت.

لـەم ڕووەوە سـەرەتا بـە ڕۆژنامـەی کوردسـتان دەسـت پـێ دەکات. دوای شۆڕشـی ١٩٧٩، ڕادیۆ دادەمەزرێنێ و لـە دوو دەیـەی ڕابردووشدا تەلەفزیۆن و ئێستاش تۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان. واتە حیزبی دێموکرات کەڵکی لـەم ئامرازانە وەرگرتووە بۆ ئـەوەی لەنێو خەڵکدا بمێنێتـەوە.

ئـەم چەنـد هـۆکارە، دەکـرێ وەک سـەرەکیترین هـۆکارەکان بـۆ مانـەوەی حیزبـی دێموکرات و سیسـتمی حیزبی لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان بێنە ئەژمـار. بێگومـان ئەگەر لـە ڕووبەرێکی فراوانتردا خوێندنـەوە بۆ ئـەم بابەتـە بکەین، ئـەوا دەکرێت زۆر فاکتەری دیکـەش دەسـتنیشـان بکرێـن کـە لەسـەر ئـەم مـژارە بـە بـەراورد لەگـەڵ ناوچەکانـی دیکـەی ئێران، کاریگەرییـان هەبووە.

هەواڵنامەی کتێب

**ئەنجام:**

لـەم بابەتـەدا، بەکورتـی نەبوونـی سیسـتمی حیزبـی لـە ئێران، ڕۆڵـی کۆمـاری کوردسـتان و بەراوردکردنـی لەگـەڵ کۆمـاری ئازەربایجـان، هەروەهـا بەراوردکردنـی چارەنووسـی حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێران و فرقـەی دێموکراتـی ئازەربایجـان تاوتـوێ کـرا. جیـاواز لەمانـە ئەزموونـی چەنـد جووڵانەوەیـەک لـە گیـلان، لۆڕسـتان، قەشـقاییەکان و سیسـتان و بەلووچسـتان خرایـە بەربـاس. بـەم پێیـە بۆمـان دەردەکەوێت کـە سـەرەڕای نەبوونـی سیسـتمی حیزبـی و داخراوبوونـی فـەزای سیاسـی لـە سـەردەمی پەهلـەوی و دواتـر لـە کۆمـاری ئیسـلامی‌دا، حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران بـۆ مـاوەی هەشـت دەیـە توانیویەتـی وەک حیزبێـک بمێنێتـەوە و کاریگەریـی لەسـەر ڕووداوەکانـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان هەبێـت، بـە جۆرێـک کـە لـە تاراوگـە سیسـتمی حیزبـی و ڕێکخراوەیی لـە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پاراسـتووە، ئەمـەش لەکاتێکدایـە کـە هاوشـێوەی ئەزموونـی حیزبـی دێموکـرات لـە ناوچەکانـی ئێـران بوونـی نییـە.

هۆکارێکـی دیکـەی ئـەم جیاوازییـە ئەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە بزووتنـەوەی شوناسـخوازانە و نەتەوەیـی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، بزووتنەوەیەکـی

تـەواو سـێکۆلار بـووە و نەکەوتووەتـە ژێر کاریگەریـی ئاییـنەوە هاوشـێوەی سیسـتان و بەلووچسـتان. لەگـەڵ ئـەوەش ئـەم بزووتنەوەیـە کـە حیزبـی دێموکـرات تـا ئـەم قۆناغـە ڕێبەرایەتـی کـردووە، هیچکات بەرانبـەر بـە دەسـەڵاتی ناوەنـد تووشـی "وەهـم" و خۆشـباوەڕی نەهاتـووە و هەمیشـە وەک داگیرکـەر سـەیری دەسـەڵاتی ناوەندیـی کـردووە. جیـاواز لەمانـە، حیزبـی دێموکـرات و هێـزی پێشـمەرگەی حیزبـی دێموکـرات توانیویانـە لـە سـنوورە نێودەوڵەتییـەکان کەڵـک وەربگـرن بـۆ مانـەوە و پەڕینـەوە لـە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکـە. دیارە بزاوتـە نەتەوەییـەکان لە سیسـتان و بەلووچسـتان و فرقـەی دێموکراتی ئازەربایجانیش دەسـتیان بـە سـنووری نێودەوڵەتـی ڕاگەیشـتووە، لـە مۆدێلـی سیسـتان و بەلووچسـتاندا ئاییـن چارەنووسـی بزاوتـە سیاسـییەکەی بـە ئاراسـتەیەکی دیکـەدا بردووە و هێشـتا کارکتـەرە ئایینییـەکان دەور دەگێڕن. لـە مۆدێلـی فرقـەی دێموکراتـی ئازەربایجانیشـدا، بڕیـاری هەڵـەی ڕێبەرانیـان بـەرەو لەناوچوونـی بردن. هـەم گرێدراویـان بە باکۆ و هـەم تێکەڵبوونیـان بـە حیزبـی تـوودە دوو هـۆکاری بنەڕەتیی نەمانـی فرقـەی دێموکراتـی ئازەربایجانـن.

ئەزموونـی کۆمـاری کوردسـتان لـە ڕۆژهـەڵات هـەم بـۆ حیزبـی دێموکـرات و هـەم بـۆ حیزبـە کوردییەکانی دیکە پڕ کاریگـەر و گرنگـە. واتـە کۆمـار بووەتـە قوتابخانەیـەک بـۆ بەشـێکی زۆری حیزبـە کوردییـەکان لـە بەشـە جیاوازەکانـی کوردسـتان. بەجۆرێـک کـە ڕەنگدانـەوەی دەسـتکەوتەکانی کۆمـار (وەک نـاوی پێشـمەرگە و سـروودی ئـەی ڕەقیـب) لـە زۆربـەی هـەرە زۆری حیزبـی و ڕێکخـراوە کوردییەکانـدا دەبیـن. کەواتـە ئـەم باکگراونـدە بـۆ حیزبـی دێموکـرات، کـە دامەزرێنـەری کۆمـاری کوردسـتانە زۆر پـڕ بایەخـە. جیـاواز لـەم قۆناغـە، بەپێچەوانـەی ڕێبەرانـی فرقـەی دێموکراتـی ئازەربایجـان کـە تێکـەڵ بـە حیزبـی تـوودە بـوون، دوکتـۆر قاسـملوو لـە سـاڵی ١٩٧٠ پێوەندییەکانـی حیزبـی دێموکـرات لەگـەڵ حیزبـی تـودە دەپچڕێنێـت و بـەم بڕیـارە ڕێگـە لـە تێکـەڵ بـوون و توانـەوەی حیزبـی دێموکـرات لەنـاو حیزبـی توودەدا دەگرێـت. لـە ڕاسـتیدا، ئـەم بڕیـارە چارەنووسـی حیزبـی دێموکـرات دەگـۆڕێـت.

بەگشتیی، لە وڵامی ئەو پرسیارەی کە لە سەرەتاوە باسمان کرد، دەکرێ بێژین ئەزموونی مانەوەی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرهەمی کۆمەڵێک فاکتەری سەرەکییە کە هەموویان یەکانگیر بوون و لە کۆماری کوردستانەوە تا ئەمڕۆ یارمەتیدەر بوو کە حیزبی دێموکرات لەناو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بمێنێتەوە. ئەمەش لەکاتێکدایە کە دەسەڵاتی زاڵ لە ئێران دژی حیزبی دێموکرات و هەر چەشنە چالاکییەکی پارتە سەربەخۆ و نەتەوەییەکان بووە. واتە لە فەزایەکی دژە حیزبیدا، حیزبی دێموکرات و ڕۆژهەڵاتی کوردستان مۆدێلێکی تەواو جیاوازن کە لە ڕووی مێژوویی و سیاسییەوە کوردستان لە ناوچەکانی دیکەی جوگرافیای ئێران جیا دەکاتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

**سەرچاوەکان:**

Baziyar, S. (2018). Roji geshbini be dahatooi khabati hoonaskhwazane kurd. Kurdistan, Issue 740, pp.4–5.

Baziyar, S. (2020). Ager raparini 1979 islami bu, le Kurdistan le ser benemay maf w wisty netewai bu. Kurdistan, Issue N: 768, pp.7–8. Hardi Salimi's interview with Dr Smael Baziyar.

Ghasemlou , A. (1985). Chl Sal Xebat Le Penawi Azadida. Kwrte Mejui Hezbi Democrati Kurdistani Iran. Komisioni Chapamani Hezbi Democrati Kurdistani Iran.

Hassan Zadeh , A. (2002). Niw Sade Tekoshan. Komisioni Chapamani Hezbi Democrati Kurdistani Iran.

Hezb Tudeh Iran (2021). Hasht dahe mobarezey hezb tudehay kar w zahmat. London: Entesharat Hezb Tudeh Iran.

Lian, P.C. (1969). The People's Action Party, 1954-1963. Journal of Southeast Asian History, Vol. 10, No. 1(Issue 1819-1969), pp.142–154.

M. Corstange, D. (2000). IRAN: The Party System from 1963 to 2000. https: //www.janda.org/ICPP/ICPP2000/Countries/7-MiddleEastNorthAfrica/77-Iran/77-Iran63-00.htm, [Accessed 4 Apr. 2023].

Merat Amini, P. (2002). A Single Party State in Iran, 1975-78: The Rastakhiz Party - the Final Attempt by the Shah to Consolidate his Political Base. Middle Eastern Studies, 38(1), pp.131–168.

Pahlavi, M.R. (1980). Answer to history. New York: Stein And Day.

Seyedi, H. (2022). Snur bezandn u eawdiw buni sorsgeran le bzutnewey kurd da. https: //www.youtube.com/watch?v=IPYKntTsYc8, [Accessed 19 Apr. 2023].

UK Parliament (2019). The Party System. [online] UK Parliament. Available at: https: //www.parliament.uk/about/mps-and-lords/members/partysystem/ [Accessed 3 Apr. 2023].

Vali, A. (2011). Kurds and the State in Iran. London: I.B.Tauris & Co Ltd.

# بەرگژەکانی بەردەم ۸ دەیە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات

ئەلبورز ڕۆئینتەن

هەواڵنامەی کوردستان

**پێشەکی**

لە ساڵڕۆژی حیزبێکی وەک حیزبی دێموکرات زۆر جار باس لە ڕابردووی حیزب دەکرێت و قوناغە جیاوازەکان دەکەونە بەر نەشتەری نەشتەرگەری و خەسار و شانازییەکان لێک دەدرێنەوە کە بەحەق ئەگەر تەوەری بابەتەکە حیزبی دێموکرات بێت زۆریش پێویستە، چونکە خەباتی ئەو حیزبە بە خەباتی گەلێک و وڵاتێک دەناسرێت کە بە نارەوایی کەوتووەتە جوگرافیای سیاسیی ئێران و بەدرێژاییی ژیانیشی ڕووبەڕووی ستەمێکی بێوێنە بووەتەوە و قوربانی و فیداکاریی زۆریشی بۆ داوە، هەر ئەوەی حیزبی ڕێبەرانی ناسراو کاریگەر و زانا و لێهاتووی کورد وەک پێشەوا، قاسملوو و شەرەفکەندی و هەزاران شەهید بەڵگەیە بۆ ئەم ڕاستییە. بەڵام ئەوەی من دەمهەوێت لە هەشتا ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتدا باسی لێوە بکەم داهاتووی ئەو حیزبەیە، بۆ ئەوەی ئاستەنگەکان و ئالەنگاریی سەر ڕێگە زیادتر بخەینە بەر باس و هەروەها ئەرک و بەرپرسیارەتییەکان ڕوون بکەینەوە، چونکە وێڕای شانازی بە ڕابردووی پڕ لە فیداکاری، ئەرکی بەتایبەت نەوەی ئێستەمان و بەتایبەتیریش لەنێو حیزب ئەوەیە کە هەرچی زووتر ئامانجی شەهیدان کە خۆی لە ڕزگاریی کوردستان و کورد دەبینێتەوە، بەدی بێت.

خەبات بۆ خەبات نییە، خەبات بۆ سەرکەوتنە؛ لە لایەکی دیکەوە وتەیەکی سەر زاری تێکۆشەرانی نێو شۆڕش هەیە کە دەوترێت: "شۆڕش بەپەلە ناکرێت". پێم وایە لە دوای زیادتر لە سێ چارەکە سەدە تەمەنی حیزبێک کاتی ئەوە هاتووە کە پەلە بکرێت، چونکە ناکرێت لە کاتێک مرۆڤایەتیی دنیای پێشکەوتوو شۆڕشەکانی پیشەسازی، بەجیهانیبوون، شۆڕشی گەیاندن و پەیوەندی، شۆڕشی دیجتاڵ و تەکنۆلۆژی، ئێستەش لە سەردەمی شۆڕشی ژیریی دەستکرد یەک بە یەک تێپەڕ بکات و ئێمەی کورد هەنووکەش لەو ڕستەیەی "ڕۆسۆ" لە سەردەمی شۆڕشی فەڕانسە و ڕۆشنگەری کە دەیوت "مرۆڤەکان بە یەکسانی و ئازادی لە دایک دەبن و دواتر زەنجیریان دەکەن" بمێنینەوە و ئێستەش خەریکی سەلماندنی ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە بین کە ئێمە تاوانێکمان نییە زمانی نەتەوەییمان کوردییە و مافی خۆمانە قسەی پێ بکەین و بخوێنین و بنووسین.

لەوەها دۆخێکدا حیزبی دێموکرات دوای هەشتا ساڵ خەبات و تێکۆشان هەشتا ساڵ قوربانیدان مێژوویەکی پڕ لە هەوارز و نشێو ئەرک و بەرپرسیارەتیی قورسی لەسەر شانە بۆ ئەوەی لانی کەم بەر لە سەدەیەک خەباتی خۆی بگەیەنێتە ئەنجام، ئەگەر نا پێویستە ڕێکاری دیکە جا بە دڵخواز یان لە ڕووی ناچاری، ببینرێتەوە. هەر لەو ڕوانگەیەوە باسی چەند تەوەری گرنگ وەک ڕووبڕکێ ڕووبەڕووی کاری حیزبیمانن، پێویستییەکی هەنووکەییە و تەنانەت درەنگیش بووە.

## کوردستانیبوون یان ئێرانیبوون!

لێرەدا مەبەست ئەوە نییە بچمە سەر باسی سەربەخۆییخوازی یا فیدراڵخوازی، چونکە پێش ئەوەی باسێک لەسەر ئەوانە بکرێت، پێویستە ئێمە دیاری بکەین کە کوردستانتەوەری سیاسەت دەکەین یا ئێرانتەوەری، چونکە لە سیاسەتی کوردستانتەوەریدا، کوردستان چەقی سەرەکیی سیاسەتە و ئیتر چارەنووسی تاران بۆ کورد ئەولەوییەتی خۆی لەدەست دەدات، تەنانەت ئەو کاتەی لە ئەولەوییەتیشدا بێت مەبەست چارەنووسی کوردستان بێت. حیزبی دێموکرات جیا لە سەردەمی دامەزراندنی

کۆمەڵەی "ژ . ک." و کۆماری کوردستان، واتە لە نیوەی دووەمی کۆمەڵەی "ژ . ک." تاکوو ئەمڕۆ بەدوای چارەسەریی پرسی کورد لە تارانە، چ ئەو کاتەی شەڕ لەگەڵ تاران دەکرد و چ ئەو کاتەی دانوستاندن لەگەڵ تاران دەکرد، دەیهەویت ئەوە بسەلمێنێت کە کوردەکان دەیانهەوێت لە وڵاتی ئێران بە هەبوونی هەندێک مافەوە بژیێت، تەنانەت زۆر جار لانی کەمی ویستەکانی کورد داوا دەکات، ئەو ستراتیژییە بەدرێژاییی ساڵانی ڕابردوو نەیتوانیوە دڵ و مێشکی حاکمانی تاران و تەنانەت نەتەوەی فارس کە حوکمڕانیش نین و ئۆپزیسیونی بە ناو دێموکاتیکی ڕێژمیشن بۆ ئەو لانی کەمی ویستەکان ڕازی بکات. لایەنێکی دیکەی ئێرانتەوەریبوونی سیاسەتی حیزب خۆی لە دروشمەکەشی بۆ ساڵانی زۆر واتە "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" فورموولە کراوە، لێرەدا دامەزراندنی دێموکراسی لە تاران وەک پێداویستیی خودموختاریی کوردستان دانراوە و پێش لە خودموختاری هاتووە، بە خوێندنەوەیەک بۆ دۆخی پرسی کورد وەک پرسی نەتەوەیەک کە لە وڵاتی خۆی ئازاد نییە و خاکەکەشی واتە کوردستان بە تێڕوانینیکی داگیرکەرانە بەڕێوە دەبردرێت، لەپێشخستنی دێموکراسی بۆ ئێران ناتوانێت چارەسەر بێت، چونکە تەنانەت دێموکراسیخوازەکانی ڕاستەقینەی تاران لەسەر پرسی کورد و کوردستان زۆر جیاوازتر لە حوکمڕانیی دیکتاتۆر بیر ناکەنەوە، لە دۆخێکی وەهادا داوای دێموکراسی بۆ تاران تەنانەت ئەگەر کردەنی و جێبەجێش بکرێت، ناتوانێت پرسی نەتەوایەتیی کورد لە کوردستان چارەسەر بکرێت.

لایەنێکی دیکەی سیاسەتی ئێرانتەوەری، خۆگرێدانە بەو تێزەی کە دەوترێت "ئێمە ڕێژیمان لە تاران پێ نارووخێنێت، کەوایە ئێمە دەبێت چارەنووسی خۆمان گرێ بدەینە چارەنووسی ئەوانەی دەیانهەوێت ڕێژیم لە تاران برووخێنن، بێ ئەوەی بیر لەوە کرابێتەوە کە ئەوانەی دەیانهەوێت ڕێژیمیش برووخێنن، سەبارەت بە کورد وەک ڕێژیمی ئێران بیر دەکەنەوە، ئەوەش وا دەکات ئەزموونی دروستکردنەوەی ئەو وڵاتەنە بە کورد بۆ ئەوەی دواتر کورد سەرکوت بکەن کە لە مێژوودا زۆر دووبارە بووەتەوە چەندبارە ببێتەوە، هەر ئەوەش وای کردووە کە سیاسەتی چاوەڕوانیی شۆڕشی

نەتەوەیەک کە سەدان ساڵە خەبات دەکات، بکاتە چارەنووس و ژێربیری کە هەموو ئەو هێزە و پوتانسیلەی کە لەنێو کۆمەڵگای کوردستاندا هەیە، بەفیڕۆ دەدات و وەک ئاکامێکی سیاسەتی ئێرانتەوەری لە ساڵانی ڕابردوودا زیانی لە کورد داوە. کۆی ئەو سیاسەتانە خۆی لە بەتەوەرگرتنی ئێران و تاراندا دەبینێتەوە و بەدرێژاییی تەمەنی حیزب وەک تێڕوانین و بەستێنی تیۆریی حیزب خۆی لە دووتوێی بڕیارات و سیاسەت و دروشمەکانی دەرخستووە و نەشیتوانیوە هەنگاوێکییش پرسی نەتەوەی ئێمە لە ئاست گۆڕینی مێنتالیتەی حوکمڕانانی تاران و داواکارانی حوکمڕانیی تاران بەرەوپێش ببات.

بە خوێندنەوەی ئەو مێژووە و هەروەها لێکدانەوەی دۆخی ئێستە بەتایبەت هۆشیاریی نەتەوەیی و هزری گەشەی بێوێنەی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوە دەخوازێت لە سیاسەتی ئێرانتەوەری دوور بکەوینەوە و بەرەو سیاسەتی کوردستانی هەنگاو هەڵگرین. لە سیاسەتی کوردستانتەوەریدا ڕووخاندی ڕێژیم لە تاران نا، بەڵکوو لە کوردستان ئەولەوییەتە، واتە ئێمە بەدوای ڕزگاریی کوردستان و ئازادیی کوردین، جا لە درێژەی ئەو سیاسەتەدا چارەنووسی تاران بۆ خزمەتکردنی ئەو ویستەی ئێمە گرنگی دەنوێنێت. ئەوکات لە جیاتیی هەوڵی سەلماندنی ئێرانیبوونمان و جیاییخوازنەبوونمان، هەوڵی ناساندنی پرسی نەتەوەییمان وەک پرسی نەتەوە و خاکێکی داگیراو دەدەین. لە جیاتیی هەوڵ بۆ دێموکراسی لە تاران، هەوڵی ڕزگارکردنی ئیلام، کرماشان، سنە، مەهاباد و ئورمیە و ... لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دەدەین. لە جیاتیی دروستکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ چوار فارس بەبێ ڕێکخراو و لایەنگر، هەوڵی ڕێکخستنەوەی نێومالّی کوردسیان لە دەوری تەوەری ڕزگاریی کوردستان دەدەین؛ لە جیاتیی ئەوەی بڵێین لە ئێراندا دێموکراسی نییە، بە هاوار دەڵێین لە کوردستانی داگیرکراودا کورد ئازاد نییە.

ئەگەر ئەوانە لە ڕووکەشدا وەکیەکییەکیشیان هەبێت، لە ڕاستیدا زۆر جیاوازییان تێدایە، چونکە ئەوکات خۆت بەشێک لە ئێران و تاران نازانیت، بەڵکوو خۆت گشتێکی وەک ئێران و هاوشانی تاران ئەوەش گرنگیی هەبوونی سەروەری بەدوای خۆیدا

دەهێنێت و ئەو سەروەرییەش دەسەلمێنێت کە ئێمە هەر وەک پرسەکەمان کە پرسی نەتەوەییە، نەتەوەییانەش سیاسەت دەکەین.

یەکێک لە گرفتەکانی سەر ڕێگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەوە دەخوازێت کە بڕیار لەسەر ئەو دووڕییانە بدات، ئایا وەک ڕابردوو تەنانەت بە شکلێکی زۆر خراپتریش درێژە بە سیاسەتی ئێرانتەوەری دەدرێت یان کوردستان دەبێتە چەقی بیرکردنەوە و لە پەنجەرەی کوردستانەوە پێناسەی پرس و خەبات و تێکۆشانمان دەکەین و دەیناسین و بەو بیرەوە تەنانەت ئەگەر لە چوارچێوەی ئێرانیش بمێنینەوە، وەک کورد و کوردستانی دەمێنینەوە، نابینە ئێرانییەک کە لە ناوەندەوە بۆ ئێمە پێناسە کراوە.

## خەباتی مەدەنی یان بەرەنگاریی نەتەوەی لە بەرانبەر داگیرکەر!

باسکردن لە ڕەهەندە جیاوازەکانی خەبات وەکوو مشتومڕێکی دیکەی ڕۆژەڤی هەنووکەی خەبات و تێکۆشانە کە پێویستە بەوردی وەڵام بدرێتەوە، بەتایبەت لە دوای گرتنەبەری سیاسەتێکی کوردستانتەوەری شرۆڤەی چۆنیەتیی خەبات و ڕەهەندەکانیشی پێویستن. پێم وایە زۆر بێمانا دەبێت کاتێک دوژمن لە هەموو ڕەهەندێکی لواو و نەلواو، ڕەوا و ناڕەوا ئەوەی لەدەستی هاتووە و دێت بە دژی ئێمە وەکوو نەتەوەی کورد و وەک کوردستان و وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان کردوویە و دەیکات، بەڵام ئێمە بۆ مانەوە و بەردەوامی و بەرەنگاریی ئەو دژایەتییە بێوێنەیە، بێین بەدوای ڕەهەند بگەڕێین؛ واتە بڵێی ئەو ڕەهەندە باشە و ئەو ڕەهەندە خراپە، ئەوە نابێت بکرێت یان ئەوە دەبێت بکرێت. ئێمە کە نەتەوەیەکی مافلێزەوتکراوین، لە سەرەتاترین مافەکانی مرۆڤبوونمان بێبەش کراوین، بۆمان ڕەوایە هەر ڕێگەیەک پێمان دەکرێت و گونجاوە بگرینە بەر بە مەرجێک تاوانی دژی مرۆڤایەتی نەبێت. بۆیە هەر هەبوونی باسێکی وەها لە ڕۆژەڤی شۆڕشگێڕانی خاکداگیرکراو، بە قازانجی داگیرکەر دەزانم و ئێمە لە گەیشتن بە ڕزگاری و ئازادی دوور دەکاتەوە، ئەوەش وای کردووە کە ئێمە لە جیاتیی کار بۆ کەڵکوەرگرتن لە هەموو ڕەهەندە لواوەکان بەدوای ئاسانترین ڕێگە بین. ئەوەش پێویستە بڵێین کە

ڕەهەندەکان دژی یەک نین بە مەرجێک کە بە بەستێنی بیری نەتەوەیی بکرێت؛ واتە ئەوەی لە شار دەکرێت یان شاخ، ئەوەی بە خۆپێشاندان دەکرێت یان بە هێرشی پارتیزانی، چونکە بۆ یەک ئامانج دەکرێت، تەواوکەری یەکترن و لە کوێ کامیان پێویست بێت، دەبێت ئەنجام بدرێت، نەک ئەوەی یەکێکیان ئەوی دیکە ئینکار بکات.

بێگومان ئەوە ئەرکی حیزبە کە بڕیار بدات کام ڕەهەندی خەبات کەی و چۆن دەگرێتە بەر بۆ ئەوەی سەرکەوتن مسۆگەر بکات، نەک یەکێکیان بگرینە بەر و ئەوی دیکە ڕەت بکەیەوە. بەڵام ناکرێت وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان کە حیزبێکی نەتەوەیی دێموکراتیکە و لە سەردەمی کۆماری کوردستان ناوی پێشمەرگەی بۆ هێزە جەنگاوەران و سەربازییەکانی کوردستان داهێناوە، هەروەها بە هەبوونی ئەو سیاسەت و کردوە و تاوانانەی داگیرکەران پێشمەرگە لە پێشدا وەک نرخ، دواتر وەک بیر و لە کۆتاییشدا وەک هێزی فیداکاری گەل پەراوێز بخرێت، چونکە دۆخی خەباتی ئێمە و ژیوپۆلیتیکی ناوچە و دڕەندەیی دیکتاتورە دژە کورد و داگیرکەران ئەوە دەخوازێت کە ئەم هێزە نی شتمانییە ڕۆشنبیرە بەهێز و بەهێزتر بکرێت بۆ ئەوەی بتوانین بەرەو سەرکەوتن هەنگاو هەڵگرین و تەنانەت پاش سەرکەوتنیش ئەو هێزە دەتوانێت پارێزەری ئازادی و نەتەوە و خاک و نیشتمان بێت کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە هەبوونی هێزێکی توکمەی ئاوا نە گەیشتن بە ئازادی لواو دەبینرێت و نە پاراستنی ئاوا ئاسانە. هەر بۆیە لە جیاتیی هەڵبژاردنی ڕەهەند پێویست باس لەوە بکرێت کە کامیان لە کوێ و چۆن بە سەرکەوتووانە بەڕێوەی ببەین.

## بە تاقی تەنیا یان بەرەی کوردستانی!

هەندێک وشە و چەمک ئەگەر زۆر بە کار هێنران بەڵام کەم کاریان پێ کرا، ئیتر کاراییان نامێنێت، بەتایبەت وەک بابەتێکی پۆپۆلیستی بەردەوام دەوترێنەوە و لە بەکردەوەییکردنیان هەوڵێک نابینرێت. یەکێک لەو وشانە یەکگرتووییە، کە هەر هەموو لایەن و تاکەکان بەکاری دەهێنن، بەڵام تاکوو ئێستەش ئەو یەکگرتوویییەی پێویستە، بەدی نەهاتووە. لێرەدا بۆچی پێک نەهاتووە و کام لایەن کەمتر خەم بووە،

جێگای باس نییە، بەڵکوو ئەوەی گرنگە باسی لێوە بکەین ئەوەیە کە پێویستە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەمووان زیادتر خۆی لێ بە بەرپرسیار بزانێت، ئەوەیە لە بەرانبەر ئەرکێکی وا قورس خۆت بەرپرسیار بزانیت و بۆ بەدیهاتنیشی هەموو هەوڵی خۆت بدەیت. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە حیزب بەرنامە و گەڵاڵەی ڕوون و ئاشکرای هەبێت، لەو گەڵاڵەیەدا پێکهاتن لەسەر خاڵە هاوبەشەکان بناغەی سەرەکی بێت و میکانیزمی پێویست بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموون و بەرپرسیارەتییەکان بۆ کاری هاوبەش دەبێت ڕوون و ئاشکرا دیاری بکرێت، دواتریش لەگەڵ لایەنەکانی دیکە لەسەر مێزێک بخرێتە بەر باس تاکوو ببێتە گەڵاڵە و میکانیزمی هاوبەشی هەمووان بەو شێوەیە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرانبەر ئەم ئەرکە گرنگەدا ئەرکی خۆی جێبەجێ کردووە.

تەنانەت ئەگەر هات و ئەو هاواهەنگی و یەکگرتووییە دروستیش نەبێت، بۆ کۆمەڵانی خەڵک ڕوون دەکرێتەوە کە کێ و چۆن لە بەرانبەر ئەو هەوڵەدا ئاستەنگە، بەو شێوەیە دەبێت وەڵامدەری کۆمەڵانی خەڵک بێت و لە دۆخێکی وهادا بە قورسایی کە پێگەی حیزب هەیەتی و بە سیاسەتێکی نەتەوەیی و پارێزەری بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستان بێت و ئەو سیاسەتە نەتەوەییەش ئەگەر لە بەرەیەکی کوردستانیی لایەنەکان نەبێت، بەڵام کە زۆرینەی خەڵکی لە دەوری خۆی کۆ کردبێتەوە، لایەنەکانیش ناچار بە هاوکاری و هاواهەنگی دەکات. لەو سیاسەتەدا پێویستە بۆ هەر ئەگەرێک بەرنامەی پێویست هەبێت، ئەوەش ڕاستە کە ئەولەویەتی حیزب پێکهێنانی هاوپەیمانیی کوردستانییە، بەڵام لەبەر هەر هۆکارێکیش بێت کە پێکیش نەهات، پێویستە خەڵک ئاگادار بێت و حیزبی دێموکراتی کوردستان بەهۆی ئەو بەرپرسیارەتییەی کە هەیەتی، بەرنامەی خۆی بەرەوپێش ببات. بەکورتی و پوختی، بە تاقی تەنیا یان لەگەڵ بەرە بە هەبوونی بەرنامەی ڕوون و ئاشکرا، نەک هەر هەموو داوای یەکگرتوویی بکەین و بە کردەوە پێکی نەهێنین و نەشزانرێت کێ چۆن لێی خەتابارە.

## چەپبوون یان ڕاستبوون!

بە کۆمەڵەی "ژ. ک."یشەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ پرسی نەتەوەیی دامەزراوە و خەباتی کردووە، کاریگەریی هزری چەپ بەهۆی هەژموونیی ئەو هزرە لە ناوچە و کەسایەتییەکانیش لەسەر حیزب لە کات و قوناغی جیاوازدا هەندێک جار زۆر و هەندێک جاریش کەم هەر هەبووە، بەڵام لە هەموو قوناغەکاندا چ لە کۆماری کوردستان بە شایەدیی ئەمیرکاییەکان کە هەموو لایەک دەیوت ئێمە لەژێر کاریگەریی یەکیەتیی سۆڤیەتداین، چ دواتر کە دروشمی دژی ئیمپریالیستیمان داوە بەڵام بەدوای مافی بڕیاردان لە چارەنووس بۆ کورد بووین و وتراوە دژایەتی لەگەڵ بیر و هزری مارکس و لنین نییە، چ لە کورتەباسدا کە بناغەی سوسیالیزمی دێموکراتیک بۆ نێو بەرنامەی حیزبی دێموکرات بوو بەو ڕستەیە دەست پێ دەکات کە "ئێمە کە حیزبێکی ملليی دێموکراتیکن بۆ باسی سوسیالیزم دەکەین"، چ ئێستەش کە بیر و هۆشیاریی نەتەوەییی ئەندام و لایەنگرانی حیزب لە ئاستێکی بەرزدایە، حیزب دەکەوێتە خانەی حیزبە ناسیۆنالیستە دێموکراتییکەکان کە گرنگی بە پرسی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و یەکسانی دەدات.

بەپێچەوانەی زۆر کەس کە هەبوونی سۆسیالیزمی دێموکراتیک بە چەپبوونی حیزب دەزانێت، پێم وایە سۆسیالیزمی دێموکراتیک سنووری نێوان حیزب و بیری چەپی توندڕەو دیاری کردووە و لەوێدا باس لەوە کراوە کە ئێمە حیزبێکی نەتەوەییی دێموکراتیکین؛ نەنووسراوە نەتەوەییی چەپ یان چەپێکی میانەڕەو یان هەر بابەتێکی دیکە. ئەوە ڕاستە بیری چەپ لە چوارچێوەی سۆسیالیزمی یەکیەتیی سۆڤیەت و چیندا دیکتاتۆری بەرهەم هێناوە و شکستیشی خواردووە، بەڵام هەموو شتێکی چەپیش خراپ نییە و کەڵکوەرگرتن لەو باشییانە کە ئێمە لە دنیای ئورووپای پێشکەوتووش بە ناوی سۆسیال دێموکراسی یان سیاسەتی سۆسیالی دەوڵەتەکانی یان هەر ناوی دیکە دەبینین پێویستە، ئەوە هونەر و زانایی دوکتۆر قاسملوو و حیزبی دێموکراتیش بوو کە جیاواز لەوانەی خزمەتی ئایدیۆلۆژییەکان دەکەن، بەڵکوو ئایدیۆلۆژییەکانی خستە خزمەتی پرسی نەتەوەکەمان. واتە ئێمە نابینە پێشمەرگەی سۆسیالیزم، بەڵکوو

لە سۆسیالیزم کەڵک وەردەگرین بۆ ئەوەی خزمەتی نەتەوەکەی خۆمان بکات.

لە دۆخێکی وەهادا کە پرسی سەرەکیی ئێمە پرسی نەتەوەییە، نابیت بکەوینە نێو شەڕی نێوان ئایدیۆلۆژییەکان، بەڵکوو بەگوێرەی بارودۆخ و هەروەها تایبەتمەندییەکانی کوردستان بەرنامەی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی دابڕێژین، بۆ ئەو مەبەستەش لەوانەیە پێویست بکات لە شوێنێک کەڵک لە ئەزموونی کۆریای باشوور و شوێنێک سۆسیال دێموکراسیی ئیسکاندیناوی، تەنانەت لە هەندێک بابەت لە ئەمریکای لیبراڵ بە جورێک کە لەگەڵ ڕاستییەکانی دۆخ و تایبەتمەندیی کوردستان دەگونجێت، کەڵک وەرگرین. ئەوەش ئەو کاتە لواوە کە سەرەتا ڕزگار بین و دواتر لە چوارچێوەی بەرنامەی حکوومەت بۆ کوردستان بەوردی شارەزایی لەلایەن پسپۆڕانی هەر بوارێک کاری بۆ بکرێت و پلان و نەخشەڕێی کاری حکوومەت دابنرێت.

بۆ ئێستە کە لە هەموو کات زیادتر پێویستیمان بە ڕزگاری لەژێردەستی هەیە، پێویست ناکات هەموو وزەمان بخەینە خزمەت شەڕی نێوان ئایدیۆلۆژییەکان کە نە پێویستە و نە باوی ماوە، لە وڵاتانی ئیسکاندنیاوی هەندێک جار سۆسیال دێموکراتەکان لە لیبراڵەکان زیادتر ڕاستن و ڕاستەکان بەرنامەی چەپ دادەنێن یان دەچنە نێو بەرەی چەپەکان، کەواتە وێڕای هەبوونی ئەو بەستێنە کە لایەنە باشەکانی لە فەلسەفەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی سۆسیالیزم هەیە، دەکرێت کەڵکی لێ وەربگیرێت، بەڵام بەستانەوە و گرێدانەوەمان بە ئایدیۆلۆژییەکی دیاریکراو کە لەلایەن هەر کەسەوە پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە، پێویست ناکات.

**چاکسازیی ڕێکخراوەیی یان هەر وەک چوار دەیە پێش هەنووکە!**

کاتێک کە باس لە ڕێکخراوی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەین، ڕاستەوخۆ باس لە بەڕێوەبەریی شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کە ژیانی سەرووی دە (١٠) میلیۆن کوردی پێوە بەندە دەکەین، چونکە ئەو ڕێکخراوە ئەگەر کاریگەرترین ڕێکخراوەی سیاسیی شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتیش نەبێت کە بەبۆچوونی من هەیە،



هەواڵنامەی کتێب

یەکێک لە کاریگەرترین ڕێکخراوەکانە، هەر بۆیە هەبوونی ڕێکخراوێکی سەردەمی و یاسامەند و کارا و چالاک پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە؛ لە لایەکی دیکەشەوە کە باس لە خەسارەکان دەکەین و پێمان وایە دەبێت لە داهاتوودا خەسارەکان دووپات نەکەینەوە بۆ ئەوەی بتوانین سەرکەوتوو بین و ئەو باسە، واتە چاکسازیی ڕێکخراوەیی، گرنگی دەنوێنێت و بە خاڵێکی چارەنووسسازیش بۆ سەرکەوتن بەسەر ئاستەنگ و ئالەنگاری ڕووبەڕوو دەزانرێت.

قەوارەی ئیدارەیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لەسەر بنەمای سەنتڕالیزمی دێموکراتیکی حیزبە چەپەکان دامەزراوە، ئەو شێوازە لە ئیدارەی ڕێکخراوەی لە سەردەم و قۆناغی جیاواز کارکردی جیاوازی هەبووە و وێڕای لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی توانیویەتی حیزب تاکوو ئێرە بهێنێت. هەرچەند لە سەردەمی جیاواز هەوڵی گۆڕانکاری و تەنانەت گۆڕینی ئەو قەوارەیە لە ئارادا بووە، بەڵام فەلسەفەی بەڕێوەبەرییەکەی هەر لەسەر ئەو بنەمایە کە پۆلیتبیرۆ پێویستە هەموو بابەتەکانی نێو حیزب یەکلا بکاتەوە، هەر بە زیندوویی ماوەتەوە. ئەو شێوازە تاکوو چەند لەگەڵ جیهانی پسپۆڕی و بەڕێوەبەری دەگونجێت جێی تێڕامانە، چونکە وێڕای فیداکاری و قوربانیدانی تاکەکان لە ئاستی کاری یاسەمەندیی ڕێکخراوەیی بەردەوام گرفت و کۆسپ هەبووە. ئەندازیاری ئەو شێوازە لە بەڕێوەبەری، د. قاسملوو بوو، چونکە ڕێکخستنەوەی حیزب لە بەغدا و بەر لە ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و دواتر ڕێبەرایەتیکردن تاکوو کاتی تیرۆربوونی، کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئەوی تێدا هەبوو، هەرچەند لە سەردەمی د. قاسملووی نەمردا وێڕای هەبوونی ئەو قەوارەیە هەوڵی دەدا بڕیارەکان لە دەرەوەی پۆلیتبیرۆش بدرێن، بۆ نموونە لە سەردەمی د. قاسملوو هەوڵی جیددی دەدرا کە کۆمیسیۆنی قەزایی وەک دەسەڵاتی دادوەری، لانی کەم لەسەر بابەتە یاساییەکان بڕیار بدات کە پێم وایە بۆ دابینکردنی دادپەروەری لەنێو حیزبدا کارێکی بەنرخ بوو. دوای نەمر د. قاسملوو بە هەمان قەوارە بەڵام بە کاریگەریی بەڕێوەبەرانی دیکە درێژەی بە خەباتی خۆی داوە کە لێکەوتەکانی بە ئەرێنی و نەرێنی بۆ هەمووان ڕوون و ئاشکرایە.

بە چاوخشاندنێک بە ڕاستییەکان و ئەزموونەکان دەردەکەوێت کە بەبێ گۆڕینی فەلسەفەی بەڕێوەبەری، تەنانەت گۆڕینی قەوارەیە ئیدارییش چارەسەرییەکی ئەوتۆ بەدی ناهێنێت. ئەوەش ئەو ڕاستییەی سەلماندووە کە تاکەکانن دەتوانن سیستەمی پێویست و کارا بۆ کاری بەڕێوەبەریی ڕێکخراوەیی بەدی بهێنێن، بەپێچەوانەکەی گۆڕینی قەوارە و سیستەم ئەگەر پێویستیش بێت، بەبێ گۆڕینی تاکەکان ناتوانێت چارەسەریی دروست بکات، تەنانەت ئەگەر ئەو ڕاستییە بەپێچەوانەی بنەما زانستییەکانی کاری ڕێکخراوەییش بێت، ئەزموونی ڕابردوومان نیشان دەدات لە حیزبی ئێمەدا بەو شێوەیە بووە.

ڕاستییەکی دیکەی ئەو پێداویستییە ئەوەیە کە ئەگەر لە کۆتاییی ئەو بابەتەشدا ئاماژە بە چاکسازیی کاری ڕێکخراوەییش درابێت، بەڵام یەکەمین ئاڵەنگاریی سەر ڕێگەی کار و تێکۆشانی ڕێکخراوەییی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەقەڵەم دەدرێت، چونکە بەبێ هەبوونی ئەو چاکسازییە چارەسەری لە بوارەکانی دیکە زۆر لواو نابیرێت؛ ئەگەر لواو با، لانی کەم لە سێ ساڵی ڕابردوو کە حیزب لە باشووردا نیشتەجێ بوو، دەبوو ئیتر ئێمە ئەمڕۆ باسی کوردستانیبوون یان ئێرانیبوون یان چۆنیەتیی سۆسیالیزمی دیموکرات یان بابەتگەلی دیکە نەمان دەکرد، یان بەڕێوەبەریی ناوەندگەلی جیاوازی شۆڕش کە پێداویستیی پسپۆڕین وەکوو دیپلۆماسی و ڕاگەیاندن و ... وێڕای هەوڵ و تێکۆشانی بێوچانی بێوێنەی کادر و پێشمەرگەی ئەو حیزبە کە لە دۆخێکی ئەستەمدا دەیکەن زۆر لە ئێستە کاراتر دەبوون.

بنەماکانی چاکسازیی کاری ڕێکخراوە کە بۆ خۆی بابەتێکی گرنگە و تەوەرێکی پێویستە لە دووتوێی ئەو بابەتە جێی نابێتەوە، بەڵام لێرەدا تەنیا وەک پێویستییەک باسی لێ دەکرێت. بەپێی ئەزموون سەلمێنراوە کە بەبێ گۆڕینی کاراکتەری سەرەکیی نێو خەبات و تێکۆشان کە خاوەن مێژوویەکی زێڕین لە فیداکاری و قوربانیدان و تێکۆشانن، نەلواو دەبینرێت، بەڵام ژێرخانی ئەو چاکسازییە لەسەر یاسامەندکردن و گرنگیدان بە پسپۆڕی و لێهاتووییە کە پێویستی بە میکانیزمی

نوێی هەڵبژاردن و کۆنفرانس و کۆنگرە هەیە، لانی کەم گۆڕانکاری لە شێوازی کۆنفرانسەکان خاڵێکی جیددییە کە ئەگەر وەک ڕابردوو بەردەوام بێت، ناتوانێت جیاوازییەکی ئەوتۆ بنوێنێ.ت

بەڵام لە هەمووی گرنگتر هەستکردن بە پێویستیی چاکسازیی ڕێکخراوەیییە کە دەبێت جەختی لەسەر بکرێتەوە.

### دەرەنجام

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە زیادتر لە هەشتا ساڵ خەبات و تێکۆشان، ناوێکی ناسراو و تەنانەت زێڕینی خەباتی نەتەوەیەکی بێبەشکراو لە مافەکایەتی. ئەو حیزبە لە قوربانیدان بۆ ڕەساڵەتی مێژووی خۆی، واتە دابینکردنی ماف و ویستەکانی نەتەوەی کورد بۆ یەک چرکەش سڵی نەکردووەتەوە و بەردەوامە؛ هەر ئەوەش وای کردوە کە ئەرکی زۆر قورستری لەسەر شانە، بەتایبەت سەبارەت بە نەوەی نوێی نێو ئەو خەباتە، چونکە ئێمەمانان نەک هەر لە بەرانبەر ڕابردووی پڕ لە شانازیی ئەو حیزبە، بەڵکوو زیادتریش لە بەرانبەر داهاتووی ئەو گەلە کە لە ژێردەستی ڕزگاری بێت، بەرپرسە و لە بەرانبەر بەرگژە و ئالەنگارییەکاندا بەرپرسیارەتیش دەخولقێنێت، وێڕای ناسینیان خاوەن پێشنیار و چارەسەرییە، بەبێ ئەو تێڕوانینە ناتوانین لە بەجێگەیاندنی بەرپرسیارەتیمان سەرکەوتوو بین. بناغەی ئەو تێڕوانینیەش جیاواز کارکردنە لە چاو ڕابردوو. بناغەی جیاوازکارکاردنیش نوێگەرایی و سەردەمی بوونێکە کە بە باوەڕ و تێکۆشانی ڕابردوو فرچکی گرتووە و بەو شێوەیە بەرەو ئالەنگارییەکانی دەڕوانێت و ئەوەش چارەسەری بەدوای خۆیدا دەهێنێت ئەگەر نا بە دووبارەکردنەوەی ئەوەی دووبارە کراوەتە، هیچ بابەتێک چارەسەر نابێت.

# حیزبی دێموکرات
# مێژوویەکی زێڕین بۆ پرسی ژنی کورد

**ئاسۆ مینبەری**

هەواڵنامەی کتێب

مێژووی خەباتی ژنان لە سەرتاسەری جیهاندا، مێژوویەکی دوور و درێژ و لە هەمان کاتدا پڕ هەوراز و نشێو بووە. ئەم خەباتە قۆناغی جیاوازی تێپەڕاندووە و بە زۆر بڕگەی هەستیاردا تێپەڕیوە، هەر لە هەوڵەکانی ژنانەوە بۆ دەستخستنی هەقدەستی یەکسان، مافی دەنگدان، خەبات دژی هەڵاواردن و توندوتیژییەوە بگرە هەتا ئەو کاتەی کە خەباتەکە لە چوارچێوە و قاڵبی جیاوازی دیکەدا و وەک بزووتنەوە کرێکارییەکان و فێمێنیزم خۆی دەرخستووە و گەیشتووەتە ئەمڕۆ.

خەباتی ژنان بۆ دەستخستنی یەکسانی و ئازادی وەک پرسێکی گشتی لە هەموو جیهاندا، نیشاندەری هەقیقەتێکی تاڵە، ئەوەی کە سەرەڕای گەشەی جیهان و تێپەڕین بە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی شارستانیشدا، ژنان بە بێ جیاوازیی جوغرافیایی و سیاسی و فەرهەنگیی کۆمەڵگەیەک کە تێیدا دەژین، لە سەدەی بیست و یەکەمدا، هێشتا ستەملێکراون و نەیانتوانیوە بە مافەکانیان بگەن. ئەم هەقیقەتە پێمان دەڵێ کە ئەگەرچی ژنان لەم خەباتەدا زۆر قوربانییان داوە و دەستکەوتی باشیشیان هەتا ئێستا هەبووە، بەڵام بێگومان ڕێگای خەباتیان بۆ گەیشتن بە مافەکانیان هێشتا

هەموار نەکراوە و ڕێگایەکی دوور و درێژیان لەپێشە.

بەپێی ئەوەی کە کۆمەڵگەیەک لە بوارە جیاوازەکانی وەک کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، سیاسی و ئابووریی و ئیدئۆلۆژیکەوە لە چ دۆخێکدا بێت، ژیانی تاکەکان بەگشتی دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە، بەڵام ئەم بابەتە بۆ ژنان تۆزێک جیاوازترە. ژنان لە کۆمەڵگە ئازاد و دێموکراتیکەکاندا، لانیکەم وەک هاووڵاتی و شارۆمەند، لە چوارچێوەی یاسادا کۆمەڵێک مافیان پێ دەدرێت کە خودی ئەم مافە یاساییانە دەتوانن پشتیوانێکی قایم بۆ ژنان و بۆ گەیشتنیان بە ئامانجەکانیان بن، بەڵام لە کۆمەڵگە دواکەوتوو و نادێموکراتیکەکاندا، خودی یاساکان، سەرکوتکاری سەرەکیی ژنانن و هیچ پشتیوانێک بوونی نییە.

ئەم بابەتە لە کۆمەڵگەی ئێرانیشدا جێگای باسە. ژنان لە چوارچێوەی ئەو جوغرافیایەدا بە درێژایی مێژوو ستەمیان لێ کراوە و پەراوێز خراون و مافەکانیان بە شێوازی جیاواز پێشێل کراون. بەڵام قۆناغی واش هەبووە کە توانیویەتی ڕۆح وەبەر خەباتی ژناندا بکاتەوە و دەرفەتی بوون و چالاکییان پێ بدات و لێرەدایە کە ڕۆڵی ڕێکخراوی سیاسیی بەرجەستە دەکرێتەوە.

## کۆماری کوردستان و پرسی ژن

لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا و لە کۆمەڵگەی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی پاشایەتیدا، دامەزرانی حیزبی دێموکرات، وەک ڕێکخراوێکی مۆدێرنی سیاسی، خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی گەلی کورد بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بوو. ئەگەرچی حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی نەتەوەیی فۆکۆسی لەسەر پرسی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، بەڵام چەند مانگ دواتر و بە دامەزرانی یەکەمین دەسەڵاتی کۆماری لە کوردستان، خەباتی حیزبی دێموکرات چووە قۆناغێکی دیکەوە.

حیزبی دێموکرات وەک دامەزرێنەری کۆماری کوردستان، بە بایەخدان بە پرسە گرینگەکانی ئەوکاتی کۆمەڵگە و یەکێک لەوان پرسی ژنان، توانیی ببێتە خاڵێکی هیوا

بۆ ئەو توێژەی کۆمەڵگەی کوردستان کە جگە لە پەراوێزخران و نەدیرتان شتێکی دیکەیان ئەزموون نەکردبوو و ئەمەش بەرهەمی ئەو دەسەڵاتانە بوو کە بە درێژایی مێژوو لەسەر ئەم خاکە زاڵ بوون.

کۆماری کوردستان لە سەرەتای دامەزرانیەوە دەستی بۆ کۆمەڵێک خاڵ برد کە تا پێش لەوە هیچ گرینگییەکیان بەتایبەت لە کۆمەڵگەی کوردستاندا کە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی بوو و نەخوێندەوارییش تێیدا لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بوو نەبوو، یەکێک لەم پرسانە پرسی ژنان بوو! لە کۆمەڵگەیەکی نەخوێندەواردا کە ڕێژەی خوێندەواریی ژنان سفر بوو و لە هەموو کایەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بگرە خێزانییشدا پەراوێز دەخران و نەدەبیندران، ئەمجارە لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی دێموکراتیدا توانییان هەست بە بوونی خۆیان بکەن کە یەکەمین هەنگاویشی وەک زۆر جار باس کراوە، دامەزرانی ڕێکخراوێکی تایبەت بە ژنان بوو کە ئێستاش پاش ٧٩ ساڵ لە کار و تێکۆشانی خۆی بەردەوامە.

خاڵێکی گرینگ و جێی تێرامان لەم چوارچێوەیەدا ئەوەیە کە زۆر جار باس لەوە دەکرێ خودی پێشەوای نەمر، بۆ دەسپێکی کاری ئەم ڕێکخراوەیە، خێزانی خۆی واتە مینا خانمی قازی دێنێتە گۆڕەپانی کاری پراگماتیکەوە و وەکوو ژنێک پێشەنگایەتیی ئەم ئەرکەی دەخاتە سەر شان، لە ڕاستیدا لەو کۆمەڵگەیەدا کە ژنان وەکوو ڕەگەزی ژمارە دوو چاویان لێ دەکرا و تەنیا شیاوی ڕۆڵگەلێکی وەک هاوسەرداریێتی و دایکایەتی و وەچەخستنەوە بوون، ئەمە شۆڕشێکی گەورە بوو کە ژنان لە یەکەمین دەسەڵاتی کۆماریدا خۆیان ببیننەوە و ئەرکیان پێ بسپێردرێت.

ئەرکسپاردن بە ژنان لەو سەردەمەدا و ئەویش لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد، ئەو هەقیقەتە ڕوون دەکاتەوە کە حیزبی دێموکرات، وەک حیزبێکی پێشەنگ، هەر لەو کاتەوە یەکەم هەنگاوەکانی بۆ نەهێشتنی هەڵاواردن دژی ژنان هەڵ گرتوو و ڕۆڵی پێشەوا لەم کات و ساتەدا نیشاندەری تێگەیشتن لە بەتاڵبوونی بیری چەقبەستووی پیاوسالاری و گرینگیدان بە ژنان وەک توێژێکی خاوەن ئیرادە بووە.

## ژن لە حیزبی دێموکراتدا

ئەگەرچی تەمەنی کۆماری کوردستان کورت بوو بەڵام، ڕێچکەیەک کە دیاری کرا، ئێستاش پاش ٨ دەیە خەبات و تێکۆشان بە بایەخەوە چاوی لێ دەکرێ و حیزبی دێموکرات، وەک حیزبی دایک لەسەر کۆمەڵێک پرەنسیپ پێداگرە کە لە خەباتی ئەم حیزبە جیا ناکرێنەوە.

یەکێک لەو پرەنسیپانە باوەڕی قووڵی حیزبی دێموکرات بە پرسی یەکسانی و دادپەوەرییە کە لە بەرنامەی سیاسیی ئەم حیزبەشدا ڕەنگی داوەتەوە.

حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی خاوەن ئەزموونی نەتەوەیی، خەریکە هەشتاهەمین ساڵی دامەزرانی خۆی تێپەڕ دەکات و لەم ماوە زەمەنییەدا توانیویەتی وەک حیزبێکی هەڵقوڵاو لە ویست و داخوازی کۆمەڵگەی کوردستان، هەنگاوی بەجێ، جیددی و کارامە لە چوارچێوەی بونیاتنانەوەی کۆمەڵگەی کوردستاندا هەڵ بگرێت. ئەم حیزبە، لە مێژووی خۆیدا، وێڕای کارکردن لەسەر پرسی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هیچکات لە پرس و بابەتەکانی دیکەی ئەو کۆمەڵگەیە خافڵ نەبووە و بە بەردەوامی هەوڵی بۆ داوە.

هاوکات لەگەڵ پرسی نەتەوەیی، پرسە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکان، پرسی ژینگە، پرسی ئابووری، جوگرافیا و دێموگرافیای کوردستان، پرسی مێژوو و بە سەدان پرسی دیکە لە دەستووری کاری ئەم حیزبەدا بووە و هەوڵی داوە بە گونجاندنی ئەم بابەتانە لە چوارچێوەی پێڕەو و پرۆگرامی خۆیدا کاریان لەسەر بکات. یەکێک لەو پرسانە کە حیزبی دێموکرات لە سەرەتای دامەزرانیەوە، گرینگیی پێ داوە، پرسی ژنان بووە.

پرسی ژن لای حیزبی دێموکرات، هەمیشە پرسێکی گرینگ و جێی بایەخ بووە و هەر لە گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوییەوە هەتا ئێستا کە خەریکە ٨٠ ساڵ بەسەر دامەزرانی ئەم حیزبەدا تێدەپەڕێت، بە بەردەوامی هەوڵ دراوە کاری بۆ بکرێت.

هەوڵ و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لە چوارچێوەی مافەکانی ژناندا، تایبەت بە قۆناغێکی دیاریکراو لە خەباتی ئەم حیزبە نەبووە، بەڵکوو بەرنامەیەکی درێژخایەن بووە کە تا ئێستا بەردەوام بووە و بێگومان بەردەوامیش دەبێ.

ئەوەی کە سەبارەت بە پرسی ژنان لەم حیزبەدا گرینگە، ئەوەیە کە لە هیچ قۆناغێکدا ئەم پرسە پەراوێز نەخراوە و هاوکات لەگەڵ تێکۆشان بۆ پرسی نەتەوەیی، خەبات دژی چەوسانەوەی ژنان و دابینکردنی مافەکانیان، بابەتێکی هەستیار و گرینگ بووە.

شێوازی کار و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لەسەر پرسی ژنان، بە پرۆسەیەکی درێژخایەنی مێژووییدا تێپەڕیوە، بە جۆرێک کە دەتوانین بڵێین، ئەکتی شۆڕشگێڕانەی ژنان لە کۆمەڵگەی ئێستای کوردستاندا، بەرهەمی تێکۆشان و ئەرکوەخۆگریی حیزبی دێموکرات لەمبارەوە بووە. هەر لە یەکەم هەنگاوەکانەوە حیزبی دێموکرات بە دژایەتیکردنی نەریتە ناشیرین و دژەژنەکان هەوڵی دا پشتیوانیکی قایم بۆ ژنان بێت و ئەمەش بە تێپەڕبوونی کات توانی تا ڕادەیەکی زۆر، هەستی متمانە بە خۆبوون بۆ خەبات دژی چەوسانەوە و هەڵاواردن لەواندا زیندوو بکاتەوە.

ئەوەی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا لە ژنان بینراوە، ئاکامی ئەو پشتیوانییە قایمە بووە کە توانیویەتی ژنان بێنێتەوە گۆڕەپانی خەباتەوە و بیانکات بە پێشەنگی خەباتەکە. ئەڵبەت نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە لە پاڵ ئەم پشتیوانییەدا، خودی ژنانیش هەوڵیان داوە کە لە ژێردەستەیی بێنە دەر و بە خوێندن و برینی قۆناغەکانی خوێندن و هەنگاونان لە بازنەی کۆمەڵایەتی و ئابووری، سەربەخۆییەک بەدەست بێنن و وەک مرۆڤ خۆیان پێناسە بکەنەوە و هاتنە مەیدان بۆ وەرگرتنی مافەکانیان بە ئەرکی خۆیان بزانن.

## گرینگیی بەشداریی سیاسیی ژنان لە خەباتی حیزبی دێموکرات

حیزبی دێموکرات وەک حیزبی ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوایەتی، بە دووبارە پێناسەکردنەوەی ڕۆڵ و ئەرکی توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگە و بەتایبەتیش توێژی ژنان، توانیویەتی لە بەشدارییپێکردنی ئەم توێژە لە خەباتدا ڕۆڵێکی ئێجگار گەورە و گرینگ ببینێ، تا ئەو جێگایە کە ئەتوانین پەیوەستبوونی ژنان و کچان بە ڕیزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، وەک هێمای بەرچاوی ئەم بەشدارییە ناو ببەین کە چیدیکە ژنان و کچانی نیشتمانی ئێمە، گوێڕایەڵی دابونەریتە باوەکانی کۆمەڵگە نین کە ئەوان تەنیا وەکوو دایک پێناسە بکاتەوە، بەڵکوو ئەوان لەو چوارچێوەیە هاتوونەتە دەرێ و بە پێناسەکردنەوەی سەرلەنوێی خۆیان، مۆرکی شۆڕشگێربوون لە خۆیان دەدەن و ئامادەن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان شەڕ بکەن و هاوکات لەگەڵ ئەوەش بە خۆپێگەیاندن و هەوڵدان، لە بازنەی سیاسەتدا گەشە بکەن و وەک تاکێکی سەربەخۆ و خاوەن ئیرادە، هەنگاو بۆ نێو بازنەی سیاسەت بهاوێن و کۆت و بەندی کۆیلایەتی و بەستراوەبوون بە نەریتە دواکەتووەکان بپچڕێنن.

## مافی ژن و خەباتی نەتەوایەتی

ڕەنگە زۆر کەس باس لەوە بکەن کە پرسەکانی تایبەت بە ژنان ڕەوتێکی جیهانی دەپێون و هاوتەریبکردنی ئەم پرسانە لەگەڵ پرسگەلی نەتەوەیی بە مانای گرینگدان بە ناسیۆنالیزم و زاڵکردنی بە سەر فێمێنیزمدایە، بەڵام لە ڕاستیدا حیزبی دێموکرات لە ماوەی تێکۆشانی خۆیدا هەوڵی داوە تاکوو بە پێناسەکردنی ژنان وەکوو بەشێک لە دانیشتووانی ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی، ئەرکداریان بکات بەوەی کە وەک تاکێکی کورد و هاوکات وەکوو ژن داوای مافەکانیان بکەن. بە مانای دیکە حیزبی دێموکرات، ژنان وەک بەشێکی جیانەکراو لە کۆمەڵگە دەزانێت و بە جیانەکردنیان لە پرسە نەتەوەییەکان هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە ئەرکێکی قورسی نەتەوەیی دەخاتە سەر شانیان، زیاتریش ئەرکداریان دەکات بەوەی کە خەبات بۆ توێژەکەی خۆیان

بکەن کە لەم پێناوەشدا خودی حیزبی دێموکرات یارمەتیدەرێکی باش بۆ ژنان بووە و بە ڕەخساندنی دەرفەت و دابینکردنی ئیمکاناتی پێویست هەوڵی داوە تاکوو وەکوو ڕێکخراوێکی بە پرەنسیپ و بەرپرس لە بەرانبەر تاکەکانیدا پرسەکانی ژنان بکاتە ڕۆژەڤ و کاریان لە سەر بکات.

مەگەر جگە لەوەیە کە لە سێبەری نەتەوەیەکی ئازاددا، ژنانیش دەتوانن ئازاد بژین و ئازاد بیر بکەنەوە؟ لە ڕاستیدا حیزبی دێموکرات نەک هەوڵی داوە کە ژنان بە بیرۆکەی فێمێنیستییەوە قەتیس بکاتەوە و نەک بە بیرۆکەی نەتەوەییەوە.

لە ڕاستیدا ئەمە مافی بێ ئەملاوئەولای ژنانە کە پێداگری لە سەر مافەکانی خۆیان بکەن و هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆیان لە نێو کۆمەڵدا بدەن، جا ئەگەر فێمێنیزم بتوانێ ئاڵترناتیڤێکی باش و گونجاو بێت، بە دڵنیاییەوە ئەتوانێ هەوڵەکانیان وەپێش بخات.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مەبەستی زیاتر گرینگیدان بە توێژی ژنان و هەروەها هەوڵ بۆ پێگەیاندن و بەشداری پێکردنیان لە کایە سیاسییەکاندا، هەوڵی داوە تاکوو بە کردەوە ژنان بێنێتە نێو بازنەی سیاسەتەوە و کەڵک لە توانایی و لێهاتووییەکانیان بگرێت و بۆ ئەم مەبەستەش بەو شێوەی کە دەرفەتی بووبێت و بۆی کرابێت، بەستێنی بۆ خولقاندوون و یارمەتیی داون.

**- حیزبی دێموکرات و ژن پاش ٨٠ ساڵ**

ئێستا کە ٨٠ ساڵ بەسەر دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا تێدەپەڕێت، لە نێوان هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، حیزبی دێموکرات وەک دێرینەترین ڕێکخراوی سیاسیی مۆدێرن توانیویەتی بە سازماندان و پلاندانان و ڕێکخستنی تایبەت، کەڵک لە هێز و تواناکان وەربگرێت، بۆ ئەم مەبەستەش هەمیشە و لە هەموو کاتێکدا، بە وردبینی و جیهانبینییەکی تایبەتەوە ڕوانیویەتە پرسەکان و بۆ هەر قۆناغێک لە خەبات و تێکۆشانی خۆی بەرنامەی

تایبەتی داناوە. لە هەموو قۆناغەکانی خەباتی حیزبی دێموکراتدا، ژنان ڕۆڵ و نەخشی تایبەتی خۆیان بووە و بوونیان و کاریگەرییان لە هەموو قۆناغەکاندا دیار و بەرچاوە. ژنان بە بەشداریی ڕاستەوخۆ لە مەیدانی خەباتی حیزبی دێموکراتدا، وێڕای بەتاڵکردنەوەی بیرۆکەی دژەژن و چەقبەستووی کۆمەڵگە، پێناسەیەکی نوێیان لە خۆیان بەدەستەوە داوە.

لە کۆمەڵگەی داگیرکراوی کوردستاندا، لەمپەر و ئاستەنگی زۆر لەسەر ڕێگای ژنان بووە، کە خەباتی ژنانیان خستووەتە ژێر کاریگەریی خۆیانەوە، ئەم ئاستەنگانە ئەگەر لە لایەنی نەرێنییەکەیان بڕوانین دەبینین کە پێشیاان بە سەرکەتن، گەشە و پێگەیشتنی ژنان گرتووە بۆ نموونە ئیدئۆلۆژیکبوونی دەسەڵاتی زاڵ، پێکهاتەی پیاوسالاری کۆمەڵگە، گوشاری چەندقاتی سیاسی و ئەمنیەتی دژی سەر ژنان، جیاوازیی ڕوانینەکان لە کۆمەڵگەی نەریتی و کۆمەڵگەی پێشکەتنخواز بەرانبەر بە ژنان، بە کاڵاکردنی ژنان، بێبەریکرانیان لە مافە مرۆییەکانیان و پێشێلکردنی کەرامەتی مرۆییان هەموویان نموونەگەلێک لەو ئاستەنگانەن کە خەباتی ژنانیان خستووەتە ژێر کاریگەرییەوە، بەلام ئەگەر لایەنی ئەرێنییەکەی ببینین، خودی ئەم ئاستەنگانە زۆر جاریش توانیویانە هاندەری ژنانی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە بن بۆ ئەوەی کە بتوانن هەنگاوی بەهێزتر هەڵ بگرن. ئەڵبەتە ئەمە بەو مانەیە نییە کە ئێمە ئەو ئاستەنگانە بەبایەخ ببینین، بەڵکوو بەو مانایەیە کە ئەو ئاستەنگانە بکەین بە دەرفەت. هەموو ئەوانەی کە باس کران لە کۆمەڵگەی کووردستاندا کە هەمیشە ژێردەستە بووە، نبەرانبەر بە ژنان بینراوە، لێرەدایە کە نەخش و ڕۆڵی حیزبی دێموکرات وەک یەکەم ڕێکخراوی سیاسیی کە دەرفەتی بەشداریی سیاسیی و ڕێکخراوەیی بە ژنان دا و بەستێنی ئەم بەشدارییەی بۆ دروستکردن، بەرجستە دەکرێتەوە. حیزبی دێموکرات لە مێژووی ٨٠ ساڵەی خۆیدا، ئەم پرەنسیپەی لەبەرچاو گرووە کە کۆمەڵگە بە بێ بوونی ژنان ناتوانێ سەرکەوێ، ئەمە لە وتەکانی دوکتور قاسملووی نەمریشدا دەبینرێ کە دەفەرمێ، هەرچی ژنان لە کارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا

بەشدار بن، کۆمەڵ پێشکەوتووترە و هەرچی لە بزووتنەوەی سیاسیی نەتەوەیەکدا ژنان تێکۆشەرتر بن، بزووتنەوەکە پێشکەوتووترە و شانسی سەرکەوتنی زیاترە. ئێستا کە ٨٠ ساڵ لە خەباتی حیزبی دێموکرات تێدەپەڕێ، ئەم حیزبە کە خۆی بە حیزبی کۆمەڵانی خەڵک و هەڵقوڵاو لە ویست وداخوازییەکانی دەزانێ، دەبێ بە وردبینییەوە ئاورێک لە تێکۆشانی خۆی لە چوارچێوەی مافەکانی ژناندا بداتەوە و بە خەسارناسییەکی زانستی و واقعبینانە، مەیدانێکی زیاتر و ئاوەڵاتر بۆ ژنان و بەشداریی زیاتریان لە چوارچێوەی ئەم حیزبەدا بکاتەوە.

مێژووی ٨٠ ساڵەی حیزبی دێموکرات، لە خەباتێکی فرە ڕەهەند پێک هاتووە، ئەم ڕەهەندانە ئەگەرچی لەژێر سێبەری حیزبی دێموکراتدا وبەپێی بەرنامەی سیاسیی ئەم حیزبە پێناسەیان بۆ کراوە بەلام هەرکامەیان لە چوارچێوەی خۆشیاندا توانیویانە، دەستئاوەڵاییەکیان هەبێ و لە کۆتاییدا ئاکامی هەول وتێکۆسانەکان لە هەرکام لەم ڕەهەندانەوە بچێتەوە ژێر چەتری حیزبی دێموکرات، وەک یەکەم حیزب کە بناغەی خەباتێکی نەتەوایەتیی بە سەرنجدان بە خواست و ویستی کۆمەڵگە دامەزراند.


1324

# 80 Sal Xebat Le Pênaw Rizgarîda

۸۰ سـاڵ لەمەوبـەر، پێشـەوا قـازی محەممـەد، لەسـەر بناغـەی "کۆمەڵـەی ژیانـەوەی کوردسـتان" (ژ.ک) و بـە مەبەسـتی خوگونجادنـی بزووتنـەوەی سیاسـی و نەتەوەیـی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لەگـەڵ هەلومەرجـی ئـەوکات حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی دامەزرانـد. ئـەم حیزبـە کـە خـۆی دامەزرانەکـەی خاڵگۆڕانـی مێژوویـی سیاسـیی کـورد بـوو، کەمتـر لـە ٦ مانـگ دواتـر توانـی "کۆمـاری کوردسـتان" وەک یەکـەم دەسـەڵاتی نەتەوەیـی مودێرنـی کـوردی پێکبێنـێ و زۆر دەسـکەوتی دیکـەش لـە بـواری مێدیایـی، پەروەردەیـی، زمـان، هونـەری بەرگـری و پێشـمەرگانەدا بـۆ بزووتنـەوەی کـورد دەستەبەر بـکا. ئێسـتاش ۸۰ سـاڵ مانـەوەی ئـەم حیزبـە لـە مەیدانـی خەبـات و شـەکاوە ڕاگرتنـی ئـاڵای خەبـات بـۆ دابینکردنـی مافـە ڕەواکانـی کـورد و دەرکەوتنـی پێگـە و خۆشەویسـتیی ئـەم حیزبـە لـە دڵـی خەڵکـی کوردسـتان لـە دەیـان ئەکتـی سیاسـیی ئـەم خەڵکـە لـە سـاڵانی دوور و نیزیکـی ڕابـردوودا دەرخـەری ئـەو ڕاسـتییەن کـە ئـەم حیزبـە بـە بەردەوامیـی نوێنەرایەتیـی پرسـی خەباتـی سـەروەریخوازیی کـوردی کـردوە و ئێعتبـار و خۆشەویسـتیی خۆشـی لـەوە وەرگرتـوە.

ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کوردستان ٢٠٢٥